


منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

دانتی ئەلیگییێری

# کۆمیدیا

## بەرگی سێهەم-بەهەشت

وەرگێرانی
عەزیز گەردی

3

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com



دانتی ئەلیگیێری

# کۆمیدیا

بەرگی سێیەم ـ بەهەشت

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٧٣٦)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ کۆمیدیا ـ بەهەشت
نووسینی: دانتی ئەلیگیێری
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
بابەت: داستان
دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠ هەزار دینار، سێ بەرگ
چاپی یەکەم: چاپخانەی (تاران) ساڵی ٢٠١٥
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٩٦)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە
■ مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە©

دانتی ئەلیگیێری

# کۆمیدیا

## بەرگی سێیەم ـ بەهەشت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە و پەراوێز و
بەراوردی لەگەڵ وەرگێڕانی چەند زمانێکی تردا:

**عەزیز گەردی**

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| سروودی یەکەم | ٩ |
| سروودی دووەم | ٢١ |
| سروودی سێیەم | ٣٣ |
| سروودی چوارەم | ٤٥ |
| سروودی پێنجەم | ٥٧ |
| سروودی شەشەم | ٦٩ |
| سروودی حەفتەم | ٨٧ |
| سروودی هەشتەم | ٩٧ |
| سروودی نۆیەم | ١١٣ |
| سروودی دەیەم | ١٢٧ |
| سروودی یازدەم | ١٣٩ |
| سروودی دوازدەم | ١٥٣ |
| سروودی سێزدەم | ١٧٣ |
| سروودی چواردەم | ١٨٧ |
| سروودی پازدەم | ١٩٩ |
| سروودی شازدەم | ٢١٧ |
| سروودی حەڤدەم | ٢٣٥ |
| سروودی هەژدەم | ٢٤٧ |
| سروودی نۆزدەم | ٢٦٣ |
| سروودی بیستەم | ٢٧٩ |
| سروودی بیستویەکەم | ٢٩٣ |

سروودی بیستودووەم ........ ٣٠٧
سروودی بیستوسێیەم ........ ٣١٩
سروودی بیستوچوارەم ........ ٣٢٩
سروودی بیستوپێنجەم ........ ٣٣٩
سروودی بیستوشەشەم ........ ٣٥١
سروودی بیستوحەفتەم ........ ٣٦٣
سروودی بیستوهەشتەم ........ ٣٧٧
سروودی بیستونۆیەم ........ ٣٩٣
سروودی سییەم ........ ٤٠٣
سروودی سیویەکەم ........ ٤١٥
سروودی سیودووەم ........ ٤٢٧
سروودی سیوسێیەم ........ ٤٣٩

سەرچاوە ........ ٤٥٣
ئیندێکسی ناوەکانی کۆمیدیای دانتی ........ ٤٥٧
فەرهەنگۆکی کۆمیدیای دانتی ........ ٤٧٧



# کۆمیدیا

## بەهەشت

# سروودی یەکەم[1]

## پێشەکیی بەهەشت

دانتی لەم بەشەی کۆمیدیادا دەست بە قۆناغی سەرەکی و کۆتایی گەشتەکەی دەکا بۆ ئەو دونیا. ئەم جارە ڕێگەی ناکەوێتە ناو چیا و دۆڵ و نیهال. ئەو چیا و دۆڵە بە هەموو بەرزی و نزمی خۆیەوە لەچاو قۆناغی سێیەم کە لێرەوە دەست پێدەکا، زۆر بێنرخ و ئاسانە، چونکە دانتی بەرزەفڕ ڕێگەی ئاسمانەکان دەگرێتە بەر کە گۆی زەوی لەچاو ئەو ئاسمانانە تەنیا گەردیلەیەکە.

شێوەی گەشتکردنی دانتی لەم قۆناغەدا بە تەواوی لە دوو قۆناغی پێشوو جیایە. لە دۆزەخ و بەرزەخدا ڕێگەی بەناو چۆل و چیا و دۆڵ و نهالی وەکو سەر زەویدا بوو. هەنگاو بە هەنگاو جەنگەڵ و لێڕەواری دەدایە دواوە. بەرەوڕووی ساردی و گەرمی دەبووەوە. گەشتی دانتی لە دۆزەخ و بەرزەخدا، وەکو گەشتی ڕێبوارێ وا بوو بۆ شوێنێکی ئاشنا. دیمەنەکان زۆر جار ناوچەکانی سەر زەوییان بە بیر دەهێنایەوە، بەڵام گەشتەکەی بۆ بەهەشت، واتە بۆ ئاسمانان شێوەیەکی ترە. لێرەدا کات و شوێن بە تەواوی نامێنێ، چونکە لە کات و شوێن و پێوانە دەردەچێ و دەگاتە ئەبەدییەت. نە ڕۆژ دەمێنێ و نە شەو. لێرە هەر تیشک و ڕووناکییە و تاریکی لە ئارادا نییە. دونیایەکی وا دەبینێ ناتوانێ وەسفی بکا، کەچی بیاتریچی چاو دەبڕێتە خۆر کە ڕەمزی خودایە، یانی بیاتریچی تەماشای جەلالەتی خوا دەکا و دانتی

تەماشای چاوی بیاتریچی دەکا کە جەلالەتی خوای تێدا دەدرەوشێتەوە، چونکە خۆی ناتوانێ ڕاستەوخۆ سەیری جەلالەتی خوا بکا.

دانتی کە لە دۆزەخ نۆ بازنە و لە بەرزەک حەفت بازنەی بڕیوە، لێرە حەفت ئاسمانی ئەستێرەی گەڕۆک و ئاسمانی ئاسمانان و بارەگای یەزدانی دەبڕێ.

هەر یەک لەم قۆناغ و ئاسمانانە چەمکی ڕەمزیی خۆی هەیە. لە شوێنی خۆیاندا باسیان دەکەین.

دانتی بە درێژایی گەشتەکەی لە ئاسمانان هەمیشە چاوی بڕیوەتە بیاتریچی، چونکە ئەو ڕاستییەی لەم گەشتەدا بەدوایدا دەگەڕێ لە چاوی بیاتریچیدا دەردەکەوێ. دانتی بە سەیرکردنی چاوەکانی بیاتریچی، سەیری ڕاستەقینەی ئەزەلی و سەرمەدی دەکا. نیشانەی چوونەپێشەوەی لەم گەشتەدا لە چاوی بیاتریچیدا دەبینێ.

دانتی لە بەهەشتی زەمینیدا ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی بۆ ئاسمان هەڵبکشێ. شتی وای دەبینێ زەحمەتە بتوانێ باسیان بکا، ئیتر هانا وەبەر ئەپۆلۆ دەبا بۆ ئەوەی توانای قسەکردنی پێ ببەخشێ. بە لایەوە دوور نییە دوای ئەو یەکێ بێ لەو باشتر باسی ئاسمان بکا.

دانتی کاتەکە دیاری دەکا بە نیوەڕۆی پێش دەستپێکردنی بەهار. چوارشەممەی ١٣ی نیسانی ١٣٠٠.

دانتی دیتی بیاتریچی بە جۆرێ چاوی بڕیبووە خۆر، هیچ هەڵۆیەک نەیتوانیوە وا تەماشای خۆر بکا. دانتی نەیتوانی تەماشای خۆر بکا. لەپڕ هەستی کرد ڕووناکی گەشتر بوو. دەتگوت خۆرێکی دی لە ئاسمان دەرکەوت. دانتی ماوەیەک تەماشای چاوی بیاتریچی کرد و وەک گلاوکوس لە پایەی مرۆڤینییەوە گۆڕا بۆ پایەی یەزدانی. نەیتوانی ئەو گۆڕانە بە زمان دەرببڕێ. کە بەرزبووەوە بۆ ئاسمان، هەندێ ئاوازی ئاسمانی بیست و هەندێ پرتەوی یەزدانی بینی. ئارەزووی زانینی ئەو شتانە لە دڵیدا گڕی سەند. بیاتریچی پێی گوت کە ئیتر لە سەر زەوی نەماوە، لە برووسکە خێراتر هەڵکشاوە بۆ ئاسمان. مرۆڤ هەر بە سروشت حەز دەکا بگاتە بارەگای خودا. هەروەها گوتی ئارەزووی مرۆڤ بۆ بەرزبوونەوە بۆ لای خوا بە گوێرەی

چاکه و خراپەی کەم و زۆر دەبێ. کەرەمی خوا خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئەگەر خەڵکەکە بە گوناهکردن لە ڕێگە دەرنەچن.

بیاتریچی گوتی دانتی چەند سەری لە شۆڕبوونەوەی ڕووبارێک لە چیا سوور دەمێنێ، دەبێ هەر هێندەیش سەری لە سەرکەوتنی خۆی سوور بمێنێ. بە پێچەوانەوە دەبێ سەری لەوە سوڕ بمێنێ ئەگەر لە گوناهان پاک بێتەوە و لە سەر زەوی بمێنێ.

بیاتریچی دووبارە چاوی بڕییە ئاسمان.

شکۆمەندیی هەڵسووڕێنەری هەموو کنیات[٢]
سەرتاسەری گەردوونی گرواوی لەژێر فەرماندایە
وەلێ لە شوێنێ زیاتر و لە شوێنێ کەمتر خۆی دەنوێنێ. (٣)
گەیشتمە ئەو ئاسمانەی[٣] لە هەموو ئاسمانێ زیاتر
تیشک و پەرتووی لێ وەردەگرێ. شتی وام بینی
هەر کەسێ لەو بەرزاییە دابەزیبێ، نە تێیدەگا و نە پێی باس دەکرێ،[٤] (٦)
چونکە کاتێ هۆشمان لە ئامانجی خۆی نزیک دەبێتەوە،
ئەوەندە نوقمی ڕامان و دامان دەبێ،
یادەوەریمان ناتوانێ شوێن پێی هەڵگرێ. (٩)
لەگەڵ ئەوەشدا چی توانیم لەو وڵاتە پیرۆزەدا
بیخەمە ناو گەنجینەی یادەوەریم،
ئێستا دەبێ بە بابەتی ئەم سروودەم و دووبارەی دەکەمەوە. (١٢)
ئەی ئاپۆللۆی میهرەبان،[٥] لەم کارەی دواوەمدا٦
ئەوەندە بەهرەی خۆتم پێ کەرەم کە
کە شایانی سپاردنی تاجی غاری[٧] خۆت بێ. (١٥)
تا ئێرە یەک ترۆپکی پەرنازۆم[٨] بەس بوو،
بەڵام لەمەودا پێویستم بە هەردوو ترۆپکەیە
بۆ ئەوەی پێ بنێمە ئەو گۆڕەپانانەی لە بەردەمم ماون. (١٨ )
وەرە ناو سینگم و بە جۆرێ فووم لێ بکە
وەک ئەوەی (مارسیا)ت[٩]
لە کالانی ئەندامەکانی دەرکێشا. (٢١)
ئەی لوتفی خوایی، ئەگەر ئەوەندەم لە زاتی خۆت پێ ببەخشی
بتوانم تارمایی ئەو وڵاتە پیرۆزەت دەرببڕم
کە لە مێشکم چەسپاوە، (٢٤)
دەبینی هاتوومەتە لای درەختی ئازیزت[١٠]
تا تاجێک لەو چڵ و گەڵایانە لەسەر بنێم

که هەم تۆ و هەم بابەتەکەم، بە شایەنم دەزانن.[11] (٢٧)
ئەی باوکە، زۆر بە دەگمەنە ئەمە بچنن
بە یادی سەرکەوتنی قراڵێ، یان شاعیرێ،[12]
چونکە ئارەزووی مرۆڤ کەیلە لە گوناه و شوورەیی. (٣٠)
ئەو دار (پنیا)یە[13]، هەر کاتێ تینوێتیی کەسێ دەشکێنێ،
دەبێ خودای سەروەری (دەلفی)[14]
نوقمی شادی و بەختەوەری بکا. (٣٣)
ئاگری گەورە لە پرۆشکی بچووک دەکەوێتەوە.
ڕەنگە دوای من کەسانێ بێن، بە دەنگێکی لە دەنگی من
گەواراتر، دووعا بکەن تا (چیرڕا)[15] بە دەمیانەوە بێ. (٣٦)
چراوگی گەردوون،[16] لە شوێنی جیاجیاوە
بەسەر مرۆڤی مردەنیدا هەڵدێ،
بەڵام لەو شوێنەی چوار بازنە[17] لەگەڵ سێ خاچ دەگەنەوە یەک. (٣٩)
ڕێڕەوێکی باشتر دەگرێتە بەر و لەگەڵ ئەستێرەیەکی گەشتر دێ و
مۆمی زەمینی بە شێوەی تایبەتی خۆی
دەشێلێ و مۆرێکی جوانتری لێ دەدا. (٤٢)
ئەم شوێنە،[18] مەیلەو ئەوێی کردبووە بەیانی و
ئێرەی کردبووە ئێوارە.
ئەم نیوەگۆیە[19] تەواو سپی و ئەو نیوە تەواو ڕەش بوو. (٤٥)
(بیاتریچی)م بینی ئاوڕی لە دەستەچەپدا بووەوە و
بە چەشنێ چاوی بڕیبووە خۆر،
هیچ هەڵۆیەک بەو جۆرە چاوی تێ نەبڕیوە.[20] (٤٨)
وەک چۆن تیشکێکی دووەم لە تیشکی یەکەم دەبێتەوە و
بەرز دەبێتەوە و دادەگەڕێتەوە،
وەک ڕێبوارێ پەرۆشی گەڕانەوە بێ. (٥١)
سەرنجی ئەو کە لە ڕێی چاوەکانمەوە

هاته ناو بیر و ئەندێشەم، بۆ لای خۆی ڕایکێشام و
بە نائاسایی وردتر چاوم بڕییە خۆر. (٥٤)
لەوێ،[٢١] زۆر شت ڕێگە دراوە
کە لەسەر زەوی ئەو ڕێیە بە بەهرەکانمان نەدراوە
بە هۆی ئەو شوێنەی بۆ ئێمەی مرۆڤ تەرخان کراوە. (٥٧)
ماوەیەکی زۆر تاقەتی سەیرکردنی ئەو تیشکەم نەبوو،
بەڵام دیم وەک چۆن ئاسن دەتوێتەوە و لەناو ئاگر
دێتە دەرەوە، ئاوها لە دەوروبەرم دەدرەوشایەوە. (٦٠)
لەپڕ وام کەوتە بەرچاو خۆرێکی تر خراوەتە سەر خۆر
دەتگوت ئەوەی توانا و دەسەڵاتی هەموو شتێکی هەیە
ئاسمانی بە خۆرێکی تر ڕازاندووەتەوە. (٦٣)
(بیاتریچی) وەستابوو چاوی بڕیبووە گەردوونی جاویدان
من چاوم لەو بەرزاییە کەلەلا کرد و
چاوم بڕییە ئەو. (٦٦)
کە تێی نز بوومەوە و لێی وردبوومەوە
لە ناوەوە وەکو (گلاوکۆ)م[٢٢] لێ هات
کە گیاکەی خوارد و لە دەریادا بوو بە ئاوقووفی خودانەکان. (٦٩)
(بەرزبوونەوەی مرۆڤ بۆ ئاستی خودان) بە قسە باس ناکرێ،
ئیتر با ئەم نموونەیە بەس بێ
بۆ ئەو کەسەی نیعمەتی خوا دەرفەتی ئەزموونی پێ دەبەخشێ. (٧٢)
ئایا من تەنیا ئەو پارچەی خۆم نەبووم کە تۆ ئاخیری دروستت کرد
خۆت ئەمە دەزانی، ئەی ئەشقی سەروەری ئاسمان،
تۆ کە بە نووری خۆت منت هەڵکیشا و بەرزت کردمەوە. (٧٥)
کاتێ ئەو بازنەیەی جاویدانت[٢٣] کردووە و پەرۆشی
بەو هونەری هەماهەنگییەی شێوە و نەوای پێ دەدەی.
بۆ خۆی بەکێش کردم.(٧٨)

ئەوسا وام کەوتە بەرچاو بەشێکی هەراوی ئاسمان
بە ئاگری خۆر سووتاوە. هەرگیز باران و ڕووبار
گۆلّی وا گەورەیان دروست نەکردووە. (٨١)
ئەو دەنگە تاقانە و ئەو تیشکە گەشە
گڕی شەوقێکی لە دڵ بەردام بۆ زانینی هۆکەی
کە هەرگیز هەستم بە شتی وا نەکردووە. (٨٤)
ئەوسا ئەو خانمەی وەکو خۆم ئاشنای ڕۆحم بوو،
بەرلەوەی داوای لێ بکەم خاترجەمم بکا
لێوی لێککردەوە و گوتی: (٨٧)
تۆ بە ئەندێشەی خەتا پەکی تێگەیشتنی خۆت دەخەی
وات لێ هاتووە ئەوە نابینی کە دەتتوانی ببینی
ئەگەر خۆت لێ ڕزگارکردبا. (٩٠)
تۆ لەسەر زەوی نییت وەک خۆت وای بۆ دەچی،
بروسکە چەند تیژ لە شوێنی خۆی دەردەچێ
تۆ لەو خێراتر بەرەو ئەوێ دەگەڕێیتەوە.[٢٤] (٩٣)
بە قسەی کورت و خەندەداری
گومانی یەکەمینم لەبەر خۆم دادڕی،
بەڵام زیاتر کەوتمە ناو تۆڕی گومانی تر. (٩٦)
گوتم: (شادم و لە مەندەهۆشییەکی[٢٥] گەورە ڕزگار بووم،
بەڵام ئێستا سەرم لەوە سووڕماوە چۆن
بەناو ئەو بازنە سووک و تەنکانەدا تێبپەڕم.)[٢٦] (٩٩)
وێ هەنسکێکی میهرەبانی هەڵکێشا و چاوی بۆ هەڵبڕیم و
سەرنجێکی لێدام وەک ئەو سەرنجەی
دایک لە منداڵی دەم بە وڕێنەی دەدا. (١٠٢)
گوتی: (هەر شتێکی هەیە، بەو شێوەیەی کە هەیە
بە نیزامێک بەسراوەتەوە. ئەو نیزامە سەرەڕای هەموو شت

جیهانی خستووەتە سەر شێوەی خودا،[27] (١٠٥)
لێرەدا بوونەوەری بەرز[28] مۆرکی
فەزلی جاویدان دەبینێ کە ئامانجێکە و
ئەو نیزامەی بۆ دروستکراوە کە باسکرا. (١٠٨)
بەپێی ئەو نیزامەی دەڵێم، هەموو بوونەوەرێک
بەپێی چارەنووسی جیاوازی خۆی،
کەم و زۆر لە بنچینەی خۆی نزیک دەکەوێتەوە. (١١١)
ئەمانە لەناو دەریای بێپایانی بووندا
ڕێگەی بەندەری جیاواز دەگرنە بەر
هەریەکە سروشتێکی هەیە هەڵیدەسووڕێنێ. (١١٤)
هەر ئەمەیە ئاگر بەرەو مانگ دەبا
هەر ئەمەیە تەنی مردەنی دەبزوێنێ
هەر ئەمەیە زەوی تێکدەترنجێنێ و دەیکا بە یەک. (١١٧)
ئەم کەوانە تەنیا تیر لەوانە ناگرێ
کە فام ناکەن و تێناگەن، بەڵکو لەوانەیش دەگرێ
کە ئەقڵ و خۆشەویستییان هەیە. (١٢٠)
ئیرادەی خوا کە ئەم هەموو بوونە ڕێک دەخا
ئەو ئاسمانە[29] بە نووری خۆی ڕادەگرێ
کە بەگوڕترین ئاسمانی بەناودا دەسووڕێتەوە. (١٢٣)
ئێستا هێزی ڕاکێشەری ئەو کەوانەی هەمیشە تیر
بۆ ئامانجی پیرۆزی خۆی داوێ
ڕەوانەی ئەو لایەی گەردوونمان دەکا کە بۆمان داندراوە. (١٢٦)
هەرچەندە بەرهەمی هونەرمەند، بە زۆری،
بەو شێوەیە دەرناچێ کە خۆی دەیەوێ،[30]
چونکە بابەتەکە بەرامبەر بیر و خەیاڵ گوێی کەڕە. (١٢٩)
بەم جۆرە مرۆڤ هەندێ جار لەو ڕێڕەوە دووردەکەوێتەوە

ئەگەر ڕێنماییش کرابێ
بەرەو لایەکی تر دەسووڕێتەوە. (١٣٢)
چۆن ئاگر دەبینین لەناو هەوردا دەڕژێ
ئاوها بەهرەی زگماکی مرۆڤ
بە چێژی قەڵپ بەرەو زەوی لاردەبێتەوە. (١٣٥)
ئەگەر باشی بۆ چووبم، نابێ سەرت لە هەڵکشانی خۆت
سووڕ بمێنێ، لەوە زیاتر ئەگەر سەرت
لە شۆڕبوونەوەی ڕووبار سووڕ بمێنێ لە ترۆپکی چیاوە بۆ بنی دۆڵ. (١٣٨)
دەبێ سەرت لەوە سووڕ بمێنێ، ئەگەر لە هەموو تەگەرەیەک ڕزگار بووی
لە خوارەوە بمێنیتەوە
وەک ئەوەی ئاگرێکی داگیرساو بە هێمنی لەسەر زەوی بمێنێتەوە.[٣١] (١٤١)
ئینجا ڕووی بەرەو ئاسمان وەرسووڕاند. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی یەکەم

١. سروودی یەکەم. پێشەکییە بۆ بەهەشت.

٢. ئەم ڕستە و دەستەواژەیە لە بنەڕەتدا هی تۆماسی ئەکوینییە.

٣. واتە ئاسمانی دەیەم، ئاسمانی ئاسمانان کە عەرشی خودای لێیە.

٤. واتە خودا ئەوەندە گەورەیە، مرۆڤ ناتوانێ باسی بکا.

٥. ئاپۆلۆ Apollo: خودانی شیعر و مۆسیقایە لە ئەفسانەی یۆنانیدا. تا ئێرە، لە دۆزەخ و بەرزەکدا، دانتی بۆ شیعرنووسین هانای بۆ پەریی ئیلهامبەخشەکان (میوز) دەبرد، بەڵام لە بەهەشت هانا بۆ ئاپۆلۆ دەبا.

٦. مەبەست بەشی سێیەمی کۆمیدیایە (بەهەشت).

٧. ئاماژەیە بۆ ئەڵقەی چڵ و گەڵای غار کە لە سەری شاعیر و هونەرمەند و سەرۆکی گەورەیان دەنا.

٨. پارنازۆ. پارناسسۆ Parnasso لە ئەفسانەی یۆنانیدا خودانی هونەر و پەریی سەما و مۆسیقای تێدا بوو. لێرەدا دانتی ئاماژە بۆ دوو قوللەی ئەو چیایە دەکا: قوللەی نیسسا (Nyssa) یان هیلیکۆن (Helicon) و قوللەی چیرڕا (Cyrrha). یەکەم بارەگای پەریی ئیلهامبەخشان بوو و دووەم بارەگای ئاپۆلۆ بوو. لێرە بەدواوە دانتی ڕوو دەکاتە هەردوو قوللە، چونکە یەک قوللەی بەس نییە، واتە باسکردنی بەهەشت لە دۆزەخ و بەرزەک زەحمەتترە و پێویستی بە هێزی مەعنەویی زیاتر هەیە، لەوانەیشە دوو قوللەکە ئاماژە بن بۆ پێویستیی شاعیر بە زانستی دونیایی و خودایی.

٩. مارسیا. مارسیاس Marsyas: لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە یەکێ بوو لە دێوەکانی جەنگەڵی (Satyra)، توانایەکی جادوویی لە نەیژەن هەبوو. ڕۆژێ لە بەرامبەر ئاپۆلۆی خودانی مۆسیقادا کەوتە لافلێدان. ئاپۆلۆ لێی تووڕە بوو. پێشبڕکێی لەگەڵ کرد و لە بەردەم دادگادا بۆڕی دا. ئەوسا بە زیندووی چاوان زیوار زیوار پێستەی لێکردەوە و کەوڵی کرد.

١٠. واتە درەختی غار.

١١. ئەمە جۆرە دەربڕینێکە لە حەز و پەرۆشیی دونیایی دانتی کە فلۆرەنسا ددان بە بلیمەتیدا بنێ و تاجی غاری لەسەر بنێ.

١٢ ئاماژەیە بۆ دوو دەستە کە دەبوو لە کاتی سەرکەوتندا ئەو تاجی شانازییە لەسەر بنێن: شاعیر و قڕاڵ.

١٣. داری پینیا (Peneia) ئاماژەیە بۆ درەختی غار. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: پاش کشانەوەی ئاو و گەرمبوونی زەوی، گیانداری زۆر پەیدابوون. یەک

لەوانە ئەژدیهایەکی گەورە بوو بە ناوی (پیتون). کیوبید ویستی بیکوژێ، بەلام ئاپۆلۆ نایە لاوە و گوتی ئەمە لە شانوشەوکەتی من دەوەشێتەوە نەک تۆ. کیوبید تووڕەبوو. دوو تیری دەرهێنا، یەکی زێڕین و یەکی خۆڵەمێشی. ئەوەی زێڕین گڕی ئەشقی لە دڵ بەردەدا و ئەوەی خۆڵەمێشی دەیکوژاندەوە. تیرێکی زێڕینی لە دڵی ئاپۆلۆ دا و تیرێکی خۆڵەمێشیی لە دافنی کچی پینیۆسی خودانی ڕووبار دا. ئاپۆلۆ ئەشقی دافنی بوو و کەوتە دوایەوە. دافنی خۆی نەدا بە دەستەوە و هەلات بۆ ناو جەنگەڵ. دافنی دەیەویست خۆی ڕزگار بکا و ئاپۆلۆ دەیەویست شکست نەهێنێ. دافنی لەسەر کەناری ڕووباری پینیۆس شەنگی لەبەر برا و بەربووەوە و لە باوکی پاڕایەوە ئەو جوانییەی لێ وەربگرێتەوە کە ئاگری لە دڵی هەموو کەس بەردابوو. یەکسەر دوعای قبووڵ بوو و بوو بە درەخت. لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئارەزووی دانتی بۆ وەرگرتنی تاجەگوڵینەی غار، ئاپۆلۆی خودانی دەلفی شادومان بکا و وا بکا ئیلهام بە دانتی ببەخشێ بۆ ئەوەی بتوانێ کتێبی بەهەشت بنووسێ.

١٤. خودانی سەروەری دەلفی: مەبەست ئاپۆلۆی خودانی هونەر و شیعر و مۆسیقایە. دەلفی: پەرستایەکی بەناوبانگە لە چیای پارناس.

١٥. چیڕرا Cirra (بە یۆنانی Cyrrha) قوللەی تایبەت بە ئاپۆلۆیە لە چیای پارناس.

١٦. خۆر، کە لە چوار وەرزی سالدا، لە شوێنی جیاجیا، سەر لە ئاسۆ دەردێنێ.

١٧. چوار بازنە: بریتین لە ئاسۆ و بازنەی بورجەکان و هێلی ئیستیوا و هێلی بەیەکگەیشتنی سەری دوو بورجی قرژال و نێری کە کاتی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژە. لە کاتی بزووتنیاندا بەناو یەکدا دەچن و شەش خاچ دروست دەکەن. هەر سێ خاچ لە لایەکی گۆی زەوی دەردەکەوێ. خالی بەیەکگەیشتنی چوار بازنە و سێ خاچ سەرەتای بەهارە، واتە نەورۆزە کە خۆر دەکەوێتە ناو بورجی کاوڕ. لە ڕووی ڕەمزییەوە، چوار بازنەکە ڕەمزە بۆ چوار چاکەی سەرەکی و سێ خاچەکە ڕەمزە بۆ سێ چاکەی لاهووتی و خۆر ڕەمزی خودایە، کە لە کاتی بەیەکگەیشتنی چاکەی سەرەکی و چاکەی لاهووتیدا بەوپەڕی گەشی دەردەوشێتەوە.

١٨. ئێرە: بەهەشت.

١٩. لە نیوەگۆی زەوی بەرامبەر نیوەگۆی زەویی ئێمە، کە تەماشای ئاسۆ بکەی، خۆر دەکەوێتە دەستەچەپ نەک دەستەڕاست، بۆیە (بیاتریچی) سەیری لای دەستەچەپ دەکا.

٢٠. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە هەڵۆ دەتوانێ تەماشای خۆر بکا.

٢١. ئاماژەیە بۆ بەهەشتی زەمینی.

٢٢. گلاوکۆ Glauco (بە یۆنانی گلاوکوس - Glaucus). بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، گلاوکۆ ماسیگر بوو. ڕۆژێ هەندێ ماسیی گرت و لەناو مێرگێک لەسەر گیا دایینان. لەناکاو دیتی ماسییەکان کەوتنە جووڵە، وەکو ئەوەی لەناو ئاودا بن، ڕۆیشتن و خۆیان بە دەریادا دا. گلاوکۆ سەری سووڕما: ئایا ئەمە موعجیزەیەکی خوا بوو، یان کاریگەریی گیاکە بوو؟! بۆ تاقیکردنەوە هەندێ گیای خوارد، هەستی کرد گۆڕا، وەکو ماسیی لێ هات و چووە ناو دەریا. ئۆقیانووسی خودانی دەریا و تیتیس بە نۆ ئاو شووشتیانەوە و ئاوی سەد ڕووباریان بەسەردا کرد بۆ ئەوەی لە قرێژی بنیادەم پاکی بکەنەوە. بوو بە خودانێکی دەریا. دانتی مەبەستی ئەوەیە کە ئەویش بە تەماشاکردنی ڕوخساری (بیاتریچی) (ڕەمزی زانستی لاهووت) هەستی کرد لە قالبی بنیادەم دەرچووە و بووە بە ڕۆحێکی ئاسمانی.

٢٣. واتە بازنەی ئاگر، یان تۆپی ئاگر. مەبەست ئەو ئەڵقە ئاگرینەیە کە زاناکانی ئەستێرەناسیی کۆن وایان دەزانی لە نێوان زەوی و ئاسمانی مانگدایە. بڵێسەکان بۆیە ڕوو لە سەرەوە دەکەن، چونکە دەیانەوێ جارێکی تر بگەنەوە زێدی خۆیان.

٢٤. یانی خێرایی برووسکە لە هاتنە خوارەوەیدا لە بازنەی ئاگرەوە بۆ سەر زەوی، لە خێرایی ڕۆیشتنی دانتی کەمترە کە بەرەو بازنەی ئاگر دەچێ.

٢٥. واتە سەری لە بیستنی مۆسیقای ئاسمانەکان و دیتنی تیشکەکان سووڕما. جێی سەرنجە بەهەشتی سەریان لە هیچ شتێ سووڕ نامێنێ، چونکە گەیشتوونەتە پلەی تەواوی و هەموو شتێ دەزانن. سەرسووڕمان لە بەهەشت نیشانەی نەزانینە.

٢٦. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە هەوا لە تۆزقاڵی ورد پێکهاتووە، بۆیە دانتی بە لایەوە سەیرە کە سەرەڕای یاسای ڕاکێشان و قورسی، لە باتی ئەوەی بۆ خوارەوە بێ، بۆ سەرەوە دەچێ.

٢٧. ئاماژەیە بۆ ڕای تۆمای ئەکوینی کە دەڵێ پێویستە دونیا سەرانسەر لەگەڵ زاتی خودادا هەماهەنگ بێ.

٢٨. مەبەست مرۆڤە.

٢٩. ئاماژەیە بۆ ئیمپریۆ کە بازنەی هەرەبەرز و عەرشی خودایە. بەرزترین ئاسمانە و هەمیشە وەستاوە. کەوتووەتە ناوجەرگەی نۆ ئاسمانەکە.

٣٠. ئاماژەیە بۆ جەبر و ئیختیار.

٣١. واتە بینا بە قسەی تۆمای ئەکوینی ئاگر تا لە شوێنی خۆیدا بێ، ئارامە، بەڵام کە لەو شوێنە هاتە دەرەوە، ڕوو دەکاتە باڵا.

# سروودی دووەم[1]

## ئاسمانی یەکەم

## ئاسمانی مانگ

دانتی داوا لە خوێنەران دەکا بکەونە شوێن کەشتییەکەی بۆ ئەوەی وێڵ نەبن، چونکە ئەو ئاوەی بەسەریدا دەڕوا پێشتر کەس بەسەریدا نەڕۆیشتووە. خۆیشی بە چاوترووکانێک زووتر لەگەڵ بیاتریچی بەرەو ئاسمان هەڵکشا و بەیەکەوە گەیشتنە مانگ (دووری ئەبەدی). دانتی شتێکی سەیری بینی. بە ملکەچی سوپاسی خوای بەجێ هێنا کە لە پیسیی دونیای مردۆخ ڕزگاری بوو. دانتی پرسیاری لە بارەی پەڵە ڕەشەکانی سەر ڕووی مانگ کرد کە وایزانی بە هۆی جیاوازیی ڕوونی و چڕیی بەشەکانی مانگەوە پەیدا بووە. بیاتریچی پێی گوت بەهەڵەدا چووە. جیاوازیی ڕووناکیی مانگ بۆ توانا و هێزی تر دەچێتەوە. ئەگەر هۆکەی ڕوونی و چڕی بوایە ئەمە لە کاتی ڕۆژگیراندا دەردەکەوت. تیشکی خۆر بەناو هەندێ جێگەی مانگدا دەڕۆیشت و بە هەندێ جێگەی تردا نەدەڕۆیشت.

بیاتریچی پێی گوت دەتوانێ بە تاقیکردنەوە هەڵەی خۆی ڕاست بکاتەوە. گوتی: سێ ئاوێنە بێنە. دوویان بەقەد یەک دوور لە خۆتەوە دابنێ و سێیەمیان لە نێوان ئەو دووە دابنێ، بەڵام نەختێ دوورتر، ئینجا تیشکێک بخەرە سەر هەرسێ ئاوێنەکە. تیشکدانەوەی سەر ئاوێنە دوورەکە لەوانی دی گەورەتر نییە. تیشکدانەوەی هەرسێ ئاوێنەکە لە ڕووی گەشییەوە وەکو یەک وان.

ئینجا بیاتریچی گوتی: هەموو ئاسمانەکان بوونی خۆیان لە ئاسمانی دەیەم وەردەگرن کە ئاسمانی ئاسمانانە. ئەو بوونەیش پایە بە پایە لە سەرەوە دێتە خوارەوە. ئاسمانەکان جووڵانەوەی خۆیان لە فریشتە بەختەوەرەکانەوە وەردەگرن کە ئەم کارەیان پێ سپاردراوە. جیاوازیی ڕووناکیی ئەستێرەکان لە بنەمایەکی شکڵییەوە هاتووە، واتە ئەو هێزەی فریشتەکە پێی دەدا. بەم جۆرە ڕوونی و تاریی هەریەکێکیان بەپێی ئاستی تەواوی خۆیانە.

ئاسمانی مانگ لە ڕووی ڕەمزییەوە بە لای دانتی چەمکی ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی)ی هەیە لەناو زانستە سەرەکییەکانی تردا. دەڵێ دەتوانین بڵێین ئاسمانی مانگ وەکو زانستی ڕێزمان وایە، چونکە گۆی مانگ تاکە گۆیەکە یەک جۆر نییە و تاریکی و ڕووناکیی تێدایە و تیشکی خۆری لەسەر دەدرەوشێتەوە. تاکە گۆیەکیشە کە شکڵی دەگۆڕێ. تیشکی خۆر هەر جارەی لە لایەکی مانگ دەدا. لەم بارەیەوە وەکو زانستی ڕێزمان وایە. کە لە لایەکەوە تیشکی ژیربێژی و ئەنجامگیری هیچ وشەیەک بە جۆرێ ڕۆشن ناکاتەوە کە لێڵی و ئاڵۆزیی تێدا نەمێنێ و لە لایەکی تریشەوە تیشکی ژیربێژی بۆ سەر ئەم وشانە گاوێ لە لایەک و تاوێ لە لایەکی تر شێوە و پێکهاتەی تایبەتی پێ دەبەخشێ. کە لە حاڵەتی جیادا مانای جیا دەدا.

•

ئێوە کە بە سواری بەلەم، لە دوای کەشتیی منەوە[2]
کە بەدەم سروود خوێندنەوە ڕێگە دەبڕێ،
بە پەرۆشەوە بۆ بیستنی دێن.(٣)
بگەڕێنەوە و سەیری کەنارەکانی خۆتان بکەن،
مەچوونە ناو دەریای بێسنوور و کەنار
لەوانەیە من بزر بکەن و سەرگەردان ببن. (٦)
ئەو ئاوەی ملم پێوەناوە هەرگیز کەس نەیبڕیوە،[3]
(منێرڤا)٤ فوو لە چارۆکەم دەکا و (ئاپپۆللو)[5] ڕێنمایم دەکا و
نۆ پەرییەکە[6] بە ورچەکان[7] ڕێگەم نیشان دەدەن. (٩)
ئێوەیش، ئەوانی تر کە ژمارەتان ئەوەندە نییە
ئێوە کە سەرتان بۆ نانی فریشتان هەڵبڕی،٨ (١٢)
کە لێرە دەیخۆن و هەرگیز پێی تێر نابن.[9]
ئاسانە کەشتیتان لەسەر دەریای قووڵ باژۆن
شوێن کەشتیی من بکەون کە دەریا شەق دەکا
بەر لەوەی ئاو ڕێڕەوەکەی بسڕێتەوە. (١٥)
ئەو گەڕناسانەی[10] چوونە (کۆلکۆ)
کە دیتیان (یاسون)[11] بووەتە جوتیار
بەقەدەر ئێوە و ئێستا سەرسام نەبوون. (١٨)
تینوێتیی سروشتی و جاویدانیمان
بۆ ئەو وڵاتەی لەسەر شێوەی خوا دروستکراوە[12]
بە خێراییەکی وەک خێرایی ئاسمانان هەڵماندەکێشی. (٢١)
(بیاتریچی) هەڵیدەڕوانی و منیش سەیری ئەوم دەکرد
بە ماوەی ئەوەندە بتوانی تیر لەبەر کەوان ڕابکەی و
ڕایبکێشی و بیهاوێژی، (٢٤)
دیم گەیشتوومەتە شوێنێ
شتێکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام
ئەو کەسەی ڕازونیازی منی لێ بزر نەدەبوو(٢٧)
بە شادی و درەوشانەوە ئاوڕی لێدامەوە و گوتی:

بیر لە خوا بکەوە و سوپاس و ستایشی بکە
که ئێمەی گەیاندە سەر ئەستێرەی یەکەم.[13] (٣٠)
وای بۆ چووم هەورێک لوولی داوین
هەورێکی بریسکەدار و چڕ و لووس و پتەو
دەتگوت ئەڵماسە و ڕۆژ لێی دەدا. (٣٣)
دووڕی جاویدان[14] گرتنیە ناو خۆی[15]
وەک ڕووی ئاو بێ ئەوەی شەق بەرێ،
تیشکی ڕووناکی وەردەگرێ. (٣٦)
ئەگەر من لەوێ جەستە بووم، هەرچەندە
لێرە تێناگەین چۆن جەستەیەک جەستەیەکی تر دەگرێتە ناوخۆی،
بەو جۆرە تێکەڵ ئەو جەستەیە بووم کە دوو جەستەکە بەناو یەکدا دەچن. (٣٩)
زیاتر ئارەزووم داگیرسا
بۆ ئەوەی سەیری ئەو دووڕە[16] بکەم
کە تیا دیارە چۆن سروشتی ئێمە لەگەڵ خوادا یەکی گرتووە. (٤٢)
لێرە،[17] ئەو ڕاستییەی بە باوەڕ دەرکی پێ دەکەین
بێ ئەوەی پێویست بە بەڵگە بکا
لە شێوەی ئەو ڕاستییە سەرەتایەی مرۆڤ بڕوای پێ هەیە دەردەکەوێ.[18] (٤٥)
وەڵامم دایەوە: (مادۆنا،[19] بە هەموو توانای دڵسۆزی خۆمەوە،
بە ملکەچیی سوپاسبژێری ئەو کەسە دەکەم
کە لە دونیای مرۆڤی مردەنی دەریهێنام، (٤٨)
بەڵام پێم بڵێ ئەو پەڵە ڕەشانەی[20] ئەو تەنە چین
کە لە خوارەوە، لەسەر زەوی
خەڵک چیرۆکی قابیلی تێدا دەبینن؟)(٥١)
نەختێ گرژییەوە و گوتی: (ئەگەر بۆچوونی
مرۆڤی مردەنی بە هەڵەدا بچێ،
کە کلیلی هەست قوفلی پێ ناکرێتەوە، (٥٤)
ڕاستی نابێ تیری سەرسامیی بتئەنگێوێ
مادەم دەزانی ئەگەر ئەقڵ شوێن هەست بکەوێ
باڵی کورتە و زۆر ناڕوا (٥٧)

بەڵام پێم بڵێ بە لای تۆوە، ئەم پەڵە ڕەشانە چین؟)
گوتم: (ئەوەی لەو شوێنە بەرزەدا خۆی بە جۆراوجۆر دەنوێنێ
پێم وایە بەرەنجامی تەنی چڕ و تەنی ڕوونە.) (٦٠)
گوتی: (بەڕاستی، دەبینی بیروبۆچوونت لە چەوتیدا نقووم بووە،
ئەگەر باش گوێ لەو بەڵگەیە بگری
کە ئەم قسەیەی پێ ڕەت دەکەمەوە. (٦٣)
ئاسمانی هەشتەم بە زۆر ئەستێرە ڕازاوەتەوە
دەتوانی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە
شێوەی جیاوازی ڕوویان ببینی.(٦٦)
ئەگەر ئەمە تەنیا بەرەنجامی چڕی و ڕوونی بێ
هەموویان یەک کرۆک و گەوهەریان دەبوو،
نەختێ کەمتر، یان زیاتر، یان بەقەدەر یەک. (٦٩)
خەسیەتی جیاواز لە بنەمای جیاوازی شکڵییەوە دێ
ئەگەر بە بۆچوونی تۆ ڕاست بێ،
دەبێ ئەم خەسیەتانە جگە لە یەکێکیان، هەموو لەناو بچن. (٧٢)
دیسان ئەگەر ڕوونی و چڕی هۆی ئەو پەڵە ڕەشانە بێ
کە تۆ پرسیاری دەرهەق دەکەی،
یان دەبێ ئەم ئەستێرەیە هەندێ بەشی کەم بێ،(٧٥)
یان دەبێ لاپەڕەکانی کتێبەکەی جیا بێ،
وەک جیاوازیی گۆشت و بەز
لە شوێنی جیاوازیی یەک جەستەدا. (٧٨)
ئەگەر گریمانەی یەکەم ڕاست بێ،
ئەمە لە کاتی خۆرگیراندا[٢١] دەردەکەوی
تیشکی خۆر هەموو تەنێکی ڕوون دەبڕێ (٨١)
ئەمەیش ڕاست نییە. جا دەبێ سەیری
گریمانەی دووەم بکەین و ئەگەر ئەویش پووچ بکەمەوە
بۆت دەردەکەوێ ڕاکەت بۆش و بەتاڵە. (٨٤)
ئەگەر ڕوونی لە بەشێکەوە نەچێتە بەشێکی تر،

مانای وایە سنووێک هەیە ناتوانێ لێی تێبپەڕێ
بەرامبەرەکەی ڕێگەی تێپەڕینی تیشکی لێ دەگرێ. (٨٧)
لێرەدا تیشکی خۆر دادەشکێتەوە[٢٢]
وەک چۆن ڕەنگ لە ئاوێنەدا دەشکێتەوە
کە تفرێکی قورقوشمی لە پشت دراوە. (٩٠)
ئێستا دەڵێی تیشک لەم بەشەدا
لە بەشەکانی دی تاریکترە،
چونکە لە پشتەوە، لە شوێنێکی دوورتر دادەشکێتەوە. (٩٣)
ئەگەر هەوڵ بدەی تاقیی بکەیتەوە
لەم گومان و دڕدۆنگییە ڕزگارت دەبێ.
تاقیکردنەوە ڕووباری هەموو هونەرەکانی ئێوەی لێ هەڵدەقوڵێ. (٩٦)
سێ ئاوێنە بێنە، دوویان بەقەدەر یەک دوور لە خۆت
سێیەم دوورتر لەوان دابنێ و
بە جۆرێ لە بەینی دووەکەی هەوەڵەوە لە چاوت بدا. (٩٩)
ڕوو بکە ئاوێنەکان و وا بکە ڕووناکییەک
لە پشت سەرتەوە لە هەرسێ ئاوێنەکە بدا و
تیشکەکە لە هەموویانەوە بۆ تۆ بشکێتەوە، (١٠٢)
ئەو تیشکەی لە ئاوێنە دوورەکە دەشکێتەوە
لەوانی دی بچووکترە، بەڵام
بەقەد ئەوان بە گەشی دەدرەوشێتەوە. (١٠٥)
ئێستاش وەکو چۆن مژاری بەفر
لەژێر کاریگەریی تیشکی گەرمدا
سارد و سپیاتیی پێشووی لەدەست دەدا، (١٠٨)
تۆیش ئەقڵت ئەوها ئازاد بووە و
ئێستا دەمەوێ بە تیشکێکی گەش دەروونت ڕووناک بکەمەوە
کە خۆی لە خۆیەوە لەبەردەستتدا دەبریسکێتەوە. (١١١)

ئاسمانێک لەناو ئاسمانی ئاشتیی یەزدانیدا دەخولێتەوە،
بوونی هەرچییەکی تێیدایە
وەک یەک لەوەوە هاتووە. (١١٤)
ئاسمان دوای ئەو، کە پڕە لە ئەستێرە،
ئەم بوونە بەناو کرۆکی جیا و سەربەخۆدا بڵاو دەکاتەوە
کە هەم لەو جیان و هەم لەودان. (١١٧)
ئاسمانەکانی دی بەپێی خەسیەتی جیاجیایان
ئەو هێزی چاکە و میهرەی تێیاندایە
بۆ ئامانج و تۆوی خۆیان ئاراستە دەکەن. (١٢٠)
ئەم پارچانەی گەردوون، وەک ئێستا دەبینی،
پایە بە پایە دەڕۆن. هەریەکە ئەوەی لە سەرەوە وەریدەگرێ
بە خوارەوەی دەگەیەنێ. (١٢٣)
ئێستا باش تەماشا کە من چۆن ملی ئەو ڕێگەیە دەگرم
بۆ لای (حەق) کە تۆ بەدوایدا وێڵی،
بۆ ئەوەی لەمەودوا بتوانی بە تەنیا لە بوار بدەی. (١٢٦)
جووڵە و کاری بازنە پیرۆزەکان
دەبێ لە بزوێنەرە بەختەوەرەکانەوە بێ
وەک چۆن چەکوشوەشاندن لە ئاسنگەرەوە[٢٣] دێ. (١٢٩)
ئەو ئاسمانەی بە زۆر ئەستێرە ڕازاوەتەوە
دەکەوێتە سەر وێنەی ئەو بیرە قووڵەی دەیسووڕێنێ،[٢٤]
مۆر و شەقڵی خۆیشی لێ وەردەگرێ.[٢٥] (١٣٢)
هەروەکو ڕۆح کە بە ناو پەیکەری خاکی ئێوەدا ٢٦
بە ناو ئەندامی جیاجیای جەستەدا دابەش دەبێ
کە هەریەکە ئەرکێکی تایبەتی لە ئەستۆدایە، (١٣٥)
هەر بەم جۆرەیش ئەو ئەقڵەی خێر و چاکەی خۆی دەزانێ
کە لەناو ئەستێرەکان نەشونما دەکا و

به خولانەوەی لە دەوری خۆیدا، لە تاکێتی خۆی دەگا[٢٦]. (١٣٨)
هەر خەسیەتێک بە شێوەی تایبەتی خۆی
تێکەڵ ئەو تەنە بەهادارە دەبێ کە ئەم هێزە دەیجوولێنێ و
وەک بەسرانەوەی ژیان بە ئێوە پێیەوە دەبەسرێتەوە. (١٤١)
چاکە و میهری تێکەڵ بەو تەنە ئاسمانییە
لە سایەی ئەو سروشتە بەختەوەرەی لێی هەڵدەقوڵێ
وەک درەوشانەوەی شادی لە چاوی بریسکەداردا دەبریسکێتەوە.. (١٤٤)
ئەوەی لە ئەستێرەیەکەوە دەگۆڕێ بۆ ئەستێرەیەکی تر
لەمەوە دێ، نەک لە چڕی و ڕوونی،
ئەمیش بنەمایەکی شکڵییە دەبێ بە مایەی (١٤٧)
ڕوونی و لێڵی بە پێی ئاستی تەواوەتیی خۆی. (١٤٨)

***

## پەراوێزەکان سروودی دووەم

١. ئەمە یەکەم سروودی بەهەشتە، تایبەتە بە ئاسمانی مانگ. پێی دەگوترێ سروودی لەکەی ڕەشی مانگ.

٢. دانتی ڕوو دەکاتە ئەو کەسانەی حەز دەکەن گوێی لێ بگرن بۆ تێگەیشتنی بەهەشت و گەیشتنە لای خودا، دەڵێ: سەیری دۆزەخ و بەرزەک بکەن کە ئاسان بوون، بەڵام بەهەشت فەلسەفیترە و باسی شتی بەرزتر دەکا، بۆیە ئەوەندە ئاسان نییە. ئەوەی توانای ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە خۆیدا نابینێ، وا چاکە هەر لە ئێستاوە دەست لەو کارە هەڵگرێ، واتە ئەگەر شوێنی کەشتیی دانتی بزر بکەن، تووشی سەرگەردانی و لەناوچوون دەبن. ئەمە شانازیکردنی دانتییە بە ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی کە لە هی خەڵکەکە بەرزترە، بەڵام لە هەمان کاتدا هیوا دەخوازێ خەڵکیش وەکو ئەو ڕۆشنبیر بن.

٣. یانی ئەو شتەی دانتی باسی دەکا، پێشتر کەس خۆی لێ نەداوە و باسی نەکردووە.

٤. منێرڤا Minerva (بە یۆنانی ئەسینا - Athena). خودانی ژیری و دانایی بوو.

٥. ئاپۆلۆ Apollo (بە یۆنانی فایبوس - Phaebus ). خودانی هونەر و شیعر و مۆسیقا بوو.

٦. نۆ پەری: پەریی ئیلهامبەخش muse بوون لە چیای پارناس، واتە ئەم سێیینە: ئاپۆلۆ و ئەسینا و پەرییەکان یارمەتیی دەدەن و ڕێنمایی دەکەن.

٧. ورچ: مەبەست کۆمەڵەئەستێرەی ورچی گەورە و ورچی بچووکە. ئەستێرەی تەوەری باکوور، ئەستێرەی هەرە دواوەی ورچی بچووکە. دەیەوێ بڵێ ئەمانە بەرەو باکوور، کە ڕێگەیەکی ڕاست و دروستە، ڕێنماییم دەکەن.

٨. نانی فریشتان: واتە زانست و ئاگاداری. ئەم زاراوەیە لە کتێبی پیرۆز و لە کتێبی (بانگێشت)ی دانتی خۆیشیدا هاتووە.

٩. تێر نەبوون لە خواردنی فریشتان: مەبەست ئەوەیە خواردنی فریشتان خواردنی ڕۆحە، کەس لەسەر زەوی لەو خواردنە تێر نابێ.

١٠. ئاماژەیە بۆ ئارگۆنانتی Argonantiیەکان. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی ئەمانە بەدوای بەرانی زێڕیندا چوونە (کۆلکیدی). لەوێ سەردەستەکەیان کە ناوی (جازۆنە - جاسۆن) بوو خۆی کرد بە جوتیار بۆ ئەوەی پاشای ئەو وڵاتە تەفرە بدا کە

خاوەنی بەرانی خوری زێڕ بوو. جووتی بە دوو گا دەکرد، شاخیان ئاسن و سمیان تووج بوو. گوڕییە ئاگریان لە دفن دەهاتە دەرەوە.

١١. یاسۆن. جازونە. جیاسۆنی Giasone. سەرکردەی ئارگۆناوتییەکان بوو کە بەدوای بەرانی خوریی زێڕدا چوون، لەوێ خۆی کردە جوتیار. بە دوو گا زەویی دەکێڵا شاخیان ئاسن و سمیان تووج بوو. بڵێسەی ئاگریان لە کوونە لووت دەهاتە دەرەوە.

١٢. ئاماژەیە بۆ دوا ئاسمان کە عەرشی خودای تێدایە.

١٣. ئەستێرەی یەکەم: مەبەست مانگە.

١٤. دووری جاویدان: مەبەست مانگە.

١٥. واتە دانتی و بیاتریچی، بە خێرایی سووڕانەوەی ئاسمان بە دەوری خۆیدا، ڕوویان کردە ئاسمان. ئەوسا وایان دەزانی خێرایی ئاسمان دەوری ٨٤٠٠٠ میلە لە سەعاتێکدا (ئۆڤید، داگەڕان،٢).

دانتی و بیاتریچی گەیشتنە سەر مانگ. ئەم خەونەی دانتی دوای زیاتر لە شەشسەد و پەنجا ساڵ (١٣٠٠ – ١٩٦٨ – ٦٦٨) هاتە دی و ئارمسترۆنگ یەکەم مرۆڤ بوو پێی نایە سەر مانگ.

١٦. مەبەست لە گەوهەر حەزرەتی مەسیحە کە لای مەسیحییەکان یەککگرتنی لایەنی خوایی و سروشتی مرۆییە.

١٧. لێرە: واتە لە ئاسمان.

١٨. یانی هەق و ڕاستی بە بەڵگەی ئەقڵی و مەنتیقی نازانرێ، بەڵکو بە ئیلهام و باوەڕ دەزانرێ. لە نامەی دووەمی پۆلسدا هاتووە:

(مادەم لەناو قاڵبی جەستەدا بین نائاشناین بە خودا، چونکە ئێمە بە باوەڕ ڕەفتار دەکەین، نەک بە دیدار.)

١٩. مادۆنا Madonna، خانم: ئەم نازناوە زۆر بە ڕێزەوە بەکار دێ و هەموو جارێ بۆ حەزرەتی مریەم بەکار دێ، لێرەدا دانتی بۆ بیاتریچی بەکاری دێنێ.

٢٠. ئاماژەیە بۆ لەکەکانی سەر مانگ. بەپێی ئەفسانەی کۆن: پاش ئەوەی قابیل هابیلی کوشت، ڕەشەبایەکی توند هەڵیکرد و قابیلی فڕێدایە سەر ڕووی مانگ و لەوێ خودا کردی بە درووکێش و ئەو پەڵەڕەشانە پەڵەی چڵەکانی قابیلن.

٢١. مەبەستی ئەوەیە ئەگەر مانگ هەندێ شوێنی ڕوون (شفاف) و هەندێ شوێنی چڕ و ناڕوون بوایە، ئەمە لە کاتی خۆرگیراندا دەردەکەوت. تیشکی خۆر لە شوێنە ڕوونەکان نەدەگەڕایەوە، تەنیا لە شوێنە چڕەکان دەگەڕایەوە، بەمەوە مانگ وەکو بێژنگ کون کون دەردەکەوت.

له سەدەکانی ناوەڕاستدا دەیانزانی خۆرگیران بە هۆی ئەوەوە دروست دەبێ کە مانگ دەکەوێتە نێوان خۆر و زەوی.

٢٢. واتە: بۆی هەیە شوێنە ڕەش و پەڵەکانی سەر مانگ بۆ ئەوە بچنەوە کە تیشکی خۆر لە شوێنێکی دوورتر، یان قووڵتر لەسەریان دەدرەوشێتەوە لەچاو شوێنە گەشەکان.

٢٣. چەکووش بێ زندان ئیش ناکا.

٢٤. واتە ئاسمانی بزووێنەری یەکەم بە سووڕانەوەی خۆی، سووڕانەوەی هەموو ئاسمانەکان ڕێک دەخا.

٢٥. واتە: نەخشی خودا وەردەگرێ و وەکو مۆر لە هەموو ئاسمانەکانی دەدا.

٢٦. هەندێ دەڵێن مەبەست خودایە، کەچی هەندێکی تر دەڵێن مەبەست فریشتەیە.

***

# سروودی سێیەم[1]

## ئاسمانی یەکەم

## ئاسمانی مانگ

ئەو ڕۆحانەی لە نەزرکردن کەمتەرخەمییان کردووە.

بیاتریچی بۆ دانتیی ڕوونکردەوە کە لە بارەی پەڵەکانی سەر مانگ بەهەڵەدا چووە. دانتی بە ڕێز و ڕووەتەوە سەری هەڵبڕی بۆ ئەوەی ددانی پیدا بنێ قەناعەتی بە قسەکەی هێناوە، بەڵام دیمەنێک سەرنجی ڕاکێشا لە بیری بردەوە دەویست چی بڵێ. دانتی وای زەن برد هەندێ شەبەنگی بینی لەسەر ڕووی ئاو، یان لەسەر شووشەی ڕوون دەرکەوتبوون. ئاوڕی لە دواوە دایەوە بۆ ئەوەی بزانێ سەرچاوەکەیان لە کوێوە هاتووە، بەڵام بیاتریچی پێی گوت ئەوانەی دەیانبینێ ڕۆحی ڕاستەقینەن لە دین هەڵگەڕاونەتەوە.

دانتی پرسیاری لە یەکێ لە شەبەنگەکان کرد. شەبەنگەکە گوتی: من لە دونیادا ڕاهیبەیەکی پاکیزە بووم. من پیککاردام. ناچار بووم لە دین هەڵبگەڕێمەوە، هەروەها گوتی: خۆشەویستیی یەزدانی ئەو کەرەمەی لەگەڵ کردووم بە بەشی خۆم ڕازیم و چاوم لە هیچی تر نییە. خواستم لەگەڵ ویستی خوادا یەک دەگرێتەوە.

دانتی زانیی هەموو شوێنێ لە ئاسمان هەر بەهەشتە، هەرچەندە نیعمەتی خوا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی کە جیایە.


دانتی لە پیککاردای پرسی بۆچی لە دین هەڵگەڕایەوە؟ گوتی: کەنیلەیەکی بچکۆلە بووم لە دونیا هەڵاتم و چوومە خزمەت دێری سانتا کیارا لە

فلۆرەنسا. خزمەکانم کە مەیلی خراپەیان لە چاکە زیاتر بوو، لەو دێرە ئازیزە ڕفاندمیان و بە کوتەکی بە شوویان دام. هەر خوا خۆی دەزانێ تا زوو بۆ خۆی بردمەوە چ دەردەسەرییەکم بەسەر هات.

پیککاردا ئاماژەی بۆ ئەو تیشکە کرد کە لە کوستانتسای کچی ڕوجیێرۆ و دایکی فریدریکی دووەم هەڵدەستا. هەموو ڕووبەندی ڕەبەناتی لادابوو، بەڵام ڕووبەندی هەرگیز لەسەر دڵ لانەکەوت.

پیککاردا بەدەم سرووود چرینەوە بە ماریای پاکیزە، بزر بوو.

دانتی ڕووی کردە بیاتریچی، بەڵام نەیتوانی تەماشای بکا.



ئەو خۆرەی[٢] سەرەتا گەرمیی خۆشەویستیی خستە دڵمەوە
بە بەڵگەی سەلماندن و ڕەتکردنەوە ڕووی بریقەداری ڕاستی
لە بەرچاو ئاشکرا کردم. (٣)
بۆ ئەوەی ددانی پێدا بنێم، قەناعەتم هێناوە و
هەڵەی خۆم ڕاستکردووەتەوە. بەپێی پێویست
سەرم هەڵبڕی بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەم. (٦)
ئەو حەلە دیمەنێکم بینی
ئەوەندە توند سەرنجی ڕاکێشام تا سەیری بکەم
ددانپێدانانەکەمم هیچ لەبیر نەما. (٩)
چۆن سیمای چارەمان لە شووشەی ڕوون و سافدا
یان لەناو ئاوی ڕوون و ئارام، بەڵام ئەوەندە
قووڵ نا کە بنی دیار نەبێ (١٢)
ئەوەندە بە کاڵی دەدرەوشێتەوە
مرواری[٣] هەنیەی سپی
لەوە زیاتر بیبیلەی چاومان بۆ خۆی ڕاناکێشێ. (١٥)
بەم جۆرە زۆر ڕوخسارم بینی، پەرۆش بوون بۆ قسەکردن
کەوتمە هەڵەیەکی پێچەوانەی ئەوەی
ئاگری خۆشەویستیی لە نێوان مرۆڤ و کانی هەڵیگیرساند[٤]. (١٨)
کە چاوم پێ کەوتن
وام زانی وێنەن و لە ئاوێنەدا دەدرەوشێنەوە
ئاوڕم دایەوە بزانم وێنەی کێن. (٢١)
هیچ شتم نەبینی. دووبارە چاوم بڕییە پێشەوە،
ڕاستەوخۆ چاوم لە نووری ڕێبەری خۆشەویستم بڕی
کە بزەی دەهاتێ لە چاوی پیرۆزی درەوشایەوە. (٢٤)
گوتی: (سەرت سووڕ نەمینێ ئەگەر
بە بیر و ئەندێشەی منداڵانەت پێبکەنم،
چونکە بە هەنگاوی پتەو بەرەو ڕاستیت نابا، (٢٧)
بەڵکو تووشی گومڕایی و سەرگەردانیت دەکا.

ئەوانەی دەیانبینی ڕۆحی ڕاستەقینەن[5]
لەبەر ئەوەی نەزری خۆیان نەکردووە، لێرە بەسراونەتەوە. (٣٠)
جا قسەیان لەگەڵ بکە، گوێیان لێ بگرە و بڕوایان پێ بکە،
چونکە نووری ڕاستەقینە کە سەراپای پڕ شەوق کردوون
ڕێگەیان پێ نادا لێی دووربکەونەوە. (٣٣)
ڕووم کردە ئەو شەبەنگەی لە هەموویان زیاتر
بە پەرۆشەوە بوو قسەم بۆ بکا.[6]
وەک یەکێ بەرامبەر ئارەزوویەکی توند حەپەسابێ، گوتم: (٣٦)
(ئەی ڕۆحی خاس خیلقەت، کە لەبەر
تیشکی جاویدانی ژیاندا هەست بە خۆشییەک دەکەی
ئەوەی تامی نەچێژی تێی ناگا چییە! (٣٩)
زۆر شاد و گوشاد دەبم بە ناو و
حاڵی خۆت ئاشنام بکەی.)
خێرا بە دوو چاوی بە پێکەنین وەڵامی دامەوە: (٤٢)
(خۆشەویستیمان دەرگای خۆی بە ڕووی هیچ ئارەزوویەکی شایستە
داناخا، هەروەها خۆشەویستیی باڵایش،
کە دەیەوێ سەراپای وڵات و دەرباری لەسەر شێوەی خۆی بێ. (٤٥)
لە دونیادا پاکیزە و دێرنشین بووم.[7]
ئەگەر بە وردی سەیری بیرەوەرییەکانت بکەی،
بەو جوانییەی هەمە منت لێ بزر نابێ. (٤٨)
بۆت دەردەکەوێ (پیککاردا)م.[8]
لەگەڵ بەختەوەرانی[9] دی لێرەیان داناوم
من چاکەکارێکم لە نزمترین ئاسماندا.[10] (٥١)
هەست و سۆزمان کە تەنیا بە چێژ و خۆشی
ڕۆحی پیرۆز گڕ دەگرێ، شادە بکەوێتە
سەر ئەو شکڵەی ئەو ڕۆحە دەیەوێ وەری بگرێ. (٥٤)
ئێمە کەوتینە ئەو حاڵ و بارە کە لە خوارەوە
دوور دیارە، چونکە لە نەزرەکانمان کەمتەرخەم بووین و[11]

له هەندێ لاوە تەواو پشتگوێمان خستن.)(٥٧)
ئەوسا پێم گوت: (ڕوخساری گەشت
تیشکێکی خودایی لێ دەدرەوشێتەوە
وێنەی سەردەمی جارانی گۆڕیویت. (٦٠)
بۆیە زوو تۆم بە بیر نەهاتەوە،[١٢]
ئێستا قسەی تۆ فریام کەوت و
زۆر بە وردی و بە ئاسانی تۆم ناسییەوە، (٦٣)
بەڵام پێم بڵێن، ئەی چاکەکارانی ئێرە،
ئایا ئارەزووی شوێنێکی لەوە بەرزتر دەکەن
بۆ ئەوەی باشتر ببینن و خۆشەویستییەکی زیاتر وەربگرن؟). (٦٦)
یەکەم جار لەگەڵ ڕۆحەکانی دی نەختێ گرژییەوە
جا ئەوەندە بە شەوق و شادی وەڵامی دامەوە
دەتگوت لە یەکەم ئاگردا،[١٣] بە گڕی خۆشەویستی دەسووتێ. (٦٩)
(برا، چاکەی خۆشەویستی ئارەزوومان دێنێتە دی و
وامان لێ دەکا تەنیا ئارەزووی ئەوە بکەین کە هەمانە و
بۆ هیچ شتی تر تینوومان ناکا. (٧٢)
ئەگەر ئارەزوو بکەین هەورازتر بڕۆین
ئارەزوومان لەگەڵ ویستی ئەو کەسەدا ناگونجێ
کە ئێمەی لەم شوێنەدا داناوە،[١٤] (٧٥)
بۆیە دەبینی جێگەی ئەمە لەناو ئەم بازنانەدا نییە،
ئەگەر ناچار بین لێرە لە باوەشی خۆشەویستیدا بژین و
ئەگەر بیر لە سروشتی خۆشەویستی بکەینەوە. (٧٨)
جگە لەوەش، شتێکی بنەڕەتییە ئەم ژیانی چاکەکارییە
لە چوارچێوەی ویستیی خوداییدا بمێنێتەوە.
بەمەوە، هەموومان ویستمان دەبێ بە یەک شت.[١٥] (٨١)
ئێمە کە لەم وڵاتەدا، پایە بە پایە هەڵدەکشێین
سەراپای وڵاتەکە شاد دەبێ. ئەو پاشایەش[١٦]
کە ویستی خۆی لەگەڵ ویستیی ئێمە دەکا بە یەک، شاد دەبێ، (٨٤)

ئاشتیی ڕۆحی ئێمە لە ویستی ئەودایە، ئەویش ئەو دەریایەیە[17]
کە هەموو بوونەوەرێک ڕووی تێ دەکا
چ ئەوانەی خۆی دروستی کردوون، چ ئەوانەی لە ڕێی سروشتەوە پەیدای کردوون.) (٨٧)
ئەوسا بۆم دەرکەوت هەموو شوێنێ
لە ئاسمان بەهەشتە. هەرچەندە خێر و بەرەکەتی
چاکەی باڵا لە هەموو شوێنێ وەک یەک دانابارێ، (٩٠)
بەڵام وەک چۆن هەندێ جار لە خواردنێک تێر دەبین
کەچی هێشتا ئیشتیای خواردنی تر دەکەین،
داوای جۆرێکیان دەکەین و جۆرێکیان بە سوپاسەوە ڕەت دەکەینەوە. (٩٣)
منیش بە کردەوە و بە قسە ئاوها بووم
تا لە زمانی خۆی تێبگەم ئەو کرە چی بوو
تا کۆتایی خەڕەکی تێدا نەخستە کار. (٩٦)
پێی گوتم: (ژیانی تەواو و بەهرەی باڵا
ئەو خانمەی[18] بەرزکردووەتەوە ئاسمان
کە لە دونیای ئێوەدا، ڕاهیبەکان بەپێی یاسای ئەو جل و پێچە دەپۆشن. (٩٩)
بۆ ئەوەی تا مردن، لە خەو و بێداریدا،[19]
لەگەڵ ئەو هاوسەرەدا[20] بن کە هەموو نەزرێ قبووڵ دەکا.
بە خۆشەویستی لەگەڵ شادیدا دەگونجێ. (١٠٢)
هێشتا کچێکی بچووک بووم لە دونیا هەڵاتم
بۆ ئەوەی شوێنی بکەوم، خۆم لە بەندی دونیا ئازاد کرد.
جلی ئەوم کردە بەر و بەڵێنم دا پەیڕەوی ڕێگەی ڕاهیباتی ئەو بکەم. (١٠٥)
ئینجا خەڵکانێ کە زیاتر ڕوو لە خراپەن تا لە چاکە
لەو دێرە ئازیزەدا ڕفاندمیان.
هەر خوا دەزانێ دوای ئەوە کوو ژیام. (١٠٨)
ئەم نوورە مەزنەیش کە لە لای ڕاستەمەوە
خۆت نیشان دەدا و بە سەراپای نووری
ئاسمانی ئێمە دەدرەوشێتەوە،(١١١)

ئەوەی دەرهەق خۆم گوتم، بەش بە حاڵی ئەویش
هەمان شتە. ئەویش دێرنشینێ بوو، وەکو منیان لێ کرد
ڕووبەندی پیرۆزیان لەسەر کردەوە، (١١٤)
بەڵام کاتێ بێ خواستی خۆی و نەریتی پەسندی باو
گێڕایانەوە دونیا، هەرگیز
وازی لە ڕووبەندی دڵ نەهێنا. (١١٧)
ئەمە تیشکی (گوستانتسا)ی[٢١] مەزنە
کە لە دووەمین بەرەبابی (سۆوافی)!
لە سێیەمین هێز و دوا هێزی لەدایک بوو.) (١٢٠)
بەم ئاوایە قسەی بۆ کردم، ئینجا بە سروود گوتی:
(سڵاو ئەی مێرەم) و[٢٢] بەدەم گۆرانییەوە بزر بوو
وەک چۆن تەنی قورس لە ئاوی قووڵدا نقووم دەبێ. (١٢٣)
چاوم تا توانیی شوێنی کەوت،
کە بزری کرد[٢٣]، ڕووی کردە
ئامانجی ئارەزووی گەورەتری خۆی. (١٢٦)
چاوم، یەکسەر کەوتە سەر (بیاتریچی)،
بەڵام تیشکی بە جۆرێ لە دووڕ چاوی دام،[٢٤]
یەکەم جار نەمتوانی بەرگەی بگرم و سەیری بکەم،(١٢٩)
ئەمە وای کرد لە پرسیارکردن دوابکەوم.[٢٥] (١٣٠)

***

## پەراوێزەکانی سرووودی سێیەم

١. ئەمە سرووودی دووەمی تایبەتە بە مانگ. پێی دەگوترێ سرووودی (پیککاردا).

٢. خۆر: مەبەست بیاتریچییە.

٣. بەکارهێنانی دووڕ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، شتێکی باو بوو. دووڕی سپی لەسەر هەنیەی گەش بە ئاسانی نادیترێ، چونکە سپێتی هێزی دیتن بە زەحمەت دەخا.

٤. ئاماژەیە بۆ ئەفسانەی نەرجس (نارسیس). لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە:

کاتێ نارسیسۆس لەدایک بوو، دایکی لە غەیبگۆیەکی پرسی داخۆ کوڕەکەی پێ ڕادەگا یان بە منداڵی دەمرێ؟ (گوتی: ئەگەر خۆی نەناسێ، دەمێنێ). نارسیسۆس زۆر مەراقی ڕاو بوو لەناو چیا و چۆل و دارستاندا. ڕۆژێ ماندوو بوو، لەبەر سێبەری درەختێک و لەسەر کانییەکی زوڵاڵ دانیشت بۆ ئەوەی پشوو بدا. داهاتەوە ئاوی کانییەکە بخواتەوە، جوانترین ڕوخساری لەناو ئاوەکەدا بینی و ئەشقی بوو. نەیزانی ئەمە وێنەی خۆیەتی... ئیتر هەمیشە دەچووە سەر کانییەکە و سەیری خۆی دەکرد و بە جوانیی خۆی هەڵدەگوت. کە بە ڕۆژ خۆر و بە شەو مانگ لە وێنەکەی دەدا، جوانتر خۆی دەنواند. ئاخیری خودانەکان کردیان بەو گوڵە نەرگسەی لەدەم ئاودا دەڕوێ و هەمیشە سەری بۆ سەر ئاوەکە لار بووەتەوە وەک ئەوەی تەماشای خۆی بکا. گوڵی نەرگس ناوەندی زەرد (خۆر) و پەلکەکانی سپییە (مانگ).

٥. واتە: ئەمانە وێنەی درەوشانەی سەر ئاو نین، ڕۆحی پیاوچاکەکانن.

٦. ئەمە ڕۆحی (پیککاردا دا دوناتی)یە.

٧. دیرنیشن: (خوشکی پیرۆز). ئاماژەیە بۆ خوشکانی تەرکەدونیا.

٨. ئەمە پیککار دا دۆناتی Piccarda Donatiیە. کچی سیمۆن دۆناتی فلۆرەنسایی و برای بوۆزۆی دز (دۆزەخ، س ٢٥، د١٤٠) و خوشکی فۆریزیی برادەری دانتی (بەرزەک، س٢٣، د٤٨) و هەروەها خوشکی کۆرسۆ (بەرزەک، س٢٤، د٨٢) و خزمی (جیما)ی ژنی دانتی. بوو بە ڕاهیبە لە کڵێسەی سانتا کیارا لە فلۆرەنسا. تا بڵێی ژنێکی جوان بوو.

٩. بەختەوەرانی دی: ڕۆحە بەهەشتییەکانی دی.

١٠. نزمترین ئاسمان: ئاسمانی مانگە لەبەر ئەوەی لە هەموو ئاسمانان بچووکترە و لە هەموویان لە زەوی نزیکترە، لە هەموویان سست و هێواشتر دەخولێتەوە.

١١. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ڕۆزێلینۆ دێللا تۆزا Rosellino della Tosaی فلۆرەنسایی برای پیککاردا، پیککاردای خوشکی لەناو دێر ڕفاند و بە خورتی بە شووی دا. بەمەوە پیککاردا ئەو پەیمانە خوداییەی بە خۆی دابوو، شکاندی و نەیتوانی بیگەیەنێتە سەر.

١٢. دانتی بە (ئێوە) قسە لەگەڵ هەموو ڕۆحەکان دەکا، تەنیا بە (تۆ) قسە لەگەڵ پیکاردا دەکا.

١٣. ئاگری یەکەم: مەبەست خودایە کە خۆشەویستیی یەکەمینە.

١٤. یانی ئەگەر بمانەوێ بۆ ئاسمانێکی بەرزتر هەڵبکشێین، ئەمە لەگەڵ ئیرادەی خودادا ناگونجێ، چونکە خودا هەر ئەوەندەی بۆ ئێمە داناوە.

١٥. ئەمە لە تۆمای ئەکوینی وەرگیراوە کە دەڵێ: ئیرادەی خودا یاسای بنچینەییە. پێویستە هەموو ئیرادەیەکی تری ئەقڵی لەگەڵ ئەو یاسا بنچینەییەدا بگونجێ.

١٦. واتە خودا.

١٧. دەریا ڕەمزی خودایە.

١٨. ئاماژەیە بۆ سانتا کیارا داسسیزی Santa Chiara d Assisi (1194 – 1254). شاگردی پیر فرانچیسکۆی ڕوحانیی گەورەی مەسیحی بوو کە یەکێ بوو لە هاوشارەکانی خۆی. بە قسەی فرانچیسکۆ، ڕۆژی یەکشەممەی پیرۆزی ساڵی ١٣١٢ چووە ڕیزی ژنانی تەرکەدونیا و بە ڕێنمایی سان فرانچیسکۆ دووەمین تیپی ڕێبازی فرانچیسکانی، بە ناوی (ژنانی هەژار) دامەزراند کە پاشان بە ناوی خۆی (کلاریس) ناسرا. دێرێکی بۆ ژنە ڕەبەنەکان دروست کرد و وای کرد ژنە ڕەبەنەکان ڕووبەند بپۆشن. دوو ساڵ پاش مردنی، پاپا ئەلیسساندرۆی چوارەم، لە ڕێی کڵێسەی کاتۆلیکەوە نازناوی پیرۆز (سانتا)ی پێ بەخشی.

١٩. ئاماژەیە بۆ مەسیح کە باوەڕدارانی مەسیحی شەو و ڕۆژ مەسیحیان لە دڵدایە.

٢٠. پیککاردا ماوەیەکی کەم لە دێری سانتا کلارا مایەوە. ئەوە بوو کۆرسۆی برای بە خورتی دەریهێنا و بۆ بەرژەوەندەیی سیاسیی خۆی بە شووی دا. دەڵێن ئوسقوفی گەورەی پالیرمۆ (جوالتیری ئوفیا میلیۆ ناچاری کرد شوو بە هێنریی

شەشەم بکا. ئەو کاتە کۆرسۆی برای پیککاردا دادوەری گەوەری بۆلۆنیا بوو. دەڵێن لە شەوی پەردەدا، ئەو خانمە تووشی تایەکی گران هات و دوای ماوەیەکی کەم تووشی گولی هات و زۆر بە گەنجی جوانەمەرگ بوو.

٢١. گۆستانتسا Gostanza کچی ڕۆجییێرۆی یەکەمی پاشای سەقڵیە بوو. ژنی ئاڕڕیگۆی شەشەمی پاشای سوابی ئەڵمانیا بوو. ساڵی ١١٥٤ لەدایک بووەوە و ساڵی ١١٨٥ شووی بە ئاڕڕیگۆی شەشەم کردووە. کوڕێکی بوو ناویان نا فریدریکی دووەم کە سێیەمین و دوا پاشای ئەو بەربابە بوو.

٢٢. Ave Maria: سڵاو مریەم!

٢٣. واتە پیککاردا بە تەواوی لە بەرچاوم بزر بوو.

٢٤. تیشکی بیاتریچی، لە چاو ڕۆحەکانی تر، وەکو بڵاچەی برووسک وا بوو.

٢٥. واتە پرسیارەکەم هەڵگرت بۆ سروودی دادێ.

***

# سرروودی چوارەم[1]

## ئاسمانی یەکەم

## ئاسمانی مانگ

دانتی لە دوو مەسەلەدا بەقەد یەک گومانی لە دڵ پەیدابوو. وەکو ئەو کەسە وا بوو دوو خواردنی لە بەردەمدا بێ، نەزانێ کامەیان بخوا، یان وەکو مەڕێک وا بوو ببینێ دوو گورگ خەریکن پەلاماری بدەن و بیدڕێنن، یان وەکو تاژییەک وا بوو لە نێوان دوو ئاسکدا بێ، نەزانێ پەلاماری کیهەیان بدا. کپ و بێدەنگ بوو، بەڵام ئارەزووی زانینی لە دەموچاودا دەرکەوت.

بیاتریچی گوتی دانتی پرسیار لە بارەی ئەرکی مرۆڤەوە دەکا بەرامبەر بە نەزری ئایینی، هەروەها پرسیار لە بارەی گەڕانەوەی ڕۆح دەکا بۆ لای ئەستێرەی خۆی دوای مردنی مرۆڤ.

بیاتریچی گوتی: هەموو ڕۆحە چاک و پاک و بێهاوتاکان جێگەیان ئاسمانی ئاسمانانە. ڕادەی بێ هاوتاییان بە ڕادەی هەستکردنیان بە ڕۆحی خوا، جیایە. دەرکەوتنیان لە ئاسمانی جیاوازەوە تەنیا بۆ دەرخستنی ئاستی چاکە و بێهاوتاییانە.

بیاتریچی گوتی: ئەفلاتوون کە دەڵێ ڕۆح دەگەڕێتەوە لای ئەستێرە، مانای وا نییە مەبەستی مانای دەقاودەقی وشەکانە، ڕەنگە مەبەستی کاریگەریی باش یان خراپی ئەستێرە بێ لە ڕۆحی چاک یان خراپ. گوتی جەستە بە توندوتیژی مل کەچ دەکا، بەڵام توندوتیژی ناتوانێ ئیرادە مل کەچ بکا کە

هەرگیز ڕادەست نابێ. ئەگەر پیککاردا و گوستانتسا ئیرادەیان دروست و بەهێز بوایە، دەیانتوانی بگەڕێنەوە سەر ژیانی ڕەبەنایەتی.

دانتی گوتی: ئارەزووی مرۆڤ بۆ زانینی ڕاستەقینەی یەزدانی گومان لە دڵدا پەیدا دەکا. وردەوردە هانی دەدا بەو ڕاستەقینەیە بگا. پرسیی ئەگەر مرۆڤ نەزرێکی بۆ نەهاتە دی، ئایا دەتوانێ بە کردەوەی چاک تۆڵەی بۆ بکاتەوە؟

بیاتریچی بە دوو چاوی پڕ پەرتووی خۆشەویستی تەماشای دانتیی کرد. دانتی نەتەی بەر دا. چاوی دانەواند و خەریک بوو ببووریتەوە.

له نێوان دوو خواردنی وەکو یەک
له دووری و ئیشتیا بزوێنیدا، دەشێ مرۆڤ خۆی
بەر لەوەی قەپ له یەکێکیان بدا، سوێی بێتەوه و بمرێ.[2] (٣)
وەک بەرخێ له نێوان دوو گورکی دڕندەدا[3]
که بەقەد یەک لێیان دەترسێ،
یان تاژییەک له نێوان دوو ئاسکدا. (٦)
بۆیه که کەوتمه نێوان دوو گومانی بارتەقای یەک
بێدەنگ بووم. نه لۆمەی خۆمم کرد و نه خۆمم هەڵکێشا،
چونکه کارم ناچاری بوو. (٩)
بێدەنگ بووم، بەڵام ئارەزوو و پرسیارم
به تەرحێکی زەقتر له قسەی ڕەوان
لەسەر دەموچاوم نەخش بوو. (١٢)
(بیاتریچی) وەکو دانییێللۆی کرد، کاتێ
نابوککۆدۆنۆسۆری[4] لەناو ئاگری ڕق دەرهێنا
که کردبووی به دڕندەیەکی بێداد. (١٥)
گوتی: (به ڕوونی دەبینم چۆن دوو ئارەزوو
بەملا و بەولادا ڕاتدەکێشن و بیری پەرۆشت
دەشکێتەوه سەر خۆی و ناتوانێ بێته دەرەوه. (١٨)
تۆ دەڵێی: ئەگەر من ویستی چاکەم بەردەوام بێ،
بۆچی توندوتیژیم له خەڵکەوه دێته سەر و
شایستەییم کەم دەکاتەوه؟)[5] (٢١)
بەم جۆره گومانت له لا پەیدا دەبێ که
ڕۆح دەگەڕێنه لای ئەستێران.
وەکو ڕێبازی پلاتۆنی دەڵێ.[6] (٢٤)
ئەمانه ئەو دوو پرسیارەن که به یەک ئەندازه
قورسایی دەخەنە•سەر ویستت

بۆیە یەکەم جار ئەوە باس دەکەم کە ترسناکترە. (٢٧)
(سیرافین)ەکانی[٧] هەرە نزیک لە خواوە و
مۆیزێ[٨] و سامویێل[٩] و یەک لە دوو جیۆڤاننییەکە،[١٠]
هەر کامەیانت دەوێ، هەتا مارییاییش،[١١] (٣٠)
تەختیان لە هیچ ئاسمانی تر نییە، جگە لە ئاسمانی
ئەو ڕۆحانەی تازە لێت دەرکەوتن و
چەند ساڵێ کەمتر، یان زیاتر لە یەکدی تێیدا نامێننەوە. (٣٣)
بەڵام بە هەموویان بازنەی یەکەم[١٢] جوان دەکەن و
جوانیی ژیانیان بە کەم و زۆری هەستکردنیان بە ڕۆحی ئەبەدی
لە یەک جیاواز دەبێ (٣٦)
کە ئەوان خۆیان لێرە دەرکەوتوون، لەبەر ئەوە نییە
ئەم بازنەیان بۆ دیاری کراوە، بەڵکو ئاماژەیەکە
بۆ شوێنی چاکەکارییان کە بەقەد ئەوە بەرز نییە. (٣٩)
دەبی ئاوا هێزی دەرککردنتان بدوێنم،
چونکە هەموو شتێ یەکەم جار بە هەست دەرکی پێدەکرێ،
پاشان دەبێ بە شایانی تێگەیشتن. (٤٢)
بەم جۆرە کتێبی پیرۆز کە دەتاندوێنێ
بۆ ئاستی تێگەیشتنی ئێوە دادەبەزێ و
کە دەست و پێ دەداتە پاڵ خودا مەبەستێکی تری هەیە. (٤٥)
کڵێسەی پیرۆزیش وێنەی جبرائیل و
میکائیل و ئەوەی تر[١٣] کە دەردی (تۆبیا)ی دەرمان کرد
بە شێوەی مرۆڤ دەخاتە بەرچاوتان. (٤٨)
ئەوەی (تیمیێ)[١٤] لە بارەی ڕۆحەوە دەیڵێ
لەوە ناچێ کە ئێمە لێرە دەیبینین،
چونکە دیارە ئەو، بیر و گفتاری یەکە. (٥١)
ئەو دەڵێ ڕۆح دەگەڕێتەوە لای ئەستێرەی خۆی[١٥] •

بڕوای وایە کاتێ ئاسمان شکڵی پێداون
ڕۆحەکە لە ئەستێرەکە جیابووەتەوە. (٥٤)
دەشێ بیرەکەی مانایەکی تێدا بێ
جیا لە مانای وشەکان. بەمەوە ناوەڕۆکێکی دەبێ
شایەنی گاڵتە و پێتڕانک نەبێ. (٥٧)
ئەگەر مەبەستی ئەوە بێ لۆمە و شانازی
بۆ کاریگەریی ئەو بازنانە دەچێتەوە
ڕەنگە تیرەکەی نەختێ ئامانجی پێکابێ. (٦٠)
ئەم بنەمایە کە بە هەڵە وەرگیراوە
لە زگ بوو هەموو دونیا گومڕا بکا
ئەوە بوو ناوی (جیۆڤی) و (مێرکوریۆ) و (مارتی)یان لە ئەستێران نا. (٦٣)
گومانەکەی تریش کە مێشکی هەراسان کردووی،
ژەهری کەمتر تێدایە، نەیتوانیوە بە بەدکاری
لە منت دوور بخاتەوە بۆ ڕێگەیەکی تر. (٦٦)
ئەگەر دادپەروەریی ئێمە لە بەرچاوی خەڵک بێدادی ببینێ
ئەمە بەڵگەیەکە و دەبێ بە مایەی بڕوا
نەک مایەی کفر و بێبڕوایی. (٦٩)
بەڵام مادەم ئەقڵت دەتوانێ شۆڕبێتەوە ناخی ئەو ڕاستییە
هەوڵ دەدەم بەو شێوەیە ڕازیت بکەم
کە تۆ بۆی پەرۆشی. (٧٢)
ئەگەر توندوتیژی ڕوو بدا و
قوربانی ڕادەستی دەستدرێژیکەر نەبی
پێویست ناکا ئەم ڕۆحانە پەنا بۆ بیانوو ببەن، (٧٥)
چونکە ئیرادە، خۆی ئارەزووی نەبێ، قەت مل کەچ ناکرێ
ئەگەر توندوتیژی هەزار جاریش وەلای بنێ،
سروشتی ئاگر چۆنە، ئەویش ئاوا دەکا. (٧٨)

بۆیە ئەگەر ویست کەم و زۆر ڕادەستی توندوتیژی ببێ،
ملکەچی دەبێ. ئەو دوو ڕۆحەیش وایان کرد
که دەیانتوانی بگەڕێنەوە جێگەی پیرۆزی خۆیان. (٨١)
ئەگەر ئیرادەیان تەواو بوایە وەک ئەو ئیرادەیەی
وای کرد لۆرێنتسۆ[١٦] خۆی لەسەر شیشەی داغ ڕابگرێ
وەک ئەوەی وای کرد (موتسیو)[١٧] بەرامبەر دەستی سووتاوی دڵڕەق بێ (٨٤)
هەر کاتێ ئازادە بوون، ئەو ئیرادەیە
یەکسەر دەیگێڕانەوە ئەو ڕێگەیەی لێی دوورخرابوونەوە،
بەڵام ئیرادەی وا دروست و پتەو زۆر کەمە. (٨٧)
ئەگەر بەپێی پێویست، بە باشی لەم قسەیە بگەی
ئەو گومانەت دەپووکێتەوە کە ئەگەر وا نەبا
زۆر سەخڵەت و هەراسانی دەکردی، (٩٠)
بەڵام ئێستا ئاستەنگێکی تر ڕێگەی بینینی لێگرتی
تۆ ناتوانی بە تەنیا بەسەریدا زاڵ ببی
لە نیوەی ڕێگەدا شەکەت و ماندوو دەبی. (٩٣)
لام مسۆگەر کردیت کە ڕۆحی چاک و پاک
هەرگیز ناتوانێ درۆ بکا، [١٨]
چونکە هەردەم لە تەک (ڕاستەقینەی یەکەم)دایە، (٩٦)
بەڵام تۆ پاشان لە زمانی (پیککاردا) بیستت
(کوستانتسا)[١٩] دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستیی ڕووبەندەکەی.
لێرەدا وات بۆ دەردەکەوێ کە وتەی ئەو و قسەی من ناکۆکن. (٩٩)
برا، زۆر جار وا بووە یەکێ، بۆ ئەوەی
لە مەترسی دوورکەوێتەوە، کارێکی وای کردووە
نەدەبوایە کاری وا بکا.[٢٠] (١٠٢)
وەکو (ئالمیۆنی)[٢١] کە لەسەر داوای باوکی،
دایکی خۆی سەربڕی،

بۆ ئەوەی بەزەیی لە دەست نەدا، بوو بە کەسێکی بێبەزەیی.(١٠٥)
دەمەوێ بیر بکەیتەوە. لێرەدا ئیرادە و
توندوتیژی تێکەڵ یەک دەبن و بە جۆرێ کار دەکەن
هیچ بیانوو بۆ بوردونی گوناە نامێنێتەوە. (١٠٨)
ویستیی ڕەها سەر بۆ گوناە دانانەوێ،
بەڵام ویستی مرۆڤ کەم و زۆر ڕادەست دەبێ،
چونکە دەترسی بە نکوولیکردنی دووچاری بەلایەکی تر ببێ.(١١١)
(بیککاردا) کە وای گوت مەبەستی ویستی ڕەها بوو،
منیش مەبەستم ویستەکەی دی بوو،
کەواتە قسەی هەردووکمان ڕاستە. (١١٤)
لێمشتی ڕووباری پیرۆزیش بەم جۆرە بوو
لەو کانییە دەربوو کە هەموو ڕاستییەکی لێ هەڵدەقوڵێ
بەمەوە هەردوو ئارەزووم هاتە دی. (١١٧)
گوتم: (ئەی ماشووقەی ئاشقی یەکەم، ئەی خانمی خودایی
کە قسەت بەسەر مندا دەڕژێ و گەرمم دەکاتەوە،
بەمەوە ژیانی زیاترم پێ دەبەخشی. (١٢٠)
خۆشەویستیی من ئەوەندە قوڵ نییە بتوانم
چاکەت بە چاکە بدەمەوە، بەڵام دەشێ
ئەو کەسە تۆڵەت بۆ بکاتەوە کە هەرە بینا و هەرە توانایە![٢٢] (١٢٣)
باش دەبینم ئەقڵمان قەت تێر نابێ
ئەگەر هەقیقەتی ڕەها ڕۆشنایی پێ نەبەخشێ
کە ماوەی هیچ هەقیقەتی تری لە دەرەوەدا نییە. (١٢٦)
هەر یەکسەر کە پێی دەگا، پەنای بۆ دەبا
وەک چۆن جانەوەری درندە پەنا بۆ لانەکەی دەبا
دەشتوانێ بیگاتێ، ئەگەرنا هەموو ئارەزووەکانمان پووچ دەردەچێ (١٢٩)
گومان لە ئارەزوودا سەر هەڵدەدا

وەک چووزەرەیەک لەژێر داری ڕاستەقینەدا.
تیوەڕ تیوەڕ بەرەو ترۆپکی شاخمان دەبا.[٢٣] (١٣٢)
ئەی خانم، ئەمە بانگم دەکا و هانم دەدا
بەوپەڕی ڕێزەوە پرسیارت لێ بکەم
لە بارەی ڕاستەقینەیەکی تر لە لام ڕوون نییە. (٣٥)
دەمەوێ بزانم ئایا دەکرێ لە باتی نەزرێکی نەکراو
کارێکی چاکەی تر بکەین
کە لە تەرازووی ئێوە سووک و بێنرخ نەبێ؟ (١٣٨)
(بیاتریچی) بە دوو چاوی یەزدانی و
پڕ نووری خۆشەویستی سەیری کردم.
هێزم لەبەردا نەما و ڕادەست بووم[٢٤] (١٤١)
دۆش دامام و چاوم بەردایەوە[٢٥] (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی چوارەم

١. ئەمە دواسروودی تایبەتە بە مانگ.

٢. ئەمە درکەیە لە گومانی دانتی بەرامبەر بە قسەکانی پیککاردا لە سروودی پێشوودا.

٣. دانتی دڕدۆنگی و ڕاڕایی خۆی بە وێنەی برسییەکی نێوان دوو خواردنی خۆش و بەرخێکی بەینی دوو گورگ و تاژییەکی نێوان دوو مامز پێشان دەدا.

٤. نابوککۆدۆنۆسۆر. نەبوخودنەسر (٦٠٤ – ٥٦١ پ ز Nabuccodonosor). پاشای بابل بوو. ئەو پاشایە لە ساڵی دووەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا، خەونێکی بینی. هەموو خەونزانەکانی مەجووس و هەموو غەیبگۆ و سیحرباز و ئەستێرەناس و زاناکانی کۆکردەوە و داوای لێ کردن مانای خەونەکەی بۆ لێک بدەنەوە. ئەستێرەناسەکان پێیان گوت خەونی خۆتمان پێ بڵێ بۆ ئەوەی بۆت لێک بدەینەوە. نەبووخودنەسر تووڕە بوو، گوتی دەبێ ئێوە پێم بڵێن خەونەکەم چ بووە و ماناکەیشم پێ بڵێن نەوەک لە سەری هەمووتان دەدەم. زاناکان دەستەپاچە بوون. نەبوخودنەسر تووڕە بوو، فەرمانی دا لە سەری هەموویان بدەن. دانیاڵی خەونزان لە خوا پاڕایەوە خەونی پاشای بۆ ئاشکرا بکا. خودا دوعای قبووڵ کرد و وای کرد دانیال هەمان خەون ببینێ. ئەوسا دانیال چووە حزوور پاشا و خەونەکەی بۆ باس کرد و ماناکەیشی بۆ لێکدایەوە. پاشا زۆری کەیف پێ هات و خەڵاتێکی باشی دانیاڵی کرد.

٥. یانی ئەگەر مرۆڤ لەسەر پەیمانی خۆی بێ، بەڵام خورتی لێ بکەن بۆ ئەوەی پەیمانەکەی پێ بشکێنن، گازاندەی لێ ناکرێ!

٦. ئاماژەیە بۆ ڕای ئەفلاتوون کە دەڵێ: ڕۆحی بنیادەم پێش جەستەی دروست بووە و هەر ڕۆحە و لەناو ئەستێرەیەک داندراوە و کە یەکێ دەمرێ ڕۆحەکەی دەچێتەوە ناو ئەو ئەستێرەی پێشتر تێیدا بووە. لە کوردەواریشدا باسی پەیوەندیی ڕۆحی پیاوچاک و ئەستێران هاتووە. دەڵێن: هەر ئەستێرەیەک ڕۆحی پیاوچاکێکە. کە پیاوچاکەکە دەمرێ و ڕۆحی لە لەش جودا دەبێتەوە، ئەستێرەی ڕۆحی دادەڕژێ، بۆیە کە ئەستێرەیەک دادەڕژێ دەڵێن: ئەوە پیاوچاکێک مردووە.

٧. سیرافینی Serafini: فریشتەی تەبەقەی یەکەمی ئاسمانەکانن.

٨. مۆیزێ. مووسا: مەبەست حەزرەتی مووسای پێغەمبەری جوولەکانە.

٩. ساموییل Samuel: پێغەمبەرێکی جوولەکان بوو.

١٠. دوو یوحەننا: یەکێ یوحەننای ئاوە مۆرکەر بوو کە مژدەی نزیکبوونەوەی هاتنی حەزرەتی مەسیحی گەیاند و خەڵکی لە ڕووباری ئوردن ئاوەمۆر دەکرد، ئەوەی تریش یوحەننای ئینجیلی بوو کە یەکێ بوو لە یاوەرەکانی عیسا. خاوەنی یەکێ لە چوار ئینجیلەکە و سێ نامە و خەونە.

١١. مریەمی پاکیزەی دایکی حەزرەتی مسیح.

١٢. ئیمپریۆ: بەرزترین تەبەقەی ئاسمان. ئاسمانی ئاسمانان.

١٣. جبرائیل و میکائیل و ڕافاییل سێ فریشتەن.

١٤. ئاماژەیە بۆ بیری ئەفلاتوون کە دەڵێ: ڕۆح پاش مردن دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی لەسەر مانگ.

١٥. ئەم بیروبۆچوونە کە دەڵێ ڕۆح جێگەیان لەسەر ئەستێرەکانە وای کرد خەڵکی ئەوسا وا تێبگەن خودانەکانیش هەریەکە جێگەی لەسەر ئەستێرەیەکە. ئەوە بوو ناوی ئەستێرەکانیان بە ناوی خودانەکان نا: جۆۆڤی (جۆپیتەر) و مێرکۆری و مارس...

١٦. سان لۆرێنتسۆ – San Lorenzo. بە ئەسل خەڵکی ئەسپانیا بوو، بوو بە قەشەی کڵێسەی ڕۆما. دەڵێن ساڵی ٢٨٥ بە فەرمانی (ڤالریۆس)ی ئیمپراتۆری ڕۆما شەهیدکرا. هەروەها دەڵێن سەرۆکی شاری ڕۆما داوای لێکرد گەنجینەی کڵێسەی تەسلیم بکا کە سکستۆسی دووەم پێی سپاردبوو. پاش سێ ڕۆژ قەشە کۆمەڵێ هەژار و بیماری خەڵکی بەگەڵ خۆی دا و چووە لای سەرۆکی شار و گوتی فەرموو گەنجینەی کڵێسەم بۆ هێناوی. ئەمانە گەنجینەی کڵێسەن! بڕیاریان دا بە دڕنداترین شێوە بیکوژن. لەسەر شیشە ئاسنی سوورکراوەیان دانا و ئاگریان لە بن کردەوە تا بوو بە کەباب، بەڵام ددانی بە خۆیدا گرت و شوێنی گەنجینەکەی ئاشکرا نەکرد.

١٧. موکیوس: کایوس ماکیوس سکایڤۆلا Caius Mucuis Scaevola. جەنگاوەرێکی ڕۆمانیی سەدەی شەشەمی پ ز بوو. سوێندی خوارد دەبێ پۆرسینای کلۆزیی پاشای تروسکی بکوژێ کە دەیەویست نارکینۆسی شای لادراوی ڕۆمانیا بە زەبری جەنگ بەسەر ئەو شارەدا بسەپێنێتەوە، بەڵام لەباتی شای تروسکی، بە نەزانی یەکێکی تری کوشت و کە هەستی بە هەڵەی خۆی کرد، دەستی ڕاستەی خۆی بڕییەوە.

١٨. ڕۆحی چاک و پاک قەت درۆ ناکا، چونکە لە بارەگای خودا نزیکە.

١٩. واتە پیککاردا دوای شووکردنی خورتیشی، بە دڵ هەر ڕاهیبە بوو.

٢٠. فەلسەفەی سکۆلاری جیاوازی دەخاتە نێوان ئیرادەی ڕەها و ئیرادەی تایبەتی، واتە مەرجدار. ئیرادەی ڕەهای چاک هەرگیز بە لای خراپەدا ناچێ، کەچی

ئیرادەی تایبەت بۆی هەیە بە لای خراپەیەکی کەمدا بچێ بۆ ئەوەی خۆی لە خراپەیەکی گەورەتر لابدا. بەمەوە مرۆڤ بە پێچەوانەی ئیرادەی خۆی کار دەکا، بەڵام دوور نییە مرۆڤ نەتوانێ بە دروستی جۆرەکانی خراپە لێک جیا بکاتەوە و نەزانێ کامەیان خراپەی گەورەیە و کامەیان خراپەی بچووکە.

٢١. ئالمیۆنی Almeone (بە لاتینی ئالکمیۆن Alcmaeon). لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ئەمە کوڕی ئامفیاراوس Amphiaraus و ئیریفیلای Eriphilae بوو. ئامفیاراوس نەیدویست بچێتە شەڕی تیبی نەوەک لەو شەڕەدا بکوژرێ، بەڵام ئیریفیلای ژنی جێگەکەی ئاشکرا کرد. بردیانە شەڕ و لەو شەڕەدا کوژرا، بەڵام بەر لەوەی بمرێ، ئالکمیونی کوڕی هان دا تۆڵەی بکاتەوە و دایکی خۆی بکوژێ، چونکە خیانەتی لەگەڵ کردبوو.

٢٢. واتە خودا سەرچاوەی هەموو ڕاستییەکە.

٢٣. یانی ئارەزوو و گەڕان بەدوای ڕاستیدا هانمان دەدا لە بەرزییەوە بەرەو بەرزتر بچین، یان لە ڕاستییەکەوە بچینە ڕاستییەکی بالاتر بۆ ئەوەی بەڕاستی هەموو ڕاستییەک بگەین.

٢٤. تیشکی چاوی بیاتریچی تەبەقە بە تەبەقە زیاتر دەبێ تا خۆی و دانتی دەگەن بە عەرشی بالا. ئەمە ڕەمزە بۆ ئەوە کە ڕاستەقینەی خودا وردەوردە بۆ دانتی ئاشکرا دەبێ.

٢٥. دانتی وڕوگێژ دەبێ و هەست دەکا خەریکە لە بەردەم جوانیی بیاتریچیدا دەبووڕێتەوە کە تا دێ گەش و جوانتر دەبێ.

# سروودی پێنجەم[1]

## ئاسمانی یەکەم

## ئەو ڕۆحانەی نەزری خۆیان بەجێ نەهێناوە

## ئاسمانی دووەم

## ئاسمانی عەتارید - ڕۆحە چالاک و سەرڕاستەکان

بیاتریچی بە دانتیی گوت سەری سوور نەمێنێ ئەگەر چاوی لەبەر ڕەونەق و جوانیی ئەو هەڵنەیێ. گوتی دەزانم چیت لە دڵدایە لە بارەی تۆڵەکردنەوەی نەزری نەکراو بە کارێکی چاک. بیاتریچی لە قسەکانی بەردەوام بوو، گوتی: ئیرادەی ئازاد گەورەترین بەهرەیە کە خوا بە مرۆڤی ئاقڵی داوە. مرۆڤ کە پەیمانی ئایینی لەگەڵ خوا دەبەستێ، قوربانی بە ئازادیی خۆی دەدا. هیچ شتێ نییە جێگەی ئەو ئازادییە پڕ بکاتەوە. مرۆڤ ئەگەر ئیرادەی ئازادیی خۆی لە خوا وەربگرێتەوە، دەیەوێ لە ڕێگەی دەستکەوتێکی پیسەوە چاکەیەک بکا بە ناهەق دەستی دەکەوێ. گوتی: دوو بنەما بەشداری لە دامەزراندنی نەزری ئایینی دەکەن: یەکەم بابەتی نەزرەکە واتە ئەو شتەی نەزرەکەی بۆ کراوە و دووەم نەزرەکە خۆی. نەکردنی نەزرەکە مانای هەڵوەشاندنەوەی نییە، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی کڵێسەوە بابەتی نەزرەکە بگۆڕێ، بۆ نموونە وەکو ڕەبەنایەتی. ناکرێ مرۆڤ نەزر بە گاڵتە وەربگرێ. دەبێ نەزرەکە جێبەجێ بکا بێ ئەوەی شتێکی وا بکا لە پاراستنی خراپتر بێ. وەکو یەفتاحی جەلعادی کاتێ بە بۆنەی سەرکەوتنییەوە بەسەر دوژمنەکانیدا کچەکەی خۆی کردە قوربانی.


بیاتریچی و دانتی بەرەو ئاسمانی میرکریۆ، واتە عەتارید بۆی دەرچوون. ئەستێرەکە بە تیشکی بایتریچە بریقەی زیاتر بوو.

لە ڕووی ڕەمزیی ئەم ئاسمانەوە، دانتی دەڵێ دەتوانین لە زانستەکان، عەتارید لەگەڵ ژیربێژی بەراورد بکەین، ئەمەیش لە دوو ڕووەوە: لە لایەکەوە عەتارید بچووکترین ئەستێرەی ئاسمانە. لە لایەکی تریشەوە عەتارید لە هەموو ئەستێرەیەکی دی زیاتر تیشکی خۆری پێ دەکەوێ و لە ئەستێرەکانی دی ڕۆشنتری دەکاتەوە. ئەم دوو خەسیەتە لە زانستی ژیربێژیشدا هەن. ئەم زانستە لە لایەکەوە بچووکترین زانستە. لە لایەکی تریشەوە هەموو بنەما و گریمانەی هونەر و زانستەکانی کۆن و نۆێی تێدایە، ئیتر بە هۆی نووری زانستەوە لە هەموو زانستەکان ڕووناکترە.

لە ڕووی کاریگەرییەوە، واتە لە ڕووی شوومی و بەختەوەری و کاریگەری لە کاروباری جۆراوجۆری دونیاوە، عەتارید جێگەی سەرنجە. عەتارید لەم بارەیەوە ئەم خەسیەتانەی هەیە. ئارەزووی زانینی نهێنی و کاروباری نەپەنی، غەیبگۆیی و پێشبینیی ڕووداوی ئایندە، تێگەیشتنی مانای کتێبی ڕەق و دژوار، لێکۆڵینەوەی زانستی و فەلسەفی، لەبەرکردنی ڕووداوی مێژوویی و چیرۆک، ڕەوانبێژیی و زمانپاراویی، بیرتیژی و وردەکاری، حەزکردن لە پلەوپایە، حەزکردن لە ناودەرکردن و ناوبانگ پەیداکردن، زمانلووسی، ئەنجامدانی کار بە تەواوەتی، بە توانایی لە هونەرە جوانەکان، حەزکردن لە بازرگانی، گۆڕینی خووڕەوشت، حەزکردن لە ڕابواردن، درۆکردن و بڵاوکردنەوەی درۆ.

لەو ئاسمانەدا، دانتی هەزار ڕۆحی زیاتر بینی بەرەو لایانەوە هاتن. دانتی مەراقی کرد بزانێ ئەمانە لە چ حاڵێکدان. لەگەڵ ڕۆحێک دوا، تیشکی درەوشاوەی خۆی کردبوو بە ئاشیانە و تیشکەکەی وەکو تیشکی خۆر بەهێز بوو کە مرۆڤ ناتوانێ تەماشای بکا.

ئەو ڕۆحە تەواو لە ناو تیشکەکە بزر بووبوو. ئەمە ڕۆحی جستیان بوو.



(ئەگەر لە بەردەمتدا، بە ئاگری ئەوین دابگیرسێم[٢]
ئاگری وا بەهێز لەسەر زەوی نەدیترابێ،[٣]
شەوق و سۆمای چاوت کز بکەم،
سەرت نەسوورمێ، ئەمە زادەی بینایی تەواوە
کە تا زیاتر دەرک بە چاکە بکا،
زیاتر بە تێگەیشتنەوە هەنگاوی بۆ داوێ.[٤]
باش دەبینم چۆن نووری جاویدانیی
لە مێشکی جاویدانتدا دەدرەوشێتەوە و
بە تەنیا ئاگری ئەشق دادەگیرسێنێ.
ئەگەر شتێکی تر[٥] خۆشەویستیتان گومڕا بکا
ئەمە بێشک پاشماوەیەکی ئەو نوورەیە
کە باش نەناسراوە، بەڵام لێرەدا دەدرەوشێتەوە.
تۆ دەتەوێ بزانی ئایا دەشێ نەزری نەکراو
بە کارێکی چاکی وا پڕ بکرێتەوە
کە ڕۆح لە هەموو بەڵا و کێشەیەک دوور بخاتەوە.)
(بیاتریچی) ئاوها دەستی بەم سروودە کرد و
وەکو یەکێ کەس قسەی نەبڕێ
لە قسەی پیرۆزی خۆی بەردەوام بوو:
(گەورەترین دیاری کە خودا بە کەرەمی خۆی دروستی کردووە و
لە هەموو شتێ زیاتر لەگەڵ ڕەحمەتی خۆی دەسازێ و
لە هەموو شتیش لای خۆی گرانبەهاترە،
ئازادیی ویست و ئیرادەیە[٦]
هەموو مرۆڤێکی هۆشمەند و بەس
ئەو بەهرەیان هەبووە و هەیە.
ئەگەر تۆ لەم ڕووەوە، لەم مەسەلەیە وردبیتەوە
لە نرخی بەرزی نەزر و پەیمانی ئایینی دەگەی
بە جۆرێ، خوایش پێی ڕازی بێ و بەندەیش! 
چونکە بەو پەیمانەی لە نێوان خودا و مرۆڤدا دەبەسرێ

ئەو گەنجینەیە بەو هەموو گرانبەهاییە دەبێتە فیدا
پەیمانەکەیش خۆی لە خودی خۆیەوە دێ.[٧] (٣٠)
کەواتە لەجیاتی شتی وا بە نرخ دەتوانی چ پێشکەش بکەی
ئەگەر وا تێدەگەی ئەوەی دەیبەخشی بەکەڵکت دێ
دیارە دەتەوێ کردەوەی چاک لە دەسکەوتی پیس دروست بکەی.[٨] (٣٣)
تۆ ئێستا لە مەسەلەی گرنگ و سەرەکی دڵنیای
بەڵام لەبەر ئەوەی کڵێسەی پیرۆز دەتوانێ لە نەزر خۆش ببێ و
ئەمەیش لەگەڵ ئەو ڕاستییەی پێم گوتی ناکۆکە، (٣٦)
پێویستە هێشتا زیاتر لەسەر سفرە دابنیشی
چونکە ئەو خواردنە قورسەی خواردووتە
پێویستی بە یارمەتیی زیاترە بۆ هەرسبوون. (٣٩)
مێشکت بکەوە بۆ ئەو شتەی پێت نیشان دەدەم و
زۆر باش لە زەینی خۆت بیپارێزە
زانین هەر تەنیا بە تێگەیشتنی ڕاستی و بێ ئەزبەرکردن، نابێ (٤٢)
کرۆکی نەزر لە دوو شت پێک دێ
یەکەم ئەو بابەتەی پێکی دێنی[٩] و
دووەم ئەو پەیمانەی دەبەسرێ.[١٠] (٤٥)
ئەگەر نەزرەکەش نەکرێ، بنەڕەتیی دواوە هەڵناوەشێتەوە.
ئەمە بوو ویستم پێشتر
باسی بکەم و ڕوونی بکەمەوە. (٤٨)
بۆیە جوولەکە لەسەریان بوو نەزر بکەن
هەرچەندە وەکو خۆت دەزانی
دەشێ هەندێ جار ئەوەی دەکرێتە نەزر بگۆڕێ. (٥١)
بنەماکەی تر کە بۆم ڕوون کردیتەوە
بابەتی نەزرەکەیە، ئەویش دەبێ بە جۆرێ بێ،
ئەگەر بە شتێکی تر بگۆڕێ، نەبێ بە مایەی گوناە، (٥٤)
بەڵام کەس نابێ باری سەرشانی بگۆڕێ
هەر تەنیا بە ویستی ئازادیی خۆی و بەس،

بێ ئەوەی هەردوو کلیلی سپی و زەرد بابدرێن،[١١](٥٧)
دڵنیا بە هەموو گۆڕینێکی نەزر بەتاڵە[١٢]
ئەگەر وەک چۆن چوار لە ناو شەشدایە، ئاوها
ئەوەی لادراوە لەناو ئەوەدا نەبێ کە لە جێی داندراوە. (٦٠)
ئەگەر شتێ ئەوەندە قورس بێ
لە قەوامی هەموو سەنگ و تەرازوویەک بەدەر بێ
ناکرێ هیچ شتی تری بخرێتە جێ. (٦٣)
ئەی مرۆڤی مردەنینە، نەزر بە گاڵتە وەرمەگرن
ئەو نەزرەی لە خۆتان گرتووە، بیهێننە دی،[١٣] بەڵام نەزری
کوێرانە نا، وەک ئەوەی (یەپتێ)[١٤] لە نەزری یەکەمدا کردی. (٦٦)
وا باشتر بوو بڵێ: (ئیشێکی خراپم کرد!)
نەک بە نەزرکردنەکەی خراپەیەکی گەورەتر بکا.[١٥]
هەمان بێئەقڵییش لای سەرکردەی گەورەی یۆنانی[١٦] دەبینی. (٦٩)
ئەمە (ئیفیجێنیا)ی[١٧] ڕووجوانی گریاند
وایشی لە کەمۆ و دانایان کرد بۆی بگرین
کاتێ ئەم دابە سەختەیان بیست. (٧٢)
ئەی گاورینە، لە هەڵسوکەوتدا هێواشتر بن،
مەبن بە پەڕامووچەی بەر هەموو بایەک،
وا مەزانن بە هەموو ئاوێک پاک دەبنەوە.[١٨] (٧٥)
ئێوە (پەیمانی کۆن) و (پەیمانی نوێ)تان هەیە
شوانی کڵێسە[١٩] ڕێبەرتانە
ئەوەندەتان بەسە بۆ ڕزگاری. (٧٨)
ئەگەر ئارەزوویەکی پیس پەیامێکی تری بە گوێتان دا
پیاو بن، نەک مەڕی گێژ
بۆ ئەوەی جوولەکەکان لە ماڵی خۆتان گاڵتەتان پێ نەکەن. (٨١)
وەکو ئەو بەرخە باقۆیە مەبن کە شیری دایکی ناخوا،
بە هەڵەشەیی و هەرزەیی: بۆ خۆشیی خۆی
لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە شەڕ و کێشە.) (٨٤)

چۆنم نووسیوه (بیاتریچی) ئاوها قسەی بۆ کردم
ئینجا پڕ به شەوق و ئارەزوو ئاوڕی لەولایه دایەوه[20]
که دونیا له هەموو لایەک گەش و ڕووناکتره. (۸۷)
بێدەنگ بوون و گۆڕانی ڕووی،
مێشکی پەرۆشی هێورکردمەوه
که وێستا چەند پرسیارێکی تری له بەردەمدا قیت بووبووەوه. (۹۰)
چۆن بەر لەوەی کەوان له لەرینەوه بوەستێ
تیر ئامانجی خۆی دەپێکێ،
ئێمەیش ئاوها گەیشتینه وڵاتی دووەمین. (۹۳)
دیم خانمەکەم شادیی له ڕوو دەپرژێ.
کاتێ گەیشته ناو ڕووناکیی ئەو ئاسمانه،
ئەستێرەکه شەوقی به شەوقی ئەو گەشتر بوو[21] (۹٦)
ئەگەر ئەستێرەکه ئاوها بگۆڕێ و بزه بیگرێ[22]
دەبێ من چ بکەم که به سروشتی خۆم
لەگەڵ هەموو ڕوویەکەوه ئامادەی گۆڕانم. (۹۹)
وەکو چۆن ماسی لەناو گۆمی مەند و زوڵاڵدا
هەرچی له دەرەوه بێ، پەلاماری دەدەن،
وا دەزانن خۆراکه و دەیانەوێ بیخۆن. (۱۰۲)
بەم جۆره هەزار تیشکم زیاتر دی بۆمان دەهاتن
گوێم لێبوو هەموو دەیانگوت:
(ئەمەیه گڕی ئەشقمان زیاد دەکا. (۱۰٥)
که هەریەکه دەگەیشته نزیکمانەوه،
دەماندی ڕۆحی ناوەوەی له خۆشییان دەبریسکایەوه
بەو تیشکه گەشەی لێیەوه دەهات. (۱۰۸)
ئەی خوێنەر، بیر بکەوه، ئەگەر ئەوەی دەستم پێ کردووه
بەردەوام نەبێ و بوەستێ، چ ئازار و نیگەرانییەک داتدەگرێ
بۆ ئەوەی لەم بارەیەوه زیاتر بزانی. (۱۱۱)
خۆت دەزانی چەندم مەراق بوو

بزانم ئەوانە حاڵیان چۆنە
کاتێ سیمایان لە بەرچاوم دەرکەوت. (١١٤)
ئەی ڕۆحی خۆشبەخت، بەر لەوەی تێکۆشانی زەمینی جێبێڵێ،[٢٣]
کەرەمی خوا بۆی داناوی عەرشی سەرکەوتنی ئەبەدی ببینی (١١٧)
ئێمە دڵمان بە گڕی ڕۆشنی هەموو ئاسمانەکان داگیرساوە
ئەگەر دەتەوێ زیاتر لە بارەی ئێمەوە بزانی
بە کەیفی دڵی خۆت تینوێتیت بشکێنە.) (١٢٠)
یەکێ[٢٤] لە ڕۆحە چاکەکارەکان بەم جۆرە قسەی بۆ کردم
(بیاتریچی)یش گوتی: (قسە بکە، بە دڵنیایی قسە بکە و
وەک قسەی خودان، بڕوا بە قسەیان بکە.) (١٢٣)
بە ڕوونی دەبینم تیشکی خۆت بۆ خۆت کردووە بە لانە
ئەو تیشکەی لە چاوەکانت دەبریسکێنەوە و[٢٥]
کە بزە دەتگرێ، چاوت ئاورینگان داوێ.[٢٦] (١٢٦)
بەڵام ئەی ڕۆحی سەرفراز، نازانم تۆ کێی و
خراویتە ئەم بازنەیە کە بە تیشکی تر
لە مرۆڤی سەر دونیا شارڕاوەتەوە.) (١٢٩)
ڕووم کردە ئەوەی یەکەم جار قسەی کرد و
وام گوت. ئەوسا تیشکەکە
زۆر لە جاران بەهێزتر هەڵگڕا.[٢٧] (١٣٢)
وەک خۆر چۆن خۆی لە پشت تیشکی بەهێزی خۆی دەشارێتەوە.
دوای ئەوەی بە تینوتاوی خۆی
هەڵمی چڕ دەڕەوێنێتەوە کە تیشکی کز دەکا.[٢٨] (١٣٥)
ئەم ڕوخسارە پیرۆزەیش ئاوا
بە شادیی بێپایانی، لە ناو تیشکی خۆیەوە خۆی لێ شاردمەوە.
کە تەواو لێم بزر بوو، وەڵامی دامەوە (١٣٨)
بەو شێوەیەی لە سرووودی ئایندەدا هاتووە.٢٩ (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سروودی پێنجەم

١. ئەمە سروودی پەرینەوەیە لە ئاسمانی مانگ بۆ ئاسمانی عەتارید.

٢. ئەمە خۆشەویستیی یەزدانییە لە چاوی (بیاتریچی)دا دەبریسکێتەوە.

٣. (بیاتریچی) لەگەڵ خۆشەویستیی یەزدانیدا، خۆشەویستی زەمینیی لە بیر ناکا، ئەوەندە هەیە بایەخی کەمتر پێ دەدا.

٤. واتە بینینی نووری یەزدانی، خۆشەویستیی یەزدانی دەجۆشێنێ.

٥. مەبەست سامان و موڵک و ماڵی دونیایە، چێژی جەستەیی دونیایە.

٦. باسی جەبر و ئیختیارە، پێشتر لە بەرزەکدا باسی کراوە.

٧. واتە پەیمانبەستنی ئایینی بۆ چوونە ڕیزی ڕەهبانییەتەوە، مانای ئەوەیە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی قوربانی بە ئیرادەی ئازادیی خۆی دەدا کە گەورەترین سامانە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە.

٨. واتە ئەگەر مرۆڤ ئیرادەی ئازادیی خۆی بۆ خوا جێبێڵی و پاشان وەریبگرێتەوە – هەر چەندە موڵکی خۆی نییە - دیارە دەیەوێ بە ڕێگەیەکی خراپ کارێکی باش بکا.

٩. یەکەم: مەبەست بابەتی نەزرەکەیە، بۆ نموونە وەکو ئەوەی تا لە ژیاندا ماوە بە کچێنی بمێنێتەوە، یان بەڕۆژوو بێ.

١٠. دووەم بریتییە لە بنچینەی بابەتەکە، واتە نەزرەکە خۆی.

١١. ئاماژەیە بۆ دوو کلیلی زیوین و زێڕینی بەرزەک کە ڕێگە بۆ ڕۆحی بەهەشتی دەکاتەوە.

١٢. واتە: بە هیچ شتێ تۆڵەی نەزرشکاندن ناکرێتەوە. لێرەدا دانتی بە تایبەتی ئاماژە بۆ نەرزی عومر دەکا کە بە کچێنی مانەوەی پیککاردا و گوستانتسایە.

١٣. واتە هیچ شتێ بەقەد نەزرشکاندنی کچان گوناح نییە.

١٤. یەپتێ: (یەفتاحی گەلعادی Iefte di Galaad (دەوری ١١٤٣ – ١١٣٧) دادوەری ئیسرائیل بوو. چیرۆکی (یەپتی) کە لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە ئەمەیە: باوکی گەلعاد بوو، دایکی جندەو سۆزانی بوو. کە گەورە بوو، براکانی لە میراتی باوکی بێ بەشیان کرد و دەریان کرد، چونکە لە دایکی خۆیان نەبوو. یەپتێ چوو لە وڵاتی (میزپە) گیرسایەوە و قاچاغ و ڕێگر دەوریان دا. هێزێکی باشی پەیدا کرد. پاش ماوەیەک (ئامۆنی)یەکان هێرشیان بۆ سەر ئیسرائیل هێنا. پیر و بەساڵاچووانی ئیسرائیل چوونە لای یەپتی و ئیقناعیان کرد بێتەوە و دژی ئامۆنییەکان بجەنگێ. یەپتێ کە چووە شەڕ، نەزری لە خۆی گرت ئەگەر بەسەر ئامۆنییەکاندا زاڵ بێ، کە

گەڕایەوە، یەکەم شتی لە ماڵەوە هاتە پێشوازیی، بیبرژێنێ و بیکاتە قوربانی. یەپتێ چووە شەڕ و ئامۆنییەکانی شکاند و بیست شاری لێ خاپووورکردن. لە ئارۆوەر و مینیت تا ئابیل و کیرامین. کە گەڕایەوە ماڵێ، یەکەم کەس کچە تاقانەکەی بوو بە سەما و هەڵپەڕکێ بەپیرییەوە هات. یەپتێ جلی لەبەر خۆی دادڕی و هاواری کرد: کچم، چیت لێ کردم؟ بۆچی یەکەم کەس هاتیتە پێشوازیم؟ من نەزرێکی ئاوهام کردووە. کچەکە گوتی: باوکە نەزری خۆت بێنە دی، بەڵام ماوەم بدە دوو مانگ لەگەڵ دەستە خوشکەکانم بە دەشت و چیاوچۆڵدا بسووڕێمەوە و بۆ حاڵی خۆم بگریم کە بە نامرادی، واتە بێ شووکردن دەمرم. پاش ئەو ماوەیە، یەپتێ کچەکەی کردە قوربانی و لەوساوە بووە بە ڕەوشت لەناو ئیسرائیلیەکان هەموو ساڵێ کچە جحێڵەکان، بە یادی ئەو کچە، چوار ڕۆژ دەچنە دەرەوە و بە دەشتودەور چیاوچۆڵدا دەسووڕێنەوە.

١٥. واتە هەق وا بوو نەزرەکەی بشکێنێ، بەڵام کچەکەی نەکوژێ، چونکە لێرەدا نەزرکردنەکە لە شکاندنی نەزرەکە خراپترە.

١٦. مەبەست ئاگامەمنۆنە Agamamnon کە پاشای ئارگۆ و سەرکردەی لەشکری یۆنانی بوو لە شەڕی تەڕوادەدا. شووبرای هێلانە بوو کە بەدوو پاریس کەوت. لەبەر ئەوەی لە کاتی بەرێکەوتندا، لە بەندەری (ئۆلیس)، بای یاریدەر نەدەهات، بە قسەی غەیبگۆیەک، ئیفیجێنیای کچی جوانی خۆی بۆ دیانا کردە قوربانی.

١٧. ئیفیجێنیا کچی ئەگامەمنۆن بوو، باوکی لەسەر قسەی (کالکاس)ی غەیبگۆ کردی بە قوربانی دیانا بۆ ئەوەی بای یاریدەر بێ و کەشتییەکانیان لە بەندەری ئۆلیس بەڕێ بکەون.

١٨. مەبەست ئەوەیە وا مەزانن هەموو ئاوێک وەکو ئاوی ئاوەمۆر ڕەمزی پاکبوونەوەی مرۆڤە لە خراپە –لای مەسیحییەکان– واتە مەرج نییە هەموو نەزرێک لای خودا پەسند بکرێ و وەربگیرێ.

١٩. واتە پاپا.

٢٠. مەبەست ڕووناکیی خۆرە.

٢١. واتە: (بیاتریچی) ئاسمان بە ئاسمان جوانتر دەبێ.

٢٢. یانی ئەو ئەستێرەیە کە خۆی ناگۆڕێ، بە هۆی کاریگەریی بیاتریچییەوە دەگۆڕێ، هەروەها کە دەڵێ ئەستێرەکە بزەی دێتێ، ئەمە خوازەیە و سیفەتی مرۆڤ دەخاتە پاڵ ئەستێرە.

٢٣. واتە بەر لەوەی لە دونیادا مەیدانی تێکۆشان جێبێلێ. ئەمە لەگەڵ بیری کڵێسە تێکدەکاتەوە کە بە کڵێسە دەڵێ کڵێسەی سەرکەوتوو یان کڵێسەی تێکۆشەر لە پێناوی بیروباوەڕدا.

٢٤. ئەمە ئیمپراتۆر (گوستیان)ە.

٢٥. دانتی لە کتێبی (بانگێشت)دا باسی خەندە و پێکەنینی کردووە.

٢٦. گوستیان زیاتر گەشایەوە، چونکە هەستی بە خۆشەویستی کرد بەرامبەر بە دانتی.

٢٧. کە پلەی گەرمی دادەبەزێ، هەڵم لە هەوادا زیاد دەبێ و نەختێ بەری ڕۆژ دەگرێ و مرۆڤ دەتوانێ سەیری ڕۆژ بکا، چونکە هەڵمەکە تیشکی خۆر کز دەکا، بەڵام کە خۆر بە تیشکی بەهێزی خۆی هەڵمەکە دەڕەوێنێتەوە، تیشکی گەشتر دەردەکەوێ و مرۆڤ ناتوانێ تەماشای بکا. بەم جۆرە خۆر بە تیشکی بەهێزی خۆی، خۆی دەشارێتەوە.

٢٩. بەمە دانتی ڕێگە بۆ بابەتی سروودی دادێ خۆشدەکا.

***

# سروودی شەشەم ١

## ئاسمانی دووەم

## ئاسمانی عەتارید

## ڕۆحە چالاک و سەرڕاستەکان

جوستینیانۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە قوستەنتین پایتەختی دەوڵەتی ڕۆمانیای گواستەوە بۆ بیزنتە کە هەڵۆی ئیمپراتۆری یەزدانی دەست بە دەست فەرمانڕەوایی دەکرد تا گەیشتە ئەو. باسی ناردنی لەشکری کرد بە سەرکردایەتیی بلزاریۆس بۆ یەکگرتنەوەی ئیمپراتۆریەت لە ئەورووپا و ئەفریقیا. ئاماژەی بۆ ئەو جیبیللین و گەلفانە کرد کە کەڵەوەکێشییان لەگەڵ هەڵۆی پیرۆز دەکرد. باسی دامەزرانی دەوڵەتی ڕۆمانی کرد لە سەردەمی پالاسەوە کە پشتگیریی ئینیاسی کرد لە دژی دوژمنەکانی. باسی گەشەسەندنی ڕۆمای کرد لە سەردەمی حەفت پاشاکەیدا. باسی سەرکەوتنەکانی شیپون و پۆمپی کرد. باسی سەرکەوتنەکانی یۆلیوس قەیسەری کرد لە ئیتالیا و وڵاتی گال و ئەسپانیا و یۆنان و باکووری ئەفریقیا. باسی سەرکەوتنەکانی ئۆگستینی کرد لە ئیتالیا و ڕۆژهەڵات و چۆن لە سەردەمی ئەودا دەسەڵاتی ڕۆما گەیشتە کەنارەکانی دەریای سوور و بەمەوە ئاشتیی ڕۆمانی لە دونیادا بەرقەرار بوو.

ئینجا ئاماژەی بەوەدا کە تیبریۆس چیی کرد بۆ ئەوەی تۆڵەی مەسیح بکاتەوە. باسی کرد چۆن شارلەمان چووە هاواری پاپا کاتێ لۆنگۆ باردی

هەڕەشەی لە کڵێسە کرد. باسی کێشە و ناکۆکیی نێوان گەلف و گیبیللینییەکانی کرد کە پیاو نازانی کامەیان هەڵە و تاوانی زیاتر بوو. گوتی ڕووکردنە شکۆمەندیی دونیایی تیشکی خۆشەویستیی ڕاستەقینە کز دەکا.

ئینجا باسی ڕۆمیۆ دی ڤیللانۆڤای کرد کە لە خزمەتی ڕایموندۆ بیرینجییری کۆنتی پرۆڤنسادا بوو. زۆر پەرەی بە موڵک و ماڵی خۆی دا لەگەڵ ئەوەشدا حەسوودان دووزمانییان دەرهەق کرد و بوختانیان پێ کرد. بە پیری لە خزمەت ئاغاکەی ڕۆیشت. درۆزەی بۆ چنکە نانی ڕۆژانە دەکرد.

دوای ئەوەی (کوستانتین)[٢] بە پێچەوانەی چەرخی ئاسمان[٣]
هەڵۆی[٤] برد، کە پێشتر شوێن پێی پاڵەوانی دێرینی هەڵگرتبوو
ئەو پاڵەوانەی زەماوەندی لەگەڵ (لاڤینیا)[٥] کرد. (٣)
باڵندەی یەزدانیی[٦] سەد ساڵ و ئینجا سەد ساڵی تر و[٧] زیاتریش
لەوپەڕی سنووری ئەورووپا،[٨]
لە نزیک ئەو چیایانە[٩] مایەوە کە لێی هاتبووە دەرێ. (٦)
لە ژێر باڵە پیرۆزەکانیدا، لەوێ فەرمانڕەوای دونیای دەکرد
کە دەست بە دەست هات تا بەو گوازرانەوەیە
گەیشتە دەست من.[١٠] (٩)
من (یوستینیانۆ)م،[١١] من قراڵ[١٢] بووم
بە ئیرادەی یەکەم عەشقی[١٣] هەستم پێ کرد،
یاسام لە هەموو خلت و پووچەڵییەک پاککردەوە.[١٤] (١٢)
بەرلەوەی مێشکم بخمە سەر ئەو کارە
بڕوام وا بوو مەسیح تەنیا یەک سروشتی هەیە و بەس،[١٥]
بەم بڕوایە شاد و ئارخەیان بووم. (١٥)
بەڵام (ئاگاپیتۆ)ی[١٦] پیرۆز،
کە ئەوسا شوانێکی بەرزی[١٧] ئێمە بوو،
بە قسەکانی بەرەو باوەڕی ڕاستەقینە[١٨] ڕێنمایی کردم. (١٨)
بڕوام بە قسەکانی هێنا.
چی لە ڕێبازەکەیدا بوو، ئێستا بە ڕوونی دەیبینم
وەک تۆ لە هەموو دژیەکێکدا چەوت و ڕاست دەبینی. (٢١)
هەر هێندە کەوتمە سەر ڕێگەی کڵێسە و هەنگاوم هەڵێنا،
خوا بە کەرەمی خۆی، ئیلهامی کارێکی بەرزی پێ دام.
منیش هەموو توانای خۆم بۆ تەرخان کرد. (٢٤)
سوپام بە (بیلیزار)ی[١٩] سەرکردە سپارد.
ئاسمان بە دەستی ڕاستە پشتگیریی کرد.
ئەمە نیشانە بوو بۆ من کە دڵنیا و خاترجەم بم. (٢٧)
لێرەدا وەڵامی من بۆ پرسیاری یەکەم تەواو دەبێ،

بەڵام بارودۆخەکەی وا دەخوازێ
زیاتر قسەی لەسەر بکەم. (٣٠)
تا ببینی بە چ هەق و دادێک ئەوانەی دروشمی پیرۆز
بە هی خۆیان دەزانن و ئەوانەی بە دوژمنی تێدەگەن.[٢٠]
دوژمنداری دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە. (٣٣)
سەیر کە چ دلێری و سەربەرزییەک وای لێکرد
شایەنی ڕێز و ڕووەت بێ؟ ئەمەیش ئەو کاتە بوو
کە (پاللانتی)[٢١] مرد و فەرمانڕەوایی بۆ ئەو مایەوە. (٣٦)
خۆت دەزانی ئەم هەڵۆیە سێسەد ساڵ و زیاتریش
لە (ئالبا)[٢٢] دامەزرا، تا لە پێناوی ئەودا
سێ کەس لەگەڵ سێ کەسدا[٢٣] جەنگان. (٣٩)
خۆت دەزانی لە ماوەی فەرمانڕەوایی حەفت پاشادا، [٢٤]
لە ڕفاندنی ژنانی (سابینی)وە[٢٥] تا کارەساتی (لوکریتزیا)،[٢٦] چیی کرد
بەسەر دراوسێکاندا زاڵ بوو و گەلان دەوریان دا. (٤٢)
خۆت دەزانی چیی کرد کاتێ ڕۆمانە نەبەردەکان
لە ڕووی (برێننۆ) و[٢٧] (پیرڕۆ) و[٢٨] لە ڕووی
میر و حکومەتەکانی تر ڕاستیان کردەوە. (٤٥)
(تورکواتۆ) و[٢٩] (کوینتسیۆ)[٣٠] کە بە ناوی
پوکلە قژی بژی کراوە و خانەوادەی (دیچی) و[٣١] (فابی)ش[٣٢]
ئەو ناوبانگەیان پێ وەرگرت کە من بە شادی ستایشی دەکەم. (٤٨)
لووتی قەرتاجییەکانی شکاند، کە بە سەرکردایەتیی
ئانیبالی[٣٣] شاخەکانی ئالپیان[٣٤] بڕی، کە تۆ
ئەی (پۆ)، ئاوت لەوێ هەڵدەقوڵێ. (٥١)
لەژێر ئالای ئەودا، (شیپیۆنی) و[٣٥] (پۆمپیۆ)[٣٦]
کە بە گەنجی سەرکەوتنیان [٣٧] بەدەستهێنا
ناحەزێکی سەرسەخت بوو بۆ ئەو تەپەیەی، لە فۆنتاری لەدایک بووی. (٥٤)

ئینجا ئەو کاتە هات کە ئاسمان کەلکەلەی سەقامگیربوونی
لە ئاستی هەموو دونیادا کەوتە سەر.
بە ئیرادەی ڕۆما، قڕاڵ[38] خستییە بەردەستی خۆی. (٥٧)
کردەوەکانی لە (ڤارۆ)وە٣٩ تا (ڕینۆ)[40]،
(ئیزارا) و[41] (ئیرا) و[42] (سێننا)[43] دەزانن چین،
ئەو دۆڵانەش دەیزانن کە حەواڵەیان دەچێتەوە سەر (ڕۆدانۆ). (٦٠)
ئەوەی دوای دەرچوونی لە (ڕاڤێننا)[44] و پەڕینەوەی
لە (ڕوبیکون)[45] کردی، ئەوەندە بە باڵ سووکی کردی،
زمان و خامە ناتوانن شوێنی هەڵگرن. (٦٣)
ڕووی سوپاکەی بۆ ئەسپانیا[46] وەرگێڕا،
ئینجا بۆ (دوراتسۆ) و[47] زەبرێکی وای لە (فارسالیا)دا[48]
کاریگەریی تا نیلی گەرم٤٩ ڕۆیشت. (٦٦)
ئینجا هەڵۆ دووبارە (ئانتاندرۆ) و[50] (سیموێنتا)ی[51] بینی
کە خۆی لەوێوە هاتبوو و (ئێتتورە)یش[52] لەوێ ڕاکشاوە،
ئینجا بەرەو کلۆڵیی (تۆلۆمیۆ)[53] کووزەی کرد. (٦٩)
لەوێوە وەکو برووسکە دابەزییە سەر (یوبا)،[54]
ئینجا ڕووی کردە دونیای ڕۆژاوای ئێوە و
گوێی لە دەنگی فووی کەڕەنای (پۆمپیۆ)[55] بوو. (٧٢)
بەو کارەی هەڵۆ لەگەڵ ئەوەی کرد کە پاشان هەڵیگرت،
(بروتۆ) و (کاسسیۆ)[56] لەناو دۆزەخ دەحەپن و
(مودینا) و[57] (پیروجیا)[58] بەدەم دەردەوە دەناڵێنن. (٧٥)
ئێستایش (کلێۆپاترە)ی[59] کلۆڵ لەبەریا دەگری
کاتێ لە بەردەم مارەکە هەڵات
کە مەرگێکی ڕەش و کتوپڕی لێ دەخواست. (٧٨)
لەگەڵ ئەو ئیمپراتۆرەدا تا کەناری دەریای سوور چوو و[60]
لە سایەیدا ئاشتییەکی وا لە دونیادا چەسپا

دەروازەی ئابیدەی (جیانو)ی[61] لەگەڵدا داخرا(٨١)
بەڵام ئەوەی ئەم دروشمەی ئێستا[62] ئیلهامی قسەم پی دەبەخشێ،
کاتی خۆی کردبووی، دەبوایە پاشانیش لە جیهاندا
کە لەژێر فەرمانی خۆیدایە، بیکا.(٨٤)
ئەگەر بە چاوێکی ساف و دڵێکی پاک سەیر بکرێ
کە قرالی سێیەم[63] جلەوی گرتووەتە دەست
بە چاو شتێکی کەم و چرووک دیارە،(٨٧)
چونکە دادپەروەریی ڕاست و زیندوو[64] کە ئیلهامم پێ دەدا
بە دەستی ئەو کەسەی باسی دەکەم
شکۆی تۆڵەی پێداوە لەوەی ڕکی کردووەتەوە(٩٠)
ئێستایش سەرسام بە بەو شتەی پێت دەڵێم!
پاشان هەڵۆ لە ژێر دەستی (تیتۆ)[65] هەڵمەتی برد
بۆ ئەوەی تۆڵە لە تۆڵەی گوناهی کۆن بکاتەوە. (٩٣)
کە (لۆنگۆ باردی)[66] قەپی لە کڵێسەی پیرۆز گیرکرد
(کارلۆمانیۆ)ی[67] سەرکەوتوو، لەژێر باڵەکانی هەڵۆدا
فریای کڵێسە کەوت. (٩٦)
دەتوانی ئێستا حوکم بەسەر ئەو پیاوانە و
گوناهەکانیان بدەی کە لە سەرەوە باسم کردن،
ئەمانە هۆی هەموو ئازار و کوێرەوەرییەکی ئێوەن. (٩٩)
یەکێ گوڵەمێلاقەی زەرد[68] بەرامبەر دروشمی گشتی ڕادەگرێ و
ئەوەی تر تەنیا بۆ پارتی خۆی ڕایدەکێشێ.[69]
نازانی کامەیان گوناهبارترە. (١٠٢)
گیبیللینییەکان چی دەکەن با بکەن، با لەژێر دروشمێکی تر
خەریکی هونەری خۆیان بن.
ئەوەی لە دادپەروەری جیای بکاتەوە، ڕێگەی خراپ دەگرێتە بەر. (١٠٥)
با (کارلۆ)ی[70] تازە لەگەڵ گەلفەکانی خۆی

نزمی نەکاتەوە، با لە چرنۆکەکانی بترسێ
کە پێستەی لە بەر شێرێکی شەرزەتر داپچڕی. (١٠٨)
زۆر جار منداڵ بە هۆی گوناهی باوکیانەوە تووشی گریان هاتوون،
نابێ کەس بڕوا بکا
خودا دروشمی خۆی بەم گوڵەمێلاقە زەردانە دەگۆڕێتەوە. (١١١)
ئەم ئەستێرە بچووکە[٧١] بە ڕۆحی ئەو چاکەکارانە
ڕازاوەتەوە کە تێکۆشاون بۆ ئەوەی
شەرەف و ناوبانگ بۆ خۆیان بەدەست بێنن. (١١٤)
کە ئارەزووەکانیان خواربێتەوە و مەیلی ئەو خوارە بکا
دەبێ تیشکی خۆشەویستیی ڕاستەقینەی
بە شێوەیەکی کزتر ڕوو بکاتە سەرەوە، (١١٧)
بەڵام جێگەی خۆشبەختیمانە
کە پاداشتی خۆمان لەگەڵ کردەوەکانمان بەراورد بکەین
ئەوسا نە بە زۆرتری دەبینین و نە بە کەمتر. (١٢٠)
بەمەوە دادپەروەریی یەزدانی،
بە جۆرێ هەست و سۆزمان جوان دەکا
ناتوانێ هەرگیز بگەڕێتەوە سەر هیچ خراپەیەک. (١٢٣)
چۆن دەنگی جیاجیا ئاوازی شیرین دروست دەکا،
ئاوهایش پایەی جیاوازی ژیانمان
هەماهەنگیی شیرین لەناو بازنەکان دروست دەکا. (١٢٦)
نوری (ڕۆمیۆ)[٧٢] لە ناوجەرگەی ئەم دووڕی یەکتایەدا
دەدرەوشێتەوە کە پاداشتی
کاری گەورە و جوانیان بە خراپی دایەوە، (١٢٩)
بەڵام (پرۆڤنسا)یەکان کە لە دژی ڕاستبوونەوە
هیچ خێریان لە خۆیان نەدی
ئەوەی کاری چاکی خەڵک بە زەرەری خۆی بزانێ، گومڕا دەبێ. (١٣٢)

(ڕامۆندۆ بیرینجییری) چوار کچی هەبوو،[٧٣]
هەریەکە بوو بە شاژنێک.
ئەمەیش کاری (ڕۆمیۆ)ی دەستی کورت و دنیاگەڕ[٧٤] بوو، (١٣٥)
پاشان زمانپیسان وایان لەو ڕازگرە کرد
داوای پەڕێزپاکی لەم دەستپاکە بکا
ئەویش بۆ گوژمەی هەر(دە)یەک، (حەفت) و (پێنج)ی دا. (١٣٨)
ئیتر بە پیری و تەنگەستی ڕۆیشت
ئای ئەگەر خەڵک بیزانیایە چ دڵێکی لە سینگدا بوو
کە لەتلەت دەرۆزەی چنکەنانی دەکرد؟ (١٤١)
ئەوانەی ئێستا پەسنی دەدەن، زیاتر پەسنیان دەدا. (١٤٢)

***

## پەراوێزەکانی سروودی شەشەم

١. ئەمە سروودی دووەمە لە ئاسمانی عەتارید. پێی دەگوترێ سروودی یوستینیانۆ.

٢. کۆستانتینۆ بە لاتینی کۆنستانتینوس Constanyinus 274 – 337 ئیمپراتۆرێکی ناسراوی ڕۆمانی بوو. ساڵی ٣٣٠ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی گواستەوە بۆ بیزەنتە و لەو کاتەوە بیزەنتە ناوی بوو بە کوستانتینە، پاشان تورک کردیان بە ئەستەنبول.

٣. پەیوەندییەک لە نێوان سروودی شەشەمی هەرسێ بەشی کۆمیدیادا هەیە: سروودی شەشەمی دۆزەخ باسی بارودۆخی ناوەخۆی فلۆرەنسا دەکا. سروودی شەشەمی بەهەشت باسی بارودۆخی ناوەخۆی ئیتالیا دەکا. سروودی شەشەمی بەرزەک باسی بارودۆخی سەراپای ئیمپراتۆریەت دەکا.

٤. هەڵۆ دروشمی ئیمپراتۆری ڕۆمانییە.

٥. لاڤینیا Lavinia: کچی لاتینوسی پاشای لاتیوم بوو. باوکی بەڵێنی دابوو بیدا بە تورنۆسی پاشای ڕوتوولییەکان، بەڵام ئینیاس تورنۆسی کوشت و لاڤینیای هێنا. (دۆزەخ، س٤، د١٢٥) (بەرزەک، س ٢٧، د ٣٤).

٦. واتە هەڵۆ

٧. دووسەد ساڵ: ماوەی نێوان گوازرانەوەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیا بۆ قوستەنتینە و تاج لەسەرنانی یوستینیانۆیە.

٨. مەبەستی شاری قوستەنتینەیە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا.

٩. واتە چیاکانی ئەوێ، یانی چیاکانی تەنیشت شاری تەڕوادە (ڕۆژاوای ئاسایی بچووک) کە ئینیاسی دامەزرێنەری ڕۆمانیا و ئیمپراتۆرەکەی لەوێوە ڕووی کردە ئیتالیا. پاشماوەی شاری تەڕوادە زۆر لە ئەستەنبوڵ دوور نییە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە نزیکیی چیاکانی تەڕوادە و بیزەنتە کراوە.

١٠. واتە زۆر قڕاڵ هاتن و چوون تا نۆرە گەیشتە بنەماڵەی جوستینیانۆ.

١١. یوستینیانۆ. جوستنیانۆ بە لاتینی جوستنیانوس Justinianus) (483 – 625) لە ٥٢٧دا بوو بە ئیمپراتۆری ڕۆمانیا. دوا ئیمپراتۆری گەورە بوو لە مێژووی ڕۆمانیادا. دژی (وندال)ەکانی باکووری ئەفریقیا و قووتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا (کە هۆزی جەنگاوەری جەرمەنی بوون و هێرشیان هێنا بووە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، جەنگا. ناوبانگی ئەم ئیمپراتۆرە زیاتر لە دانانی یاسا بوو. یاساناسە گەورەکانی کۆکردەوە و داوای لێ کردن چاو بە یاساکانی کۆندا بخشێننەوە و یاسایەکی تازە

دابنێن، ئەوانیش کۆمەڵە یاسایەکی تازەیان دانا بە ناوی (یاسای جوستینیانۆ Giustiniano codice). هەر ئەویش بوو بینای بەناوبانگی (ئایاسۆفیا)ی بۆ کڵێسە دروست کرد و عوسمانییەکان کردیان بە مزگەوت.

١٢. قراڵ (سیزار، تزار) نازناوی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانیا بوو.

١٣. یەکەم عیشق: واتە ڕۆحی پیرۆز Spirito santo، یەکێکە لە جیلوەی سییانەی ئایینی مەسیحی.

١٤. ئاماژەیە بۆ یاسادانی جوستینیانۆ کە کۆمەڵێ یاسای دارشت وەکو: (پوختەی یاساکان Digesta) و کۆمەڵە یاسای جوستینیانۆ Giustiniano Codice) و (یاسای نوێ Novellae Costitutione). هەموویان بەسەریەکەوە پێیان دەگوترێ (کۆمەڵە یاسای شارستانی Corpus Juris Civiles).

١٥. یوتیکێسChes Euty. یەکێ بوو لە زاناکانی ئایینی مەسیحی. ماوەیەکی کەم پێش جوستینیانۆ ژیاوە. بڕوای وا بوو مەسیح خاوەنی دوو سروشتی یەزدانی و مرۆیی نەبووە، تەنیا یەک سروشتی یەزدانیی هەبووە. ئەوەی لە خاچ دراوە مەسیحی ڕاستەقینە نەبووە، تەنیا تارمایی بووە. لە لاهووتدا بە تیۆرەکەیان دەگوت (تەک سروشتی Monophysiste). کڵێسەی ڕۆمانیا ئەم تیۆرەی ڕەتکردەوە و پەیکەتییەکانی بە بێباوەڕ دانا.

١٦. ئاگاپیتێ. (بە لاتینی Agapetus – ئاگاپیتوس). ئاگاپیتوسی یەکەم لە ماوەی (٥٣٣ – ٥٣٦)دا، پاپای ڕۆما بوو.

١٧. شوانی بەرز: نازناوی پاپا بوو لە ئایینی مەسیحیی کاتۆلیکیدا.

١٨. بڕوای ڕاستەقینە، بڕوای مەسیحییەت بە شێوەی کاتۆلیک کە دەڵێ مەسیح دوو سروشتی هەبووە: یەزدانی و مرۆیی.

١٩. بێلیزار Belli sar (بە لاتینی Belisarius بێلیزاریوس) (٤٩٠ – ٥٦٥). سەرکردەیەکی بەناوبانگی سوپای جوستینیانۆ بوو. هێرشی کردە سەر نیمچەدوورگەی ئیتالیا و (واندال) و (قووتی)یەکانی شکاند و ساڵی ٥٦٥ کۆچی دوایی کرد. دیارە دانتی نەیزانیوە کە بلیزاریوس لە دوادوای تەمەنی کەوتبووە بەر ڕق و گومانی ئیمپراتۆر جوستینیانۆ، گوایە ویستوویەتی ئیمپراتۆر بکوژێ و ئیمپراتۆر خستییە بەندیخانەوە.

٢٠. ئاماژەیە بۆ دوو پارتی سیاسیی ئەوسا: گیبیللینی و گەلف. گیبیللینییەکان خۆیان بە لایەنگری ئیمپراتۆر دادەنا، کەچی گەلفەکان خۆیان بە دژی ئیمپراتۆر و بە لایەنگیری پاپا دەزانی.

٢١. پاللانتی Pallante (بە لاتینی پالاس Pallas). کوڕی ئیفاندروسی پاشای پالانتیوم بوو لە ئیتالیا. باوکی ناردییە هیمدادی (ئینیاس) کە لەگەڵ تورنۆس لە شەڕدا بوو و لەو شەڕەدا کوژرا. ئەمە یەکەم شەهید بوو لە پێناوی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیا درا.

٢٢. ئالبا Alba (ئالبا Alba longa longa) شارێکی بچووکە لە کەناری دەریاچەی ئالبا، لە لاتیۆم. ئاسکانیوسی کوڕی ئەنیاس دروستی کرد. ئەم شارە بە دایکی ڕۆمانیا دادەنرێ. نەوەکانی ئەنیاس ماوەی ٣٠٠ ساڵ زیاتر فەرمانڕەوایی ئەم شارەیان کرد.

٢٣. ئاماژەیە بۆ شەڕ و زۆرانبازیی (سێ هوراس) و سێ (کۆریاس) کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بووە بە پەند. بەپێی ئەفسانەیەکی کۆن:

لە سەدەی حەفتەمی پ.ز و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی (تولوف هوستیلیوس)دا لە ڕۆمانیا شەڕ لە نێوان شاری (ڕۆما) و شاری (ئالبا) هەڵگیرسا. پیر و داناکان وایان بە چاک زانی لە باتی کوشتاری بێهوودە، هەریەکە لەم دوو شارە سێ پاڵەوان بنێرێتە مەیدانی زۆرانبازی و کام دەستە لەو زۆرانبازییەدا بردییەوە، شارەکەی سەرکەوتوو دەبێ. هەر شارێک سێ برایان هەڵبژارد. برایانی شاری ڕۆما ناویان (هۆراس) و برایانی ئالبا ناویان (کۆریاس) بوو. لەم زۆرانبازییەدا هەر زوو لە سێ برا ڕۆمانیاکان (هوراسەکان) دوو برایان یەک لە دوای کوژران و هەرسێ (کۆریاس)یش بریندار بوون. (هۆراس) سێیەم بۆ ئەوەی ئەو سێ برایانە لە یەک دابڕێنێ، وای پێشان دا ڕادەکا و هەرسێ برا کەوتنە دوایەوە. لەبەر سووکی و گرانیی برینەکانیان بە جیاجیا لێی نزیک دەبوونەوە، ئەویش هەر جارەی لە پڕ دەگەڕایەوە ئەوەی دەکوشت کە لێی نزیک کەوتبووەوە. بەم جۆرە هەرسێ برای کوشت و خۆی بە سەرکەوتوویی لە شەڕگەدا مایەوە.

٢٤. ئەو حەفت پاشایەی گەلانی دەوروبەری ڕۆمایان سەرکوت کردەوە، ئەمانە بوون: (ڕۆمولوس Romulus) و (نۆما پۆمپیلیوسNoma Pompilius) و (تولوس هۆستیلیوس Tullus Hostilius) و (ئانکیوس مارکیوسAncius Marcius) و (تارکوینوس پریسکوس Tarquinus Priscus) و (سێرڤیوس توللوس Servius Tullus) و (تارکینیوس سوپێربوس Tarquinius Surperbus).

٢٥. (سابینی) گەلێکی کۆنی ناوەڕاستی ئیتالیا بوون. یەکێ بوون لەو گەلانەی گەلی ڕۆمانیان لێ پێکهاتووە. لە ئەفسانەی نیمچەمێژوویی پەیوەست بە دروستکردنی شاری ڕۆمادا هاتووە: کاتێ ساڵی ٧٥٣ پ.ز، (ڕۆمولوس)ی کوڕی ئەنیاس شاری ڕۆمای دروستکرد، ژمارەی دانیشتوانی شارەکە چوار هەزار پیاو

بوو. هیچ ژنیان نەبوو. ڕۆمولوس پێویستی بە ژن بوو بۆ گەشەپێدانی گەلەکەی. ئەوە بوو داوەتێکی گەورەی لە ڕۆما کرد و هەموو نەتەوە دراوسێکانی داوەت کرد. لەو کاتەدا گەنجانی ڕۆمانیا کچە سابینییەکان ڕفاند. بوو بە شەڕێکی گران لە نێوان ڕۆمانەکان و سابینییەکان. جارێ ئەو سەردەکەوت و گاوێ ئەم. ئاخیری ژنە سابینییەکان چوونە بەینیان. ئەوانیش شەڕیان بەتاڵ کرد و پەیمانی دۆستێنییان بەست و بڕیاریان دا ببن بە یەک گەل.

٢٦. لوکریتسا Lucrtia: ژنی کولاتینوس بوو کە سەکتوسی کوڕی تارکونیوس دەستدرێژیی کردە سەر، ناچار بوو خۆی کوشت، ئەمەیش بوو بە هۆی دەرکرانی بنەماڵەی تارکونیوس لە ڕۆمانیا و دامەزراندنی کۆماری ڕۆمانی.

٢٧. برێننۆ Brenno (بە لاتینی Brennus) سەرکردەی گالەکان بوو. (گالەکان دانیشتوانی کۆنی فرەنسای ئێستا بوون.) لە ئالب پەڕییەوە و ساڵی ٣٩٠پ. ز ڕۆمای داگیر کرد. دەڵێن ڕۆمانەکان هەزار ڕەتل زێڕیان دایێ و ئەویش وازی لە شاری ڕۆمانیا هێنا، بەڵام هەندێ دەڵێن خەڵکی ڕۆما لێی هەستان و هێزەکەیان تارومار کرد.

٢٨. پیرڕۆ. پیروس (٣١٨ – ٢٧٢ پ.ز Pyrrhus) پاشای ئەپیروسی یۆنانی لە ٢٨٠ پ.ز – ٢٧٥ پ.ز چەند هێرشێکی کردە سەر ڕۆما و لە چەند شەڕێکدا سەرکەوت، بەڵام لە کۆتاییدا لە شەڕی پینیڤنتوم بەرامبەر فابریوس بەزی و کشایەوە بۆ وڵاتی خۆی.

٢٩. تۆرکواتۆ (تیتوس مانلیوس تۆرکواتۆس Titas Manlius Torquatos) قونسوڵ و دیکتاتۆری ڕۆمانی بوو، گال و لاتینەکانی شکاند. کوڕەکەی خۆی کوشت، چونکە سەرپێچیی لە فەرمانی کرد.

٣٠. کوینتسیۆ quinzio (بە لاتینی لوکیوس کوینتیوس کینکیناتوس Lucius Quintius Cincinnatus ). سەردارێکی گەورەی ڕۆمانی بوو. کاتێ لەناو باخ و ڕەزی خۆی خەریکی کار بوو، خەبەری وەرگرت کە لە لایەن سەنای ڕۆماوە کراوە بە دکتاتۆر.

٣١. (دیچی Deci)یەکان (بە لاتینی Deicus) بنەماڵەیەکی ڕۆمانیی بەناوبانگ بوون. سێ کەسیان (باوک و کوڕ و نەوە) یەک ناو و هەمان ناویان لێ بوو: (پۆپلیوس دیکیوس موس). ژیانی خۆی کردە قوربانی لەپێناوی سەرفرازیی ڕۆما لە دژی لاتین و گالەکان. (پیروس)ی ناوبراو یەکێ بوو لەو بنەماڵەیە.

٣٢. (فابی Fabi)یەکان ( بە لاتینی Fabius) بنەماڵەیەکی ڕۆمانیی دێرین و بەناوبانگ بوون. لە ماوەی چەند سەدەیەکدا سێسەد کەسیان لەپێناوی نیشتماندا

کوژران، له هەموویان بەناوبانگتر فابیوس کینکسیوس ماکزیموس کونکتاتور بوو که دوای ئەوەی، ساڵی ٢١٨ پ.ز، ڕۆمانەکان لەسەر دەستی هانیپال لای گۆلی ترازیمینوس شکان، بەرگریی له شاری ڕۆما کرد.

٢٣. هانیبال Hannibal 247 – 183 پ.ز پاشای قەرتاجه بوو. ئەسپانیا و ئیتالیای داگیر کرد. چەندین ساڵ فەرمانڕەوای ڕۆما بوو, ئاخیری له باکووری ئەفریقیا، لەسەر دەستی سەرکردەی ڕۆمانی (شیپیۆن) شکستی خوارد که ئەوکاتەی ئەو لەوێ نەبوو، هێرشی کردە سەر قرتاجه. بەم شکانە ڕۆمانەکان قرتاجەیان له بن و بۆتکەوە دەرهێنا و له لاپەڕەی ڕۆژگار سڕییانەوە.

٢٤. مەبەستی زنجیرەچیای ڕۆژئاوای چیای ئالبه که دەکەوێته نێوان ئیتالیا و فرەنساوە. ڕووباری (پۆ) له چیای (ڤیزۆ) هەڵدەقوڵێ.

٢٥. شیپیۆن Scipion 234 – 183 پ.ز) (پوپلیوس کرنلیوس شیپیۆن). سەرکردەیەکی بەناوبانگی ڕۆمانی بوو. له تەمەنی بیست ساڵیدا ئەسپانیای داگیر کرد و له تەمەنی سیوسێ ساڵیدا، ساڵی ٢٠٢ پ.ز، له زاما، باکووری ئەفریقیا هانیپالی شکاند و لەوە بەدواوە، نازناوی (ئەفریقیایی) وەرگرت (دۆزەخ، س٣١،د١١٦) (بەرزەک، س٢٩، د ١١٦).

٣٦. پۆمپیۆ Pompeo: (به لاتینی Pompeius) (106 – 48 پ.ز). سەرکردەیەکی ڕۆمانیی بەناوبانگ بوو. له تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا چەند شەڕێکی له ئیتالیا و باکووری ئەفریقیا بردەوە. له قراڵ هەڵگەڕایەوە، بەڵام قراڵ ساڵی ٤٨پ.ز له فارسالیا شکستی پێدا. هەڵات بۆ میسر و لەوێ کوژرا.

٣٧. کاتێ قونسولێ ڕۆمانی فیورنیۆ بەسەر فیزولدا سەرکەوت، هەڵۆ بۆ خەڵکەکه وەکو ناحەزێکی ناجۆر لەسەر گردی فیزول دەرکەوت. گرد و چیای فیزول بەسەر فلۆرەنسادا دەڕوانێ و دانتی لەوێ لەدایک بووە.

٣٨. قراڵ (یۆلیوس قەیسەر) (١٠٠ – ٤٤ پ.ز). سەرکردە و دیکتاتۆری ناسراوی ڕۆمانی. بەشێکی زۆری ئەورووپای خستە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی.

٣٩. ڤارۆ Varo: ڕووبارێکه له خوارووی فرەنسا. له ئالب هەڵدەقوڵێ و له خوارووی ڕۆژاوای نیس له دەریا دەکاتەوە. ئەمە سنووری کۆنی نێوان ئیتالیا و وڵاتی گال بوو. ساڵی ١٨٦٠یش سنووری نێوان ئیتالیا و فرەنسا بوو.

٤٠. ڕینۆ Reno: ڕووبارێکی بەناوبانگه له فرەنسا. له سویسرا هەڵدەقوڵێ، بەناو ئەڵمانیا و هۆڵەندەدا دەڕوا و له دەریای باکوور دەکاتەوە. له کۆندا سنووری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو.

٤١. ئیزارا. ئیزەرە Isere: ڕووبارێکە لە چیاکانی ساڤوا هەڵدەقوڵێ و لە ڕووباری (ڕۆن) دەکاتەوە.

٤٢. ئیرا Era: ڕووبارێکە لە چیاکانی ڤوگ هەڵدەقوڵێ و لای لیون لە ڕووباری ڕۆن دەکاتەوە. ڕۆمانەکان پێیان دەگوت ئاراریس – Araris.

٤٣. سێننا. سێن Seine: ڕووبارێکە لە بانی لانگەر هەڵدەقوڵێ و لە دەریای مانش دەکاتەوە.

٤٤. ڕاڤێننا Ravenna: شارێکی بەناوبانگە لە باکووری ڕۆژاوای ئیتالیا و ئارامگەی دانتی لەوێیە.

٤٥. ڕوبیکۆن Rubicon: ڕووبارێکی بچووکە لە ئەدریاتیک دەکاتەوە. قەیسەر سالی ٤٩پ.ز کە شەڕی دژی کۆمار ڕاگەیاند، لەو ڕووبارە پەڕییەوە. ڕووبارەکە ئێستا لە خوری پێشووی لایداوە. ناوەکەی لە چەوی سووری خورەکەیەوە هاتووە.

٤٦. ئەسپانیا: ئەوسا سنووری ئاوەدانی ڕۆژئاوای دونیا بوو. لە تەک ئەسپانیا: ئاماژەیە بۆ جەنگی قەیسەر لەگەڵ سەرکردەکانی پۆمپی لە (لیریدا).

٤٧. دوراتسۆ Durazzo (بە لاتینی دیراکیوم Dyrra chium) شارێکە لە ناوچەی ئیلوریوم (ڕۆژئاوای یۆگوسلافیای ئێستا) لەسەر کەناری ڕۆژهەلاتی ئەدریاتیک. قڕال کە لە بریندیزییەوە هات، لەوێ لەگەڵ هێزەکانی پۆمپی جەنگا.

٤٨. فارسالیا Farsaglia (بە لاتینی Pharaliae) ناوچەیەک بوو لە یۆنان، لە تسالیا. سالی ٤٨ پ.ز قڕال لەوێ پۆمپۆی شکاند و دوای ئەو سەرکەوتنە، قڕال بوو بە دیکتاتۆری ڕەهای ڕۆمانیا.

٤٩. تا نیل: ئاماژەیە بۆ شکانی پۆمپۆی و هەلاتنی بۆ میسر و کوژرانی بە دەستی پتلمیۆسی دوازدەمی پاشای میسر.

٥٠. ئانتاندرۆس Antandros: گوندێکی بچووکی سەرکەنار بوو لە فریجیا، لە ئاسیای بچووک. ئینیاس، کاتێ دوای شەڕی تەڕوادە، بەرەو ڕۆژاواوە چوو، لەو گوندەوە بەڕێ کەوت.

٥١. سیمۆیس Simois (بە یۆنانی سیمۆینتا Simoenta) ڕووبارێکی بچووک بوو لە چیای (ئیدا) هەڵدەقولا و بە تەنیشت تەڕوادەدا دەڕۆیشت.

٥٢. ئێتتۆرە Etore (بە یۆنانی هیکتۆرHector) کوڕی پریام پاشای تەڕوادە و پالەوانی گەورەی تەڕوادە بوو لە جەنگی تەڕوادەدا.

٥٣. تۆلۆمیۆ Tolomeo (بە لاتینی Ptolemeus) بتلمیۆسی چوارەم، پاشای میسر، ئەوە بوو کە دوای مردنی، یان کوژرانی، کلیوپاترە لە جێی دانیشت.

٥٤. یوبا Iuba (بە لاتینی جوبا Juba). پاشای (نومیدیا) بوو. نومیدیا لە کۆندا، بە وڵاتی جەزایر و مەراکشی ئێستا دەگوترا. ئەم پاشایە لە کاتی هێرشی قەیسەر بۆ سەر پۆمۆپی و شکانی پۆمپۆی لە شەڕی تاپسوس، لە ٤٦پ.ز دا پەنای پۆمپۆی دا. قەیسەر بۆ تەمێکردنی، هێرشی کردە سەر و وڵاتەکەی. داگیری کرد و کردی بە هەرێمێکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و (سالتوس)ی مێژوونووسی ڕۆمانی کرد بە والیی ئەو وڵاتە.

٥٥. واتە: قڕاڵ دوای داگیرکردنی (نومیدیا)، لە ڕێگەی ئەسپانیاوە گەڕایەوە ئەورووپا. کوڕەکانی پۆمپۆی بە خۆو بە لەشکرەوە پەنایان بۆ ئەسپانیا بردبوو. قڕاڵ پەلاماری دان و ساڵی ٤٥ پ.ز لە شەڕی (موندا) بەسەریاندا زاڵ بوو.

٥٦. بروتۆ Bruto (بە لاتینی بروتوس Brutus)و کاسسیۆ Cassio (بە لاتینی کاسیوس Cassius)ی بکوژی قڕاڵ. بۆ خاتری نەجاتدانی کۆمار و ڕێ گرتن لە فەرمانڕەوایی تاکڕەو قڕاڵیان کوشت و پاشان ئوگستوس هەردووکیانی بە تاوانی کوشتنی قڕاڵ، کوشت. ئەمە ئەو دوو کەسەن کە دانتی لە دۆزەخدا لەناو زاری شەیتانی ناون. (دۆزەخ، س٣٤).

٥٧. مۆدینا Modena شارێکی ئیتالیی ناسراوە. مارکۆس ئەنتونیوسی قونسوڵی ڕۆمانیا کە هەموو کەس بە عیشقبازییەکەی لەگەڵ کلیوپاترە دەزانێ، ساڵی ٤٣پ.ز لە نزیک ئەم شارەدا بەرامبەر ئۆگستوس شکستی خوارد.

٥٨. پیروجیا Perugia شارێکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئیتالیا. لوکیوسی برای ئەنتۆنیو لە نزیک ئەم شارەدا بەرامبەر ئوکتاڤیوس شکا و دەستگیر کرا. ئوگستوس و ئۆکتاڤیوس دوای ئەو سەرکەوتنە شارەکەیان تالان کرد و تەختیان کرد.

٥٩. کلیۆپاترە Cleopatra: شاژنی ناوداری میسر کە بە یارمەتیی قڕاڵ گەیشتە سەرتەخت و پاش کوژرانی قڕاڵ، (ئەنتونیوس)ی قونسوڵی ڕۆمانیای فریو دا کە لەگەڵ کراسوس و ئوکتاڤیوس حکومەتی ئیمپراتۆری ڕۆمییان لە بەینی خۆیانەوە دابەش کردبوو و بە هۆی ئەم عیشقەوە، ئەنتونیوسی لە ئوکتاڤیوس بەردا و ئاگرێکی گەورەی ناوەخۆی لە ڕۆمانیا هەڵگیرساند کە بوو بە هۆی شکان و کوژرانی ئەنتۆنیوس. دوای ئەو شکستە کلیۆپاترە دیلکراو برایە ڕۆما. لەوێ ویستی ئۆکتاڤیوس تەفرە بدا، بەڵام شکستی هێنا و خۆی بە ژەهری مار کوشت کە لەناو سەبەتە گوڵێک شاردبوویەوە.

٦٠. مەبەست ئوگوستۆسە.

٦١. جانۆ. یانۆ Iano (بە لاتینی جانوس Janus) خودانی سەرەتای شت بوو لای ڕۆمانەکان. مانگی یەنایر (جەنیوەری) لە ناوی ئەوەوە هاتووە کە سەرەتای

ساڵە. ئەم خوادنە بە پێچەوانەی خودانەکانی تری ڕۆمانییەکان لە دەرەوە وەرنەگیراوە، خودانێکی تایبەت بە ڕۆمانەکانە. چەندین پەرستگە لە ڕۆمانیا بۆ ئەم خودانە دروستکراوە.

ئەم خودانە پاسەوانی دەرگای ئاسمان و دەرگاکانی زەمینە. دەڵێن (نوما)ی پاشای ڕۆمانەکان -دوای ڕومولوس- ژێر زەمینێکی بۆ ئەم خودانە تەرخان کرد. لە کاتی جەنگدا دەکرایەوە و لە کاتی ئاشتیدا دادەخرا. کرانەوەی لە کاتی جەنگدا نیشانەی ئەوە بوو کە خودان دەرچووە بۆ یارمەتیی سوپای ڕۆمانی و داخستنی لە کاتی ئاشتیدا نیشانەی ئەوە بوو خودان پاسەوانیی ڕۆمانیا دەکا. دەڵێن ئەم ژێرزەمینە لە ماوەی هەزار ساڵ تەنیا نۆ جار دەرگاکانی داخراوە، هەروەها دەڵێن دوای تەواوبوونی شەڕی ناوەخۆ و بەرقەراربوونی ئاشتی، ئۆگستوس فەرمانی دا دەرگاکانی ئەم ژێرزەمینە وەکو نیشانەی بەرقەراربوونی هەمیشەیی ئاشتی، دابخەن.

٦٢. مەبەست هەڵۆی دروشمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیایە.

٦٣. قڕاڵی سێیەم مەبەست تیبیریۆ Tiberioیە (بە لاتینی تیبریوس) (١٤پ.ز – ٣٧ز Tiberius)ە. کە جێنیشینی ئۆگستوس بوو، واتە دووەمین ئیمپراتۆر و سێیەمین قڕاڵ بوو.

٦٤. دادپەروەری زیندوو = خوداوەند.

٦٥. تیتۆ Tito (بە لاتینی تیتوس Titus) ئیمپراتۆری ڕۆمانی بوو (٤٠ – ٨١). ئیمپراتۆرێکی لیهاتوو و ئاشتیخواز و لە هەمان کاتدا جەنگاوەرێکی لێبووردە و فەیلەسووف و شاعیر و مۆسیقار و گوتاربێژ بوو. وەکو کاربەدەستێکی چاکەکار بە نموونە باسیان دەکرد. لە سەردەمی (ڤسپازیان)ی باوکی بە سەرکردایەتیی لەشکری ڕۆمانی چووە شەڕی جوولەکە و کاتی ڤسپازیان ساڵی ٧٠ بوو بە ئیمپراتۆر و چووە ئیتالیا، تیتوس هەر لە فەلەستین مایەوە. (بیت المقدس)ی ئابڵووقە دا و پاش چەند مانگێک ئابڵووقە، داگیری کرد. دانتی کە دەڵی تۆڵە لە تۆڵەی گوناهی کۆن کرایەوە، مەبەستی ئەوەیە: عیسا لە تۆڵەی گوناهی ئادەم کوژرا و جوولەکەش لە تۆڵەی خوێنی عیسا سەرکوتکرانەوە.

٦٦. لۆنگۆ باردی Longo bardi: دەکەوێتە باکووری ئیتالیا، ئەوکاتە تەنیا شوێنی کڵێسە بوو. دیزیدیریوس Desideriusی پاشای لۆنگۆ باردیی هێرشی کردە سەر کڵێسەی ڕۆمانی و ئەدریانۆی یەکەم پەنای بۆ شارلەمان برد.

٦٧. کارلۆ مانیۆ. (شارلەمان 814 – 772) (Charlemagne) پاشای بەناوبانگی فرەنسا. ساڵی ٧٧٤ کە هێشتا نەبووبوو بە ئیمپراتۆر، لەسەر داوای پاپا

ئاردیانۆی یەکەم چووە جەنگی لومباردییەکان و دیزیدیریوسی شکاند و کڵێسەی نەجات دا. شارلەمان هاوچەرخی هارونە ڕەشید بوو. دیارییان بۆ یەکتر دەنارد.

٦٨. مەبەست پارتی گەلفی پاپەوپیە. گەلفەکان بەرامبەر بە (هەڵۆی ڕۆمانی) چوونە دوای گوڵەمێلاقەی زێڕین کە نیشانەی بنەماڵەی دەسەڵاتداری فرەنسا بوو. گەلفەکان لەگەڵ ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و ڕۆمانیا ناکۆک بوون و لایەنگیری سەربەخۆیی ئیتالیا بوون، واتە پارتی گیبیللینییەکان لەگەڵ گەلفەکاندا نەبوون. ئەو هەڵۆیەیان کردبوو بە دروشمی پارتەکەیان.

٦٩. ئاماژەیە بۆ گیبیللینییەکان و گەلفەکان.

٧٠. مەبەست شارل دانژووی دووەمە (١٢٤٣ – ١٣٠٩). پاشای ناپۆلی و سەرۆکی گەلفەکان بوو لە ئیتالیا.

٧١. ئەستێرەی بچووک: مەبەست عەتاریدە.

٧٢. ڕۆمیۆ دی ڤیلانۆڤا Romeo di Villanova سەرۆک وەزیرانی ڕێمۆن دو بیرێنجیری چوارەم Raymond de Berengerی کۆنت و فەرمانڕەوای هەرێمی گەورەی پرۆفانس بوو. خزمەتێکی زۆری بە ئاغای خۆی کرد. پەرەی بە سەروسامانی بارەگەکەی دا، بەڵام پیاوە گەورەکانی پرۆڤانس بەخیلییان پێ برد و دەستیان بە بوختان و دووزمانی کرد و دڵی کۆنتیان لێ پیس کرد، گوایە خەزێنەی بە هەدەر چوواندووە. کۆنت داوای حیساب و کیتابی لێ کرد، ئەویش دڵی ڕەنجا و خەرقەی دەروێشی خۆی کردەوە بەر و بووەوە بە مرۆڤە هەژار و نەدارەکەی جاران. لێرەدا ڕۆمیۆ ناوی ئەو کەسانە ناهێنێ کە خراپەیان لەگەڵ کردووە و زیانیان پێ گەیاندووە. تەنیا سووکە ئاماژەیەکیان بۆ دەکا.

٧٣. کچەکانی ڕێمۆن دو بیرێنجیری ئەمانە بوون: مارگرێت، ئیلیانۆ، سانشا و بیاتریچی میراتگری هەرێمی پرۆڤانس. ئەم کچانە بە ڕیز شوویان بەمانە کرد: لویسی نۆیەمی پاشای فرەنسا ساڵی ١٢٣٤، هێنریی سێیەمی پاشای ئینگلتەرە ساڵی ١٢٣٦، ڕیچاردی کورنوالی پاشای ڕۆمانییەکان ساڵی ١٢٤٤ و شارل دانژووی یەکەم پاشای ناپۆلی ساڵی ١٢٤٦.

ڕۆمیۆ مارەیی هەرچوار زەماوەندی بڕی.

٧٤. ڕۆمیۆ بە سواری ئێسترەکەیەوە، بە داروەکازێکەوە بە دونیادا دەگەڕا. زۆر لە دانتیی دەکرد کە تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووبوو.

***

# سروودی حەفتەم[1]

## ئاسمانی دووەم

## ئاسمانی عەتارید

## ڕۆحی چالاک و سەرڕاستان

جوستینیانۆ بە سروودگوتن پاکانەی بۆ خوا کرد، ئینجا دەستی بە سەما کرد و هەموو ڕۆحەکانی تر لەسەر ئاوازی گۆرانیی ئەو کەوتنە سەما. بە چاوترووکانێک هەموو لە بەرچاو بزربوون. دانتی بە هۆی قسەکانی پێشووی بیاتریچییەوە دڵی کەوتە گومان. بیاتریچی زانیی دانتی چیی لە دڵدایە. گوتی دیارە بیر لەوە دەکاتەوە مەسیح چۆن ئازار دراوە. گوتی ئادەم بەو گوناهەی کردی خۆی و هەموو مرۆڤایەتیی بەر نەفرەت کرد. مرۆڤ سروشتی پاک و سافی خۆی لە دەست دا.

بیاتریچی بە دانتیی گوت ئەوەی بەسەر مەسیح هات شتێکی دادپەروەرانە بوو. زەویی لەگەڵ لەرزی و دەروازەی ئاسمانەکانی لەگەڵ کرایەوە. بەم جۆرە تۆڵەیەکی دادپەروەرانە کرایەوە. ئەو کەسەی ئەقڵی بە بڵێسەی خۆشەویستیی یەزدانی پێنەگەیشتبێ، لەم مەسەلەیە ناگا. بیاتریچی مەسەلەکەی بۆ دانتی ڕوونکردەوە، گوتی: ئەوەی خودا بێ پێناو دروستی دەکا بە جاویدانی دەمێنێتەوە و تەواو ئازاد دەبێ و زۆر لە خوا دەکا. ئەوەی مرۆڤ لە خوا دوور دەخاتەوە گوناهە. بەمەوە ئەو نوورەی لە خوا وەریدەگرێ کەم دەبێتەوە. مرۆڤ تا سزای شیاوی خۆی وەرنەگرێ وەکو

جارانی لێ نایەتەوە. بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجەیش دوو ڕێگە هەن: یان لێبوردنی یەزدانی، یان سزا خواردنی مرۆڤ لەسەر گوناهەکانی، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە تەنیا و هەر خۆی ناتوانێ سزاکە بدا، خوا یارمەتیی مرۆڤ دەدا لە سزاخواردن. ئەوە بوو (وەک مەسیحی دەڵێن) خوا کەوتە جەستەی مەسیح و تووشی خاچ و ئەشکەنجە بوو. بەمەوە تۆڵەی گوناهی ئادەم کرایەوە و مرۆڤ وای هات شایەنی ئەوە بێ خوا لێی خۆش ببێ.

بیاتریچی گوتی: ئەو بوونەوەرانەی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە خواوە هاتوون لەوانەیە تووشی گەندەڵی ببن، بەڵام مرۆڤ کە بە ڕۆح و جەستەوە دەستکردی ڕاستەوخۆی خودایە، کە ڕۆژی پەسڵان زیندوودەبێتەوە هەتا هەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە.

Osanna sanctus deus sabaoth[2])
Superillus trants claritate tua
(!Felices ignes horum malacoth

سڵاو، ئەی خودای پیرۆزی سەربازان[٣]
کە لەم وڵاته[٤] بەرزانەدا، پەرتووی چاکەکاری
بە تیشکی تۆ دەچریسکێتەوە. (٣)
وام کەوتە بەرچاو ئەم ڕۆحە گۆرانیی دەگوت و
بەدەم ئاوازی خۆیەوە، بە دەوری خۆیدا خولی دەخوارد و
دوو تیشک[٥] لێیان دەدا و لەسەر سەریەوە یەکیان دەگرت. (٦)
ئەو بەدەم ئاوازەوە کەوتە سەما و[٦] ئەوانی تریش
لەگەڵیان کەوتنە سەما و خێرا لە چرقەی پرووشک
لەپڕ دوورکەوتنەوە و لە بەرچاو بزربوون. (٩)
کەوتمە گومان و گوتم: (پێی بڵێ، پێی بڵێ!
لە دڵی خۆمدا گوتم: (بە خانمەکەم بڵێ بە دڵۆپی[٧]
ئارامبەخشی وشەکانی تینوێتیم بشکێنێ!) (١٢)
بەڵام ئەو ڕێز و سەنگینییەی سەراپام دادەگرێ
کاتێ (بێ) و (ئیچە)م[٨] بەسەر زماندا دەی،
وەک یەکێ چورتم بدا، سەری پێ بەردامەوە. (١٥)
(بیاتریچی) ماوەیەکی زۆر بەو حاڵەی نەهێشتمەوە
ئینجا دواندمی و تیشکی بزەیەکی وای لێدام
ئەوەی لەناو ئاگریشدا بێ پێی ختەوەر دەبێ، گوتی: (١٨)
(بەپێی ڕای خۆم کە هەڵە قبووڵ ناکا
تۆ مێشکت بەوە خەریکە
چۆن بە دادپەروەری تۆڵە لە تۆڵەیەکی دادپەروەرانە کراوەتەوە. (٢١)
من هەر زوو ئەم گومانەت لە دڵدا دەرەوێنمەوە،
جا گوێم لێبگرە، چونکە قسەکانم
ڕاستەقینەی گەورە و مەزنت پێشکەش دەکەن. (٢٤)
ئەو پیاوەی لە هیچ دایکێ نەبووە[٩]

که نەفرەتی لە خۆی کرد، نەفرەتی لە هەموو نەوەی خۆی کرد،
بەرگەی ئەو جڵەوەی نەگرت کە خێری خۆی تێدا بوو.[10] (٢٧)
ڕەچەڵەکی مرۆڤ، چەندەها سەدە لە خوارەوەدا،[11]
بە پەککەوتەیی لەناو گوناهی گەورەدا گیری خوارد.
تا (وشەی خودا)[12] کەیفی هەستا دابەزێتە خوارەوە. (٣٠)
تەنیا بە هۆی خۆشەویستیی ئەبەدییەوە
ئەو سروشتەی لەگەڵ خۆی لێک دا
کە لە گروەندەی خۆی دوورکەوتبووەوە. (٣٣)
ئێستا وریای ئەوە بە کە دەرحاڵ دەیڵێم:
ئەو سروشتەی ئاوها تێکەڵ چێکەری خۆی بووەتەوە
پاک و چاکە، دەڵێی تازە گرواوە.[13] (٣٦)
ئەوە بە هۆی گوناهی خۆیەوە لە بەهەشت دەرکرا،
چونکە لە ڕێگەی ڕاستی و لە ڕێبازی
ژیانی نموونەیی خۆی لای دا. (٣٩)
بۆیە ئەگەر ئەو سزایەی بە هۆی چەلیپاوە ئەنجام درا
لەگەڵ بابەتی سزاکە بەراورد بکەین
دەردەکەوێ هیچ سزایەک وا دادپەروەرانە جێبەجێ نەکراوە، (٤٢)
بەڵام ئەگەر سەیری ئەو کەسە بکەین کە سزادراوە و
ئەو سروشتەی تێیدا تواوەتەوە
هیچ سزایەک ئەوەندە ناڕەوا و نابەجێ نەبووە (٤٥)
جا دوو شتی جیاواز لە یەک کردەوە پەیدا بوون:
هەم خودا پەسندی کرد و هەم جوولەکە
زەوی بەو مەرگە هەژا و دەرگای ئاسمان کرایەوە. (٤٨)
ئیتر نابێ تێگەیشتنی ئەمەت بەلاوە دژوار بێ
ئەگەر بڵێین دادگایەکی دادپەروەر[14]
تۆڵەی لە تۆڵەیەکی ڕەوا کردوووەتەوە، (٥١)
بەڵام ئێستا دەبینم مێشکت
لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی دی لە گرێکوێرەدا خنکاوە

به ئارەزوویەکی گەورە چاوەڕێ دەکا لەو تۆڕە ڕزگاری بی. (٥٤)
تۆ لە دڵی خۆتدا دەڵێی: (ئەوەی دەیبیسم،
زۆر باش تێی دەگەم، بەڵام لەوە ناگەم
بۆچی خودا ڕێگەیەکی تری ڕزگاریی بۆ دانەناین؟)(٥٧)
برا، هەر کەسێ مێشکی بە گڕی خۆشەویستی
پێ نەگەیشتبی، هەمیشە
ئەم مەسەلەیەی لە بەرچاو بزرە. (٦٠)
بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵک زۆر بەپەرۆشەوەن
بۆ ئەم مەسەلەیە و کەمی لێ تێدەگەن،
پێت دەڵێم بۆچی ئەمە باشترین ڕێگەی نموونەییە. (٦٣)
شکۆی یەزدانی، کە هەموو ئێرەییەک لە خۆی دەتەکێنی
لەناو گڕی ئاگری خۆیدا هەڵدەقرچێ و پرووشک داوێ[١٥]
بۆ ئەوەی جوانیی جاویدانیی دەربخا. (٦٦)
ئەوەی بێواسیتە لێی دەچکێ هیچ کۆتایی نایێ
کاتێ کە مۆرێک لێدەدا
شەقڵەکەی بە هیچ شتێ ناسڕێتەوە.[١٦] (٦٦)
ئەوەی بێواسیتە لێی دادەبارێ
ئازادیی تەواوی هەیە.
ملکەچی دەسەڵاتی هیچ شتێک نییە. (٧٢)
تا زیاتریش لەو بکا، زیاتر شادومان دەبێ.
تا زیاتر لەو بکا، ئاگری پیرۆز گەشتر دەبێ
کە بەسەر کنیاتدا دەدرەوشێتەوە.(٧٥)
مرۆڤ سوود لەم هەموو بەخششانە وەردەگرێ
ئەگەر لە یەکێکی کەم بێ، هەڵبەت دەبێ
لە ئاستی جوامێریی خۆی داببەزێ(٧٨)
تەنیا گوناه لە ئازادی بێبەشی دەکا
لە چاکەی باڵا جیای دەکاتەوە و
ئەو تیشکەی لێی وەردەگرێ کەمتر دەبێتەوە. (٨١)

هەرگیز متمانەی خۆی بە دەست ناهێنێتەوە
تا ئەو بۆشاییە پڕ نەکاتەوە کە گوناهەکە دروستی کردووە.
بەو سزا ڕەوایەی لەگەڵ چێژی گوناهەکە دەگونجێ.(٨٤)
کاتێ سەراپای مرۆڤایەتی کە هێشتا لەناو ناوکی خۆیدا بوو،
تووشی گوناه هات، لەم سەربەرزییانە بێبەش بوو و
لە بەهەشتی جاویدان دەرکرا. (٨٧)
ئەگەر بە وردی سەیری بکەی، دەبینی
بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بەدەستیان بێنێتەوە
تەنیا بە یەکێ لەم دوو ڕێگەیە نەبێ:[١٧] (٩٠)
یان خوا، بە لوتفی خۆی، لێی خۆش ببێ
یان خودی مرۆڤ، سزای
شێتایەتیی خۆی بدا. (٩٣)
ئێستا چاو ببڕە هەڵدێری ئەو نیزامەی جاویدانی و
تا دەتوانی بە وریایی
گوێ بۆ قسەکانم ڕادێرە. (٩٦)
مرۆڤ لە سنووری توانای خۆیدا، نەیدەتوانی
خۆی لە گوناهی خۆی خۆش بێ، چونکە نەیدەتوانی
بە خاکی و ملکەچیی زۆر دابەزێ، (٩٩)
بەقەد ئەوەی، بە گوناهکاری، ئارەزووی دەکرد
بۆ سەرەوە هەڵبکشێ، هەر بۆیە
مرۆڤ نەیدەتوانێ خۆی سزای خۆی بدا.. (١٠٢)
بۆیە خوا دەبوایە،لە ڕێگەی تایبەتی خۆیەوە،
مرۆڤ بگێڕێتەوە بۆ ژیانی تەواوی خۆیەوە
چ بە یەک ڕێگە و چ بە هەردوو ڕێگە (١٠٥)
بەڵام لەبەر ئەوەی تا بەرهەمی کار لای خاوەن کار
پەسندتر بێ ، زیاتر نیشانی پاکیی ئەو دڵەیە
کە لێیەوە دەرچووە، (١٠٨)
چاکەی یەزدانی کە بە مۆری خۆی دونیا شەقڵ دەکا

ڕازییە هەردوو ڕێگەکە بەکار بێنێ
بۆ ئەوەی بەرزتان بکاتەوە بۆ سەرەوە. (١١١)
لە نێوان دوا شەو و ڕۆژی یەکەمدا،
کاری وا بەرز نەبووە و نابێ
نە تەنیا بەم ڕێگەیە و نە تەنیا بەو ڕێگە، (١١٤)
چونکە خودا ئەوەندە بەخشندە بوو هەندێکی لە خۆی
بە مرۆڤ بەخشی بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ
هەستێتەوە و خوا بە لوتفی خۆی لێی خۆش ببێ. (١١٧)
ئەگەر کوڕی خودان[١٨] تا ئەو ڕادەیە خاکی نەبوایە
بکەوێتە قاڵبی مرۆڤ، هەموو هۆکارێکی تر
لە هێنانەدیی دادپەروەریدا، دەستەپاچە دەبوو. (١٢٠)
بۆ ئەوەی هەموو ئارەزوویەکت بێتە دی
دەگەڕێمەوە سەر ڕوونکردنەوەی مەسەلەیەکی تایبەتی
بۆ ئەوەی تۆش وەکو من بە ڕوونی بیبینی. (١٢٣)
تۆ دەڵێی ئاو و ئاگر و هەوا و خاک و
هەموو پێکهاتەکانیان[١٩] دەبینم دەپووکێنەوە و
تەنیا ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبن. (١٢٦)
لەبەر ئەوەی ئەم شتانە دروستکراون،
ئەگەر ئەوەی پێم گوتی ڕاست بێ،
دەبێ ئەمانە لە ڕزین و پووکانەوە بەدوور بن. (١٢٩)
برا، فریشتەکان و ئەو وڵاتە پاکەی
تۆ ئێستا تێیدای
چۆنن، ئاوها بە تەواوی دروستکراون. (١٣٢)
بەڵام ئەو ڕەگەزانەی ناوت بردن و
ئەو شتانەی لەوان پەیدابوون
وێنەی خۆیان لە هێزی دروستکراوێکەوە وەرگرتووە. (١٣٥)
مژارەکەیان مژاری دروستکراوە،
ئەو هێزەش دروستکراوە کە وێنە بە بوونەوەرەکان

دەبەخشێ لەو ئەستێرانەی بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. (١٣٨)
بە تیشک و جووڵانەوەی ئەستێرە پیرۆزەکان
ڕۆحی هەموو جانەوەر و ڕووەکێک
لە پێکهاتەی ئەو ڕەگەزانەوە دەردێ کە هێزی شیاوی تێدایە،[٢٠] (١٤١)
بەڵام چاکەی باڵا، ڕاستەوخۆ فووی ژیانتان پێدا دەکا
پڕی دەکا لە خۆشەویستیی خۆی
بۆ ئەوەی پاشان هەمیشە عەودالّی بی. (١٤٤)
لێرەدا دەتوانی زیاتر لە ژیانەوەتان وردبیتەوە
ئەگەر بێنیتەوە بیر خۆت
جەستەی مرۆڤ چۆن دروستبوو(١٤٧)
کاتێ یەکەم دایبابی مرۆڤ دروستکران٢١ (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی حەفتەم

١. ئەمە سروودی دووەمی تایبەتە بە ئاسمانی عەتارید. پێی دەگوترێ (سروودی ڕزگاری). ئەم سرووده دانتی خۆی دایناوه و سێ وشەی (هۆشەعنا) و (سەباوۆت) و (مەلەکوت)ی بە شێوەی عیبری بەکار هێناوە و ئەوەی تری بە لاتینی.

٢. هۆساننا. (Hosanna) وشەیەکی عیبرییە. واتە: ستایش و پاکانە بۆکردن و پیرۆزکردن. کاتێ مەسیح چووە ناو بيت المقدس، مەسیحییەکان بەمە پێشوازییان لێ کرد.

٣. سەباوۆت: نازناوێکە چەند جارێک لە پەیمانی کۆن بۆ (یەهوە)ی خودای ئیسرائیلیان بەکار هاتووە. یانی خودای لەشکر و سەربازان. ئەو کاتە بەکار هاتووە کە ئاماژە بووە بە جەنگ.

٤. مەلەکووت: وشەیەکی عیبریی باوە لەگەڵ وشەی (مملکە)ی عەرەبیدا یەک دەگرێتەوە کە بە مانای پاشانشین (ملک لغ) دێ.

٥. نووری دوو قات (دوو چەندان): مەبەست دوو لایەنی جیاوازی جوستینیانۆیە کە تۆژەرەوان لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ کردووە. هەندێ بە نووری بەختەوەریی یەزدانی و نووری ئیمپراتوریەت لێکی دەدەنەوە، هەندێ بە نووری جوستینیانۆ وەکو ئیمپراتۆر و وەکو یاسادانەر لێکی دەدەنەوە.

٦. سەما: ئاماژەیە بۆ سووکی و ناسکی و چوستیی ڕۆحی بەهەشتی.

٧. دڵۆپی ڕاستی.

٨. be (بی) و ce (چی) بڕگەی سەرەتا و بڕگەی کۆتایی ناوی بیاتریچی (Beatrice)ن. یانی تەنیا هاتنی بەشێکی ناوی ئم خاتوونە شەیدام دەکا. بوکاچیۆی نووسەری گەوەری ئیتالی و خاوەنی دیکامیرۆن (دە ڕۆژ)، دەڵێ Bece (بیچی) لەو کاتەدا کورتکراوەی ناوی (Beatrice) بوو و دۆست و برادەرەکانی هەر بەو ناوە بانگیان دەکرد.

٩. مەبەست ئادەمە کە لە هیچ دایکێک نەبووە. خوا لە قوڕ دروستی کردووە. (کلکم من أدم و أدم من تراب).

١٠. واتە خودا ئادەمی لە قوڕ دروست کرد و لە ڕۆحی خۆی فوی تێکرد و کردی بەو مرۆڤە، بەڵام ئادەم لە قسەی خودا دەرچوو و خوا لە بەهەشت دەری کرد. بەمەوە ئادەم خۆی و نەوە و ناتۆرەی خۆی تووشی نەفرەتی خودا کرد.

١١. مەبەست دونیایە.

١٢. وشەی خوا: مەبەست مەسیحە وەکو لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە. یەکێکە لە نازناوەکانی مەسیح لای کاتۆلیکەکان.

١٣. مەبەست مەسیحە. خودا مردنی مەسیحی پێ خۆش بوو، چونکە مرۆڤی لە گوناه پاککردەوە (لای مەسیحییەکان). جوولەکەش مردنەکەیان پێ خۆش بوو، چونکە ڕقیان لێ دەبووەوە.

١٤. دادگای دادپەروەر: هەندێ دەڵێن مەبەست دادپەروەریی خودایە و هەندێ دەڵێن ئاماژەیە بۆ ئیمپراتۆر تیتوس کە دانتی بە هۆکاری تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی مەسیحی دەزانێ.

١٥. جوانیی خودا کە لە ئافەریدەکانی جیلوە دەکا (الله یتجلی فی خلقه).

١٦. بیاتریچی ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەو سێ سیفەتە بنچینەییە چین کە ڕاستەوخۆ خودا بۆ مرۆڤی دروست کردووە: یەکەم: جاویدانن (واتە ڕۆحیان نامرێ)، دووەم: ئازاد و سەرپشکن، سێیەم: لە مەخلووقاتی دی زیاتر لە خودا دەکەن. واتە: ئەم سێ بەخششە (جاویدانی و ئازادی و لە خوا چوون). بە مرۆڤ دراون و تەنیا گوناهە لە بەخششی دووەم و سێیەم بێبەشی دەکا.

١٧. یانی مرۆڤی گوناهکار، بۆ سڕینەوەی گوناهەکەی و ئاشتبوونەوەی لەگەڵ خوادا، تەنیا دوو ڕێگەی لە پێشە: یان خۆی، بە هەر جۆرێ بێ، گوناهەکەی خۆی بکڕێتەوە، واتە سزاکەی بدا، یان خودا لێی خۆش ببێ. یان هەردوو ڕێگە بگرێتە بەر.

١٨. مەسیحی دەڵێن: خودا تەنیا ئەوە نەبوو گوناهی بینادەم بسڕێتەوە، بەڵکو بۆ کڕینەوەی ئەو گوناهە، زاتی خۆی خستە ناو قاڵبی عیسا و ڕەوانەی سەر زەویی کرد و کردیە قوربانی گوناهی بەشەر. چوونی ڕۆحی خوا بۆ ناو قاڵبی بەشەریی مەسیح، بنچینەی باوەری بەرجەستەبوونە Incarnation لە ئایینی مەسیحییدا.

١٩. ئاماژەیە بۆ چوار مژاری بنچینەیی دروستبوونی کنیات: ئاو، ئاگر، باو و خاک.

٢٠. تیشک و جووڵانەوەی ئەستێرەکان کار لە پێکهاتەی ڕەگەزەکانی ڕووەک و گیانداری بەسەزمان (اعجم) دەکا کە خوا خەسیەتی دەرکەوتنی ژیانی پێ بەخشیون. مەبەست ئەوەیە خوا ڕاستەوخۆ ژیانی بە ڕووەک و گیانداری بەسەزمان نەداوە، بەڵکو بە هۆی ئەستێرەکانەوە پێی داون.

٢١. یانی خوا ڕاستەوخۆ ڕۆح و جەستەی ئادەم و حەوای دروستکردووە. بۆیە بە ڕۆح و جەستە لەناوناچن، بەڵام بە هۆی گوناهکردنەوە جەستەکەیان خەسیەتی نەمریی لەدەست دا و حەزرەتی مەسیح بە ئەشکەنجە و مردنی خۆی سزای گوناهەکەی دا و متمانەی بۆ مرۆڤ گێڕایەوە. بۆیە ڕۆژی پەسڵان جەستەیش زیندوو دەبێتەوە.

# سروودی هەشتەم[1]

## ئاسمانی سێیەم
## ئاسمانی زوهره
## ڕۆحە عاشقەکان

لە سەرەتای ئەم سروودەدا دانتی باسی ئەستێرەی ڤینۆس، یان زوهره دەکا کە هەندێ جار لە خۆر دوادەکەوێ و هەندێ جار پێش خۆر دەکەوێ. دانتی تا نەیدی بیاتریچی جوانتر و گەشتر بوو نەیزانی گەیشتووەتە ئەو ئەستێرەیە. دانتی تیشکێکی بینی هەندێ تیشکی تری بە خێرایی جیاجیا لە ناودا دەسووڕایەوە. گوێی لێ بوو ڕۆحەکان سروودی (هوشەعنا)یان دەگوت و لەگەڵ ئاوازی سروودەکە سەمایان دەکرد.

یەکێ لە ڕۆحەکان هاتە لای دانتی. دانتی پرسیاری لێکرد داخۆ چ کەسێکە؟ گوتی: من شارل مارتیلم. مردنی زووی من بوو بە مایەی بەڵایەکی زۆر. گوتی: ناوچەی پرۆڤانس و وڵاتی ناپۆلی چاوەڕێیان دەکرد ببم بە پاشایان.

سەقلیە بەبێ وی تووشی زۆر نەهامەت هات. قرچۆکیی ڕوبێرتۆی برای و هاوکارە کەتالۆنییەکانی لە ناپۆلی ڕسوا کرد.

دانتی شادمانیی خۆی بە بینینی شارل مارتیل دەربڕی و لێی پرسی چۆن منداڵی قرچۆک لە پشتی پیاوی بەخشندە وەپاش دەکەوێ؟


شارل وەڵامی دایەوە: خوا هەندێ هێزی لە ئاسمان داناوە کار لە مرۆڤ دەکەن. ئەگەر خوا ئەو هێزانە ئاراستە نەکا، دەبێ بە باژەڵ و ئاژاوە. مرۆڤ

گیاندارێکی کۆمەڵایەتییە بە شێوەی جیاجیا دەژی و بۆ کاری جیاجیا دروستکراوە.

هەیە بۆ ئەوە لەدایک بووە ببێ بە یاسادانەر، هەیە بۆ ئەوە لەدایک بووە ببێ بە سەرباز، هەیە بۆ ئەوە لەدایک بووە ببێ بە ڕاهیب. هەیە ئارەزووی شەڕی هەیە و هەیە عەودالی ئاشتییە. ئەگەر لە دونیادا ئەو سروشت و بنەمایە پەیڕەو بکەن مرۆڤی بە توانا هەڵدەکەوێ و کۆمەڵ بەرەو پێش دەچێ، بەڵام ئەو خەڵکە، ئەوەی بۆ سەربازی دروست بووە دەیکەن بە ڕاهیب و ئەوەی بۆ ڕاهیبی دروست بووە دەیکەن بە پاشا. بەمەوە لە ڕاستی لادەدەن و دونیا دەبێ بە ئاژاوە.

دانتی لای وایە ئەستێرەی زەهرە لە ڕووی ڕەمزییەوە لە زانستی ڕوونبێژی دەکا. دەڵێ دەتوانین لە دوو لایەوە لەگەڵ ڕوونبێژی بەراوردی بکەین. یەکێ گەشی و درەوشاوەیی و ئەوەی تر دەرکەوتنی لە شوێنی جیاجیا لە کاتی بەیانی و ئێوارەدا. ئەم دوو خەسیەتە زۆر بە ڕوونی لە زانستی ڕۆنبێژیدا دەردەکەون، چونکە ئەو زانستە هەم شیرینترین زانستە و هەم بە شێوەی جیاجیا دەردەکەوێ.

لە بارەی شوومی و بەختەوەریی ئەو ئەستێرەیە و کاریگەریی لەسەر خەڵک، زوهرە ئەستێرەیەکی سارد و تەڕە و سروشتێکی سست و ئارامی هەیە. ئەم خەسیەتانەی لەگەڵدایە: جوانی و جوانپەرستی، ئازادیی بیروڕا و دوور لە دەمارگیری، بە سەبری، سەرنجڕاکێشی، ڕەفتار جوانی، حەزکردن لە جلی پۆشتە و خشڵی جۆراوجۆر، خاکێتی بەرامبەر برادەران، مەشرەبخۆشی، حەزکردن لە بەکارهێنانی بۆنوبەرامە، حەزکردن لە ئاواز و مۆسیقا، شارەزایی لە شەترەنج، مەینۆشی، تەمبەڵی و گوێنەدان بە ئەرک و لێپرسینەوە، پەیمانشکێنی، تەمسەری و بێباکی، خۆشەویستیی منداڵان،...



عالەم وایان دەزانی و ئەمەیش فەلاکەت بوو بۆ خۆیان
کە (چیپرینیا)[٢]ی خانمی، نازدار بە سوورِانەوە
بە دەوری خۆلگەی سێیەمیدا، ئەشقی شێتانە بڵاو دەکاتەوە.[٣]
پێشینان لە گێلیی دێرینی خۆیانەوە
نەک تەنیا بە قوربانی و دوعا و نەزر
رِێزیان لەو دەنا،
بەڵکو رِێزیان لە (دیۆنی) و[٤] لە (کیوپیدۆ)یش[٥] دەنا
یەکەم وەکو دایک و دووەم وەکو کورِ
دەگیرِنەوە (کیوبیدۆ) لە کۆشی (دیدۆ)[٦]دا دەنیشت.
ئەوەی کردوومەتە سەرەتای سروودەکەم
بەناوی ئەو ئەستێرەیە کراوە کە خۆر سەیری دەکا
جارێ سەیری پشتی و تاوێ سەیری هەنیەی[٧] دەکا.
نەمزانی گەیشتوومەتە سەریەوە
بەڵام کە دیم خانمەکەم لە جاران جوانتر بووە.
یەقینم هات گەیشتوومەتە ئەوێ.[٨]
چۆن پرِوشکێک لەناو بڵێسەدا دەبینین،
چۆن دەنگێک لەناو دەنگێکی ترەوە دێ،
کە یەکێ کپ دەبێ و ئەوەی تر دەرِوا و دێتەوە.
بەم جۆرە لەم رِووناکییەدا تیشکی ترم بینی
بە خێرایی کەمتر، یان زیاتر لە بازنەیەک دەسوورِانەوە،
وا بزانم ئەمە بەپێی دیدی جاویدانیان بوو.
هەرگیز بای دیار، یان نادیار
بێ لەمپەر و سستی نواندن
ئاوها تیژ لە هەوری سارد[٩] نەهاتووەتە خوارێ.
وەک ئەو رِووناکییە یەزدانییانە بۆ لامان دەهاتن
سوورِانەوەی خۆیان جێهێشتبوو کە یەکەم جار
لە ئاسمانی (سیرافین)ەوە[١٠] دەستیان پێ کردبوو.
لەناو ئەوانەی زیاتر هاتبوونە پێش

سروودی (هوشەعنا) ئەوەندە بە زوڵاڵی دەزرنگایەوە،
مەراقم بوو دووبارەی بکەنەوە. (٣٠)
یەکێکیان[١١] نزیکترکەوتەوە و بە تەنیا گوتی:
ئێمە هەموومان لە بەردەستی تۆداین،
بۆ ئەوەی شادی و خۆشیت پێ ببەخشین. (٣٣)
ئێمە لە یەک بازنە و بە یەک سووڕانەوە و بە یەک
تینوێتی لەگەڵ میرانی ئاسمان دەخولێینەوە[١٢]
کە تۆ جارێکیان لە دونیادا پێت گوتن. (٣٦)
(ئێوە[١٣] کە بە ئەقڵی هۆشدارتانەوە، ئاسمانی
سێیەم دەسووڕێنن، ئێمە ئەوەندە کەیلی خۆشەویستیین
کە بۆ شادکردنی تۆ بە سەنگرانەوەیەکی کەم ڕازی نیین١٤ (٣٩)
بە ڕێز و ڕووەتەوە چاوم هەڵبڕی بۆ خانمەکەم و
ئەویش لە خۆی ڕازیی کردن و
متمانەی پێ بەخشین[١٥] (٤٢)
چاوم بردەوە سەر ئەو ڕووناکییەی[١٦] بەڵێنی زۆری پێدام و
بە دەنگی پڕ سۆز و میهرەوە گوتم:
(پێم بڵێ، تۆ کێی؟) [١٧] (٤٥)
شکۆی زیاتر و گەشتری لێهات
بەو قسانەی بۆم کرد شادییەکی تازەی
هاتە سەر شادییەکانی تر (٤٨)
کە ئاوها گۆڕا، پێی گوتم: دونیای خوارەوەی ئێوە
تەنیا ماوەیەکی کەم منی گرتە خۆی،
ئەگەر لەوە زیاتر بمابامەوە، زۆر لەو خراپانەی ڕوویان دا[١٨] ڕوویان نەدەدا. (٥١)
شادیم کە لە دەوروبەرم دەبریسکێتەوە و بزرم دەکا
لە بەرچاوی تۆ دەمشارێتەوە.
وەک کرمی ئاوریشم کە خۆی لەناو قوزاخەی ئاوریشم دەشارێتەوە. (٥٤)
تۆ زۆرت خۆش دەویستم. هەقیشت بەدەست بوو،[١٩]
چونکە من ئەگەر لە دونیادا بمابایەوە،

خۆشەویستیی خۆمم لە گەڵای دار زیاتر نیشان دەدای. (٥٧)
ئەم کەنارەی چەپە کە (ڕۆدانۆ)[٢٠] دەیشواتەوە،
دوای ئەوەی تێکەڵ بە (سۆرگا)[٢١] دەبێ،
چاوەڕێی دەکردم لە کاتی خۆیدا بە ئاغای خۆی بمبینێ ٢٢ (٦٠)
هەروەسا ملەی (ئاوزۆنیا)یش[٢٣] کە شاری
(باری) و (گایتا) و(کاتۆنا)ی لێیە.
لەو شوێنەی (ترۆنتو)٢٤ و (ڤیردی)[٢٥] لە ئاوی دەریا دەکەنەوە.(٦٣)
تاجی ئەو وڵاتەم لەسەر سەر دەدرەوشایەوە
کە (دانوبیۆ)٢٦ ئاوی دەدا
دوای ئەوە لە کەنارەکانی[٢٧] ئەڵمانیا دووردەکەوتەوە. (٦٦)
(تریناکریا)ی[٢٨] جوانیش کە لە نێوان (پاکینۆ) و[٢٩] (پیلۆرۆ)دا،[٣٠]
لای ئەو کەنداوەی تاریکی دایدەگرێ
کە زیاتر زەبری بای (یۆرۆ)ی[٣١] بەر دەکەوێ. (٦٩)
نەک بە هۆی (تیفیۆ)وە،[٣٢] بەڵکو بە هۆی ئەو کبریتەی لێیەوە هەڵدەستێ،
چاوەڕێی ئەو پاشایانەی دەکرد
کە لە ڕەچەڵەکی من و لە پشتی (ڕیدۆلفۆ) و[٣٣] (کارلۆ)[٣٤] بە پاش دەکەوتن. (٧٢)
ئەگەر ئەو دەسەڵاتە خراپە[٣٥] نەبوایە
کە هەمیشە دڵی خەڵکەکەی خۆی دەشکاند و
وای لە (پالیرمۆ) کرد هاوار بکا: (بمرێ! بمرێ!). (٧٥)
ئەگەر برام[٣٦] مەزەندەی بۆ ئەوە چووبا،
دەیتوانی لەدەست نەبوونی سەختی (کاتالۆنیا)[٣٧] ڕابکا
بۆ ئەوەی تووشی ڕەزالەت نەبێ. (٧٨)
بەڕاستی دەبوایە تەنیا خۆی، یان بە ڕێنمایی برادەرەکانی
ئاگادار بێ، باری گرانتر
لە کەشتیی[٣٨] بارگران نەنێن. (٨١)
سروشتی ڕژد و قرچۆکی کە زادەی سروشتی دەستبڵاوی بوو
پێویستی بە لەشکرێک بوو
چاویان لە پڕکردنی کیسەکانیان نەبێ، (٨٤)

چونکە میرم، بڕوام وایە ئەو شادییە بەرزەی
قسەی تۆ بەسەرمدا دەڕژێنێ،
لەو شوێنەی هەموو چاکەیەک سەرەتا و کۆتایی هەیە، (۸۷)
تۆیش هەستی پێ دەکەی، وەک من هەستی پێ دەکەم
ئیتر زۆر سوپاسگوزارم و زۆر شانازیی پێوە دەکەم
کە تۆ بە وردبوونەوە لە کاری خوا تێی دەگەی. (۹۰)
تۆ کەیلی شادیت کردم، ئێستا بۆم ڕوونبکەوە،
چونکە بە قسەکانت تووشی گومانت کردم:
(چۆن دەشێ تووی شیرین، بەری تاڵ بدا؟) (۹۳)
من وام پێم گوت و ئەویش پێی گوتم: (ڕاستییەکی تایبەتی هەیە
ئەگەر بتوانم نیشانت بدەم، ئەوەی دەیپرسی
چۆنت ئێستا پشتت تێدایە، ئاوها ڕووی تێدەکەی. (۹٦)
ئەو (چاکە)یەی دەجووڵێ و ئەو هەموو ولاتە
خۆشنوود دەکا کە تۆ بۆی سەردەکەوی، بە کەرەمی یەزدانیی
خۆیەوە ئەم تەنە زەبەللاحانە دەکا بە هێزێکی چالاک. (۹۹)
ئەو ئەقڵەی لە خۆیەوە لە پلەی کەماڵدایە
نەک تەنیا باردودۆخی هەموو شتێکی لە بەرچاوە،
بەڵکو ڕێگەی پاراستنیشی لە بەرچاو گرتووە، (۱۰۲)
چونکە هەرچی ئەم کەوانە بیهاوێ
لای ئامانجێکی دیاریکراو بەردەبێتەوە
وەک شتێ ئاراستەی نیشانە کرابێ. (۱۰٥)
ئەگەر وا نەبوایە، ئەو ئاسمانەی ئێستا پێیدا دەڕۆی
شتێکی بەرهەم دەهێنا
بەرهەمی هونەری نەبوو، بەڵکو وێران و خرابگە بوو. (۱۰۸)
ئەمەیش کاری کردەنی نییە ئەگەر ئەو فریشتانەی
ئەو ئەستێرانە دەجووڵێنن، ناتەواو نەبن.

یان یەکەمی یەکەمان خراپ دروستی کردبن. (١١١)
دەتەوێ ئەم ڕاستییەت بۆ ڕوونتر بکەمەوە؟
گوتم: (نا، چونکە من پێم وایە ئەستەمە سروشت
بۆ شتی پێویست، کورتی بێنێ.)(١١٤)
بەردەوام بوو: (پێم بڵێ ئایا لەسەر ڕووی زەوی
لەوە خراپتر هەیە بۆ مرۆڤ کە شارنشین نەبێ؟)
وەڵامم دایەوە: (بەڵێ وایە. داوای بەڵگەیشت لێ ناکەم.) (١١٧)
(ئەگەر مرۆڤ لە دونیادا بە شێوەی جیا نەژیابان و
کاری جیایان نەکردبا، ئایا شتی وا دەبوو؟
نەخێر! ئەگەر مامۆستات ڕاستی بۆ نووسیبێت!) (١٢٠)
لە بۆچوونەکانی گەیشتە ئێرە، ئینجا گوتی:
(بۆیە کردەوەکانتان
بەپێی ڕەگوڕیشەی جیاجیایان دەگۆڕێن. (١٢٣)
بەم جۆرە، یەکێ (سۆلۆنی)ی[٣٩] دەبێ و
یەکێ (خشایارشا)و[٤٠] یەکێکی تر (مەلکیزدێک) و[٤١]
یەکێکی تر ئەو کەسەی لە حانی فڕیندا کوڕەکەی لەدەست دا.[٤٢] (١٢٦)
ئەوەی بە سروشت گەڕۆکە و مۆرە بۆ مۆمی ناجاوید
بە چاکی هونەری خۆی دەنوێنێ و
جیاوازی ناخاتە نێوان داڵدەیەک و داڵدەیەکی تر. (١٢٩)
بەم جۆرە وا دەکەوێتەوە کە توخمی
(ئیزوا) لە (یاکۆب)[٤٣] جیا دەبێ و
(کویرینۆ)[٤٤] لە باوکێکی پەست دەبێ و دەدرێتە پاڵ (مارتی). (١٣٢)
سروشتی منداڵ هەمیشە ڕێگەیەکی
وەک ڕێگەی باوانی دەگرێتە بەر
ئەگەر ئیرادەی خودا جڵەوگیریی نەکا. (١٣٥)
ئەوەی لە دواوەت بوو ئێستا لە پێشەوەتە،

بەڵام بۆ ئەوەی بزانی من شادم کە لەگەڵ تۆدام
دەمەوێ زەبوونێکت بۆ سەرجلان پێشکەش بکەم (١٣٨)
ئەگەر سروشت ڕووبەڕووی بەختێکی بەرگەشتە ببێ
لە تێکۆشاندا مایەپووچ دەردەچێ.
وەک هەر تۆویک کە لە شوێنی خۆی دەربچێ. (١٤١)
ئەگەر دونیای خوارەوە ئاگاداری ئەو بناغەیە بێ
کە سروشت دایدەنێ و پەیڕەوی بکا،
خەڵکێکی باشتری دەبێ (١٤٤)
بەڵام ئەوەی بۆ شمشیربەستن لەدایک بووە[٤٥]
ئێوە دەیخەنە ناو ئەڵقەی ڕۆحانییان و
ئەوەی ئەهلی مۆچییارییە[٤٦] دەیکەن بە پاشا. (١٤٧)
بەمەوە لە ڕێی ڕاست دەردەچن.

***

## پەراوێزەکانی سروودی هەشتەم

١. ئەمە سروودی یەکەمە لە دوو سروودی ئاسمانیی ڤینۆس، یان زوهرە پێی دەگوترێ (سروودی شارل مارتیل).

٢. چیپرینیا Ciprigna (بە لاتینی Cypris) – قوبرس) نازناوی زەهرە (ڤینۆس)ی خودانبای عیشق بوو لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا. یۆنانییەکان بڕوایان وا بوو لە نزیک دوورگەی قوبرس لەدایک بووە و پەرستگەی گەورەی لەو دوورگەیەدایە.

٣. ئاماژەیە بۆ سەردەمی بتپەرستی، یانی ئەو سەردەمەی بڕوایان بە خودانی دیاردەکان هەبوو.

٤. دیۆنی Dione: لە ئەفسانەی یۆنانیدا: کچی ئۆقیانووس و تیتوس بوو. زیۆس (جۆپیتەر) عیشقبازیی لەگەڵ کرد و لەو پەیوەندییەدا ڤینۆس (زوهرە)ی بوو. ڤینۆس هەندێ جار پێی دەگوترێ دیۆنی، کەچی هەندێ دەڵێن زوهرە لە کەفی دەریا و لەناو چەقچەقۆکێک سەری دەرهێناوە.

٥. کوپیدۆ Cupido (بە لاتینی: کیوپیدۆن Cupidon). لە ئەفسانەی یۆنانیدا، کوڕە گچکەی زوهرە بوو. کوپیدۆ تیراوێژی خودانبابووی عەشق بوو. هەمیشە کەوانی بە دەستەوە بوو و تیردانی پڕ تیری لە کۆڵ بوو. هەر کەسێ حەزی بکردایە بە تیرێ دەیئەنگاوت و ئەوەی تیری کوپیدۆی پێ بکەوتایە دەبوو بە ئاشق.

٦. لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا هاتووە: کاتێ ئینیاس لە گەڕانەوەیدا گەیشتە قەرتاجە. دیدۆ Dido شاژنی ئەو وڵاتە بوو. زوهرە ویستی ئەو شاژنە بکا بە ئاشقی ئینیاس بۆ ئەوەی تۆڵە لە (یونون)ی ژنی زیۆس بکاتەوە کە یەکێ بوو لە دوژمنەکانی و پاراستنی شاری قەرتاجەی لە ئەستۆدا بوو، ئیتر کوپیدۆی کوڕی خۆی خستەر شێوەی ئاسکانیوس Ascaniusی کوڕەگچکەی ئینیاس و ناردییە لای شاژن. شاژن گرتییە باوەش و لەسەر کۆشی خۆی داینا و ماوەیەک یاریی لەگەڵ کرد. کە منداڵەکە ڕۆیشت، لەپڕ دیتی ئاشقی ئینیاس بووە.

٧. ئاماژەیە بۆ دوو شوێنی جیاوازی زوهرە لە دوو کاتی جیاوازدا. سەرەتا و کۆتایی شەو. پاش ڕۆژئاوا هەتاو دەکەوێتە دوای خۆر (خۆر لە پشتەوە سەیری دەکا)، واتە ڤینۆس، یان زوهرە ئێواران لە دوای خۆر دەڕوا و سبەینان پێشی دەکەوێ.

٨. واتە: دانتی لە جوانتربوونی بیاتریچییەوە زانیی لە ئاسمانێکەوە چووەتە ئاسمانێکی تر، چونکە وەکو پێشتر باس کرا، بیاتریچی هەرچەندە لە ئاسمانێکەوە بەرزدەبووەوە بۆ ئاسمانێکی هەورازتر، جوانتر دەبوو.

٩. هەوری سارد: هەورێ ئامادەی بارین بێ.

١٠. سیرافینی Serafini : یەکەم چینە لە نۆ چینی فریشتەکان.

١١. ئەمە ڕۆحی شارل مارتیل (١٢٧١ – ١٢٩٥Martel Carlo)ی کوڕی شارل دانژووی دووەمە (بەرزەک، س٦، د١٠٦).

١٢. ئەو فریشتانەی ئاسمانەکان دەسووڕێنن.

١٣. وشەی یەکەم تاکە، دەمی قسە لە ڕۆحی شارل مارتیلە و وشەی دووەم کۆیە، پەیوەندیی بە هەموو ڕۆحەکانەوە هەیە.

١٤. فریشتەکان لە سەما وەستان بۆ ئەوەی دانتی دڵخۆش بکەن.

١٥. دانتی بە چاو پرسیار دەکا و بیاتریچیش بە چاو وەڵامی دەداتەوە. ئەمە نیشانەی خۆشەویستی و لە یەک گەیشتنە. لە دۆزەخ و بەرزەکیشدا شتی وا لە نێوان دانتی و ڤرجیلیۆ هاتووە.

١٦. واتە ئاوڕی لە ڕۆحی شارل مارتیل دایەوە.

١٧. هەندێ تۆژەرەوە دەڵێن دانتی پرسیار تەنیا لە شارل مارتیل دەکا و هەندێکی تر دەڵێن مەبەست هەموو ئەو ڕۆحانەیە کە لە پێشەوە بوون.

١٨. ئاماژەیە بۆ تێکچوونی کاروباری ناپۆلی دوای خۆی، یان بۆ شەڕی نێوان بەرەبابی ئانژوو و ئاراگۆنا لەسەر سەقلییە. خەمی گەنجێتیی خۆی نییە، بەڵام داخ بۆ خراپەکاریی دوای خۆی دەخوا..

١٩. دانتی خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر خۆشەویستیی شارل مارتیل بۆ ئەم دەربڕیوە. ئەم هاوسۆزییە نیشانەی پەیوەندیی پتەوێ نێوان ئەو دوو پیاوەیە.

٢٠. ڕۆدانۆ Rodano: ڕووباری ڕێن Rh□ne.

٢١. سۆرگا Sorga: لقێکە لە ڕووباری ڕێن، لە نزیکی ئاڤینیون تێی دەکاتەوە.

٢٢. ئاماژەیە بۆ ناوچەی سەر کەناری ڕۆژهەڵاتی – چەپی – ڕووباری ڕێن، لە خوار یەککگرتنی لەگەڵ ڕووباری سورگدا. ناوچەکە ئاڤنیون و مارسیلیا و ئیکس دەگرێتەوە کە شارل دانژوو بە زەماوەندکردنی لەگەڵ کچی ڕیموند بیرینگییەری دەستی کەوت و چاوەڕوان دەکرا پاش مردنی شارل دانژووی دووەم، شارل مارتیل ئەم ناوچەیەی بە میرات بۆ بمێنێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زوو مرد، ئەو میراتەی بەنسیب نەبوو.

٢٣. ئاوزۆنیا Ausonia ناوی کۆنی کامپانیایە لە ئیتالیا و بە هەموو ئیتالیا دەگوترێ.

٢٤. تۆرنتۆ Tornto ڕووبارێکە لای کاتۆنی هەڵدەقوڵێ و لە ئەدریاتیک دەکاتەوە.

٢٥. ڤیردی Verde: یەکێکە لە ڕووبارەکانی باشووری ئیتالیا. لەوە دەکا هەمان گاریلیانۆ Garigliano‌ی ئەمڕۆ بێ کە دەڕژێتەوە دەریای (تێرنی)، بەڵام مسۆگەر نییە دانتی مەبەستی ئەم ڕووبارە بێ، لەوانەیە مەبەستی یەکێ لە لقەکانی ترۆنتۆ بێ. بە گشتی، ئەمە ئاماژەیە بۆ قەڵەمڕەوی ئاپۆلی (ئاپولیا Apulia) کە سنوورەکەی لە لای ڕۆژاوا دەریا و لە لای باکوورەوە هەرێمەکانی کڵێسەیە.

٢٦. دانوبیۆ Danubio ڕووباری ناسراوی دانوب.

٢٧. ئاماژەیە بۆ مەجەرستان کە شارل مارتیل، ساڵی ١٢٩٠ دوای مردنی لادیلاسی چوارەم، تاجی ئەو وڵاتەی لەسەر نا، بەڵام بە کردەوە هەرگیز دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی نەگرتە دەست.

٢٨. تریناکریا Trinacria: ناوی کۆنی سەقڵیەیە لای یۆنانییەکان. ناوەکە لە شکڵەکەی وەرگیراوە. وشەکە لێکدراوە، لە Treis (سێ) و akria (قوللە) پێک هاتووە. ئاماژەیە بۆ سێ لمووزی دوورگەکە.

٢٩. پاکینۆ pachino لمووزی باشووری ڕۆژهەڵاتە. ئەمڕۆ پێی دەگوترێ پاسارۆ Passaro.

٣٠. پیلۆرۆ Piloro لمووزی باکووری ڕۆژهەڵاتە. ئەمڕۆ پێی دەگوترێ فارۆ Faro.

٣١. یورۆ Euro (بە یۆنانی یورۆس Euros) ناوی کۆنی بای ڕۆژهەڵات، یان خوارووی ڕۆژهەڵاتە. لە باکووری ئەفریقیاوە بۆ سەر کەنداوی کاتانیا دێ. پێی دەگوترێ سیرۆکۆ.

٣٢. تیفیۆ Tifeo (بە لاتینی تیفیوس Typhoeus، یان تیفون Typhon): لە ئەفسانەی یۆنانیدا: ئەژدیهایەکی سەدسەرە، زادەی زەمین و دۆزەخە و هەندێ دەڵێن مندالی (هیرا)ی ژنی زیۆسە. ئەو بوو دێوەکانی لە زیۆس هەڵگێڕایەوە. زیۆس هەورەتریشقەیەکی لێدا و بە شێوەی ئەژدیهایەکی سەدسەر لەناو چیای ئاگرپژێنی (ئیتنا)، لە دوورگەی سەقڵیەدا بە زنجیر بەستییەوە.

٣٣. ڕیدۆلفۆ Ridolfo (بە ئەڵمانی: ڕودۆلف Rudolph) ڕودۆلف فن هابسبورگ. خەزووری شارل مارتیل بوو، واتە: سەقڵیە دەبوایە چاوەڕێی فەرمانڕەواکانی بکا لە بەرەبابی شارل دانژووی یەکەمی باپیری، پاشای ناپۆلی و

بەرەبابی خەزووری لە ڕێگەی زەماوەندکردنییەوە لەگەڵ کلیمێنتسی کچی ڕودۆلفەوە.

٣٤. کارلۆ Carlo (شارلز): شارل دانژووی دووەم کە پێشتر باس کرا.

٣٥. مەبەست حکومەتی شارل دانژووی یەکەمە کە خەڵکەکەی بارگران کردبوو.

٣٦. برام... مەبەستی ڕۆبی دانژووی براگچکەی شارل ماتیلە کە دوای مردنی برا گەورەی، دوای شالی دووەم، ساڵی ١٣٩ چووە سەر تەخت. ئەلفۆنسۆی پاشای ئاراگۆنا لەگەڵ لویس و جۆنی برای دەستگیر کرد بەرامبەر بەردانی شارل دانژووی باوکی کە ساڵی ١٢٨٨ لە کاتالۆنیا دیل کرابوو. بە ناوبژیی پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم، ساڵی ١٢٩٥ هەرسێ برا بەردران. ڕوبێرتو گۆڕەکەی لە کڵێسەی سانتا کیارایە لە ناپۆلی.

٣٧. کاتالۆنیا Catalonia ناوچەیەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەسپانیا. لە سەردەمی دانتیدا، بەشێ بوو لە وڵاتی ئاراگۆنا. ڕۆبێرتۆ لەگەڵ چەند سەربازێکی کاتالۆنی گەڕایەوە ئیتالیا و ساڵی (١٣٠٩ – ٣٤٣) بوو بە پاشای ناپۆلی. کاتالۆنییەکان بە قرچۆکی بەناوبانگ بوون، دەڵێن ڕوبێرتۆش قرچۆک بوو. بە گشتی ئاماژەیە بۆ گەندەڵیی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی دانژوو لە ئیتالیا. ئەمەیش بوو بە هۆی ئەوە کاتالۆنییەکان جێگەیان بگرنەوە.

٣٨. مەبەست لە کەشتی، وڵاتی ناپۆلییە.

٣٩. سۆلۆن (٦٣٨ – ٥٥٨پ.ز) یاسادانەری ناوداری ئەسینایی. یەکێ بوو لە حەفت دانای یۆنان.

٤٠. خشایارشا: (ئیگزرسیس ٤٨٥ – ٤٦٥پ.ز Xerxes) شای فارس بوو. لە ترۆمۆپیل بەسەر یۆنانەکاندا زاڵ بوو، بەڵام لە سلامیس شکستی خوارد.

٤١. مەلکیزیدیک. Melchisedech مەلیک سادیق: مەلیک شالیم. کاهین بوو، هاوچەرخی ئیبراهیم بوو.

٤٢. دیدالوس Dedalus ئەوە بوو ویستی بە خۆی و بە ئیکاریوسی کوڕی بە باڵی دەستکرد لە دوورگەی کریتەوە بە فڕین ڕابکەن. باڵیان بۆ خۆیان دروستکرد و بە مۆم لە لەشی خۆیان قایم کرد. ئیکاریوسی کوڕی زۆر بەرزبووەوە، مۆمەکە لەبەر تیشکی خۆر توایەوە و باڵەکانی لێبووەوە و بەربووەوە ناو دەریا. ئەو شین و لاوانەوەی دیدالوس بۆ کوڕەکەی دەگێڕێ، نموونەیەکی بەرزی ئەدەبیاتی جیهانییە.

٤٣. ئیزوا Esua و یاکۆب Iacob دوو کوڕی جمکی ئیسحاق بوون. ئیزوا و ڕاوکەر و جەنگاوەر بوو و یاکۆب ئاشتیخواز بوو.

٤٤. کویرینو quirino (به لاتینی quirinus)، نازناویکی ڕۆمولوس بوو. ئەوە بوو کە بە گوێرەی ئەفسانەی ڕۆمانی، شاری ڕۆمای دروستکرد و یەکەم پاشای شارەکە بوو. ناوی شارەکەیش لە ناوی ئەوەوە هاتووە. ڕۆمانەکان بە کوڕی مەریخ (مارس)ی خودانی جەنگی دەزانن.

٤٥. واتە ئەوەی بۆ جەنگ باش بێ دەیکەن بە کاهین. مەبەستی شارل مارتیل لویسی (١٢٧٥-١٢٩٨) برایەتی (١٢٧٥-١٢٩٨) کە بوو بە ڕەبەنێکی فرانچیسکانی و پاشان بوو بە ئوسکوفی تولوز.

٤٦ واتە ئەوەی بۆ ڕێبازی کاهینی باش بێ، دەیکەن بە پاشا. مەبەستی ڕوبێرتۆی برایەتی کە پاشای ناپۆلی بوو (١٣٠٩ – ١٣٤٣) و بە نووسینی ئایینی و مۆچیاریی بە ناوبانگ بوو. واتە شارل مارتیل داخی خۆی دەردەبڕێ کە هەردوو دەسەڵاتی دینی و دونیایی تووشی گەندەڵی و داڕزان هاتوون، چونکە کەس بەپێی بەهرە و توانای خۆی کاری پێ نەسپاردراوە.

# سرروودی نۆیەم[1]

## ئاسمانی سێیەم

## ئاسمانی زوهرە

## ڕۆحی عاشقان

شارل مارتیل قسەکەی تەواوکرد و هەڵکشا بۆ ئاسمانی باڵا. دانتی تیشکێکی بینی شادی گرتی و گەشتربووەوە. ئەمە ڕۆحی کونیتسا دا ڕۆمانۆ بوو. باسی نیشتمانی خۆی بۆ دانتی کرد لە مارکای تریڤیزی. گوتی من خوشکی ئوتزولینۆم کە وڵاتی تووشی شەڕ و ئۆغرمێکی گران کرد. گوتی ڕازیم بە چارەنووسی خۆم لە ئاسمانی ڤینۆس یان زوهرە. کونیتسا ئاماژەی بۆ ڕۆحی فولکو دا مارسیلیای شاعیری تروبادۆر کرد کە وەکو گەوهەر دەدرەوشایەوە. پێشبینیی ڕووداوەکانی نێوان خەڵکی پادوا و خەڵکی ڤیچنتزا و کوژرانی ڕیتزاردۆ دا کامینۆی فەرمانڕەوای تریڤیزۆ و خیانەتی ئەلیسساندرۆ نوڤلۆی ئوسکووفی فیلترۆی کرد لە هەندێ پەنابەری گیبیللینیی فرارا، ئینجا کونیتسا گەڕایەوە سەر سەماکردن لەگەڵ چاکەکارەکانی دی. دانتی قسەی لەگەڵ فولکۆ دا مارسیلیا کرد، ئەویش باسی درێژبوونەوەی دەریای سپیی ناوەڕاستی بۆ کرد. گوتی: من خەڵکی مارسیلیام کە دەکەوێتە نێوان ڕێژگاوی ئیبرۆو مارکا و لەگەڵ بوگا لەسەر یەک هێڵە. گوتی ئاسمانی ڤینۆس ئێستا سروشتی منی هەیە وەک من لە دونیادا سروشتی ئەوم هەبوو. من لە گڕی خۆشەویستیدا لە دیدۆی شاژنی قرتاجنە و فیلیپی ڕودەپ و ئەلسیدس (هەرقەل)م تێپەڕاندبوو.

فولكۆ باسی ڕاحابی جندەی ئەریحایی بۆ دانتی كرد كە تیشكی دەدرەوشایەوە و لە ئاشتییەكی هەمیشەییدا بوو. ئەوەبوو لە لیمبۆ گوازرایەوە بۆ بەهەشت، چونكە یارمەتیی یەشووعی دا بۆ داگیركردنی ئەریحا. فولكۆ گوتی: فلۆرەنسا ئەو سامانە دەخاتە وەبەرهێنان كە مەڕەكانی ئاوگەلە كرد و شوانەكانی كرد بە گورگ، ئیتر پشتیان لە كتێبی پیرۆز كرد و وازیان لە نووسراوەكانی زاناكانی كڵێسە هێنا و خۆیان لە مەسەلەی خاكی پیرۆز نەبان كرد، بەڵام بەم زووانە كڵێسە لەو گەندەڵی و نەهامەتییانە ڕزگاری دەبێ.

ئەی (کلیمنتزا)ی[2] نازدار، دوای ئەوەی (کارلۆ[3])ی هاوسەرت
بۆی ڕوونکردمەوە و گومانی نەهێشتم
باسی ئەو خیانەتانەی[4] کرد کە بۆ نەوە و ناتۆرەی دانداربوو. (٣)
ئینجا گوتی: (بێدەنگ بە! لێگەڕێ ساڵ بێ و بچێ.)
بۆیە دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم
ئەو دەردەی بەسەر ئێوە هات،[5] شینێکی ڕەوای بەدوادا دێ. (٦)
ڕۆحی ئەو نوورە پیرۆزەی[6] ڕووی کردبووە خۆر
کە نیعمەتی خۆی پێ دەبەخشێ و ڕووی کردبووە
ئەو (چاکە)یە کە پێویستیی هەموو کەس دێنێتە دی. (٩)
حەیف! ئەی ڕۆحی تەفرەدراو![7] حەیف ئەی گومڕاو بێبڕواینە
کە دڵتان لەسەر ئەم (چاکە) بەرزە لادەبەن و
ڕوو دەکەنە شتی پووچ و بەتاڵ! (١٢)
نوورێکی ترم لەناو ئەو نوورانە بینی، ڕووی کردە من
بە درەوشانەوەی[8] گەشی خۆی تێی گەیاندم
حەز دەکا خۆشنوودم بکا. (١٥)
(بیاتریچی) کە چاوی بڕیبووە من
وەکو پێشوو دڵنیای کردم
چی ئارەزووم لێ بێ بۆم دێتە دی.(١٨)
گوتم: (ئەی ڕۆحی موبارەک! زوو ئارەزووم بێنە دی و
بسەلمێنە من دەتوانم ئەو بیرەی لە دڵمدایە
دایبشکێنمەوە سەر تۆ!)[9] (٢١)
ئەو نوورەی کە هێشتا بۆ من نائاشنا بوو
لە ناخی خۆیەوە کە یەکەم جار چریکەی گۆرانیی لێ هەڵدەستا،
وەک یەکێ شادمان بێ بە کردەوەی چاکی خۆی، گوتی: (٢٤)
(لەو ناوچەیەی ئیتالیای[10] گەندەڵ
کە دەکەوێتە نێوان

(ڕیالتۆ) و[11] سەرچاوەکانی (برێنتا)[12] (پیاڤا)،[13]
گردێک[14] هەیە زۆر بەرز نییە
ڕۆژێ بڵێسە ئاگرێکی[15] لێ هاتە خوارەوە
ئەم وڵاتەی تووشی بەڵا و کاولکاری کرد.[16]
من و ئەو[17] لە یەک ڕەچەڵەک لەدایک بووین،
من ناوم (کونیتسا)[18] بوو، ئەوەتا لێرە دەدرەوشێمەوە
ئەم ئەستێرەیە بە تیشکی خۆی گەشاندییەوە.
لە خۆمم بوردووە. بە چارەنووسی خۆم شادم.
داخی لێ ناخۆم، هەرچەندە دەشێ
تێگەیشتنی بۆ زۆرینەی ئێوە دژوار بێ.
ناوبانگێکی گەورە لەم گەوهەرە[19] بەنرخ و پرشنگدارەی
ئاسمانی ئێمە ماوە کە زۆر لەتەک منەوە نزیکە و
لەناویش ناچێ دوای ئەم سەدەیە[20]
پێنج سەدەی تر دووبارە نەبێتەوە.
سەیر کە مرۆڤ چۆن دەبێ خۆی تەواو بکا
بۆ ئەوەی ژیانی یەکەمی ڕێ بە ژیانێکی تر بدا؟
ئەو حەشیمەتەی ئێستا کە لە نێوان
(تالیامێنتۆ) و[21] (ئادیجی)دا[22] دەژین بیر لەمە ناکەنەوە.
هەرچەندە زۆر زەبریان دیوە، هێشتا تۆبە ناکەن،[23]
بەڵام هەر زوو وای لێ دێ، خەڵکی (پادوا)
ئاوی ئەو گۆمە دەگۆڕن کە (ڤیچێنتسا) تەڕ دەکاتەوە
چونکە خەڵکەکەی بەرامبەر ئەرکەکانیان کەمتەرخەمن.
لەو شوێنەی ڕووباری (سیلی)[24] لە (کانیان)[25] دەکاتەوە،
ئەوەی بە لووتبەرزی دەڕوا دەسەڵات دەگرێتە دەست[26]
هەرچەندە تۆڕ ئامادە دەکەن تا بیگرن.
(فیلترۆ)[27] دیسان بۆ ئەو خیانەتە دەگری[28]

که شوانەی خوانانەناس کردی و ئەوەندە پیس و گەورە بوو
کەس بە هۆی شتی واوە فڕێ نەدراوەتە زیندانی (مالتا).[29] (٥٤)
ئەو بەرمیلەی خوێنی خەڵکی (فیرپرارا)ی تێ دەکرێ
دەبێ زۆر گەورە بێ و ئەو کەسەی هۆقەهۆقە بیکێشێ،
شەکەت و کەشەنگ دەبێ. (٥٧)
ئەم قەشەی ناسکە[30] دەیبەخشێ
بۆ ئەوەی هەواداریی خۆی بسەلمێنێ و
ئەم جۆرە دیارییە لە نەریتی باوی ئەو وڵاتە دەوەشێتەوە. (٦٠)
ئاوێنە[31] لەو سەرەوە هەن ئێوە پێیان دەڵێن: عەرش
خودای بانی سەر لە کاتی دادوەریدا تێیدا دەردەکەوێ،
بۆیە ئەم قسانە بە ڕاست و چاک دەزانم.) (٦٣)
ئەوسا بێدەنگ بوو، پێم وایە
بیری بۆ لایەکی تر چوو،
چونکە گەڕایەوە ناو ئەو بازنەیەی پێشتر تێیدا بوو. (٦٦)
ڕۆحە شادەکەی تریش کە وەکو تیشکی بەهار
بۆم دەرکەوت، وەک یاقووتێک خۆر لێی بدا
لە بەرچاوم بریسکایەوە. (٦٩)
لەسەرەوە شادی لە بریقە پەیدا دەبێ و
لێرە خۆشی لە خەندە سەرهەڵدەدا، بەڵام لە خوارەوە،
کە ئەقڵ پەژمردەتر دەبێ، تارمایی ڕەشتر دادەگەڕێ. (٧٢)
گوتم: (ئەی ڕۆحی پیرۆز،[32] خودا هەموو شتێ دەبینێ و
تۆیش بە جۆرێ نیگات بەناویا دەچێ،
هیچ ئارەزوویەکی منت لێ بزر نابێ. (٧٥)
ئەی بۆچی دەنگی تۆ ئارەزووەکانم ناهێنێتە دی
کە هەمیشە شادی بە ئاسمان دەبەخشێ
کە ئەو بڵێسە گڕدارانە سروود دەچڕن، (٧٨)

که شەش باڵی[٣٣] خۆیان کردووە بە باڵاپۆش؟
چاوەڕێی هیچ پرسیارم لێ نەدەکردی
ئەگەر بمتوانیایە بێمە ناو دەروونی تۆ، وەک تۆ دێیتە ناو دەروونی من. (٨١)
ئینجا دەستی بە قسە کرد:[٣٤] (گەورەترین دۆڵ و نیهال[٣٥]
که ئاوی پێدا دەڕوا
که لە دەریای[٣٦] دەوراندەوری زەوی دێتە دەرەوە، (٨٤)
بە کەناری پێچەوانەدا بەرەو ڕووی خۆر دەڕوا
خۆر کە ئەوەی پێشتر ئاسۆی بوو
دەیکا بە هێڵی نیوەڕۆ.(٨٧)
من کەنارنشینی ئەم دۆڵە بووم،
لە نێوان ڕووباری (ئێبرۆ)[٣٧] و ڕووباری (ماکرا)[٣٨]
کە بە ماوەی کورتی خەڵکی (جەنەوا) و (تۆسکانا) لێک جیا دەکاتەوە. (٩٠)
(بوجیا) و[٣٩] زادگای من لەو شوێنەیە
کە مەیلەو یەک ڕۆژهەڵات و یەک ڕۆژاوای تێدایە و
ڕۆژێ، بەندەرەکەی بە خوێنی خۆی گەرم کردەوە.[٤٠] (٩٣)
ئەوانەی ئاگاداری ناوی من بوون
پێیان دەگوتم (فۆلکۆ) و
ئەم ئاسمانە مۆری منی پێوەیە و منیش مۆری ئەو. (٩٦)
کچی (بێلۆ)٤١ لە من خراپتر بە گڕی عیشق نەسووتا
کە خراپەی دەرهەق (سیکیۆ) و[٤٢] (کروزا)[٤٣] کرد
ئەوەندەی لە ڕدێنی من بوەشێتەوە. (٩٩)
هەروەها (ڕودۆپیا)یش[٤٤] کە (دیمۆفونتی) تەفرەی دا
(ئالچیدی)یش[٤٥] کە (یۆلی) گراوی خۆی
لەناو دڵدا بوو، ئاوها نەسووتا. (١٠٢)
لێرەدا ئێمە غەمبار نیین، بەڵکو شادومانین
بەو گوناهە نا کە ناگەڕێتەوە مێشکمان،

بەڵکو بە (هێزی باڵا) کە کاری خەڵک ڕێک دەخا. (١٠٥)
لێرەدا لەو هونەرە ورددەبینەوە
کە ئەم دەزگا مەزنە دەڕازێنێتەوە و
ئەو (چاک)ەیە دەبینین کە دونیای باڵا دونیای نزمی پێ دەسووڕێنێ، (١٠٨)
بەڵام بۆ ئەوەی ئارەزووەکانت بێتە دی
کە لەم بازنەیەدا سەریان هەڵداوە،
پێویستە زیاتر لە قسەکانم بەردەوام بم. (١١١)
دەتەوێ بزانی کێ لە ناوجەرگەی ئەو تیشکەدایە
کە لە تەک مندا وەکو تیشکی خۆر
لەناو ئاوی زوڵاڵدا دەدرەوشێتەوە. (١١٤)
بزانە کە (ڕائاب)[٤٦] ئارامی تێدا گرتووە
ئەویش هاتووەتە ناو کۆڕی ئێمە و
کۆڕەکەمان مۆرکی هەرە بەرزی لێ وەرگرتووە.[٤٧] (١١٧)
بە پشتگیریی مەسیح، پێش هەموو ڕۆحێ
هەڵکشا بۆ ئەو ئاسمانەی[٤٨]
سێبەری دونیای لێ دەگاتە کۆتایی، (١٢٠)
شایەنی ئەوە بوو بخرێتە ئاسمانێکەوە
وەک ڕەمزی چڵە دارخورمای سەرکەوتنی باڵا
کە بەم دەست و بەو دەست پەیدای کردووە. (١٢٣)
چونکە پشتگیریی یەکەم سەرکەوتنی (یوزووێ)ی کرد
لە خاکی پیرۆزدا کە کەم وا دەبێ ئەمڕۆ
یادیی بە مێشکی پاپا دابێ. (١٢٦)
شاری تۆ، کە زادەی ئەو کەسەیە
یەکەم کەس بوو پشتی لە خوای خۆی کرد و
لەبەر ئێرەیی فرمێسکی زۆری ڕشت. (١٢٩)
ئەو شارە گوڵی نەفرەتی[٤٩] بەرهەم دێنێ و بڵاوی دەکاتەوە

ئەو گوڵەی مەڕ و بەرخی وێڵ و ئاوگەلە کرد،
چونکە شوانی کرد بە گورگ. (١٣٢)
ئیتر ئینجیل و مامۆستا گەورەکانیان فڕێ دا.
تەنیا فەتوا و ڕێنمایی پاپا دەخوێنن
وەکو لە پەراوێزەکاندا هاتووە. (١٣٥)
پاپا و کاردیناڵەکان بیریان هەر لەسەر ئەوەیە،
قەت بیر لە (ناتساریتی)[٥٠] ناکەنەوە،
کە جبریل باڵی بەسەردا کێشا،(١٣٨)
بەڵام (ڤاتیکانۆ) و[٥١] شوێنە پیرۆزەکانی تری ڕۆما
کە بوون بە گۆڕستان
بۆ ئەو شۆڕەسوارانەی شوێن (پیێترۆ) کەوتن، (١٤١)
بەم زووانە لە داوینپیسی ڕزگار دەبن.[٥٢] (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی نۆیەم

١. ئەمە سروودی دووەمی ئاسمانی ڤینوس، یان زوهرەیە. پێی دەگوترێ سروودی (کونیتسا دا ڕۆمانۆ) و (فولکۆدا مارسیلیا) و (ڕاحاب).

٢. کلیمینتسا Clemenza: هەندێ تۆژەرەوە وای بۆ دەچن ئەمە کچی شارل مارتیلە. شووی بە لویسی دەیەمی پاشای فەرەنسا کرد. هەندێکی تر دەڵێن مەبەست کلیمینتسا دی هابسبورگ)ی ژنی شارل مارتیل خۆیەتی کە ساڵی ١٢٩٥ بە گەنجی جوانەمەرگ بوو.

٣. کارلۆ Carlo : شارل مارتیل.

٤. مەبەستی ئەوەیە: دوای مردنی شارلی دووەم، دەبوایە تەختی پاشایەتیی ناپۆلی، بەپێی یاسا، بۆ شارل ڕۆبەری کوڕی بێ، کەچی بە فێڵ درایە ڕۆبێری برای.

٥. زۆر نزیکە مەبەستی شکستی گەلفەکان بێ لە ٢٩ی ئابی ١٣١٥ لە شەڕی مۆنتا کاتینی، بەرامبەر بە گیبیللینییەکان و لەم شەڕەدا ڕۆبێری کوڕی و برای کوژران.

٦. مەبەستی ڕۆحی شارل مارتیلە.

٧. ئەمە ڕۆحی کۆنیتسا دا ڕۆمانۆیە.

٨. زیادبوونی بریقانەوە: مەبەست ئامادەکاریی ڕۆحە بۆ کارێکی باش.

٩. دانتی جارێکی دی ڕوونی دەکاتەوە چۆن چاکەکاران بە دڵ ئاگایان لە یەکترە و بە بێ قسە لە یەک دەگەن. وەک پێشتر باس کرا.

١٠. ئەو ناوچەیەی دانتی لەسەر زمانی ئەو ڕۆحە باسی دەکا بریتییە لە ناوچەی مارکا تریڤیجیانا Marca Trivigiana.

١١. ڕیالتۆ Rialto واتە کەناری بڵند. مەبەست دوورگەیەکی ڤینیسیایە کە کڵێسەی سان مارکۆ و کۆسکی دۆگی لەسەرە. هەندێ پێیان وایە وشەی ڕیالتۆ ڕەمز بۆ قەنانی گەورەی ڤینسیا، پاشان ساڵی ١٥٨٨ – ١٥٩١ پردە بەناوبانگەکەی لەسەر دروست کرا. بە گشتی، ڕەمزە بۆ هەموو شاری ڤینیسیا.

١٢. برێنتا Brenta: ڕووبارێکە لە چیاکانی تیرۆل هەڵدەقوڵێ و لە خوار ڤینیسیا لە دەریا دەکاتەوە (دۆزەخ، س١٥، د٧).

١٣. پیاڤا Piava ڕووبارێکە لە چیاکانی ئالپی کارنی هەڵدەقوڵێ و لە باکووری ڤینیسیا لە دەریا دەکاتەوە.

١٤. گردی ڕۆمانۆ Romano: دەکەوێتە نێوان (ڤیچێنتسا) و (تریڤیجیا)، نزیک ڕووباری (برێنتا) و داوێنی چیاکانی ئالپ و لە دەشتی ناوچەی ڤنیتۆ ئەوەندە لە

(بسانۆ) دوور نییە. موڵکی بنەماڵەی نەجیبزادەی ئیتزۆلینۆ Ezzolino بوو کە دانتی خستوویەتییە ناو جۆگەی خوێنی کوڵاوی دۆزەخ (دۆزەخ، س١٢).

١٥. مەبەست ئیتزۆلینۆ دا ڕۆمانۆی سێیەمە (١١٩٢ – ١٢٥٩) کە ستەمکارێکی گیبیللینی بوو. لومباردیا و ئیمیلیا ڤالڤنیتۆی داگیرکرد. دەڵێن لە سکی دایکیدا بوو، دایکی خەونی بینی کە چراوگێکی داگیرساوی بوو و هەموو ناوچەی ماکرا تریڤیجیای سووتاند، بۆیە دانتی ناوی ناوە چراوگ. (هیکوبا)ی ژنی پریامی پاشای تەڕوادەیش کە (پاریس)ی لە سکدا بوو، خەونێکی لەو جۆرەی دی.

١٦. دوای شەڕێکی گران، ئیتزۆلینۆ ئەو ناوچانەی داگیرکرد. فریدریکی دووەم لە کارەکانی پشتی دەگرت.

١٧. واتە ئەم و ئیتزۆلینۆ خوشک و بران. کچ و کوڕی ئیتزۆلینۆی دووەم و (ئادیلای دی دێلی ئەلبرتی دی مانونیا)ن.

١٨. کونیتسادا ڕۆمانۆ (Conizza da Romano 1198 – 1279). خوشکی بچووک و شەشەمی ئیتزۆلینۆی سێیەم بوو. چوار شووی کردبوو. یەکەم جار شووی بە ڕیکاردۆ دی سان بۆنیفاچۆی خەڵکی ڤیرۆنا کرد، ئینجا شووی بە تیمیریۆ دی برجانتسی کرد و پاشان مێردی بە شۆڕەسوارێکی خەڵکی ڤیرۆنا کرد و جاری چوارەم بوو بە ژنی سالیۆنی بوتسا کارینی خەڵکی پادوا. چەند دۆستێکیشی هەبوو وەکو سۆردێللۆی شاعیری تروبادوور و بوینۆی شۆڕەسواری خەڵکی تریڤیجیا. ساڵی ١٢٦٠ لە فلۆرەنسا و لە ماڵی کاڤالکانتی دی کالکانتیی باوکی گویدۆی برادەری دانتی دەژیا. ڕەنگە دانتی لەوێ ڕاستەوخۆ ناسیبێتی، یان لە ڕێی برادەرێکەوە ناوبانگی بیستبێ. هەرچەندە ئەو ژنە هەموو ژیانی ڕابواردن بوو، قەت بێدڵیی خۆی نەدەکرد، لە ئاخروئۆخری ژیانیدا تۆبەی کرد و گەڕایەوە و زۆربەی کۆیلەکانی ماڵی خۆیانی ئازاد کرد و زۆر ئیشی خێر و چاکەی کرد. وەسیەتی کرد، پاش خۆی، سامان و داراییەکەی بدرێ بە کوڕەکانی کۆنت ئەسکەندەر ئەلبرتۆ دی مانونیا (دۆزەخ، س٣٢، د٥٧). هەر لەبەر ئەو تۆبەکردنەیەتی کە دانتی خستوویەتییە بەهەشت.

١٩. واتە ڕۆحی فولکۆ دی مارسیلیا.

٢٠. واتە یادی فولکۆ تا پێنجسەد ساڵ هەر دەمێنێ. ئەوسا بەپێی بۆچوونی سەدەکانی ناوەڕاست (٧٠٠٠) ساڵ لە تەمەنی زەوی تەواو دەبێ، واتە ناوبانگی تا ڕۆژی قیامەت هەر دەمێنێ.

٢١. تالیامێنتۆ Taglimento ڕووبارێکە لە چیاکانی ئالپی کارنی هەڵدەقوڵێ و ڕوو دەکاتە ڕۆژهەڵات و ئینجا باشوور. چل میل لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڤینیسیا لە دەریای ئەدریاتیک دەکاتەوە.

٢٢. ئادیچی Adice: ڕووبارێکە لە چیاکانی تیرۆل هەڵدەقوڵێ. بە ترینتۆ و ڤیرۆنادا دەڕوا و لە باشووری کیوجیا، لە دەریای ئەدریاتیک دەکاتەوە.

٢٣. مەبەست ئەوەیە خەڵکی پادوا ساڵی ١٣١٤ هێرشیان کردە سەر هەندێ شوێن لە ڤیچیتسا و دەوردۆری. کان گراندی دێلا سکالای، میری ڤیرۆنا، لێیان هاتە دەست و شکستی پێدان. ئەوەندە لاشەی سەربازی کوژراو کەوتە ناو ڕووباری باکیلیۆنی، بەری ئاوی گرت و بوو بە گۆلاو.

٢٤. سیلی Sile ڕووبارێکە ئاوەکەی سافە.

٢٥. کانیانۆ Cagnano ڕووبارێکە ئاوەکەی لێڵ و شێلوە، ئێستا پێی دەگوترێ بۆتتینیگۆ Bo ttinigo ئەم ڕووبارە لە دوو ڕووباری بچووکی پیاڤیزێلا Piavesella و پیکۆریلی Picorile پێک دێ. دوو ڕووباری سیلی و کانیانۆ لە نزیک تریڤیزی لە یەک دەکەنەوە. دانتی دەڵێ کە ئەم دوو ڕووبارە تێک دەکەنەوە تا ماوەیەک ئاوەکەیان تەواو خۆی لێک نادا. ئاوی سیلی هەر ساف و ئاوی کانیانۆ هەر لێڵە.

٢٦. ئاماژەیە بۆ ڕیتسادۆ دا کامینۆ (Rizzardo da Camino)ی کوڕی گراردوی دڵپاک و برای گایای جوان. ساڵی ١٣٠٦ بوو بە فەرمانڕەوای شاری تریڤیزۆ و ساڵی ١٣١٢ کوژرا.

هەندێ دەڵێن هۆی کوژرانی ئەوە بوو کە لایەنگری گیبیللینییەکان بوو و هەندێ دەڵێن پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ژنێک هەبوو. مێردی ژنەکە لە کاتی یاریی شەترەنجدا هەڵیکوتایە سەری و کوشتی.

٢٧. فێلترۆ (Feltro) شارێکە لە ناوچەی دۆلۆمیتی، دەکەوێتە نێوان باسانۆ و بلونۆ. لە سەردەمی دانتیدا لە ژێر دەسەڵاتی ئوسقوفە مینورییەکاندا بوو.

٢٨. ئاماژەیە بۆ ڕوودانێکی ساڵی ١٣١٤ کە (ئەلیسساندرۆ نۆڤێلۆ)ی مینوری هەم فەرمانڕەوای سیاسی و هەم سەرۆکی ڕۆحانیی شاری فیلترۆ بوو. هەندێ سیاسەتمەداری گیبیللینی شاری فیرڕارا پەنایان بۆ برد، بەڵام ئەو بۆ ئەوەی دڵسۆزی و وەفاداریی خۆی بۆ گەلفەکان نیشان بدا، هەمووی ڕادەستی (پینۆ دێلا توزا)ی دوژمنیان کرد و ئەویش هەمووی کوشتن. دەڵێن ئوسقوف ئەوەندە بەم کردەوەیە پەست و پەشیمان بووەوە، وازی لە ئوسقوفی هێنا و چوو خۆی خزاندە کونجی دێرێک.

٢٩. مالتا (Malta)، یان مارتا: بەندیخانەیەک بوو، پیاوە ئایینییەکانی تێدا بەند دەکران. دەکەوێتە باشووری گۆلی بولسینا. ئەو شوێنەی ڕووباری مالتای لێ هەڵدەقوڵێ: شارێکیشی هەر بەو ناوە لێیە. هەندێکی تر دەڵێن ئەو بەندیخانەیە لە

(ڤیتربۆ)یە، لە نێوان گۆلی بولسینا و ڕۆما، یان لە بورجی چیتا دێلایە، لە باکووری پادوا و لە نێوان ڤیچێنتسا و ترێڤیزۆ.

٣٠. قەشەی ناسک: بە تەوسەوە وا دەڵێ.

٣١. مەبەست لە ئاوێنە ئەو فریشتانەن کە نووری خودایان پێ دەکەوێ و لەسەر ئەوانەوە بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا دەدرەوشێتەوە.

٣٢. مەبەست ڕۆحی فولکۆ دا مارسیلیایە. شاعیر و گۆرانیبێژێکی گەڕیدەی تروو‌بادوور بوو. خەڵکی پرۆڤانس و کوڕی بازرگانێکی خەڵکی (جەنەوا) بوو. بە زۆری هاتوچۆی دەرباری پاشا و کۆنتەکانی دەکرد وەکو ڕیچاردی شێر دڵی پاشای ئینگلتەرە و ئالفۆنسی هەشتەمی پاشای کاستیلا (ئەسپانیا) و ڕێموندی پێنجەمی کۆنتی تولووز و...هتد. پێش ئەوەی بچێتە ڕیزی ڕۆحانییەکان، ژیانی سەراسەر عیشقبازی و ڕابواردن بوو. حەزی لە ئادیلاسیای ژنی قڕاڵ و ئینجا لاورای خوشکی دەکرد، هەروەها حەزی لە ئۆدیسیای ژنی گیومی هەشتەم، دی مۆپلیێ دەکرد. ساڵی ١٢٠٠ چووە خزمەت کڵێسە و ساڵی ١٢٠٥ بوو بە مەترانی تولوز و لە سەرکوتکردنی ئالپییەکان دڵڕەقییەکی زۆری نواند. ساڵی ١٢٣١مرد.

٣٣. فریشتەی سیرافین شەش باڵیان هەیە.

٣٤. ئەوەی قسە دەکا فولکۆیە.

٣٥. دۆڵ: مەبەست دەریایە و لێرە مەبەست دەریای سپیی ناوەڕاستە.

٣٦. دەریا: مەبەست ئۆقیانووسی ئەتلەنتییە کە لە کۆندا پێی دەگوترا ئۆقیانووس. پێشینان وایان دەزانی ئەم ئۆقیانووسە دەوری سەراپای وشکاتیی زەوی داوە، چونکە پێیان وا بوو زەوی هەمووی یەک کیشوەرە.

٣٧. ئێبرۆ (Ebro): ڕووبارێکە لە ئەسپانیا. لە چیاکانی برانس هەڵدەقوڵێ و بەرامبەر دوورگەکانی بلیار، لە دەریای سپیی ناوەڕاست دەکاتەوە.

٣٨. ماکرا (Macra): ڕووبارێکە لە باکووری ناوچەی لوینجانا. لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پۆنتریمۆلی هەڵدەقوڵێ و لە ڕووباری ڤارا دەکاتەوە و ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی کەنداوی ئاسپێتزیا، لە دەریای سپیی ناوەڕاست دەکاتەوە. ئەم ڕووبارە لە سەردەمی ئۆگستیسدا سنووری نێوان ئێترۆریا و لیگۆریا بوو و لە سەردەمی دانتیدا تخووبی نێوان موڵکەکانی (جەنەوا) و (تۆسکانا) بوو.

٣٩. بوجیا Buggea: شارێکە لە باکووری ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی جەزایر. لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژیی مارسیلیا. لە سەردەمی دانتیدا، بازرگانی هەنگوین و مۆم لە نێوان بوجیا و شارەکانی مارسیلیا و جەنەوا و پیرادا زۆر بە هەرمێن بوو.

٤٠. مەبەست مارسیلیایە. ساڵی ٤٩ پ.ن، لە شەڕی ناوەخۆی نێوان مارسیلیا و پۆمپیدا، بروش بە ناوی یۆلیوس قەیسەر داگیری کرد، خوێنێکی زۆری لێ ڕژا.

٤٢. بیلۆ (Belo) (بە لاتینی Belus) پاشای سوور (صور) بوو. دیدۆ (Dido)ی کچی شاژنی قرتاجە بوو. پاش سکیۆ (Sicheo)ی مێردی سوێندی خوارد دڵ بە کەس نەدا، بەڵام دوای کەمێ ئەشقی ئینیاس بوو، وەکو باس کرا (دوزەخ، س٥).

٤٢. سیکیۆ: مێردی بیلۆ بوو.

٤٣. کروزا (Creusa) کچی پریامی پاشای تەڕوادە بوو. لە ئاگری تەڕوادەدا سووتا.

٤٤. ڕۆدۆپیا (Rodopea): نازناوی فیلیدی Filide بوو (بە یۆنانی فیلیس (Phyllis): کچی پاشای تراکیا بوو، بۆیە ئەو ناوەی بەدووکەوتبوو، چونکە ماڵی لە نزیک چیای ڕۆدۆپی (Rodope) بوو. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: دیمۆفیۆنتی کوڕی زیۆس ماوەیەک دڵداریی لەگەڵ ئەو کچە کرد و پاشان پشتی تێکرد و جێی هێشت، کچەکەش کە زانیی کوڕەکە جێی هێشت، خۆی کوشت.

٤٥. ئالچیدی Alcide: ناوی خۆی هەرقەل بوو. پاڵەوانێکی ئەفسانەیی یۆنانی بوو. حەزی لە یۆلی Iole کچی یوروتوسی پاشای تسالیا کرد و هەڵیگرت و زەماوەندی لەگەڵ کرد. دیانیرای ژنی ئاگری گرت و لە ڕقان بە کراسی نیسۆس هەرقەلی مێردی خۆی کوشت.

٤٦. ڕاحاب (Raab): جندەیەکی شاری ئەریحا بوو. پاش ئەوەی یووشەعی کوڕی نوونی جێنشینی مووسا و گەورەی میللەتی ئیسرائیل خاکی کەنعانی تەواو داگیر کرد، ویستی (ئەریحا) داگیر بکا. دوو جاسووسی ناردە ناو شاری ئەریحا بۆ ئەوەی بزانن هێزی بەرگری چۆنە و خەبەری بۆ بێننەوە. دوو جاسووسەکە چوونە ماڵی ڕاحاب، کە ژنێکی جندە بوو و شەو لەوێ مانەوە، پاشای ئەریحا زانیی بەنی ئیسرائیلی ئەو شەوە دوو جاسووسیان ناردووەتە ناو شار و ئێستا لای ڕاحابن. ناردییە لای ڕاحاب و گوتی ئەو پیاوانەی ئەمشەو هاتبوونە لات جاسووسن، ڕادەستیان بکە. ڕاحاب دوو جاسووسەکەی شاردەوە و بەرەبەری بەیانی بە دزی بەڕێیکردن و خەبەری دایەوە پاشا گوتی: ڕاستە دوو کەس هاتنە لام، بەڵام شەو ڕۆیشتنەوە. بەمەوە یارمەتیی سەرکەوتنی بەنی ئیسرائیلیانی دا و یەشووع لە جنداتییەکەی خوش بوو و سلێمان هێنای و یەسووعی مەسیحی نەوەی ژمارە (٣٢)ی ئەم زەماوەندەی سلێمان و ڕاحابە وەک لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە.

٤٧. ئەمە شوێنی ڕاحاب نیشان دەدا لە ئاسمانی ڤینۆس کە لەوێ لە هەموو ڕۆحەکان درەوشاوەترە.

٤٨. واتە: کاتێ مەسیح دابەزییە خوارەوە بۆ ناو لیمبۆ، ڕاحاب یەکەم ڕۆح بوو بەرزبووەوە ئاسمان.

٤٩. گوڵی نەفرەتی: ئاماژەیە بۆ جۆرە پارەیەکی زێڕی ئەوسای فلۆرەنسا پێی دەگوترا فلۆرین. ڕوویەکی گوڵەمێلاقەی دروشمی فلۆرەنسای لەسەر بوو. بە پارەکەیان دەگوت فیۆرینۆ (Fiorino) کە (فلۆرین)ی ئێستایە.

٥٠. ناتسارێتتی (Nazzaretta) واتە: شاری ناسیرە. شارێکی فەلەستینی و زادگای عیسا بوو. ئەوەبوو لەوێ جبرائیل هاتە خوارێ و مزگێنیی لەدایک بوونی مەسیحی بە مێرەم دا کە دەزگیرانی پیاوێ بوو بە ناوی یوسف لە بنەماڵەی داود.

٥١. ڤاتیکانۆ Vaticano پایتەخت و حکومەتی پاپایە لە ڕۆما. وەکو هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ وایە و نوێنەری لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە. ڤاتیکان لە بنەڕەتدا ناوی گردێکە لەسەر کەناری دەستەڕاستی ڕووباری تیبیری (تیبیر). پیترۆس و دەستەیەک لە پیرەوکەرەکانی لەسەر ئەو گردە شەهید کران. کڵێسەی سان پیترۆ لە ڤاتیکان لەسەر ئەم گردە کراوە. کۆشکی ڤاتیکانیش هەر لەسەر ئەو گردەیە کە لە چەند بینایەک پێکهاتووە. ئەو کۆشکە بە درێژایی مێژوو، بەردەوام لە گەشەکردندا بووە. لە سەردەمی قوستەنتین (س٤) و لە سەردەمی پاپا سیماکوس (د٤،س٥) و پاپا ئۆگینوسی سێیەم (س١٢). پاش گریگۆریۆی یازدەمین ساڵی ١٣٧٣ لە ئەڤنیون گەڕایەوە، لەباتی کۆشکی لاتیرانۆ بوو بە بارەگای هەمیشەیی پاپا. لە سەدەی پازدە و لە سەردەمی نیکۆلای پێنجەم و ئەسکەندەری شەشەم و سیستۆی چوارەم و ئینشتۆی هەشتەم و جولیۆی دووەمدا زۆر گۆڕانی تێدا کرا و گەشەی پێدرا و کۆشکی ڤاتیکان بوو بە گەورەترین کۆشکی دونیا. گەورەترین دێرینخانە و گەورەترین بەڵگەخانە و کتێبخانەی تێدایە. بە درێژایی ساڵ لە هەموو لایەکی دونیاوە، بە هەزارا کەس ڕوو لەو دێرینخانە و لەو بەلگەخانە و کتێبخانەیە دەکەن و سوودیان لێ وەردەگرن.

٥٢. لە داوێنپیسیی ڕزگار دەبێ: واتە چیدی بە پارە خۆی دە بەر ئەم و ئەو ناکا. ڕەنگە دانتێ بەمەوە ئاماژە بۆ بۆنیفاچۆی هەشتەم بکا کە بە هۆکاری هەرە گەورەی گەندەڵیی کڵێسەی دەزانێ، یان مەبەستی هاتنی هێنری حەوتەم بێ بۆ ئیتالیا بۆ ئەوەی لەو دەرد و مەینەتییە ڕزگاری بکا (دۆزەخ، س١، د١٠٠) (بەرزەک، س٢٠، د١٣).

# سروودی دەیەم[1]

## ئاسمانی چوارەم

## ئاسمانی خۆر

## ڕۆحی زانا و خواناسان

دانتی باسی خوا دەکا کە نایەتە باسکردن. خوا چاوی لە هەموو گروەندەکان خۆیەتی. یەک چرکە دەسبەرداریان نابێ. دانتی داوا لە خوێنەر دەکا ڕوو بکاتە ئاسمانەکانی هەرە سەرەوە کە هێڵی ئیستیوا بازنەی بورجەکان دەبڕێ و بە لاربوونەوەی، چوار وەرزەکە دروست دەکا. خوێنەر هان دەدا بیر لە گەردوون بکاتەوە بۆ ئەوەی لە نیزامەکەی بگا.

دانتی بەرزبووەوە بۆ لای خۆر، بەڵام خۆی پێی نەزانی، چونکە بیاتریچی بە چاوتروکانێک گەیاندبیە ئەوێ. دانتی زۆر سەری سوڕما کە دیتی ڕۆحەکانی ئەوێ لە تیشکی خۆر گەشتر بوون. بیاتریچی داوای لێکرد سوپاسی خوا بکا کە بەرزی کردەوە بۆ ئەم ئاسمانە.

دانتی بەوپەڕی ملکەچی بیری لە خوا کردەوە و سوپاسی کرد.

دانتی هەندێ تیشکی بینی بە شێوەی چەپکەگوڵێکی خڕ دەدرەوشانەوە. ئاوازێکی خۆشیان لێوە دەهات لە دیمەنی گەشیان سەرنجکێشتر بوو.

لەناو یەکێ لەو تیشکانەدا گوێی لە تۆمای ئەکوینی سەرۆکی فەلسەفەی قوتابخانەیی بوو بە دانتیی گوت من پێکەتی پیر دۆمینیکۆم. لە هەمان کاتدا ئاماژەی بۆ هاوڕێکانی تری کرد کە ئەمانە بوون: ئەلبیرتۆی گەورەی مامۆستای جیهانی، فرانچیسکۆ گراتزیانۆی زانای یاسای کەنەسی، پیترۆ لومباردۆی هۆزانی خواناسی، سلێمانی دانا کە جوانترین تیشکی چەپکەگوڵەکە

بوو، دیۆنیسوسی ئەریوپاگی زانای فریشتەناسی، پاولوس ئارسیۆسی تێکۆشەری ڕێگەی مەسیحییەت، ئانیکیوس بیوتیوسی فەیلەسووف و سیاسی کە لە پێناوی ڕۆما شەهیدبوو، ئیزۆدۆری ئەشبیلی کە یەکێ بوو لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی، بیدای سوفیی ئینگلیزی، ڕیچارد دی سان ڤیکتۆری سوفیی سکۆتلەندی، سیجییر دی برابانی خواناس و فەیلەسووف کە لەپێناوی ئازادیی بیروباوەڕدا شەهیدبوو.

دانتی ئەم زانایانەی بینی سەمایان دەکرد و دەسووڕان و بە ئاوازێکی ناسک گۆرانیان دەگوت. وەکو میلی سەعاتی زەنگدار وا بوون کە ئاوازێکی خۆشی لێوە دێ.

دانتی خۆر بە ڕەمزی بیرکاری دەزانێ و لەم بارەیەوە دەڵێ ئاسمانی خۆر لەناو ئاسمانەکانی تر لە دوو لایەنەوە بە زانستی بیرکاری دەچێ لەناو زانستەکانی تر. یەکێ ئەوەیە تیشکی لە هەموو ئەستێرەکانی دی زیاترە و ڕووناکی بە هەموویان دەدا. ئەوەی تر ئەوەیە چاو ناتوانێ ڕاستەوخۆ تەماشای بکا. ئەم دوو خەسیەتەیش لە زانستی بیرکاریدا هەن. لە لایەکەوە هەموو زانستەکانی دی ڕووناکی لەو وەردەگرن و لە لایەکی تریشەوە وەکو خۆر ناتوانین ڕووبەڕوو تەماشای بکەین.

لە بارەی کاریگەریی خۆر لەسەر کنیات و هەست و سۆزی خەڵک بەرامبەر بە خۆر، خۆر ڕەمزی ڕۆحی ژیان و ڕووناکی و شکۆمەندییە. زیاتر پاشا و شازادە و پێشەوا و نەجیبزادە و گرەگرەکان دەگرێتەوە. خەسیەتەکانی ئەمانەن: توند و پتەوی، سەرکەوتوویی، جوانی و شکۆمەندی، فیز و بەرزەفڕی، ئارەزووی دەسەڵات و سەرکردایەتی، پارەپەرستی، لەبلەبانی، جوانپەرستی....

(هێزی یەکەم و تەواو)[2] کە نایەتە وەسفکردن
بە خۆشەویستییەکەوە کوڕی خۆی[3] مێژە کرد
کە هەمیشە لە هەردووکیانەوە دێ. (٣)
هەرچی بە مێشکماندا دێ و دەکەوێتە بەرچاومان
بە نیزامێکی وا پتەو دروستی کردووە
کەس ناتوانێ لێی ورد بێتەوە و چێژی لێ وەرنەگرێ. (٦)
جا ئەی خوێنەر، چاوت لەگەڵ من هەڵبڕە
بەرەو بازنە بڵندەکان. چاو ببڕە ئەو شوێنەی
سووڕانەوەی یەکێکیان ئەوەی تر دەبڕێ.[٤] (٩)
بە دڵ و داو چاو ببڕە هونەری ئەو مامۆستایەی
ئەشقی هونەرەکەی لە ناخی دڵدایە و
هەرگیز چاوی لەسەر لانابا. (١٢)
سەیر کە چۆن ئەو بازنە لارەی ئەستێرەکانی هەڵگرتووە
لەو شوێنە لێی جیا دەبێتەوە
بۆ ئەوەی باوەگۆی بانگی دونیا بداتەوە. (١٥)
ئەگەر خولگەیان لار نەبوایە،
زۆر هێزی ئاسمان پووچ دەردەچوون و
هەرهەموو هێزەکانی ئەو خوارەوە مەیلەو لەناودەچوون. (١٨)
ئەگەر لاربوونەوەیان لەو خولگەیەی بۆیان دیاریکراوە
زیاتر، یان کەمتر بێ، نیزامی دونیا
لە سەرەوە و لە خوارەوە دەبێ بە ئاژاوە. (٢١)
ئێستایش ئەی خوێنەر، ئەگەر دەتەوێ بەر لە شەکەتبوون
هەست بە شادی و بەختەوەری بکەی، دانیشە و بیر لەو ڕاستییە بکەوە
کە تەنیا چەردەیەکم بۆ باس کردی. (٢٤)
خوانم بۆ ڕازاندوویتەوە، ئێستا دەبێ خۆت خواردن بخۆی،
چونکە ئەو بابەتەی دەمەوێ بە شیعر بیهونمەوە
هەموو بایەخ و هەست و هۆشی داگرتووم. (٢٧)
سەرکاری هەرە گەورەی سروشت

که مۆری هەموو هێز و چاکەی ئاسمان لە زەوی دەدا و
بە تیشکی خۆی سووری زەمانمان بۆ دەپێوێ، (٣٠)
کە گەیشتە ئەو شوێنەی تازە باسم کرد،
لەناو بازنەکاندا دەکەوێتە خولانەوە
کە ڕۆژ بە ڕۆژ زووتر هەڵدێ. (٣٣)
گەیشتمە ناویانەوە، بەڵام بە گەیشتنی خۆمم نەزانی
هەر وەک چۆن بەر لەوەی بیرێکمان بە مێشکدا بێ
ناتوانین هەست بە گەیشتنی بکەین. (٣٦)
(بیاتریچی) بوو لە شتی چاکەوە بەرەو چاکتری دەبردم
بە شێوەیەکی ئەوەندە خێرایش
کارەکەی نەدەکەوتە چوارچێوەی زەمەن. (٣٩)
ئەوەی لەناو ئەو خۆرە بوو کە چوومە ناوییەوە
دەبێ چەند گەش و بریقەدار بێ
کە ئاوها نەک بە ڕەنگ، بەڵکو بە پرتەو دەکەوتە بەرچاو. (٤٢)
هەرچەندە هانا بە بەر بلیمەتی و هونەر و ئەزموون ببەم
هەرگیز ناتوانم لە بەرچاو بەرجەستەی بکەم،
بەڵام دەتوانین بڕوای پێ بکەین و ئارەزووی دیداری بکەین. (٤٥)
سەیر نییە ئەگەر هێزی خەیاڵمان نەگاتە ئەو جێگە بڵندە
هیچ چاوێ هەرگیز ناتوانێ شتێ ببینێ
کە بریقەی لە تیشکی ڕۆژ زیاتر بێ. (٤٨)
خانەوادەی چوارەمی باوکی پاپەرزیش وا بوو
کە ئەندامەکانی جاویدانە، سەرشارە لە خودی خۆی و
پێیان نیشان دەدا چۆن ئیلهام دەبەخشێ و منداڵ دەگروێنێ. (٥١)
(بیاتریچی) دەستی پێکرد: (سوپاسی بکە
سوپاسی خۆری فریشتان بکە کە بە بەرەکەتی خۆی
بەرزیکردیتەوە بۆ ئەو خۆرە بەرچاوە.) (٥٤)
هیچ مرۆڤێکی مردوٚخ دڵی ئامادەی ملکەچییەکی وا نەبووە
هەرگیز کەس ئەوەندەش بە سوپاس و پەرۆشەوە نەبووە وا زوو

بە هەموو خواستی خۆیەوە، خۆی بە خودا بسپێرێ. (٥٧)
وەک من بە بیستنی ئەم قسانە وام لێ هات
ئەشق و خۆشەویستیم ئەوەندە بە سۆزەوە ڕووی لەو کرد
(بیاتریچی)م لە بیر کرد و لە مێشکمدا نەما. (٦٠)
(بیاتریچی) ئەمەی پێ ناخۆش نەبوو، بەڵکو بزەیەکی بۆ کرد،
مێشکم کە بە یەک شتەوە خەریک بوو.
بەناو زۆر شتدا پەرت و بڵاوی کردەوە.(٦٣)
ئینجا زۆر تیشکی لە خۆر تیژ و دڵکێشترم بینی
ئێمەیان کرد بە قزگە و خۆیان کرد بە تاج،
شیرینیی دەنگیان لە بریسکەی دیمەنیان زیاتر بوو. (٦٦)
ئەو کەمەربەندەیش ئاوهایە کە لە دەوری کچی لاتۆنا[٥] دەیبینین
کاتێ هەوا پڕ دەبێ لە هەڵم و شێ و
تانوپۆی ئاخلەکەی ڕادەگرێ.
ئەو ئاسمانەی لێیەوە هاتوومەتەوە
گەوهەری ئەوەندە جوان و ئەوەندە گرانبەهای تێدایە
لە دەرەوەی ئەو وڵاتەدا، شتی وا بە خەیاڵی کەسدا نایە.. (٧٢)
گۆرانی تیشکەکان لەو گەوهەرانەوە دەهات.
ئەوەی باڵ بۆ خۆی نەکا پێی بفڕێ بۆ ئەو سەرەوە
با بێهوودە چاوەڕێ بکا لاڵ و پتێک دەنگوباسی بۆ بێنێ. (٧٥)
کاتێ ئەم خۆرە درەوشاوانە
وەکو ئەستێرەکانی نزیک هەردوو تەوەری چەسپیو
بە گۆرانیگوتن، سێ جار لە دەورمان سووڕانەوە، (٧٨)
وەکو ئەو خانمانەم هاتنە پێش چاو
کە سەما بە تاڵ ناکەن،[٦] بەڵکو بە بێدەنگی
ئیستێک دەکەن و گوێ ڕادێرن تا ئاوازی تازەیان دەکەوێتە بەرگوێ. (٨١)
لەناو یەکێ لەو تیشکانەدا گوێم لە دەنگێ بوو گوتی:
(تا تیشکی ئەو بەرەکەتە هەبێ کە پشکۆی خۆشەویستیی
ڕاستەقینەی پێ دادەگیرسێ و بە خۆشەویستی زۆرتر دەبێ، (٨٤)

به زۆوبوونی لەناو تۆدا گەشتر دەبێ
تا بەو پلیکانەیەدا دەتباتە سەرەوە
کە هەر کەسێ لێی بێتە خوارێ، پێیدا سەردەکەوێتەوە، (٨٧)
ئەوەی لێنەگەڕێ تینووتیت بە شەرابی
قەڕابەی ئەو بشکێنی، لەو ئاوە ئازادتر نییە
کە نەتوانێ شۆڕبێتەوە و لە ئاوی دەریا بکاتەوە. (٩٠)
دەتەوێ بزانی ئەو ئەڵقە گوڵە لە چ بنەگوڵێک کراوەتەوە
کە ئەو خانمەی هێزی چوونە ئاسمانت پێ دەبەخشێ
لە خۆی ئاڵاندووە و سەیری دەکا. (٩٣)
من یەکێ بووم لە بەرخەکانی ئەو مێگەلە پیرۆزەی
کە پیر (دۆمینیکو) بە ڕێدا دەیانهاژوا و
ئەگەر وێڵ نەبن، باش قەڵەو دەبن. (٩٦)
ئەوەی لە دەستەڕاستمە و لێمەوە نزیکە
مامۆستا و برام بوو.
ئەو (ئەلبێرتۆ دی کۆلۆنیا) و[7] من (تۆمای ئەکوینی)م.[8] (٩٩)
ئەگەر دەتەوێ هەموو ئەوانی تریش بناسی،
شوێن قسەکانم بکەوە و
چاو بەرەو ئەو تاجە گوڵینە پیرۆزە هەڵبڕە. (١٠٢)
ئەو تیشکەی تر لە خەندەی (گراتسیان)ەوە[9] دەردەچێ
کە لە هەردوو کوڕ و بیاڤدا هاوکارییەکی وای نواند
بوو بە مایەی پەسەندی بەهەشت. (١٠٥)
ئەوەی تری دواوە کە کۆرسەکەمانی ڕازاندووەتەوە
ئەو (پیێر)ەیە[10] کە وەک ژنە کلۆڵەکە[11]
گەنجینەی خۆی بە کڵێسەی پیرۆز بەخشی. (١٠٨)
پێنجەم تیشکیش[12] کە لە هەمووما جوانترە
لە خۆشەویستییەکی گەورەوە هەڵدەقوڵێ

له دونیادا هەموو عالەم تینووی بیستنی دەنگوباسین. (١١١)
ئەقڵی بەرزی لەناودایە کە حیکمەتێکی قووڵی هەیە
ئەگەر ڕاستی ڕاستیشمان بۆ ڕوونبێتەوە
کەس هەڵناکەوێ لە داناییدا ئاوقووفی بێ. (١١٤)
دوای ئەوە سەیری تیشکی ئەو مۆمە[١٣] بکە
لە دونیا، هێشتا لەناو گۆشت و پێستەدا بوو،
لە هەموو کەس زیاتر شارەزای سروشت و ئەرکی فریشتان بوو. (١١٧)
بڵێسە بچووکەکەی دوای ئەو،[١٤]
تێکۆشەرەکەی سەردەمی گاورێتیی تێدا دەخنێتەوە
کە بە نووسینە لاتینییەکانی، خزمەتی پیر (ئۆگستین)ی[١٥] کرد. (١٢٠)
ئێستا ئەگەر چاوی بیرت، لەگەڵ پیاهەڵدانی من،
لە تیشکێکەوە بگوازیتەوە سەر تیشکێکی تر،
بێشک ئێستا تینووی ناسینی تیشکی هەشتەمینی.[١٦] (١٢٣)
ڕۆحی پیرۆز بە بینینی چاکەی باڵا، شاد دەبێ
کە هەر کەسێ باش گوێی لێ بگرێ
پووچاتیی دونیای بۆ دەردەخا. (١٢٦)
ئەو جەستەیەی ئەم ڕۆحەی لێ هاتە دەرەوە
لە دونیادا لە ناو (چیلداورۆ)[١٧] ڕاکشاوە و
ڕۆحەکەی لە ئاوارەیی و شەهیدبووندا هاتووەتە ناو ئەم ئاشتییە. (١٢٩)
ئینجا سەیری بڵێسەی داگیرساوی ڕۆحی (ئیزیدۆرۆ) و[١٨]
ڕۆحی (بیدا) و[١٩] ڕۆحی (ڕیککاردۆ)[٢٠] بکە
کە لە بیرکردنەوەدا لە سەرووی مرۆڤەوە بوو. (١٣٢)
ئەمەیشیان کە سەرنجت لێ هەڵدەگەڕێتەوە بۆ لای من
تیشکی ڕۆحێکە بیری ئەوەندە گەورە و گرنگی هەبوو،
هەستی دەکرد مردن بەکاوەخۆ بۆی دێ. (١٣٥)
ئەمە تیشکی جاویدانی (سیجییێری)یە[٢١]

کاتێ لە کۆڵانی حەسیرفرۆشان[22] دەرسی دەگوتەوە
بە ژیربێژی ڕاستیی وای دەردەبڕی ڕق و ئێرەیی لە خۆی ورووژاند (١٣٨)
وەک سەعاتی زەنگدار کە بەخەبەرمان دێنێ،
کاتێ خانمی خودا بەخەبەر دێ و ویردی[23]
بەیانی بۆ سەرەوەرەکەی دەخوێنێ تا خۆشی بوێ٢٤ (١٤١)
کاتێ لایەک لایەکی تری ڕادەکێشێ و پاڵی دەدا
زایەڵە و زرنگەیەکی ئەوەندە خۆشی لێوە دێ
ڕۆحی تەیار کەیلی خۆشەویستی دەکا. (١٤٤)
بە هەمان شێوە، بازنەی شکۆمەندم دی دەسووڕا و
گۆرانی دەگوت و دەنگ و ئاوازەکانی ئەوەندە بە خۆشی و شیرینی
لێکیان وەردەگرتەوە، کەس تێیان نەدەگەیشت (١٤٧)
تەنیا لەو شوێنە نەبێ کە شادیی هەتاهەتایی بەردەوام دەبێ. (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی دەیەم

١. ئەمە یەکەم سرووده لەو چوار سروودەی بۆ ئاسمانی خۆر تەرخانکراون. پێی دەگوترێ (سروودی دوازده دانا) دانتی بە پێشەکییەکی گران و سەنگین دەست بەم سرووده دەکا، چونکە دەیەوێ لەو کاریگەره ڕزگاری بێ کە لە کۆتایی سروودی پێشوودا فولکۆدی مارسیلیا لای جێهێشت. جگە لەوەیش ئێره پنتی گواستنەوەیە لە ناوچەی ئەو ڕۆحانەی هێشتا کەموکورتی زەوییان پێوه ماوه، بۆ ناوچەی ئەو ڕۆحانەی گەیشتوونەتە پلەی کەماڵ.

٢. واتە باوک، یان خودا کە دانتی بە دەسەڵات، یان بە هێزی یەکەم و سەرەکی باسی دەکا.

٣. کوڕ، لایگاورەکان، واتە دانایی.

٤. ئاماژەیە بۆ یەکسانیی شەو و ڕۆژ لە سەرەتای بەهاردا (کە خۆر لە بورجی کاوڕ)ە و لە سەرەتای پایزدا (کە خۆر لە بورجی تەرازوو)ە کە لە ئەنجامی یەکتربڕینی جوولانەوەی ڕۆژانەی هەسارەکانەوه بە دەوری زەویدا لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژاوا پەیدا دەبێ. لەگەڵ سووڕانەکەی تری بازنەکە وەکو سووڕانەوەی ساڵانەی خۆر لە ناوچەی بورجەکاندا لە ڕۆژئاواوه بۆ ڕۆژهەڵات، کە لاره لەسەر هێڵی ئیستیوادا.

٥. کچی لاتۆنا (Latona) کچی زیۆس. دایکی ئاپۆلۆن و ئارتەمیس بوو. ئاپۆلۆن (بە یۆنانی فیبۆس) ڕەمزی خۆر بوو و ئارتەمیس (بە لاتینی دیانا) ڕەمزی مانگ بوو. کەمەربەندی لاتۆنا مەبەست ئاخڵەی دەوری مانگە.

٦. ئەم وێنەیە لە سەما و گۆرانی (باڵێ) وەرگیراوه کە لە سەردەمی دانتیدا لە تۆسکانا باو بوو. ئەم سەمایە بە شێوەی بازنەیی دەکرا. هەموو سەماکەرەکان دەستی یەکتریان دەگرت. سەرۆکی تیپەکە بەندێکی لە گۆرانیی سەماکە دەگوت و سەمارەکەرەکان لەگەڵ ئاوازی گۆرانییەکە سەمایان دەکرد. کە لە بەندێکی گۆرانییەکە دەبووەوه، سەماکەرەکان چاوەڕێی بەندی تریان دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاوازی گۆرانییەکە دەست بە سەما بکەنەوه. (ئەمە زۆر لە شایی و هەڵپەرکێی کوردیی خۆمان دەکا.) سان بازلیو کە لە سەدەی چوارەمدا لە قوستەنتینە ژیاوه، ڕای وایە سەما تایبەتە بە فریشتان و ئەوەی بتوانێ لاسایی فریشتان بکاتەوه، بەختەوەره. لە سەردەمی دانتیدا، نوێنەرەکانی پاپا لە پاریس ئەم شێوه سەمایەیان لە هەندێ بۆنەوه، لە شەقام و گۆڕەپانەکانی شاردا، لە مامۆستایانی زانکۆ قەدەغە کرد. کەچی لێرەدا دانتی وا دادەنێ ئەو زانا سەنگینانە لە ئاسمانی خۆردا، سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن وەک ئەوەی تۆڵەی دونیانیان بۆ بکاتەوه کە سەما و گۆرانییان لێ قەدەغە کرابوو.

٧. ئالبێرتۆ دی کۆلۆنیا (1280 – 1193) (Alberto di Cologna Magnus) زانایەکی ناسراوی مەسیحی بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. لە دۆڵی دانوبی سەروو لە باڤاریا لەدایک بووە. لە پاڤیا و پاریس خوێندوویەتی. ساڵی ١٢٢٢ چووە ڕیزی دۆمینیکەکان، لە کۆلۆنیا و ڕاتزبۆن و فرایبورگ و ستراسبورگ و هلیدشایم و پاریس دەرسی گوتووەتەوە. بڕوانامەی دکتۆرای لە پاریس وەرگرتووە. ئەسکەندەری چوارەم ساڵی ١٢٦٠ بە ئوسقوفی ڕاتزبۆن دایمەزراند. زانیارییەکی فرەلایەنی هەبوو، بە ئوستادی جیهانی ناسرابوو.

٨. تۆمای ئەکوینی (1274 – 125) (Thomas D Aquino)، یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی لاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. پاش مردنی، کڵێسە نازناوی پیر – سان –ی پێ بەخشی، بوو بە سان تۆمای ئەکوینی. لە ڕەچەکێکی نەجیبزادە بوو. خزمایەتیی لەگەڵ زۆربەی بنەماڵەی پاشاکانی ئەورووپا هەبوو. ساڵی ١٢٢٩ لە ڕوکاسیکای قەڵای باوکی کۆنت ئەکوینۆ لەدایک بووە کە دەکەوێتە گۆشەی باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی کامپانیا و باکووری کەنداوی گاییتا. لە دێری مۆنتکاسینۆ، لە ناپۆلی خوێندوویەتی. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا چووە ڕیزی دۆمینیکەکان، پاشان لای ئالبێرتۆ کۆلونی گەورە لە کۆلۆنیا خوێندوویەتی، ئینجا لە ڕۆما و بۆلونیا خوێندوویەتی. بوو بە ڕاوێژکاری لویسی هەشتەم. ساڵی ١٧٧٢، لەسەر دوای شارل دانژووی یەکەم گەڕایەوە ئیتالیا بۆ ئەوەی لە زانکۆی ناپۆلی وانە بڵێتەوە. گریگۆریۆی دەیەم ساڵی ١٢٧٤ داوای لێ کرد لە کۆڕی لیۆن ئامادە بێ. لە ڕێگەدا بۆ ئەوێ، لە فۆسانوڤا کۆچی دوایی کرد.

٩. گراتزیانۆ، فرانچیسکو گراتسانۆ (Francesco Graziano) زانایەکی مەسیحیی بەناوبانگ بوو. لە ئاخروئۆخری سەدەی پازدەدا لە کیوزی لە تۆسکانا، لەدایک بووە. سەر بە تیپی گەورەی فرانچیسکان بوو. لە دێری بۆلۆنیا وانەی دەگوتەوە. دانەری یاسای کڵێسە بوو. هەوڵی دەدا یاسای ئایینی و نەریت بەیەکەوە بگونجێنێ.

١٠. پێترۆ لۆمباردۆ (1164 – 1100) ( Petro Lombardo) زانایەکی کاتۆلیکی بوو. لە نزیک نۆڤارا لەدایک بووە. لە بۆلۆنیا و پاریس لای ئابیلار خوێندوویەتی، پسپۆڕ بووە لە لاهووت و بووەتە ئوسقوفی پاریس.

١١. ئاماژەیە بۆ بێوەژنێکی هەژار. دوو فلسی هەبوو. هەردوو فلسی لە ڕێی خودا بەخشی، بەمەوە لە هەموو کەس زیاتری بەخشی، چونکە چیی هەیبوو هەمووی بەخشی.

١٢. ئاماژەیە بۆ سلێمان (Solomon) کە پێیان دەگوت سلێمانی دانا. کوڕی داود و سێیەم پاشای ئیسرائیلییان بوو. لە ٩٦٠ – ٩٢٢ پ.زدا فەرمانڕەوایی کردووە. لە (حومس)ەوە تا کەنداوی عەقەبەی لە بەردەستدا بووە. لە سەردەمی ئەودا ئاشتی بەرقەرار بوو. بازرگانی و پیشەسازی گەشەی سەند و بنیای گەورە گەورە دروست کرا. بە دانایی و فەلسەفە و دادپەروەری و زانست و مۆسیقا و شیعر و پەند و ئامۆژگاری بەناوبانگ بوو. سەدان ژنی لە حەرەمدا هەبوو. کچی فیرعەونی میسر و عەشتروتی سەیدایی و بەلقیسی شاژنی سەبا ژنی بوون.

١٣. ئاماژەیە بۆ دیۆنیسیوسی ئاریۆپاجی (Dionysius Areopagite). لە عەیانەکانی ئەسینا بوو. ساڵی ٥٢ لەسەر دەستی سان پۆلس بوو بە مەسیحی. دەڵێن یەکەم ئوسقوفی ئەسینا بووە. ساڵی ٩٥ شەهیدکراوە. کتێبێکی لەبارەی پۆلێنکردنی فریشتەی ئاسمان لە پاش بەجێ ماوە.

١٤. لە بارەی خاوەنی ئەم تیشکەوە. جیاوازی لە نێوان تۆژەرەواندا هەیە، بەڵام ڕای هەرە باو ئەوەیە ئەمە (پاولۆ ئورۆزیۆ)یە. کە لە ئاخروئۆخری سەدەی چوارەمدا لە تاراگۆنا، لە باشووری ڕۆژئاوای بەرشەلونە (ئەسپانیا) لەدایک بووە. لە (هیپۆ)ی نزیک بوونەی ئێستا لە جەزائیر، لای سان ئۆگستین خوێندوویەتی، چووەتە فەلەستین و گەڕاوەتەوە باکووری ئەفریقیا. کتێبێکی لە حەفت بەرگدا لە بەرگریکردن لە بیروباوەڕی مەسیحی و ڕەتدانەوەی بیروباوەڕی یۆنانی و ڕۆمانی نووسیوە.

١٥. سان ئۆگستین Agostino S یەکێکە لە باوکە هەرە گەورەکانی کڵێسە. کتێبێکی هەیە بە ناوی (شاری خودا).

١٦. مەبەست ئانیکیوس سیڤیرینوس بۆیتیوس Anicius Severinus Boethius 475 – 525 فەیلەسووف و سیاسەتمەدارێکی ڕۆمانی بوو. ئانیکیوس لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوو. ئەندازەی ئەقلیدس و مۆسیقای فیتاگۆرس و ژمارەی نیکۆماخوس و میکانیکی ئەرخەمیدس و ئەستێرەناسی بتلیموس و تیۆلۆجیای ئەفلاتوون و ژیربێژیی ئەرەستۆی خوێندبوو. زەماوەندی لەگەڵ ڕوستیکانای کچی سیماکوسی ئەندامی سەنات کرد و ساڵی ٥١٠ بوو بە قونسوڵی ڕۆما. حەسوودییان پێ هات و بوختانیان پێ هەڵبەست گوایە ویستوویەتی تیودۆری پاشای قووتییە ڕۆژهەڵاتییەکان بکوژێ. پاشا دەستی بەسەر موڵک وماڵیدا گرت و لە بورجێکی بڵندا زیندانی کرد و لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتی. لە کاتی بەندبوونیدا کتێبێکی نووسی بە ناوی (لەبارەی دڵخۆشی لە فەلسەفەدا). پاش کوژرانی لە شاری پاڤیا و لە کڵێسەی چێلداورۆ ناشتیان.

١٧. کڵێسەی چێلداورۆ: کڵێسەی ساپیتەزێڕ.

١٨. ئیزۆدۆرۆی ئەشبیلی (560 – 636) (Isodoro di Siviglia)

له قەرتاجە، لەسەر کەناری باشووری رۆژهەڵاتی ئەسپانیا لەدایک بووە. له ئەشبیلیە مردووە. یەکێ لە کتێبەکانی زانیاریستانێکی بیست بەرگییە لەبارەی زانستی ریشەناسیی وشە (ئیتمۆلۆجیا). ئەم کتێبە لە سەدەکانی ناوەراستدا لە هەموو شوێنێ دەخوێندرا.

١٩. بیدا (735 – 674) (Beda) لە ویرمۆت لە باکووری رۆژهەڵاتی درام، له باکووری ئینگلتەرە هاتووەتە دونیا. چووە ریزی کەهەنووت و زۆربەی ژیانی خۆی لە دیری گارۆ بەسەربرد. نووسەرێکی زۆر بە بەرهەم بوو. چل بەرگە کتێبی مێژوویی و ئایینیی هەیە. لە هەموویان گرنگتر مێژووی ئایینی ئینگلتەرەیە. بە باوکی مێژووی ئینگلیزی دادەنرێ.

٢٠. ریککاردۆ (ریچارد دی سان ڤیکتۆر) بە رەچەڵەک سکۆتلەندی بوو. یەکێ بوو لە پیاوە ئایینییەکانی سەدەی دوازدەم. لە پاریس خوێندوویەتی. بووە بە سەرۆکی دێری ڤیکتۆر لەسەر گردی سان جنڤییڤ لە پاریس، ساڵی ١١٧٣ کۆچی دوایی کرد.

٢١. سیجێیر دی برابان: پیاوێکی ئایینی و دانایەکی فرەنسی بوو. خەڵکی برابان بوو. مامۆستایەکی بەناوبانگی زانکۆی پاریس بوو لە سەدەی سێزدەمدا. زۆر بە توندی دژی بۆچوونەکانی تۆمای ئەکوینی و بیروڕای تیپی دۆمینیکان وەستا، بۆیە ساڵی ١٢٧٧ کڵێسە بە زەندەقە حوکمی دا و ساڵی ١٢٨٣ بە زیندووی چاوان سووتاندیان. خۆی حەزی دەکرد زوو بمرێ بۆ ئەوەی لەم دونیا پرووپووچە رزگاری بێ، بەڵام هەستی دەکرد مردنی بە درەنگی بۆ دێ.

٢٢. کووچەی حەسیرفۆشان: تا سەدەی سێزدە بە شەقامی قوتابخانە، یان شەقامی قوتابیان ناسرابوو. لە سەدەی چواردەدا ئەو ناوەی بەسەردا برا، چونکە حەسیری لێ دروست دەکراو دەفرۆشرا و قوتابی لە حەوشەی قوتابخانە لەسەر حەسیر دادەنشیتن. لەگەڵ شەقامی دانتی، شەقامی گالاندایان بەینە. شەقامی حەسیران و شەقامی دانتی بە تەریب دەڕۆن و دەکەونە نزیک مەیدانی مۆبێری ئێستا لە گەڕەکی لاتینی پاریس. ئەوەیش جێی مشتومرێکی زۆر بووە، ئاخۆ دانتی پاریسی دیوە؟ یان نا؟

٢٣. بووکی خودا: مەبەست کڵێسەیە لای مەسیحییەکان و مەبەستی هەستانی بەیانی زووە بۆ نوێژ.

٢٤. ئەمە وێنەی گۆرانیچڕینی عاشقانە لەبەر پەنجەرەی گراوییەکانیان وەکو لە نەریتی هەموو دونیادا هەیە. لێرە بۆ مانایەکی ئایینی بەکار هاتووە.

***

# سروودی یازدەم[1]

## ئاسمانی چوارەم

## ئاسمانی خۆر

## ڕۆحی زانا و خواناسان

دانتی سووربوونی مرۆڤ لەسەر کاروباری دونیا ڕسوا دەکا کە لە سەرەوە مرۆڤ دادەبەزێنێ بۆ خوارەوە. کەچی ئەو خۆی لە پەڵەی گوناه پاکبووەتەوە لەگەڵ بیاتریچی هەڵکشاوە بۆ ئاسمان.

تومای ئەکوینی دەستی بە قسە کردەوە بۆ دانتی، گوتی: دەزانم تۆ چ گومانێکت لە دڵدایە. نیعمەتی خوا، کە کەس ناگاتە بنی، پیر فرانچیسکۆ و پیر دۆمینیکۆی بۆ ڕێنماییکردنی کلێسە ڕەوانە کرد. هەریەکە لەوانە بەپێی پرۆگرامی خۆی بۆ سەرفیرازیی کلێسە تێکۆشا. گوتی: فرانچیسکۆ لە بەری بەپیت و بەرەکەتی چیای سوبازیۆم، لە ئاسسیزی لەدایک بووە. وازی لە خۆشیی دونیا هێنا، هەرچەندە باوکیشی ناڕازی بوو. هەژاریی هەڵبژارد. مریدی لە دەورە کۆبوونەوە. زوننار‌ی شوانانیان لە پشت دەبەست و بەپێ خواسی دەگەڕان. فرانچیسکۆ ڕوخسەتی لە ئینێنۆچێنتۆی سێیەم وەرگرت بۆ دروستکردنی نیزامێکی ڕەبەنایەتی. ئۆنۆریۆیش لەمەدا پشتگیریی کرد.

ئەکوینی گوتی: فرانچیسکۆ لە کاتی هێرشی شەشەمی خاچپەرەوەران لە میسر ڕووی کردە ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی مەسیحییەت بڵاو بکاتەوە، بەڵام بێهوودە بوو. گەڕایەوە ئیتالیا و لە بانگەوازی ئایینیی خۆی بەردەوام بوو. ئەوسا وەک مەسیحی دەڵێن لەسەر شاخی ئەلڤرینیا برینەکانی مەسیحی لە جەستەدا دەرکەوت. کە کەوتە گیانەڵا داوای کرد تابووتی هەژاری بێ و بەس.

ئەکوینی باسی هاوکاریکردنی پیر دۆمینیکۆی کرد لە خزمەتی کلێسەدا، ئینجا گوتی: ئەگەر خەڵک لاڕێ و گومڕا نەبن، گەندەڵی نامێنێ و کاروباری دین و دونیا چاک دەبێ.

ئەی تەلاشی گەوجانەی مرۆڤی مردۆخ[2]
ئەو پێوەرە چەند پووچ و بەتاڵە
کە بە شەققەی باڵی تۆ دادەبەزێتە خوارێ.[3] (٣)
یەکێ کەوتبووە دوای یاسا، یەکێ شوێن پزیشکایەتی[4] کەوتبوو،
یەکێ ڕێی خواپەرستیی گرتبوو،[5] یەکێ دەسەڵاتی گەرەک بوو، چ بە هێز و چ بە فێڵ، (٦)
یەکێ خەریکی تاڵانوبڕۆ بوو، یەکێ بازرگانی،
یەکێ لەناو چێژ و ڕابواردنی جەستەیی پەلەقاژەی بوو،
یەکێ خۆی دابووە دەست تەمبەڵی و بێکاری. (٩)
کەچی من، لەم هەموو شتە ئازاد بووم،
لە ئەسمانەوە، لەگەڵ (بیاتریچی)دا
بە گەرمی و سەربەرزی پێشوازیمان لێ دەکرا. (١٢)
کاتێ هەریەکە گەڕایەوە ئەو شوێنەی بازنەکە
کە پێشتر لێی بوو و لەوێ سەقامی گرت
وەک سەقامگرتنی مۆم لەناو مۆمداندا. (١٥)
لەناو ئەو تیشکەی یەکەم جار قسەی بۆ کردم[6]
گوێم لە دەنگێ بوو، بە دەم خەندە و
بریسکانەوەی زیاتر، دەستی پێکرد: (١٨)
(چۆن من بە تیشکی ئەو دەبریقێمەوە[7]
بەم جۆرە کە لە تیشکی جاویدانیی ئەو نز دەبمەوە
دەزانم سەرچاوەی بیر و ئەندێشەت لە کوێوە دێ. (٢١)
تۆ بە گومانی و حەز دەکەی بە زمانێکی
زۆر ڕوون و ئاشکرا قسە بکەم،
کە لە ئاستی تێگەیشتنی تۆدا بێ. (٢٤)
گومانی تۆ لەوەدایە کە پێشتر گوتم: (باش قەڵەو بن)،
هەورەها گوتم: (هیچ ئاوقووفی نییە.)
لێرەدا پێویستە ئەمانە بە وردی ڕوون بکرێنەوە. (٢٧)
ئیرادەی خوا بە عەقڵێک دونیا بەڕێوە دەبا

نیگای هیچ بوونەوەرێ ناگاتە قووڵایی بنی
چاوی دەنووسێ و وێڵ دەبێ. (٣٠)
بۆ ئەوەی بووک بچێتە لای خۆشەویستەکەی
کە بە خوێنی پیرۆزی خۆی و بە هاواری بڵند
کردی بە هاوسەری خۆی. (٣٣)
بۆ ئەوەی زیاتر متمانەی بە خۆی هەبێ و
دڵسۆزتر بێ، ئیرادەی خوا دوو میری[٨] بۆ داناوە
دەتوانن، هەریەکە لە لای خۆیەوە ڕێنمایی بکا. (٣٦)
یەکێکیان لە درەوشانەوەدا سیرافی[٩] بوو،
ئەوەی تر بە دانایی زەمینیی خۆی،
تیشکێکی (کەڕوبی)[١٠] هەبوو. (٣٩)
من تەنیا باسی یەکێکیان دەکەم،[١١]
چونکە ئەوەی بە یەکێکیان هەڵبلێ- هەر کیهە بێ-
هەردووکیان دەگرێتەوە، چونکە یەک ئامانجیان هەیە. (٤٢)
قەدپاڵێکی بەپیت لە نێوان (توپینۆ) و[١٢] ئەو جۆگایە[١٣] دادەکشێ
کە لەو چیایەوە شۆڕدەبێتەوە خوارێ
(ئوبالدۆ)ی[١٤] پیرۆز هەڵیبژاردبوو. (٤٥)
(پیروجیا)[١٥] لەوێ، لای (پۆرتا سۆلی)[١٦]
هەست بە گەرما و سەرما دەکا و لەودیویشەوە،
(نۆچیرا) و (گوالدۆ)[١٧] لەژێر نیری گران زاری دەکەن. (٤٨)
لەملایەشەوە کە تەلان لە هەمووی ڕکتر دەبێ
خۆرێک[١٨] هاتە دونیا وەک ئەو خۆرەی
لەسەر ڕووباری (گەنجە) هەڵدێ. (٥١)
جا ئەوەی باسی ئەو شوێنە دەکا، با پێی نەڵێ
(ئاشیزی)،[١٩] چونکە قسەکەی ناتەواو دەبێ،
ئەگەر دەیەوێ قسەی ڕاست بکا. با بڵێ (ڕۆژهەڵات)! (٥٤)
ئەم خۆرە هێشتا زۆر لە شوێنی هەڵاتنی دوور نەکەوتبووەوە
هەندێ لە نیعمەتی گەورە و وەجبەخشی خۆی

بەسەر ڕووی زەوی گەیاند. (٥٧)
لەپێناوی ئەو خانمەی[٢٠] هیچ کەس
دەرگای چێژی لێ ناکاتەوە، وەک لە مردنی ناکاتەوە.[٢١]
بە گەنجێتی ملی لەبەر ملی باوکی نا. (٦٠)
لە بەرامبەر کۆڕی ڕۆحی و لە حزوور باوکیدا[٢٢]
خۆی لەگەڵ لێکدا و[٢٣]
ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆشەویستیی کەوتە دڵ، (٦٣)
کە ئەو خانمە لە شووی یەکەمی[٢٤] بێبەش بوو،
هەزار و سەد ساڵ و ئەوەندە بە ناکامی و ڕسوایی و
بێ داخوازیکەر[٢٥] مایەوە تا ئەمەی بۆ پەیدا بوو. (٦٦)
بێهوودە دەڵێن ئەوەی بە نەڕەی دەنگی خۆی
زەندەقی هەموو دونیای بردبوو،
بە ئارامی لە تەک (ئامیکلاتی)دا[٢٦] بینیی. (٦٩)
بێهوودە بوو، چونکە وێ ئازا و بەجەرگ بوو
لەگەڵ مەسیح چووە سەرداری چەلیپا و بۆی گریا
لە کاتێکدا کە ماریا هەر لە خوارەوە بوو، (٧٢)
بەڵام بۆ ئەوەی قسەکەم لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز و بڵۆز نەبێ
لە قسەی دوورودرێژم تێبگە
ئەو دوو دڵدارە (فرانچیسکۆ) و (هەژاری) بوون. (٧٥)
مەستی و خۆشەویستییان، سەرنجی ناسکیان،
هەماهەنگی و بریقەی ڕوخساریان،
زادەی بیروباوەڕی پیرۆزیان بوو. (٧٨)
(بەرناردۆ)ی[٢٧] شکۆمەند یەکەم کەس بوو
سۆلی داکەند و[٢٨] بەدوای ئەو ئاشتییەدا ڕایکرد
بە خێرایی غاری دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا وایدەزانی هیچ نابەزێ. (٨١)
ئای سامانی کەسنەزان! ئای چاکەی بەپیت و فەڕ!
(ئیجیدیۆ)[٢٩] سۆلی داکەند، (سیلڤێسترۆ)[٣٠] سۆلی داکەند
دوای ئەو مێردە کەوتن، چونکە پەرۆش بوون بۆ بووک. (٨٤)

ئەوسا ئەم باوکە و ئەم مامۆستایە لەگەڵ خانمەکەی و
لەگەڵ ئەو خانەوادەی زوننارى سادە[٣١]
پێکی دەبەستنەوە، کەوتنە ڕێ. (٨٧)
هەرگیز نە سستی و زەبوونیی دڵ، چاوی پێ شۆڕکرد
نە کوڕی (پییترۆ برناردوونی).[٣٢] نە خۆی لەوە لادا
کە بە چاوی سووک سەیری بکەن. (٩٠)
بە پێچەوانەوە بە شێوازێکی شاهانە نیازی پتەوی خۆی
بۆ پاپا (ئینۆچێنتسیۆ)[٣٣] دەربڕی و
یەکەم مۆری بۆ ڕێبازی خۆی لێ وەرگرت. (٩٣)
کاتێ برا هەژارەکان لەو کەسە کۆبوونەوە
کە ژیانی یەکەمی شیاوی ئەوە بوو
لە ئاسمانان گۆرانیی پێ هەڵبدەن، (٩٦)
ئارەزووی پیرۆزی ئەو شوانە[٣٤]
بە ئیلهامی ڕۆحی پیرۆز و بە دەستی پاپا (ئۆنۆریۆ)
تاجێکی تری[٣٥] لە سەر نرا. (٩٩)
کاتێ لە تینوێتیی شەهیدبووندا،
لە حزوور سوڵتانی کەللەڕەق و سەرسەختدا
مزگێنیی مەسیح و پێڕەوکەرەکانی دا،[٣٦] (١٠٢)
کە دیتی خەڵکەکە سەرسەختن و نایەنە سەر ڕێ
بۆ ئەوەی بێهوودە لەوێ نەمێنێتەوە،
گەڕایەوە بۆ ئەوەی میوەچنی لە درەختی ئیتالیا بکا. (١٠٥)
لەسەر شاخی ڕەقی[٣٧] نێوان (تیڤیرۆ) و (ئارنۆ)
دوا شەقڵ و نیشانەی لە مەسیح وەرگرت
کە دوو ساڵ بە ئەندامەکانییەوە بوو. (١٠٨)
کاتێ ئەوەی ئەو چاکە گەورەیەی لەگەڵ کردبوو، [٣٨]
ویستی بیباتەوە ئاسمان و ئەو پاداشتەی بداتەوە
کە بە شکاندن و سووککردنی خۆی شایستەی[٣٩] بووبوو، (١١١)
خانمی ئازیزی خۆی بە براکانی کە میراتگری بوون

سپارد و پێی گوتن و فەرمانی پێکردن
به دڵسۆزی خۆشیان بوێ. (١١٤)
ئەوسا ڕۆحی سەرفیرازی ویستی لەناو
سینگی بێتە دەری و بفڕێ و بگەڕێتە وڵاتی خۆی،
تابووتی تری بۆ جەستەی خۆی نەویست[٤٠] (١١٧)
ئێستا بیر بکەرەوە کێ بوو، بوو بە هاوڕێی لێوەشاوەی
بۆ ئەوەی لە ناوەندی دەریادا، کەشتیی (پیێترۆ)[٤١]
به سەلامەتی بگەیەنێتەوە سەر کەنار؟ (١٢٠)
ئەوەیان ڕێبەری ئێمە بوو،
هەر کەس بە فەرمانی خۆی شوێنی کەوێ،
دەبینی چ کالایەکی باشی بارکردووە، (١٢٣)
بەڵام ڕانەکەی ئەوەندە برسی و تامەزرۆیە
بۆ پاوانی تازە، ناتوانێ خۆی بەرزەفت بکا
بەناو لەوەڕگای جۆراوجۆردا پەرت و بڵاو دەبێتەوە. (١٢٦)
تا مەڕەکانی زیاتر بەملا و بەولادا بچن و
دوورتر بکەونەوە، [٤٢]
بەبێ شیرتر دەگەڕێنەوە هۆرەکەیان. (١٢٩)
ڕاستە، هەیانە لە وێڵبوون دەترسن
توند خۆیان بە شوانەکەوە دەقرسێنن، بەڵام ئەمانە
ئەوەندە کەمن بە پارچە پەڕۆیەک دادەپۆشرێن. (١٣٢)
ئێستا ئەگەر قسەی منت پێ کاڵوکرچ نەبێ،
ئەگەر بە وردی گوێت بۆ ڕاگرتبێ
ئەگەر تێبگەی چیم پێ گوتیت، (١٣٥)
ئارەزووت تۆزێ دێتە دی.
خۆت دەبینی بۆچی چڵی درەخت لە گەڵا ڕووت دەبێتەوە،
دەرک دەکەی قسەکەم چ بناشتێکی تێدایە: (١٣٨)
(ئەگەر وێڵ نەبێ، قەڵەو دەبێ!) (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سرروودی یازدەم

١. ئەمە سرروودی دووەمە لە سرروودەکانی ئاسمانی خۆر. پێی دەگوترێ (سرروودی سان فرانچیسکۆی ئاسسیزی).

٢. ئەم سەرەتایە بەردەوامبوونی هەرەشەی کۆتایی سرروودی پێشووە لە خەڵک کە پشتیان کردووەتە ئاسمان و ڕوویان کردووەتە دونیا.

٣. مەبەست لێکۆڵینەوەی یاسای دینی و دنیاییە.

٤. ئاماژەیە بۆ کتێبێکی بەناوبانگی (ئیبوکرات)ی پزیشکی یۆنانی بەم ناوە. کتێبەکە بایەخ بە دەستنیشانکردنی بەرژەنی نەخۆشی دەدا.

٥. بێگومان دانتی کە دەڵێ هەندێ کەس لاهووت دەخوێنن و دەچنە ڕیزی کاهینەکان لە دڵسۆزییان نییە، بەڵکو بۆ پارە و سامان کۆکردنەوەیانە، مەبەستی سووکایەتیکردن نییە بە هەموو کاهینەکان، بەڵکو ڕەخنەیە لەو کەسانەی لایەنی دینداری بۆ کۆکردنەوەی سامانی دنیا بەکار دێنن، چونکە پیاوی ئایینیی ڕاستەقینە دەبێ لە قرێژی ئازوەریی دنیا پاک بووبێتەوە.

٦. مەبەست ئەوەیە تۆمای ئەکوینیی دەستی بە قسە کردەوە.

٧. مەبەستی نووری خودایە.

٨. مەبەست سان فرانچیسکۆ و سان دۆمینیکۆیە. یەکەمی بە سیرافین و دووەمی بە کەڕووبی چواندووە.

٩. سیرافین: دەستەیەکن لە فرشتە، ڕەمزی عەشقی داگیرساون.

١٠. کەڕووبی: دەستەیەکن لە فریشتە، ڕەمزی دانایی یەزدانین.

١١. ئەمە سان فرانسوا داسسیزییە. ئاسسیزی Assisi: شاری زادگای فرانچیسکۆ بوو.

١٢. توپینۆ Tupino: ڕووبارێکی بچووکە لە (ئاپیننین)، لە ناوچەی ئومبریا هەڵدەقوڵێ و بە نۆچیرا و فۆلینیۆدا دەڕوا و بە لای باشووری ڕۆژئاوای چیای سوبازیۆدا دەسووڕێتەوە و لە باشووری پیروجیادا، لە ڕووباری تیڤیری (تیبیر) دەکاتەوە.

١٣. جۆگە: مەبەست ڕووباری کیاشۆ Chiaschoیە کە لە شاخێکی نزیک گوببیۆ هەڵدەقوڵێ و بە ڕۆژئاوای چیای سوبایۆدا دەڕوا و لە ڕووباری توپینۆ دەکاتەوە.

١٤. ئەمە گردی (گوببیۆ Gubbio)یە. شارەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی پیروجیا. لە ئەفسانەیەکدا هاتووە: گورگێکی دڕندە هەبوو ئەو شارەی لە زەواق نابوو. سان فرانچیسکۆ لە گەشتێکدا تووشی هات، هەڕەشەی لێکرد و سەرکۆنەی

کرد. گورگەکە گریا و تۆبەی کرد و بوو بە دۆستی شارەکە. سان ئوبالدۆ S. ubaldo) (1084 – 1160 ئوسقوفی گوببیۆ بوو. ماوەیەک لەسەر چیای یوجینۆ، لە نزیک گوببیۆ ژیاوە.

١٥. پیروجیا Perugia. شارێکی ناوداری هەرێمی ناوەندی ئیتالیایە. کەوتووەتە ناو زنجیرەچیای ئاپیننێنۆ. پایتەختی ئومبریا بوو. پازدە میل لە ڕۆژهەڵاتی گۆلی ترازیمینۆ دوورە، ئەوەندەیش لە باکووری ڕۆژئاوای ئاسسیزی دوورە. کاتی خۆی یەکێ بوو لە دوازدە قەڵاکانی ئیتروسکییەکان. ساڵی ٣١٠ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆما. ساڵی ٤١ – ٤٠ پ.ز ئاگستوس ئابڵووقەی دا. ڕادەست بوو. سووتاندیان و دووبارە دروستکرایەوە. بەربەرەکان چەند جارێک هێرشیان کردە سەر. لە سەدەی شەشەمدا، توتیلان خاپووری کرد. لە سەدەی یازدەدا خۆی گرتەوە و هێزی هاتەوە بەر و شارەکانی دەوروبەری داگیرکرد و ساڵی ١٣٠٠ دەسەڵاتی بەسەر نزیکەی هەموو ئومبریادا هەبوو. بە زۆری لایەنگری گەلفەکان بوون.

١٦. پۆرتا سۆلی (Porta sole) واتە: (دەرگای خۆر). دەرگای ڕۆژهەڵاتی شاری پیروجیا بوو لەو شوورەی ئیتروسکی دروستیان کرد و لەسەر ئەو ڕێگەیەی دەچووە ئاسسیزی. دەرگاکە نەماوە، بەڵام گەڕەکەکە ئێستایش بەو ناوە ناسراوە. زستانان بە ڕەشەبای چیای سوبازیۆی ڕۆژهەڵات بەناوبانگە، هاوینیش کە خۆری لێ هەڵدێ، زۆر گەرمە.

١٧. نۆچیرا (Nocera) و گوالدۆ (Gualdo) دوو شارن دەکەونە ڕۆژهەڵاتی چیای سوبازیۆ. یەکەمیان دوازدە کیلۆمەتر و دووەمیان بیستوپێنج کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسسیزی دوورە. مەبەست لە نیری گران ئەوەیە ناوچەکەیان لە ڕووی خاک و ئاووهەواوە لە پیروجیا باشترە، یان ڕەنگە نیرەکە ئاماژە بێ بۆ حوکمڕانیی ڕوبێر دانژوو.

١٨. مەبەستی لەدایکبوونی سان فرانچیسکوی ئاسسیزییە (١١٨٢ – ١٢٢٦). سەرەتا ژیانێکی خۆش دەژیا، لەگەڵ باوکی کە بازرگانێکی دەوڵەمەندی خوری بوو. بە بەخشندەیی و یارمەتیدانی هەژاران ناسرابوو. ساڵی ١٢٠٢ لە شەڕی نێوان پیروجیا و ئاسسیزیدا بە دیل گیرا و چەند مانگێک لە بەندی مایەوە. کاتێ کە خەریکی مەشقکردن بوو بۆ چوونە شەڕی پۆلۆنیا، هەستی ئایینیی بزووت و ڕووی کردە ژیانی ئایینی و گۆشەگیری و خواپەرستی.

بۆ حەج چووە ڕۆما، دڵی بۆ هەژار و دەرۆزەکەرانی بەردەم کڵێسەی سان پیترۆسی ڤاتیکان هەلاهەلا بوو. ڕۆژێک خۆی کرد بە گەدا و دەرۆزەی کرد بۆ ئەوەی نەفسی خۆی بشکێنێ و بزانێ دەرۆزەکەرەکان لە چ بارێکی سەختی

دەروونیدا دەژین. وازی لە سامان و دارایی باوکی هێنا و دەستی بە ئامۆژگاریکردنی هەژاران و خزمەتکردنی گول و گەڕەکان کرد. کڵێسەی سان دامیانۆی نووژەن کردەوە. چووە ریزی کەهەنووت و ساڵی ١٢٠٩ – ١٢١٠ نیزامی ڕەبەنایەتیی تایبەت بە خۆی دروست کرد. خانمێکیش هەر لەژێر سەرپەرشتیی ئەودا، نیزامێکی ڕەبەنایەتیی بە ناوی نیزامی سانتا کلارا لە کڵێسەی سان دامیانۆ دروست کرد، هەروەها کۆمەڵەی زانستپەروەرانی تێرتیاری لە ژن و پیاوان دروست کرد، ئەوانە لەسەر ڕێبازی ئەو دەڕۆیشتن، بەڵام لەناو ڕێبازی کەهەنووتی ئەودا نەبوون. لە کڵێسەی پۆرتیۆ نیکولا نێژراوە.

١٩. ئاشیزی (Aschisi) لە سەردەمی دانتیدا وایان بە (ئاسسیزی) دەگوت. شارێکی گرنگی ئومبریایە. لەژێر دەسەڵاتی ڕۆما و ئینجا توتیلا و پاشان دۆقەکانی سپۆلیتۆ بوو، پاشان لە سەدەی یازدەدا بوو بە بنکەی گیبیللینییەکان. گەلێ شەڕی ناوەخۆ و دەرەوەی لێ قەوما. لە سەدەی سێزدەدا کەوتە ژێر دەسەڵاتی کڵێسە و لە سەدەی چواردەدا کۆمەڵێ دۆقی بە هێزی بە خۆیەوە بینی و دووبارە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی کڵێسە. لە سەدەی پازدەدا تووشی شەڕی ناوەخۆ هات و لە سەدەی شازدەدا کەوتە ژێر دەسەڵاتی پاپا. ئاسسیزی لە لای ڕۆژاوای چیای سوبازیۆ، لەسەر شاخێک دروستکراوە بەسەر ڕووباری توپینۆ و کیاشۆدا دەڕوانێ. ئەم شارە بە شوورە و بینا و کڵێسە و جادەکانی، هێشتا سروشتی سەدەکانی ناوەڕاستی پێوە دیارە.

٢٠. خانم، یان خاتوون، بە لای سان فرانچیسکۆوە هەژاری و نەبوونییە.

٢١. واتە خەڵک بەقەد مردن ڕقیان لە هەژاری دەبێتەوە. گەنجان لەپێناوی ژندا کەسوکاریان جێدێڵن، بۆ خاتری ژنێکی جوان، یان سەلیتەیەک، یان ژنێکی لەسەر دینێکی تر، یان لە چینێکی کۆمەڵایەتیی تر، کەسوکاریان جێدێڵن. ژنەکە هەڵدەگرن و لە خزم و کەسیان دوور دەکەونەوە، بەڵام فرانچیسکۆ لەپێناوی ژنێکی ڕەمزی (هەژاری) کەسوکاری جێهێشت کە هەموو عالەم بەقەد مردن ڕقیان لێ دەبێتەوە.

٢٢. دانتی ئەم ڕستەیەی بە لاتینی هێناوە: (et coram patre) واتە لە حزوور باوکدا.

٢٣. ئاماژەیە بۆ ئەو ڕووداوە کە سان فرانچیسکۆ جلی لە بەر خۆی داکەند و بە باوکی گوت: تا ئێستا لە دونیادا بە تۆم دەگوت: باوکە، بەڵام ئێستا دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم: ئەی باوکی ئێمە کە لە ئاسمانیت!

٢٤. شووی یەکەم: مەبەست عیسایە.

٢٥. واته: کەس نەچووبووە داخوازی، یانی کەس پێی ڕازی نەبوو و لای لێ نەدەکردەوە.

٢٦. ئەوەی دونیای هەراسان کرد: قڕاڵ، دیکتاتۆر ئامیکلاتی (Amiclate) (بە لاتینی: ئامیکلاس Amiclas)ە. لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا، لە نێوان ئەم و پۆمپیۆسدا، ماسیگرێکی هەژاری خەڵکی کەناری ئەدریاتیکی بینی، زۆر ئارام و هێمن بوو. شەو دەرگای ماڵەوەی دانەدەخست. کە قڕاڵ لەدووی نارد، بێ ئەوەی خۆی تێک بدا، چوو، چونکە بڕوای وا بوو نەبوونی و دەستکورتیی خۆی، لە هەموو بەڵایەکی دەپارێزێ.

٢٧. بێرناردۆ دی کوینتاڤاللی (Bemardo da Quintavalle) یەکێ بوو لە نەجیبزادە بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شاری ئاسسیزی. یەکەم جار بڕوای بە فرانچیسکۆ نەبوو. ڕۆژێ بۆ شێو داوەتی کردە ماڵەوە و شەو جێ و بالینگانێکی گەرم و نەرمی بۆ ڕاخست، بەڵام فرانچیسکو ئەو شەوە نەنووست. هەر عیبادەتی کرد. بێرناردۆ کە ئەمەی بینی، بڕوای بە فرانچیسکۆ هێنا و یەکەم کەس بوو دونیای تەرک کرد و چووە ئەڵقەی ڕێبازەکەوە. موڵکەکانی خۆی فرۆشت و پارەکەی بەسەر هەژاراندا دابەش کرد.

٢٨. سۆلی لە پێ کردەوە: پێی خواس کرد: چونکە پێ خواسی یەکێ بوو لە ڕەوشتەکانی نیزامی فرانچیسکی.

٢٩. ئیجیدیۆ (Egidio)ی ئاسسیزی، سێیەم شاگردی فرانچیسکۆ بوو. کاتێ ئاشنایەتیی لەگەڵ فرانچیسکۆ پەیدا کرد، لەپڕ دەستی لە ماڵ و دارایی دونیا هەڵگرت و هەرچی هەیبوو هەمووی بەخشییەوە و چووە ڕیزی هەژارانی پێشەواکەیەوە. کتێبێکی لە پاش بەجێ ماوە بە ناوی (وشەی زێڕین). ئەو پێی وا بوو بۆی هەیە هەژارترین پیرەژنی نەخوێندەوار لای خودا پایەی لە سان بۆناڤینتۆرا بەرزتر بێ. ساڵی ١٢٧٣ لە پیروجیا مرد. جێی سەرنجە دووەم شاگردی فرانچیسکۆ پیترۆ بوو. دانتی ناوی نەهێناوە.

٣٠. سیلڤێسترۆ (Silvestro). قەشەیەکی شاری ئاسسیزی بوو. حەزی لە ماڵ و سامان دەکرد. دەڵێن بەردی بۆ فرانچیسکو دابین دەکرد بۆ نووژەنکردنەوەی کڵێسەی سان دامیانۆ. داوای پارەی زیاتر کرد، ئەویش هەندێ زێڕی لە برناردۆ داکوینتڤاللی وەرگرت و پێی دا. سیلڤێسترۆ لە خۆی تەریقبووەوە کە بەو پیرییە ئەوەندە پارەپەرستە، کەچی فرانچیسکۆ بەو گەنجییە ئەوەندە خواپەرست و دونیانەویستە. خۆشەویستیی ماڵی لە بن پێی خۆی نا و چی موڵک و ماڵی هەبوو

هەمووی بەسەر هەژاراندا دابەش کرد و بوو بە پێنجەم مریدی دڵسۆزی فرانچیسکۆ. جێی سەرنجە چوارەم مریدی فرانچیسکۆ فیلیپۆ بوو، بەڵام دانتی ناوی نەهێناوە.

٣١. زوننار: ڕەبەنە فرانچیسکییەکان لەباتی قایشی پشت، پەتیان لە پشت دەبەست.

٣٢. پییترۆ بەرناردۆنی Pietro Bernardone باوکی فرانچیسکۆ بوو. بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو، بەڵام نەجیبزادەیەکی ڕەسەن نەبوو.

٣٣. ئینۆچێنتسۆی سێیەم (Innocenzo) لە ١١٩٨ – ١٢١٦دا پاپا بوو. بنەمای تیپی (برابچووکەکان)ی وەرگرت و لەگەڵ بنەمای ئایینی مەسیحیدا گونجاندی. فرانچیسکۆ خۆی و یازدە لە مریدەکانی هەوەڵی ساڵی ١٢١٠ (یەکەم مۆر)ی پیرۆزکردنیان لێ وەرگرت.

٣٤. شوانی گەورە Archimadrita، نازناوی قەشەی پلە یەک بوو. وشەکە لە دوو پارچە پێک هاتووە: Archos = سەرۆک و mandrita = شوان، واتە: سەرۆک شوان.

٣٥. تاجەگوڵینەکەی تر: مەبەست پاپا ئۆنۆریۆ Onorioیە (بە لاتینی Onorius 1216 – 1227) دووەمین پاپا بوو ڕەزامەندیی لەسەر تیپی سان فرانچیسکۆ دا، ئەمجارە بە ڕەسمی و لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ١٢٢٣ دا لە لایەن کڵێسەوە پیرۆز کرا.

٣٦. فرانچیسکۆ لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٢١٩دا، لەگەڵ هەندێ لە مریدەکان لە (ئەنکونا)وە بەڕێکەوتن و ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی مەسیحییەت بڵاو بکەنەوە. لە سەردەمی هێرشی شەشەمی خاچپەروەراندا، بە سەرکردایەتیی جان دی بریین و لە سەردەمی کامیل پاشای ئەیووبیدا، گەیشتە عەککا و ئۆردووگای خاچپەروەران لە دمیات کاتێ هێزی خاچپەروەران ئەو بەندەرەیان ئابڵووقەدابوو. لە کاتی ئاگربەستی بەینی هەردوو لادا، فرانچیسکۆ لەگەڵ (ئیلۆ میناتۆ)ی برادەری ڕوویان کردە ئۆردووی موسڵمانان و لە تشرینی یەکەمی ١٢١٩دا داوای کرد ڕێی بدەن بچێتە لای سوڵتان. بردیانە حزوور سوڵتان. فرانچیسکو سیپانەی پیرۆزی بۆ سوڵتان کامیل ڕوونکردەوە و داوای لێکرد ببێ بە مەسیحی. چاوەڕێی دەکرد سوڵتان لە سەری بدا، بەڵام سوڵتان ڕێزی لێنا و بە سنگێکی فراوانەوە گوێی لێ ڕاگرت، چونکە خۆی پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو و بە هۆی شەڕی خاچپەروەرانەوەیش ئاگاداری بنەماکانی ئایینی مەسیحی بوو. سوڵتان کامیل هەندێ دیاری پێشکەش فرانچیسکۆ کرد، بەڵام فرانچیسکۆ وەری نەگرت. سوڵتان پیاوی لەگەڵدا نارد تا بردیانەوە ناو ئۆردووی خاچپەروەران.

سوڵتان: مەبەست سوڵتان کامیلی فاتیمیی میسرییە.

٣٧. مەبەست شاخی ئالڤێرنیا Alverniaیە کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی بەینی ببیینا – لە دۆڵی ڕووباری ئارنۆ – و ببییڤی سان ستیڤانۆ – لە دۆڵی تیڤیری. ئارنۆ و تیڤیری دوو ڕووبارن لەو چیایەوە هەڵدەقوڵێن. دەڵێن پایزی ١٢٢٤ فرانچیسکۆ پاش ماوەیەک نوێژ و ڕۆژوو لەگەڵ هەندێ لە مریدەکانی لەسەر ئەو چیایە لە خەودا، ئەشکەنجەی مەسیحی لە شێوەی فریشتەیەکی لەخاچدراودا بینی. هەر پێنج برینی عیسای لەخاچدراوی لەسەر دەست و پێ و قەپرغە دەرکەوت و تا ساڵی ١٢٢٦ مرد، هەر پێیەوە مابوو.

٣٨. مەبەست خودایە.

٣٩. واتە هەژارای کە بچنینەی تیپی فرانچیسکانە.

٤٠. کە فرانچیسکۆ هاتە گیانەلا، داوای کرد بیبەنە کڵێسەی پورتیۆ نیکولا و بە ڕووتی لەسەر عەرزەکە دایبنێن وەک ئەوەی بیەوێ کفن و تابووتیشی هەر هەژارای بێ، بەلام مریدەکانی پارچە قوماشێکیان بەسەردا دا.

٤١. کەشتیی پییترۆ مەبەست کڵێسەیە.

٤٢. دوورکەوتوونەتەوە، مەبەست ئەوەیە لەوەڕیان باش نییە و بێ شیرن: یانی ڕەبەنەکانی دۆمینیکان لە ڕۆحی ڕاستەقینەی مەسیحییەت دوور کەوتوونەتەوە و وازیان لە خواپەرستیی ڕاستەقینە هێناوە.

***

# سروودی دوازدەم[1]
## ئاسمانی چوارەم
## ئاسمانی خۆر
## ڕۆحی زانا و خواناسان


که تۆمای ئەکوینی له قسەکانی بووەوە، تاقمی داناکان دەستیان بە سەما کرد و بە دەوری دانتی و بیاتریچیدا سووڕانەوە. تاقمێکی تر لە چاکەکاران دەرکەوتن و دەوری تاقمی یەکەمیان دا. هەردوو تاقم لە جووڵانەوە و گۆرانیگوتندا خۆیان لەگەڵ یەک گونجاند. بەیەکەوە شتێکی وەکو پەلکەزێڕینەیان دروست کرد.

دوو تاقمەکە لە سەما و گۆرانی و بڵاوکردنەوەی تیشک و ڕووناکی وەستان. دەنگێک لەناو تاقمە نوێکەوە هات. وەک مەگناتیس دانتی بۆ خۆی ڕاکێشا. ئەمە پیر بۆناڤینتورا بوو. گوتی: دۆمینیکۆ و فرانچیسکۆ بۆ کڵێسە تێکۆشاون. باسی کرد دۆمینیکۆ لە قشتالە لەدایک بووە. ئاشقی شەیدای کلێسەیە. قاسید و خزمەتکارێکی ئەمینی مەسیحە. بوو بە مامۆستایەکی گەورە لە پێناوی خواردنی ڕاستەقینە نەک لەپێناوی سامانی دونیا کە خەڵک خۆی بۆ بە هیلاک دەدا، هەروەها گوتی: دۆمینیکۆ لە دژی دونیای خراپ جەنگا و لە باشووری فرەنسا، بە زانست و باوەڕ زەبری خۆی لە ئالبیجییە بێباوەڕەکان وەشاند، ئینجا پێکەتییەکانی هاتن بە سەرچاوەی سازگاری خۆیان باخچەی کاتۆلیکیان ئاو دا و درەختەکانی سەوز و جوانتر بوون.

باسی کرد زۆر ڕاهیبی فرانچیسکی بە هۆی ناکۆکیی ناوەخۆیان لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە. هەرچەندە چەند کەسانێکی دڵسۆزیان تێدایە.

بۆناڤینتورا ناوی هەندێ کەسی هێنا لە ئەڵقەی ئەودا بوون. وەکو ئیللومیناتۆ دا ڕیێتی و ئوگۆ دا سان ڤیکتۆر و پیێترۆ مانجیادوری و پیترۆی ئەسپانی (واتە پاپاجیوڤاننی بیستویەکەم) و ناتان پێغەمبەر و پیێر ئانسیلمۆ و جیاکیمۆی فلوری.

گوتی قسەی ئەکوینی لە بارەی فرانچیسکۆوە وای کرد بە خۆی و بە مریدەکانی ئەڵقەکەی بە چاکەی دۆمینیکۆ هەڵبڵێن.



هەر هێندە بڵێسەی پیرۆز[2] دوا وشەی
لەدەم هاتە دەرەوە،
بەرداشی پیرۆز[3] دەستی بە خولانەوە کرد. (٣)
هێشتا سوورِەکەی تەواو نەکردبوو،
ئەڵقەیەکی تر گرتییە ناوخۆی و
جووڵە بە جووڵە و سروود بە سروودی خۆی لەگەڵ یەک خست. (٦)
ئاوازی دڵبزوێنی ئەو کەرِەنایە
لە گۆرانیی پەریی دەریایی[4] و شاعیرەکانمانی تێپەرِاندبوو
وەک چۆن تیشکی ڕووناکی لە تیشکدانەوەی خۆی تێدەپەڕێنێ. (٩)
چۆن دوو تاقی تەریب و یەک ڕەنگ
لە ناوجەرگەی هەوری تەنک دەچەمێنەوە سەر یەک
کاتێ (یونۆنی)[5] فەرمان بۆ قەرەواشەکانی دەردەکا، (١٢)
تاقی دەرەوە لە تاقی ناوەوە پەیدا دەبێ
وەک دەنگی ئەو پەرییە شەیدایەی بە ئەشق[6] لەناوچوو.
وەک خۆر کە مژ و مۆران هەڵدەبرینگێنێ، (١٥)
ئەو دوو کەوانە بەپێی ئەو پەیمانەی خوا لەگەڵ نووح بەستی
خەڵکی سەر زەوییان دڵنیا کرد
تازە هەرگیز جارێکی تر دونیا لە لافاودا نقووم نابێ. (١٨)
بە هەمان جۆر، ئەم دوو ئەڵقەیەی گوڵی جاویدانیی
بە دەورەماندا دەسووڕانەوە و
ئەوەی دەرەوە خۆی لەگەڵ ئەوەی ناوەوە دەگونجاند.[7] (٢١)
کە سەما و بەزمی تری ئەم ئاهەنگە گەورە و بەرزە[8]
بڕایەوە کە شەوق و سروودی دەکەوتەوە سەر یەک و
شادی و ناسکیی تێدا دەگەڕا(٢٤)
کە ئەم بەزمە لە خاڵێک و بە ئارەزووییەک وەستا
وەک دوو چاو کە بە شەوق و خۆشی
بەیەکەوە دەجووڵێن، هەڵدێن و دادەخرێن. (٢٧)
ئەوسا لە ناوجەرگەی تیشکێکی تازەدا

دەنگی هاتە دەرەوە،[9] وەک دەرزی جیدەوەر بۆ ئەستێرە
بۆ لای خۆی ڕاکێشام. (٣٠)
گوتی: (ئەو ئەشقەی جوانی کردووم
وا دەکا باسی ڕابەرەکەی تر[10] بکەم کە بۆ خاتری ئەو،
لێرە بە چاکی باسی ڕابەری من دەکەن.[11] (٣٣)
یەکێ لە هەر کوێ بێ، دەبێ باسی ئەوەی تر بکرێ
بۆ ئەوەی چۆن هەردووکیان لەپێناوی یەک ئامانجدا جەنگان.[12]
لێرە شکۆمەندییان لە تەک یەک بدرەوشێنەوە.(٣٦)
سوپای مەسیح کە ڕێکخستنەوەی بە نرخێکی زۆر وەستا،
بە هەنگاوی سست و بە دڕدۆنگی
لە دوای بەیداخەکەی[13] دەڕۆیشت و ژمارەی کەم بوو. (٣٩)
کاتێ ئەو پاشایەی[14] هەتا هەتایە حوکم دەکا،
چووە هانای ئەو سوپایەی کەوتبووە مەترسی
هەر لە چاکەی خۆی، نەک لەبەر شایستەیی سوپاکە، (٤٢)
وەک پێیان گوتی: دوو پاڵەوانی[15] گەڕناسی ناردە هانای بووکەکەی[16]
بە قسە و بە کردەوە ئەو گەلە پەرت و گومڕایەیان
دووبارە خڕکردەوە سەر ڕێگەی ڕاست. (٤٥)
لەو لایەوە[17] کە کزەبای فێنک[18] هەڵدەکا
بۆ ئەوەی بە ناسکیی خۆیەوە گەڵای تازە بپشکوێنێ
کە ئەورووپا خۆی پێ دەخەملێنێ، (٤٨)
زۆر دوور نا، لە شڵپوهۆڕی ئەو شەپۆلانەی[19]
هەندێ جار خۆر لە کاتی گەشتی دوور و شەکەتباری
خۆی لە پشت ئەوانەوە لە خەڵک دەشارێتەوە، (٥١)
(کالارۆگا)ی[20] گەورە و بەختەوەر
خۆی لە پەنا قەڵغانی گەورە ناوە[21]
لەو شوێنەی شێر هەم فەرماندەیە و هەم فەرمانبەر. (٥٤)

ئاشقی شەیدای[٢٢] باوەڕی مەسیحی و
پاڵەوانی پیرۆز کە لەگەڵ مریدەکانی میهرەبان و
لەگەڵ دوژمنانی توندوتیژ بوو، لەوێ هاتووەتە دونیا. (٥٧)
لەو ساتەوە کە ڕۆحی گروا، نیعمەتێکی وای پێ درابوو،
هێشتا لە سکی دایکیدا بوو،[٢٣]
دایکی پێشبینیی لەدایکبوونی کرد. (٦٠)
کاتێ لەسەر (جورن)ی پیرۆز ئاوەمۆر کرا و
پەیمانی زەماوەندی لەگەڵ بڕوا بەست و
قەلەنی ڕزگارییان لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ کرد. (٦٣)
ئەو خانمەی بە ڕەزامەندی دەستەبەری بوو
لە خەودا، ئەو بەرهەمە پوخت و گەییوەی بینی[٢٤]
کە لە خۆی و لە میراتگرەکانی سەری هەڵدەدا. (٦٦)
بۆ ئەوەی ناوەکەی بە خۆیەوە بێ،
ڕۆحێک لە ئاسمانەوە هات، ناوەکەی کرد
بە نازناوی موڵکی ئەو کەسەی سەراپای پەیوەست بوو بەوەوە. (٦٩)
ناویان نا (دۆمینیکۆ) و من کە باسی ئەو دەکەم
باسی ئەو باخەوانە دەکەم
کە مەسیح دەستنیشانی کرد تا لە باخەکەی یارمەتیی بدا. (٧٢)
ڕاستیی خۆی وەکو قاسید و ئاشنای مەسیح نیشان دا،
چونکە یەکەم ئەشقی کە لێی دەرکەوت
پەیوەست بوو بەو ئامۆژگارییەی مەسیح کردبووی.[٢٥] (٧٥)
دایەنەکەی زۆر جار دەیدی بە هۆشیاری و بێدەنگی
لەسەر زەوی دانیشتووە، وەک ئەوەی بڵێ:
(من لە پێناوی ئەمە هاتووم!) (٧٨)
ئای باوکەکەی، تۆ چەند بەختەوەری!
ئای دایکەکەی، تۆ چەند بەر میهر و ڕوحمی خودای

ئەگەر ناوەکەی بە خۆیەوە بێ! (٨١)
بۆ خاتری دونیا نا، کە ئەمڕۆ خەڵک
بە پەیڕەوکردنی (تاددیۆ)[٢٦] و (ئۆستیێنسی)ی[٢٧] زانا خۆی بۆ شەقی بکەن،
بەڵکو بۆ خاتری خۆشەویستیی گەزۆی ڕاستەقینە (٨٤)
بە ماوەیەکی کەم بوو بە مامۆستایەکی گەورە و
دەستی بە پەروەردەکردنی ئەو ڕەزە کرد[٢٨]
کە ئەگەر ڕەزەوانی باش نەبێ، زوو دەژاکێ و ڕەنگی دەبزڕکێ. (٨٧)
ئەو کورسییەی جاران[٢٩] لەگەڵ هەژارە سەرڕاستەکان میهرەبان بوو
بە گوناهی خۆی نا، بەڵکو بە گوناهی ئەو کەسەی
لەسەری دادەنیشێ و لە ڕەوشت بێبەرییە.[٣٠] (٩٠)
داوای نەکرد دوو و سێ لەباتی شەش خەرج بکرێ[٣١]
داوای بەری یەکەم پایەی بەتاڵی نەکرد[٣٢]
داوای دەیەکی[٣٣] ماڵی هەژارانی خوای نەکرد، (٩٣)
بەڵکو داوای ڕوخسەتی کرد، بچێ دژی
گومڕایانی دونیا بجەنگێ،[٣٤] بۆ پاراستنی
تووی[٣٥] ئەو بیستوچوار درەختەی دەوریان داوی، (٩٦)
ئینجا بە ئیرادە و بڕوا، لەگەڵ پایەی پەیامداری،
وەک تەوژمی ئاوێکی تیژ لە کانییەکی بەرز دەربێ،
توند ملی ڕێی گرت و خۆی بۆ پەیامەکەی هەڵکوتا. (٩٩)
بەو توندییە زەبری کوشندەی لە خار و خەسی بێبڕواکان دا و
لە کوێ بەرگرییان توندتر بوو
لێی توندتر کردن و زەبری کوشندەتری لێدان.[٣٦] (١٠٢)
ئینجا چەند جۆگایەکی جیاجیای لێ هەڵقوڵا
باخچەی کاتۆلیکییان پاراو کردەوە،
نەمامەکانی هەموو سەوز و گەش و تێراو بوون. (١٠٥)
ئەگەر یەکێکی وەک ئەو پێچکەیەکی ئەو گالیسکەیە بێ،[٣٧]

که کڵێسەی پیرۆز بەرگریی پێ لە خۆی کرد و
لە مەیدانی شەڕی خۆبەخۆییدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، (١٠٨)
ئێستا دەبێ بزانی پێچکەکەی تر چەند نایاب بوو
کە بەر لەوەی من بێم
(تۆما) ئەوەندە نەزاکەتی لەگەڵ نواند، (١١١)
بەڵام ئەو کەوانەی چێوەی سەرەوەی
کێشاویەتی، ئێستا بە جۆرێ چۆڵکراوە،
ئەو شوێنە جاران هەویری لێ بوو، ئێستا بووەتە جێی کەپەک (١١٤)
خانەوادەکەی[٣٨] کە بە هەنگاوی ڕاست دەڕۆیشت و
پێی لە جێی پێی وی دادەنا، بە جۆرێ گەڕاوەتەوە،
پەنجەی پێی لە جێی پاژنەی دادەنێ. (١١٧)
بەم زووانە بەرهەمی کرت و کێڵی خراپ دەبینین
کە زیوان[٣٩] گلە و گازاندە دەکا
عەنباریان لە ڕوو داخستووە. (١٢٠)
ئاشکرا دەڵێم ئەوەی پەڕپەڕ
کتێبەکەمان بپشکنێ، لاپەڕەیەک دەدۆزێتەوە
لێی نووسراوە: (چۆن بووم، هەر وام!)، (١٢٣)
بەڵام ئەو کەسە، نە هی (کازال)٤٠ دەبێ و نە هی (ئەکواسپارتا)[٤١]
دوو کەس دێنە سەر نووسینەکە[٤٢]
یەکێ بە ئاسایی وەری دەگرێ و یەکێ زێدەڕەویی تێدا دەکا. (١٢٧)
من ڕۆحی (بۆناڤێنتورا دی بانیۆریجیۆ)م[٤٣]
کە هەمیشە لە کار و ئەرکی گەورەدا
بایەخی دەستی چەپەی[٤٤] دەخستە دواوە. (١٢٩)
(ئیللومیناتۆ) و[٤٥] (ئاوگوستین)[٤٦] لێرەن
کە لەناو هەژارە کڵۆڵەکاندا یەکەم کەس بوون پێیان خواس کرد و
بە وای زوننارەوە بوون بە برادەری خودا. (١٣٢)

(ئوگۆ دا سان ڤیتتۆری)شیان[٤٧] لێرە لەگەڵدایە،
هەروەها (پییێترۆ مانجیادۆری) و[٤٨] (پییێترۆ سپانۆ)یش[٤٩]
کە لە خوارەوە،[٥٠] ناوی لە دوازدە کتێبەکەیدا دەدرەوشێتەوە.
هەروەها (ناتان)[٥١] پێغەمبەر و (کریزۆستومۆ)ی٥٢ مەتران و (١٣٥)
(ئانسیلمۆ) و[٥٣] ئەو (دۆناتۆ)یەی[٥٤]
کە دەستی دایە یەکەمین هونەر. (١٣٨)
ئەمەیش (ڕابانۆ)یە[٥٥] لێرە و ئەمەیش تیشکی (جیۆڤاکینۆ)ی[٥٦]
ئوسقوفی (کالابریا)یە لە تەنیشت من دەدرەوشێتەوە،
ئەوەبوو ڕۆحی پێغەمبەرانەی هەبوو. (١٤١)
(تۆما)ی برا[٥٧] بە لوتفی بریسکەدار و بە قسەی ماقووڵی
هانی دام ستایشی
ئەم پاڵەوانە گەڕناسە بکەم. (١٤٤)
ئەم کۆمەڵەیشی[٥٨] هان دا کە لە دەورم کۆبوونەتەوە. (١٤٥)

## پەراوێزەکانی سروودی دوازدەم

١. ئەمە سروودی سێیەمە کە بۆ ئاسمانی خۆر تەرخانکراوە. پێی دەگوترێ (سروودی سان دۆمینیکۆ).

٢. بڵێسەی پیرۆز: مەبەستی سان تۆمای ئەکوینییە.

٣. مەبەست دوازدە داناکەیە کە بەدەم گۆرانیگوتنەوە سەمایان دەکرد و لە دەوری دانتی و بیاتریچی دەسووڕانەوە. پێشتر لە سووڕانەوە وەستابوون (بەرزەک، س١١، د١٣). دانتی بەرداش، یان دەستاڕی بەکار هێناوە، مەبەستی ئەوەیە جووڵانەوەکەیان ئاسۆیی بوو، نەک ستوونی.

٤. پەریی ئیلهامبەخش واتە (میوز Muse) و پەریی دەریایی، واتە (سیرینی Sirene).

٥. یونونی. جیونۆنی (Giunone) کچی ساتۆرن و ڕیا و خوشکی جۆپیتەر بوو. قەرەواشی (Iris)ی کچی تاوماس بوو. لە ئەفسانەدا هاتووە جیونۆنی قەرەواشەکەی خۆی ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی خەڵک دڵنیا بکا جارێکی تر تۆفان هەڵناستێ و دونیا داناگرێ.

٦. ئاماژەیە بۆ ئیکۆ Eco (بە یۆنانی: Echo) واتە زایەڵە، دەنگدانەوە. لە ئەفسانەی یۆنانیدا: ئیکۆ پەرییەکی جوان بوو، عاشقی (نارسیسسوس Narcissus) واتە نەرگز بوو، بە جۆرێ لە ئاگری ئەو عیشقە سووتا، تەنیا ئێسک و دەنگی لێ مایەوە. سووتانەکە بەو جۆرە بوو کە (خۆر هەڵم لەناو خۆیدا بڕەوێنێتەوە). مەبەست دەنگدانەوەیە.

٧. لەبەر ئەوەی بازنەی دەرەوەی کۆلکەزێڕینە بەقەد بازنەی ناوەوەی گەش و ڕووناک نییە، پێشینان وایان دەزانی بازنەی دەرەوە، درەوشانەوەی بازنەی ناوەوەیە.

٨. دانتی وشەی (tripudio)ی بۆ جۆری سەماکە بەکار هێناوە، کە مانای سەمایەکە بە جووڵانەوەی سێ هەنگاو تەواو دەبێ، وەکو شایی سێپێیی کوردەواریی خۆمان.

٩. ئەمە ڕۆحی بۆناڤێنتورا (Bonaventura)یە، پاشان باسی دێ.

١٠. مەبەست سان دۆمینیکۆ (San Domenico)یە.

١١. مەبەست سان فرانچیسکۆیە، واتە چۆن تۆمای ئەکوینی بە قسەی باش باسی فرانچیسکۆی ئاسیزی کرد (بەرزەک، س١١، د٤٣ – ١١٧) و چۆن ئەکوینی دۆمینیکی بە چاکە باسی فرانچیسکۆی دامەزرێنەری نیزامی فرانچیسکانی کرد،

ئاوهایش بۆناڤێنترای فرانچیسکی بە چاکە باسی دومینیکۆی دامەزرێنەری نیزامی دۆمینیکان دەکا.

سەرنج: ڕەوشت وا بوو لە ڕۆژی جەژنی هەریەکە لە فرانچیسکۆ و دۆمینیکۆ، دەبوایە ڕاهیبێکی نیزامەکەی تر قسە بکا.

١٢. هەریەکە لە فرانچیسکۆ و دۆمینیکۆ لە پێناوی سەربەرزیی کڵێسەدا خەباتیان دەکرد، بەڵام هەریەکە بە ڕێبازی خۆی.

١٣. ئاڵا، یان بەیداخ، مەبەست خاچە.

١٤. مەبەست خوایە.

١٥. مەبەست فرانچیسکۆ و دۆمینیکۆیە.

١٦ مەبەست کڵێسەیە.

١٧. مەبەست ئەسپانیایە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەورووپا.

١٨. زەفیر (Zephyrus)، شنەبای ڕۆژاوا. بای شەماڵ کە لە لای ڕۆژاواوە دێ. یۆنانییەکان بە ڕەمزی بەرەکەت و بەروبوومی زەوییان دەزانی.

١٩. ئاماژەیە بۆ کەنداوی گاسکۆنیا (Gascogna). خۆر، لە سەرەتای هاویندا کە ڕێگەیەکی درێژ لە ئاسمان دەبڕێ، لەو کەنداوەدا ئاوادەبێ.

٢٠. کالارۆگا (Calaroga): شاری قشتالە، لە ئەسپانیا. زێدی سان دۆمینیکۆ بوو، بۆیە نازناوی (بەختەوەر)یان پێداوە.

٢١. دروشمی قەڵەمڕەوی قشتالە قەڵغانێکی چوار بەش بوو. لە دووەکەی سەرەوە شێرێک لەسەر قەڵایەک بوو (قشتالە بە ئەسپانی یانی کۆشک) و لە دووەکەی خوارەوە قەڵا لەسەر پشتی شێرەکە بوو، واتە: شێر هەم فەرمانڕەوا بوو و هەم فەرمانبەردار. ئەم دروشمە ڕەمزی هەردوو وڵاتی لیۆن و قشتالە بوو بەیەکەوە.

٢٢. عاشقی شەیدا: مەبەست سان دۆمینیکۆیە.

٢٣. بەر لەوەی دۆمینیکۆ لەدایک ببێ، دایکی لە خەودا دی سەگێکی بەڵەکی بوو (ڕەش و سپی) چراوگێکی داگیرساوی بە دەمەوە بوو و بەو چراوگە ئاگری لە هەموو دونیا بەردا. لەبەر ئەوەیە دۆمینیکەکان جلی ڕەش و سپی لەبەر دەکەن. سەگەکە خۆی نیشانەی دڵسۆزی و وەفاداریی دۆمینیکۆیە، چراوگەکە ڕەمزی ئیمان و بنەمای باوەڕی تیپی دۆمینیکانە و ئاگر لە دونیا بەردانیش ڕەمزی سووتاندنی هەموو عالەمە لەناو ئاگری دڵسۆزی و خواپەرستی و ڕەمزی بڕوایە لە دڵی بڕواداراندا.

٢٤. دایکی ئاوەمۆری دۆمینیکۆ، لە خەودا دی ئەو منداڵە ئەستێرەیەکی لە نێوچەوان بوو، هەموو دونیای ڕووناک دەکردەوە. زانیی ئەم منداڵە ئایندەیەکی گەش و درەوشاوەی دەبێ.

٢٥. لەم بەندە و لە بەندی پێشەوەدا وشەی (Cristo) واتە مەسیح، بۆ سەروا دووبارەبووەتەوە. دانتی بۆ ڕێزی مەسیح هیچ وشەیەکی لەگەڵدا نەکردووەتەوە سەروا. لە کۆمیدیادا، لە هەر کوێ وشەی کریستۆ بووبێ بە سەروا، هەمان سەروا دووبارەبووەتەوە، نموونە.

X

Cristo

X

Cristo

Y

cristo

(لەم بەندەدا دانتی ڕەگەزدۆزی لە نێوان دوو وشە بەکارهێناوە کە بە شکڵ وەکو یەک وان، بەڵام مانایان جیاوازە. یەکیان ناوی باوکی سان دۆمینێکۆیە (فیلیچی Felice)، واتە (بەختیار)، دووەمیش وشەی بەختیارییە بە گشتی، بۆیە دانتی دەڵێ باوکی سان دۆمینیکۆ ناوی بەخۆیەوەیە. دۆمینیکۆ لە کاتی لەدایکبوونەوە بەختەوەرە. لە هەمان کاتدا ڕەگەزدۆزی لە نێوان ناوی دایکی (جیۆڤاننا - Giovanna) و وشەی جیۆڤانادا هەیە کە بە عیبری بە مانای پڕ بەرەکەتی خوایی هاتووە.

٢٦. تاددیۆ دالدێرۆتتۆ (Taddeo d Alderotto). فەیلەسووف و پزیشکێکی فلۆرەنسایی بوو. دەوری ١٢١٥ لە فلۆرەنسا لەدایک بووە. فەلسەفە و پزیشکی لە بۆلۆنیا خوێند و پاشان قوتابخانەیەکی پزیشکیی لە زانکۆی ئەوێ دروست کرد. بیروڕاکانی هیپۆکرات و جالینوسی لە پزیشکایەتیدا تازەکردەوە و ماوەیەک خەریکی چارەسەری نەخۆشان بوو. ساڵی ١٢٩٥ کۆچی دوایی کرد. هەندێ توێژەرەوە دەڵێن ئەمە تاددیۆ پیپۆلی (Pepoli)ی هاوچەرخی دانتییە کە خەریکی لێکۆڵینەوەی یاسای کڵێسە بوو.

٢٧. ئۆستییێنسی (Ostiense). ئینریکۆ دی سوزا (Enrico di Susa): لە سەدەی سێزدەدا لەدایک بووە. لە بۆلونیا خوێندوویەتی و وانەی یاسای کڵێسەی لە بۆلۆنیا و لە پاریس گوتووەتەوە. ساڵی ١٢٦١ بوو بە کاردیناڵ و ئوسقوفی

ئۆستیێسی لە باشووری ڕۆژئاوای ڕۆما، نزیک ڕێژگاوی (تیڤیری). ساڵی ١٢٧١ کۆچی دوایی کرد.

٢٨. ڕەز و مێو، ڕەمزە بۆ کڵێسە.

٢٩. مەبەستی کورسیی پاپایە.

٣٠. واتە پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم (١٢٩٤ – ١٣٠٣) دژی دانتیی بوو. دانتی بە تێکدەری کڵێسە دادەنا. دانتی زۆر جار لە کۆمیدیادا هێرشی دەکاتە سەر (دۆزەخ، س١٩/ س٢٧) و ( بەرزەک، س٢٠).

٣١. دوو یان سێ، لە باتی شەش: واتە نیوە، یان سێیەکی داهاتی کڵێسە بۆ شتی خێر خەرج دەکا و ئەوەی تر بۆ خۆی دەگێڕێتەوە.

٣٢. دۆمینیکۆ هیچ پایەی ئایینیی وەرنەگرتووە. سێ جار داوایان لێکرد ببێ بە ئوسقوف و ڕەتی کردەوە.

٣٣. دەیەک. باجی ئایینییە بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرێ، وەکو زەکاتی خۆمان. ڕستەکە بە لاتینی هاتووە:

Decimas quoe sunt pauperum Dei

واتە: ئەو دەیەکانەی ماڵی هەژارانی خودان.

٣٤. واتە: دۆمینیکۆ لەباتی ئەوەی داوای یارمەتیی ماڵی و پایەی دونیا لە پاپا بکا، داوای لێکرد مۆڵەتی دامەزراندنی تیپێکی ئایینیی پێ بدا بۆ ئەوەی دژی گەندەڵی و گومڕایی خەبات بکا.

٣٥. تۆو: واتە بڕوای مەسیحی.

٣٦. ئەو بێبڕوایانە دەستەی (ئالبیجی) بوون، واتە هی شاری (ئالبی)ی ناوچەی (تارن)ی باشووری فڕەنسا بوون. لە نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەدا سەریان هەڵدا. لە ناوچەکانی تری ئەورووپادا، پێیان دەگوترێ کاتاری (Cathari) واتە (پاکەکان). ڕەچەڵەکیان بۆ بولغاریا دەچێتەوە. لەژێر کاریگەریی مانەویدان و باوەڕیان بە هێزی چاکە و هێزی خراپە هەیە. دەڵێن ئەو ڕۆحەی واز لە چاکە بێنێ، لەناو قاڵبی جەستەدا بەند دەکرێ و هەر وا دەمێنێتەوە تا پاکدەبێتەوە. بڕوایان وایە جەستەی مەسیح تارمایی بوو. ئیدی نە ئازار دراوە و نە لە خاچ دراوە. واتە بە خوێنی خۆی مرۆڤایەتیی ڕزگار نەکردووە، بەڵکو بە ڕێنماییەکانی ڕزگاری کردوون. ئەوانە بڕوایان بە ڕۆحی پیرۆز و شێوەی خودایی نەبوو. بڕوایان بە دۆزەخ و بەرزەک نەبوو، ئیتر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئایینی مەسیحی ناکۆک بوون. هەندێ لە ڕێنماییەکانیان بریتی بوو لە حەرامکردنی زەماوەند و خواردنی گۆشت و هێلکە و سپیاتی. وایان پەسند دەکرد مرۆڤ خۆی بە برسێتی بکوژێ. ناکۆکییەکی توندیان

لەگەڵ کڵێسەدا هەبوو. لە کۆڕی ئۆرلیانی ساڵی ١٠٢٢دا ڕێنماییەکانیان قەدەغەکرا و بڕیاری بێبەشکردنیان لە ڕانز (١١٤٨) و لە ڤیرۆنا (١١٨٤) لە دژ دەرچوو. توندوتیژییان لە دژ بەکار هێنان. ساڵی ١٢٠٨ دوای ئەوەی پیترۆ دی کاسیلنۆی نوێنەری پاپایان کوشت، ئینۆچێنتۆ شەڕی خاچپەروەریی لە دژ ڕاگەیاندن. سیمۆن دی مۆنفۆر سەرکردەی شەڕەکە و شستر سیان ڕابەری سەر بە سپییەکان یاریدەری بوو، کەچی ڕێموندۆی شەشەمی کۆنتی تولووز لایەنگری (ئەلبیجی)ەکان بوو. ساڵی ١٢١٨ شەڕەکە بە مردنی سەرکردەکەیان کۆتایی هات. ڕووداوە ناخۆشەکانی ئەو شەڕە بریتی بوون لە کۆمەڵکوژیی بیزێ لە ١٢٠٩دا و شەڕی مۆرێ لە ١٢١٣دا کە (ئالبیجی)ەکان بە سەرکردەی سیمۆن پیترۆ دی ئاراگونا شەڕیان کرد و شکان. دوای ئەوە لە ١٢١٩دا تا پەیمانی پاریس لە ١٢٢٩دا شەڕ لەسەر ناوچەی لانگدۆنک بوو دەیانەویست بخرێتە سەر فڕەنسا. ساڵی ١٢٣٢ گریگۆریۆی نۆیەم داوای لە (دادگای پشکنین) کرد دوایان ببڕێنێتەوە، ئیتر ڕووداوی وا نەهامەت ڕووی دا، باس ناکرێ، بۆ کۆتایی سەدەی چواردەم قەت کەسیان لێ نەهێشتن.

٣٧. پێچکەکەی تری گالیسکەکە ڕەمز بۆ سان فرانچیسکۆ.

٣٨. یانی ئێستا، ئەندامانی تیپەکەی بەو ڕێگەیەدا ناڕۆن کە ئەو بۆی دیاری کردبوون. نیزامی فرانچیسکی لەسەر بنەمای یەکێتی و برایەتی دامەزرابوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو ناکۆکییان کەوتە بەین. سێ دەستەیان لێ پەیدابوو. یەکەم: دەستەی ڕۆحانییەکان. ئەمانە زۆر بە توندی دەستیان بە ڕێنماییەکانەوە گرتبوو، دووەم: دەستەی میانڕۆکان. ئەمانە ڕێگەی مۆڵکداری و هەندێ خۆشیی ماددی و وەرگرتنی هەندێ پایەی کڵێسەیان دەدا و خوێندنی فەلسەفە و زانستیان هاندەدا، سێیەم: دەستەی براگچکەکان. ئەمانە تا ئەوپەڕی سادە و خاکی بوون. خۆیان بە گچکەی گچکان دەزانی، ئەمانە بەشدارییان لە کێشەی نێوان دوو دەستەی یەکەم و دووەمدا نەکرد. ساڵی ١٣١٢ کلیمێنتۆی پێنجەم ویستی یەکیان بخاتەوە، دوای ئەویش جیۆڤاننی بیستودوو، لە ساڵانی ١٣١٧ – ١٣١٨دا هەوڵی دا پێکیان بێنێتەوە و هەردوو لای بێبەشکردن.

٣٩. ئەگەر گەنم زیوانی هەبێ، نیشانەی کەمتەرخەمیی جوتیارەکەیە باش بژاری نەکردووە. دەبێ زیوانەکە لە گەنمەکە جیابکرێتەوە و بسووتێنرێ، واتە: ئەو ڕەبەنە فرانچیسکانەی لە ڕێی ڕاست لایانداوە، وەکو زیوان وان دەبێ لە کڵێسە دەربکرێن و بخرێنە دۆزەخ و بسووتێنرێن.

٤٠. کازال (Casal) شارێکە لە پیمۆنتی، لە باکووری ئیتالیا، لەسەر کەناری دەستەڕاستی ڕووباری ئالپۆ و نزیک تۆرینۆ. لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئۆبێرتینۆ دیلیا دا کازالی (1338 – 1259) (Ubertino d Iliad a casale) کە لە زانکۆی پاریس خوێندی و چووە ڕیزی ڕێبازی فرانچیسکی. کاتێ پەیڕەوانی فرانچیسکی بوون بە سێ دەستە، ئەو سەر بە دەستەی ڕۆحانییەکان بوو. کە بڕیاری بێبەشکردنی لە دژ دەرچوو، چووە ڕیزی (بینیدیتی)یەکان.

٤١. ئاکواسپارتا (Acquasparta) گوندێکە لە ئومبریا، لە نزیک سپۆلیتۆ. ئاماژەیە بۆ ماتیۆ دا ئاکواسپارتا (Matteo da Acquasparta)، سەرۆکی فرنانچیسکییە میانڕۆکان. ساڵی ١٢٨٨ بوو بە کاردینال. بڕوای بە فەلسەفەی سان ئوگستین هەبوو. ساڵی ١٣٠٠ و ١٣٠١ دوو جار سەردانی فلۆرەنسای کرد بۆ ئاشتکردنەوەی گەلفە سپی و ڕەشەکان، بەڵام لە ڕاستیدا ئامرازی سیاسەتی بونیفاچۆی هەشتەم بوو. ساڵی ١٣٠٢ کۆچی دوایی کرد.

٤٢. مەبەستی لە (نووسین Scrittura) یاسای ڕێبازی فرانچیسکییە.

٤٣. سان بۆناڤێنتورا دی بانیۆریجیۆ ( Banaventura di Bagnorigio) (1274 – 1221)) پاش مردنی نازناوی (پیر – قدیس – سان)یان پێدا. لە بیانیوریا لەدایک بووە. ساڵی ١٢٤٣ بوو بە ئەندامی نیزامیی فرانچیسکی. لە پاریس لای ئەلکساندەر دی هالی خوێندی و بوو بە مامۆستای فەلسەفە و لاهووت و ساڵی ١٢٥٥ دکتۆرای وەگرت. ساڵی ١٢٥٦ بوو بە سەرۆکی نیزامیی فرانچیسکی و ناکۆکیی ناو ڕیزەکانی نەهێشت. ساڵی ١٢٧٤ کلیمنتۆی پێنجەم کردی بە ئوسقوفی یورک، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە. گریگۆریۆی دەیەم کردی بە کاردینال و ئینجا ئوسقوفی ئەلبانۆ. کتێبێکی لە بارەی ژیانی سان فرانچیسکۆ نووسیوە. ڕوونکردنەوەیەکیشی لەسەر کتێبی یاساکانی پیێترۆ لومباردۆ نووسیوە.

٤٤. بایەخی دەستەچەپ: مەبەست ئارەزووی موڵک و ماڵی دونیایە. مەبەستی ئەوەیە قەت بایەخی بە شتی دنیایی نەداوە.

٤٥ ئیللومیناتۆ دا ڕییتی Illuminato da rieti. یەکێ بوو لە مریدەکانی هەوەڵی فرانچیسکۆ. ساڵی ١٢١٠ بوو بە ئەندامی تیپی (برایانی بچووک) و بوو بە قەشەی ئاسسیزی. ئەوەبوو ساڵی ١٢١٩ لەگەڵ فرانچیسکۆ، لە دمیات چووە لای سوڵتان کامیلی ئەیووبی. ئەو کاتەیش لەسەر چیای ئالڤیرنا لەگەڵ فرانچیسکۆدا بوو کاتێ وەکو مەسیحی دەڵێن برینەکانی لەخاچدانی لە لەش دەرکەوت.

٤٦. ئۆگستینۆ داسسیزی Agostino d Assisi ساڵی ١٢١٠ چووە ڕیزی نیزامیی فرانچیسکی و ساڵی ١٢١٦ لە تیرادی لاڤۆرۆ بوو بە سەرۆکی ڕەبەنە

فرانچیسییەکان. ئەم و ئیللومیناتۆ پێش هەموو کەس بڕوایان بە فرانچیسکۆ هێنا، بۆیە لێرە بە (یەکەم هەژارانی نزم و پێخواس) ئاماژەیان بۆ کراوە.

٤٧. ئوگۆ دا سان ڤیتۆری (Ugo da san Vittore) (1097 – 1141 ) زانایەکی گەورەی فەرەنسی بوو. لە فلاندەر لە نزیک ئیبریە لەدایک بووە. لاهووتی لە سەکسۆنیا خوێند. ساڵی ١١١٥ چووە دێری سان ڤکتۆر لە پاریس کە لە سەدەی دوازدەدا بنکەی خوێندن و لێکۆلینەوەی تەسەوف بوو.

٤٨. پییێترۆ مانجیادۆری (Pietro Mangiadore) نازناوەکەی بە مانای زۆرخۆر دێ. بۆیە وایان پێ دەگوت، چونکە زۆری دەخوێندەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەمدا، لە تەروا لە باشووری فەرەنسا هاتووەتە دونیا. بوو بە سەرۆکی کاترادائییەی تەروا و ئینجا سەرۆکی دێری سان ڤکتۆر و ساڵی ١١٦٤ بوو بە سەرۆکی زانکۆی پاریس. مێژوویەکی نووسیوە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دونیاوە تا سەردەمی پێغەمبەران. لە ئاخیروئۆخری تەمەنیدا لە دێری سان ڤکتۆر گۆشەنشین بوو و ساڵی ١١٧٩ هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد.

٤٩. پییێترۆی ئەسپانی (Pietro Ispano) یەکێ بوو لە مامۆستا هەرە بەناوبانگەکانی ژیربێژی لە سەدەی سێزدەمدا. لە شاری لەشبونە لەدایک بووە. بە گەنجیتی پزیشکاتیی خوێند. بوو بە سەرۆکی ئوسقوفەکانی براجیا. گریگۆریۆی دەیەم کردی بە کاردینال و ئوسقوف لە فراسکانی. ساڵی ١٢٧٧ لە ڤیتربۆ، ژوورێکی لە کۆشکەکەی بە سەردا رووخا و مرد.

٥٠. لە خوارەوە: لەسەر زەوی.

٥١. ناتان (Natan): پێغەمبەر بوو. خودا ناردی بۆ لای داود بۆ ئەوەی سەرکۆنەی بکا لەسەر ئەو کارە خراپەی کردبووی:

سەرکردە و سوپای داود چوونە جەنگی عەموون. داود لە قودس مایەوە. چاوی بە (بەتشەبەع)ی ژنی جوانی یەکێ لە سەرکردەکانی لە شکرەکەی کەوت بە ناوی (ئوریا) و ئاشقی بوو. ناردی بۆیان هێنایە ماڵەوە و لەگەڵیا نووست.

ژنەکە سکی بوو و خەبەری دایە داود کە سکی هەیە. داود لە دوای (ئوریا)ی مێردی ژنەکەی نارد، کە لە شەڕدا بوو. کابرا هاتە لای داود. داود پێی گوت بچێتەوە شەو لای ژنەکەی خۆی بێ و بەیانی بڕواتەوە. بۆ ئەوەی بوو سکبوونی ژنەکە تێدا بزرکا. کابرا لای داود ڕۆیشت، بەڵام شەو هەر لەبەر دەروازەی کۆشکی داود پاڵیدایەوە و نەچووەوە ماڵی خۆی. بەیانی کاتی داود بەمەی زانی، سەرکۆنەی کرد بۆچی نەچووەتەوە لای ژنەکەی؟ (ئوریا) گوتی سەرۆک و هاوڕێکانم لە شەڕدا بن و منیش بچم لە باوەشی ژنەکەمدا بخەوم؟ تا شەڕ کۆتایی نەیەت، شتی وا ناکەم.

ئەوسا داود ئوریای ڕەوانەی شەڕ کردەوە و خەبەری نارد ئوریا بەکوشتن بدەن. ئوریا کوژرا و داود پاش ماوەیەک ژنەکەی هێنایە کۆشک. ئەو کوڕەی لە ئەنجامی ئەو تاوانە لە ژنەکە بووی، پاش ماوەیەک مرد، پاشان دووبارە ژنەکە سکی بوو، ئەمجارە کوڕێکی بوو ناویان نا سلێمان... سلێمانی پێغەمبەر لەو ژنە بوو.

٥٢. کریزۆستومۆ (Crisostomo). سان یوحەننا کریزۆستو (٣٤٤ – ٤٠٧). پیاوێکی ئایینیی گەورە بوو. بە باوکی کڵێسەی ئۆرتۆدۆکس دادەنرێ. لە ئەنتاکیە لەدایک بووە. ساڵی ٣٩٧ بوو بە مەترانی قوستەنتینە، ساڵی ٤٠٧ لە ئاوارەییدا مرد. پاش مردنی، نازناوی (پیر – قدیس سان) یان پێدا. نازناوی (دەمزێڕ) بوو، چونکە زۆر قسەزان و زمانپاراو بوو.

٥٣. سان ئانسیلمۆ (1109 – 1033) (S.Anselmo) پیاوێکی ئایینیی ئیتالی بوو. لەبەر ئەوەی ماوەیەک ئوسقوفی کانتربری بوو، ئیتر نازناوی بە ناوی ئەو شارەوە ڕۆیشت. لە (ئاوستا)، لە پیمۆنتی لەدایک بووە. ساڵی ١٠٦٠ بوو بە ڕاهیب لە دێری بیک، لە نورماندی و ساڵی ١٠٦٣ بوو بە سەرۆکی دێرەکە. ساڵی ١٠٩٣ بوو بە سەرۆکی ئوسقوفەکانی کانتربێری، بەڵام لەسەر هەندێ مەسەلەی ئایینی، لەگەڵ ولیام پاشادا نەگەیشتنە یەکتر و لە ئینگلتەرە ڕۆیشت و چووە ڕۆما. ساڵی ١١٠٣ هێنری لەدووی نارد و هاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەویش نەگەیشتنە یەک و دووبارە لە ئینگلتەرە ڕۆیشت. کاتێ پاسکالی دووەم بوو بە پاپا، ئانسیلمۆ گەڕایەوە ئینگلتەرە و لە کانتربێری کۆچی دوایی کرد. زۆر کتێبی لە پاش بەجێ ماوە. یەکێکیان لە بارەی حلوولی ڕۆحە لە جەستەی مەسیحدا و یەکێکی تر بە ناوی مۆنۆلۆگە، خۆدواندنە. لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی سەلماندنی وجوودی خودا بە ئەقڵ و بێ گەڕانەوە بۆ بەڵگەی نەقڵی.

٥٤. دۆناتۆ (Donato)، ئیلیوس دۆناتوس: زانایەکی گەورەی ڕۆمانی بوو لە بواری ڕێزماندا. لە سەدەی چواردەدا کتێبێکی گرنگی لە بارەی ڕێزمانی لاتینی نووسی بە ناوی (هەشت بەشەکەی ئاخاوتن). ئەو کتێبە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا دەخوێندرا.

٥٥. ڕابانۆ (Rabano). (ڕابانوس ماوروس، Rabanus Maurus 766 – 852 ) لە ماینتز لەدایک بووە. ساڵی ٨١٤ بوو بە کاهین. ساڵی ٨٢٢ دوای چوونە ئۆرشەلیم و هاتنەوەی بوو بە سەرۆکی دێری فولدا، پاشان بوو بە سەرۆکی ئوسقوفەکانی ماینتز.

٥٦. جۆڤاکیمۆی فلۆری (Giova cchino da Flora 1132 – 1202 ) لە چیلیکۆ، لە کالابریا هاتووەتە دونیاوە. بۆیە پێیان دەگوت (کالابری). ساڵی ١١٥٨

چووه دێری ڕەبەنە (چیستری)یەکان و ساڵی ١١٧٦ بوو بە سەرۆکی دێری کوراتسۆ، بەڵام پاشان لەبەر وانەگوتنەوە و نووسین وازی لێ هێنا. ساڵی ١١٨٩ دەستەیەکی ئایینیی هەرێمایەتیی لە فلۆرا دامەزراند. پاپا چلیستینۆی سێیەم ساڵی ١٠٩٦ بە ڕەسمی ددانی بە دەستە ئایینییەکەیاندا نا. هێرشی دەکردە سەر گەندەڵیی کڵێسە و دەیگوت دونیا لەسەر دەستی ڕەبەنە دڵسۆزەکان نوێ دەبێتەوە. جێی سەرنجە ساڵی ١٢٦٠، واتە ٥٨ ساڵ دوای مردنی، خۆی و هەموو بەرهەمەکانی لە لایەن کڵێسەوە قەدەغەکران و بیروڕاکانییان بە بێباوەڕی (زەندەقە) لە قەڵەم دا. سەیر ئەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا دانتی ڕۆحی ئەم پیاوەی لە ئاسمانی چوارەمی بەهەشت داناوە.

٥٧. ئاماژەیە بۆ سان تۆمای ئەکوینی، بۆیە لێرەدا بە ناوی برای ئایینی (Fra) ناوی بردووە، چونکە ئەوسا هێشتا نازناوی (پیر، قدیس، سان)ی وەرنەگرتبوو. دوو ساڵ پاش مردنی دانتی، لە ١٣٢٢دا کڵێسە ئەم نازناوەی دایە تۆمای ئەکوینی.

٥٨. پیاوچاکەکان گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن. دەتوانین بەم جۆرە شوێنی دانتی و بیاتریچی و دوو ئەڵقەکەی دەوریان دیاری بکەین:

دووەکەی ناوەڕاست: (ا) دانتی، (ب) بیاتریچی.

ئەوانەی بازنەی ناوەوە: (ا) تۆمای ئەکوینی، (٢) ئالبیرتۆی گەورە، (٣) گراتسیانۆ، (٤) پییترۆ لومباردۆ، (٥) سلێمانی دانا، (٦) دیۆنیسیوس، (٧) ئۆرۆسیوس، (٨) بۆیتیوس، (٩) ئیزیدۆر، (١٠) بیدا، (١١) ڕیچارد دی سان ڤیکتۆر، (١٢) سیجێیر دی برایان.

ئەوانەی بازنەی دەرەوە: (١) بۆنا ڤێنتورا، (٢) ئیللۆميناتۆ، (٣) ئۆگستینۆ داسسیزی، (٤) ئوگۆدا سان ڤیکتۆر، (٥) پییترۆ مانجیادوری، (٦) پییترۆی ئەسپانی، (٧) ناتان، (٨) کریتسۆزۆ، (٩) ئانسیلمۆ، (١٠) ئیلیۆ دۆناتۆ، (١١) ڕابانۆ، (١٢) جیاکیمۆی فلۆری.

# سرروودی سێزدەم[1]

## ئاسمانی چوارەم

## ئاسمانی خۆر

## دانا و خواناسان

دانتی بیستوچوار داناکانی بینی وەکو دوو چەپکەگوڵ لە دەوری ئەم و بیاتریچیدا دەسوورانەوە. تیشکی هەر چەپکە و دەدرەوشایەوە سەر چەپکەکەی دی. هەموو سروودی سێیینەیان لە بارەی سروشتی یەزدانییەوە دەگوت. سەما و گۆرانی و سورپدان ڕاوەستا. تۆمای ئەکوینی دەستی بە قسە کردەوە، گوتی: باوەڕی دانتی لە بارەی ئادەم و مەسیح و قسەی ئەم لە بارەی سلێمانی دانا هەردووکیان ڕاستن و ڕاستییان پێکاوە. کنیاتی مردۆخ و نامردۆخ هەموو تیشکدانەوەی هێزی یەزدانین کە تیشکەکەی لە فریشتە و ئاسمانەکاندا کۆدەبێتەوە و لەوێوە دێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی. ڕوونیی بوونەوەران بەپێی گەوهەریان و بەپێی جیاوازیی کاریگەریی ئاسمان لە سەریانەوە دەگۆڕێ. هەر لەبەر ئەوەیشە بەرهەمی درەختەکانی یەک ڕەچەڵەک جیاوازییان هەیە، هەروەکو سروشت و ئەقڵی مرۆڤیش جیاوازە. گوتی: ئەگەر گەوهەری بوونەوەران بگاتە ڕادەی کەماڵ و کاریگەریی ئاسمانیان لەسەر، لەوپەڕی چاکی دابێ، پرتەوی خوایان بە جوانترین شێوە لێ دەردەکەوێ!

تۆمای ئەکوینی بەردەوام بوو گوتی: خوا ئادەم و مەسیحی بە شێوەیەکی تەواو دروستکرد و سلێمانی دانا نموونەی نییە، چونکە داوای لە خوا کرد دانایی پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی ببێ بە پاشایەکی باش، نەک بۆ ئەوەی زانیاریی ئاسمانی و فەلسەفی و هەندەسی بەدەست بێنێ. پێویستە دانتی پەلە نەکا لە حوکمەکانی، چونکە ڕای خێرا مرۆڤ تووشی خلیسکان دەکا. وەکو زۆر کەسی تووش کردووە، وەک میلیسیۆ و سابێلللو و ئارڕیۆ، بۆیە خەڵک نابێ زۆر متمانەیان بەو حوکمانە هەبێ کە لە بارەی خەڵکی ترەوە دەیدەن. خوا بە جۆرێکی تر حوکمیان لەسەر دەکا. خوا بۆی هەیە لە دز خۆش ببێ و سزای پیاوی چاک بدا.



ئەوەی بیەوێ تێبگا، ئەوسا من چیم دی
با وێنەکەی بێنێتە بەرچاوی و[٢] کە من قسە دەکەم
وەک بەردێکی سەخت وێنەکە لە مێشکی خۆی بپارێزێ. (٣)
با پازدە ئەستێرە بێنێتە بەرچاوی[٣]
لە شوێنی جیاجیای ئاسمان، بە تیشکی ڕوون دەدرەوشێنەوە
تیشکەکە هەموو بارستایی هەوا دەڕەوێنێتەوە. (٦)
با ئەو گالیسکەیە[٤] بێنێتە بەرچاوی
کە شەو و ڕۆژ مەودای ئاسمانەکەمان تەی دەکا و
کاتێ لەسەر تەوەری خولاوە بادەداتەوە، بزر نابێ. (٩)
با زارکی٥ ئەو کەڕەنایە[٦] بێنێتە بەرچاوی
لەسەر نووکی ئەو تەوەرەوە[٧] دەست پێدەکا
کە ئەڵقەی یەکەمی ئاسمانانی[٨] بە دەورەدا دەسووڕێ. (١٢)
با بێنێتە بەرچاوی کە ئەستێرەکان دوو شکڵیان[٩] لە ئاسمان دروست کردووە
وەک ئەوەی کچی (مینۆ)[١٠] دروستی کرد
کاتێ هەستی بە مووچڕکی مەرگ کرد. (١٥)
با بێنێتە بەرچاوی، یەکێ تیشکی دەکەوێتە
ناو ئەوەی تر و هەردووکیان بە جۆرێ دەخولێنەوە
یەکێ دەکەوێتە پێش و ئەوەی تر دەکەوێتە دواوە. (١٨)
شتێکی وەکو تۆپەڵە ستێرێک دەبینێ
لەگەڵ سێبەری سەمایەک لە دەوری
ئەو خاڵەدا دەسووڕایەوە کە منی لێ بووم (٢١)
ئەو دیمەنە لەوە باڵاترە کە ئێمە لێی ڕاهاتووین
بەقەد ئەوەی کە خولانەوەی تیژڕۆترین هەسارە
لە تەوژمی ڕووباری (کیانا)[١١] باڵاترە. (٢٤)
لێرە نە بە سەروەریی (باکو)یان[١٢] هەڵدەگوت و نە بە (پیانا)،١٣
بەڵکو بە وەسفی سییانەی ناو سروشتی یەزدانی و[١٤]

بەوەیان هەڵدەگوت کە سروشتی یەزدانی و مرۆیی تێدایە (٢٧)
سەما و گۆرانی گەیشتە ئەوپەڕی.
ئەو تیشکە پیرۆزانە ڕووی سەرنجیان کردە ئێمە.
شادبوون لە ئەرکێکەوە دەچنە سەر ئەرکێکی تر. (٣٠)
ئینجا بێدەنگیی نێوان ئەو مەلەکووتییە درەوشاوانە
بەو تیشکە[١٥] پچڕا کە ژیانی بەرزی
هەژاری بەر قاپیی خوای بۆ گێڕامەوە. (٣٣)
پێی گوتم: (کاتێ قرشە دەکوترێ و
دانەکەی لە عەنبار دادەکرێ
خۆشەویستیی دڵبزوێن هانم دەدا قرشەی تر بکوتم. (٣٦)
تۆ بڕوات وایە ئەو سینگەی پەراسوویەکی لێ دەرهێنرا[١٦]
بۆ دروستکردنی ڕوویەکی جوان[١٧]
کە زاری بە نرخێکی گران لەسەر هەموو جیهانییان وەستا، (٣٩)
تەرۆکەکەی تریش کە ڕمێک ئەنگاوتی[١٨]
قەرزی پێش و پاشی بە جۆرێ دایەوە
هیچ گوناهێک کێشێکی وای لە بەردەمدا نەمایەوە. (٤٢)
چی تیشکی دەشێ لە سروشتی مرۆڤدا هەبێ
لەو هێزەوە هاتووە
کە ئەویش و ئەمیشی[١٩] دروست کردووە، (٤٥)
بۆیە سەرت لەوە سووڕ دەمینێ کە گوتم
کە بۆم باس کردی ئەو ڕۆحە بەختەوەریی لە تیشکی پێنجەمدایە٢٠
هەرگیز ئاوقەرانی نییە. (٤٨)
ئێستا چاوت بۆ وەڵامەکەم بکەوە، دەبینی
ئەوەی تۆ بڕوات پێیە، لە ڕووی ڕاستییەوە، لەگەڵ قسەی من
وەک بازنە و چەقەکەی لەگەڵ یەکدی هەماهەنگن.[٢١] (٥١)
ئەوەی نافەوتێ و ئەوەی دەشێ بفەوتێ

تەنیا تیشکی ئەو (وێنە نموونەییە)ن و بەس
کە پەروەردگار بە ئەشق و ئەوین دروستی دەکا، (٥٤)
چونکە ئەو تیشکە پرشنگدارەی لە سەرچاوەی خۆیەوە دێتە دەرێ
نە لەم و نە لەو ئەشقە جیانابێتەوە
کە بە یەککگرتنیانەوە (سێیانە) پێک دێنن. (٥٧)
بەو توانا و چاکەیەی تێیدایە، تیشکی خۆی
لە نۆ گەوهەر[٢٢] کۆ دەکاتەوە، وەک ئەوەی لە ئاوێنەدا
بیدرەوشێنێتەوە. هەتا هەتایە هەر خۆی بە تاکی دەمێنێتەوە. (٦١)
لەوێوە، لە بزوێنەرێکەوە بۆ بزوێنەرێکی دی دێتە خوارێ
تا هێزی دەگاتە کەمترین پلە و
لە لەمپەری کەمخایەن پێوە هیچ دروست ناکا. (٦٣)
مەبەستم لە لەمپەر هەموو ئەو شتانەیە
کە ئاسمان لە کاتی سووڕانەوەیدا،
بە تۆو، یان بەبێ تۆو دروستیان دەکا. (٦٦)
نە مۆمی ئەمانە و نە ئەوەی شکڵ بە مۆمەکە دەدا
هەمیشە لەسەر یەک بار نامێنێتەوە
لەژێر مۆرکی وێنەی یەزدانیدا ڕوونایی زیاد و کەم دەکا، (٦٩)
بۆیە دوو درەخت کە لە یەک ڕەچەڵەک بن
یەکێ لەوەی دی بەری چاکتر، یان خراپتر دەدا.
ئێوەیش ئاوها بە توانا و بەهرەی جیاجیا لەدایک دەبن. (٧٢)
ئەگەر مۆمەکە بگاتە ڕادەی تەواوەتیی خۆی و
ئاسمانیش لە ترۆپکی هێز و گوڕی خۆیدا بێ،
شکۆی شەقڵی یەزدانی بە تەواوی لەسەر مۆمەکە جیلوە دەکا، (٧٥)
بەڵام سروشت هەمیشە ئەم نەخشە بە ناتەواوی دەردێنێ
وەکو ئەو هونەرمەندە وایە کە پسپۆڕیی هونەری هەیە،
بەڵام لە کارکردندا دەستی دەلەرزێ، (٧٨)

بەڵام ئەگەر گەرمای ئەشق هەبێ و
وێنەی ئاشکرای هێزی یەکەم پێ بگەیەنێ و شەقڵی بکا
مۆرەکە بە تەواوی دەردەکەوێ. (٨١)
بەم جۆرە، زەوی پێشتر بوو بە شایستەی
پێشوازیکردنی مرۆڤێکی زیندووی هەرە تەواو،[٢٣]
هەر بەم جۆرەیش ماریای پاکیزە بە کچێنی زگی بوو. (٨٤)
بۆیە ئەو ڕایەت بۆ دەسەلمێنم کە
سروشتی مرۆڤ هەرگیز هی وەکو ئەو
دوو کەسەی نەبووە و نایێ. (٨٧)
ئێستا ئەگەر لەوە زیاتر پێدانەچم،
تۆ بەم جۆرە دێیتە گۆ:
(باشە ئەو چاکەکارە چۆن بێ مانەند بوو؟)، (٩٠)
بەڵام بۆ ئەوەی، ئەوەی ڕوون نییە، ڕوون بێتەوە،
بیر بکەوە: کێ بوو و چ هۆیەک بوو هانی دا،
داوا بکا، کە پێیان گوت: (داوا بکە!) (٩٣)
من هیچم نەگوتووە ڕێت لێ بگرێ باش بزانی
ئەوە پاشایەک بوو داوای ژیری و دانایی کرد
بۆ ئەوەی ببێ بە شایەنی پاشایەتی.[٢٤] (٩٦)
نەک بۆ ئەوەی ژمارەی بزوێنەرەکانی ئاسمان بزانێ،[٢٥]
یان بۆ ئەوەی بزانێ شتێکی تری پێویست
لە یەکگرتنی پێویست و لاوەکی پەیدا دەبێ.[٢٦] (٩٩)
نەک بۆ ئەوەی بزانێ ئایا دەشێ
بزوێنەری یەکەم هەبێ؟٢٧ ئایا دەکرێ
سێگۆشەیەکی بێ گۆشەی وەستاو لەناو نیوەبازنە دروست بکرێ.[٢٨] (١٠٢)
ئەگەر قسەی ئێستا و پێشووم لێک بدەی
تێدەگەی دانایی پاشایان دیدێکی بێمانەندە

ئەوەیە من کردوومەتە نیشانی تیری نیازم. (۱۰۵)
ئەگەر تۆ دوو چاوی ڕوونت ببڕیتە قسەکەم
(مانەندی نەبووە!) دەبینی تەنیا پاشاکان دەگرێتەوە
کە ژمارەیان زۆرە، بەڵام چاکیان کەمە. (۱۰۸)
بە وردی لەم قسەیەی من وردبەرەوە
دەشێ لەگەڵ باوەڕی تۆ یەک بگرێتەوە
دەرهەق باوکی یەکەم و[۲۹] خۆشەویستیی یەکەممان.۳۰ (۱۱۱)
با ئەم قسەیە هەمیشە وەکو مس بێ لەسەر پێت
بۆ ئەوەی وەکو مرۆڤێکی شەکەت، هێدی هەنگاو هەڵێنی
بەرەو (ئا)، یان (نا) کە لە بەرچاوت ڕوون نییە، (۱۱٤)
چونکە ئەو کەسەی، بێ ئەوەی ئەم و ئەو لێک جیابکاتەوە،
جەخت لەسەر ئەم دەکا و ئەو ڕەتدەکاتەوە،
لەگەڵ گەوج و لەوجڕاندا، شوێنی لە بنی بنەوەیە، (۱۱۷)
چونکە زۆر جار وا دەبێ ڕای پەلە
بەرەو خراپەکاری دەخلیسکێ و
سۆز و هەوادارایی ئەقڵ بەند دەکا. (۱۲۰)
ئەوەی بچێتە ڕاوی حەقیقەت و ڕاو نەزانێ
لە بێهوودەیی بێهوودەتر کەنار جێدێڵێ،
چونکە بە هەرحاڵ چۆن چووبوو، ئاوها ناگەڕێتەوە. (۱۲۳)
لە دونیادا بەڵگەی شتی زۆرە وەکو
(پارمنیدی) و[۳۱] (میلیسسۆ) و[۳۲](بریسسۆ) و[۳۳] زۆری تریش
دەڕۆیشتن، بێ ئەوەی بزانن دەچنە کوێ! (۱۲٦)
(سابێللیۆ) و[۲٤] (ئارڕیۆ) و[۳۵] ئەو گەوجانەیش وایان لێ هات
کە وەکو شیری هەڵکێشراو بوون لە ئینجیل و
لایەنی دروست و چاکیان شێواند و تێک دا. (۱۲۹)
کاتێ ئەو خەڵکە بڕیارێ دەدەن، با زۆر متمانە بە خۆیان نەکەن،

وەک ئەو کەسەی، گەنم هێشتا شینە
تەخمین دەکا یەکەو چەند دەبڕێ. (١٣٢)
بنەگوڵی کێویلکەم دیوە بە درێژایی زستان
وشک و چورچ و چقڵبەند بووە،
کەچی پاشان چڵەپۆپەی بە کوڵووک ڕازاوەتەوە. (١٣٥)
کەشتیتم دیوە بە درێژایی گەشتەکەی
بە ڕاست و دروستی دەریای بڕیوە،
پاشان کە گەیشتووەتەوە کەنار، تێکشکاوە. (١٣٨)
خانمی (بێرتا) و جەنابی (مارتینۆ)[٣٦] کە لە خەودا دیویانە
یەکێ دزیی کردووە و یەکێ قوربانیی داوە،
با وا نەزانن لە حیکمەت و دادگای خوا دەگەن، (١٤١)
چونکە بۆی هەیە ئەو بەرزبێتەوە و ئەم بەربێتەوە. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی سێزدەم

١. ئەمە سروودی چوارەم و دواسروودی تایبەتە بە ئاسمانی خۆر. پێی دەگوترێ (سروودی سلێمانی دانا).

٢. دانتی دانا و پیاوچاکەکان بە ئەستێرە دەچوێنێ.

٣. ئاماژەیە بۆ پازدە ئەستێرەی پلە یەک کە بەپێی تیۆری بتلیموس بە ئاسماندا بڵاوبوونەتەوە. پازدە ئەستێرەکان ئامانە بوون:

(١) سەگی گەورە، (٢) عەیووق، (٣) عەوا، (٤) چەنگ، (٥) پیاوی ستەمکار، (٦) سەگی بچووک، (٧) ماڵی پیرەژن، (٨) هەڵۆ، (٩) ئەستێرەی گا، (١٠) گوڵەگەنم، (١١) نیری دووپشک، (١٢) سەری جمک، (١٣) شێر، (١٤) زاری نەهەنگ، (١٥) کلکەمریشک.

٤. گالیسکە: یانی ورچی گەورە. لە حەفت ئەستێرە پێک دێ. (حەفتەوانە) (بەرزک، س١،د٣٠).

٥. مەبەستی لە زاری ورچی بچووک ئەو دوو ئەستێرەیە کە دەکەونە سەر لێوارەکەی و- لە ئەستێرەی تەوەری باکوورەوە نزیکن و بریتین لە بیتا (Beta) و گاما (Gamma).

٦. ئەو کەڕەنایە: مەبەست ورچی بچووکە.

٧. واتە ئەستێرەی تەوەر (قوتبی).

٨. مەبەست ئاسمانی بزوێنەری یەکەمە.

٩. واتە ئەو ئەستێرانە کە ژمارەیان بیستوچوار ئەستێرەیە (پازدە ئەستێرەی یەکەم + حەفت ئەستێرەی ورچی گەورە + ٢ ئەستێرەی زارکی کەڕەنا= ٢٤). وەکو دوو هەسارە وان و لەسەر شێوەی دوو تاجی یەک لەناو یەکدان.

١٠. مینۆ: مینۆس (Minos) پاشای دوورگەی کریت و دادوەری دۆزەخ و پاسەوانی ئەڵقەی دووەمیەتی.

کچی مینۆس: مەبەست (ئاریادنی)ی خوشکی میناتورسە کە ئەشقی تیزیوس بوو، بەڵام تیزیوس جێی هێشت، ئەویش سوێی بووەوە و بە نامرادی مرد. دیۆنیزوس (باخۆس)، تاجەگوڵینەی سەرسەری ئاردیانی هەڵگرت و کردی بە کۆمەڵە ئەستێرەیەک و لە ئاسمانی دانا. پێی دەگوترێ تاجی ئاریادنی، یان ئەستێرەی (تاجی باکوور).

١١. کیانا (Chiana) ڕووبارێکە لە ناوچەی تۆسکانا، لە نزیک شاری ئارنۆ، لە ڕووباری ئارنۆ دەکاتەوە. لەبەر سروشتی ئەو خاکەی پێیدا دەڕوا. زۆر بە هێدی دەڕوا، دۆڵەکە وەکو گۆماوێکی لێ هاتووە، بووەتە مەکۆی میکرۆبی مەلاریا.

١٢. باککۆ (Bacco) (بە لاتینی: باخوس Bacchus). (بە یۆنانی پێی دەگوترێ دیۆنیزۆس) خودانی شەراب بوو لای ڕۆمانەکان. لە جەژندا گۆرانییان پێ هەڵدەگوت.

١٣. پیانا (Peana): ئەو سرووده بوو کە گریکەکان بۆ ستایشی ئاپۆلۆی خودانی شیعر و هونەر و مۆسیقا دەیانچڕی، نازناویش بوو بۆ ئاپۆللۆ.

١٤. واتە: سروودیان بۆ سێیانەی پیرۆز دەگوت.

١٥. ئاماژەیە بۆ ڕۆحی تۆمای ئەکوینی.

١٦. مەبەست سنگی ئادەمە کە پەراسوویەکی لێ دەرهات و حەوای لێ خەڵق کرا.

١٧. ڕووی جوان: مەبەست حەوایە کە خوا لە پەراسووی ئادەم خەڵقی کرد.

١٨. ئاماژەیە بۆ عیسا کە کاتێ لەسەر خاچ هێنرایە خوارەوە (بەپێی بڕوای مەسیحییان)، یەکێ لە سەربازەکان سنگی بە نووکی سونگی کون کرد.

١٩. هەردووکیان: مەبەست ئادەم و عیسایە.

٢٠. ئاماژەیە بۆ سلێمانی دانا.

٢١. یانی دانتی لای وایە بڕوای خۆی لە بارەی ئادەم و مەسیح و قسەکەی تۆمای ئەکوینی لە بارەی سلێمانی دانا هەردووکیان یەک شتن. وەکو بازنەیەک وان و بازنەیش تەنیا یەک چەقی هەیە و بەس.

٢٢. واتە ئەو نۆ فریشتەی بەسەر نۆ ئاسمانەکەدا ڕادەگەن.

٢٣. مەبەست ڕۆحی پیرۆزە.

٢٤. دانایی بۆ پاشا پێویستە بۆ ئەوەی پاشایەکی لێوەشاوەبێ تا بتوانێ بە دادپەروەری حوکمی میللەتەکەی بکا.

٢٥. سلێمان بۆ ئەوە داوای دانایی نەکرد تا بزانێ ژمارەی ئەو فریشتانەی ئاسمانەکان دەسووڕێنن، چەندە!

٢٦. سلێمان بۆ ئەوە داوای دانایی نەکرد تا لە مەسەلەی مەنتیقی بگا کە لە دوو گریمانە دا، یەکێکیان ناچاری بێ و ئەوەی تر سەرەڕۆ، هەر دەبێ بگەینە ئەنجامێک.

٢٧. سلێمان بۆ ئەوە داوای دانایی نەکرد تا بزانێ داخۆ لە دونیادا بزوێنەری یەکەم هەیە، بزووتنەکەی لە هیچ بزوێنەری ترەوە نەبێ.

٢٨. سلێمان بۆ ئەوە داوای دانایی نەکرد تا بزانێ ئاخۆ دەشێ سێگۆشەی بەبێ گۆشەی وەستاو لە نیو بازنەدا بێ بکێشرێ یان نا؟

٢٩. مەبەست ئادەمە.

٣٠. مەبەست مەسیحە.

٣١. پارمینیدی (Parmenide) (بە یۆنانی پارمینیدیس Parmenides): فەیلەسووفێکی یۆنانی بوو. دەوری ٥١٣ پ.ز لە (ئیلیا) هاتووەتە دونیا. دامەزرێنەری ڕێبازی فەلسەفیی ئیلیاتی (Eleatic) و شاگردی زینەفۆن بوو. بڕوای وا بوو ژیان هەر هەبووە، یانی نە سەرەتای هەیە و نە گۆڕان بە خۆیەوە دەبینێ، هەروەها باوەڕی وا بوو ژیان لە خۆرەوە هاتووە.

٣٢. میلیسسۆ (Melisso) فەیلەسووفێکی خەڵکی دوورگەی (ساموس) بوو. دەوری ٤٥٠ پ.ز لە ساموس لەدایک بووە. قوتابیی ئارمینیدیس بوو.

٣٣. بریسسۆ (Brisso) (بە یۆنانی بریسسۆن Brysson) فەیلەسووفێکی یۆنانی بوو. لە هیراکلیا لەدایک بووە. شاگردی ئیقلیدس بوو. هەموو ژیانی خۆی لە هەڵهێنانی مەتەڵی (بەچوارگۆشەکردنی بازنە) چوواند.

سەرنج: دانتی ئەم سێ فەیلەسووفە یۆنانییە (پارمینیدی و میلیسسۆو بریسسۆ) لە مێژووی فەلسفەی یۆنانیدا بە نموونەی بیری پووچەڵ دەزانێ.

٣٤. سابێللیۆ (Sabellio) (بە لاتینی سابێلیوس Sabellius) لە سەدەی سێیەمی پێش زایندا لە پینتاپۆلیس، لە باکووری ئەفریقیا هاتووەتە دونیا. باوەڕی بە بیری سێیانەی مەسیحی (باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز) نەبوو.

٣٥. ئارڕیۆ (Arrio) (بە لاتینی Arius) دەڵێن لە (لیبیا) لەدایک بووە. شاگردی لوسیانۆی ئەنتاکی بوو. بوو بە پیاوێکی ئایینی لە ئەسکەندەرییە. نکووڵیی لە خوایەتیی مەسیح دەکرد. کۆڕی ئایینی، بە کافر و بێباوەڕ حوکمیان بەسەردا دا. چەند ساڵێک لە ئاوارەیی، لە (ئیلیریا)، ژیا، پاشان لێی خۆشی بوون و گەڕایەوە ئەسکەندەرییە، بەڵام لەسەر ڕای خۆی نەهاتە خوارەوە. دەوری ٣٣٦ لە قوستەنتینە کۆچی دوایی کرد.

٣٦. خانمی بێرتا (Donna Berta) و جەنابی مارتینۆ (Ser Martino) دوو ناوی گشتین بۆ ئاماژەکردن بە ژن و پیاوان. دیارە ئەم دوو ناوە لە سەردەمی دانتیدا بۆ نموونە هێنانەوە لەسەر زمان بووین، وەکو (ضرب زید عمروا)ی زاناکانی ڕستەسازیی عەرەبی. دانتی بۆ گاڵتە وشەی خانم (Donna) و جەناب (ser)ی بۆ بەکار هێناون.

***

# سروودی چواردەم[1]

## ئاسمانی چوارەم
## ئاسمانی خۆر
## زانا و خواناسان
## ئاسمانی پێنجەم
## شاسوارانی مەسیح

تۆمای ئەکوینی لە قسە وەستا. بیاتریچی پێی گوت دانتی دەیەوێ بزانێ چۆن لە ڕۆژی پەسڵاندا، تیشکی ڕۆحی چاکەکاران چاوی ئازار نادا؟ دوو تاقمە داناکە نیشانەی شادییان لە ڕوو دەرکەوت و بە سروود ستایشی خوایان کرد. تۆمای ئەکوینی دەستی بە قسە کردەوە، گوتی: پرتەوی چاکەکاران پرتەوێکی ئەبەدییە و بە نیعمەت و کەرەمی خوا دەتوانن خوا ببینن. بە زیادبوونی ئەو بینینە گڕی خۆشەویستییان زیاتر دەبێ و بەمەوەیش ئەو تیشکەی بڵاوی دەکەنەوە، هێورتر دەبێ. چاویش ئازار نادا، چونکە ئەندامەکانی لەش وایان لێ دێ چێژ لە هەموو خۆشییەک وەردەگرن، بۆیە چاکەکاران بە تاسە و پەرۆشەوەن خۆیان و خزم و خۆشەویستەکانیان توانا لە جەستەی مردوویان وەربگرنەوە.

دانتی تاقمە چاکەکارێکی تری بینی ئەڵقەی سێیەمیان لە دەوری دوو ئەڵقەکەی پێشوو دروست کردبوو. دانتی نەیتوانی سەیری تیشکیان بکا، بەڵام بە سەیرکردنی بیاتریچی سۆمای چاوی هاتەوە. دیتی ڕۆحەکان شێوەی


خاچێکیان پێکهێنا. وەک ئەو تۆزقاڵە وردانە سەمایان دەکرد کە لە ناو تیشکی خۆر و لە ژوورێکی تاریکدا دەردەکەون.

دانتی گوێی لە سروودێکی خۆش بوو ڕۆحەکان لەسەر خاچ دەیانچڕی.

ئاسمانی چوارەم ئاسمانی مەریخە. مەریخ جێگەی جەنگاوەر و شەهیدانە، بۆیە وایان داناوە چونکە مەریخ بە ڕەنگی قورمزیی خۆی ڕەمزی جەنگاوەری و شەڕوشۆڕە. لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا خودانی مەریخ، خودانی جەنگ بوو.

لە بارەی مانای ڕەمزیی مەریخەوە، دانتی دەڵێ دەتوانین ئەستێرەی مەریخ لەناو ئەستێرەکانی دی بە زانستی مۆسیقا بچوێنین لەناو زانستەکانی دیدا. یەکەم لەبەر ئەوەی ئەم ئاسمانە کەوتووەتە چەقی کۆمەڵەی ئاسمانەکانی دی، یانی چ لە لای خوارەوە و چ لە لای سەرەوە، مەریخ پێنجەمین ئاسمانە و کەوتووەتە ناوەڕاست. دووەم لەبەر ئەوەی خەسیەتی بنەڕەتیی مەریخ گەرمی و سفتوسۆیە. گەرماکەی وەکو گەرمای ئاگر وایە. بەپێی کەم و زۆریی ئەو هەڵمەی دەوری داوە، ئاگرینییەکەی هەندێ جار زۆرتر و هەندێ جار کەمتر دەردەکەوێ. ئەم دوو خەسیەتەیش لە زانستی مۆسیقادا هەن. مۆسیقا لە لایەکەوە هاوسەنگی و هەماهەنگیی تێدایە و دەتوانین بە چەقی زانستەکانی تری دابنێین. لە لایەکی تریشەوە هێزێکی ڕاکێشانی تێدایە، هەموو شت بۆ خۆی ڕادەکێشێ و دڵ گەرم دەکا.

لە بارەی کاریگەریی مەریخ لە ژیانی مرۆڤ و لایەنی شوومی و بەختەوەریی ئەم ئەستێرەیە، مەریخ سروشتێکی گەرم و ئاگرین و توند و وشکی هەیە. تامی تفت و تاڵە. نیشانەی جوانییە. گەرما و ئاگرکەوتنەوە و تەقینەوە و هەموو جۆرە ڕووداوێکی کتوپڕ لەم ئەستێرەیەوە دێ. ئەمانە هەندێکن لەوانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی مەریخ: پاشای دەسەڵاتدار، قونسوڵ، دۆق، شۆڕەسواران و جەنگاوەران، چەک و ئامێری شەڕ، هونەری لەشکرکێشی، پیلان و ڕێگری، تاڵان و ڕاووڕووت، هەڵەشەیی و گیانبازی، ڕق و ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن، خەم و خەفەت، دزیی گەورە و بچووک، ترس و تۆقان، جوێن و هەڕەشە، ناپاکی، پەیمانشکێنی، زمانپیسی، گۆڕینی خێرای باوەڕ و ڕەفتار، زویربوون و ئاشتبوونەوەی خێرا، بێوەفایی،...هتد



ئاو لەناو دەفری خڕدا، بەپێی زەبری
دەرەوە، یان ناوەوە، بە وردەشەپۆڵ،
لە چەقەوە بۆ چێوە، یان لە چێوەوە بۆ چەق، دەجووڵێ.[٢] (٣)
لەپڕ ئەم وشانەم کەوتە مێشک کە دەڵێم
کاتێ کە ڕۆحی شکۆداری (تۆماسۆ)
لە قسەکردن وەستا. (٦)
لێکچوونێکی زۆرم لە نێوان[٣] ئەم قسانە و
قسەکانی (بیاتریچی)دا دی، کاتێ بە پەرۆشەوە،
دوای ئەو ئاوها دەستی بە قسە کرد: (٩)
ئەم پیاوە پێویستی بەوەیە بگاتە بنچینەی ڕاستەقینەیەکی تر
کە تا ئێستا، نە بە قسەی خۆی و و نە بە ئەندێشەی خۆی،
واتان پێ دەڵێ. (١٢)
پێی بڵێن ئاخۆ ئەو تیشکەی ڕۆحتان
پێ ڕازاوەتەوە، هەتا هەتایە
بە شێوەی ئێستای لەگەڵتاندا دەمێنێتەوە، (١٥)
ئەگەر دەمێنێتەوە، پێی بڵێ
چۆن، کاتێ دووبارە لە جەستەیەکی تازەدا دەردەکەوێ
بریقەکەی بەری بینینی چاوتان ناگرێ؟[٤] (١٨)
وەک چۆن ئەوانەی کاتێ سەما دەکەن
جۆشوخرۆشێکی مەستانە پاڵیان دەدا و ڕایاندەکێشێ[٥]
بە شادی لە سەماکردندا گەرم دەبن و چریکەیان بەرز دەبێتەوە. (٢١)
دوو ئەلقە پیرۆزەکانیش بەم جۆرە،
بە دوعای کەیلی خۆشەویستی،
شادییەکی تازەیان بە سەما و سروودی بەرز دەبڕی. (٢٤)
ئەوەی خەفەت دەخوا کە لێرە[٦] دەمرێ
بۆ ئەوەی لە ئاسماندا بژین، هێشتا نەیدیوە چۆن
بارانی جاویدانی لەوێ[٧] فێنکاییەک دەبەخشێ. (٢٧)
ئەوەی کە یەک و دوو و سێیە و[٨] کە هەمیشە نەمرە و

هەردەم لە سێ و دوو و یەکدا فەرمانڕەوایی دەکا،
هیچ شتێ لەو ناگا، بەڵام ئەو لە هەموو شتێ دەگا. (٣٠)
هەر ڕۆحی لەو ڕۆحانە سێ جار
بە ئاوازێکی شیرین و بەرز بە ناوی هەڵدەگوت
بیستنی، پاداشتی هەموو شایستەییەک بوو. (٣٣)
لە یەزدانیترین تیشک و[٩] لە بچووکترین بازنەدا
دەنگێکی نەرم و ناسکم کەوتە بەرگوێ
وەکو دەنگی ئەو فریشتەیە[١٠] بوو کە هاتە لای ماریا. (٣٦)
گوێم لێ بوو وەڵامی دایەوە: (تا ئاهەنگی بەهەشت
بەردەوام بێ، خۆشەویستیمان، وەک ئەم بەرگە بریقەدارە
لە دەوروبەرماندا دەبریسکێتەوە. (٣٩)
بریسکانەوەی لە بڵێسەکەی دێ و[١١]
بڵێسەکەیش لە بینینی خواوە دێ و ئەویش
ئەوەندە گەورەیە، نیعمەتی لە نرخی خۆی زیاترە. (٤٢)
کاتێ سەرلەنوێ بەرگی جەستەی پیرۆزی خۆمان
لە بەر دەکەین، کەسێتیمان دەکەوێتەوە
سەر شکڵی بنەڕەتیی خۆی و کامڵتر دەبێ. (٤٥)
بەمەوە، ئەو تیشکە خۆڕاییەی (چاکەی باڵا)[١٢] پێمان دەبەخشێ
زیاد دەکا و هەر ئەویشە
توانای بینینی خۆیمان پێ کەرەم دەکا،[١٣] (٤٨)
بۆیە دەبێ بینینمان زیاد بکا و
ئەو ئاگرە کڵپە بکا کە لێیەوە دادەگیرسێ و
ئەو بڵێسەیە زیاد بکا کە لێی دەبریسکێتەوە، (٥١)
بەڵام وەک ئەو پەرەنگەی پرووشک داوێ و
هێزی گڕگرتنی بە جۆرێکە هەمیشە لە بەرچاو دەمێنێتەوە و
لە گڕی بڵێسەکە گەورەتر دەبێ. (٥٤)
بەم جۆرە، ئەو بریقەی ئێستا دەوریداوین
بەو جەستەیەی ئێستا زەویی داپۆشیوە.

زیاتر و گەشتر دەبێ.(٥٧)
ئەم هەموو تیشکە ناتوانێ کەشەنگمان بکا،
چونکە ئەندامەکانی لەشمان بەهێز دەبن و
دەتوانن چێژ لە هەر شتێ وەربگرن کە مایەی شادیمان بێ. (٦٠)
دیار بوو هەردوو دەستە بە پەلە و پەرۆش بوون
بۆ گوتنی (ئامین). بە ڕوونی بۆم دەرکەوت
چەند بە حەزرەتن بۆ جەستەی مردوویان! (٦٣)
ڕەنگە ئەو پەرۆشییە تەنیا بۆ خۆیان نەبێ،
بەڵکو بۆ دایک و باوک و کەسانی تریش بێ
کە بەرلەوەی ببن بە بلێسەی جاویدان، ئازیزیان بوون. (٦٦)
تیشکێکی ڕێک و درەوشاوەم لە دەوری خۆمانەوە دی،
لەسەر ئەوەی بەرامبەرەوە دەبریسکایەوە
دەتگوت ئاسۆیە و گزنگان داوێ. (٦٩)
چۆن لەگەڵ بوولێلی ئێوارەدا،
وێنەی تازە لە ئاسماندا دەردەکەوێ
کە ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە خۆی دەنوێنێ، (٧٢)
بەم جۆرە هەستم کرد هەندێ گەوهەری تازە دەبینم
دەردەکەون و بازنەیەکی تر
لە دەرەوەی دوو بازنەکە پێک دێنن. (٧٥)
ئەی پرتەوی ڕاستەقینەی (ڕۆحی پیرۆز)!
چۆن لەپڕ لە بەرچاوم درەوشایەوە
چاوم بەرگەی دیتنی نەگرت و چاوم بەردایەوە، (٧٨)
بەڵام (بیاتریچی) خۆی ئەوەندە جوان و خەندان نیشان دام،
دیداری یەکێ بوو لەو دیمەنانەی
کە یادەوەریی یارایی پاراستنی نییە، (٨١)
ئینجا بە خێرا وێ چاوم هێزی هەڵبڕینی هاتەوە بەر،
خۆمم دی بە تەنیا لەگەڵ خانمەکەم
بۆ ئاسمانێکی هەرە بەرزتر بەرزبوومەوە،[١٤] (٨٤)

به خەندەی ئاگرینی ئەستێرەیەک،[15]
کە لە بەرچاوم لەباری ئاسایی سوورتر بوو،
بە ئاشکرا زانیم هەوارزتر چووم. (٨٧)
لە ناخی دڵەوە و بەو زمانەی لای هەموو کەس یەک شتە،
قوربانییەکی گەورەم[16] بۆ خودا پێشکەش کرد،
شایستەی ئەو نیعمەتە تازەیە بێ. (٩٠)
هێشتا گڕی قوربانییەکە لە دڵمدا
دانەمردبووەوە، کە زانیم دوعا و پاڕانەوەم
بە لوتفەوە گیراوە و لێم قبووڵکراوە. (٩٣)
چەند تیشکی زۆر گەش و ئەرخەوانیم
لە نێوان دوو تیشکدا لێ دەرکەوت
هاوارم کرد: (ئەی خۆر![17] تۆی ئاوا چەند جوانت کردوون!) (٩٦)
چۆن، کاکێشان لە نێوان هەردوو تەوەری زەویدا،
بە پرتەوی گەورە و بچووک دەڕازێتەوە و
ئەوەندە سپی دەنوێنێ، زانایان تووشی دڕدۆنگی دەکا. (٩٩)
بەم جۆرە ئەو تیشکە کۆبووەوانەی ناوجەرگەی مارس
ئەو نیشانە شکۆمەندەیان دروست کرد کە پێکگەیشتنی
چوارچواریەکی یەکسانی بازنە، لەناو بازنەدا دروستی دەکا.[18] (١٠٢)
لێرەدا یادەوەریم بەسەر زەینمدا زاڵ دەبێ.
مەسیح بە جۆرێ لەسەر ئەم خاچە دەدرەوشایەوە
ناتوانم نموونەیەک بێنم بەرجەستەی بکا، (١٠٥)
بەڵام ئەوەی خاچی خۆی هەڵدەگرێ و شوێن مەسیح دەکەوێ،
کاتێ دەبینێ مەسیح لەناو ئەو بریقەیەدا دەدرەوشێتەوە،[19]
دەزانێ من هەقم بەدەستە ناتوانم باسی بکەم (١٠٨)
لە بازوویەکەوە بۆ بازووەکەی تر و لە ترۆپکەوە بۆ داوێن
تیشک لە جووڵە و بزووتنی لە مەلەمدا بوون و
لە پنتی یەکتربڕین و لێک تێپەڕیندا، گەشتر دەبریسکانەوە. (١١١)
ئاوها لێرەدا گەردیلەی تەنەکانمان بینی،

ڕاست و خوار، خێرا و سست، کورت و درێژ
لە گۆڕانی بەردەوامدا بوون (١١٤)
وەک ئەو گەردیلانەی لە ناو تیشکدا دەجووڵێن
کە بەناو شوێنێکی تاریکدا دەڕوا
مرۆڤ بە هونەر و کارامە بۆ پاراستنی خۆی دروستی دەکا، (١١٧)
چۆن چەنگ و[20] ئەرگانوون،[21] کاتێ ژێیان[22]
بە هەماهەنگی دەلەرێتەوە، ئاوازێکی ئەوەند شیرین
دروست دەکەن، ئەوەی لە ئاوازیش نەزانی بە لایەوە دڵبزوێنە، (١٢٠)
بەم جۆرە لەسەر چەلیپا، سروودێکی خۆشم
لەو تیشکانە کەوتە بەرگوێ کە لەوێ دیم
بێ ئەوەی لە مانای وشەکانی بگەم، دڵی لێ سەندم. (١٢٣)
بە ئاشکرا تێگەیشتم ئەمە پەسن و پیاهەڵدانێکی بەرزە،
وەک یەکێ گوێی لە قسەیەک بێ و تێی نەگا
وشەی (هەستە) و (سەرکەوتوو بی)م کەوتە بەرگوێ. (١٢٦)
هەستی ئەشقێکی بەرز دایگرتم
تا ئەو کاتە، هەرگیز، هیچ شتێ
بە بەندێکی وا دڵپەسند بەخۆیەوە گرێی نەدابووم، (١٢٩)
ڕەنگە قسەکەم بوێرانە بێ، چونکە ئەم قسەیە
لەززەتی دیداری ئەو چاوە جوانانە[23] لە خۆی کەمتر دەنوێنێ
کە کاتێ سەیریان دەکەم، هەموو ئارەزووەکانم دێنە دی، (١٣٢)
بەڵام ئەوەی بزانێ ئەم دوو مۆرە بریقەدارانەی جوانی
بە بەرزبوونەوە کاریگەرییان زیاتر دەبێ و
بشزانێ من هێشتا سەیرم نەکردوون، (١٣٥)
لەم گوناهە دەمبوورێ کە خۆم پێ تاوانبار دەکەم،
بەڵام من بیانووم بەدەستە و ئەویش دەزانێ من ڕاست دەڵێم،
چونکە دەرفەتی دەرککردنی ئەم چێژە پیرۆزە لەدەست نەچووە، (١٣٨)
بەڵکو تا بەرزتر بێتەوە، پاکتر و سافتر دەبێ. (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سروودی چواردەم

(١) ئەمە سروودی پەڕینەوەیە لە ئاسمانی خۆرەوە بۆ ئاسمانی مەریخ (مارس). پێی دەگوترێ: (سروودی ژیانەوە).

٢. ئاماژەیە بۆ ئەوە ئەگەر دەفرێکی خڕ ئاوی تێدابێ و لە ناوەوە (واتە لە چەقەوە) یان لە دەرەوە (واتە لە چێوەوە) زەبرێکی بەر بکەوێ، بازنە لەسەر ڕووی ئاوەکە دروست دەکا و بەپێی شوێنی زەبرەکە (ناوەوە، یان دەرەوە)، ئاڕاستەی بازنەکان بەرەو چەق، یان بەرەو چێوە دەگۆڕێ. مەبەست ئەوەیە قسەی تۆمای ئەکوینی لە چێوەی بازنەکەوە بۆ بیاتریچی لە ناوەڕاستەوە و قسەی بیاتریچی لە ناوەڕاستەوە بۆ تۆمای ئەکوینی لە چێوەی بازنەی دانایان، وەکو جووڵەی شەپۆلەکانی ئاوی ناو دەفرێکەیە کە لە دەرەوە یان لە ناوەوە زەبری بەر بکەوێ.

٣. واتە قسەی تۆمای ئەکوینی لە چێوەی بازنەکەی خۆیدا کراوە و گەیشتووەتە بەرگوێی دانتی لە چەقەکەدا. بە پێچەوانە قسەی (بیاتریچی) لە چەقەوە بۆ چێوە دەچێ کە بازنەی ڕۆحەکانە. مەبەستی دانتی ئەوەیە بڵێ قسەی تومای ئەکوینی لە بارەی لاهووت و لە بارەی ئیمانەوە لەگەڵ قسەی (بیاتریچی) تێک دەکاتەوە، بەڵام دانتی هەرچەندە پێڕەوی تۆمای ئەکوینی دەکرد، لە هیچ شوێنی ئەم جۆرە باوەڕەی نەداوەتە پاڵ.

٤. واتە: ئەو تیشکەی ئێستا لە دەوری ڕۆحی ئێوەدایە و ئاوها ئاوی چاو دەبا و ئێوە ناتوانن دەردۆری خۆتان ببینن، ئایا هەمیشە هەر وا دەمێنێتەوە یان نا؟ ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە، ڕۆژی قیامەت کە ئەو خەڵکە زیندووبووەوە، چۆن دەتوانن لەبەر ئەو تیشکە سەیری دەوروبەری خۆیان، واتە سەیری یەکتر بکەن؟

٥. سەماکەرەکان سەمای بازنەیی دەکەن و دەستی یەکتر دەگرن. ئەم پاڵدان و ڕاکێشانەی باسی دەکا بۆ ئەوە دەچێتەوە کە دەستی یەکتریان گرتووە و هەریەکەیان لە لایەکەوە ڕادەکێشرێ و لە لایەکەوە پاڵدەدرێ.

٦. ئێرە: ڕووی زەوی.

٧. لەوێ: ئەو ئاسمانەی دانتیی تێدایە.

٨. یەک، دوو، سێ: مەبەست سییانەی ئاینیی مەسیحییە.

٩. ئاماژەیە بۆ سلێمانی دانا کە پێشتر تۆمای ئەکوینی باسی کردووە. تیشکی سلێمان لە هەموو تیشکان گەشترە کە سروودی سروودانی نووسیوە و بریتییە لە کۆمەڵێ غەزەل لە بارەی سروشت و ئافرەت و خۆشەویستی. هەندێ بیریاری مەسیحی لێکدانەوەیەکی مەسیحییانە بۆ ئەو سروودە دەکەن. بە لای ئەوانەوە کڵێسە بووک و مەسیح زاوایە و بەمەوە دیارە سلێمانی دانا پێشبینیی ئەم زەماوەندەی مەسیحی لەگەڵ کڵێسە و لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا کردووە.

١٠. ئاماژەیە بۆ جبریل کە مزگێنیی لەدایکبوونی مەسیحی بە مریەم دا.

١١. واتە: تیشکی چاکەکارەکان بەپێی شیاوی هەریەکەیان زیاد و کەم دەکا، واتە: کە بەرەکەتی خودامان بەسەردا دەبارێ، ئەندازەی بەرەکەتەکە بە گوێرەی شیاویی خۆمانە و شیاویشمان بە گوێرەی رادەی وردبوونەوەمانەوە لە خودا و لە شکۆ و گەورەیی خودا و گەرمی و ورەیشمان بە گوێرەی چوونە پێشمانە لەو وردبوونەوەیەدا. تا ئەو گەرمی و دڵسۆزییەمان زیاتر بێ، درەوشانەوەمان زیاتر دەبێ.

١٢. واتە بەرەکەتی خودایە وا دەکا ڕۆژێ پەسڵان پیاوچاکان بە دیداری نووری خودا شاد بین، ئەویش بە وای ئەو تیشک و ڕووناکییەی خۆی پێیان دەبەخشێ.

١٣. مەبەست خودایە.

١٤. بەم جۆرە دانتی و (بیاتریچی) بە چاوتروووکانێک گەیشتنە ئاسمانی مەریخ.

١٥. ئاماژەیە بۆ قورمزیی مەریخ.

١٦. قوربانیکردن: Olocausto. ئەم وشەیە بۆ ئەو قوربانییانە بەکاردێ کە بۆ خودا دەکرێن. قوربانییەکەیان لەناو ئاگر دەبرژاند و دەسووتاند، ئەوسا پێشکەشیان دەکرد. لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە دڵی خۆی لەناو ئاگری قوربانیدا سووتاندووە، پێشکەش حزووری خودای کردووە. نیشانەی سوپاسگوزاریی دانتییە بۆ خودا کە ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ کردووە.

١٧. دانتی وشەی (Elio)ی بەکار هێناوە. (بە یۆنانی هیلیۆس Helios)ە و بە مانای خۆر بەکار هاتووە. دیارە یۆنانییەکان وشەکەیان لە (ئیلی) عیبرییەوە وەرگرتووە کە بە مانای خودا دێ، وشەکە دەشێ بە مانای خۆر و دەشێ بە مانای خودا بەکار هاتبێ.

١٨. واتە ئەو تیشکانە چەلیپایان دروست کردووە. دانتی بە شێوەیەکی ئەندازەیی ئەمەی دەربڕیوە. دەڵێ خاچ لە دوو هێڵ دروست دەبێ کە بازنە دەکەن بە چوارچوارەکی یەکسان و لە چەقەوە لێک تێدەپەڕن. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە هەرچوار لای چەلیپا بەقەد یەکن. ئەم جۆرە چەلیپە تایبەتە بە ڕێبازی ئۆرتۆدۆکس. وێنەی چەلیپا لەسەر مەریخ لە چەلیپای سەر سنگی جەنگاوەری خاچپەروەر دەکا. ڕێزگرتنی خاچ بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەچێتەوە. خاچ ڕەمزی خودا و ڕەمزی مەسیحە لای مەسیحییەکان. ڕەمزی هەموو کنیاتیشە.

١٩. لێرەشدا سێ جار وشەی ( Cristo – مەسیح) کراوە بە سەروا (بەرزەک، س١٢، د٧١/ س١٩، د١٠٤/ س٣٢، د٨٣...)

٢٠. چەنگ: ئامێرێکی مۆسیقیی ژێدارە. لە دێر زەمانەوە لە میسر و ئاسیای بچووک هەبووە. پێش سەدەی یازدە گەیشتووەتە ئەورووپا. لە سەدەکانی ناوەڕاست جۆرە چەنگێک پەیدا بوو لە شێوەی سێگۆشەدا بوو.

٢١. جیگا (giga). ئارگانون. ئامێرێکی مۆسیقیی ژێدارە کەوانەکەی لارە. بۆ پێش سەدەی سێزدەم دەچێتەوە.

٢٢. ژمارەی ژێی چەنگ و ئارگانون دەگەیشتە سی (٣٠) ژێ.

٢٣. ئەو دوو چاوە جوانە: مەبەست چاوەکانی (بیاتریچی)ن.

***

# سروودی پازدەم[1]

## ئاسمانی پێنجەم
## ئاسمانی مەریخ
## شاسوارانی مەسیح

تاقمی دانایان لە سروودگوتن و سەماکردن وەستان بۆ ئەوەی ماوەی دانتی بدەن قسە بکا. دانتی تیشکێکی بینی دەدرەوشایەوە دەتگوت ئەستێرەیە. لە بازوویەکی خاچەکەوە دەردەچوو و ڕووی لە خوارەوە بوو. ڕۆحی ناو تیشکەکە قسەی لەگەڵ دانتی کرد و لێی پرسی کێ وەکو ئەو دوو جار دەرگای ئاسمانی بۆ کراوەتەوە؟ دانتی لە قسەکەی نەگەیشت، چونکە لە سەرووی تێگەیشتنی ئەو بوو. کە قسەکەی هاتە خوارەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ، دانتی گوێی لێ بوو گوتی: زۆر دەمێکە تینووی دیداری تۆم. ئەوەی قسەی دەکرد کاچیاگویدای باپیری باپیری دانتی بوو. کاچیاگویدا گوتی: من بیر و بۆچوونی تۆ لە بارەی خواوە دەزانم کە چاکەکاران وەکو ئاوێنە بۆی بە پەرۆشن. بەر لەوەی بیرێکیان بە مێشکدا بێ لەناو ئاوێنەکە دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لە دانتی کرد ئارەزووی لە چییە بڵێ. دانتی گوتی: لە دڵەوە هەست بە ناهاوسەنگی و پەککەوتەیی دەکەم. دانتی تکای لێ کرد خۆی پێ بناسێنێ. کاچیا گویدا گوتی: زۆر لەمێژە چاوەڕێی

هاتنت دەکەم. گوتی ئەلیگییرۆی کورم باپیری باوکت بوو. باسی فلۆرەنسای کۆنی کرد کە لە ئاشتی و ئارامی و دوور لە تەنتەنە دەژیا. باوک نەدەترسان کچیان ببێ. خانوویان لە پێویستی خۆیان گەورەتر نەبوو. ئێستا لە ڕۆما زیاتر تێکچووە هەروەکو پێشتر لە ڕۆما پێشکەوتووتر بوو. باسی کرد خەڵکەکەی کنجی سادەیان لە بەر دەکرد و ژنەکان خەریکی خوریڕستن و ئیشوکاری ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵ بوون. باسی کرد کە لە فلۆرەنسای کۆندا لەدایک بووە و لە ئاوەمۆرگەی سان جیۆڤاننی ئاوەمۆر کراوە و ناوی کاچیاگویدایە. لە جەنگی دووەمی خاچپەروەراندا کەوتە شوێن ئیمپراتۆر کۆرڕادۆی دووەم و لەپێناوی مەسیحییەتدا شەهید بوو.



(ئیرادەی چاکە) هەمیشە بەری ئەو چاکەیەیە
کە ڕووی لە لای ڕاستییە[2]
وەکو چۆن چاوچنۆکی[3] لە ئیرادەی خراپ دەکەویتەوە، (٣)
بێدەنگیی بەسەر ئەو چەنگە[4] خۆش ئاوازەدا سەپاند و
ژێیە پیرۆزەکانی ڕاگرت
کە دەستی ڕاستەی ئاسمان[5] توند و شلیان دەکاتەوە. (٦)
ئەم گەواهیرانە چۆن گوێی خۆیان لە ئاست تکای بەجێ کەڕ دەکەن
بۆیە بە گشتی بێدەنگ بوون تا
ئارەزووم ببزوێنن تکایان لێ بکەم. (٩)
ئەو کەسەی لەپێناوی ئەشقێکی ناجاویداندا
واز لە ئەشقێکی ئاوا دێنێ.
هەقە سزایەکی بدرێ پایانی نەبێ. (١٢)
چۆن بڵێسەیەکی کتوپڕ، ناو بەناو،
لە ئاسمانی ساف و ئارامدا دەردەپەڕێ و
چاوی هێمن و داماو دەشڵەژێنێ (١٥)
وا دەزانی ئەستێرەیەکە و[6] جێی خۆی دەگۆڕێ،
ئەگەر ئەوە نەبێ، هیچ شوێنی بەتاڵ لەو ئەستێرەیە[7] نامێنێ.
کە ئەم ئاگرە تەمەنکورتەی لێ جودا دەبێتەوە. (١٨)
بەم جۆرە، لەناو ئەو تیشکانەی لەوێ دەدرەوشانەوە
ئەستێرەیەک لەوسەری بازووی ڕاستەوە،
تا بەرپێی خاچەکە، داگەڕا. (٢١)
ئەو گەوهەرە دەسرۆکی[8] خۆی فڕێ نەدا،
بەڵکو بە گۆشەیەکی ڕاست هێڵێکی ڕاستی بڕی،
دەتگوت ئاگرێکە و لە پشت مەڕمەڕی ڕوون داگیرساوە. (٢٤)
ئەگەر بڕوامان بە قسەی گەورەترین سرووودخوانی خۆمان هەبێ،
دەبێ بڵێین ڕۆحی (ئەنکیزی)یش،[9] کاتێ لە (ئیلیزۆ)[10] کوڕی خۆی دی
بە خۆشەویستییەکی واوە ڕایکرد بۆ لایەوە. (٢٧)

O sanguis meus, o superinfusa
Gratia Dei, sicut tib cui
Bis unquam celi ianua reclusa.?

واته:

ئەی خوێنی من،[11] ئەی تۆ کە
بەرەکەتی خودات بەسەردا ڕاژوە،
دەرگای ئاسمان بۆ کێ وەکو تۆ دوو جار[12] کراوەتەوە؟ (٣٠)
ئەو بڵێسە[13]یە ئاوهای گوت و من سەرنجم لێدا
ئینجا ڕووم بۆ لای خانمەکەم وەرگێڕا
لەملاو لەولا بەقەد یەک مەندەهۆش بووم. (٣٣)
خەندەیەکی وای لە چاوان دەبریسکایەوە
هەستم کرد بە چاوەکانم گەیشتوومەتە ناخی
هەم نیعمەت و هەم بەهەشتی خۆم. (٣٦)
ئینجا ئەو ڕۆحە کە دەنگ و دیمەنی شادی دەبەخشی
لە قسەی پێشووی بەردەوام بوو.
قسەکەی ئەوەندە قووڵ بوو تێینەگەیشتم،[14] (٣٩)
خۆی لە من شاردەوە. بە ناچاری، نەک بە ئارەزوو،
چونکە بیر و ئەندێشەی
لە سنووری دەرککردنی مرۆڤی مردۆخ تێپەڕیبوو.[15] (٤٢)
کاتێ کەوانی خۆشەویستیی گڕداری خاوبووەوە و
قسەکانی تا ئەو ئاستە دابەزییە خوارێ
کە تێگەیشتنمان دەرەقەتی بێ، (٤٥)
یەکەم شت کە تێی گەیشتم ئەوەبوو:
(پیرۆز بێ ئەی سییانەی یەک!
ئەی ئەوەی ئەوەندە لوتفت لەگەڵ ماڵباتی من کردووە!) (٤٨)
ئەوسا گوتی: (هەستم بە برسێتییەکی ئازیز و درێژخایەن کرد
لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کتێبەی[16]
هەرگیز ڕەش و سپیی تێدا ناگۆڕێ.[17] (٥١)

تۆ هێورت کردەوە کوڕەکەم، لەناو ئەو تیشکەی
قسەت تێدا لەگەڵ دەکەم و بە خێرا ئەو خانمەی
کە بۆ ئەم فڕینە بەرزە پەڕوباڵی بۆ کردی. (٥٤)
تۆ پێت وایە بیری تۆم لەو سەرچاوەوە بۆ دێ کە یەکەمینی یەکەمە
وەک ئەوەیە کە دەزانین
(پێنج) و (شەش)، لە (یەک)ەوە دێن.[١٨] (٥٧)
جا لێم مەپرسە من کێم و
بۆچی لەناو ئەو حەشیمەتە شادومانە
لە هەموو ڕۆحێک شادومانترم دەبینی. (٦٠)
تۆ ڕاست دەکەی! گەورە و بچووکی ئەم ژیانە
سەیری ئەم ئاوێنەیە[١٩] دەکەن کە
پێش ئەوەی بیرێکت بە مێشکدا بێ، ئەو پێشانی دەدا، (٦٣)
بەڵام بۆ ئەوەی ئەو خۆشەویستییە پیرۆزەی
هەمیشە بە هۆشیاری لێی ورددەبمەوە و
تینوێتیم بۆ خۆشترین ئارەزوو دەبزوێنێ
بە باشترین شێوە بێتە دی، (٦٦)
ویستی خۆت بە زرنگەی دەنگی شاد و بەزات و هێمنی دەرببڕە و
بە ئاشکرا ئارەزووی خۆتم پێ بڵێ
لە ئێستاوە وەڵامم ئامادەیە لەسەر زمان. (٦٩)
ڕووم کردە (بیاتریچی)، ئەویش بەر لەوەی هیچ قسە بکەم
گوێی لە قسەم بوو و بە خەندەیەک ئاماژەی بۆ کردم
توانای فڕینێکی بەرزتری بە باڵەکانی ئارەزووم بەخشی. (٧٢)
بەم جۆرە، دەستم پێ کرد: (لەو ساوە کە (یەکسانیی یەکەم)[٢٠]
خۆی پێشان داون، ئەشق و دیرایەت
لە دڵی هەریەکێکتاندا کێشیان یەکسانە،[٢١] (٧٥)
چونکە خۆر کە بە گەرمی و ڕووناکی،
ڕۆشن و گەرمتان دەکاتەوە، یەکسانییەکی
وای تێدایە بە هیچ لێچواندنێک بەرجەستە نابێ. (٧٨)

بەڵام لای مرۆڤی مردەنی، کردەوە و ئارەزوو
لە سۆنگەی ئەو هۆیەی خۆتان دەزانن
باڵی جیاجیایان پێ دراوە. (٨١)
بۆیە منی مرۆڤی مردەنی، لە خودی خۆمدا
هەست بەم نایەکسانییە دەکەم و
لە ناخی دڵەوە سوپاسی ئەم پێشوازییە باوکانەت دەکەم، (٨٤)
بەڵام ئەی تۆپازی[٢٢] گرانبەها
کە ئەو گەوهەرە بەنرخانەت ڕازاندووەتەوە
تکا دەکەم تینوێتیم بۆ زانینی ناوی خۆت بشکێنە.) (٨٧)
بەم جۆرە وەڵامی دامەوە: (ئەی چڵی درەختی من،[٢٣]
دڵم بە چاوەڕێی تۆ نەبێ، بە هیچ خۆش نەبوو،
من ڕەگوڕیشەی بنچینەیی تۆم![٢٤]) (٩٠)
ئینجا بەردەوام بوو گوتی: (ئەوەی خێزانەکەتان
نازناوی خۆی لە ناوی وەرگرتووە و
سەد ساڵ زیاترە[٢٥] بە لێواری یەکەمی دەوری چیادا دەسووڕێتەوە، (٩٣)
ئەوە کوڕی من و باوکی باپیری تۆ[٢٦] بوو
پێویستە تۆ بە کردەوەی چاکی خۆت
شەکەت و ماندووبوونی دووروودرێژی کورت بکەیتەوە. (٩٦)
(فیورێنتزا)، لەناو شوورەی دێرینەکانی،[٢٧]
کە ئێستایش زەنگی قداسی سێونۆی[٢٨] لێوە دێ
ئەو کاتە بە پاکی و ئارامی و سەنگینی دەژیا. (٩٩)
نە زریزەی تێدا بوو و نە تاجیلە.
نە جلی ڕازاوە و نە کەمەربەندێکی وا
لەو ژنانەی لە بەریانە باڵکێشتر بێ. (١٠٢)
لەدایک بوونی کچ مایەی ترس نەبوو بۆ باوک،
چونکە مارەیی و تەمەن،[٢٩] لەم لاولەولا،
لە سنووری ماقووڵ تێنەدەپەڕین. (١٠٥)
خانووی بەتاڵ و بێخاوخێزان نەبوو،[٣٠]

(سارداناپالۆ)[٣١] هێشتا نەهاتبوو تا پێمان نیشان بدا
دەشێ ژوور چیی تێدا بکرێ. (١٠٨)
هێشتا چیای (ئوچیللاتویۆ)[٣٢] لە چیای (مونتی مالۆ)[٣٣]
بەرزتر نەبووەوە کە لە دابەزیندا لێی تێدەپەڕێنێ
هەروەکو لە سەرکەوتندا لێی تێپەڕاندبوو. (١١١)
(بێللینچیۆن بێرتی)م[٣٤] بینی دەڕۆیشت کەمەربەندێکی ئێسک و چەرمی
لە پشت بوو،[٣٥] ژنەکەیشم بینی لە بەردەم ئاوێنەدا
دەهاتەوە بێ ئەوەی سووراوسپیاو لە دەموچاوی بدا.[٣٦] (١١٤)
(نێرۆلی)یەکان[٣٧] و (ڤێککیۆ)کانم[٣٨] بینی
جلیان پێستەی ڕووت و بێتووک بوو
دیم ژنەکانیان خەریکی کاری خوری و خەڕەک بوون. (١١٧)
ئای چەند بەختەوەر بوون![٣٩] هەر کەسە دەیزانی
گۆڕی لە کوێ دەبێ و کەس نێگەران نەبوو
مێردەکەی بۆ خاتری فرەنسا نوێنەکەی چۆل بکا[٤٠] (١٢٠)
یەکێ شەونخوونیی لەسەر بێشکە دەکرد و[٤١]
بە زمانێک لایلایەی بۆ کۆرپەکەی دەگوت
یەکەم جار داییاب[٤٢] پێی شاد دەبن. (١٢٣)
یەکێکی تر خوری لە خەڕەک دەردەهێنا و
هەقایەتی (ترۆیانی) و (فییزۆلی) و (ڕۆما)ی
بۆ خانەوادەکەیان دەگێڕایەوە. (١٢٦)
هەریەکە لە (چیانگێللا) و [٤٣] (لاپۆ سالتێرێللو)[٤٤] ئەوسا
جێی سەرسامی بوو، هەروەکو ئێستا هەریەکە لە
(چینچیناتۆ) و[٤٥] (کۆرنیلیا)[٤٦] جێی سەرسامین. (١٢٩)
لەم ژیانە خۆش و ئارامەی ناو هاوولاتییان
لەناو ئەم کۆمەڵە ئارامە و
لەناو ئەم میوانخانە[٤٧] خۆش و شیرینە (١٣٢)
ماریا منی هێنایە ڕووناکی کە بە بانگی بەرز گازیان دەکرد.
لە ئاومۆرگەی دێرینی[٤٨] ئێوەدا

له یەک کاتدا بووم بە گاور و ناویان نام (کاچیاگویدا).[٤٩] (١٣٥)
(مۆرۆنتۆ) برام بوو، هەروەها (ئیلیزیۆ)یش،[٥٠]
ژنم[٥١] لە دۆڵی (پادۆ)[٥٢] هێنا،
ئەو ناوەی تۆ هەتە لەوەوە هاتووە. (١٣٨)
ئینجا کەوتمە شوێن (کورڕادۆ)ی[٥٣] شاهنشا
کردەوە چاکەکانی منی بەدڵ بوو،
کەمەربەندی سوارچاکیی خۆی لە پشت بەستم. (١٤١)
شوێنی کەوتم بۆ ئەوەی دژی گەندەڵیی ئەو یاسایە بجەنگم
کە ئەوانە بە ناوی ئەوەوە و
بە گوناهی شوانەکانتان مافتان دەخۆن و تاڵانتان دەکەن.[٥٤] (١٤٤)
لەوێ، ئەو میللەتە ناحەزە لە دونیای پووچ و بەتاڵ
ڕزگاریان کردم کە دڵ پێبەستنی
زۆر ڕۆح گەندەڵ و پەژموردە دەکا، (١٤٧)
لە شەهیدبوونەوە بۆ ئەم ئاشتییە هاتم. (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی پازدەم

١. ئەمە یەکەم سروودی تایبەتە بە ئاسمانی مەریخ. پێی دەگوترێ (سروودی کاچیاگویدا). لە بەهەشتدا، سروودی (١٥، ١٦، ١٧) تەواو لەمەلەمییەتی لە فلۆرەنسا و فلۆرەنسییەکان، ئەمەیش بەرامبەر سروودی (١٥، ١٦، ١٧) دێ لە دۆزەخ کە فلۆرەنسا و فلۆرەنسییەکانی تێدایە.

٢. واتە خۆشەویستیی خودا دەبێ بە مایەی چاکەکردن. ئەوەی خوای خۆشبوێ، خراپە ناکا.

٣. واتە چڵێسی و زیادەڕۆیی لە ئەشقی دونیا، دەبێ بە هۆی خراپەکردن.

٤. لێرەدا مەبەست لە چەنگ، خاچە.

٥. دەستی ڕاستیی ئاسمان، ئاماژەیە بۆ دەستی ئاسمانی، بۆ دەستی خودا، واتە دەسەڵاتی خودا (يدالله فوق ايديهم).

٦. واتە: ئەستێرەیەکی بزواو و جووڵاو.

٧. ئاماژەیە بۆ ڕۆحی ئەو تیشکانە کە بە شێوەی خاچ کەوتوونەتە تەک یەک.

٨. ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆحەی خۆی لەناو دەسرۆک، واتە تیشکی خۆی شاردووەتەوە. مەبەستی جۆرە دەسرۆکێکە ئەوسا ژنان بەکاریان دەهێنا. لە حەریر دروست دەکرا و بە مەرمەڕ و بەردی گرانبەها دەڕازاێنرایەوە.

٩. ئانکیزیس (Anchises) باوکی ئینیاس بوو. دوای ئەوەی لەگەڵ کوڕەکەی گەیشتە سەقلیە، لەوێ مرد. کە ئینیاس چووە دونیای خوارەوە، تووشی ڕۆحی ئانکیزیس هات، ئەویش باسی ئایندەی ڕۆمای بۆ کرد.

١٠. ئیلیزیوم Elysium واتە بەهەشت، بە لای ڤیرجیلیۆوە لە دونیای خوارەوەدایە و شوێنی چاکەکارانە.

١١. قسەکەرەکە کاچیاگویدایە (Cacciaguida). وشەکە بە مانای (ڕابەری ڕاوکەران)، یان (ڕاوکەری ڕابەر) دێ. سەر بە بنەماڵەیەکە شانازی بە ڕەسەنایەتیی ڕۆمانیی خۆیان دەکەن. دەڵێن دەوری ساڵی ١١٤٧ لە هێرشی دووەمی خاچپەرەوەران، لە شام، کوژراوە. ئەمە ڕۆحی باپیرەگەورەی دانتییە، بۆیە کە قسە لەگەڵ دانتی دەکا بە (خوێنی من) و (خانەوادەی من) ناوی دەبا. (کاچیاگویدا). یەکسەر ناوی خۆی بە دانتی ناڵێ. وردەوردە تینوێتیی دانتی دەشکێنێ و پێی

رادەگەیەنێ باپیری باپیرەتی. کاچیاگویدا ساڵی ۱۰۹۰ لە فلۆرەنسا لەدایک بووە و ساڵی ۱۱٤۷ کۆچی دوایی کردووە. کابرایەکی جوامێر و بە ڕوومەت بووە. چەند جار ناوی لە بەڵگەی ڕەسمی فلۆرەنسادا هاتووە.

١٢. مەبەست لە دوو جار کردنەوەی دەرگای ئاسمان، ئێستا و پاش مردنە. مەسیحی ڕایان وایە سان پیترۆس دوو جار چووەتە ئاسمان.

١٣. مەبەست کاچیاگویدایە.

١٤. کاچیاگویدا بە گڕی خۆشەویستیی خودا دەسووتێ، بۆیە ناتوانێ بە جۆرێ قسە بکا کە دانتی تێی بگا.

١٥. واتە کاچیاگویدا لە کاتی مردنییەوە، سەدە و نیوێک زیاتر بوو تینووی بینینی دانتی بوو.

١٦. مەبەست لە (کتێبی مەزن)، ڕێنماییەکانی خودایە.

١٧. کە دەڵێ ڕەنگی ڕەش و سپی ناگۆڕێ. مەبەستی ئەوەیە ئەوەی خودا قەڵەمی لێ دابێ و نووسیبێتی، ناگۆڕێ. ڕەنگی سپی ڕەنگی کاغەزە و ڕەنگی ڕەش ڕەنگی مەرەکەبی نووسینەکەیە.

١٨. واتە: پرسیاری پێناسەم لێ ناکەی، چونکە وا دەزانی گەیشتیتە ئەو ڕادەیە خودا بناسی. خۆت لە خۆتەوە پێناسەی من دەزانی وەکو زانستی بیرکاری کاتێ ژمارە (یەک) دەکرێ بە پێوەر، بە ئاسانی ژمارە پێنج و شەش (واتە ژمارەکانی دی) دەست دەکەون. ئەمە بنچینەی گریمانەی فیتاگۆرسە.

١٩. ئاوێنە: مەبەست خودایە کە هەموو شتێکی تێدا دەدرەوشێتەوە.

٢٠. یەکسانیی یەکەم: مەبەست خودایە.

٢١. یانی سۆز و ئەقڵ لای چاکەکاران یەکسانە.

٢٢. تۆپاز (Topaz): وشەیەکی سانسکریتییە. جۆرە یاقووتێکی زەردی زێڕینی ڕوونە. لێرەدا بە گشتی بۆ گەوهەری گرانبەها بەکار هاتووە: مەبەست ئەو ڕۆحانەیەکە شکلی خاچیان پێک هێناوە. هەندێ دەڵێن مەبەست لە تۆپاز بە شێوەیەکی گشتی، مەریخە.

٢٣. ئەی چڵی درەختی من: واتە تۆ ماوەیەکی زۆر دوای من هاتیتە دونیاوە. وەکو چڵ و گەڵا کە لە ڕەگی درەختەوە (کە ڕیشەیە) دوورە.

٢٤. ئاماژەیە بۆ ئەلیگییرۆ (Alighiero)ی کوڕی کاچیاگویدا. با پیرەی دووەمی دانتی بوو. ناوی بنەماڵەی دانتی لە ناوی ئەوەوە هاتووە.

٢٥. واتە ئەلیگییرۆی کوڕی کاچیاگویدا سەد ساڵ بوو مردبوو. لە بەرزەکدا، لە ئەڵقەی لووتبەرزان دەسووڕایەوە. ناوی لە هەندێ بەڵگەی فلۆرەنسادا هاتووە. دیارە لووتبەرزی لەناو خانەوادەی دانتیدا باوبووە، چونکە دانتی خۆیشی لە سروودی سێزدەمی بەرزەکدا ددانی پێدا دەنێ، دەبێ ئەو خۆیشی بەم تاوانە (تاوانی لووتبەرزی) پاش مەرگی بێتە بەرزەک و سزاکەی بدا.

٢٦. کاچیاگویدایە وا دەڵێ. مەبەستی لە کوڕی خۆی و باپیری باوکی دانتی، بێلۆ (Bello)یە، ڕەنگە بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی باسیان کردووە دادوەر، یان شۆڕەسوار بووبێ. ساڵی ١٢٥٥، ئەندامی (ئەنجوومەنی گەوران) بوو. بێشک یەکێ بووە لەوانەی دوای سەرکەوتنی گیبیللینییەکان لە مۆنتاپیرتی، ساڵی ١٢٦٠ لە فلۆرەنسا دەرچوو، چونکە خۆی و بنەماڵەکەی لەگەڵ گەلفەکاندا بوو. ساڵی ١٢٦٨ کۆچی دوایی کرد. ئەلیگییرۆ کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی بێللینچیۆنی (Bellincione) کە ساڵی ١٢٤٨ لە فلۆرەنسا ئەفەرۆز کرا و پاشان ساڵی ١٢٥٠ هاتەوە و لە هەندێ ئەنجوومەنی حکومەتدا بەشداریی کرد و ساڵی ١٢٦٠ جارێکی تر ئەفەرۆز کرایەوە. بێللینچیۆنی پێنج کوڕی هەبوو: (ئەلیگییرۆ، بێللۆ، گیراردۆ، برۆنیتتۆ و درۆدۆلۆ). ئەلیگییرۆ باوکی دانتی بوو لە خانمی بێللا. خانمی بێللا مرد و ئەلیگییرۆ خانمی لاپا فۆلدی هێنا و فرانچیسکۆ و تانای لێ بوو.

٢٧. شوورەی دێرین: لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دروستکرابوو. لە سەردەمی شارلەمان نووژەن کرایەوە، بەڵام لە شوورە کۆنەکە تەسکتر بوو. ساڵی ١١٧٣ شوورەیەکی تر لە دەوری فلۆرەنسا دروستکرا و ساڵی ١٢٨٤یش دەست کرا بە دروستکردنی شوورەیەکی تر و لە سەدەی چواردەدا تەواو بوو.

٢٨. کڵێسەیەک لای شوورە کۆنەکە هەبوو پێی دەگوترا کڵێسەی سانتا ماریا. سەعات نۆی بەیانی و نیوەڕۆ و هەندێ کاتی تر زەنگیان لێ دەدا. بەگوێرەی ئەو کڵێسەیە ڕۆژگار کرابوو بە چوار بەش و هەر بەشەو سێ سەعات بوو. لە شەشی بەیانییەوە تا شەشی ئێوارە. هەر سێ سەعات جارێک، واتە ڕۆژی چوار جار، زەنگی کڵێسەکە لێی دەدا.

٢٩. واته ئەو کاتە کە کچێ لەدایک دەبوو، باوکی غەمی ئەوەی نەبوو چۆن زوو مێردێک بۆ کچەکەی بدۆزێتەوە و چۆن نەختێکی زۆری بۆ دابین بکا (لای ئەوان کچ دەبوایە نەخت بدا و مەسرەفی زەماوەند بکێشێ) بۆ ئەوەی گەنج بێنە داخوازیی، بۆیە ئەوسا کچ زوو شووی نەدەکرد. بە گشتی کچ لە تەمەنی بیست ساڵی و بەسەرەوە بە شوو دەدرا و مارەییەکی زۆری نەدەدا.

٣٠. خانووی بێخانەوادە ئاماژەیە بۆ ئەمە:

لە سەردەمی کاچیاگویدا خانووەکانی فلۆرەنسا زۆر گەورە نەبوون. لە پێویستیی ماڵەکە زیاتر نەبوون. کەچی لە سەردەمی دانتیدا کۆشک و خانووی زۆر گەورە دروستکرابوو. خانووەکان زۆر لە پێویستیی ماڵەوە گەورەتر بوون. بنەماڵە گەورەکان بە کۆمەڵ بینا و بورج و هەیوان و باخچەیان لە تەک یەک دروست دەکرد، وەکو بنەماڵەی دوناتی و بنەماڵەی کاڤالکانتی و بنەماڵەی فریسکۆ بالدی... پیاوەکانیش حەزیان لێ نەبوو منداڵیان زۆر بێ. خانووەکان وەکو بێخانەوادە بن وا بوون.

٣١. ساردانapalۆ (Sardanapalo به لاتینی: ساردا ناپالوس ٦٦٧ – ٦٢٦ پ ز) دوا پاشای ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بوو لە نەینەوا. بە ژیان و ڕابواردن بەناوبانگ بوو. دەڵێن زۆر کات لەناو کۆشکەکەی بوو، ڕەعیەتەکەی نەیاندەدی. جلی ژنانی لە بەر دەکرد و دۆستەکانی لە دەوروبەر بوو. میدییەکان هێرشیان کردە سەر و دوو ساڵ شارەکەیان ئابلووقە دا. کە نەیتوانی ئابلووقەکە بشکێنێ، گەنجینە و ژنەکان و دۆستەکانی کۆکردەوە و ئاگرێکی گەورەی کردەوە و خۆی و ئەوانیشی هەموو سووتاند.

٣٢. ئۆچێلاتواوۆ (Ocellatoio) گردێکە لە باکووری فلۆرەنسا لەسەر ڕێگەی فلۆرەنسا و بۆلۆنیا. ڕەمزە بۆ فلۆرەنسا.

٣٣. مۆنتیمالۆ (Montemalo) گردێکە لە باکووری ڕۆژئاوای ڕۆما. ئێستا پێی دەگوترێ چیای ماریۆ. لێرەدا ڕەمزە بۆ ڕۆما. دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڤیتریۆ.

٣٤. بێللینچیۆنی بێرتی (Bellincione Berti) یەکێ بوو لە خانەدانە گەورەکانی فلۆرەنسا. باوکی (گوالدرادا) (دۆزەخ، س١٦، د٣٧) و سەرکردەی بنەماڵەی ڕاڤینیانی بوو. لە سەدەی دوازدەدا ژیاوە. لێرەدا ڕەمزە بۆ جوامێرێکی گران و سەنگین و دوور لە ڕابواردن و شتی وا.

٣٥. واته بێللینچیۆنی وەکو فلۆرەنسییەکان کەمەربەندی حەریری بە زێڕ و گەوهەر ڕازاوەی لە پشت نەدەبەست.

٣٦. یانی ژنی بێللینچیۆنی وەکو ژنە ڕووتەکانی فلۆرەنسای ئەوسا دەموچاوی خۆی بۆیە نەدەکرد.

٣٧ بنەماڵەی نێرلی (Nerli) بنەماڵەیەکی فلۆرەنسیی نەجیبزادە بوون. ساڵی ١٢٤٨ لە فلۆرەنسا دەرکران و ساڵی ١٢٦٠ دوای شەڕی مۆنتاپیرتی ئەفەرۆز کران. کاتێ گەلفەکان دابەشبوون بۆ سپی و ڕەش، بنەماڵەی نێرلیش بەسەر ئەم دوو دەستەیەدا دابەشبوون.

٣٨ بنەماڵەی (ڤێککیۆ vecchio)، یان (ڤێککیتی Veccheti) بنەماڵەیەکی فلۆرەنسیی نەجیبزادە بوون. ئەم بنەماڵەیە سەر بە گەلفەکان بوون، بۆیە ساڵی ١٢٤٨، لە فلۆرەنسا دەرکران و پاشان بەسەر دەستەی سپی و ڕەشی گەلفیدا دابەشبوون.

٣٩. یانی ژنانی فلۆرەنسا لە زەمانی کۆن خەریکی کابانی و کاروباری ماڵەوە بوون و دڵنیابوون لە فلۆرەنسا دەژین و لە فلۆرەنسا دەمرن، چونکە دونیا تەبا و تفاق بوو. هێشتا پارتەکان پەیدا نەبووبوون ئەو بەڵایە بەسەر خەڵکەکە بێنن و دەربەدەریان بکەن، وەک ئەو بەڵایەی پارتەکانی لای خۆمان بەسەر خەڵکەیەکان هێنا. ئاوارەی دەستی کورد لە کوردستان پەیدا بوو. جگە لەو گەنجانەی شوێنبزر کران و ئێستایش دایک و باوک و ژن و منداڵیان چاوەڕێیان دەکەن و دیار نین.

٤٠. خەڵکی فلۆرەنسا بازرگان بوون و بۆ بازرگانی دەچوونە ئەملاولای دونیا. دەچوونە وڵاتی فارس و وڵاتانی ئەورووپا و بە تایبەتی فڕەنسا. لەو گەشتانەدا ماوەیەکی زۆریان پێدەچوو و ژنەکانیان بە تەنیا لە ماڵەوە دەمانەوە. دانتی گازاندەیان لێ دەکا بۆچی ئەو ماوە زۆرە ژنەکانیان بە تەنیا جێدێڵن.

٤١. واتە لە سەردەمی کاچیاگویدادا، ژن خۆیان منداڵی خۆیان بەخێو دەکرد، دایەن و لەلەیان بۆ منداڵەکانیان نەدەگرت.

٤٢. یانی ژنان بەو زمانە لایلایەیان بۆ دەگوتن کە منداڵ لە کاتی زمانپژاندا فێری دەبن، مەبەست زاری تۆسکانای هەرێمایەتییە کە دانتی لەباتی لاتینی بۆ نووسینی کۆمیدیا بەکاری هێناوە.

٤٣. چیانگێلا (Cianghella) خانمێک بوو له خانەدانەکانی فلۆرەنسا. ژنی (لیدۆ دیلی ئەلیدۆزی دائیمۆلا) بوو. ژنێکی جوان و خۆشگوزەران بوو. پاش مردنی مێردی، دەستی بە ڕابواردن کرد. ئەوەندە زێدەڕۆیی تێدا کرد، ناوی بە نموونە دەهاتەوە بۆ ژنی هەوەسباز و گەندەڵ و داوێنپیس. هەموو مۆدەی جلی ژنانی سەردەمی خۆی گۆڕی و مۆدەی هەسبزوێنی دروستکرد.

٤٤. لاپۆ سالتێرێللۆ (Lapo Salterello). (پارێزەر) دادوەر و یاسادانەر و شاعیرێکی فلۆرەنسی بوو. لە بنەماڵەی چێرکی دەستەی سپیی پارتی گەلفی فلۆرەنسایی بوو. واتە لە پارتی دانتیدا بوو. لە ساڵی (١٢٨٢)ەوە سیاسەتمەدارێکی گەورە بوو. ساڵی ١٣٠٠ بە نوێنەرایەتی چووە لای بۆنیفاچۆی هەشتەم. لە ناوەڕاستی نیسان تا ناوەڕاستی حوزێرانی ١٣٠٠ ئەندامێکی سینۆریا بوو. هەندێ فلۆرەنسی دەیانویست تۆسکانا بخەنە ناو چوارچێوەی موڵکی پاپەوی، پلانەکەی لێ ئاشکرا کردن. بەمەوە پاپای لە خۆی کرد بە دوژمن. کاتێ ساڵی ١٣٠١ ڕەشەکان بەسەر سپییەکاندا زاڵ بوون، هەوڵی دا خۆی لە ماڵی بنەماڵەی پۆلچی بشارێتەوە، بەڵام شوێنەکەی ئاشکرا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەرتیلی وەردەگرت و لە پایەی دادوەریدا دەستپاک نەبوو. لە دەی مایسی ١٣٠٢دا لە لیستی ئەو کەسانەی لە فلۆرەنسا نەفیکران، ناوی پێنجەم بوو. دانتی، ناوی یازدەمین بوو. دەڵێن لە تاراوگەدا، دوژمنداریی دانتی دەکرد. بە نەبوونی و هەژاری کۆچی دوایی کرد.

٤٥. چینچیناتۆ(Cincinnato) (بە لاتینی: لوکیوس کوینتیوس سینسیناتوس Lucius Quintius Cincinnatus) دیکتاتۆری ڕۆما بوو. لە سادەییدا بە نموونە ناوی دەبرا. ساڵی ٤٥٨ پ ز ئاکوییەکان هەڕەشەیان لە ڕۆما کرد. چووە سەریان و شکاندنی و گەڕایەوە سەر ژیانی لادێی. ساڵی ٤٣٩ پ ز، ڕۆمانەکان دووبارە داویان لێ کرد ببێتەوە دیکتاتۆر. نموونەی پیاوی ڕاست و دەستپاک و کردەوەجوان بوو.

٤٦. کۆرینیلیا (Corniglia) (بە لاتینی کۆرنیلیای Corneliae). خانمێکی ناوداری ڕۆمانی بوو. کچی شیپۆنی سەرکردەی گەورەی ڕۆما و دایکی (گراک)ەکان بوو. بۆ شووکردن لە بەینی پیاوێکی ڕۆمی سادە و پاشای وڵاتێکی نارۆمی، پیاوە ڕۆمییە سادەکەی هەڵبژارد (دۆزەخ، س١٤). دانتی دەڵێ: چۆن لە سەردەمی کاچیاگویدای باپیرە گەورەیدا هەڵکەوتنی ژن و مێردی گەندەڵ جێگەی سەرسامی

بوو، له سەردەمی دانتیشدا ئەوها هەڵکەوتنی ژن و مێردی داوێنپاک جێگەی سەرسامییە. سەیری ئەو گۆڕانە گەورەیە بکە!

٤٧. میوانخانە Otello: ئاماژەیە بۆ ژیانی ئاسایش و خۆشگوزەران.

٤٨. ئاوەمۆرگەی دێرین: کڵێسەی بەناوبانگی سان جیۆڤاننی کە بنکەیەکی گەورەی ئاوە مۆرکردنە لە فلۆرەنسا.

٤٩. واتە هەم ئاوەمۆرکرام و هەم ناوم لێ نرا.

٥٠. زانیارییەکی وا لە بەردەستدا نییە لە بارەی مۆرۆنتۆ (Moronto) و ئەلیزیۆ (Aliseo)ی برایانی کاچیاگویدا.

٥١. ژنەکەی ناوی ئەلاگیێرا (Alaghiera) بوو. ئەمە بوو بە نازناو بۆ دانتی. ناوەکە بە زۆر جۆر دەنووسرێ: Alighieri, Allaghieri, Alaghieri, Allighiero, Alighiero,Alighier بە لاتینی دەنووسرێ (Allagherius). توژەرەوان لە بارەی بنچینەی وشەکەوە، ڕای جیاوازیان هەیە:

هەندێ دەڵێن وشەکە لە دوو پارچە پێکهاتووە و مانای گیای ڕووبار، یان گیای دەریا دەگەیەنێ (alga marina) کە لە ناوچەی گۆڵەکانی دۆڵی ئالپۆ هەبوو. جیۆڤاننی پاپینی ڕای وایە وشەکە مانای (باڵهەڵگر) دەگەیەنێ، چونکە بەشی یەکەمی وشەکە، یانی (باڵ) و دروشمی تازەی بنەماڵەکە لەسەر شێوەی باڵی باڵندەدا بوو.

٥٢. دۆڵی پادۆ (pado): دۆڵی ڕۆدیۆ لە باکووری ئیتالیا.

٥٣. کورڕادۆ (Currado) یان کونرادۆی سێیەم. ئیمپراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانیا بوو لە ١١٣٨ تا ١١٥٢. یەکەم ئیمپراتۆر بوو لە بنەماڵەی هونشتاوڤن. مامی فریدریکی ڕیشسووری ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو. ساڵی ١١٤٧ بە هاندانی سان برنار، لەگەڵ لویسی حەفتەمی فەرەنسی چووە شەڕی دووەمی خاچپەروەران و ساڵی ١١٤٨ لە سەردەمی (معین الدین)دا دیمەشقی ئابڵوقە دا.

٥٤. یانی ئەوان بە هۆی کەمتەرخەمیی پاپاکان و سستیان لە شەڕکردن، بە ناهەق خاکی پیرۆزیان داگیرکردووە کە دەبێ لە بەردەستی ئێمەدا بێ.

***

# سروودی شازەدەم[1]

## ئاسمانی پێنجەم

## ئاسمانی مەریخ

## شاسوارانی مەسیح

دانتی کە زانیی لە ڕەچەڵەکی کاچیاگویدایە زۆری شایی پێ هات و بە ڕاناوی کۆ (ئێوە) قسەی لەگەڵ کرد کە بۆ ڕێز بۆ بەرامبەر بەکار دێ. بیاتریچی کە ئەوەی دی بزەی هاتێ و نەختێ دوورکەوتەوە، بەڵام بیر و مێشکی هەر لای قسەکانیان بوو. دانتی لە کاچیاگویدای پرسی باوک و باپیرانی کێ بوون. لە بارەی ژمارەی دانیشتوانی ئەوسای فلۆرەنسا پرسیاری لێ کرد و پرسیاری لێ کرد کێیان شایەنی پلەوپایەی بەرز بوو؟ کاچیاگویدا ڕووی گەشبووەوە و باسی کرد کە دەوری ساڵی ١٠٩١ لە تاخی سان پییرۆ، لە ڕۆژهەڵاتی فلۆرەنسا هاتووەتە دونیاوە. ئەوسا ژمارەی دانیشتوانی فلۆرەنسا ٦٠٠٠ کەس بوو. گوتی فراوانبوونی فلۆرەنسا و تێکەڵبوونی خوێنی خەڵکەکەی لەگەڵ خوێنی خەڵکی لادێ تووشی فەلاکەت و نەهامەتیی کرد. بنەماڵە خانەدان و دێرینەکانی فلۆرەنسا تێکشکان وەکو: ئوجییەکان و کاتلینییەکان و ئۆرمانییەکان و سۆلدانیرییەکان و ئارنجینییەکان و بوستیکییەکان و ڕاڤینیاییەکان و ماڵباتی پرویسا و ماڵباتی گالیگای و ماڵباتی ساکیتی و ماڵباتی جیۆکی و ماڵباتی فیفانتی... گوتی ماڵباتی چیتونی ئەدیماری

ئەستێرەیان کەوتە درەوشانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە ڕەچەڵەک نزم بوون (ئوبیرتینۆ دوناتۆ) ڕازی نەبوو پەیوەندییان لەگەڵ ببەستێ. کاچیاگویدا گوتی بوۆنلمۆنتی کە نەیویست ژن لە مالباتی ئامیدی بێنێ، فلۆرەنسای تووشی کارەسات کرد. خۆزگە کاتێ لە لادێ هاتە فلۆرەنسا لە ڕێگەدا لە ڕووباری ئیما بخنکایە، هەروەها گوتی فلۆرەنسا لە سەردەمی ئەودا بە ئاشتی و ئارامی دەژیا، ئالای لە دارئالا نەهاتە خوارێ و ڕەنگی بە خوێن سوور نەبوو وەک لە سەردەمی شەڕ و کێشەی ناوەخۆی پاشدان وای بەسەر هات.

ئەی نەجیبزادەی بێنرخی ناوخوێنمان،[٢]
ئەگەر وا بکەی خەڵک ستایشت بکەن
لەو خوارە[٣] کە خۆشەویستیمان تێدا ساردوسڕە،
ئەمە هەرگیز جێی سەرمامی نییە بۆ من،
چونکە تا لەو شوێنەیش، کە ئارەزوو لار نابێتەوە،
مەبەستم ئاسمانە، ستایشم کردووە.
بە ڕاستی تۆ بەتیەیەکی زوو کورت دەبێتەوە
ئەگەر ڕۆژ بە ڕۆژ بۆی زیاد نەکرێ
ڕۆژگار بە مقەس بە دەوریدا دەگەڕێ.
بە وشەوی (ئێوە) دەستم بە قسە کردەوە
کە پێش هەموو کەس لە ڕۆما بەکار هاتووە
کە گەلەکەی ئەمڕۆ لە خەڵک کەمتر تێدەکۆشن بیپارێزن.
(بیاتریچی) نەختێ لەولای ئێمە وەستابوو،
دەخەنییەوەو پێدەکەنی.[٤] هەر لەو ژنەی دەکرد کە لەگەڵ
بیستنی یەکەم گوناهی (جینیڤرا)دا، کۆکی.
گوتم: (ئێوە باوکی منن. ئێوە زاتم دەخەنە بەر
بۆ ئەوەی قسە بکەم. ئێوە ئەوەندە بەرزم دەکەنەوە
هەست دەکەم لە توانای خۆمم بەرزتر بووم.
شادی لە زۆر جۆگاوە دڵم پڕ دەکا،
دڵم شادە کە بێ ئەوەی شەقبەرێ
بەرگەی ئەو هەموو شادییە دەگرێ.
کەواتە ئەی ڕێ و ڕەچەڵەکی ئازیزم، پێم بڵێن
باوک و باپیرانتان کێ بوون و
سەردەمی سالانی منداڵیتان چۆن ڕابرا.
باسی ئاغەلی (سان جیۆڤاننی)م[٥] بۆ بکەن
ئەو کاتە بە چ ئەندازەیەک بوو و
ئەو بنەماڵانە کێ بوون شایەنی بەرزترین پایە بوون؟[٦]
چۆن خەڵووزی گڕگرتوو بە (با)

گڕی خۆشتر دەبێ، دیم ئاوها
ئەو تیشکە بە بیستنی وشە ناسکەکانی من گەشبووەوە. (٣٠)
لە کاتێکدا کە لە بەرچاوم جوانتر بوو
بە دەنگێکی ناسک و زوڵاڵتر،
بەڵام نەک بە زمانی ئەمڕۆ، پێی گوتم (٣٣)
لەو ڕۆژەوە کە گوتیان (سڵاوت لێ بێ!)[٧]
تا ڕۆژی لەدایکبوونم، کاتێ دایکی ڕەحمەتیم،
منی لە سکدا بوو و سکەکەی دانا. (٣٦)
ئەم بڵێسەیە[٨] پێنجسەد و پەنجاوسی(٣٠) جار
هاتەوە لای شێرەکەی[٩]
بۆ ئەوەی خۆی لەژێر چەپۆکەکانیدا داگیرسێنێتەوە. (٣٩)
باپیرانم و خۆم لەو شوێنە لەدایک بووین[١٠]
کە ئەوەی لە پێشبڕکێی ساڵانەتاندا دەباتەوە[١١]
یەکەم جار پێی دەگا.[١٢] (٤٢)
ئەوەندەی لە بارەی باپیرانمەوە بیستت بەسە،
بەڵام لە بارەی ئەوە کە کێ بوون و کەی و لە کوێ هاتنە ئێرە؟
بێدەنگ بوون لە قسەکردن باشترە. (٤٥)
ئەو کاتە هەموو ئەوانەی کە لە نێوان
پەیکەری (مەریخ) و[١٣] (ئاوەمۆرگە)دا[١٤] توانای چەکهەڵگرتنیان هەبوو،
تەنیا پێنج یەکی ئەوانە دەبوون کە ئێستا لەوێ دەژین،[١٥] (٤٨)
بەڵام دانیشتوانی ئێستا، کە تێکەڵاو بووین لەگەڵ
خەڵکی شار کە ئێستا خەڵکی (کامپی) و[١٦] (چێرتالدۆ) و[١٧] (فیگگینی)[١٨]
تێکەڵاویان بوون، تا دوا پیشەوەر لە نەژادی پاکبوون. (٥١)
ئای چەند چاک بوو ئەوانەی باسیان دەکەم
ئێستایش دراوسێی ئێوە بوونایە و
ئێوە سنوورتان لە (گاللوتسۆ) و[١٩] (ترێسپیانۆ)[٢٠] بوایە. (٥٤)
نەک بتانهێنابانە ناو ئێوە و
تووشی بۆن بۆگەنیی (ئاگولیۆن) و[٢١] چرووکیی (سینیا)ی[٢٢] هۆڤی بوونایە

بۆیە نابێ قسەی منت بە لاوە سەیر بێ
دەرهەق گرەگرەکانی (فیورێنتزا)،
کە ڕۆژگار ناوبانگ و سەرفیرازیی شاردوونەتەوە. (٨٧)
من (ئوگی)یەکانم[٣٥] دیوە، (کاتیللینی)یەکان و[٣٦] (فیلیپی)یەکان و[٣٧]
(گریچی)یەکان و[٣٨] (ئۆرمانی)یەکان و[٣٩] (ئالبیریکی)یەکانم[٤٠] دیوە،
هاوولاتیی بەناوبانگ بوون، بەڵام ڕوو لە نەمان بوون. (٩٠)
گەورە و جوامێرەکانی (سانێللا) و[٤١] خانەدانەکانی (ئارکا) و[٤٢]
(سۆلدانییێری)یەکان و[٤٣] (ئاردینگی)یەکان و[٤٤] (بۆستیکی)یەکان.[٤٥]
چەند بەساڵدا چووبوون، ئەوەندەیش مرۆی مەزن بوون (٩٣)
لەبەر ئەو دەروازەیەی ئێستا بارێکی تازە و
زۆر گرانی گوناهی لەسەر شانە و
هەر زوو کەشتییەکەتان تێکدەشکێنێ، (٩٦)
(ڕاڤینیانی)یەکان[٤٦] نیشتەجێ بوون، کە کۆنت (گویدو)یان[٤٧]
لێ وەپاش کەوت و هەموو ئەوانەیش کە دوای ئەو
ناوی (بێللینچیۆنی)یان[٤٨] بەسەردا برا. (٩٩)
(دی لا پرێسا)کان[٤٩] دەیانزانی چۆن فەرمانڕەوایی بکەن و
(گالیگایۆ)یش[٥٠] لە کۆشکی خۆیدا
دەسک و گۆمکی شمشێرەکەی زێڕکفت دەکرد. (١٠٢)
خاوەنانی ستوونی (ڤایۆ)[٥١] گەورە و مەزن بوون،
هەروەها (ساککێتتی) و[٥٢] (جیۆکی) و[٥٣] (فیفانتی) و[٥٤] (باروچی) و٥٥
(گاللی)یەکان و[٥٦] ئەوانەیش[٥٧] کە بەرامبەر پێوانە سوور هەڵدەگەڕان. (١٠٥)
ئەو ڕەچەڵەکەی خانەوادەی (کالفوچی)[٥٨] لێ کەوتەوە
ڕەچەڵەکێکی گەورە بوو، خانەوادەی (سیتسی) و [٥٩]
(ئاریگوچی)ش[٦٠] پایەی دادوەریی گەورەیان هەبوو. (١٠٨)
ئای، ئەوانەم چۆن بینی کە لووتبەرزی سەری خواردن![٦١]
چۆن (فیورێنتزا)م دی بە تۆپەزێڕ ڕازابووەوە
لە هەر شوێنێ کردەوەی بەرزی لێ بێ، (١١١)
هەروەهایش باوکی ئەو کەسانەیش

هەرجارەی کڵێسەکەتان چۆڵ دەبێ،
لەسەر کورسیی کۆبوونەوە دادەنیشن و خۆیان قەڵەو دەکەن.[٦٢] (١١٤)
ئەو خۆڕی و تۆڕییانەیش[٦٣] کە ئەوەی ڕابکا
خۆی لێ دەکەن بە ئەژدیها و هەڵیدەپێچن
بەڵام دەبن بە بەرخی نەرم و حەلیم بۆ ئەو کەسەی کەڵبە و کیسەیان نیشان بدا. (١١٧)
لە نەشونمادا بوون، بەڵام بنەچەکەیان نزم بوو
تەنانەت (ئوبەرتین دۆناتۆ)[٦٤] پێی خۆش نەبوو
کە خەزووری کردوویەتی بە خزمێکی خۆیان. (١٢٠)
(کاپۆنساککۆ)[٦٥] لە (فییزۆلی) دابەزییە
ناو بازاڕی کۆن و (جیودا) و[٦٦] (ئینفانگاتۆ)[٦٧]
هەردووکیان بوون بە پیاوماقووڵی شار. (١٢٣)
ئێستا شتێ دەڵێم باوەڕ ناکرێ، بەڵام ڕاستە!
بە دەرگایەکدا دەچوونە ناو پشتێنەی بچووک
بە ناوی خانەوادەی (پیرا)[٦٨] کرابوو. (١٢٦)
هەر کەسێ دروشمی جوانیی[٦٩]
بارونی مەزن[٧٠] هەڵبگرێ، کە لە جەژنی
سان (تۆماسۆ)دا یاد و ناوی بەرز ڕادەگیرێ (١٢٩)
نیشانی شۆڕەسواری و خانەوادەیی وەردەگرێ،
هەرچەندە ئەوەی ڕیشووی کردووە بە دروشم،
ئەمڕۆ چووەتە ناو جەماوەری خەڵک. (١٣٢)
(گوالتیرۆتتی)یەکان و[٧١] (ئیمپۆرتونی)یەکان[٧٢] لەوێ بوون
ئەگەر خۆیان لە دراوسێ تازەکان بپاراستایە
دەرفەتێ ئاشتی لە (بۆرگۆ)[٧٣] زیاتر دەبوو
ئەگەر ئەو دراوسێ تازانەی[٧٤] نەبوایە. (١٣٥)
ئەو بنەماڵەی[٧٥] ناڵە و فرمێسکی ئێوەی هەڵقوڵاند
بۆ ئەو ڕقە دادپەروەرەی ئێوەی کوشت و
کۆتایی بە ژیانی بەختەوەرتان هێنا. (١٣٨)

خۆی و هەوادارەکانی سەربەرزییان بۆ مایەوە.[76]
ئاخ! ئەی (بوۆندلمۆنتی)،[77] چۆن بە تەفرەی
یەکێکی تر لە خزمایەتیکردنیان ڕاتکرد. (١٤١)
زۆر کەس شادمان دەبوون کە ئێستا غەمبارن،
ئەگەر، کە یەکەم جار هاتیتە ئەو شارە،
خوا تۆی بە دەستی (ئیما)[78] بسپاردبا، (١٤٤)
بەڵام دەبوو (فیورێنتزا)، لە ئاخروئۆخری ئاسوودەیی خۆیدا،
لای ئەو بەردەشکاوەی[79] پاسەوانیی پردەکە دەکا
قوربانییەک[80] پێشکەش بکا. (١٤٧)
لەگەڵ ئەو خەڵکە و لەگەڵ هی تریش
(فیورێنتزا)م بە ئاشتی و ئارامی بینی
هیچ هۆی بەدەستەوە نەبوو فرمێسک بڕێژێ. (١٥٠)
لەگەڵ ئەو خەڵکەدا، گەلەکەیم بینی
گەلێکی سەربەرز و ئەوەندە دادپەروەر بوو،
گوڵەمێلاقەی سەر دارئاڵا قەت دانەنەوی[81] بوو (١٥٣)
بە هۆی دووبەرەکیش ڕەنگی سوور نەبووبوو.[82] (١٥٤)

***

## پەراوێزەکانی سرروودی شازدەم

١. ئەمە سرروودی دووەمی تایبەتە بە مارس. پێی دەگوترێ (سرروودی کاچیاگویدا و فلۆرەنسای کۆن).

٢. یانی ئەو نەجیبزادەیەی بە هۆی خانەوادەوە دەستدەکەوێ، پووچ و بەتاڵە. نەجیبزادەیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بە نەفسپاککردنەوە و خەباتکردن لە ڕێگەی گەیشتن بە پلەی کەماڵ دەستدەکەوێ.

٣. واتە: زەوی.

٤. ئەمە ئاماژەیە بۆ چیرۆکی دڵداریی جینیفرای ژنی ئارتەر، پاشا لەگەڵ لانچیلۆتتۆی شۆڕەسواری، لە چیرۆکی مێزی خڕی سەدەکانی ناوەڕاستدا. کە جینیفرا لانجیلۆتتۆی ماچ کرد، (مالۆ) کۆکی بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنێ کە بە خۆشەویستییەکەیان دەزانێ و دیتی یەکتریان ماچ کرد. لێرەدا دانتی مەبەستی ئەوەیە بڵێ پێکەنینی بیاتریچی بەڵگەی ئەوەیە هەستی کردووە دانتی کە بە ڕاناوی کۆ قسەی کردووە، بۆ ئەوەی بووە شانازی بە خوێنی نەجیبزادەیی خۆی بکا. لێرەدا پێکەنینی (بیاتریچی)، وەکو کۆکەی (مالۆ) وایە، نیشانەی ئاگادارکردنەوەیە.

٥. سان جیۆڤاننی (San Giovanni). واتە یوحەننای ئاوەمۆرکەر. لە سەردەمی مەسیحدا، شوانی فلۆرەنسا بوو. مێگەلی سان جیۆڤاننی، مەبەست خەڵکی فلۆرەنسایە (دۆزەخ، س١٣٠، د١٤٣)

٦. دانتی پرسیاری کەسە دیارەکانی فلۆرەنسا دەکا لە سەردەمی کاچیاگویدادا. ئەمە پرسیاری چوارەمە، وەڵامەکەی لە دێڕی (١٤٩ – ١٥٤) دایە. پرسیاری سێیەمی دانتی لە بارەی دانیشتوانی فلۆرەنسا بوو لە سەردەمی کاچیاگویدا و وەڵامەکەی لە دێڕی (٤٦ – ٤٨)دا دێ. پرسیاری دووەمی لە بارەی منداڵێتیی کاچیاگویدا بوو و وەڵامەکەی لە دێڕی (٣٤ – ٣٩)دا دێ و پرسیاری یەکەمی دانتی لە بارەی ئەژدادی کاچیاگویدا بوو، وەڵامەکەی لە دێڕی (٤٠ – ٤٥)دا دێ.

٧. واتە ئەو ڕۆژەی جبریل لە کڵێسەی ڕۆمانی مژدەی لەدایکبوونی مەسیحی دایە ماریا، شەوی ٢٥ کانوونی یەکەم بوو.

٨. واتە: مەریخ، مارس.

٩. یانی مارس (مەریخ) ٥٨٠ جار سووڕا و هاتە بورجی شێر بۆ ئەوەی ڕووناکیی لێ وەربگرێ. بەپێی بتلیموس هەر سووڕێک نزیکەی ٦٨٧ ڕۆژ دەخایەنێ. بەمەوە دەردەکەوێ لەدایک بوونی کاچیاگویدا لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٠٩١دا بووە.

١٠. دەڵێن کاچیاگویدا سەر بە بنەماڵەیەکی ڕۆمانی بووە، پێی دەگوترێ ئیلیزی (Eliesi).

١١. پێشبڕکێی ساڵانە لە سەرانسەری ئیتالیادا ناوبانگی هەبوو. هەموو ساڵێ لە ٢٤ی حوزیران، واتە لە ڕۆژی (سان جیۆڤاننی)دا دەکرا. خەڵاتەکەی باڵاپۆشێکی مەخمەلیی ئەرخەوانی بوو، بە ئیتالی پێیان دەگوت پاللیۆ (Pallio)، بۆیە بە پێشبڕکێیەکەیشیان دەگوت (پاللیۆ). پێشبڕکێکە لەوپەڕی ڕۆژئاوای (سان پان کراتسیۆ)، لە گەڕەکی ڕۆژئاوا، دەستی پێدەکرد و لە مەرکاتۆڤوکیو (بازاڕی کۆن)، لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتی سان پییرۆ، لە گەڕەکی ڕۆژهەڵات، کۆتایی دەهات. ئەم پێشبڕکێیە لە فلۆرەنسا بە سواری دەکرا و لە شاری ڕۆڤینا بە پێ دەکرا و خەڵاتەکەی باڵاپۆشێکی مەخمەلیی سەوز بوو.

١٢. دواگەڕەک گەڕەکی سان پییرۆ بوو لە ڕۆژهەڵاتی فلۆرەنسا. سەرەتا ئەم گەڕەکە لای دەروازەی سان پییرۆ بوو. فلۆرەنسا لە زەمانی کۆندا چوار گەڕەک بوو. لە سەردەمی دانتیدا بوو بە شەش.

١٣. مەریخ (مارس) ئاماژەیە بۆ پەیکەری خودانی جەنگ کە لە سەردەمی ڕۆمان لەسەر پردی گەورەی شار (پردی کۆن) داندرابوو. ئەو کاتە هەندێکی شکابوو (دۆزەخ، س١٣).

١٤. ئاوەمۆرگەی سان جیۆڤاننی ئاماژەیە بۆ کڵێسەی سان جیۆڤاننی (یەحیای ئاوەمۆرکەر) لە تەک شوورەی شار و ڕێک بەرامبەر پردی کۆن بوو. نێوان مەریخ و ئاوەمۆرگە مەبەست سەراپای شاری فلۆرەنسایە.

١٥. دەڵێن لە سەردەمی دانتیدا ژمارەی دانیشتوانی فلۆرەنسا ٣٠,٠٠٠ کەس بوو، کەچی لە سەردەمی کاچیا گویدادا ٦,٠٠٠ کەس بوو. مەرج نییە پێنج یەکەکە زۆر ورد بێ، بەڵام ئەمە مانای زیادبوونی دانیشتوانی فلۆرەنسا دەگەیەنێ.

١٦. کامپی (Campi) گوندێکە دەکەوێتە دۆڵی بێزێنتسیۆ بەرەو لای پراتۆ. ساڵی (١١٧٦) لە سیەننا بوو کەوتە سەر فلۆرەنسا.

١٧. چێرتالدۆ (Certaldo) گوندێکە لە دۆڵی ئیلیسا بە لای سیەننادا.

١٨. فیگگینی (Figghine) یان (فیلینی): گوندێکە دەکەوێتە دۆڵی ئارنۆ بە لای ئاریتسۆدا. ئەم دوانە (چیرالتۆ و فیگگینی) ساڵی ١١٩٨ کەوتنە سەر فلۆرەنسا. خەڵکی ئەو گوندە زۆریان باریان کرد و چوونە فلۆرەنسا و تێکەڵی دانیشتوانی فلۆرەنسا بوون. پێش ئەوەی ئەوانە بچنە ناو شار، خەڵکی شار خوێنیان پاکبوو. دانتی بە ئەنقەس ناوی ئەو سێ گوندەی هێناوە، چونکە ئەوانەی ئەو ڕقی لێ دەبوونەوە خەڵکی، ئەو گوندانە بوون.

١٩. گالوتسۆ (Galuzzo) گوندێکە دوو میل لە باشووری فلۆرەنسا دوورە لەسەر ڕێگەی سیەننا.

٢٠. ترێسپیانۆ (Trespiano) گوندێکە دەکەوێتە باکووری فلۆرەنسا لەسەر ڕێگەی بۆلۆنیا.

٢١. ئاگولیۆنی (Aguglione): قەڵایەکە لە دۆڵی پیزا (Pesa)، باشووری فلۆرەنسا. گەلفی ئەگۆلیونی: مەبەست پالدۆ دا ئاگولیۆنی ( Paldo da Aguglione)یە کە لەگەڵ گیبیللینییەکان بوو. ساڵی ١٢٩٨ بوو بە یەکێ لە فەرمانڕەواکانی فلۆرەنسا. کە شارل دی ڤالوا دەستی لە کاروباری فلۆرەنسا وەردا و سپییەکانی دەرکرد، پالدو ساڵی ١٣٠٢ بوو بە گەلفی ڕەش و پایەیەکی بەرزی لە فلۆرەنسا وەرگرت. یاسای لێبووردنی بۆ فلۆرەنسییەکانی تاراوگە دەرکرد، بەڵام لێبووردنەکە هەندی کەسی نەگرتەوە، یەک لەوانە دانتی بوو، ئیتر دانتی تا مرد هەر لە تاراوگە مایەوە.

٢٢. سینیا (Signa) گوندێکە لە نزیک ڕووباری ئارنۆ. دە میل لە ڕۆژئاوای فلۆرەنسا دوورە. دەشتەکییەکەی سینیا: ڕەنگە مەبەست فاتسیو دی مۆرۆبالدینی دا سینا بێ کە دکتۆرای لە یاسا هەبوو. لە دەستەی سپیی پارتی گەلف بوو، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خۆی چووە ناو دەستەی ڕەشەکان.

٢٣. باوەژن مەبەستی ئەوەیە ڕقی لە زڕمنداڵەکانی دەبێتەوە. دانتی پیاوی ئایینیی نادڵسۆز بە باوەژن دەچوێنێ، چونکە ئەوانە کڵێسە و ئیمپراتۆریەت گەندەڵ دەکەن. لێرەدا دانتی دێتەوە سەر سەرزەنشتکردنی کڵێسە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دینی و دنیایی گرتووەتە دەستی خۆی و بەمەوە بووە بە مایەی گەندەڵبوونی دونیا.

٢٤. سیمۆفۆنتی (Simofonti): قەڵایەکی سەخت و پتەو بوو لە دۆڵی ئێلیسا، لە باشووری فلۆرەنسا. ساڵی ١٢٠٢ فلۆرەنسییەکان داگیریان کرد و خستیانە سەر شاری خۆیان، ڕەنگە دانتی بە ئەنقەس ناوی هێنابێ بۆ ئەوەی تانە لە کەسێکی ئەو قەڵایە بدا. دوور نییە ئەو کەسە لیپۆ دیل فیلۆتو بێ کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی سیمۆفۆنتی بوو و لە فلۆرەنسا دەژیا و خەریکی بازرگانی و کاروباری دارایی بوو.

٢٥. مۆنتیمورلۆ (Montemurlo): قەڵایەکی سەخت بوو دەکەوتە نێوان پراتۆ و پستۆیا. هی کۆنتەکانی بنەماڵەی گویدی بوو کە نەیانتوانی چیدی لە دژی هێرشەکانی پستۆیا بیپارێزن. ساڵی ١٢٥٤ فرۆشتیانە فلۆرەنسا، ئێستایش پاشماوەی ماوە.

٢٦. چێرکی (Cerchi)یەکان بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار بوون لە (ڤالدیگرێیڤی)، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فلۆرەنسا کە خاوەنی ئوسقوفنشینی ئاکۆنی بوو و قەڵایەکی سەختی تێدا بوو بە ناوی (مونتی دی کرۆچی) واتە (تەپەی خاچ). ئەم قەڵایە ساڵی

١٠٥٣ بە دەستی فلۆرەنسییەکان داگیر و کاول کرا و دوای ئەوە بنەماڵەی (چێرکی) کۆچیان کرد بۆ فلۆرەنسا و لەوێ دەستیان بە بازرگانی کرد و سامان و دەسەڵاتێکی زۆریان پەیدا کرد، پاشان بوون بە سەرکردەی دەستەی سیاسیی سپییەکان.

٢٧. ئاکۆنی (Acone): گوندێ بوو لە نزیک فلۆرەنسا، جێگەکەی بە وردی نەزانراوە. دەڵێن کەوتبووە نێوان لۆکا و پستۆیا، یان دۆڵی سیڤی. مەبەست ئەوەیە کێشە و ناکۆکیی نێوان کڵێسە و ئیمپراتۆریەت و شەڕی بەردەوامی نێوان فلۆرەنسا و خەڵکی ئاکۆنی، بە چوونی بنەماڵەی چیرکی بۆ فلۆرەنسا، کۆتایی هات.

٢٨. بوۆندێلمۆنتی (Buondelmonti): بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار بوون لە ناوچەی (ڤالدیگریێڤی)ی باشووری فلۆرەنسا، لە نزیک ڕووباری ئارنۆ نیشتەجێ بوون.

٢٩. ڤالدیگریڤی (Valdegreve): ڕووبارێکی بچووکە لە باشووری فلۆرەنسا هەڵدەقوڵێ و ڕوو دەکاتە باکوور تا لای گالوتسۆ. سێ میل دوور لە دەروازەی ڕۆمانی فلۆرەنسا، لە ڕووباری ئیما دەکاتەوە. تێکدانی قەڵای مۆنتی بوۆنۆ لە لایەن فلۆرەنساییەکانەوە بوو بە هۆی کۆچکردنی بنەماڵەی بوۆندیمۆنتی بۆ فلۆرەنسا لە ساڵی ١١٣٥ و لەوێ بوون بە سەرکردەی گەلفەکان.

٣٠. لونی (Luni). شارێکی ئیترۆسکی کۆنە. کەوتبووە سەر کەناری دەستەچەپی ڕووباری ماکرا. زۆر لە سارتیسانای سەر سنووری تۆسکان و لیگوریا دوور نەبوو. لە سەردەمی ڕۆمانەکان کاولکرا و لۆمباردییەکان ساڵی ٦٣٠ تاڵانیان کرد و عەرەب ساڵی ٨٤٩ و ١٠١٦ هێرشیان کردە سەر.

٣١. ئۆربیزالیا (Urbisaglia) شارێکی ڕۆمانی بوو، پێیان دەگوت ئوریس سالڤا. دەکەوتە ناوچەی (مارکا)، سێ میل لە باشووری (ئانکونا) و شەش میل لە باشووری ڕۆژئاوای (ماچیریتا).

٣٢. کیوزی (Chiusi): یەکێ بوو لە دوازدە شاری ئیتروسکییەکان. دەکەوتە دۆڵی (کیانا)، نزیک گۆلی (کیانا) و لەسەر سنووری تۆسکانا و ئومبریا و لە نیوەی ڕێگەی بەینی فلۆرەنسا و ڕۆما. لە سەردەمی ئیتروسکییەکان شارێکی زۆر بەهێز بوو، بەلام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارێکی پلە دوو، یان سێ بوو. (دۆزەخ، س٢٩،د٤٧).

٣٣. سینیگالیا (sinigaglia) شارێکە لەسەر کەناری ئەدریاتیک، لای ڕێژگاوی ڕووباری میسا. حەفت میل لە باکووری ئەنکۆنا دوورە. ساڵی ٨٢ پ ز پۆمپی تالانی کرد و مانفرێد وێرانی کرد. لە سەدەی پێنجەمدا پاشای قووتییەکانی ڕۆژئاوا و لە

سەدەی هەشتدا لۆمباردییەکان و لە سەدەی سێزدەدا لە کاتی شەڕ و پێکدادانی دوو پارتی گەلف و گیبیللینی تووشی کاولکاری هاتن، بە تایبەتی لەسەر دەستی گویدۆ دا مۆنتفێلترۆ.

٣٤. ئاماژەیە بۆ هەڵکشان (مد) و داکشان (جزر)ی ئاوی دەریا بە هۆی کاریگەریی مانگەوە.

٣٥. ئوگی (Ughi)یەکان: شەش بنەماڵەی فلۆرەنسایی نەجیبزادە بوون، لە گەڕەکی سان برانکاتزیۆ دەژیان.

٣٦. کاتیللینی (Catellini)یەکان بنەماڵەیەکی فلۆرەنسایی نەجیبزادە بوون، لە گەڕەکی برانکاتزیۆ دەژیان. هەندێکیان تا سەدەی دوازدە و سێزدە لە فلۆرەنسا مابوون و لە پارتی گیبیللینی بوون.

٣٧. فیلیپپی(Filippi)یەکان بنەماڵەی نەجیبزادەی فلۆرەنسایی بوون، لە گەڕەکی (بازاڕی نوێ) دەژیان.

٣٨. گریچی (Greci)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی فلۆرەنسایی بوون. لە گەڕەکی (بازاڕی نوێ) دەژیان. ئێستا گەڕەکەکە بە ناوی ئەوانەوە نراوە و بووە بە گەڕەکی گریگەکان. دەکەوێتە نێوان گۆڕەپانی سان فیرۆنتزە و گۆڕەپانی سانتا کرۆچی.

٣٩. ئۆرماننی (Ormanni)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی فلۆرەنسایی بوون. لە گەڕەکی (دەرگای سانتا ماریا) دەژیان. دەڵێن لە کاتی خۆی لە پارتی گەلف بوون، سەر بە دەستەی سپییەکان بوون.

٤٠. ئالبیریکی (Alberichi)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی فلۆرەنسایی بوون. لە گەڕەکی (دەرگای سان پیێرۆ) و پشت کڵێسەی (سانتا ماریا) دەژیان.

٤١. بنەماڵەی دێلا سانێلا (Della Sanella). بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی فلۆرەنسایی بوون، لە دەردۆری (بازاڕی نوێ) دەژیان.

٤٢.) لارکا (L ARCA): بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون لە گەڕەکی (سان برانکاتزیۆ) دەژیان.

٤٣. سۆلدانیێری (Soldanieri)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون، لە دەردۆری (سان برانکاتزیۆ) دەژیان. بوون بە پارتی گیبیللینی. پیاوە گەورەکانیانساڵی ١٢٥٨ لە فلۆرەنسا دەرکران و کە شارل دی ڤالۆ ساڵی ١٣٠٢ چووە فلۆرەنسا، سزا و جەریمەیەکی زۆریان کردن. دانتی یەکێکە لەم بنەماڵەیە. (سۆلدانیێری)ی خستووەتە ناو دۆزەخ (دۆزەخ، س٣٢، د١٢١).

٤٤. ئاردینگی (Ardinghi)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون، لە گەڕەکی (سان پییڕۆ) دەژیان.

٤٥. بۆستیکی (Bostichi)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون، لە نزیک (بازاڕی نوێ) دەژیان. لە پارتی گەلف بوون. دوای شەڕی مۆنتا پیرتی لە ١٢٦٠دا لە فلۆرەنسا دەرچوون و هەندێکیان چوونە ڕیزی دەستەی سپییەکان و ئەوانەی تر چوونە ڕیزی دەستەی ڕەشەکان.

٤٦. ڕاڤینیانی (Ravingani): بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون، لە گەڕەکی (سان پییڕۆ) دەژیان

٤٧. کۆنت گویدۆ (Conte Guido) لە بنەماڵەی گویدی بوو کە بنەماڵەیەکی بەهێز بوون. ئەو بنەماڵەیە بۆ ڕاڤینیانییەکان دەچێتەوە. موڵکی سەرەکی بنەماڵەی گویدی دەکەوێتە تۆسکانا و ڕۆمانیا.

٤٨. بێللێنچیۆن بێرتی (Bellencion Berti). نەجیبزادەیەکی فلۆرەنسایی بوو. سەر بە بنەماڵەی ڕاڤینیاییەکان بوو. کچەکەی خۆی (گوالدرادا)ی (دوزەخ، س١٦) دایە گویدۆ گویرا. بنەماڵەی گویدی سەر بە ڕاڤینیاییەکان بوون.

٤٩. پرێسسا (pressa): بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کونی فلۆرەنسایی بوون، لە نزیک کاتدرائیییەی فلۆرەنسا دەژیان. لەو بنەماڵە گیبیللینیانە بوون کە ساڵی ١٢٥٨ لە فلۆرەنسا دەرکران. لەگەڵ بنەماڵەی ئاباتی، لە شەڕی مونتاپیرتی لە ١٢٦٠ دا ناپاکییان لە گەلفەکان کرد. ئەمە یەکێ بوو لە هۆیەکانی شکستخواردنی گەلفە فلۆرەنساییەکان. مەبەست ئەوەیە بنەماڵەی (پرێسسا) لە سەردەمی کاچیاگویدادا لە بنەماڵە بەهێزەکان بوون.

٥٠. کالیگایۆ دی گالیگای (Caligaio de Galigai): یەکێ بوو لە بنەماڵەی گالیگای. ئەمانە لای (دەرگای سان پیێڕۆ) نیشتەجێ بوون. لە گیبیللینییەکان بوون، بۆیە ساڵی ١٢٥٨ لە فلۆرەنسا دەرکران و ساڵی ١٢٩٣: ماڵییان کاول کرا، چونکە لە فڕەنسا یەکێکیان لە فلۆرەنساییەکی کوشتبوو.

٥١. ڤایۆ: خاوەن دروشمی سمۆرەی ناو چوارچێوەی سوور: بنەماڵەی پیلی بوون. ئەمانە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لە گەڕەکی (سان برانکاتزیۆ) دەژیان. ساڵی ١٢١٥ چوونە ناو پارتی گیبیللینی، پاشان هەندێکیان بوون بە گەلف و ئینجا زۆربەیان بوون بە گەلفی سپی.

٥٢. ساککێتتی (Sacchetti)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کونی فلۆرەنسا بوون، لە ناوچەی (گاربۆ)، نزیک گۆڕەپانی سانتو پۆلیناری دەژیان. بوون بە پارتی

گەلف و پاش سەرکەوتنی گیبیللینییەکان لە شەڕی مونتا پیرتی، لە ١٢٦٠ دا فلۆرەنسایان جێهێشت.
٥٣. جیوۆکی (Giuochi)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسا بوون، لە ناوچەی (گاربۆ) دەژیان. لە سەدەی دوازدەدا هەندێکیان پایەی گەورەیان لە فلۆرەنسا هەبوو. لە گیبیللینییەکان بوون. ساڵی ١٢٩٣ و ١٣١١ لە فلۆرەنسا دەرکران.
٥٤. فیفانتی (Fifanti)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسا بوون. لە ناوچەی (گاربۆ) دەژیان. لە پارتی گیبیللینی بوون و ساڵی ١٢٥٨ شاربەدەر کران.
٥٥. باروچی (Barucci)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون، لە پشت کۆشکی ئالپودێستا، لای سان پۆلیناری، دەژیان. لە پارتی گیبیللینی بوون.
٥٦. گالی (Gali)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون، لە (بازاڕی نوێ) دەژیان. سەر بە پارتی گیبیللینی بوون و ساڵی ١٢٦٨ لە فلۆرەنسا دەرکران و ساڵی ١٢٩٣ بە فەرمانی حکومەتی فلۆرەنسا خانووەکانیان خاپوور کرا.
٥٧. ئاماژەیە بۆ بنەماڵەی مێژوویی فلۆرەنسا (کیارا مۆنتینری) کە لە گەڕەکی (سان پییێرۆ) دەژیان. لە پارتی گەلفی سپی بوون. مەبەست بەم بنەماڵەیە دوناتی کیارا مونتینرییە کە لە پێوانەی (خوێ)دا ساختەی کرد و لێی ئاشکرا بوو (بەرزەک، س١٢، د١٠٣).
٥٨. کالفوچی (Calfucci)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لەگەڵ بنەماڵەی ئۆچیلینی و بنەماڵەی بلینچونی لە بنەماڵەی دوناتی گەلف کەوتبوونەوە. دانتیش ژنی هەر لەو بنەماڵەی دواوە هێنا.
٥٩. سیتسی (Sizzi)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کونی فلۆرەنسایی بوون، لە گەڕەکی (دەرگای کاترادائیبە) نیشتەجێ بوون. لە پارتی گەلف بوون.
٦٠. ئاریگوچی (Arigucci)یەکان بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون، لە گەڕەکی (دەرگای کاترادائیبە) نیشتەجێ بوون. لە پارتی گەلف بوون. دوای سەرکەوتنی گیبیللینییەکان لە شەڕی مۆنتا پیرتی، لە ١٢٦٠دا چوونە ڕیزی سپییەکان.
٦١. مەبەست بنەماڵەی ئوبێرتی (Uberti)یە کە لە سەردەمی کاچیاگویدادا پاپەیان زۆر بەرز بوو. لە گەڕەکی (سانتا ماریا) نیشتەجێ بوون. لەگەڵ گیبیللینییەکاندا بوون. یەکێ لەو بنەماڵەیە فاریناتا دیل ئوبێرتی بوو (دۆزەخ، س١٠، د١ – ١٣٦). ئەو پاش سەرکەوتنی گیبیللینییەکان لە شەڕی مونتا پیرتی، لە ١٢٦٠دا، فلۆرەنسای لە کاولبوون پاراست. ئەمانە لەبەر ئەوەی لووتبەرز و لەخۆبایی بوون، گەلفەکان تێیان وروکان و هێزیان لەبەر برین.

٦٢. ئەمانە لە بنەماڵەی ڤیسدۆمینی (Visdomini) و بنەماڵەی تۆزینگی (tosinghi)بوون. لە بنەماڵە نەجیبزادە کۆنەکانی فلۆرەنسا بوون. یەکەمیان لە (دەرگای سان پییرۆ) و دووەمیان لە گەڕەکی سان پییرۆ و ئاریگوچی دەژیان. ساڵی ١٢١٥ بوون بە گەلف و پاشان ساڵی ١٣٠٠ چوونە ڕیزی دەستەی سپی گەلف. سەرپەرشتیی ئوسقوفیەتی فلۆرەنسایان دەکرد. هەقی کۆکردنەوەی ماڵی کڵێسەیان هەبوو.

٦٣. ئەوانە لە بنەماڵەی ئادیماری (Adimari) بوون. بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لە گەڕەکی (دەرگای سان پییرۆ) دەژیان. لە پارتی گەلف بوون. پاش شەڕی مۆنتا پیرتی لە ١٢٦٠دا لە فلۆرەنسا دەرکران و زۆربەیان بوون بە گەلفی سپی، بەڵام هەندێ لقیان، بە تایبەتی بنەماڵەی کافچولی دوژمنی سەرسەختی دانتی بوون و بوون بە گەلفی ڕەش و یەکێکیان کە ناوی بۆکاچیۆ بوو دەستی بەسەر موڵک و ماڵی دانتیدا گرت. کاتێ دانتی لە فلۆرەنسا دەرکرا، زۆر بە توندی دژی گەڕانەوەی دانتی بوو (دۆزەخ، س٨، د ٣١).

٦٤. ئوبێرتینۆ دۆناتۆ (Ubertino Donato) لە بنەماڵەی دۆناتی فلۆرەنسایی بوو. کچی بلنچوتی بێرتی خواست کە لە بنەماڵەی ڕاڤینیاییەکان بوو و خوشکەژنەکەی مێردی بە پیاوێکی بنەماڵەی ئادیماری کرد. ئوبێرتینۆ زۆری پێ ناخۆش بوو.

٦٥. کاپۆنساککۆ (Caponsacco). بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. ساڵی ١١٢٥ لە فیزولی چوونە فلۆرەنسا و لای (بازاڕی کۆن) و لە گەڕەکی (دەرگای سان پییرۆ). ئاکنجی بوون. سەر بە پارتی گیبیللینی بوون و ساڵی ١٢٥٨ لە فلۆرەنسا دەرکران. ساڵی ١٢٨٠ هاتنەوە، ئینجا بوون بە گەلفی سپی و ساڵی ١٣٠٢ جارێکی تر لە فلۆرەنسا دەرکران. دەڵێن ژنی فولکۆ پورتیناری و دایکی بیاتریچی لە بنەماڵەی کاپۆنساککۆ بوون.

٦٦. جیودا (Giuda): لە بنەماڵەی یەهوودا بوو کە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسا بوون. لە گەڕەکی (سان پییرۆ ئیسکیرادگۆ) دەژیان. لە سەدەی دوازدەدا پایەی گەورەیان لە فلۆرەنسا هەبووە. لە پارتی گیبیللینی بوون و ساڵی ١٢٥٨ لە فلۆرەنسا دەرکران، بەڵام پاش شەڕی مونتاپیرتی، لە ١٢٦٠دا هاتنەوە و ساڵی ١٢٦٨ دووبارە دەرکرانەوە.

٦٧. ئینفانگاتۆ (Infangato): یەکێ بوو لە بنەماڵەی ئینفانگاتۆ. ئەوانە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لای (بازاڕی نوێ) دەژیان. بوون بە پارتی گیبیللینی و ساڵی ١٢٥٨ لە فلۆرەنسا دەرکران.

٦٨. دیلا پیرا (Dellapera): بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لە پشت سان پییرۆ دەژیان. دەرگایەکی بچووکی شاری فلۆرەنسا بە ناوی لقێکی ئەو بنەماڵەیە کراوە (پیروتسی Peruzzi).

ئایا مەبەست بەم ناوە چییە؟ ڕای جیاواز هەیە. هەندێ دەڵێن مەبەستی ئەوەیە لەبەر ئەوەی فلۆرەنسا بچووک بوو، نەدەبوایە دەرگایەک بە ناوی ئەوانەوە بکرێ. هەندێ دەڵێن مەبەستی ئەوەیە بنەماڵە کۆنەکانی فلۆرەنسا ناکۆکییان لە نێودا نەبوو، جا هەر بنەماڵەیەک دەیەویست ناوی لە دەرگایەکی شار بنرێ. هەندێکی تر دەڵێن وشەی دیلا پیرا شێوەی شێواوی ناوی پیاوێکی نەناسراوە، هەرمێی دەفرۆشت.

٦٩. دروشمی بارون ئوگو دی براندیبورگۆ حەفت نیشانەی سوور و سپی تێدابوو.

٧٠. بارۆنی مەزن. مەبەست ئوگۆ دی براندیبورگۆیە: Llgo di Brandeburgo 1101 – 961 دەڵێن لەگەڵ ئیمپراتۆر ئۆتتۆی سێیەمدا، لە ئەڵمانیاوە هاتووەتە فلۆرەنسا کاتێ کە نازناوی شۆڕەسوار بە پێنج بنەماڵە دراوە: (گاندوناتی، پۆلچی، نیرلی، گانگا لاتدی و دیلا بێلا). بارۆن لە جەژنی سان تۆمای یاوەردا مرد کە کڵێسەی لاتینی لە ٢١ی کانوونی یەکەمدا یادی دەکاتەوە.

٧١. گوالتیرۆتتی (Gualterotti): بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لە (بیرگوسانتی ئەپۆستۆلی) دەژیان. بوون بە پارتی گەلف.

٧٢. ئیمپۆرتونی (Importuni): بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لە (بیرگوسانتی ئەپۆستولی) دەژیان. بوو بە پارتی گەلف.

٧٣. بۆرگۆ: بۆرگو سانتی ئەپۆستۆلی. گەڕەکێکی فلۆرەنسا بوو. دەکەوتە سەرکەناری دەستەڕاستی ڕووباری ئارنۆ. دانتی دەڵێ ئەگەر بنەماڵەی بوۆندیلمۆنتی لە لادێوە نەهاتبانە فلۆرەنسا و نەبووبان بە دراوسێی بنەماڵەی گوالترۆتتی و ئیمپرتونی، ئەو ناکۆکییە پارتایەتییە توندوتیژە لە فلۆرەنسا ڕووی نەدەدا.

٧٤. دراوسێ تازەکان: مەبەست بنەماڵەی بوۆندیلمۆنتییە کە سەرۆکی پارتی گەلف بوون.

٧٥. ئەوانە لە بنەماڵەی (ئامیدی) بوون کە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کۆنی فلۆرەنسایی بوون. لە گەڕەکی سان پییرۆ ئەسکیراجۆ دەژیان. خانوو و بورجی گەورەیان لە شەقامی پۆرسانتا ماریا هەبوو. یەکێ لەم بنەماڵەیە ساڵی ١٢١٥ بوۆندیلمۆنتی دی بوۆندیلمۆنتی کوشت، چونکە ڕازی نەبوو کچێکی بنەماڵەکەیان بێنێ، ئیتر ئەو دوژمندارییە توندەی نێوان گەلف و گیبیللینییەکانی فلۆرەنسا تەقییەوە.

٧٦. واتە بنەماڵەی ئامیدی و لایەنگرەکانیان لە بنەماڵەی ئوچیلینی و بنەماڵەی گیراردینی، لە زەمانی کاچیاگویدا، ئەستێرەیان لە درەوشانەوەدا بوو.

٧٧. گوالدرا دا دۆناتی، بوۆندیلمونتی دی بوۆندیلمۆنتی گەنجی هان دا ژن لە بنەماڵەی ئامیدی نەهێنێ ( دۆزەخ، س٢٣، د١٠٣).

٧٨. ئیما (Ema) ڕووبارێکی بچووکە لە باشووری فلۆرەنسا هەڵدەقوڵێ و هەر لەو نزیکانەیش لە ڕووباری گریڤی دەکاتەوە. زۆربەی بنەماڵەی بوۆندولمونتی باریان کرد و چوونە فلۆرەنسا، بەڵام هەندێکیان لە لادێ مانەوە. بوۆندولمۆنتی هێشتا منداڵ بوو چووە فلۆرەنسا. کاچۆگویدا دەڵێ خۆزگە بوۆندولمونتی هەرزەکار لە ڕووباری (ئیما) بخنکایە و نەگەیشتایەتە فلۆرەنسا.

٧٩. بەردی شکا و مەبەستی ئەو بەشەی پەیکەری مارسە کە لە سەردەمی دانتیدا لە لای باکووری پردی کۆن مابوو و کاتی خۆی پارێزەری شار بوو. (دۆزەخ، س١٣، د١١٤).

٨٠ قوربانییەک، مەبەست بوۆندیلمونتی گەنجە کە بنەماڵەی ئامیدی کوشتیان.

٨١. واتە فلۆرەنسا تووشی شکست نەهات و ئالای بە وێنەی گوڵەمێلاقەی سەراوژێر نەکرد وەکو نیشانەی شکستهێنان، بەڵام کاتێ ساڵی ١٢٦٠ لە شەڕی مۆنتاپیرتی سیینای گیبیللینی بەسەر فلۆرەنسای گەلفیدا زاڵ بوو، ئالاکە سەراوژێر بوو.

ئالای فلۆرەنسا وێنەی گوڵەمێلاقەیەکی (giglio) سووری تێدا بوو لەناو عەردێکی زەردا بەڵام پاش شەڕی شەڕی ١٢٥١ لەگەڵ پستۆیادا، وێنەی سەر ئالای گەلفی فلۆرەنسایی گوڵەمێلاقەیەکی سووری لەسەر بوو. لەناو عەردێکی سپیدا و گیبیللینییەکان هەر ئالا و دروشمی پێشوویان هەڵگرت.

٨٢. واتە ئالاکە بە هۆی دووبەرەکی و شەڕی ناوەخۆ بە خوێن سووربوو.

***

# سروودی حەڤدەم[1]

## ئاسمانی پێنجەم
## ئاسمانی مەریخ
## شاسوارانی مەسیح

دانتی گومانی کەوتە دڵ لە بارەی بانەڕۆژی خۆی کە کاچیاگویدا پێشبینیی بۆ کرد. ئەمەی لەگەڵ ئەوەدا بەراورد کرد کە لە دۆزەخ و بەرزەکدا بیستبووی. ڕووی کردە کاچیاگویدا و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری لێ کرد بۆ ئەوەی خۆی بۆ زەبری چارەنووس ئامادە بکا، هەرچەندە خۆی وەک ئەهرامەکان توند و پتەو دەبینی بەرامبەر بە چارەنووس. کاچیاگویدا وەڵامی دایەوە کە زۆر بە ڕوونی دواڕۆژی دانتی دەبینێ. دانتی هەر زوو بە فیتەی پاپا لە فلۆرەنسا نامێنێ. گوتی دانتی دەستبەرداری هەموو ئەوانە دەبێ کە لە ناخی دڵەوە خۆشی دەوێن و بۆی دەردەکەوێ چۆن نانی خەڵک سوێرە. سەرکەوتن و دابەزین بە پلیکانەی خەڵک چەند سەخت و ناخۆشە. هاوڕێکانی لە تاراوگەدا بە شێتی و بێوەفایی و نانکوێری لێی هەڵدەگەڕێنەوە، بەڵام بەو لەوجڕییەی دەیکەن ڕسوا و شەرمەزار دەبن. گوتی دانتی بە سەربەرزی دەتوانێ پارتێک دروست بکا خۆی تاکە ئەندامی پارتەکە بێ، هەروەها گوتی

یەکەم دالّدەی لە تاراوگەدا لە ماڵی بارتلۆمیۆ دیللا سکالا دەبێ لە ڤیرۆنا و تووشی کان گراندی دێلا سکالا دەبێ کە زۆر چاکەی لەگەڵ دەکا.

کاچیاگویدا داوای لە دانتی کرد ڕق لە هاووڵاتییەکانی خۆی هەڵنەگرێ.

دانتی گوتی ڕۆژگار دەبینم بە نێزەوە بەرەو ڕووم دێ، بەڵام من ئامادەم بەرەو ڕووی ببمەوە. گوتی دەترسم ئەگەر ئەوە بگێڕمەوە کە لەم گەشتەدا دیومە بیرەوەریم فریام نەکەوێ. کاچیاگویدا پێی گوت چی ڕاستە ئەوە بڵێ. بانگ و هاواری وەکو ئەو بایە دەبێ کە لەسەر ترۆپکی چیادا بەهێزتر دەبێ و بەمەوە ناوبانگێکی گەورە بەدەست دێنێ.

***

وەک ئەو کەسەی ئێستایش وا دەکا
باوک لە کوڕەکانیان بەپارێز بن،[٢] هاتە (کلیمینێ)
بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لەوەی لە بارەی خۆی بیستبوویەوە.[٣] (٣)
منیش وام کرد و لە بەرچاوی
(بیاتریچی) و ئەو بڵێسە پیرۆزەی بۆ خاتری من
جێی خۆی گۆڕی بوو،[٤] وام دەنواند. (٦)
ئەوسا خانمەکەم[٥] پێی گوتم: (گڕی ئارەزووی خۆت
نیشانی ئەوانەی دەرەوە بدە تا ئەو ئارەزووە
تەواو شەقڵی ناوەوەت دەربخا. (٩)
نەک بۆ ئەوەی بە قسەی تۆ زانیاریمان زیاتر بێ،
بەڵکو بۆ ئەوەی فێر بی باسی تینوێتیی خۆت بکەی
بۆ ئەوەی خۆشاوت بە گەروودا بکەن. (١٢)
ئەی ڕێ و ڕەچەڵەکی هێژام[٦] کە ئەوەندە بەرز هەڵکشاوی،
وەک چۆن خەڵکی سەرزەوی دەزانن
هیچ سێگۆشەیەک دوو بازنەی کراوەی تێدا نییە،[٧] (١٥)
تۆیش ئاوها کاتێ لەو پنتە ورد دەبێتەوە
کە هەموو زەمانێکی تێدا کۆ دەبێتەوە،[٨] ڕووداوی شیاو
دەبینی. بەر لەوەی خۆی لە خۆیەوە ڕوو بدا. (١٨)
کاتێ لەگەڵ ڤیرجیلیۆ بەسەر ئەو چیایە[٩] دەکەوتم
کە دەرمانی دەردی ڕۆحە گوناهبارەکانی دەکرد
یان دادەبەزیمە خوارێ بۆ دونیای مردووان،[١٠] (٢١)
قسەی شوومیان پێ گوتم لە بارەی ژیانی ئایندەمەوە
هەرچەندە خۆم هەستم دەکرد وەکو هەرەمی پتەو خۆڕاگرم
بەرامبەر زەبری چارەنووس. (٢٤)
بێگومان کاتێک ئارەزووم دێتە دی کە بزانم
چ چارەنووسێک چاوەڕێم دەکا
ئەگەر تیرێک پێشتر پێشبینی بکرێ، ئازاری کەمتر دەبێ.[١١] (٢٧)
ئاوهام بەو تیشکە گوت کە لە سەرەتادا
قسەی بۆ کردم و وەکو (بیاتریچی) دەیەویست

شەوق و ئارەزووی خۆمم بۆ دەربڕی. (٣٠)
بە وشەی بەتویکڵ نا کە خەڵکە شێتەکە
بەر لەوەی بەرخی خوا کە گوناە دەسرێتەوە، سەری ببڕێ،
دەکەوتنە داوی خۆیان و لە خوێنی خۆیان دەگەوزین، (٣٣)
بەڵکو بە وشەی ڕوون و بە زمانێکی پاراو
ئەو باوکە خۆشەویستە وەڵامی دامەوە
کە لەناو خەندەی خۆیدا دیار و نەپەنی بوو: (٣٦)
(شتی سەرەڕۆ کە لە لاپەڕەکانی کتێبەکەتان
بەولاوەتر ناڕوا بۆ دەرەوە
هەمووی لە نیگای ئەبەدیدا نەخش کراوە، (٣٩)
بەڵام خەسیەتی ئەستەمی لەو کەشتییە زیاتر وەرناگرێ
کە لەگەڵ تەوژمی ڕووباردا دەچێتە خوارێ
لەناو ئەو چاوەی تێی دەڕوانێ، دەدرەوشێتەوە. (٤٢)
لێرەدا، وەکو چۆن ئاوازی ناسکی
ئۆرگانۆ[١٢] دەکەوێتە بەرگوێ،
کاتێ بۆ تۆ دێ، ئاوها لە بەرچاوی ئاشکرا دەردەکەوێ. (٤٥)
چۆن (ئیپۆلیتۆ)[١٣] لەبەر تۆمەتی زڕدایکی
ئۆینباز و دڵڕەقی ئەسینای جێهێشت
تۆیش ئاوها (فیورێنتزا) جێدێڵی.[١٤] (٤٨)
ئەمەیە کە دەیانەوێ و ئەمەیە کە ئێستا ڕایدەچنن،
ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە، هەر زوو جێبەجێی دەکا
لەو شوێنەی[١٥] هەموو ڕۆژێ، مەسیح دەکڕێ و دەفرۆشرێ. (٥١)
وەک باوە، سەرزەنشت شوێن دۆڕاوان[١٦] دەکەوێ،
بەڵام تۆڵەی دادپەروەرانە
دەبێ بە بەڵگە بۆ ئەو ڕاستییەی بەخشیویەتی. (٥٤)
تۆ هەموو شتێکی هەرە ئازیز و گرانبەهات جێدێڵی
ئەمەیش یەکەمین تیرە
کەوانی تاوارگە دەیهاوێژێ. (٥٧)
ئەوسا تێدەگەی، نانی خەڵک چەند سوێرە و

پلیکانەی خەڵک
سەرکەوتن و دابەزینی چەند سەختە! (٦٠)
بەڵام ئەوەی باری شانت قورستر دەکا
هاوڕێی گەمژە و بەدکار و نیازپیسە[١٧]
کە لەگەڵ ئەواندا دەکەویتە ناو ئەم بەڵایە (٦٣)
هەموو بە سپڵەیی و[١٨] شێتی و[١٩] بێدینی[٢٠]
لە دژی تۆ ڕاستدەبنەوە،[٢١]
بەڵام هەر زوو ئەوان، ڕەنگیان سوور هەڵدەگەڕێ، نەک تۆ. (٦٦)
ڕەفتاریان دەبێ بە بەڵگە لەسەر دڕندەییان
جێی شانازی دەبێ بۆ تۆ
کە خۆت دەبی بە پارتێکی سەربەخۆ. (٦٩)
یەکەم داڵدە و یەکەم پەناگات
لوتفی ئەو (لومباردی)یە گەورە و مەزنە دەبێ
کە باڵندەی پیرۆزی لەسەر پلیکانەیە.[٢٢] (٧٢)
بایەخێکی زۆر جوان و ناسکت پێ دەدا،
کە لە داوا و کردەوەدا، یەکەم شتی نێوان ئەم و تۆ
دەبێ بە دووەم شت لە نێوان ئەم و خەڵک. (٧٥)
لای ئەویش ئەو کەسە دەبینی کە لە کاتی لەدایک بوونیدا
مۆرکی ئەستێرەی گەورەی[٢٣] وەرگرتووە
بە جۆرێ، ناوبانگی کارەکانی بە هەموو جێگەیەک دەگا. (٧٨)
خەڵکەکە هێشتا پێیان نەزانیوە
لەبەر ئەوەی تەمەنی هێشتا بچووکە،
چەرخ نۆ جار زیاتر بە دەوریدا نەسووڕاوەتەوە، (٨١)
بەڵام بەر لەوەی (گواسکۆ)[٢٤]، (ئارڕیگۆ)ی[٢٥] پایەبەرز تەفرە بدا،
بە هۆی ئازارخواردن و گوێنەدانی بە پارە و سامان
پرتەوی چاکەی لە دونیادا دەردەکەوێ. (٨٤)
فەڕ و شکۆ و جۆمەردیی بە جۆرێ دەردەکەوێ
تەنانەت دوژمنەکانیشی
ناتوانن خۆی لێ بێدەنگ بکەن و باسی نەکەن. (٨٧)

متمانه به خۆی و کاره چاکەکانی بکه
له سای سەری ئەوەوه زۆر کەس چارەنووسیان دەگۆڕێ[26]
دارا و درۆزەکەر ڕەوشی ژیانیان دەگۆڕێ (٩٠)
ئەوەی که دەرهەق بەو دەڵێم له مێشکی خۆت دەینووسیتەوه،
بەڵام باسی ناکەی.)
هەندێ شتی گوت ئەوەی به چاوی خۆیشی ببینێ، باوەڕ ناکا. (٩٣)
ئینجا گوتی: (ڕۆڵه گیان، ئەمه مانای ئەو قسەیەیه که پێت گوترا!
ئەمەیش ئەو تۆڕ و داوەیه که له پشت
چەند خولێکی کەمی خۆر لەسەر ڕێت داندراوەتەوه.٢٧ (٩٦)
هیوادارم بەخیلی به هەوشارییەکانت[28] نەبەی،
چونکه دواڕۆژ، ژیانی تۆ
زۆر له سزای خیانەتی ئەوان زیاتر دەوام دەکا. (٩٩)
کاتێ ڕۆحی پیرۆز،[29] بەبێدەنگبوونی خۆی
ڕایگەیاند تیوەریخی ئەو کرەی تەواو کردووه
که ڕایەڵی ڕاچنی بوو (١٠٢)
وەک ئەوەی به دڕدۆنگی، به پەرۆشەوه بێ
بۆ شیرەتی ئەو کەسەی ڕاستی دەبینێ و چاکه دەکا و
خۆشەویستی دەکا، دەستم به قسەکرد: (١٠٥)
(باوکه، زۆر به ڕۆشنی دەبینم
چۆن ڕۆژگار دەست به نێزه بۆم دێ تا زەبرێکم لێ بدا
ئەوەی خۆی بۆ شل بکا خراپتر دەیئەنگێوێ، (١٠٨)
بۆیه وا چاکه چەکم وردبینی بێ
تا ئەگەر له ئازیزترین جێگەیش جیا بکرێمەوه[30]
به شیعرەکانم جێگەکانی تر لەدەست نەدەم. (١١١)
له خوارەوه و لەو دونیا بێتام و تاڵه،[31]
لەسەر ئەو چیایەی دوو چاوەکانی خانمەکەم
لەسەر چڵەپۆپەی جوانی هەڵیانگرتم و بەرزیان کردمەوه، (١١٤)
له تیشکێکەوه بۆ تیشکێکی تری ئاسمان
زۆر شت فێربووم، ئەگەر باسیان بکەم،

بە لای گەلێ کەسەوە زۆر تف و تاڵ دەبێ! (١١٧)
ئەگەر برادەرێکی نەوێرۆکی ڕاستی بم
دەترسم لەناو ئەوانەدا ژیان لەدەست بدەم
کە ئەم سەردەمە بە (دێرین) ناو دەبەن.) (١٢٠)
ئەو تیشکەی لەناو گەنجینەی ئاسمانی منی خەندان بوو،
یەکەم جار وەک بریسکانەوەی ئاوێنەی زێڕ
لەبەر تیشکی خۆردا بریسکایەوە. (١٢٣)
ئینجا وەڵامی دایەوە: (ئەو ویژدانەی
بە شوورەیی خۆی، یان شوورەیی خەڵکانی دی لەکەدار بووبێ،
بەڕاستی هەست بە چزووی وشەکانت دەکا. (١٢٦)
لەگەڵ ئەمەیشدا هەموو درۆیەک
بنێ بە لاوە، چی دەبینی بە ڕوونی باسی بکە،
با خەڵک کوێیان گوڕوو بووە، بیخورێنن، (١٢٩)
چونکە قسەی تۆ ئەگەر یەکەم جار تامی ناخۆش بێ،
پاشان کە هەرس بوو،
دەبێتە خۆراکێکی وا ژیان دەبەخشێ. (١٣٢)
ئەو هاوارەی تۆ وەکو (با) وایە
تا ترۆپک بەرزتر بێ، زەبری گرانتری لێ دەدا.
ئەمەیش هۆیەکی کەم نییە بۆ سەرفرازیت. (١٣٥)
بۆیە لەناو ئەم بازنانە و لەسەر چیا و[32]
لەناو دۆڵی ئەشکەنجەدا[33] تەنیا ئەو ڕۆحانەت
بۆ دەرکەوت کە ناوبانگی زۆریان هەبوو.٣٤ (١٣٨)
چونکە ڕۆحی گوێگر هەرگیز لەو نموونەیەی
سەرچاوەکەی شاراوە و کەسنەزانە
ڕازی نابێ و متمانەی پێ ناکا. (١٤١)
متمانە بە هیچ بەڵگەیەکی تریش ناکا کە بەرچاو نەبێ. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی حەڤدەم

١. ئەمە سروودی سێیەمی تایبەت بە ئاسمانی مارس، یان مەریخە. پێی دەگوترێ (سروودی کاچیاگویدا و تاراوگەی دانتی).

٢. دانتی لە کۆتایی سروودی پێشوودا باسی شەڕی ناوەخۆی کرد لە فلۆرەنسادا. لێرەدا بەبەر ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلانەدا دەچێ.

٣. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: فایتۆن (Phaeton)ی کوڕی ئاپۆلۆن و کلیمینی، لە ئیپافوس (Epaphus) ناوێکی بیست گوایە ئەم کوڕی ئاپۆلۆنی خودانی هونەر و مۆسیقا و ڕۆشنایی نییە. فایتۆن کە ئەمەی بیست، بە هەڵەداوان گەڕایەوە لای دایکی و داوای لێکرد ڕاستی و ناڕاستیی ئەو قسەیەی بۆ ڕوون بکاتەوە. سواری گالیسکەی خۆر بوو و چووە ئاسمان بۆ ئەوەی ڕاستیی بۆ دەربکەوێ.

٤. ئەوە ڕۆحی کاچیاگویدۆیە شوێنی خۆی لە ناوخاچی تیشکدا گۆڕیوە.

٥. واتە: بیاتریچی.

٦. ئاماژەیە بۆ قسەی پێشووی کاچیاگویدۆ کە خۆی بە ڕیشەی درەخت و دانتی بە چڵی درەختەکە داناوە.

٧. دانتی پەنا بۆ ئەو بیرە زانستی و ئەندازەییە دەبا بۆ ئەوەی بیری خۆی پێ ڕوون بکاتەوە: سێگۆشە دوو گۆشەی کراوەی تێدا نابێ، چونکە کۆی هەرسێ گۆشەکانی دەکاتە دوو گۆشەی وەستاو (١٨٠).

٨. خودا خاڵی چەقی هەموو دونیای دروستکراوە. بە لای خواوە، ڕابردوو و ئێستا و ئایندە، هەمووی وەکو ئێستا وایە، واتە لە کات و لە شوێندا، شتێ نییە لە خودا بزر بێ. خودا هەموو شتێ دەبینێ و ئاگاداری هەموو شتێکە.

٩. مەبەست کێوی بەرزەکە کە ڕۆح لە چڵکی گوناه پاکدەکاتەوە.

١٠. مەبەست دۆزەخە. دۆزەخ جێگەی ئەو کەسانەیەکە هەتاهەتایە لە نیعمەتی بەختەوەریی جاویدانیی بێبەشن.

١١. ئەو تیرەی چاوەڕێی هاویشتنی بکرێ ئازاری کەمتر دەبێ. ئەمە پەندێکی ئیتالییە و لە پەندێکی لاتینی ئۆڤید وەرگیراوە. تۆمای ئەکوینی دەڵێ: (پاپا گریگۆریۆ زۆر جار لە ئامۆژگارییەکانی خۆیدا دەیگوت، ئەو تیرەی چاوەڕێی هاویشتنی بکرێ، برینی سووکترە.) دانتی ئەم پەندەی لە تۆمای ئەکوینی، یان لە ئۆڤید وەرگرتووە.

١٢. ئۆرگانۆ (Organo): ئامێرێکی مۆسیقییە زیاتر لە کڵێسە باوی هەیە. ئەم ئامێرە لە سەردەمی ڕۆمان و بێزنتییەکانەوە ناسراوە. ئۆرگانۆ بۆ لێدانی ئاوازی

دینی و دنیایی بەکار دێ. لە سەدەی نۆوە دەورێکی زۆری هەبووە لە ئاوازی ئایینیدا. کاتدرائییە ناودارەکانی دونیا ئۆرگانۆیان تێدایە.

١٣. ئیپۆلیتۆ: هیپۆلیتوس (ippolytus) بەپێی ئەفسانەی یۆنانی کوڕی تیزیۆس (Thesceos) و هیپۆلیتی شاژنی ئامازۆن بوو. تیزیۆس دوای ژنی یەکەمی، فیدرا (Phedrae)ی هێنا. فیدرا ئاشقی هیپپۆلیتوسی زڕکوڕی بوو، بەڵام هیپپۆلیتوس ڕووی نەداین. فیدرا لای تیزیۆس شکاتی لێ کرد و بوختانی پێکرد کە پڕی داوەتێ. تیزیۆس کوڕەکەی دەرکرد، ئەویش لە ئەسینا ڕایکرد و لە ڕێگەدا مرد.

١٤. واتە دانتیش وەکو هیپپۆلیتوس، پاش بوختان پێکران، لە فلۆرەنسا دەڕوا و هەتا هەتایە لێی بێبەش دەبێ.

١٥. ئاماژەیە بۆ ڤاتیکان و کڵێسەی ڕۆما لە زەمانی پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم کە شارل دی ڤالوای فرەنسی دنەدا بۆ ئەوەی بچێتە فلۆرەنسا. ئەوە بوو ساڵی ١٣٠٢ چووە فلۆرەنسا و گەلفە سپییەکانی دەرکرد و دانتیش دەربەدەر بوو. دانتی هەمیشە دژی سیاسەتی دنیایی پاپا و دەست تێوەردانی کاروباری فلۆرەنسا بوو. بە تایبەتی کاتێ ساڵی ١٣٠٠ ئەندامی سینۆریا بوو. ئەوە بوو فلۆرەنسا شاندێکی سێ ئەندامیی نارد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پاپادا. یەکێ لە ئەندامەکان دانتی بوو. دانتی لە بارەی بەرژەوەندیی فلۆرەنسا، دژی ڕای پاپا بوو. پاپا ماوەیەک دانتیی لە ڕۆما گلدایەوە. لەو ماوەیەدا، شارل دی ڤالوا چووە فلۆرەنسا و گەلفە سپییەکانی دەرکرد، ئیتر دانتی نەیوێرا بگەڕێتەوە فلۆرەنسا و هەر لە تاراوگەدا مایەوە.

١٦. واتە هەمیشە هەر وا بووە خەڵک لای سەرکەوتووانە و سەرزەنشتی لایەنی بەزیو دەکەن. لێرەدا، خەڵک سەرزەنشتی گەلفی سپی دەکەن، چونکە شکاون و دەرکراون.

١٧. هاوڕێی بەدکار و لەوجڕ ئاماژەیە بۆ گەلفە سپییەکان کە ساڵی ١٣٠٢ لە فلۆرەنسا دەرکران. دانتی یەکێ لە دەرکراوەکان بوو. چەند جارێک هێرشیان کردە سەر فلۆرەنسا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە. دانتی یەکێ بوو لە سەرکردەی هێرشی یەکەم کە لە هاوینی ١٣٠٢دا کردیان، ڕەنگە بەشداریی هێرشی دووەمیشی کردبێ کە بەهاری ساڵی ١٣٠٣، کرا، بەڵام کە دیتی دەرکراوەکان یەک ڕیز نین و هەر کەسە بە دوای بەرژەوەندیی خۆیدا ڕادەکا، وازی لێ هێنان و بەشداریی هێرشی ساڵی ١٣٠٤ و ١٣٠٦ی نەکرد. پێشتر دیمان برۆنێتۆ لاتینی ئاماژەی بۆ هەڵوێستی سپی و ڕەشەکان کرد بەرامبەر بە دانتی (دۆزەخ، س١٥، د٧٠).

١٨. بێوەفا: بەرامبەر ئەو چاکەیەی دانتی لەگەڵ شاری خۆیدا کردبووی.

١٩. شێتاتی: چونکە بەمەوە دژی بەرژەوەندیی خۆیان دەوەستان.

٢٠. بێدینی، بێبڕوایی: چونکە ئەوەی خاوەن بڕوا بێ بەو جۆرە ڕەفتار لەگەڵ هاوبەشیی بەدبەختی خۆی ناکا.

چارەیان سوور دەبێ: واتە لە کردەوەی خۆیان تەریق دەبنەوە. هەندێ دەڵێن ئەم چارە سووربوونە ئاماژەیە بۆ هێرشی چەکداری سپییەکان بۆ سەر فلۆرەنسا، ساڵی ١٣٠٤ کە شکان و زۆریان کوژران و خەڵتانی خوێن بوون.

٢١. یانی دەرکراوەکان نرخی دڵسۆزیی دانتییان نەدەزانی و گوێیان بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی نەدەدا. لێی هەڵگەڕانەوە و بگرە بیریان لە کوشتنیشی کردەوە.

٢٢. دروشمی بنەماڵەی سکالا (Scala) پلیکانەیەکی زێڕ بوو لەسەر زەمینەیەکی سوور و هەڵۆیەکی ڕەشی ئیمپراتۆری بەسەرەوە بوو. دوای ساڵی ١٣١١ هەڵۆکە لە دروشمەکە لابرا.

٢٣. مەبەستی کان گراندی دێلا سکالایە ( Can Grande della Scala) (1291 – 1329)). برای بارتۆلمیو بوو کە ساڵی ١٣٠٨، بە هاوبەشیی ئالبوینۆی برای بوو بە گەورەی ڤیرۆنا، ئینجا بوو بە جێگیری. ئیمپراتۆر هێنریی حەفتەم و پاشان ساڵی ١٣١١ بە تەنیا فەرمانڕەوایی ڤیرۆنای گرتە دەست.

کان گراندی دێلا سکالا لە مارس هاتبووە دونیا بۆیە (بە لای دانتییەوە) جەنگاوەرێکی ئازا بوو. یەک لە کارەکانی ئەوە بوو بریشیای ڕزگار کرد و هەندێ کاری سەربازیی لە ڤیرۆنا، لە ڤیچێنزا و پادوا و کریمونا و ڕیجو و مانتوا و تریڤیزۆ ئەنجامدا. لە کۆشکی خۆیدا، پێشوازیی پەنابەرەکانی دەکرد و پێویستیی جێبەجێ دەکردن. دانتی ساڵی ١٣١٧ چووە لای و ماوەیەک لە کنی مایەوە. میر هەندێ جار نوکتەی خۆشی دەکرد، هەر بۆخۆشیی بوو، نیازی خراپی نەبوو. لەم بارەیەوە ئەمەی لێ دەگێڕنەوە کە لەگەڵ دانتیدا کردی و تۆراندی:

جارێکیان لەسەر خوان دانیشتبوون، منداڵێک غانی غەرەز، ئێسکەکانی کۆکردەوە و لە نزیک دانتی لەسەر زەویی دانان. کە خواردن تەواو بوو و هەستان بڕۆن، کان گراندی چاوی بە ئێسکەکان کەوت، سەری سوڕما و هاواری کرد دانتی چەند حەز لە گۆشت دەکا! دانتی ئەم نوکتەیەی بۆ قووت نەچوو، ڕەتی دایەوە، گوتی ئەگەر سەگیش بام ئەو هەموو ئێسکەم لەبەر پێ کۆ نەدەبووەوە. ئیتر دانتی ڤیرۆنای جێهێشت، بەڵام ڕێزی بۆ کان گراندی هەرما بوو، تەنانەت کۆمیدیاکەیشی پێشکەش کردووە.

٢٤. گواسکۆ (Guasco). پاپا کلیمنتۆی پێنجەم بوو. بە ڕەچەڵەک خەڵکی گاسکۆنیا بوو. بەر لەوەی ببێ بە پاپا، ناوی (برتران دوگۆت) بوو. پاپا بۆنیفاچۆی

هەشتەم ساڵی ١٣٠٥ کردی بە سەرۆکی ئوسقوفییەی (بوردو). لە لیۆن تاجی لە سەر نا و ساڵی ١٣١٤ لە ڕوکمۆر، نزیک ئەڤنیون کۆچی دوایی کرد. کاتێ هێنریی حەفتەم ساڵی ١٣١٠ هاتە ئیتالیا ئەو پشتگیریکرد، بەڵام پاشان خۆی دایە پاڵ گەلفەکان. دانتی لەگەڵ پاپا بەرتیلخۆرەکان لە دۆزەخی داناوە (دۆزەخ، س١٩، د٨٢).

٢٥. ئاڕریگۆ (Arrigo): ئیمپراتور هێنریی حەفتەم کە دانتی تەمای پێ هەبوو یەکێتیی ئیتالیا و هەموو دونیا بێنێتە دی. ساڵی ١٣١١ لە میلانۆ تاجی ئاسنی لە سەر نا. چیای ئالپی بڕی و شارەکانی لومباردیا زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکرد، بەڵام زۆری پێ نەچوو چەند شۆڕشێکی لە دژ کرا. گەلفەکان بە سەرۆکایەتیی فلۆرەنسا و بە هاوکاریی شا ڕۆبێرتۆ دوژمنارییان کرد. هێنریی حەفتەم کشایەوە بۆ تۆسکانا و ئینجا بۆ پیزا. ویستی ناپۆلی داگیر بکا، بەڵام تووشی نەخۆشی هات و ساڵی ١٣١٣ لە نزیک سیەنا مرد و لە پیزا نێژرا. مردنەکەی زەبرێکی کوشندە بوو بە خەونی دانتی و گیبیللینییەکانی ئیتالیا کەوت.

٢٦. یانی کان گراندی دێلا سکالا باری ژیانی دەوڵەمەند و هەژاران دەگۆڕێ، بەڵام دیار نییە کاچیاگوید مەبەستی لە دەوڵەمەندەکان کێیە و لە هەژارەکان کێیە؟

٢٧. ئاماژەیە بۆ دەرچوونی بڕیاری دەرکردنی دانتی لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٣٠٢دا و ئینجا بڕیاری کوشتنی لە ١٠ی مارسی هەمان ساڵدا.

٢٨. مەبەست هاووڵاتییەکانە.

٢٩. مەبەست کاچیاگویدایە.

٣٠. مەبەست فلۆرەنسایە.

٣١. مەبەست دۆزەخە.

٣٢. مەبەست چیای بەرزەکە.

٣٣. مەبەست دۆزەخە.

٣٤. یانی لە گەشتەکەیدا بۆ دۆزەخ و بەرزەک و بەهەشت زۆر شتی دیوە و زۆر ڕاستیی بۆ دەرکەوتووە، ئەگەر باسیان بکا بۆ زۆر کەسی سەر ڕووی زەوی ناخۆشە.

***

# سروودی هەژدەم ۱

## ئاسمانی پێنجەم
## ئاسمانی مەریخ
## شاسوارانی مەسیح
## ئاسمانی شەشەم
## پاشایانی ژیر و دادپەروەر

کاچیاگویدا کەیفی بە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەهات، کەچی دانتی لە خەفەتی دەنگوباسی ئاوارەبوونی، دڵی خۆی بە نەمریی دەدایەوە. بیاتریچی داوای لێکرد واز لەو بیروبۆچوونە بێنێ و بیر لە شتێکی دی بکاتەوە. دانتی ڕووی کردە بیاتریچی و نیشانەی خۆشەویستیی یەزدانیی تێدا بینی. کە لێی وردبووەوە، لە تەماشاکردنی ئەو پێوە، هیچ ئارەزووی دیکەی لە دڵدا نەما. بیاتریچی بە دانتیی گوت بەهەشت تەنیا لە چاوی مندا نییە، بەڵکو لە ڕۆحی چاکەکارەکانی تریشدایە.

کاچیاگویدا سەرنجی دانتیی بۆ ئەو خاچە ڕاکێشا کە لە تیشک و ڕووناکی دروست کرابوو و ناوی هەندێ لە چاکەکارانی بەبیر هێنایەوە. ئەمانەی بینی: یەهوودای مەکابی و شارلەمان و ئورلاندۆ و گییومی دۆقی ئورانج و جودفری دی بوۆییۆن و ڕۆبێرتۆ گویسکاردۆ.

ئەوسا کاچیاگویدا بەدەم سروود و ئاوازێکی بێوێنەوە گەڕایەوە شوێنی خۆی لەسەر خاچەکە.

دانتی لەگەڵ بیاتریچیدا سەرکەوتن بۆ ئاسمانی جۆپیتەر (مشتەری) کە تیشکەکەی سپییەکی سپی سپییە. کۆمەڵە ڕۆحێکی بینی ئەم وشانەیان بە


شکڵی خۆیان و بە لاتینی دروست کردبوو: (ئەی ئەوانەی فەرمانڕەوایی زەوی دەکەن، دادپەروەریتان خۆش بوێ!). هەندێ ڕۆحی دی هاتنە خوارەوە بۆ سەر پیتی (M)ی زەوی بە لاتینی و گوڵەمێلاقەیەکیان پێکهێنا، ئینجا بە جووڵانەوەیەکی کەموێنە هەڵۆیەکیان دروست کرد کە ڕەمزی ئیمپراتۆریەتە.

دانتی زانیی دادپەروەریی دونیا لە ئاسمانەوە هاتووە و داوای لە ڕۆحی چاکەکاران کرد دوعای خێر بۆ ئەوان کەسان بکەن کە لە دونیادا لە ڕێگەی ڕاست لایانداوە و کەوتوونەتە دوای ئەو پاپایانەی لە ڕێنماییەکانی کڵێسە دەرچووین. هەڵوێستی پاپا یوحەننای دووەمی ڕسوا کرد کە هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەیە و هیچ ئاگای لە ژیانی پیر پیترۆس و پیر پۆلس نەماوە.

ئەستێرەی جۆپیتەر (مشتەری) گەورەترین ئەستێرەی کۆمەڵەی خۆری ئێمەیە. ڕووناکیی لە هەموو ئەستێرەکان زیاترە، بۆیە لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا بە ڕەمزی زیۆسی خودانی خودانان دانراوە. هەر لەبەر ئەوەیشە ئەم ئاسمانە تایبەتە بە پاشا دادپەوەرەکان.

دانتی دەڵێ دەتوانین ئاسمانی مشتەری لە دوو ڕووەوە لەگەڵ زانستی ئەندازە بەراورد بکەین. یەکەم ئەوەیە ئەم ئەستێرەیە دەکەوێتە نێوان ئاسمانی دوو ئەستێرە (زوحەل و مەریخ) کە خەسیەتیان لە مشتەری جیایە. مشتەری گەرماییەکەی مامناوەندییە کەچی زوحەل سارد و مەریخ گەرم و ئاگرینە. ئەوەی تریش ئەوەیە لەناو هەموو ئەستێرەکاندا، تەنیا ئەم ئەستێرەیە ڕەنگی سپییەکی تەواو زیوینە. ئەم دوو خەسیەتە لە زانستی ئەندازەدا هەن. لە لایەکەوە وێنە ئەندازەییەکان ڕووبەری نێوان چێوە و چەقی بازنە دەگرن، لە لایەکی تریشەوە ئەندازە سپیترین زانستە، چونکە هیچ هەڵەیەکی بیرکاریی تێدا نییە، وەکو ڕەنگی سپی کە هیچ لەکەیەک یەکڕەنگییەکەی ناشێوێنێ.

دەربارەی کاریگەریی مشتەری لە ژیانی مرۆڤ و کاروباری جیهان، مشتەری سروشتێکی نیمچەگەرم و تەڕی هەیە. ڕۆشن و فێنکە. ڕەمزی ئەم شتانەیە: ڕۆح، ژیان، وەرار، منداڵی، جوانی و ژیری، هەروەها دادپەروەری، زانایی، لێکدانەوەی خەون، ترس لە خوا، خۆڕاگری، دلێری و سەرفرازی، ئومێد و شادی، تەندروستی، ئاسایش، زمانپاراوی، نەفرەت لە خراپە و خراپەکاران،... هتد



ئەو ئاوێنە پیرۆزە[2] ئێستا تەنیا بە وشەکانی[3] خۆی شاد بوو و بەس
منیش بیر و ئەندێشەم لای وشەکانی خۆم بوو.
تاڵەکانم بە شیرینەکان خۆش دەکرد.[4] (٣)
ئەو خانمەی منی بۆ لای خودا دەبرد، گوتی:
(ڕەوتی بیر و بۆچوونت بگۆڕە. ئاگادار بە
لە نزیک ئەو کەسەی کە باری هەموو بێڕێزییەک سووک دەکا.) (٦)
ڕووم کردە دەنگی ئاشقانەی هۆگرەکەم،
ئەشقێکم لەناو چاوە پیرۆزەکانیدا دی
خۆم لە باسکردنی لادەدەم. (٩)
نەک لەبەر ئەوەی بڕوام بە قسەی خۆم نییە،
بەڵکو لەبەر ئەوەی زەینم ئەگەر یەکێکی تر ڕێنمایی نەکا،
ئەوەندە توانای نییە بگەڕێتەوە لای خۆی. (١٢)
لە بارەی ئەو ساتەوە دەکارم هەر ئەوەندە بێژم
کاتێ کە بە وردی تێی ڕامام
دڵم لە بەندی ئارەزووی هەموو شتێکی تر ئازاد بوو. (١٥)
ئۆخژنم بەو شادییە ئەبەدییە[5] داکەوت
کە ڕاستەوخۆ لەسەر (بیاتریچی) دەدرەوشایەوە،
بەو تیشکەی لە چاوە جوانەکانی دەهات. (١٨)
بە شۆڵەی خەندەی حەپەساندمی و گوتی:
(ئاوڕدەوە و گوێ بگرە!
بەهەشت هەر لەناو چاوی مندا نییە.) (٢١)
چۆن هەندێ جار لێرە[6] خۆشەویستی لەناو چاودا[7] دەبینین،
ئەگەر ئەوەندە گەورە و لەهی وار بێ
هەموو مێشک و دڵ دادەگرێ، (٢٤)
بەم چەشنە لەناو گڕی ئەو بڵێسە پیرۆزەی[8]
ڕووم تێکرد، ئارەزوویەکی دەروونیم بینی
بۆ ئەوەی نەختێ قسەم بۆ بکا. (٢٧)
دەستی پێکرد: (لەم پێنجەمین تەبەقەی

ئەو درەختەی ژیان[9] لە چڵەپۆی خۆی[10] وەردەگرێ،
هەمیشە بەر دەدا و هەرگیز گەڵای ناوەرێ،
ڕۆحی موبارەک هەن، لە خوارەوە،[11] بەر لەوەی
بۆ ئاسمان هەڵبکشێن، زۆر ناودار بوون و
دەشیا ئیلهامبەخشی هەموو شاعیرێ بن.
سەیری هەردوو بازووی خاچەکە بکە،
ئەوانەی ناویان دێنم، برووسکە لەناو هەور چ دەکا،
ئەوانیش لەوێ ئاوها دەکەن.)
دیم، لەگەڵ ناوهێنانی (یۆزوێ)[12]دا،
برووسکەیەک بەسەر خاچدا تێپەڕی،
ناوبردن و تێپەڕینی یەک بوو.
لەگەڵ ناوهێنانی (مەکابیۆ)ی[13] مەزندا،
برووسکەیەکی ترم دی بە خولخواردن دەڕۆیشت
شادیی دەروونیی وەک لیسێک بوو ئەم بابەلیسکەی دەسووڕاند،
هەروەها کە ناوی (کارلۆمانیۆ) و[14] (ئۆرلاندۆ)[15] هات،
سەرنجی تیژم شوێن دوو تیشکی تر کەوت
وەک چۆن چاوی ڕاوچی شوێن فڕینی باز دەکەوێ،
ئینجا (گولیلمۆ) و[16] (ڕینواردۆ) و[17] (گۆتتیفریدی) و[18]
(ڕۆبێرتۆ گویسکاردۆ)[19]
سەرنجیان بۆ سەر خاچەکە ڕاکێشام.
ئەوسا ئەو ڕۆحەم دی کە ئاخاوتمی، دەجووڵا و[20]
تێکەڵ تیشکەکانی[21] دی دەبوو، پێی نیشاندام
چ هونەرمەندێکە لەناو دەنگبێژەکانی ئاسمان.
ئاوڕم لە لای دەستەڕاست دایەوە
بۆ ئەوەی بە گفتار، یان بە ڕەفتاری (بیاتریچی)یەوە
بزانم ئەرکم چییە و دەبێ چ بکەم.[22]
دیم چاوەکانی ئەوەندە گەش و شاد بوون
جوانییەکەی لە جاران و لەم دواییەش

زۆری تێپەڕاندبوو.[٢٣] (٥٧)
چۆن مرۆ تێدەگا ڕۆژ بە ڕۆژ پایەی بەررزتر دەبێ
کە بە وای کردەوە چاکەکانی
هەست دەکا شادیی زیاتر بووە، (٦٠)
منیش بە بینینی ئەم پەرچۆ گەش و ڕازاوەیە
تێگەیشتم خولانەوەم بە دەوری خۆمدا
کەوانەکەی[٢٤] لەگەڵ سووڕانەوەی ئاسمان گەورەتر بووە. (٦٣)
چۆن خانمێکی جوانی پێستسپی
کاتێ ڕەنگی سووری شەرمی لە ڕوو دەڕەوێتەوە،[٢٥]
بە ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، (٦٦)
منیش ئاوها کە لە کاتی خولانەوەدا، سپیاتی ئەستێرەی شەشەم[٢٦]
کە منی گرتبووە ناوە خۆی،
لە بەرچاوم درەوشایەوە! (٦٩)
لە بڵێسەی (جوپیتەر)دا،
پرووشکی تیشکی[٢٧] خۆشەویستیی ئەوێنم بینی
هەندێ پیتی زمانەکەمانی لە بەرچاوم بەرجەستە دەکرد. (٧٢)
وەک ئەو باڵندانەی لە کەناری ڕووبار
لە خەنیی خۆشیی خۆراک لە شەققەی باڵ دەدەن و
تاوێ بە شێوەی بازنە و گاوێ بە خیزەر، بە ڕەوە هەڵدەفڕن، (٧٥)
ڕۆحی پیرۆز ئاوها، بە سروودخوانی،
بەناو ئەو تیشکانەدا بەملا و بەولا دەفڕین و
گاوێ وێنەی (D) و هەلێ (L) و چەلێ (I)یان پێک دەهێنا. (٧٨)
یەکەم جار بە ئاوازی سروودی خۆیان کەوتنە جووڵە
کە یەکێ لەو وێنانەیان پێکهێنا،
نەختێ دەسەنگرانەوە و بێدەنگ دەبوون. (٨١)
ئەی (پیگازیا)ی[٢٨] یەزدانی کە سەرفرازی و
تەمەندرێژیی بە بلیمەتان[٢٩] دەدەی و ئەوانیش
بە یارمەتیی تۆ بە شار و وڵاتانی دەدەن، (٨٤)

تیشکی خۆتم لێ بدە بۆ ئەوەی وێنەیان
بەو جۆرە بکێشم کە لە دڵمدایە
کاشکێ هێز و دەسەڵاتت لەم شیعرە کورتەدا دەربکەوێ. (٨٧)
ئەوسا پێنج جار بە شێوەی حەفت[٣٠] پیتی بزوێن و نەبزوێن
خۆیان دەرخست و منیش پارچەکانم
بەو شێوەیە خستە زەینم کە بۆم دەرکەوتن. (٩٠)
یەکەم کار و ناوی هەموو تابلۆکە ئەمە بوو:
(دادپەروەیتان خۆش بوێ.)[٣١] دوا وشەکانیش ئەمانە بوو:
(ئێوە کە فەرمانڕەوایی زەوی دەکەن.)[٣٢] (٩٣)
ئینجا بە ڕێکی لەسەر (M)ی وشەی پێنجەمدا
وەستان[٣٣] کە (جۆپیتەر)
دەتگوت زیوە و زێڕبەند کراوە. (٩٦)
تیشکی ترم[٣٤] بینی دابەزینە سەر ترۆپکی (M) و
لەوێ نیشتن. پێم وا بوو
گۆرانییان بەو خێر و چاکەیە هەڵدەگوت کە بۆ خۆی ڕادەکێشان. (٩٩)
چۆن بە کوتانی سەرەبزۆت،
بێ ژمارە پرووشک بڵاو دەبێتەوە[٣٥]
کە گێلەکان فاڵی پێ دەگرنەوە، (١٠٢)
دیم هەزار تیشک زیاتر هەڵبوون و بەرزبوونەوە
هەندێ بەرز و هەندێ نزمتر
بەپێی ئەو خۆرەی[٣٦] دایدەگیرساندن. (١٠٥)
کاتێ هەریەکە لە شوێنی خۆی سەقامی گرت
سەروملی هەڵۆیەکم بینی[٣٧]
لەم ئاگرە پرژاوەدا بەرجەستە بووبوو. (١٠٨)
ئەوەی لەوێ ئەم نیگارە دەکێشێ پێویستی بە ڕابەر نییە،
خۆی ڕابەری خۆی دەکا
ئەو هێزە لەوەوە دێ کە شێوە بە لانەکان دەدا. (١١١)
ڕۆحە چاکەکارەکانی تریش کە یەکەم جار وێدەچوو

ڕازیبوون گوڵەمێلاقەیەک لە (M)ەکە دروست بکەن[38]
بە جووڵەیەکی کەم نیگارەکەیان تەواو کرد. (١١٤)
ئۆی ئەستێرەی ناسک، چەند گەوهەری درەوشاوە
پێیان نیشان دام کە دادپەروەریی ئێمە
لەو ئاسمانەوە دێ کە تۆ گەوهەربەندت کردووە. (١١٧)
لەو ئەقڵە دەپاڕێمەوە کە هێز و جووڵەی
تۆی لێ پەیدا دەبێ، تەماشا بکا
ئەو کادووە لە کوێوە دێ کە بەری تیشکی تۆ دەگرێ. (١٢٠)
بۆ ئەوەی جارێکی تریش ڕق و قین بەسەر
کڕین و فرۆشتنی ناو ئەو ئابیدەیە بڕێژێ
کە دیوارەکانی لە پەرچۆ و شەهیدان دروست کراوە. (١٢٣)
ئەی سوپای ئاسمان کە بە چاوی ورد سەیرتان دەکەم
دوعا بۆ ئەوان کەسان بکەن کە لەسەر زەوی،
شوێن سەرمەشقی خراپ کەوتوون و لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە (١٢٦)
جاران خەڵک بە شمشێر شەڕیان دەکرد،
بەڵام ئێستا لێرەولەوێ بە زەوتکردنی
نان شەڕ دەکەن کە باوکی ئاسمانمان لە هیچ کەسی چاو نییە،[39] (١٢٩)
بەڵام تۆ٤٠ کە شت دەنووسی تەنیا بۆ ئەوەی بیسڕیتەوە،
بیر بکەوە، (پاولۆ) و[41] (پییترۆ)[42] هێشتا زیندوون
کە لە پێناوی ئەو ڕەزەی٤٣ تۆ تێکی دەدەی، مردن. (١٣٢)
ڕاستی دەتوانی بڵێی: (ئەوەندە پەرۆشی ئەو کەسەم
کە بەوی با بە گۆشەگیری بژی و
بە سەما، بۆ شەهیدبوون بە کێشیان کرد، (١٣٥)
ئیتر نە ماسیگرەکە دەناسم و نە (پاولۆ). (١٣٦)

***

## پەراوێزەکانی سروودی هەژدەم

١. ئەمە سروودی گوازرانەوەیە لە ئاسمانی مارسەوە بۆ ئاسمانی مشتەری (جۆپیتەر). پێی دەگوترێ (سروودی هەڵۆی ڕۆمانی).

٢. مەبەست ڕۆحی کاچیاگویدایە کە وەکو ڕۆحەکانی دیکەی بەهەشت، نووری خودای وەکو ئاوێنە تێدا دەدەرەوشێتەوە.

٣. مەبەست لە (وشە) بیرکردنەوەیە لە خودا. (فی البدْ کان الکلمە)

٤. تامی تفت و تاڵ: ئاماژەیە بە تفت و تاڵی و ناخۆشیی دوورخرانەوە بەرامبەر بە شیرینیی قسەکانی کاچیاگویدا دەربارەی ئایندەی گەشی دانتی.

٥. واتە نووری خودا.

٦. واتە: لێرە، لەسەر زەوی.

٧. وەکو پێشتریش هاتووە چاوی (بیاتریچی) ڕەمزی جیلوەی حەقیقەتی خودایە کە بە هۆی بیرکردنەوە و وردبوونەوە دەستدەکەوێ. کە (بیاتریچی) دەڵێ: (بەهەشت تەنیا لەناو چاوی مندا نییە) مەبەست ئەوەیە کە بیرکردنەوە و وردبونەوە تاکە ڕێگە نییە بۆ ناسینی حەقیقەتی خودا، ڕێگەی تریش هەن وەکو ڕێگەی تێکۆشان لە پێناوی حەقدا، واتە ڕێگەی کردەوە، وەکو ڕۆحی ئەو کەسانەی لە ڕێگەی بەرگریکردن لە ئاییندا شەهید بوون.

٨. تیشکە گەشەکە ڕۆحی کاچیاگویدایە.

٩. ئەو درەختە ڕەمزی سۆفیگەرییە، مەبەست بەهەشتی ئاسمانی ئاسمانانە کە عەرشی خودای لێیە و خودا لەوێوە فەیز و بەرەکەتی خۆی بەسەر هەموو دونیادا دەڕێژێ.

لێرەدا بەهەشت، واتە نۆ ئاسمانەکە بە درەختێک چوێنراوە نۆ لقی هەبێ. بەمەوە ئاسمانی مارس پێنجەمین لقە لەو درەختە. درەختی زەوی هێزی ژیان لە زەوی وەردەگرێ، کەچی ئەو درەختە نۆ لقە هێزی ژیان لە بەرزترین لقی خۆی (کە دوا ئاسمان و عەرشی خودایە) وەردەگرێ، واتە: درەختی زەوی مایەی ژیان لە ڕەگوڕیشەوە وەردەگرێ، کەچی ئەو درەختە لە گەڵا و چڵەوە وەریدەگرێ.

کە دەڵێ هەمیشە بەرهەم دەدا: یانی بەردەوام ڕۆحی بەهەشتیی تازەی بۆ دێ. کە دەڵێ: هەرگیز گەڵایەکی ناوەرێ: مەبەستی ئەوەیە فریشتە و ڕۆحی بەهەشتیی مردنیان نییە. هەر و هەر لە ئاسماندا دەژین.

(١٠) واتە لە خوداوە.

١١. واتە زەوی.

١٢. یوزوێ. (یووشەع (Josue) کوڕی نوون بوو. پاش مووسا بوو بە پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلیان. بەسەر هۆزەکانی خاکی فەلەستیندا زاڵ بوو، بە تایبەتی بەسەر گەلی جەبعوون و عەمووني و کەنعانیاندا.

١٣. مەککابیۆ. یەهوودای مەکابی (Giuda Maccabeo). گەورەی یەهودییان بوو. لەگەڵ براکانی دژی (ئانتیوکوس ئیفانوس)ی پاشای سووریا و جێنیشینی ئەسکەندەر هەستا و میللەتی عیبری لە ژێردەستەیی ڕزگار کرد. ساڵی ١٦٠ پ ز کۆچی دوایی کرد.

١٤. کارلۆ مانیۆ (742- 814). (Carlo Magno) شارلەمانی پاشای ناسراوی فڕەنسا کە ئیمپراتۆریەتی جەرمەن و ڕۆمای دروست کرد. لویسی سێیەم ساڵی ٨٠٠ تاجی ئیمپراتۆریەتی لە سەر نا. بایەخێکی زۆری بە ڕێکخستنی وڵات و فێرکردن و ڕۆشنبیری دا.

١٥. ئۆریاندۆ (Oriand) بە فڕەنسی (ئۆرلاند Orland) برازای شارلەمان بوو. سەرکردە و قارەمانێکی گەورە بوو. ساڵی ٧٧٨ لە شەڕی ڕۆنسڤالی دژی موسڵمانان کوژرا.

١٦. گولیلمۆ (Guglielmo): گییومی دۆقی ئۆرانج بوو ( Guillaum d Orange). چەند جارێک بەشداریی شەڕی موسڵمانانی کرد لە ئەندەلوس. ئاخیری بوو بە ڕەبەن و ساڵی ٨١٢ لە جلونی کوژرا.

١٧. ڕیناردۆ (Renardo) کابرایەکی نیمچە ئەفسانەیی بوو. بەپێی داستانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، موسڵمانێکی خەڵکی ئەندەلوس بوو. مەسیحی بە دیلیان گرت و گییوم دۆرانج ئاوەمۆری کرد و کردی بە خزمەتکاری خۆی. کابرایەکی کەتە و بە کەلەش بوو. دوای ئەوەی بوو بە مەسیحی و ئاوەمۆرکرا، زۆر خزمەتی گەورەی بە ئایینی مەسیح کرد. لە بارەگای سان لوی پاشای ناسراوی فڕەنسا گەیشتە پلەیەکی ڕۆحانیی گەورە و لەگەڵ (ئەلیس)ی کچی پاشا زەماوەندی کرد و دواتر لە دێرێکدا بە جلی ڕەبەنایەتی کۆچی دوایی کرد.

١٨. گۆتتیفریدی (Gottifredi) بە فڕەنسی گودفری دی بوییۆن ( Godfery de Bouillon) (1058 – 1100) خەڵکی ناوچەی بەلجیکا بوو. سەرکردەیەکی گەورە بوو. بوو بە مارکێزی ئانڤیرس و ئینجا دۆقی لۆرین. سەرکردەی هێرشی یەکەمی خاچپەرەوەران بوو بۆ ڕۆژهەڵات. بوو بە پاشای (بیت المقدس).

١٩. ڕوبێرتۆ گویسکاردۆ (1015 – 1085) (Ruberto Guiscardo) ڕۆڵەیەکی تانکرید دۆتڤیل بوو لە نۆرماندیا. ساڵی ١٠٨٥ بوو بە دۆقی ئەپولیا و کالابریا. شۆڕەسوارێکی بەناوبانگ بوو. موسڵمانەکانی لە باشووری ئیتالیا دەرکرد و

لە دژی بێزەنتە و لەگەڵ هێنری شەشەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا شەڕی کرد بۆ بەرگری لە موڵکی کڵێسە.

٢٠. ئەمە ڕۆحی کاچیاگویدایە. یانی کاچیاگویدا چووە ناو تیشکەکان و لەسەر خاچ هەڵنیشت. بە دەنگێکی زوڵاڵی لە هەموویان زرنگەدارتر دەستی بە سروودخوانی کرد.

٢١. ڕۆحی سروودخوێنەکانی بەهەشت.

٢٢. دانتی تەماشای (بیاتریچی)ی کرد بۆ ئەوەی بە قسە، یان بە ئاماژە، لێی پێ بکەوێ چ بکا.

٢٣. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دانتی لەگەڵ (بیاتریچی)دا بۆ ئاسمانێکی تر هەڵکشاوە.

٢٤. کەوانەکە... واتە هەر ئاسمانێک وەکو بازنە لە دەوری بازنەی پێشوودایە، بۆیە هەر ئاسمانێکی تازە چێوەکەی لەوانی دی فراوانترە. بازنە لەناو بازنە هەڵکەوتوون.

٢٥. مەبەست ئەوەیە سوورایی ئەستێرەی مارس نەما و سپیاتی ئەستێرەی مشتەری دەرکەوت کە ئەستێرەیەکە ڕەنگی سپیی بریقەدارە، وەکو زیو وایە.

٢٦. ئەستێرەی شەشەم مەبەستی مشتەرییە. بە ئیتالی (Giove).

٢٧. تیشکی خەندان: مەبەست ئەستێرەی مشتەرییە. جاران هەموو شادی و خۆشییەکیان بۆ ئەو ئەستێرەیە دەبردەوە. ئەم دێرە شیعرە لە ئیتالییەکەدا، ڕەگەزدۆزییەکی جوانی تێدایە، ناکرێتە کوردی. وشەی (Giovial) بە دوو مانا هاتووە. هەم بە مانای (شادیبەخش) و هەم بە مانای (مشتەرییانە) واتە سەر بە ئەستێرەی مشتەری.

٢٨. پێگازوس (Pegasus): لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ئەسپێکی باڵدار بوو. کاتێ تزیۆس، میدوزای پەری شوومی ئەفسانەیی کوشت، لە خوێنی میدۆزا پەیدا بوو. (دۆزەخ، س٩). ئەو ئەسپە تزیۆسی سواری پشتی خۆی کرد و فڕی بۆ ئاسمان و بردییەوە وڵاتی یۆنان. کاتێ گەیشتە ناوچەی بویسیا، لە چیای هلیکۆن سمێکی لە زەوی دا و کانییەکی لە ناو جەرگەی شاخ هەڵقوڵاند، پێی دەگوترێ کانی هیلیکۆن. خەسیەتی ئاوی کانییەکە ئەوە بوو، هەر کەسێ بیخواردایەوە دەبوو بە شاعیر و هونەرمەند.

پیگازی ئاسمانی: مەبەست پەرییەکانی ئاسمانە، یان مەبەست (کالیۆنی)ی پەریی شیعری داستانە، یان (ئورانیا)ی پەریی ئەستێرەناسییە.

٢٩. واتە شاعیران، بە یارمەتیی خودانبانووی شیعر، شار و پاشاکان لە شیعرەکانیاندا نەمر دەکەن.

٣٠. یانی بە گشتی سیوپێنج پیتم لە بەرچاوی نەخش بوو.

٣١. ڕستەکە بە لاتینی هاتووە: Diligite Iustitiam (دادپەروەیتان خۆش بوێ).

٣٢. ڕستەکە بە لاتینی هاتووە: Qui UDiCATiS TERRAM (ئێوە کە لەسەر زەوی دادوەرن).

ئەم دوو ڕستەیە سەرەتای کتێبی دانایی سلێمانی دانان.

٣٣. واتە کە دوای پیتی ئەم ڕستەیەیان (M) بەرجەستە کرد، لە یەک جودانەبوونەوە و هەر بەو شێوەیە مانەوە. دەتگوت نووری ئەم ڕۆحانە قوپەنە زێڕێکە لەسەر رووی سپیی مشتەری داندراوە.

٣٤. ئەم ڕۆحانە لە ئیمپریۆم، واتە ئاسمانی ئاسمانان هاتنە خوارەوە. هەندێ دەڵێن ئەمانە ڕۆحی پاشا و شاهنشاکانن کە بە دادپەروەری فەرمانڕەوایی خەڵکیان کردووە. لە سەردەمی دانتیدا پیتی M وەکو هەموو پیتەکانی دی بەم جۆرە دەنووسرا: M بە شێوەی قووتی دەنووسرا کە لە وێنەی گوڵەمێلاقە نزیک بوو. وێنەکە پاش کەمێ گۆڕا و بوو بە هەڵۆ.

٣٥. ئاماژەیە بۆ ڕەوشتێکی ئەو سەردەمەی ناو خەڵک: خەڵکەکە لەبەر سۆبە دادەنیشتن و سەرەبزۆتیان ڕادەوەشاند و پرووشکەکانیان دەژمارد و بەپێی ژمارە و جۆری پرووشکی ئاگرەکان دەیانگوت ئەمساڵ ئەوەندە فلورینی زێڕمان دێ.

٣٦. خۆر: مەبەست خودایە. ڕۆحەکان هەندێ زیاتر و هەندێ کەمتر فڕین. ئەو کەمی و زیادییە پەیوەندیی بەو ئەندازەیەوە هەیە کە خودا (لێرەدا بە خۆر ئاماژەی بۆ کراوە) بۆی دیاری کردوون.

٣٧. دانتی دیتی سەر و ملی هەڵۆ لە پیتی M دەرکەوت.

٣٨. واتە ڕۆحەکان وێنەی گوڵەمێلاقەیان لە پیتی M دروستکرد کە ڕەمزی پاشایەتیی فرەنسایە و دانتی هەر بە هیوا بوو ئەوانیش دەوریان هەبێ لە دروستکردنی ئەو ئیمپراتۆرییەتە جیهانییەی خەونی پێوە دەدی. پیتی (M) کە بە شێوەی گوڵەمیلاقە دروست کرابوو، وردەوردە بوو بە هەڵۆ:

لە بارەی ئەو شێوە سەمایە و ئەو (M)ە و گۆڕانی بۆ هەڵۆ، لێکدانەی جیاجیا کراوە. ئەمە یەکێکیانە:

دوا وشەی ڕستەی دووەم (TERRAM) پیتی (M)ە. پیتی (M) یەکەم پیتی وشەی (Mondo– عالەم)ە کە دونیا و خەڵک دەگەیەنێ. ئەو ڕۆحانەی، بەگوێرەی ئەو پایەی خودا بۆی دیاری کردوون، لەسەر هەردوو نووکی سەرەوەی پیتەکەن ڕۆحی دادپەروەر و دادوەرانن ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی میللەت و گەلانی جیهانە. ئەو ڕۆحانەی دوای ئەوانەوە دێنە لایانەوە و لەسەر ئەوانەوە دەنیشن نوێنەری

دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی دەستپاکن. ئەوان نەبن و باڵانشینی ئەوان و فەرمانڕەوایی ئەوان نەبێ، یاسای کۆمەڵ تێکدەچێ و ئاژاوە و باژەل پەیدا دەبێ. هەڵنیشتنی ئەم ژمارە ڕۆحەیە لەسەر ڕۆحی دادپەروەر و دادوەرەکان ڕەمزی فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵییە کە دەبێ بەرامبەر یاسا جێبەجێی بکەن، چونکە ئەم پاشا و دەسەڵاتدارانە ڕەمزی جێبەجێکردنی یاسان. دادوەر و ئەو کەسانەی کە هەریەکە دەورێکیان لە بەڕێوەبەردنی کاروبار و لە پاراستنی یاسایادا هەیە، دەبێ گوێڕایەڵی یاسا بن، واتە: پێویستە لەگەڵ حوکمەتدا هاوکار بن، بەم جۆرە گوڵەمێلاقە دروست دەبێ کە نیشانەی خەمڵ و جوانییە و تا دەسەڵاتداران لە کۆمەڵدا نەبن، ئەم گوڵە پێک نایێ، واتە: هیچ کۆمەڵێک تا هێزی دادوەریی نەبێ و تا دامودەزگایەکی فەرمانڕەوایی ڕێکوپێکی نەبێ، بە کۆمەڵێکی ڕازاوە و شایەنی قبووڵ دانانرێ.

قۆناغی دوای ئەو، لە شکلی گوڵەمێلاقەکەدایە بۆ ئەوەی شکلی هەڵۆ وەربگرێ. هەروەکو پێشتر باسکرا، ئەم هەڵۆیە ڕەمزی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە. ئەم گۆڕانە مانای ئەوەیە کۆمەڵی پەرت و بڵاو ئەگەر بەشێکیشی خاوەنی دەزگای دادوەری و فەرمانڕەوایی ڕێکوپێکی خۆی بێ، ئەوەندەی بەس نییە، چونکە ناوچە و نەتەوەی بچووک و سەربەخۆ جیاوازییان دەکەوێتە بەین و کێشەی ئابووری و بەرژەوەندیی تری نێوانیان تێکدەچێ. پێویستە هەموویان لەژێر دەزگایەکی بڵاوتردا کار بکەن، واتە دەزگای ئیمپراتۆریەت کە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی، نەک تایبەتی حوکم بکا.

بە کورتی مانای ئەم بەندە بەم جۆرەیە: یاسایەکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی چاکی کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێویستە و بۆ جێبەجێکردنی یاساکەیش چەند پاشا و فەرمانڕەوایەک پێویستە، بەڵام تەنیا هەبوونی ئەو پاشا و فەرمانڕەوایانە بەس نییە، بەڵکو دەبێ ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان، لەژێر فەرمانی یەک ئیمپراتۆردا بن کە ئیمپراتۆری ڕۆمانە بۆ دەستەبەرکردنی یەکێتی و ئاشتیی هەموو دونیا.

٣٩. واتە: ئێستا شەڕەکە پاپا دەیکا بە دەرکردنی فەرمانی بێبەشکردن و بە قەدەغەکردنی هەندێ ویردی ئایینی کە خوا بە ڕەحمەتی خۆی لە کەسی قەدەغە نەکردووە. ئەمە بە زۆری ئاماژەیە بۆ ئەو بڕیاری بێبەشکردنەی پاپا یوحەننای بیستودووەم، ساڵی ١٣١٧ دژی کان گراندی دێلا سکالا دەری کرد.

٤٠. دانتی کە دەڵێ: (بەڵام تۆ...) ئایا مەبەستی کێیە؟ ڕای جیاواز لەم بارەیەوە هەیە: هەیە دەڵێ مەبەستی پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەمە. هەیە دەڵێ: مەبەستی پاپا کلیمنتۆی پێنجەمە، هەیشە دەڵێ: پاپا یوحەننای بیستودووەمینە ( (Giovanni

1334 – 1244) ) كه گەلێ بڕیاری بێبەشکردنی دەرکرد و پاشان بۆ پارە هەڵیوەشاندنەوە. دەڵێن ئەو پاپایە هەرچی دەینووسی، هەڵیدەوەشاندەوە.

٤١. پیر پۆلس (S. Paolo) لە تەرسوس لەدایک بووە و ساڵی ١٨ لە ڕۆما کۆچی دوایی کردووە.

٤٢. پیر پیتروس (S. PIETRO) ڕاوکەر بوو لە ناوچەی جەلیل. بوو بە یەکێ لە مریدە هەرە دڵسۆزەکانی مەسیح. ساڵی ٦٨ لە سەردەمی (نیرۆن)دا، لە ڕۆما شەهید کرا.

یانی پاپا یوحەننای بیستودووەم هێشتا پیترۆس و پۆلسی نەدەناسی و نەیدەزانی لە ژیان چەند خواپەرست و دونیانەویست بوون.

٤٣. ڕەز: واتە کڵێسە.

***

# سروودی نۆزدەم[١]

## ئاسمانی شەشەم

## ئاسمانی مشتەری

## شاهانی ژیر و دادپەروەر


دانتی ڕۆحە چاکەکارەکانی لەسەر شێوەی هەڵۆیەکی باڵکراوەدا بینی وەک یاقووت کە لەبەر تیشکی خۆر بیریقێتەوە. هەڵۆکە -ڕەمزی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی- بە ناوی ڕۆحی چاکەکارەکانەوە قسەی کرد و گوتی: من بە ڕەحمەت و دادپەروەریی یەزدانی بەرزبوومەوە بۆ ئەم شکۆمەندییە.

دانتی بە ناوی گوڵی هەمیشە گەشاوە بانگی ڕۆحە چاکەکارەکانی کرد و داوای لێکردن برسێتیی دووروودرێژی بۆ زانینی ڕاستەقینەی دونیا تێر بکەن. هەڵۆکە وەک بازێ لە ڕستە بەربووبێ، دەرپەڕی. دانتی گوتی خودا کە سنووری دونیای کێشا و شتی ئاشکراو شتی نەپەنی لە یەک جیاکردەوە، دونیای بە شەقڵی خۆی مۆر کرد و هەتا هەتایێ قسەی خوا هەر بەرزدەبێ. دونیا دەفرێکی بچووکە جێگەی چاکەی باڵای تێدا نابێتەوە کە هیچ کەس تێی ناگا. ئەقڵی مرۆ تەنیا شتی دیار و بەرچاو دەدینێ. پێویستی بە ئیلهامە بۆ ئەوەی لە ڕاستەقینەی یەزدانی بگا. هەڵۆ بە دانتیی گوت چۆن ئەو بتپەرستەی بە مەسیح ڕانەگەیشتووە سەرزەنشت دەکرێ و ئەوەی بە بڕوای مەسیحی نەگەیشتووە بە گوناهکار دادەنرێ؟

دانتی وەڵامی دایەوە مرۆ ناتوانێ بە ئەقڵی قوندەی خۆی حوکم لەسەر کاروباری یەزدانی بکا کە لە تێگەیشتنی خۆی دوورە.

هەڵۆ گوتی: ئەوەی باوەڕی بە مەسیح نەبێ – هەڵبەت لای مەسیحییان-هەڵنەکشاوە بۆ وڵاتی ئاسمان. گوتی زۆر کەس هانا بەبەر مەسیح دەبەن بێ ئەوەی لەسەر ڕێبازی ئەو بڕۆن. بتپەرستان نەفرەت لەو مەسیحیانە دەکەن کە لە مەسیحییەت دەرچوون.

ئینجا خراپەی زۆر پاشا و دادوەری ڕسوا کرد کە ستەم و گەندەڵییان کردووە، وەک: ئەلبرتۆی نەمساوی و فیلیپی جوانی فڕەنسی و ئیدواردی یەکەمی ئینگلیزی و دیۆنیزیۆی پورتەگالی و یاکۆمۆی پاشای مایورکا و هێنری دی لوزینیانی پاشای قوبرس.



به باڵەکراوەکانی لە بەرچاوم وەکو وێنەیەکی جوان[٢] وا بوو
کە کۆوەبوونی ڕۆحە تەباکان
بە دەم چێژی شیرینی خۆیانەوە دروستیان کردبوو. (٣)
هەریەکە دەتگوت یاقووتێکی بچووکە
تیشکی خۆری ئەوەندە بە گەشی تێدا دەسووتا
بریقەی لە چاوەکانم دەدا. (٦)
ئەوەی ئێستا وەسفی دەکەم، پێشتر
هیچ دەنگێ دەری نەبڕیوە و هیچ مەرەکەبێ
نەیخستووەتە سەر کاغەز و هیچ خەیاڵێک وێنای نەکردووە. (٩)
دەنووکی هەڵۆم بینی و گوێم لێ بوو دەدوا
زایەڵەی (من) و (هی من)ی[٣] لە دەنگدا دەزرنگایەوە
کەچی مەبەستی (ئێمە) و (هی ئێمە) بوو. (١٢)
دەستی پێکرد: (لەبەر ئەوەی دادوەر و میهرەبان[٤] بووم،
بۆ ئەو شکۆمەندییە هەڵکشاوم
کە هیچ ئارەزوویەک نایگاتێ.[٥] (١٥)
یادێکی وای خۆم لەسەر زەوی جێهێشتووە
تەنانەت بەدکارەکانیش ستایشی دەکەن،[٦]
بەڵام نایکەن بە سەرمەشق و لەسەری ناڕۆن. (١٨)
چۆن لە چەند پەنگرە ئاگرێک هەست بە یەک گەرمی دەکەین
ئاوها لەم وێنەیەدا، یەک تاکە دەنگ،
لە زۆر ئاشقانەوە دەهات. (٢١)
ئەوسا گوتم: (ئەی گوڵانی جاویدانیی
بەختەوەریی هەمیشەیی، کە هەموو بۆنی خۆتانم
لەناو یەک تاکە بۆندا پێشان دەدەن. (٢٤)
بە هەناسەی خۆتان لەو ڕۆژووە درێژە ڕزگارم کەن
کە ماوەیەکی زۆر درێژ برسی کردم،
چونکە هەرگیز هیچ خواردنم لەسەر زەوی دەست نەدەکەوت. (٢٧)
باش دەزانم ئەگەر دادپەروەریی یەزدانیی،

ئاوێنەی خۆی لە وڵاتی ئاسمانێکی تردا دابنایە،
ئاسمانی ئێوە بێپەردە دەرکی پێ دەکرد. (٣٠)
خۆتان دەزانن بە چ پەرۆشییەکەوە،
خۆم بۆ گوێدانە ئێوە ئامادە دەکەم
دەزانن ئەو گومانە[٧] چییە کە ئەو ڕۆژووە دێرینەی پێ گرتم. (٣٣)
وەک ئەو بازەی لە بەندی ئۆسکوف[٨] ئازاد دەبێ،
سەری دەجووڵێنێ و باڵەکانی لێک دەدا،
ئارەزووی خۆی نیشان دەدا و خۆی دەڕازێنێتەوە، (٣٦)
بەم جۆرە ئەو دروشمەم بینی
کە لە پەسنی بەرەکەتی یەزدانی و
ئەو سروودانە داڕژابوو کە ئەوەی لەوێ پێی شاد[٩] دەبێ دەیزانێ. (٣٩)
ئینجا دەستی پێکرد: (ئەوەی بە پەرگاری خۆی
سنووری دونیای دیاری کرد و
شتی ئاشکرا و نا ئاشکرای تێدا هەریەکە لە جێی خۆی دانا.[١٠] (٤٢)
هەر دەبوو مۆری بەرەکەتی خۆی لە سەرانسەری دونیا بدا
بۆ ئەوەی ئەندێشەی، بە وێنەیەکی ڕەها
تا دونیا دونیایە و هەتاهەتایێ بە بەرزی بمێنێتەوە. (٤٥)
بەڵگەیش ئەوەیە، یەکەم کەسی لووتبەرز و لەخۆبایی[١١]
کە بەرزترین ئافەریدە بوو، لەبەر ئەوەی
چاوەڕێی پەرتووی خوای نەکرد، بە کاڵی و ناکاملی کەوت. (٤٨)
بەمەوە دەردەکەوێ هەموو بوونەوەرێکی نزم و بچووک
دەفرێکی زۆر بچووکە بۆ ئەو خێروبەرەکەتەی کۆتایی نایە و
بە پێوانەی خۆی، خۆی دەپێوێ.[١٢] (٥١)
بۆیە سۆمای چاومان کە دەبێ
تیشکێ بێ لە تیشکەکانی ئەقڵ
کە هەموو شتێکی سیخناخ کردووە، (٥٤)
بە سروشتی خۆی، ئەو توانایەی نییە
بنچینەکەی زۆر لەوە دوورتر ببینێ

که لێیەوە دیارە. (٥٧)
بۆیە ئەو سۆمای بینینەی تایبەتە بە دونیای ئێوە
تەنیا بەو شێوەیە دەسمێتە ناو دادپەروەریی یەزدانی
کە نیگای چاو دەچێتە ناو ئاوی دەریا. (٦٠)
هەرچەندە لەسەر کەنارەوە بنی دەریا دەبینیَ،
لەناو دەریادا بنەکەی نابینیَ،
لەگەڵ ئەوەیشدا بنەکەی هەیە، بەڵام لە قووڵاییدا بزربووە. (٦٣)
هیچ تیشکی تێدا نییە جگە لەوەی کە لە ئاسمانی سافەوە دیَ و
هەرگیز بە هیچ شتیَ ناغێمیَ و ناشلویَ
هەمووی تاریکایی و[13] تارمایی و ژەهری[14] جەستەیە. (٦٦)
ئێستا ئەوەتا ئەو ونگەیەت[15] تەواو بۆ کراوەتەوە،
کە دادپەروەریی ڕاستەقینەی[16]
لیَ شاردبوویتەوە و زۆر پرسیارت لە بارەوە هەبوو. (٦٩)
تۆ دەتگوت: پیاویَ لەسەر کەناری ڕووباری سند[17]
لەدایک دەبیَ. ئەویَ کەسی نییە
باسی مەسیح بکا، یان شتی لە بارە بخوێنێتەوە و بنووسیَ.[18] (٧٢)
تا ئەقڵی مرۆڤ بڕ دەکا
هەموو کردەوە و ئارەزووەکانی خاسن،
هیچ گوناهێکی نییە، نە بە کردەوە و نە بە قسە. (٧٥)
بەبیَ باوەڕ و بەبیَ ئاوەمۆرکردن دەمریَ
کوا ئەو دادپەروەرییەی نەفرەتی لیَ دەکا؟
ئەگەر باوەڕی نییە، گوناهی لە کویَ بوو؟ (٧٨)
ئەی تۆ؟ تۆ کێی کە دەتەویَ لەسەر کورسی دابنیشی و
لە دووری هەزار میلەوە حوکم دەربکەی
کە چاوت لە بستێک زیاتر نابینیَ. (٨١)
بێگومان ئەگەر ئینجیلتان لە بەردەم نەبوایە،
ئەوەی بە ناسکی لەگەڵ من دەجووڵایەوە
تا ڕادەی سەرسامی گومان دایدەگرت. (٨٤)

ئەی گیاندانی زەوی، ئەی ویژدانی قورس،
ئیرادەی یەکەم، کە خۆی لە خۆیەوە خێر و چاکەیە،
خێر و چاکەی هەرە باڵایە، هەرگیز لە خۆی دوور ناکەوتووەتەوە. (٨٧)
هەرچی خۆی لەگەڵ ئەودا بگونجێنێ، ڕاست و دروستە:
هیچ خێرێکی ئافەریدە نییە بۆ خۆی ڕایبکێشێ،
بەڵکو ئەو بە تیشکی خۆی هەموو خێرێک دروست دەکا. (٩٠)
وەک چۆن لەقلەق دوای ئەوەی خواردن بە فەرخەکانی دەدا
بەسەر هێلانەکەیدا دەسوورێتەوە و
چۆن بێچووە تێرەکانی تەماشای دەکەن. (٩٣)
منیش ئاوها سەرم هەڵبڕی، هەروەها ئەو وێنە پیرۆزەیش
کە لەژێر ئارەزووی زۆرەوە
لە شەقەی باڵی دا. (٩٦)
دەخولایەوە و سروودی دەخوێند و دەیگوت:
چۆن ئێوە لە گۆرانییەکانی من ناگەن، [19]
ئەی مرۆڤی مردۆخینە، ئێوەیش ئاوها لە دادەوریی ئەبەدی ناگەن. (٩٩)
کاتێ ئەم کڵپە بلێسەدارانەی (ڕۆحی پیرۆز) هێوربوونەوە
کە هێشتا لەسەر ئەو دروشمە مابوونەوە
کە ڕێزی دونیای بۆ ڕۆمانەکان دەستەبەر کرد، (١٠٢)
دەستی بە قسە کردەوە:
(کەس بۆ ئەم وڵاتە هەڵنەکشاوە
ئەگەر بڕوای بە مەسیح نەبووبێ،
چ پێش و چ پاش ئەوەی لەسەر درەخت بزمارکوت کرا. (١٠٥)
سەیر کە زۆر کەس هاوار دەکەن (مەسیح! مەسیح!)
ئەمانە لە ڕۆژی پەسڵاندا، زۆر لە مەسیح دوورترن
لەو کەسانەی مەسیحیان هەر نەناسیوە. (١٠٨)
ئیتیۆپی، [20] نەفرەت لەم جۆرە گاورانە دەکەن
کاتێ دوو تیپەکە [21] لەیەک جیادەبنەوە
یەکێ هەتاهەتایە دەوڵەمەند دەبێ و ئەوەی تر هەژار!٢٢ (١١١)

فارسەکان[٢٣] چ دەرهەق پاشاکانتان دەڵێن
کە دەبینن ئەو کتێبە کراوەتەوە
کە هەموو خراپەکانی ئەوانی تێدا نووسراوە؟ (١١٤)
لەوێ، لەناو کارەکانی (ئەلبێرتۆ)دا،[٢٤]
دەبینن قەڵەم خەریکی ئەو کارەیە کە
وڵاتی (پراگا)[٢٥] دەکا بە وێرانە خاک. (١١٧)
لەوێ، ئەو بەڵا و نەهامەتە دەبینین
ئەوەی بە زەبرێکی بەرازی کێوی لەناودەچێ[٢٦]
بە قەڵپکردنی پارە بەسەر ڕووباری (سین)ی[٢٧] دێنێ. (١٢٠)
لەوێ، ئەو سەرکێشی و هڵەشەییە دەبینین
کە سکۆتلەندی و ئینگلیزی[٢٨] تینوو دەکا و
بە جۆرێ شێتیان دەکا لەناو سنووری خۆیاندا داناسەکنێن. (١٢٣)
لەوێ، شەهوەتپەرستی و داوێنپیسیی
ئەو ئەسپانی و[٢٩] ئەو بوهیمییە[٣٠] دەبینین
کە هەرگیز نەیاندەزانی چاکە چییە و ئارەزوویان لێ نەبوو. (١٢٦)
لەوێ، خەسیەتی چاکی شەلەی ئۆرشەلیم[٣١] دەبینین
بە پیتی (I) نیشانکراوە، کەچی خراپەکانی بە
بە پیتی (M 32)[٣٢] دیاریکراون. (١٢٩)
لەوێ، چاوتەنگی و ڕەزیلیی فەرمانڕەوای
دوورگەی ئاگر[٣٣] دەبینین
کە (ئەنکیزی) ژیانی درێژی خۆی تێدا گەیاندە سەر.٣٤ (١٣٢)
بۆ ئەوەی دەربکەوێ شتێکی چەند کەمە
مێژووی بە پیتی کورتکراوە دەنووسن[٣٥]
بۆ ئەوەی بابەتێکی زۆر لە بوارێکی کەم بترنجێنن. (١٣٥)
تاوان و کردەوە ناپەسندەکانی مام و[٣٦] برای[٣٧]
دوو تاج و[٣٨] نەتەوەیەکی گەورەیان
ڕسوا و شەرمەزار کرد. (١٣٨)
لەوێ، شای پورتەگال و[٣٩] شای نەرویژ[٤٠] دەبینین.

شای (ڕاشیائی)[41] دەبینین.
کە لە بەدبەختیی خۆیەوە، دراوی (ڤینیجیا)٤٢ی بینی. (١٤١)
خۆشی لە (ئونگیریا)[42]، ئەگەر لێنەگەڕێ بە خراپی حوکمی بکەن،
خۆشی لە (ناڤارڕا)[44] ئەگەر وەک چەک
پشت بە چیای دەوروبەری خۆی ببەستێ! (١٤٤)
بەڵگەی ئەمەیش: پێویستە هەموو کەس بزانێ
ئێستا (نیکۆزیا) و[45] (فاماگۆستا)[46] بە دەست
فەرماندەی درندەی خۆیانەوە[47] دەگرین و دەناڵێنن. (١٤٧)
کە خۆی لە تەک درندەکانی تر جیاناکاتەوە. (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی نۆزدەم

١. ئەمە یەکەمین سروودی تایبەتە بە مشتەری. پێی دەگوترێ (سروودی دادپەروەریی خودا).

٢. وێنەی هەڵۆ کە لە ڕۆحی پاشا دادوەر و ئاقڵمەندەکان دروست بووە، ڕەمزی ئیمپراتۆرییەتە.

٣. واتە هەڵۆ کاتی قسەی کرد، لەباتی ئەوەی بە ناوی ئەو هەموو ڕۆحانەی پێکیان هێنابوو قسە بکا و بڵێ (ئێمە). تەنیا بە ناوی خۆیەوە قسەی کرد و گوتی (من)، چونکە ڕۆحەکان ئەوەندە یەکدڵ و یەکدەست بوون، هەموویان یەک شتیان پێکهێنابوو و بووبوون بە یەک.

٤. دادپەروەری و مهرەبانی بنچینەی ئیمپراتۆرییەتی چاک و دروستە.

٥. واتە: تەنیا ئارەزووی چوونە بەهەشت بەس نییە بۆ گەیشتن بەو پایە گەورەیە، بەڵکو ئەو پایە گەورەیە پێش هەموو شتێ کردەوەی چاکی دەوێ.

٦. یانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ئەوەندە گەورە و شکۆمەندە، تەنانەت نیازخراپانیش ناتوانن ستایشی نەکەن، کەچی لەگەڵ ئەو ستایشکردنەدا ئامادە نین ڕێبازی ئیمپراتور بکەن بە سەرمەشق.

٧. ئەو گومانەی لای دانتی پەیدابووە ئەوەیە: ئەگەر بە بڕوای مەسیحییەت نەبێ، مرۆڤ لە گوناە پاکنابێتەوە و ناچێتە بەهەشت وەکو مەسیحی دەڵێن. باشە خودا بۆچی ئەو خەڵکە سزادەدا کە مەسیحییەتیان پێ نەگەیشتووە.

٨. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئۆسکۆفێکیان بەسەر چاوی بازی شکاردا دەدا بۆ ئەوەی لە کاتی ئاساییدا چاوی نەبینێ و نەفڕێ، بەڵام کە فڕینی پێویست بوایە و لە باڵندەیەکیان بەربدابوایە، ئۆسکۆفەکەیان لەسەر لادەدا.

٩. مەبەستی هەڵۆی ئیمپراتۆریەتە کە لە ڕۆحی ئەو چاکەکارانەی بە سروود ستایشی دەکەن، دروست بووە.

١٠. واتە خوا هەندێ شتی بەرچاوی خەڵق کردووە، مرۆڤ پەی پێ دەبا و تێی دەگا، هەندێ شتی نەپەنیشی دروست کردووە، مرۆڤ پەی پێ نابا و تێی ناگا، واتە مرۆڤ هەموو شتێ نازانێ.

١١. ئەمە لوجیفیرۆیە (ئیبلیس) کە لە ڕووی خودا هەڵشاخا و لە خودا یاخی بوو، خودایش نەفرەتی لێ کرد (دۆزەخ،س٣٤، د٥٩)، (بەرزەک س١٢، د٢٥).

١٢. واتە ئەگەر لوجیفیرۆ (ئیبلیس) کە گەورە و مامۆستای فریشتان بوو، لە خوا نەگەیشتبێ، مرۆڤ چۆن لە گەورەیی خودا دەگا کە وەکو دەفرێکی بچووک وایە

جێگەی خودای بەو هەموو گەورەیەوە، تێدا نابێتەوە. خودا ئەوەندە گەورەیە، گەورەییەکەی بە کەس ناکێشرێ و بە کەس ناپێورێ و کەس بە تەواوی تێی ناگا.

١٣. تاریکی: ئەوەی پەرتووی خودا لە چاوی خەڵک دەشارێتەوە (واتە: خراپەکاری).

١٤. ژەهر: فیز و ڕق و شتی تر کە ژیان ژەهراوی دەکا.

١٥. ونگە: مەبەست تاریکی و ڕارایی و گومڕاییە کە لێرەدا دانتی گرتووەتە خۆی.

١٦. دادپەروەریی ڕاستەقینە: دادپەروەریی یەزدانی.

١٧. مەبەست ڕووباری (سند)ە کە لە چیای هیمالایە هەڵدەقوڵێ و لە ئۆقیانووسی هیندی دەکاتەوە. لێرەدا مەبەستی دوورییە. ئەو وڵاتانەی زۆر لە دونیای مەسیحییەت دوورن. وەکو فەرموودەی (اطلب العلم ولو بالصین) مەبەست لە چین شوێنی دوورە. هەندێکیش دەڵێن مەبەست ئەوەیە بە دوای زانستدا بگەڕێ با لەناو بێبڕوایانی وەکو چینیشدا بێ.

١٨. مەبەست پەیمانی کۆن و نوێیە (تەورات و ئینجیل).

١٩. واتە دانتی چۆن لە ئاوازی هەڵۆ ناگا، مرۆڤیش ئاوها ناتوانێ لە حوکمی خوا بگا..

٢٠. ئیتیۆبی (Etiope). ئەسیووپی: لێرەدا ڕەمزە بۆ بێبڕوایان، یان بۆ نامەسیحی بە گشتی.

٢١. یانی ڕۆژی پەسڵان پیاوچاک و پیاوخراپ لە یەک جیادەکرێنەوە. چاکەکان لە دەستەڕاستی نووری خودا و خراپەکان لە دەستەچەپی دەوەستن.

٢٢. واتە چاکەکاران دەکەونە بەر ڕەحمەتی ئەبەدیی خودا، کەچی گوناهکاران لە ڕۆحمی خودا بێبەش دەبن.

٢٣. دانتی مەبەستی لە وشەی فارسەکان (Perse) هەموو گەلێکی بێبڕوایە بە گشتی و مەبەستی لە پاشا پاشای دونیای مەسیحییەتە.

٢٤. ئالبێرتو (ALberto) (Alberto d Asburgo) (1258 – 1308) ئەلبێرتۆی نەمسایی یەکەم ئیمپراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانی بوو. هەرچەندە تاجی ئیمپراتۆریی لە سەر نەنرا (بەهەشت، س١٦،٩٧).

٢٥. پراگا (Praga): پراگ: پایەتەختی چیکۆسلۆڤاکیای ئێستا، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە هەموو وڵاتی بۆیهیما (Boemia) دەگوترا. هەرچەندە ئەوسا پاشاکەی یەکێ بوو لە خزمەکانی ئەلبێرتو، ئەلبێرتو لە سەردەمی ڤنسلاوی چوارەمدا، ١٣٠٤، پەلاماری دا و تاڵانی کرد.

٢٦. ئاماژەیە بۆ: فیلیپپۆ لی بێللۆ (Filippo li Bello) بە فڕەنسی ( Philippe le Bel)

(١٢٥٨- ١٣١٤) پاشای فڕەنسا بوو، وا باوە کاتێ، ساڵی ١٣٠٢، لە (کۆرتری) شکستی خوارد و گەنجینەی بەتاڵ بوو، هەستا پارەی قەڵپی لێدا و مووچەی سەربازەکانی لەو پارە قەڵپەیەدا، بەمە زەبرێکی گەورەی لە بازرگانی و بەرژەوەندیی فڕەنسا دا. دەڵێن ساڵی ١٣١٤ بەرازێک پەلاماری ئەسپەکەی دا، ئەسپەکەی دەرپەڕی و لەسەر پشتی ئەسپەکەی گلا و ئازارێکی زۆری خوارد و پێوە چوو.

٢٧. (سین) ناوی ڕووباری بەناوبانگی فڕەنسایە. لێرەدا مەبەستی لە (سەرووی سین) خاکی فڕەنسایە.

٢٨. ئاماژەیە بۆ جەنگی (سکۆتلەندا) و (ئینگلتەرا) کە لە نێوان هێزەکانی جۆن بالیۆل (John Baliol) و ئیدواردی یەکەم ڕووی دا. (ڕۆبێرت بروس)یش لەگەڵ ئیدواردی دووەم بەشەڕ هات. دانتی مەبەستی لە بەکارهێنانی وشەی سکۆتلەندی و ئینگلیزی ئەو دوو گەلە نییە، بەڵکو پاشاکانیانە کە لەسەر سنوور، لەگەڵ یەکتر لە ملان بوون.

٢٩. ئیسپانی مەبەستی فردیناندی چوارەمی پاشای (کاستیلۆ) ڤشتالەیە (Ferdinando17) (1285 – 1312). ئەو پاشایە بوو چیای تاریقی لە عەرەبەکان سەندەوە. دەڵێن خواناسێکی ناسراو بە ناوی (کارڤاژال) خەبەری دایێ دەبێ تا سی ڕۆژی تر لە بارەگای دادپەروەریی خودا ئامادەبێ، یانی دەبێ بمرێ. پاشا زۆر تووڕە بوو، کابرای خواناسی دایە دەست میرغەزەب و کوشتی، بەڵام ٣٠ ڕۆژەکە تەواو نەبوو، خۆشی لەناو نوێندا مرد.

٣٠. ئەو بووهیمییە: مەبەست ڤانچێسلاوی چوارەمی پاشای وڵاتی بووهیمیایە (١٢٧٨ – ١٣٠٥ Vanceslao) لە سەردەمی ئەو پاشایەدا بوو کە ئالبێرتۆی نەمساوی هێرشی کردە سەر بووهیمیا.

٣١. شەلەی ئۆرشەلیم: کارلۆ دانژۆی دووەم ( Carlo II. D Angio ) (1258 – 1309 ) پاشای ئەپۆلیا و ناپۆلی بوو. ئەوسا وا باوبوو بە پاشای ناپۆلیان دەگوت پاشای ئۆرشەلیم و کارلۆ پێی ڕاستەی دەلەنگی، بۆیە لێرەدا بە شەلەی ئۆرشەلیم ناوی هاتووە.

٣٢. لە ژمارەی ڕۆمانی دا، (I) بۆ یەک و (M) بۆ هەزار دانراوە، مەبەستی ئەوەیە ئەو پاشایە یەک چاکە و هەزار خراپەی هەیە.

نرخی ژمارەیی پیتەکانی ئەبجەدیی رۆمانی بەم جۆرەیە (I= 1، V= 5، X= 10، L= 50، c= 100، D= 500، M=1000). ئیستا ساڵی (٢٠١٤)یە، ئەگەر بتەوێ ئەمە بە ژمارەی رۆمانی بنووسی، بەم جۆرە دەینووسی (MMIVX).

٣٣. دوورگەی ئاگر: مەبەست سەقلیەیە کە ئاگرپژێنی ناوداری (ئیتنا)ی تێدایە.

٣٤. ئاماژەیە بۆ مردنی ئانکیزیس (Anchises)ی باوکی ئینایس لە دریپانۆم، لە بەشی رۆژئاوای سەقلیەدا.

٣٥. لە زەمانی دانتیدا کاغەز کەم بوو، بۆیە زیاتر کورتکراوەی وشەکانیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین شت لە کەمترین شوێن بنووسن. دانتی لێرەدا دەیەوێ بڵێ فریدریکی دووەمی ئارگونی پاشای سەقلیە کاری خراپی هێندە زۆر بوو، دەبوایە بە وشەی کورتکراوە بینووسی نەوەک لە شوێنێکی زۆریش جێی نەدەبووەوە. ئاماژەیە بۆ زۆریی کردەوە خراپ و ناپەسەندەکانی.

٣٦. لێرەدا مەبەست جیاکۆمۆی پاشای (مایۆرکا)یە (Giacomo di Maiorca، 1243 – 1311) مامی فریدریکی ناوبراو بوو. پاشای دوورگەکانی بەلتار بوو لە ئسپانیا و مامی فریدریکی دووەمی سەقلیە بوو. زۆر ئیشی خراپی کرد.

٣٧. برا: مەبەست جیاکۆمۆی دووەمە کە ساڵی ١٢٨٦ بوو بە پاشای سەقلیە و ساڵی ١٢٩١ بوو بە پاشای ئاراگونا و زۆر کاری خراپی کرد و ساڵی ١٣٢٧ مرد.

٣٨. واتە تاجی مایۆرکا و تاجی ئارگۆنا.

٣٩. ئەو پورتەگالییە: ئاماژەیە بۆ دیونیزیۆی پاشای پورتەگال (Dionizio 1279 – 1335) کە زاوای جیاکۆمۆ و فریدریک بوو. بە جوتیار (Agricola) ناسراو بوو. رەفتاری بازرگانانەی هەبوو، نەک شاهانە. بەتواناترین پاشای پورتەگال بوو. زۆر بە دادپەروەری وڵاتی بەڕێوە دەبرد. ساڵی ١٢٨٤ زانکۆی لەشبوونەی دروست کرد. دیار نییە هۆی چییە دانتی بە خراپی حوکمی لەسەر داوە: ئایا لەبەر ئەوەیە، چونکە خەریکی سامان کۆکردنەوە بوو؟ یان لەبەر ئەوەیە ناپاکیی لەگەڵ ژنی خۆی دەکرد؟ یان لەبەر ئەوەیە شەڕی ناوەخۆی کرد؟!

٤٠. مەبەست هاکونی حەوتەمی پاشای نەرویژە (١٢٩٩ – ١٣١٩) کە شەڕێکی سەختی دژی دانیمارک دامەزراند.

٤١. ڕاشیائی: مەبەست ستیفن ئورۆزیۆی دووەمی پاشای ڕاشیایە ( Stefano 1274 – 1321) (urosio di Rascia). وڵاتەکەی لە دلماشیا تا ئیلیریا لێک دەکشایەوە.

٤٢. واتە ڤینیسیا.

٤٣. ئاماژەیە بۆ ئاندریاسی سێیەم (Andrea III) (1290 – 1301). پاشای مەجەر بوو.

٤٤. ناڤارپا (Navarra) لە سەدەی سیزدە و چواردەدا، ولاتێکی سەربەخۆ بوو لە هەردوو بەری چیای برانس، لە نێوان فرەنسا و ئەسپانیا. بەشێکی لەسەر سنووری موڵکی ئینگلیز بوو لە جاسکۆنیای خاکی فرەنسا و بەشێکی لەسەر سنووری ولاتی ئارگۆنە و قشتالە بوو کە پاشان بو بە ئەسپانیا. جیۆڤاننای شاژنی ئاڤارپا، ساڵی ١٢٨٤ شووی بە فیلیپ لو بێلی پاشای فرەنسا کرد، بەلام بە شێوەیەکی سەربەخۆ حوکمی ولاتەکەی خۆی دەکرد. پاش مردنی خۆی، لویسی کوڕی حوکمی ولاتی گرتە دەست، ئەویش کاتێ چووە سەر عەرشی فرەنسا، بوو بە لویسی دەیەم. ساڵی ١٣١٤ ناڤارپای خستە ژێر تاجی فرەنسی. دانتی مەبەستی ئەوەیە ئەگەر ناڤارپا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بمایە و پشتی بدایەتە چیای برانس و نەخرابایە سەر فرەنسا، بە بەختەوەری دەژیا.

٤٥. نیکۆزیا (Nicosia) شارێکی گەورەی قوبرسە.

٤٦. فاماگۆستا (Famagosta) شارێکی گەورە و سەرەکیی دوورگەی قوبرسە.

هێنری دی لوزینیانی فرەنسی (١٢٨٥ -١٣٤٣) فەرمانڕەوایی ئەو دوو شارەی دەکرد. ئەو پیاوە کاری زۆر دڕندانەی دەکرد، تەنانەت برای خۆی کوشت. قوبرس لەدەست بێزنتییەکان چووبووە دەرێ و ساڵی ١١٩٠ خاچپەروەران لە هێرشی سێیەمدا داگیریان کرد.

٤٧. یانی هێنری لوزینیان وەکو هەر پاشایەکی تری گەندەڵ و ناپەسەند وایە کە لەگەڵ هاوڕێی خراپی وەکو خۆیان هەڵدەستن و دادەنیشن.

***

# سروودی بیستەم[1]

## ئاسمانی شەشەم
## ئاسمانی مشتەری
## پاشایانانی ژیر و دادپەروەر

چۆن خۆر کە ئاسمان ڕووناک دەکاتەوە، لەگەڵ ڕۆژئاوا بزر دەبێ و شەو ئاسمان پڕ ئەستێرە دەبێ، دەنگی هەڵۆی پیرۆز بەم جۆرە چرکەساتێک کپبووەوە، ئینجا دانتی گوێی لە زۆر ڕۆحی چاکەکاران بوو سروودی فریشتەییان دەچڕی، بەڵام سروودەکە ئەوەندە خۆش و ئەوەندە زۆر بوو، هیچی بە بیر نەما. هەڵۆ داوای لە دانتی کرد سەیری چاوی بکا و ئاماژەی بۆ درەشانەوەی داود کرد لە ناو چاویدا کە ئەوە بوو تابووتی پیرۆزی لە جێگەیەکەوە گواستەوە بۆ جێگەیەکی تر. ئینجا هەڵۆ ئاماژەی بۆ برۆکانی کرد کە ڕۆحی تراجانی لەسەر وەستابوو. ئەوەبوو کە فریای بێوەژنی سکسووتاو کەوت، هەروەها قوستەنتینی گەورەی لەسەر برۆ بوو کە پایتەختی بۆ بێزەنتە گواستەوە و هەرچەندە ئەوەی بە نیازی پاککرد، زیانی بە ئیمپراتۆرییەت گەیاند، هەروەها ئاماژەی بۆ حزقیال کرد کە خوا دوعای قەبووڵ کرد و لە نەخۆشی چاکیکردەوە و تەمەندرێژی کرد، هەروەها ئاماژەی بۆ گولیلمۆی دووەمی پاشای دادپەروەری سەقلیە کرد.

ئاماژەی بۆ ڕیپویسی تەڕوادەیی کرد کە سەرەڕای بتپەرستیشی دەرکی بە خۆشەویستیی یەزدانیی کرد. دانتی گومانی لێ پەیدابوو بتپەرست چۆن بەرزدەبنەوە بۆ ئاسمان. هەڵۆ گوتی: وڵاتی ئاسمانان خۆشەویستیی ڕاستەقینە تێدایە و تراجان لە دۆزەخ دەرچوو و بڕوای بە خوا هێنا و دوای مردنی دووەمی بە دوعا و مەهدەری گریگۆریۆی گەورە بەرزبووەوە بۆ ئاسمان. هەڵۆ باسی کرد ڕیپویس لە دونیادا دادپەروەریی خۆش دەویست. ئەمە وای کرد چاوی بۆ خۆشەویستیی یەزدانیی بکرێتەوە، ئیتر بڕوای پێ هێنا و بەمەوە ڕۆحی بەرزبووەوە بۆ ئاسمان. هەڵۆ داوای لە خەڵک کرد لە حوکمکردندا بە پارێز بن، چونکە چاکەکاران خۆیشیان هەموو بژاردەکان ناناسن.

دانتی ڕۆحی تراجان و ڕیپویسی بینی بەپێی دەنگی هەڵۆ بەیەکەوە دەدرەوشانەوە و دەجووڵانەوە.



کاتێ ئەوەی هەموو دونیا ڕۆشن دەکاتەوە[2]
لە نێوەگۆی ئێمەدا ڕوو دەکاتە خوارەوە و
ڕۆژگار لە هەموو لایەکەوە دەبڕێتەوە.[3]
ئاسمان کە تا ئەوسا تەنیا ڕووناکیی لەو وەردەگرت،
لەپڕ بە کۆمەڵێ تیشک ڕۆشن بووەوە،
کە هەموویان ڕووناکی لە یەک سەرچاوە وەردەگرن.
کاتێ دروشمی دونیا و دروشمی سەرکردەکان
لەناو دەنووکی پیرۆزی هەڵۆدا کپبووەوە[4]
ئەم کار و جووڵەی ئاسمانم کەوتەوە یاد.
ئەو بڵێسە کڵپەدارانە تا دەهات گەشتر دەبوون،
دەستیان بە سروود و گۆرانی کرد
ئاوازەکەی لە یادم دەخزی و جێی دەهێشت.
ئەی ئەشقی بەسۆز کە لە پەنا پەردەی بزەی ئەودای،
چەند گڕگرتوو بووی لەو زەل و قامیشانەی
کە هەناسەیان تەنیا لە بیری پیرۆز وەردەگرت[5]
کاتێ ئەم گەوهەرە بەنرخ و بریقەدارانە،
کە دیم تیشکی شەشەم[6] خۆی پێ خەملاندبوون،
لە ئاوازی فریشتەیی خۆیان وەستان،
هەستم کرد گوێم لە خوڕەخوڕی ڕووبارێکە
وەک زەنگوڵ لە کەوڕێکەوە دادەقەڵبەزێ بۆ سەر کەوڕێکی تر و
قولقولانی سەرچاوەکەی سەر ترۆپکی دەگەیەنێ.
چۆن ئاوازی دەنگ لە گەرووی چەنگدا[7] پێکدێ و
چۆن هەوا دەجووڵێ و
بە کونی شمشاڵدا دەڕوا،
ئاوها چریکەی هەڵۆ، بێ هیچ سستییەک،
لە گەرووی بەرزبووەوە
کە دەتگوت گەرووی هەڵوڵ و کلۆرە.
ئەوسا چریکەکەی بوو بە دەنگ و

به شێوەی وشە لە دەنووکی هاتە دەرەوە
کە دڵم چاوەڕێی دەکرد و تۆمارم کرد. (٣٠)
دەستی پێکرد گوتی: (ئێستا پێویستە
چاو ببڕێتە چاوی من کە[٨]
هەڵۆی دونیا زەقزەق پێی تەماشای خۆر دەکا، (٣٣)
چونکە لەناو ئەو ئاگرانەی وێنەی خۆمم لێ وەرگرتوون،
ئەوانەی لەناو چاوی سەرمدا دەدرەوشێنەوە
لە هەموویان پایەبەرزترن. (٣٦)
ئەوەی لە ناوەڕاستەوە وەک بیبیلەی چاو دەچریسکێتەوە،
سروودخوانی (ڕۆحی پیرۆز) بوو
کە تابووتی لە شارێکەوە بردە شارێکی تر.[٩] (٣٩)
ئێستا بایەخی سروودی خۆی دەزانێ
کە لە ئارەزووی خۆیەوە هەڵقوڵاوە و
ئەو پاداشتە گەورەیەی پێی دراوە. (٤٢)
لەو پێنج تیشکەی تاقی برۆیان دروست کردووم
ئەوەی هەرە نزیکیان لە دەنووکمەوە
دڵی بێوەژنە کڵۆڵەکەی دایەوە لەسەر مردنی کوڕەکەی.[١٠] (٤٥)
ئێستا بە تاقی کردنەوەی ئەم ژیانە شیرینە و
ژیانی پێچەوانەیش، دەزانێ شوێنەکەوتنی مەسیحی
چەند بە گران لەسەر دەوەستێ. [١١](٤٨)
ئەوەی دوای ئەو لە تاقی سەرەوە و
لەسەر چێوەی ئەو بازنەیە دێ کە باسی دەکەم،
بە تۆبەیەکی بێغەلوغەش، مردنی خۆی دواخست.[١٢] (٥١)
ئێستا دەزانێ حوکمی ئەزەلی قەت ناگۆڕێ
هەرچەندە دوعای گیراوی ئەو خوارە[١٣]
دەتوانێ کاری ئەمڕۆ بخاتە بەیانی.[١٤] (٥٤)
ئەوەی دوای ئەو دێ،[١٥] بە نیازی پاک،
کە بەرهەمی خراپی لێ کەوتەوە، خۆی و یاسا و منی

کرد بە گریکی و[16] جێگەی خۆی بە شوانەکە دا. (٥٧)
ئێستا دەزانیی ئەو خراپەیەی
لە کردەوەی چاکی ئەوەوە پەیدا بووە
ئەگەر هەموو دونیایش وێران بکا، هیچ زەرەر بەو ناگەیەنیی. (٦٠)
ئەوەیش کە لە نیوەی لاری تاقەکەدا دەیبینی،
(گولیلمۆ)یە[17] کە سەراپای ئەو وڵاتە بۆی دەگری
کە شین بۆ زیندوویی (کارلۆ) و (فیدیریگگۆ)[18] دەگێڕیی. (٦٣)
ئێستا دەزانیی چۆن ئاسمان شەیدای پاشای دادپەروەر دەبیی و
بە بریقەی برووسکانەوەی فەڕ و شکۆی خۆی
دەیخاتە بەرچاوی ئەوانی ترەوە. (٦٦)
لە دونیای گومڕای خوارەوە، کیی باوەڕ دەکا
(ڕیفیۆ)ی[19] ترِوادەیی، لەم بازنەیەدا،[20]
پێنجەمین تیشکی پیرۆز بیی. (٦٩)
ئێستا هەرچەندە چاوی بنی بنەوە نابینی،
زۆر شت لە نیعمەت و بەرەکەتی خوا دەزانیی
کە دونیا نایبینیی. (٧٢)
وەک چۆن کڵاوکوڕە لە شەققەی باڵ دەدا بۆ ئاسمان،
یەکەم جار گۆرانی دەچڕیی و ئینجا بێدەنگ دەبیی
مەست و خەنی دەبیی بە تەواوبوونی سروودی شیرینی(٧٥)
ئاوها وێنەی ئەوەم بۆ دەرکەوت
کە ڕەمزی[21] ئەو شادییە ئەبەدییەیە و
هەموو شتیی بە ویستی وی بەو جۆرەی لیی دیی کە هەیە. (٧٨)
هەرچەندە من بەرامبەر حەیرمانیی خۆم
وەک شووشە وا بووم بەرامبەر بەو ڕەنگەی دایدەپۆشیی،
ئارەزووم بۆی نەکرا بە بێدەنگی چاوەڕیی بکا. (٨١)
بە هێزی قورساتی خۆی ئەمەی لە دەمم دەرکێشا:
(ئەوە بۆ وایە؟) ئەوسا بەزمێکی گەورەی
تیشک و بریسکانەوەم بینی. (٨٤)

ئینجا دروشمی پیرۆز، یەکسەر
بە چاوی داگیرساوترەوە وەڵامی دامەوە
بۆ ئەوەی لەبەر سەرسامی بە حۆلی نەمهێڵێتەوە: (٨٧)
(دەبینم تۆ باوەڕت بەم شتانە هەیە
چونکە لە زمانی دەبیسی، بەڵام نازانی چۆنە.
هەرچەندە بڕوات پێ هەیە، هێشتا لەبەرت بزرە. (٩٠)
تۆ وەک ئەو کەسە دەکەی کە تەنیا بە ناو
شت دەناسێ و تا یەکێکی تر بۆی ڕوون نەکاتەوە
ناتوانێ لە کرۆکەی بگا. (٩٣)
بەرگەی وڵاتی ئاسمان دەگرێ لە توندوتیژیی
خۆشەویستیی کڵپەدار و هیوای زیندوو
کە ویستی خوا بەدەست دێنێ. (٩٦)
نەک وەکو مرۆڤێ کە لە مرۆڤێکی تر تێدەپەڕێنێ،
بەڵکو بۆیە زاڵ دەبێ، چونکە دەیەوێ بەسەریدا زاڵ ببن
کە بەسەریشیدا زاڵ دەبن، بە لوتفی خۆی، زاڵ دەبێ. (٩٩)
ڕۆحی یەکەم و[٢٢] ڕۆحی پێنجەمی[٢٣] ئەبرۆ
سەرسامت دەکەن، چونکە دەبینی
وڵاتی فریشتان بەوانەوە خەملیوە. (١٠٢)
ئەمانە، نەک بە بێبڕوایی، وەک تۆ بۆی چووی،
بەڵکو بە بڕوایەکی گاوراتی پتەو لە جەستەی خۆیان جیابوونەوە
یەکێ بڕوا بەو قاچە دەکا کە ئازار دەگەیەنێ و ئەوەی تر بەو قاچە کە ئازار دەخوا. (١٠٥)
یەکێکیان لە دۆزەخ[٢٤] گەڕایەوە ناو ئێسک و پێستەی خۆی
کە کەس هەرگیز لەوێ ناگەڕێتەوە لای ویستی چاکە
ئەمە پاداشتی هیوای زیندووی خۆی بوو. (١٠٨)
هیوای زیندوو، کە گڕی دوعای قاپی خودای خۆش کرد
بۆ ئەوەی زیندووی بکاتەوە
تا بشێ بە ویستی خۆی بکەوێتە کار. (١١١)

کاتێ ئەو ڕۆحە شکۆمەندەی باسی دەکەم،
گەڕایەوە ناو جەستەی خۆی و کەمێکی تێدا مایەوە،
بڕوای بەوە هێنا کە توانیی یارمەتیی بدا. (١١٤)
بە بڕوای خۆیەوە، بە ئاگرێکی گەورەی
ئەشقی ڕاستەقینە سووتا و بوو بە شایەنی ئەوەی
لە مردنی دووەمدا بێتە ناو ئەم بەزم و شادییە. (١١٧)
ڕۆحەکەی تریش، بەو نیعمەتەی لە کانییەکی
ئەوەندە قووڵ هەڵدەقوڵێ کەس چاوی
تا بنی بڕی نەکردووە، (١٢٠)
هەموو ئەشقی خۆی، لە خوارەوە،[٢٥] بۆ دادپەروەری تەرخان کرد
بۆیە خودا لە نیعمەتێکەوە بۆ نیعمەتێکی تر
چاوی بە ڕووی ڕزگاریی ئایندەی ئێمەدا کردەوە. (١٢٣)
ئیمانی هێنا و لەوساوە چیتر
بەرگەی گەندەڵیی بێبڕوایانی نەگرت،
سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە بە هۆی ئەوەوە گومڕا بووبوون. (١٢٦)
ئەو سێ خانمەی[٢٦] لای ڕاستەی گالیسکەکە بینیتن
هەزار ساڵ پێش پەیدابوونی ئاوەمۆرەکردن،
ئاوەمۆر بوون بۆ[٢٧] ئەو (١٢٩)
ئەی چارەنووسی دیاریکراو،
ڕەگوڕیشەت چەند لەو سەرنجانە دوورە
کە سەراپای (بایسی یەکەم) نابینن (١٣٢)
ئێوەیش ئەی مرۆڤی مردۆخینە! زۆر بە پارێز بن
لە حوکم دەرکردن، چونکە ئێمە کە خوا دەبینین
هێشتا هەموو دەستەبژێرەکان ناناسین. (١٣٥)
ئێمە ئەم دەستەپاچەییەمان لا شیرینە
خێرمان لە باوەشی ئەم خێرەدا گەلاڵە دەبێ و
مادەم چی خودا دەیەوێ، ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ! (١٣٨)
بەم جۆرە، ئەم وێنە یەزدانییە

دەرمانێکی شیرینی دامێ
بۆ ئەوەی چاوی کزم زاخاو بدەمەوە. (١٤١)
چۆن چەنگەدوونی باش. بە لەراندنەوەی
ژێیەکانی چەنگ یارمەتیی دەنگبێژ دەدا و
بەمەوە گۆرانییەکەمان لا خۆشتر دەبێ، (١٤٤)
بەم جۆرە کە هەڵۆ قسەی دەکرد، لە بیرمە،
بینیم ئەو دوو تیشکە پیرۆزە،
بلێسەکانیان لەگەڵ قسەکانی دەلەرانەوە.[٢٨] (١٤٧)
وەک یەکێ کە هەردوو چاوی بەیەکەوە دەنووقێنێ و دەکاتەوە. (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستەم

١. ئەمە سروودی دووەم و کۆتایی تەرخان کراوە بۆ ئاسمانی مشتەری. پێی دەگوترێ (سروودی شەش میری دادپەروەر).

٢. واتە: خۆرە کە سەرچاوەی تیشک و رووناکیی هەموو هەسارەکانە.

٣. واتە رۆژ ئاوادەبێ و لە نیوەگۆی باکووری زەوی شەودادێ و ئەستێرە لە ئاسماندا دەجریوێنن و رووناکی لە خۆری ئاوابووەوە وەردەگرن.

٤. واتە هەڵۆ رەمزی دونیا و رەمزی ئیمپراتۆر و رەمزی پاشای گەورەیە

٥. ئەو دەنگانەی لە رۆحەکانەوە دێن دەڵێی لە نایەوە دێن. نای ئامێرێکی مۆسیقیی فوو پێداکردنە. لە بیست سەدە زیاتر پێش زایینیەوە مرۆڤ بەکاری هێناوە.

٦. شەشەم ئەستێرەی مشتەرییە.

٧. واتە پەنجە لەسەر گەرووی (چەنگ)دا دەجووڵێتەوە و ئاوازی لێ دروست دەکا. چەنگ لەدێرزەمانەوە ناسراوە. میسرییە کۆنەکان و وردەوردە جوولەکە و گریک بەکاریان هێناوە. یەکەم جار سێ ژێی هەبوو. ژمارەی ژێیەکانی زیادکران تا بوون بە شەش ژێ.

٨. مەبەستی چاوی هەڵۆیە کە بەرگەی تیشکی گەشی خۆر دەگرێ.

٩. داود پێغەمبەر: پاشای بەنی ئیسرائیلیان بوو (١٠٠٠- ٩٦٠ پ ز). بەرزترین بەرهەمی زەبوورە و رەنگە هەر بۆیەش بێ کە پێی دەڵێن (ئاوازخوێنی رۆحی پیرۆز) و دەنگی داودیش بەناوبانگە. تابووتی پیرۆزی لە (بێت ئابینادا)وە گواستەوە بۆ (بێت عوبێد) و ئینجا بۆ ئۆرشەلیم.

١٠. ئاماژەیە بۆ ترایانۆ (Traiano) (لاتینی 171 – 98) (Trajanus) ئیمپراتۆرێکی ناسراوی رۆمانی بوو. چیرۆکی ئەم و ئەو پیرەژنەی لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە شوێنی خۆیدا بە درێژی باسکراوە (بەرزەک، س١٠).

١١. لە ئەفسانەدا هاتووە: رۆحی (تریانۆ) چەند سەدەیەک لەناو دۆزەخدا مایەوە. تا پاپا گریگۆریۆ دوعای بۆ کرد و خودا زیندووی کردەوە. ئەمجارە چووە سەر ئایینی مەسیحی و کە دووەم جار مرد. چووە بەهەشت.

١٢. حزقیال (EzachiaL): لە سەدەی شەشەمی پ ز، پاشای عیبرانیان بوو. تووشی نەخۆشیی فێ، یان پارانۆیای شیزوفرانی، هات، واتە شێتی گەوراتی و

داپچڕانی کەسێتی. ئەشعیای کوڕی ئامووس پێغەمبەر چووە لایەوە و پێی گوت خودا دەفەرموێ کاروباریماڵەوەت ڕێک بخەی، چونکە دەمریت و چاک نابێتەوە. حزقیال ڕووی کردە دیوار و دوعای کرد و گوتی: خودایە، خۆت دەبینی حزقیال چۆن لە حزووری تۆدا زار زار دەگری... خودا بە ئەشعیای فەرموو بڕۆ خەبەر بدە حزقیال و پێی بڵێ خودا دوعای قبول کردی و پازدە ساڵ تەمەنی زیاد کردی.

١٣. واتە لەسەر زەوی.

١٤. واتە: ئەگەر دوعا شتی ئەمڕۆ بخاتە بەیانی، وەکو شیفای بۆ حزقیال هێنا و تەمەنی درێژتر کرد، ئەمە مانای وا نییە خودا حوکمی خۆی دەگۆڕێ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە خودا توانای دروستکردنی موعجیزەی هەیە. (موعجیزە کارێکە لە سنووری یاسای سروشت بەدەرە) کە دەیهێنێتە جێ و کاتی ڕوودانی دیاری دەکا.

١٥. واتە قوستەنتین، کاتێ پایەتەختی گواستەوە، ئەمەی بە نیازپاکی کرد، بەڵام زۆر بە خراپی کەوتەوە.

١٦. قوستەنتین (273 – 337) (Costantino) ئیمپراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانی بوو. ساڵی ٣٣٠ پایتەختی لە ڕۆماوە گواستەوە بۆ بێزەنتە و ناوی نا قوستەنتینییە.

١٧. (گولیلمۆ)ی دووەمی نورمانی پاشای سەقلیە و ناپۆلی ( (Guglielmo II 1189 – 1154)) نازناوی (پیاوی چاک) بوو.

١٨. واتە ئێستا خەڵکی سەقلیە و ناپۆلی لە دەست فەرمانڕەوایی شارلی دووەمی دانژوو و فریدریکی دووەمی ئاراگونی دادە دادیانە و دەگرین کە ئەوانە زیندوون بەم دەردەیان دەبەن. لە هەمان کاتدا بۆ مردنی گولیلمۆ دەگریین کە کاتی خۆی زۆر باش بوو. لە سەردەمی ئەودا سەقلیە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی بوو.

١٩. ڕیڤیۆ ترۆیانۆ (Rifeo – Troiano) پاڵەوانێکی تەڕوادە بوو. لە شەڕی تەڕوادەدا کوژرا.

٢٠. مەبەست لە بازنە برۆی هەڵۆیە.

٢١. ڕەمز، لێرەدا مەبەست هەڵۆیە.

٢٢. ئەمە ڕۆحی ترایانە، یەکەمین ڕۆحە لەسەر برۆی هەڵۆ.

٢٣. ئەمە ڕۆحی ڕیپویسی تەڕوادەییە، پێنجەمین ڕۆحە لەسەر برۆی هەڵۆ.

٢٤. مەبەستی ترایانە کە لە دۆزەخ گەڕایەوە دونیا وەک پێشتر باسکرا.

٢٥. واتە لەسەر زەوی.

٢٦. سێ خانم ڕەمزە بۆ سێ چاکە: بڕوا و هیواو خۆشەویستی (بەرزەک. س ٣١،٣٢،٣٣).

٢٧. واتە ئەو سێ چاکەیە (بڕوا و هیوا و خۆشەویستی) بەش بە حاڵی ڕیپویس جێگەی ئاوەمۆری گرتەوە.

٢٨. واتە تیشکی ڕیپویس و ترایان، لە کاتی قسەکردنی هەڵۆدا، بە هەماهەنگی دەدرەوشانەوە و دەجولانەوە، زیاتر لە جولانەوەی دوو چاو و دوو پێڵوویان دەکرد. لە سێ سروودی (٢٠،١٩،١٨)دا زیاتر باس لە هەڵۆ دەکری لە ئاسمانی مشتەریدا. لەم وێنەیەی خوارەوەدا، ڕۆحی پیاوچاکەکان لە دروستکردنی سەری هەڵۆدا دەردەکەون.

(١) داود

(٢) ترایان

(٣) حزقیا

(٤) قوستەنتین

(٥) گولیلموی دووەمی سەقلیەیی

(٦) ڕیپوسی تەڕوادەیی.

***

# سروودی بیستویەکەم[1]
## ئاسمانی حەفتەم
## ئاسمانی زوحەل
## ڕۆحی جەزبەگرتوو

دانتی دووبارە تەماشای بیاتریچی کرد دیتی بزەی بە لێوەوە نییە. بیاتریچی زانیی دانتی چیی لە مێشکدایە. گوتی بۆیە بزەکەمم ڕەواندەوە، بۆ ئەوەی تۆ ئازارت پێ نەگا و پەکت لە بینین نەکەوێ. بەیەکەوە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانی ساتورنۆ یان زوحەل. دانتی نەردەوانەیەکی زێڕی بینی بۆ سەرەوە داندرا بوو. نەیتوانی تا کۆتایی تەماشای بکا. ئەو نەردەوانەیە ڕەمزی پلەی سەرکەوتنی ڕۆحی مرۆڤە بەرەو ڕاستەقینەی یەزدانی لە ڕێگەی ڕامان و وردبوونەوەدا، ئینجا تیشکێکی زۆری بەسەردا ڕژا. تیشکێ لە تەک دانتییەوە وەستا. بیاتریچی بە دانتیی گوت قسە لەگەڵ ئەو تیشکە بکا کە لە نزیکییەوە وەستا. دانتی لە ڕۆحەکەی پرسی بۆچی لە نزیکییەوە وەستا و بۆچی ئەو ئاوازە خۆشە بڕایەوە کە لە ئاسمانەکانی خوارەوە دەهات؟ ڕۆحەکە ڕۆحی سان پییترۆ دامیانۆ بوو، گوتی: ڕەنگە ئاوازەکە بۆیە وەستابێ تا دانتی حەوسەڵەی نەچێ. گوتیشی بۆیە هاتە خوارەوە بۆ تەنیشت دانتی چونکە خوا وای ئیرادە لەسەر بوو. دانتی لێی پرسی بۆچی لە زێدە هەموو هاوڕێکان خوا تۆی بۆ ئەو کارە هەڵبژارد؟ پییترۆ دامیانۆ وەڵامی دایەوە بینینیی ناخی ڕەوشی یەزدانی قەدەغەیە بۆ هەموو بوونەوەرێک. داوای لێکرد کە گەڕایەوە ئەمە بۆ خەڵکی دونیا باس بکا بۆ

ئەوەی زات نەکەن هەوڵ بدەن بە ئامانجی هەرەباڵا بگەن. پیێترۆ دامیانۆ باسی خۆنەویستی و تەرکەدونیایی و خواپەرستیی خۆی کرد لە دێری کانی ئاڤیللانا لە چیای کاتریا. گوتی بەبێ ویستی خۆم کڵاوی کاردیناڵییان پێدام، هەروەها گوتی پیر پیتروس و پیر پۆلس بە نەبوونی و خواپەرستی ژیان، کەچی پیاوانی ئایینیی ئێستا بە تەنتەنە و خۆش ڕابواردن دەژین. ئەوەندە قەڵەو بوون، دەبێ لە ڕۆیشتن و لە سواربوونی وڵاخدا یەکێ یارمەتییان بدا.

دانتی گوێی لە گرمەی دەنگێکی وەک هەورەتریشقە بوو، بەڵام تێنەگەیشت چ دەڵێ.

لە ڕووی ڕەمزییەوە ئەم ئەستێرەیەوە، دانتی دەڵێ دەتوانین زوحەل لەناو ئەستێرەکانی ترەوە، لە دوو ڕووەوە بە زانستی ئەستێرەناسی بچوێنین لەناو زانستەکانی تردا. یەکەم: ئەم ئەستێرەیە بە هێواشی لە بورجەکەی دەجووڵێتەوە. ئەستێرەناسەکان دەڵێن ئەم ئەستێرەیە بە بیستونۆ ساڵ و هەندێک خولی سووڕانەوەی تەواو دەکا. دووەم: ئەم ئەستێرەیە لە هەموو ئەستێرەکان دوورتر و بڵندترە. ئەم دوو خەسیەتەیش لە زانستی ئەستێرەناسیدا هەن، چونکە ئەم زانستە لە لایەکەوە، لە هەموو زانستەکانی دی کاتی زیاتری دەوێ و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم زانستە لە هەموو زانستان بەرزترە.

ئەستێرەی زوحەل لای پێشینان ڕەمزی شوومی و مەرگ بووە. لە بارەی کاریگەریی ئەم ئەستێرەیە لە ڕووداوی سەر ڕووی زەوی و لە سروشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە بکەین: زوحەل سروشتێکی ساردی هەیە. تاریک و سەختگیرە، هەندێ جار سارد و تەڕە و ڕەنگێکی ناشیرینی هەیە. ئەمانەی خوارەوە هەندێ شتن لەو شتانەی پەیوەندییان بە زوحەلەوە هەیە: دەریاوانی، گەشتی دووروودرێژ، نیازپیسی، چەکووسی، خاپاندن و فرتوفێڵ، بوغرایی، لافوگەزاف، خۆڕانان، کۆیلایەتی بەرامبەر زۆرداران،...هتد



دووباره چاوەکانم کەوتەوه سەر ڕوخساری خانمەکەم[٢]
ڕۆحیشم کەوته سەری و
هەموو ئامانجێکی تری خسته لاوه. (٣٩)
پێنەکەنی. گوتی: (ئەگەر پێبکەنم)،
تۆ وەکو (سیمیلی)ت[٣] لێ دێ
که سەراپای بوو به خۆڵەمێش، (٦)
چونکه جوانیی من، وەکو خۆت بینیت،
تا زیاتر له پلیکانەی کۆشکی ئەبەدی بەرزببمەوه
گەش و درەوشەدارتر دەبێ. (٩)
ئەگەر نیقابی بەسەردا نەکێشرێ، ئەوەنده
بەهێز دەبریقێتەوه، لەگەڵ بریقانەوەیدا
هێزی خاکیی تۆ وەکو گەڵای بەر هەورەتریشقه تێکدەشکێ. (١٢)
گەیشتینه ئەستێرەی حەوتەم[٤]
که ئێستا لەژێر سینگی شێری کڵپەداردا[٥]
تیشکی بەهێزی خۆی ڕەوانەی خوارەوه دەکا. (١٥)
چاوەکانت بۆ کوێ دەڕۆن بیرت لەسەر ئەوێ چڕبکەوه.
بیانکه به ئاوێنەیەک بۆ ئەو وێنەیەی
لەم ئاوێنەیەدا بۆت دەردەکەوێ. (١٨)
ئەوەی بزانێ ڕوخساری پیرۆزی تۆ
چ خوانێک بوو بۆ خواردنی چاوەکانی من
کاتێ که چوومه سەر بابەتێکی تر، (٢١)
دەزانی چەند شاد و بەختەوەر بووم
به گوێدێریکردنی ڕابەری ئاسمانیم،
چونکه بەمەوه چێژێکی ترم خسته سەر تای تەرازووم.(٢٤)
لەناو ئەو بلوورەی[٦] دەوری دونیای ئێمەی داوه و
ناوی ڕابەری خۆشەویستیی خۆی لێیه و[٧]

لە کاتی فەرمانڕەوایی ئەودا هیچ خراپەکارییەک نەما. (٢٧)
پلیکانەیەکم[٨] بینی بۆ سەرەوە هەڵکشابوو
ڕەنگی زێڕینی لەبەر تیشکی ڕۆژ دەبریسکایەوە.
ئەوەندە بەرزبوو لە مەودای چاوم دەرچووبوو. (٣٠)
تیشکێکی زۆرم بینی بە پایەکانیدا
دەهاتنە خوارێ، دەتگوت هەموو
تیشکی ئاسمانی بەسەردا پرژاوە. (٣٣)
چۆن زاق، بە سروشتی خۆیان، لەگەڵ
ڕۆژهەڵاتدا دەکەونە جووڵە و تێکقژقژان
بۆ ئەوەی پەڕوباڵی سارديان گەرم بکەنەوە. (٣٦)
هەندێ دوور دەڕۆن و ناگەڕێنەوە.
هەندێ دەگەڕێنەوە شوێنی پێشوویان.
هەندێ لە شوێنی خۆیان دەخولێنەوە. (٣٩)
ئەو تیشکانەم بەم شێوەیە کەوتە بەرچاو
کاتێ بە یەکێ بە پایەکان کەوتن،
بە یەکەوە هوروژمیان هێنا. (٤٢)
ئەو تیشکەی زۆر لە نزیک ئێمەوە وەستا
ئەوەندە گەش بریقایەوە، بەدەم بیرکردنەوە گوتم:
(ئەو ئەشقە باش دەبینم کە پێشانم دەدەی.) (٤٥)
بەڵام ئەوەی چاوەڕێم دەکرد پێم بڵێ چۆن و کەی
قسە بکەم یان بێدەنگ بم، لە شوێنی خۆی وەستا.
بێ ئارەزووی خۆم، چاکم کرد، هیچ پرسیارم لێ نەکرد، (٤٨)
بەڵام وێ کە بێدەنگیی منی بەرامبەر بەو کەسە بینی
کە هەموو شتێ دەبینێ و پێی گوتم:
(گڕی ئارەزووت دامرکێنەوە)! (٥١)
دەستم پێ کرد: (من شایستەی ئەوە نیم

تۆ قسەم لەگەڵدا بکەی، بەڵام
بە ناوی ئەو کەسەی هەقم پێ دەدا پرسیارت لێ بکەم،[9] (٥٤)
ئەی ڕۆحی بەختەوەر، کە خۆت لەناو
لێمشتی شادیی خۆت شاردووەتەوە، پێم بڵێ
هۆی چییە ئەوەندە لە من نزیککەوتیتەوە؟ (٥٧)
پێم بڵێ بۆچی سیمفۆنیای شیرینی بەهەشت
کە بە هەموو ئەشقێکەوە لە بازنەکانی خوارەوە دەزرنگێتەوە[10]
لەم بازنەیەدا١١ دەنگی نایێ. (٦٠)
وەڵامی دامەوە: (بیستن و بینینی تۆ تایبەتە بە مرۆڤی مردەنی.
ئەوەی لێرەدا دەبێتە هۆی گۆرانینەگوتن
هەر ئەوەیە کە وای کرد (بیاتریچی) پێنەکەنێ. (٦٣)
من تا ئێرە بە پایەکانی ئەم نەردەوانەیەدا دابەزیمە خوارەوە
تەنیا بۆ ئەوەی بە قسە و بەو تیشکەی گرتوومیتە خۆی،
ئاهەنگی پێشوازیت بۆ بگێڕم (٦٦)
ئەوەی خستمیە پەلەپرووزێ ئەشقی زۆر نەبوو،
چونکە خۆشەویستییەکی زیاتر و گەورەتر
لە سەرەوە دەدرەوشێتەوە وەک لە بڵێسەکەی ڕا دیارە، (٦٩)
بەڵام ئەو ئەشقە قووڵەی دەمانخاتە پەلە بۆ خزمەتی
حیکمەتی یەزدانی کە دونیا بەڕێوە دەبا.
وەک دەبینی هەریەکەمان و ئەرکی خۆی پێ سپاردووە.) (٧٢)
گوتم: (ئەی چراوگی پیرۆز، بە ئاشکرا دەبینم
چۆن لەم بیاڤەدا ئەشقی پاک بەسە
بۆ شوێنکەوتنی ویستی جاویدان، (٧٥)
بەڵام ئەوەی بە لای منەوە زەحمەتە و تێیناگەم
ئەوەیە بۆچی لەناو هەموو هاوڕێکانت
تۆ تەنیا ڕۆحی ئەم ئەرکەت پێ سپاردراوە؟ (٧٨)

هێشتا نەگەیشتبوومە دواوشە کە تیشکەکە
ناوەڕاستی خۆی کرد بە تەوەر و وەک بەردی دەستاڕ
توند بە دەوری خۆیدا کەوتە خولانەوە، (٨١)
ئینجا ئەو ئەشقەی تێیدا بوو وەڵامی دایەوە:
(تیشکی یەزدانی دادەبەزێتە سەرم و
دەسمێتە ناو ئەو پرتەوەی منی گرتووەتە ناو دەروونی خۆیەوە، (٨٤)
ئینجا ئەو هێزە ئاسمانییە تێکەڵ جەزبەم دەبێ،
ئەوەندە لە خۆم بەرزترم دەکاتەوە
(گەوهەری باڵا) دەبینم کە ئەو تیشکەی لێ دەدرەوشێتەوە. (٨٧)
ئەو شادومانییەی دایگیرساندووم لەمەوە دێ،
چونکە من ڕۆشنایی تیشکی خۆم
بەرامبەر ڕۆشنایی ڕامان و جەزبەی خۆم داناوە، (٩٠)
بەڵام ئەو ڕۆحەی گەورەترین پرتەو لە ئاسمانەوە وەردەگرێ،
(سیرافین)١٢ کە لە هەموو فریشتان زیاتر چاو دەبڕێتە خودا
پرسیاری تۆ بەگەن ناکا، (٩٣)
چونکە ئەوەی تۆ پرسیاری دەرهەق دەکەی
لە ناخی ڕەوشی ئەبەدیدا سەقامی گرتووە
هیچ بوونەوەرێک ناتوانێ بیبینێ. (٩٦)
کە گەڕایتەوە، ئەم خەبەرە بە دونیای مردەنی بگەیەنە
بۆ ئەوەی کەس زات نەکا بە پێی خۆی
بەرەو ئەم ئامانجە مەزنە هەنگاو باوێ. (٩٩)
ئەو ڕۆحەی لێرە دەدرەوشێتەوە، لەسەر زەوی دوو دەدەمێنێ
بیر بکەرەوە، چۆن دەتوانێ لەوێ شتێ بکا
کە لێرە هەرچەندە ئاسمان باوەشی بۆ کردووەتەوە، ناتوانی بیکا.[١٣] (١٠٢)
قسەکانی سنوورێکیان بۆ دانام، بە جۆرێ
وازم لە پرسیارەکە هێنا و بەوەندەم بەس کرد

به خاکێتیی خۆم لێیم پرسی کێیە. (١٠٥)
(لە نێوان دوو کەناری ئیتالیا و[١٤] نزیک زێدی[١٥] تۆ
هەندێ شاخی سەرکەش هەن
دەنگی هەورەتریشقە زۆر لە خوار تۆپکەکەیانەوە دێ.[١٦] (١٠٨)
قوللەیەکیان هەیە پێی دەڵێن (کاتریا)[١٧]
دێرێکی لە داوێنەوە هەیە[١٨]
تەنیا خواپەرستیی تێدا دەکرا.) (١١١)
بەم جۆرە قسەی سێیەمینی بۆ کردم
ئینجا بەردەوام بوو، گوتی:
(من لێرە خۆم بۆ خزمەتی خودا تەرخان کرد. (١١٤)
خواردنم تەنیا ڕۆنی زەیتوون بوو.
قنیاتم بە ژیانی ڕامان و بیرکردنەوە کرد.[١٩]
سەرما و گەرمام بە سانایی بەڕێ کرد. (١١٧)
ئەو دێرە بەرووبوومێکی فرەی بۆ ئاسمانان
بەرهەم دەهێنا، بەڵام ئێستا شۆڕەکاتە
دەبێ ئەمە زوو بۆ هەموو کەس ئاشکرا بکرێ. (١٢٠)
من لەو شوێنەدا، (پیێترۆ دامیانۆ)[٢٠] بووم و
لە ماڵی خانمی پاکیزەماندا،[٢١] لەسەر کەناری (ئەدریاتیک)،
(پیێترۆ)ی گوناهکار بووم. (١٢٣)
ماوەیەکی کەمم لە ژیانی دونیادا مابوو
کە بانگکرام و هاندرام بۆ وەرگرتنی ئەو کڵاوەی[٢٢]
لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوو؟ (١٢٦)
(چێفاس)[٢٣] هات و دەفری گەورەی[٢٤] (ڕۆحی پیرۆز) هات،
بە لاوازی و بە پێخاوسی هاتن،
خواردنیان لە سەر هەموو خوانێک دەخوارد. (١٢٩)
ئێستایش شوانە تازەکان، دەبێ لەملا و لەولا

یارمەتییان بدەن و هەڵیان بگرن. دەبێ پشتیان بگرن
چونکە زۆر قەڵەو و قورس و سەنگینن.[٢٥] (١٣٢)
بەتیە بەسەر جوانووەکانیاندا دەدەن
بە جۆرێ دوو ولاغ لەژێر یەک جلدا دەڕۆن.
ئای سەبر و سەمییان، چۆن بەرگەی ئەم هەموو بارە دەگرێ! (١٣٥)
لەگەڵ بیستنی ئەم دەنگەدا زۆر تیشکم بینی
پایە بە پایە دەهاتنە خوارێ و دەسووڕان،
لەگەڵ هەر سووڕێکدا جوانتر دەبوون. (١٣٨)
هاتن و لە دەوری تیشکی یەکەم[٢٦] وەستان
بە دەنگێکی ئەوەندە بەرز قیژاندیان
شتی وا هەرگیز لێرە[٢٧] نەبووە. (١٤١)
تێی نەگەیشتم، چونکە شرقژنەکەی حەپەساندمی[٢٨]. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سرووودی بیستویەکەم

١. ئەمە سرووودی پەڕینەوەیە لە ئاسمانی مشتەری بۆ ئاسمانی زوحەل. پێی دەگوترێ (سرووودی سان پیێترۆ دامیانۆ). زوحەل حەفتەم ئاسمان و دوائاسمانە لە گەشتەکەی دانتیدا بۆ ئاسمان و ئەم ئەستیرەیە ڕەمزە بۆ ژیانی دوور لە شتی ماددی و بۆ ژیانی ڕامان و بیرکردنەوە، بەڵام نەک بە جۆریک مرۆڤ دەست لە ژیان بەربدا، بەڵکو ئەوەندە نابێ کاروباری دونیا بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵ بێ.

٢. کە هەڵۆ لە قسەکردن وەستا، دانتی دووبارە چاوی کەوتەوە سەر (بیاتریچی).

٣. سیمیلی (SEMELE): لە ئەفسانەی یۆنانیدا، کچی کەدموسی پاشای (تیبی) بوو. زیۆس حەزی لێ دەکرد. کاتێ (هیرا)ی ژنی زیۆس بەمەی زانی، ویستی بەڵای ئەو کچە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. خۆی خستە سەر شێوەی پیرەژنێک و چووە لای کچەکە و تەفرەی دا کە داوا لە زیۆس بکا جارێک خۆی بە شکۆی خودانانە پێشان بدا، چونکە زیۆس کاتێ دەچووە لای، هەمیشە بە شێوەی مرۆڤێکی سادە و ئاسایی دەچووە لایەوە. کاتێک کچەکە ئەو داوایەی لە زیۆس کرد، زیۆس ئاگاداری کردەوە داوای شتی وا نەکا، چونکە بۆ خۆی باش نییە، بەڵام کچەکە هەر سووربوو و پێی داگرت. ئاخیری زیۆس خۆی بە شکۆمەندیی ڕاستەقینەی خۆیەوە نیشان دا و کچەکە بە ئاگری زیۆس سووتا و بوو بە خۆڵەمێش.

(بیاتریچی) بە دانتی دەڵێ ئەگەر بزەم بێتی تۆ وەکو (سیمیلی)ت بەسەر دێ، واتە لەبەر گڕی بزەی من دەسووتێیت و دەبیت بە خۆڵەمێش.

٤. واتە ئاسمانی زوحەل (ساتورنۆ). بەم جۆرە دانتی بە چاوترووکانێک گەیشتە ئاسمانی حەفتەم. یۆنانی بڕوایان وا بوو بەر لەوەی زیۆس جڵەوی کاروبار بگرێتە دەست، ساتورنۆ فەرمانڕەوای زەوی بوو. سەردەمی پاشایەتیی ئەو، سەردەمی پاکی و بێگوناهیی مرۆڤ بوو، واتە سەردەمی زێڕین بوو.

٥. مەبەست بە شێری کڵپەدار، یان داگیرساو بورجی شێرە. زوحەل لە مارس و نیسانی ١٣٠٠دا لە بورجی شێردا بوو.

٦. بلوور مەبەست ئەستیرەی زوحەلە، ڕەنگە بۆیە وای پێی بگوترێ، چونکە ڕەنگی زەردە و ڕووی ساردە.

٧. مەبەست ساتورنۆ (Saturno)ی پاشای کریتە. باوکی جۆپیتەر و نپتۆن و پلوتۆس و خودانەکانی تر بوو. جۆپیتەری کوڕی لەسەر عەرش هێنایە خوارێ. چووە ئیتاڵیا و پیت و فەڕ و بەرەکەتی بۆ برد. سەردەمەکەی بە سەردەمی زێڕین ناسراوە. ناوی ئەستێرەی ساتورنۆ لە ناوی ئەوەوە هاتووە. (دۆزەخ، س١٤، د٩٥)

٨. ئەم پلیکانەیە کە تا عەرشی باڵا هەڵدەکشێ، ڕەمزی دامان و وردبوونەوە و جەزبەیە. وەکو چۆن لە ئاسمانی مەریخدا، خاج نیشانەی ئەوانە بوو کە بە شەڕ و شەهیدبوون و لە ڕێگەی بیروباوەردا بووبوون بە بەهەشتی، لە ئاسمانی مشتەریدا، هەڵۆ ڕەمزی دەسەڵات و ئیمپراتوریەت و دروشمی پاشا بوو و لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی دادپەروەریدا گەیشتبوو بە بەهەشت، لێرەدا (پلیکانە) نیشانەی هەڵکشانی ئەو ڕۆحانەیە بەرەو کەماڵ، ئەویش بە ڕێگەی دامان و جەزبە و بیرکردنەوە. بیری پلیکانە لە پەیمانی کۆن (تەورات) وەرگیراوە (کتێبی پەیدابوون، بەشی ٢٨): (یاقووب لە خەودا دی، لە پڕ پلیکانەیەک لەسەر زەوی پەیدابوو سەری گەیشتبووە ئاسمان. فریشتەی خودا پێیدا سەردەکەوتن و هاتنە خوارێ...)

٩. ئاماژەیە بۆ ڕۆحی (پییترۆ دامیانۆ Pietro Damiano).

١٠. واتە بە ناوی (بیاتریچی)

١١. واتە لە ئاسمانی ساتورنۆ (زوحەل).

١٢. سیرافینۆ (Sirafino) تاقمی سیرافین. ئەو تاقمە فریشتەن کە لە هەموو ئەوانی دی لە خودا نزیکترن.

١٣. واتە ئەقڵی مرۆڤ لە دونیا و قیامەتدا ناتوانێ بە تەنیا لە حەقیقەتی خودا بگا.

(١٦) نێوان دەریای (ئەدریاتیک) و دەریای (تیرانی) لە نیمچەدوورگەی ئیتالیا.

١٥. واتە (١٢٠) کم دوور لە فلۆرەنسا.

١٦. ئەمە ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی چیای ئاپیننین لە ناوەڕاستی ئیتالیا، لە ناوچەی ئاپیننینی تۆسکانی. ئەم چیایە زۆر بەرزە. لە هەندێ شوێندا بەرزایی دەگاتە ٢٠٠٠م زیاتر. یەکێ لە لووتکە بەرزەکانی چیای ئیچیمونییە لە نزیک فلۆرەنسا.

١٧. کاتریا (Catria): لووتکەی بەرزی ئاپیننینە دەکەوێتە سەر سنووری ئومبریا و مارکا. نێوان گوببیۆ و پیرگولا لە باکووری ئیتالیا. ١٧٠٢م بەرزە.

١٨. خاچی پیرۆز. سانتا کروچی، دێرێکە لە سەدەی پێنجەمدا، لە قەدپاڵی باکووری ڕۆژهەڵاتی چیای کاتریا و لەسەر کانیی (ئاڤێلانا)، بۆ ڕێبازی بینیدیتی یان تیپی کامالدۆلی دروستکراوە. لووتکەی بەرزی چیای کاتریا سێبەر لەو دێرە دەکا و لە هەندێ وەرزدا بەتەواوی بەری تیشکی خۆری لێ دەگرێ. دانتی ساڵی ١٣١٨ ماوەیەک لە و دێرە، لای سەرۆکی دێرەکە (مارچۆنی) ژیاوە.

١٩. ئاماژەیە بۆ خڵوەکێشانی دێری (فونتی ئاڤێلانا) کە یەکێ لە دابەکانی ڕۆژووی درێژ بوو. بە درێژایی ساڵ حەفتەی چوار پێنج ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون،

٢٠. سان پیێترۆ دامیانۆ ( S.Pietro Damiano 1007 – 1072) له ڕاڤینیا، له خێزانێکی هەژار لەدایک بووه. هێشتا منداڵ بوو دایک و باوکی مردن. براگەورەکەی کردی به بەرازەوان. براکەی تری پیاوێکی ئایینی بوو. خستییه بەر خوێندن، ئەویش وەک وەفادارییەک بۆ ئەو برایەی، نازناوی خۆی کرد به دامیانۆ کە ناوی براکەی بوو. له ڕاڤینیا و فاینتسا و بارما خوێندوویەتی و وانەی گوتووەتەوە. له دەوری تەمەنی (٣٠)ساڵیدا چووە دێری سانتا کروچی (خاچی پیرۆز)ی کامالدولی لەسەر کانیی ئاڤیلا، له قەدپاڵی چیای کاتریا و ساڵی ١٠١٤ بوو به سەرۆکی دێرەکە. خزمەتێکی زۆری پاپا گریگۆریۆی شەشەم و کلیمینتۆی دووەم و لویسی نۆیەم و فیکتۆریۆی دووەم و ستیڤانۆی نۆیەمی کرد. ئەمەی دواوەیان ساڵی ١٠٥٨ کردی به کاردینال و ئوسفوف له ئۆستیا. هەوڵی چاککردنی کڵێسەی دا. بۆ ئەو مەبەستە، چەند گەشتێکی بۆ فڕەنسا و ئەڵمانیا کرد و لەسەر داوای نیکۆلای دووەم و ئەسکەندەری دووەم، به هەندێ ئەرکی گرنگ، چەند گەشتێکی کرد. پیاوێکی خواپەرست و تەرکەدونیا و سادە بوو. هێرشی دەکردە سەر ژیانی به تەنتەنەی هەندێ پیاوی ئایینی. هەندێ نامە و گوتار و شیعر و ئامۆژگاریی نوسیووە. له هەندێکیاندا باسی پەیوەندیی نێوان ئیمپراتۆریەت و کڵێسە دەکا.

٢١. ئەم دێرە یەکێکە له دێرە هەرە سەخت و ئاڵۆزەکانی کۆمیدیا. توژەرەوان ڕای جیاوازیان له بارەی هەندێ لایەنی ئەم دێرەوە هەیە. (ماڵی خانمی پاکیزەمان، لەسەر کەناری دەریای ئەدریاتی) جێگەی گەنگەشەیە: ئایا مەبەست دێری (سانتا ماریا پومپوزا)یە کە له دوورگەیەکی بچووکدا لای ڕێژگاوی ڕووباری پۆ، له نزیک کوماکیۆ بوو؟ یان مەبەست دێری (سانتا ماریا)یە له (پورتو)، له نزیک ڕاڤینیا بوو؟ یان مەبەست دێری (سانتا ماریا)یە له ڤوسیلا، هەر له نزیک ڕاڤینیا؟ خاڵێکی تر کە جیاوازیی لەسەر هەیە ئەوەیە کە دەڵێ (پیێترۆ دامیانۆ، پیترۆی گوناهکار) ئایا ئەمە یەک کەسە، یان دوو کەسن؟

٢٢. کڵاو: کڵاوی کاردیناڵی، واتە پیێترۆ دامیانۆ ساڵی ١٠٥٧ بەبێ ئارەزووی خۆی، کە تەمەنی (٥٠) ساڵ بوو، کرا به کاردینال. ئەوسا هێشتا لەسەرنانی کڵاوی سووری کاردیناڵی نەبووبوو به عادەت. ئەمە دەوری ساڵی ١٢٥٢ له سەردەمی ئینوچینتۆی چوارەم بوو به باو.

٢٣. چیڤاس (Cefas) نازناوێکە عیسا به پیترۆسی یاوەری داوە. پیترۆس خۆی ناوی (سەمعان بن یونا) بوو، نازناوی پیترۆس بوو کە به لاتینی یانی (بەرد) و (چیفاس)یش به عیبری هەر مانای بەردە.

٢٤. دەفری گەورە، یان دەفری بژاردە، مەبەست سان پولسە.

٢٥. دانتی باسی ئەو دیاردەیە دەکا کە بە پێچەوانەی پێشەوانی ئایینی مەسیحی، کە کەم دەخۆن و گوێ بە حەسانەوەی خۆیان نادەن، ئەمڕۆ پیاوانی ئایینی لەبەر زێدەڕۆییکردنیان لە خۆشیی ژیان، ئەوندە قەڵەو بوون ئەگەر بیانەوێ لە جێی خۆیان هەستنەوە، دەبێ دوو کەس، لەملا و لەولا بن هەنگڵیان بگرن و قیتیان بکەنەوە.

٢٦. (واتە: لە دەوری ڕۆحی دمیانۆ.

٢٧. لێرەدا مەبەست بەهەشتە.

٢٨. (بیاتریچی) لە سروودی دادێ مانای ئەم گرمژنە بۆ دانتی ڕوون دەکاتەوە.

***

# سروودی بیستودووەم[1]

## ئاسمانی حەفتەم

## ئاسمانی زوحەل

## ڕۆحی مەجزووب

## ئاسمانی هەشتەم

## ئاسمانی هەسارە وەستاوەکان

دانتی سەری لەو گرمژنە سووڕمابوو کە پێشتر گوێی لێ بوو. بیاتریچی هەوڵی دا ئاسایی بکاتەوە. گوتی گرمەکە مانای ئەوەیە تۆ تۆڵەی دادپەروەرانەی ئەو نەهامەتیانە دەبینی کە بەسەرت هاتوون. دانتی ژمارەیەکی زۆر ڕۆحی چاکەکارانی بینی. بە ئاڵوگۆڕبوونی تیشکەکانیان جوانتر بووبوون. ڕۆحی پیر بینیدیتتۆ لە دانتی نزیککەوتەوە و گوتی من ناوی مەسیحم گەیاندە چیای کاسینۆ و ئەوانەم بۆ ئەوێ ڕاکێشا کە بە بیروڕای پووچ گەندەڵ بووبوون. ئاماژەی بۆ تیشکی ئەوانە کرد کە ژیانی خۆیان بۆ ڕامان و خواپەرستی تەرخان کردبوو. دانتی پێی گوت داخۆ دەتوانێ ڕووی بەبێ پەردەی تیشکی درەوشاوە ببینێ؟ پیر بینیدیتتۆ گوتی هەموو ئارەزوویەک لە ئاسمانی ئاسمانان دێتە دی کە لە ئاوەزی یەزدانیدایە، ئینجا هێرشی کردە سەر خراپەی سەردەم و گوتی ئایین پشتگوێ خراوە و دێرەکان بوونەتە مەکۆی دزان و ماڵ و سامانی کڵێسە بە شێوەیەکی نابەجێ بەهەدەر دەدرێ.

خێر و چاکەی ئایینی بووە بە گوناه، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خودایەی ڕووباری ئوردنی ڕاگرت و دەریای سووری شەقکرد، دەتوانێ بارودۆخەکە چاک بکا.

ڕۆحەکانی چاکەکاران هەڵکشانەوە بۆ ئاسمان و بیاتریچی و دانتیش بەشوێن ئەواندا چوونە ئاسمانی هەسارە وەستاوەکان و بیاتریچی داوای لە دانتی کرد سەیری خوارەوە بکا. دانتی سەیری خوارەوەی کرد و زەویی زۆر بە بچووکی بینی. پێکەنینی پێ هات، هەروەها مانگ و ڕۆژی بینی و سەیری هەسارەکانی دیکەی کرد، ئینجا چاوی بڕییە چاوی بیاتریچی.

که سەرسامی گوشاری بۆ هێنام،
ئاورم لە ڕابەرەکەم دایەوە[2] وەک منداڵ کە
هەمیشە بۆ ئەو شوێنە ڕادەکا کە تێیدا ئاسوودە دەبێ. (٣)
وەک دایکێ هەر ڕابکا بۆ هانای
کوڕی ڕەنگبزڕکاو و هێنکەهێنک پێکەوتووی،
بە دەنگێ کە دڵنیایی پێ بداتەوە، پێی گوتم: (٦)
(ئایا نازانی تۆ لە ئاسمانی؟
نازانی ئاسمان هەمووی پیرۆزە و[3]
ئەوەی لێرە ڕوودەدا لە گڕی خۆشەویستییەوە دێ؟ (٩)
کە من پێکەنیم، گوتی: گۆرانییەکە چۆن کاری لێ کردی؟
دەتوانی ئێستا بیری لێ بکەیتەوە.
مادەم ئەو گرمەیە ئەوەندە کاری لێ کردی. (١٢)
ئەگەر تۆ لە دوعاکانی ئەوان بگەیشتای
لە ئێستاوە ئەو تۆڵەیەت بۆ دەردەکەوت
کە پێش مەرگت دەیبینی! (١٥)
شمشێری باڵا[4] نە خێرا دەبڕێ و نە هێدی[5]
ئەوەی بە پەرۆشەوە، یان بە ترسەوە چاوەڕێی دەکا،
بەو چەشنەی دەبینێ، (١٨)
بەڵام ئێستا ڕوو بکە لای ئەوانی دی،
زۆر ڕۆحی بەناوبانگ دەبینی،
ئەگەر من چۆنی دەڵێم ئاوها چاو بگێڕی.) (٢١)
ئەو چۆنی پێ خۆش بوو، چاوم وا سووڕاند.
سەد گۆی[6] بچووکم دی، تیشکیان لە یەکتر
دەدا و یەکتریان جوانتر دەکرد. (٢٤)
وەستام. وەک ئەو کەسەی ئارەزووی دەروونی
سەرکوت کاتەوە و لە ترسی سنوور بەزاندن
نەوێرێ پرسیار بکا. (٢٧)
لەناو ئەو دوورە یەکتایانە،[7]

ئەوەی لە هەموویان گەورەتر و گەشتر بوو
هاتە پێش بۆ ئەوەی ئارەزووی من لە بارەی خۆیەوە بێنێتە دی. (٣٠)
ئەوسا ئەمەم لە ناوەوەی بیست:[٨]
(ئەگەر تۆیش، وەکو من، ئەو ئەشقەت بدیبا
کە لە نێوانماندا دەگڕێ، بیری پەنهانیی خۆت دەردەبڕی، (٣٣)
بەڵام بۆ ئەوەی لەبەر چاوەڕوانی، لە گەیشتنە ئامانجی پیرۆز
دوانەکەوی، وەڵامی ئەو بیرەت دەدەمەوە
کە ئەوەندە لێی بەپارێزی. (٣٦)
ئەو چیایەی (کاسسینۆ)ی[٩] لە قەدپاڵە
ترۆپکەکەی جێی هاتوچۆی ئەو کەسانە بوو
کە گومڕا و تەفرەدراو و ناشایستە بوون. (٣٩)
من یەکەم کەس بووم ناوی ئەو کەسەم گەیاندە ئەوێ
کە مزگێنیی ئەو ڕاستییەی هێنایە سەر زەوی
کە هەمووومان بەرز دەکاتەوە. (٤٢)
ئەوەندەم پەرتەوی بەرەکەتی یەزدانی بەسەردا باری
ئاواییەکانی دەوروبەرم لە باوەڕی پووچ و بەتاڵ دەرهێنا
کە دونیای گەندەڵ بوو. (٤٥)
ئاگرەکانی دی ڕۆحی ئەو مرۆ ڕاماوانە بوون
بەو ئاگرە سووتابوون و برژابوون[١٠]
کە گوڵ و میوەی پیرۆز دەڕوێنێ و پێ دەگەیەنێ. ( ٤٨)
ئەمە (ماککاریۆ)یە و[١١] ئەمە (رۆمۆوالدۆ)یە،[١٢]
ئەمانەیش براکانی منن کە لەناو دێردا،
بە دڵێکی پڕ بڕوا پێیان چەقاند. (٥١)
پێم گوت: (ئەو خۆشەویستییەی لە دواندندا، بۆم دەردەبڕی و
سیما و دیمەنی ناسکتان
کە لە هەموو ئاگرەکانتاندا دەیبینم و هەستی پێ دەکەم، (٥٤)
متمانەم بە ئێوە زیاد و پتەو دەکا،
وەک خۆر کە گوڵ دەپشکوێنێ و

گوڵەکە تا ئەوپەڕی توانا پەلکەکانی دەکاتەوە.[13] (٥٧)
لێت دەپاڕێمەوە، ئەی باوکە،
پێم بڵێ ئایا دەشێ من نیعمەتێکی وام بەرکەوێ
بتوانم بێپەردە ڕوخسارت ببینم.) (٦٠)
پێی گوتم: (برا، ئارەزووی بەرز و ناسکی تۆ
لە دوا بازنەدا دێتە دی
کە ئارەزووی من و ئارەزووی هەموو ڕۆحەکان لەوێ دێنە دی. (٦٣)
لەوێ، هەموو ئارەزوویەک تەواو دەکرێ و پێدەگا و پاکدەبێتەوە.
تەنیا لەو بازنەیەدا، هەموو پارچەیەک
دەچێتەوە ئەو شوێنەی کە هەمیشە لێی بووە. (٦٦)
ئەمە نە لە هیچ شوێنێکدایە و نە لەسەر دوو تەوەر[14] دەسووڕێ.
پلیکانەی ئێمە تا ئەوێ هەڵدەکشێ،
بۆیە لە مەودای چاوی تۆ دەردەچێ.[15] . (٦٩)
یاکۆببی پاتریارک[16] ئەو پلیکانەیەی بینی
ترۆپکی سەرەوەی تا ئەوپەڕی هەڵکشابوو،
پڕ بوو لە فریشتەی جۆراوجۆر، (٧٢)
بەڵام ئەمرۆ کەس پێ لەسەر زەوی بڵند ناکا
بۆ ئەوەی بەسەر ئەم نەردەوانەیە بکەوێ و
ڕێنمایی تیپی من[17] لە ڕەشکردنەوەی کاغەز بەولاوە بەکەڵک هیچ نایێ. (٧٥)
ئەو دیوارانەی جاران دێر بوون،
ئێستا بوونەتە مەکۆ و ئەشکەوتی دزان
فێسەکانیش بوونەتە تەلیسی پڕ خۆراکی ڕزیو، (٧٨)
بەڵام ڕبێدەی پشتشکێن ئەوەندە
ویستی خوا ئازار نادا، بەقەد ئەوەی
ئەو بەروبوومە دڵی ڕاهیبان شێت دەکا، (٨١)
چونکە چی لەناو هەنبانی کڵێسەدایە هی ئەو کەسانەیە
کە بە ناوی خوا داوای یارمەتی دەکەن،
نەک هی خزمەکانیان، یان ئەوانەی حاڵیان لەوان خراپترە. (٨٤)

مرۆڤی مردەنی ئەوەندە بێهێزە،
چاکەکاریی لە دونیای خوارەوەدا
بە قەد ماوەی چووزەرەدانی داربەڕوو، تا بەرگرتنی، دەوام ناکا. (٨٧)
(پیێر) بێ زێڕ و بێ زیو قۆڵی لێ هەڵمالی،
من بە دوعا و ڕۆژوو دەستم پێ کرد و
فرانچیسکۆ[١٨] ڕێبازی خۆی بە سادەیی دامەزراند. (٩٠)
تۆ ئەگەر سەیری سەرەتای هەر یەکێ بکەی،
ئینجا تەماشا بکەی بە چی گەیشتوون،
دەبینی سپی، ڕەش و تاری بووە، (٩٣)
بەڵام کشانەوەی ڕووباری (ئوردن) و[١٩]
شەقبوونی دەریای سوور کە خوا نیازی وا لەسەر بوو،
زیاتر جێی سەرسامی بوون لە باروبوو کردنی ئێرە.) (٩٦)
ئاوها قسەی بۆ کردم، ئینجا خۆی گەیاندەوە هاوڕێکانی.
حەشیمەتەکە تۆپ بوون و
هەموو وەکو بابەلیسک هەوراز هەڵکشان. (٩٩)
خانمی میهرەبان، بە یەک ئاماژە،
لە دوای ئەوانەوە، پاڵی دام بۆ سەر پلیکانەکە،
بەم جۆرە هێز و چاکەی بەسەر سروشتی مندا زاڵبوو. (١٠٢)
لە دونیای خوارەوەدا[٢٠] کە خەڵک بەپێی یاسای سروشت
هەڵدەکشێن و دادەکشێن، هەرگیز خێرایی وا نەبووە
لەگەڵ فڕینی من بەراورد بکرێ. (١٠٥)
ئەی خوێنەر، هیوادارم ڕۆژێ بگەڕێمەوە
بۆ ئەو سەرکەوتنە پیرۆزەی زۆر جار
سنگی بۆ دەکوتم و بۆ گوناهەکانم دەگریم. (١٠٨)
بەو خێراییەی قامک بخەیتە ناو ئاگر و بیکێشیتەوە
بورجی[٢١] دوای بورجی (گا)م بینی و
خۆم لەناودا دۆزییەوە. (١١١)
ئەی ئەستێرەی شکۆدارینە،[٢٢] ئەی تیشکی پڕ نیعمەتی گەورە،

ددانی پێدا دەنێم بەهرەی خۆم، هەرچی هەبێ،
لە ئێوە خواستووەتەوە. (١١٤)
کاتێ یەکەم جار هەستم بە شنەی (تۆسکانا) کرد،
باوکی هەموو ژیانی مردەنیی
لەگەڵ ئێوەدا هەڵدەهات و[٢٣] لەگەڵ ئێوەدا ئاوادەبوو. (١١٧)
کاتێ نیعمەتی یەزدانی هاتنە بازنەی باڵای بەنسیب کردم
ئەو بازنە بەرزەی ئێوە دەیسووڕێنن،
بۆم داندرا بێمە باوەشی ئێوە! (١٢٠)
ئێستا ڕۆحم بە ملکەچی بەرەو ئێوە هەنسک دەدا
بۆ ئەوەی زات و گوڕی بچێتە بەر
بەرامبەر ئەو ڕێگە سەختەی بۆ خۆی ڕادەکێشێ. (١٢٣)
(بیاتریچی) گوتی: تۆ زۆر لە (ڕزگاریی باڵا) نزیکی،
پێویستە سەرنجت تیژ و
چاوت ڕۆشن بێ. (١٢٦)
جا پێش ئەوەی زیاتر بچیتە ناوەوە
سەیری خوارەوە بکە،[٢٤] ببینە
چ دونیایەکی گەورەت لە ژێر پێدایە. (١٢٩)
بۆ ئەوەی دڵت بەپێی توانا،
بە شادی بچێتە حزوور ئەو حەشیمەتە سەرکەوتووەی
بە بەختەوەری دێنە ناو ئەم بازنە ئەسیرییە، (١٣٢)
چاوم بەناو هەر حەفت ئاسماناندا گێڕایەوە،[٢٥]
ئەم گۆیەم[٢٦] بە شێوەیەک بینی،
پێکەنینم بە دیمەنی بچووک و بێنموودی هات. (١٣٥)
ئێستا ئەو بۆچوونە بە باشترین شت دەزانم
کە دەڵێ ئەم گۆیە زۆر بێنرخ و نموودە.
ئەوەی بیر لە شتی تر بکاتەوە، دەشێ بەڕاستی پێی بگوترێ: دانا. (١٣٨)
کچی (لاتۆنا)م[٢٧] بینی داگیرسابوو،
بێ ئەو سێبەرانەی جاران،

بۆ تەنی چڕ و ڕوونم دەبردەوە. (١٤١)
ئەی (ئیپیریۆنی)،[٢٨] من بەرگەی بریقەی
کوڕەکەتم گرت و دیم چۆن
(مایا) و[٢٩] (دیونی)[٣٠] بە دەوریدا و لە نزیکییەوە دەسووڕێنەوە (١٤٤)
ئینجا (جۆپیتەر)م[٣١] بینی،
کوڕی و باوکی ناسک و نیان دەکردەوە.
بۆم ڕوونبووەوە ئەم ئەستێرانە چۆن شوێنی خۆیان دەگۆڕن. (١٤٧)
هەر حەفت نیشانیان دام، چەند گەورەن و
چەند خێرا و تیژڕۆن و
شوێنیان چەند لەیەک دوورە. (١٥٠)
کاتێ لەگەڵ دوانەی جاویداندا دەسووڕام
ئەو گەردیلە بچووکەم دی کە دەمانکا بە درندە
هەموو شتێکی، لە چیاکانەوە تا کەنارەکان نیشان دام، (١٥٣)
ئینجا چاوی خۆم بۆ لای ئەو چاوە جوانانە[٣٢] وەرسووڕاند. (١٥٤)

***

## پەرازێزەکانی سروودی بیستودووەم

١. ئەمە سروودی پەڕینەوەیە لە ئاسمانی زوحەل (ساتورنۆ) بۆ ئاسمانی ئەستێرە چەسپیوەکان. پێی دەگوترێ (سروودی سان بینیدیتتۆ).

٢. دانتی باسی سەرسامی و حەپەسانی خۆی دەکا لەبەر گرمەی کۆتایی سروودی پێشوو.

٣. واتە: ئاسمان پڕە لە ڕەحمەت و خۆشەویستی و جێگەی ترس و تۆقانی تێدا نابێتەوە.

٤. شمشێری بالا: دادپەروەری و تۆڵەی یەزدانی.

٥. یانی تۆڵەی یەزدانیی هەمیشە لە کاتی خۆیدا دێ، بەڵام ئەوەی بترسێ ئەو تۆڵەی لێ دەکرێتەوە، وا دەزانێ تۆڵەکە زوو هاتووە، کەچی ئەوەی چاوەڕێ بکا تۆڵەی بۆ بکرێتەوە، وا هەست دەکا تۆڵەکە زۆر دواکەوتووە.

٦. سەد گۆی بچووک: ئاماژەیە بۆ ژمارەیەکی زۆری گۆی خڕ کە هەریەکە ڕەمزی ڕۆحێکی بەهەشتییە.

٧. دووری یەکتا: ڕۆحی بەهەشتی.

٨. ئەوەی قسە دەکا (سان بینیدیتتۆ)یە (543 – 2180) (Benedetto ). دامەزرێنەری ڕێبازی بینێدیتی و دروستکەری دێری گەورە و دێرینی مۆنتی کاسسینۆ (Monte Cassino). لە بنەماڵەیەکی خانەدان لە نورسیا لەدایک بووە. (دێرەکە ئێستا پێی دەگوترێ نورچا و دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ئومبریا). بە منداڵی لە ڕۆما خوێندی. ژیانی گەندەڵ زۆر کاری لە هەست و سۆزی کرد. چووە چیاکانی نزیک سوبیاکۆ لەسەر سنووری ئیبرۆتزی. ژمارەیەکی زۆر دێری لە سوبیاکۆ دروستکرد. هەندێ لە ناحەزەکانی ویستیان زەبر لە خۆی و لە ڕێبازەکەی بدەن. دەستیان کرد بە گەندەڵکردنی قوتابییەکانی. لە سوبیاکۆ ڕۆیشت و ڕووی کردە باشوور بۆ چیای کاسسینۆ و ساڵی ٥٢٩ دێرێکی لەسەر کەلاوەی شاری کازینوم بەو ناوە دروستکرد. بەسەر ڕووباری لیریسدا دەڕوانێ. ساڵی ٥٨٩ لومباردەکان ڕاهیبەکانیان دەرکرد، ئەوانیش پەنایان بۆ ڕۆما بود. ساڵی ٨٨٤ عەرەب دێرەکەیان تالانکرد و سووتاندیان. لە سەدەی هەشتەمەوە کۆمەڵێ ڕەبەنی بۆ هات خۆیان بۆ ئەدەب و زانست تەرخان کردبوو. کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو زۆر کتێب و بەڵگەنامە و دەستنووسی بەنرخی تێدا بوو. ئەو دێرە وەک قەلا یان پایتەختی ڕەبەنایەتیی لێهات لە جیهاندا. گرنگترین ڕێنمایی بینیدیتتییەکان ئەوەبوو پێویستە

ڕەبەنەکان شانبەشانی ئەرکی ئایینیی خۆیان، خەریکی پیشەیەکی دەست بن و منداڵان فێری خوێندەواری بکەن.

لێرەدا پیر بنیدیتۆ لەناو گوڵی چاکەکاران هاتووەتە خوارەوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ دانتی بکا.

٩. ئاماژەیە بۆ پەرستگەی ئاپۆللۆ. تا سەدەی شەشەم خەڵک هاتوچۆی ئەو پەرستگەیەیان دەکرد. بڕوایان بە خودانەکانی یۆنانیان هەبوو و قوربانییان بۆ ئاپۆللۆ دەکرد. پەرستگەکە لە قوللەیەکی سەخت و عاسێ بوو. تا ئەوسا بەدەستی مەسیحییان تێکنەچووبوو.

١٠. ئەو ڕۆحانە، ڕۆحی ئەو کەسانەن کە لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا بە گڕی عەشقی خودا سووتاون و چۆن گوڵ لەبەر گەرمای هاوین دەپشکوێ و میوە پێدەگا، ئەوانیش ئاوها بە گڕی عەشقی خودا گوڵی بیر و هەستی پاک و بەری چاکەکارییان پێگەییوە.

١١. ماککاریۆ (Maccario): (بە لاتینی 391 – 390 ) (Maccarius) دوو پیاوی گەورەی ئایینی مەسیحی بەم ناوە هەبووین. هەردووکیان نازناوی (پیر، قدیس، سان)یان هەبوو: یەکێکیان ماککاریۆی خەڵکی ئەسکەندەرییە بوو و نازناوی (میسری) بوو، لە سەدەی چوارەم لە میسر ژیاوە و ئایینی مەسیحیی لەوێ بڵاوکردووەتەوە و ساڵی ٤٠٤ مردووە. ئەوەی تر ماککاریۆیەکە لە سەدەی پێنجەمدا لە لیبیا ژیاوە و خزمەتی کردووە. دیار نییە مەبەستی دانتی کام یەکێ لەم دوو ماککاریۆیەیە.

١٢. سان ڕۆموالدۆ (بە لاتینی ڕۆمۆوالدوس1027 - 960 ) .(S. Romoadus ) لە بنەماڵەی (ئۆنستی) بوو، لە ڕاڤینیا. یەکێ بوو لە پیاوە ئایینییە ناودارەکانی سەدەی دە و یازدە. نازناوی (سان)ی هەبوو. تیپێکی ئایینی کامالدۆلی لەسەر بنەمای هەمان تیپی (بینیدیتی) دروستکرد. نازناوی ڕێبازەکەی بە ناوی ئەو کەسە کرد کە ساڵی (١٠٠٩) پارچە زەوییەکی گەورەی دایە (ڕومووالدۆ) بۆ ئەوەی دێرێک بۆ تیپە ئایینییەکەی لەسەر دابمەزرێنێ، ئەویش وەک وەفادارییەک بەرامبەر بەم بەخشندەیی و چاکەیە، ناوی تیپەکەی خۆی نا (ماڵی مالدۆلی)، پاشان ناوەکە بە زاری تۆسکانی بوو بە (کامالدۆلی). لە ئەفسانەی مەسیحیدا هاتووە: ساڵی ١٤٦٦، واتە چوار سەدە پاش مەرگی ئەو پیاوە ئایینییە، گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، جەستەکەی وەکو خۆی بوو، هیچ بەڵای نەگەیشتبوێ.

١٣. سەیری هونەر و داهێنانی شیعریی دانتی بکەن. لەم بەندەدا کە باسی پشکووتن و کرانەوەی گوڵ دەکا، سەروای کراوە و درێژی بەکار هێناوە. کرانەوەی

گوڵ و کرانەوەی سەروا، بەردەوامی گوڵی پشکوتوو و درێژیی سەروای کراوە و درێژ....

١٤. دانتی بڕوای وایە ئاسمانی ئاسمانان ڕاوەستاوە و لە جێی خۆی ناجووڵێ. ڕاوەستان و نەجووڵان ئاماژەیە بۆ هاتنە دیی هەموو ئارەزوویەک کە هیچ شتێ نەماوە هەوڵی بۆ بدرێ.

١٥. دانتی کۆتایی پلیکانەکە نابینێ، چونکە پلیکانەکە تا ئاسمانی ئاسمانان هەڵدەکشێ کە عەرشی خودای لێیە، بۆیە وشەی فڕینی بۆ بەکار هێناوە. مەبەستی ئەوەیە کەس ناتوانێ بە چاوی ئاسایی خودا ببینێ، تەنیا دەتوانێ بە وردبوونەوە بیهێنێتە بەرچاوی باتینی خۆی.

١٦. سان یاقووب (S. Jacopo) برای یوحەننای ئاوەمۆرکەر بوو. مەسیحییەتی لە ئەسپانیا بڵاوکردەوە و گەڕایەوە بیت المقدس و ساڵی ٤٤ هیرۆدۆس جیریپا کوشتی. لە خەوندا پلیکانەیەکی دیوە تا تەشقی ئاسمان هەڵکشاوە.

١٧. من: مەبەست سان بینیدیتتۆیە.

١٨. فرانچیسکۆ: مەبەست سان فرانچیسکۆ دا سسیزییە، ڕۆحانی گەورەی کاتۆلیک کە پێشتر دانتی باسی کردووە (بەهەشت، س١١).

١٩. ئاماژەیە بۆ شەقبوونی ئاوی دەریای سوور و وەستانی ئاوی ڕووباری ئوردن لە کاتی دەرچوونی مووسا و بەنی ئیسرائیلی و ڕۆیشتنیان بۆ باکوور.

٢٠. واتە: زەوی.

٢١. ئەو بورجەی دوای (گا) دێ. د بورجی جمکە کە یەکسەر دوای بورجی گا دێ.

٢٢. مەبەست دوو ئەستێرە پرشنگدارەکەی بورجی جمکە.

٢٣. واتە کاتێ دانتی لەدایک بوو، لە فلۆرەنسادا، ڕۆژ لە بورجی جمکدا بوو، واتە نیوەی دووەمی کانوونی دووەمی ١٢٦٥ بوو.

٢٤. (بیاتریچی) بە دانتی دەڵێ سەیری خوارەوە بکە، وەکو ئەوەی پێی بڵێ بزانە تا ئێستا بە هاوکاریی من چەند بازنەی دۆزەخ و بەرزەک و چەند ئاسمانت بڕیوە و گەیشتوویتە ئێرە.

٢٥. دانتی تەماشای ئەو حەفت ئاسمانەی کرد کە تا ئەوسا بڕیبووی: مانگ، عەتارید، زوهرە، خۆر، مەریخ، مشتەری، زوحەل.

٢٦. گۆی زەوی.

٢٧. لاتۆنا (Latona) دایکی ئاپۆللۆ و دیانا بوو لە ئەفسانەی یۆنانیدا.
کچی لاتۆنا: یانی مانگ.

۲۸. ئیپریۆنی. هیپریون (Hyperion ) باوکی خۆر و مانگ بوو له ئەفسانەی یۆنانیدا.

۲۹. مایا (Maia) دایکی عەتارید بوو. مەبەست عەتارید خۆیەتی.

۳۰. دیۆنی (Dione) دایکی ڤینۆس (زوهرە) بوو. مەبەست ڤینۆس خۆیەتی.
واتە دانتی عەتارید و ڤینۆسی دی لە نزیکەوە بە دەوری خۆردا دەسووڕانەوە.

۳۱. مشتەری (Giove) (جوبیتەر) لە ئەفسانەی یۆنانیدا خودانی خودانەکانە. کوڕی زوحەل و باوکی مارسە و دەکەوێتە نێوان ئەو دوانە و سەرمای زوحەلی باوکی و گەرمای مارسی کوڕی بە هۆی یەکترەوە کەم دەکاتەوە. شوێنەکەی لە بەینی هەردووکیانە.

۳۲. مەبەست چاوەکانی (بیاتریچی)یە.

***

# سروودی بیستوسێیەم[1]

## ئاسمانی هەشتەم
## هەسارە وەستاوەکان
## پیرۆزیی مەسیح و مریەم

دانتی نموونەی چۆلەکەیەک دێنێتەوە کە شەو لەسەر هێلانەی بێچووەکانی کپ دەنیشێ و چاوەڕێی هەڵاتنی ڕۆژ دەکا بۆ ئەوەی بۆ پەیداکردنی خواردن دەربچێ. بیاتریچی بەو چۆلەکەیە دەچوێنێ کە بە پەرۆشەوەیە بۆ بینینی لەشکری سەرکەوتووی مەسیح لە چاکەکاران. بیاتریچی کە چاوی پێکەوتن، چاوی بە جۆرێ بریسکایەوە، دانتی نەیتوانی وەسفی بکا. دانتی خۆرێکی (واتە مەسیح) لە سەرەوەی هەزاران چراوگ بینی هەمووی گەش کردبوونەوە. ئەو تیشکە بە ڕووی دانتی کەوت، بەڵام دانتی بەرگەی نەگرت. بیاتریچی پێی گوت ئێستا بەرامبەر هێزی یەزدانییە کە ڕێگەی نێوان ئاسمان و زەویی کردووەتەوە. بیاتریچی داوای لە دانتی کرد سەیری حاڵی خۆی بکا بزانێ چیی بەسەر هاتووە. دانتی وەکو یەکێکی لێهاتبوو تازە لە خەونێک بەئاگا هاتبێ و خەونەکەی بە بیر نەمابێ، ئیتر نەیتوانی باسی ئەوە بکا کە دیبووی. ددانی پێدا نا ئەمە ڕێگەیەک نییە بەلەموانێکی نەشارەزا بە بەلەمێکی بچووک لێی دەرباز بێ.

بیاتریچی داوای له دانتی کرد تەماشای گوڵەکه بکا –ڕەمزی مارىای پاکیزه- هەروەها تەماشای گوڵەمێلاقه بکا _ڕەمزی پێغەمبەران- که ڕێنمایی خەڵکیان کردووه بۆ سەر ڕێگەی ڕاست.

دانتی حەشیمەتێکی ڕۆحیی چاکەکارانی بینی تیشکێک له سەرەوه لێی دەدان نەیزانی ئەو تیشکه له کوێوه دێ. دانتی بڵێسەیەکی بازنەیی بینی - جبریل- هاته خوارەوه و به دەوری مارىای پاکیزەدا سووڕایەوه. دیتی لەگەڵ تیشکەکانی دی سروودیان به ناوی مارىاوه دەگوت. دەنگیان وەک دەنگی چەنگ وا بوو که خۆشترین ئاوازی سەر ڕووی زەوی لەچاو ئاوازی ئەو دەتگوت شرقژنی هەورەتریشقەیه.

دانتی مارىای پاکیزەی بینی له ئاسمانی ئاسمانان بەرەو لای مەسیح هەڵدەکشا. تیشکەکانی تریش بڵێسەی خۆیان بۆ بەرزایی هەڵدەدا و سروودی (ئەی شاژنی ئاسمان)یان دەچڕی.

دانتی ئاوڕی له پیاوچاکانی بەختەوەر دایەوه و ئاماژەی بۆ پیر پیتروس کرد.

وەکو چۆلەکەیەک کە لە تاریکیی پڕ ڕازونیازی شەودا
لەناو گەڵا و گردڵی درەختی ئازیزدا،
لەسەر هێلانەی بێچووە ناسکۆڵەکانی هەڵدەنیشێ. (٣)
بۆ دیتنی دیمەنی دڵکێش و[٢]
پەیداکردنی خواردن بۆ بێچووەکانی،
کە کارێکی سەخت، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشە
پێشوەخت دەچێتە سەر چڵێکی بەرز،
بە ئەشق و شەوقەوە چاوەڕێی خۆر ،[٣]
زەقزەق چاو دەبڕێتە ئاسۆ، (٩)
خانمی باڵابەرزی منیش ئاوها بە وریایی قیت وەستابوو،
ڕووی کردبووە ئەو لایەی ئاسمان
کە لە هەموو شوێنێ سسترە دەکا. (١٢)
منیش کاتێ بەو جۆرە پەرۆش و نیگەرانم بینی،
وەکو ئەو کەسەم بەسەر هات کە بە پەرۆشەوەیە
ئەوەی نییەتی دەستی کەوێ و دڵ بەو ئومێدە خۆش دەکا. (١٥)
ماوەیەکی کەم لە نێوان ئەو دوو ساتەدا بوو
واتە: لە نێوان چاوەڕوانیی من و بینینی ئاسمان
کە دەم بە دەم بریسکەدارتر دەبوو. (١٨)
(بیاتریچی) گوتی: (ئەمەیە لەشکری زاڵی مەسیح و
ئەو هەموو بەروبوومەی بە خولانەوەی ئەم بازنانە
دەستکەوتوون. (٢١)
وام کەوتە بەرچاو ڕوویەک یەک پارچە ئاگر بوو.
چاوەکانی تەواو مەست و خومار بوون
ناچار بووم بێ باسکردن بەسەریدا تێپەڕم. (٢٤)
وەک (تریڤیا)[٤] کە لەبەر تریفەی مانگی چواردەدا
لەناو پەرییانی جاویدان پێدەکەنێ
کە هەموو سووچێکی ئاسمانی ساو دەڕازێننەوە، (٢٧)
خۆرێکم[٥] لەسەر هەزاران چراوگدا بینی،

هەمووی خستبوونە بریق و باق
وەک خۆری خۆمان کە ئەستێرە بەرزەکان ڕۆشن دەکاتەوە. (۳۰)
لەناو ئەو بڵێسە بریقەدارەدا، گەوهەرێکی
بریسکەداری ئەوەندە گەشم کەوتە بەرچاو
چاوم یارای سەیرکردنی نەبوو. (۳۳)
ئای (بیاتریچی)، ئای چ ڕابەرێکی ناسک و ئازیز بوو،
پێی گوتم: ئەوەی دەتحەپەسێنێ، هێزێکی چاکەیە
هیچ شتێ خۆی لە بەرامبەر ناگرێ. (۳٦)
ئەمەیە ئەو توانا و دانایەی
ڕێگەیەکی لە بەینی زەوی و ئاسمان کردەوە
کە لەمێژە عالەم بۆی پەرۆشن! (۳۹)
وەک چۆن برووسک لە هەور جیادەبێتەوە
بە توندی دەردەچێ و لە شوێن خۆی ناوەستێ،
بە پێچەوانەی سروشتی خۆی بەردەبێتەوە سەر زەوی، (٤۲)
ئاوەزی منیش ئاوها، لە خودی خۆی دەرچوو
لەناو ئەم بەزم و ئاهەنگەدا هێزی زیادبوو
ئێستا بە بیری نایەتەوە چ ڕووی دا. (٤٥)
(چاوت بکەوە، لە حاڵی من وردبەرەوە
هەندێ شتت دیوە هێزێکی وای پێداوی
دەتوانی بەرگەی خەندەی من بگری.) (٤۸)
وەکو ئەو کەسە وا بووم،
تازە خەونێکی دیبێ و لە بیری چووبێتەوە
بێهوودە هەوڵ بدا بیهێنێتەوە بیر خۆی. (٥۱)
کاتێ گوێم لەو بانگێشتە بوو کە شایەنی سوپاسە و
هەرگیز لەو کتێبە ناسڕێتەوە
کە ڕووداوی ڕابردووی تێدا دەنووسرێ. (٥٤)
ئەگەر ئێستا ئەو هەموو زمانە لە چریکە بدەن
کە (پۆلیمنیا) و[٦] خوشکەکانی بە شیری شیرینی خۆیان

باشترین خواردنیان دەرخوارد داون. (٥٧)
بۆ ئەوەی فریای من بکەون. ناگەنە هەزارێکی ڕاستی،
لە ستایشی خەندەی پیرۆزیو چۆن ئەو خەندەیە
ڕووی پیرۆزی گەشاندبووەوە. (٦٠)
بەم جۆرە سروودی پیرۆز[٧] لە باسی بەهەشتدا
دەبێ قەڵەمباز باوێ
وەک ئەو کەسەی زەندۆڵێکی دەکەوێتە سەر ڕێ. (٦٣)
ئەوەی بیر لە بابەتێکی سەنگین بکاتەوە و
بیر لەو شانە خاکییە بکاتەوە کە هەڵیگرتووە
گازاندە لەو شانە ناکا کە لەژێر بابەتەکەدا بلەرزێ! (٦٦)
ئەم ڕێگەیە هی ئەوە نییە
بەلەمی بچووک بەلمووزی تیژی شەقی بکا،
یان بەلەموانی کەمئەزموون بێهوودە بیگرێتە بەر. (٦٩)
(بۆچی ڕوخساری من گڕی ئەشقت دادەگیرسێنێ
هیچ سەیری ئەو باخچە جوانە ناکەی[٨]
کە لەژێر تیشکی مەسیحدا دەپشکوێ و دەکرێتەوە. (٧٢)
چاو دێ! ئەو گوڵە جوانە[٩] ببینە کە وشەی خوای تێدا بەرجەستە بووە،
ئەو گوڵەمێلاقانە ببینە
کە بە بۆنی خۆیان ڕێی ڕاست نیشانی خەڵک دەدەن.) (٧٥)
(بیاتریچی) وایگوت و منیش کە هەردەم ئامادەم
بۆ ئامۆژگارییەکانی، دووبارە چوومەوە
مەیدانی جەنگی چاوی پووت و برژانگەکانم. (٧٨)
وەک چۆن هەندێ جار گوڵزاری بەر سێبەرم دیوە
سیتاف لە کەلێنی پەڵەهەوری داپساوەوە
بە چرسکەچریسک دێ و ڕۆشنی دەکاتەوە (٨١)
بەم جۆرە، کۆمەڵە تیشکێکی زۆرم بینی
سەرەوەیان بە بڵێسەی کڵپەدار دەدرەوشایەوە،[١٠]
بێ ئەوەی سەرچاوەی ڕووناکییان ببینم. (٨٤)

ئەی هێزی چاکە و میهرەبان[11] کە ئاوها نەخشی خۆتیان لێ دەدەی،
لێرە بەرزبوویتەوە ئەوێ
بۆ ئەوەی توانای بینینی زیاتر بە چاوەکانم بدەی. (٨٧)
ناوی ئەو گوڵە جوانەی[12] شەو و ڕۆژ
لە پەستا دەستی پاڕانەوەی لەبەر پان دەکەمەوە
بیر و سەرنجی منی بۆ گەورەترین ئاگر ڕاکێشا. (٩٠)
کاتێ گەورەیی و جوانی ئەو ئەستێرە گەشەی
لە سەرەوە و لە خوارەوە، پیرۆزمەندە،
لەناو هەردوو چاوم نەخش بوو، (٩٣)
چراوگێکی بازنەیی وەکو تاجەگوڵینە[13]
لە ناوجەرگەی ئاسمان دابەزییە خوارەوە و
دەوری ئەستێرەکەی دا و بە دەوریدا کەوتە خولانەوە. (٩٦)
خۆشترین ئاواز کە لەو خوارە بزرنگێتەوە و
لە هەموو ئاوازێ زیاتر ڕۆح و دڵ بۆ خۆی ڕابکێشێ
دەتگوت هەورەتریشقەیە و لە پەڵەهەوری داپساوەوە دێ. (٩٩)
لەچاو دەنگی ئەو چەنگەی[14] کە تاجی
سەری جوانترین و گەشترین گەوهەری[15]
بریقەدارترین ئاسمانی[16] گەوهەرنیشان بوو. (١٠٢)
من لە ئەشقی فریشتەی داڕژاوم
بە دەوری شادیی باڵادا دەخولێمەوە
کە لە هەناوی داڵدەی ئارەزووەکانمانەوە دەچکێ. (١٠٥)
ئەی خانمی ئاسمان، من هەر لە سووڕانەوەدا دەبم
تا تۆ بەشوێن کوڕەکەتدا دەچیتە ناو بازنەی هەرەبەرز و
بە چوونە ناویەوە پیرۆزتر و یەزدانیتری دەکەی. (١٠٨)
بەم جۆرە هەناسەی ئەو ئاوازە خۆلاوەیان
لەسەر نەخش بوو و هەموو تیشکەکان
سروودیان بە ناوی (ماریا) چڕی. (١١١)
بەتیەی شاهانەی[17] هەموو بازنەکانی دونیا

که به هەناسە و ڕێگە و ڕێنمایی پەروەردگار
لە هەموویان گەشتر و خێراتر دەبێ، (١١٤)
بەری ناوەوەی خۆی لەسەر سەرمان پانکردبووەوە،
بەلام ئەوەندە دوور بوو
لەو شوێنەی لێی بووم نەمدەتوانی بیبینم. (١١٧)
بۆیە چاوم توانای نەبوو
شوێن ئەو بڵێسە تاجدارە بکەوێ
که به دوای کوڕەکەیدا هەوراز هەڵکشا. (١٢٠)
وەک کۆرپەی شیرەخۆرە کە دوای
شیرخواردن بازووی بۆ دایکی دەکاتەوە و
گڕی خۆشەویستیی دەروونی لە ڕوودا دەردەکەوێ. (١٢٣)
بەم جۆرە ئەم هەموو تیشکە گەشانە
بڵێسەیان بەرەو سەرەوە هەڵکشا
بۆم دەرکەوت چ خۆشەویستییەکیان بۆ ماریا هەیە. (١٢٦)
لەوێ لە بەرچاوم مانەوە،
ئەوەندە بە شیرینی (ئەی شاژنی ئاسمان)یان[١٨] چڕی،
هەرگیز خۆشیی ئەو گۆرانییەم لە بیر ناچێ. (١٢٩)
ئای لەو بەرهەمە زۆرەی لەناو ئەم عەنبارە پڕانە
کۆبووەتەوە و دەغڵی باشی[١٩] بای داچاندنی
ئەم هەموو کێڵگە بەپیتەی خوارەوە دەکا. (١٣٢)
لێرەدا، خەڵک بەو گەنجینەیە دەژین و چێژی لێ وەردەگرین
کە لە سەردەمی ئاوارەبوونی (بابل)یدا[٢٠] بە فرمێسک
بە دەستیان هێنا و پشتیان لە زێڕ کرد. (١٣٥)
لێرەدا ئەو کەسەی دوو کلیلی شانازیی لە دەستدایە[٢١]
لەژێر ئاڵای ماریا و کوڕی خوداندا،
لەگەڵ هاوڕێی کۆن و تازەدا (١٣٨)
بە سەرکەوتن شاد دەبێ. (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوسێیەم

١. ئەمە سروودی تایبەتە بە ئاسمانە وەستاوەکان. پێی دەگوترێ (سروودی سەرکەوتنی مەسیح و تاج لەسەرنانی مەریای پاکیزە).

٢. ڕووی بێچووەباڵندە، ڕەنگە مەبەستی ڕووی خۆر بێ کە ژیان بە بێچووەباڵندە دەبەخشێ.

٣. دیمەنی لەخەوهەستانی باڵندە لە بەیانییەکی زوودا کە دانتی ئاماژەی پێ دەکا، دیمەنێکی تا بڵێی شیرینە... ئەو جریوە و جووکەیەی لەناو دار و درەختەوە دێ، مرۆڤ مەست دەکا. بە هەزاران ئاوازی جیاجیا لەسەر یەک درەخت تێکەڵ دەبێ.

٤. تریڤیا (Trivia) یەکێکە لە نازناوەکانی دیانا (ئارتەمیس). لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا، خودانی ڕاو و کارە. بە ڕەمزی مانگی دەزانن، لە کتێبی شەشەمی ئەنیادەدا ڤرجیل نازناوی تریڤیای بۆ دیانا بەکار هێناوە. لێرەدا وەکو هاوتای مانگ بەکار هاتووە. وشەی تریڤیا لە لاتینیدا بە مانای (سێ لق) دێ.

٥. واتە مەسیح.

٦. پۆلیمنیا (Polimnia) (بە یۆنانی پۆلیمنیا Polyhymnia). یەکێکە لە نۆ پەریی ئیلهامبەخش (میوز). سەرپەرشتیی شیعری غەزەل و شاعیری غەزەلخوان دەکا، واتە خودانبانووی شیعرە.

٧. سروودی پیرۆز: ئەمە نازناوێکە دانتی بۆ کۆمیدیاکەی خۆی بەکاری هێناوە و لە سەرەتای سروودی بیستوپێنجەمی بەهەشتیشدا دووبارە دەبێتەوە. دانتی بۆیە وای پێ دەڵێ، چونکە باسی شتی ئایینیی پیرۆز دەکا و هەم مەبەستی ئەوەیە بەم بەرهەمە ڕێگەی پیرۆزی ڕزگاری پیشانی خەڵک بدا. دانتی ناونیشانی ئەم بەرهەمەی نابوو (کۆمیدیا)، ڕەنگە لەبەر ئەمە بێ پاشان ناوی بەرهەمەکەیان کرد بە (کۆمیدیای یەزدانی).

٨. باخچەی جوان: باخچەی ڕۆحی چاکەکارانە. بیاتریچی لە زۆر هەڵوێستدا داوا لە دانتی دەکا چیدی چاو لەو نەبڕێ و چاو بداتە شتی تر. هەروەکو پەرییەکانیش داوایان لە دانتی کرد بەس چاو ببڕێتە دانتی.

٩. گوڵ: مەبەست مەریای پاکیزەیە.

١٠. مەبەست فریشتە ئیلهامبەخشەکانە (میوز). ژمارەیان نۆیە و ئەمانەن:

پلۆلیینا بۆ شیعری پیرۆز، کالیوپی بۆ شیعری داستان، کلیۆ بۆ مێژوو، یوتیرپی بۆ نای، میلپومینی بۆ تراجیدی، تالیا بۆ کۆمیدی، تریپسیکوری بۆ سەما، ئیراتو بۆ چەنگ و ئۆرانیا بۆ ئەستێرەناسی.

١١. هێزی چاکە: مەبەست مەسیحە.

١٢. مەبەست لە گوڵی جوان مارىای پاکیزەیە، کە لە سروودی ئایینی لیتانیدا بە ئەستێرەی بەیانی باسی کراوە.

١٣. واتە جبریل کە مژدەی لەدایک بوونی عیسای بە ماریا دا.

١٤. چەنگ (قیسارە). لێرەدا ڕەمزە بۆ جبریل. ئاوازی بەرز و دڵبزوێن، مژدە و قسە خۆشەکانییەتی.

١٥. گەوهەری جوان مەبەست ماریای پاکیزەیە.

١٦. ئاسمانی ئاسمانان. پێی دەگوترێ ئیمبریۆ. بەرزترین ئاسمانە و هەموو ئاسمانەکانی دیکەی گرتووەتە ناوخۆی.

١٧. بەتیەی شاهانە: ئاسمانی بزوێنەری یەکەم کە وەکو بەتیە و پەردە وایە بۆ هەشت ئاسمانەکەی تر. ئەم ئاسمانە مژاری ژیان لە خواوە وەردەگرێ و دەینێرێتە خوارەوە.

١٨. ئەم دوو وشەیە بە لاتینی (Regina coeli) واتە شاژنی ئاسمان. ئەمە سەرەتای سروودێکی ئایینییە لە جەژنی (پاک)دا دەخوێنرێتەوە:

.Regina coeli Laetare! Alleluia

Quia quem meruisti Portare Alleluia

Resurrexit, Sicut dixit Alleluia

کاتۆلیکەکان بڕوایان وایە کە پاپا گریگۆریۆی گەورە، لە کاتی پەتای گشتی ساڵی ٨٩٠دا خۆی ئەم سروودەی بەم شێوەیە لە فریشتان بیستووە و ئەم لەتەی بۆ زیاد کردووە:

Ora Pro nobis Deum! Alleluia

١٩. تۆوی چاکە: بڕوا و خواپەرستی.

٢٠. بابل (Babilon) ڕەمزی ژیانی پیس و تەفرە و گەندەڵە لەسەر زەوی. دانتی پێشتر باسی شاژنی بابل و ژیانی گەندەڵی کردووە (دۆزەخ، س٥، د٥٢).

٢١. مەبەست پیر پیترۆسە کە مسیح هەردوو کلیلی وڵاتی ئاسمانانی پێ سپارد.

***

# سروودی بیستوچوارەم[1]

## ئاسمانی هەشتەم

## ئاسمانی هەسارە وەستاوەکان

## پیتروس- ڕەمزی باوەڕ

بیاتریچی ڕۆحی چاکەکارانی دواند و داوای لێ کردن تینوێتی دانتی بە دڵۆپی حیکمەتی یەزدانی بشکێنن. ڕۆحەکان شێوەیەکی بازنەییان بەخۆوە گرت و وەکو ئەستێرەی کلکدار درەوشانەوە. خێرایی سووڕانەوەیان لە دەوری خۆیانەوە بەپێی ڕادەی هەستکردنی ڕۆحەکانی هەر بازنەیەک بە بەختەوەری دەگۆڕا. ڕۆحی پیر پیترۆس لە بازنەی خۆی هاتە دەرەوە. بیاتریچی داوای لێکرد باوەڕی دانتی تاقی بکاتەوە. چۆن یەکێ خۆی بۆ وەرگرتنی بەکەلۆریۆسی زانکۆ ئامادە دەکا، دانتی ئاوها خۆی بۆ تاقیکردنەوەکە ئامادەکرد. پیتروس پرسیاری لێکرد: باوەڕ -ئیمان- چییە؟ دانتی وەڵامی دایەوە: باوەڕ بنچینەی هەر شتێکە کە هیوامان پێ هەبێ. گوتی: ئەو نهێنییانەی ئاسمان کە بە کەرەمی خوا بۆ ئەو ڕوونبوونەتەوە لە تێگەیشتنی خەڵکی سەر ڕووی زەوی شاراوەن. ئەو شتانە بە هۆی باوەڕەوە نەبێ نازانرێن. باوەڕ بنەڕەتی هیوای زانینە. دانتی گوتی: پێویستە مرۆ باوەڕ بخاتە بەر پێوانەی ژیربێژی، نەک تاقیکردنەوەی هەستی. بەمەوە باوەڕ شێوەی بەڵگە وەردەگرێ.

پیر پیتروس بە دڵنیاییەوە گوتی باوەڕی مەسیحیی دانتی لە دراوی پاک پاکترە، ئینجا پرسیاری لە دانتی کرد سەرچاوەی باوەڕی لە کوێوە هاتووە؟ دانتی گوتی: من باوەڕی خۆمم لە تەورات و ئینجیل وەرگرتووە و بە قسەی خودایان دەزانم، چونکە دونیای مەسیحییەت لەژێر ئالآی ئەو دوو کتێبەدا پەرچۆیەکە لە هەموو پەرچۆیان گەورەتر.

دانتی گوتی: من باوەڕم بە یەک تاکە خوا هەیە. هەر هەبووە و هەر دەبێ. هەموو ئاسمانەکان دەسووڕێنێ و خۆی ناسووڕێ، هەروەها گوتی: باوەڕم بە یەک لە سێ و سێ لە یەک هەیە -ئەمە کرۆکی ئایینی مەسیحییە-. هەروەسا گوتی: ناوەرۆکی کتێبی پیرۆزم لە مێشکدا نەخش بووە لە بارەی نهێنیی قووڵی یەزدانییەوە.

ئەو حەلە پیر پیتروس شادبوو بەوقسانەی لە دانتیی بیست و بەدەم سروودچڕینەوە سێ گەڕ بە دەوری دانتیدا سووڕایەوە.

(ئەی هاوڕێی دەستنیشانکراوینە بۆ سەر خوانی[٢] شێوی
بەرخی پیرۆز،[٣] خواردنێکی واتان دەخوارد دەدا
بە یەکجاری تێر دەبن و نازانن برسێتی چییە!
ئەگەر ئەم پیاوە، بە خێر و بەرەکەتی خوا،
پێشەکی بەرماوی سفرەی ئێوە بچێژێ،
بەر لەوەی مەرگ وادەی هەجەلی دیاری بکا،
بیر لە ئارەزووی گەورەی بکەنەوە،
نەختێ شەونمی خۆی لە ڕوو بپرژێنن، چونکە هەمیشە
لەو سەرچاوەیە دەخۆنەوە کە ئەو بیری لێ دەکاتەوە.)
(بیاتریچی) وای گوت و ئەو ڕۆحە شادانە[٤]
وەکو ئەستێرەی کلکدار درەوشانەوە و
وەک بازنە لەسەر تەوەری چەسپیو کەوتنە خولانەوە.
چۆن دوو میلی هەماهەنگی سەعات،
بە جۆرێ دەخولێنەوە، ئەوەی سەیریان بکا
دەبینی یەکێکیان وەستاوە و ئەوەی تر لە پرتاویان مەییوە.[٥]
بەم جۆرە ئەو سەماکەرانە بە سەمای[٦] جیاوازیان،
کە هەندێ خێرا و هەندێ هێدی بوون،
ڕادەی بەختەوەریی خۆیان نیشان دام.
لەناو ئەو کۆمەڵەیەی لە هەموویان جوانتر بوون[٧]
ئاگرێکم دی هاتە دەرەوە
شەوقی لە هەموو ئەوانی دی بڕی.
سێ جار بە دەوری (بیاتریچی)دا سووڕایەوە و
سروودێکی یەزدانیی وای چڕی
نەمتوانی لە زەینی خۆم دووبارەی بکەمەوە.
قەڵەمەکەم قەڵەمباز داوێ و ناتوانم هیچ بنووسم،
چونکە نەک هەر قسە، بەڵکو خەیاڵیشمان
ڕەنگی لە پێویست زرقیتری لە بەردەستدایە.
(ئەی خوشکی پیرۆزم، کە ئاوها بە ملکەچی لێمان دەپاڕێیتەوە،

ئەشقی گڕگرتووی تۆ وام لێ دەکا
نەختێ لەم بازنە جوانە جیاببمەوە.[8] (٣٠)
کاتێ ئاگرە پیرۆزەکە[9] وەستا،
ڕووی هەناسەی کردە خانمەکەم و
ئەوەی پێ گوت کە تۆمارم کردووە. (٣٣)
ئەویش گوتی: (ئەی ئاگری جاویدانی ئەو پیاوە گەورەیە
کە خودان دوو کلیلی بەختەوەریی پێ سپارد و[10]
ئەویش لەو بەزمە ناوازەیەدا بۆ خوارەوەی برد. (٣٦)
چۆن حەز دەکەی ئاوها، ئەم پیاوە تاقی بکەوە[11]
لە شتی سادە و شتی گرنگ
لە بارەی ئەو باوەڕەی وای کرد بەسەر دەریادا بڕۆی.[12] (٣٩)
تۆ لێت بزر نییە تا چ ڕادەیەک ئەشقی چاکەیە و
ئومێدی بە چاکە هەیە و باوەڕی چەند پتەوە،
چونکە ئەو شوێنە دەبینی کە هەموو شتێکی لێ نەخشکراوە، (٤٢)
بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە هاووڵاتییەکانی خۆی
بە بڕوای دروست داڕشتووە،
وا چاکە بۆ ستایشکردنی دەرفەتی باسکردنی پێ بدرێ.) (٤٥)
وەک چۆن قوتابیی بەکالۆریۆس خۆی تەیار دەکا، بەڵام قسە ناکا،
چاوەڕێ دەکا مامۆستا پرسیاری لێ بکا
بۆ ئەوەی بەڵگە پێشکەش بکا، نەک بڕیار بدا. (٤٨)
کە وێ قسەی دەکرد، منیش ئاوها بەلگەم ئامادە دەکرد و
خۆم بۆ مامۆستایەکی وا و
تاقیکردنەوەیەکی وا ئامادە دەکرد. (٥١)
(ئەی گاوری ڕاست، قسە بکە، بڵێ ڕات لە بارەی باوەڕەوە چییە؟)
سەرم بۆ لای ئەو تیشکە هەڵبڕی
کە ئەم قسەیەی لێوە هات. (٥٤)
ڕووم کردە (بیاتریچی). یەکسەر ئاماژەی بۆ کردم
ئاوی هەڵقوڵاوی کانی و سەرچاوەی ناوەوەم

هەڵڕێژمە دەرەوە. (٥٧)
دەستم پێکرد: (هیوادارم ئەو بەرەکەتەی پێم دراوە
تا بەرامبەر فەرماندەی واڵا بەرگری لە باوەڕی خۆم بکەم
توانام پێبدا بە زمانێکی ڕوون بیروڕام دەرببڕم! (٦٠)
هەروەها گوتم: (باوکە، وەکو چۆن خامەی ڕاستگۆی
برای ئازیزت کە لەگەڵ تۆدا ڕۆمای
خستەسەر ڕێگەی ڕاست، نووسیویەتی، [١٣](٦٣)
باوەڕ بنچینەی هەر شتێکە کە جێی ئومێد بێ
بەڵگەی هەر شتێکە کە بە چاو نەدیترێ،
بە لای منەوە ئەمە کرۆکی باوەڕە!) (٦٦)
ئەوسا گوێم لێ بوو: (تۆ بە ڕاست و دروستی بیر دەکەیتەوە،
ئەگەر بزانی هۆی چییە ئەو، یەکەم جار
باوەڕی لەناو کرۆک دانا و ئینجا لەناو بەڵگەی دانا!) (٦٩)
ئینجا گوتم: (ئەو شتانەی قووڵایی
کە دەرفەتم دەدەن لێرە بیانبینم
لە خوارەوە لە بەرچاوی خەڵک بزرن. (٧٢)
ئەمە لەوێ تەنیا لە بیروباوەڕدا هەیە و
ئومێدی باڵای لەسەر بنیادنراوە.
لەبەر ئەوەیە باوەڕ چەمکی کرۆک وەردەگرێ. (٧٥)
بێ دیتنی هیچ شتی تر،
بە هێزی پێوانە دەگەینە کۆمەڵێ ئەنجام
لەبەر ئەوەیە باوەڕ چەمکی بەڵگە وەردەگرێ.). (٧٨)
ئەو حەلە گوێم لێ بوو: (ئەگەر هەرچی لە دونیادا
بە ڕێنمایی دەست بکەوێ، بەم جۆرە دەرک بکرایە
دەرفەت بۆ پیلەکەی سوفستاییەکان[١٤] نەدەبوو.) (٨١)
ئەو ئەشقە داگیرساوە، بەم جۆرە هەناسەی بزووت،
ئینجا گوتی: (تۆ سەنگی بۆتە و عەیاری ئەم دراوەت
بە چاکی تاوتوو کردووە، (٨٤)

بەڵام پێم بڵێ ئایا ئەم دراوە لەناو کیسەی خۆتدایە؟)
گوتم: (بەڵێ، ئەوەند خڕ و بریقەدارە،
هیچ گومانم لە دارشتنی سافیدا نییە.) (٨٧)
ئینجا ئەو تیشکەی بە شکۆمەندی دەدرەوشایەوە
ئەمەی لە ناخەوە هاتە دەرێ: (ئەم گەوهەرە بەهادارەی[١٥]
هەموو شتێکی لەسەر بینادنراوە، (٩٠)
لە کوێوە بۆ تۆ هات؟) پێم گوت: (بارانی خوڕ[١٦]
کە لە (ڕۆحی پیرۆز)ەوە دێ و
بەسەر تابلۆی کۆن و تابلۆی نوێدا دادەکات، (٩٣)
بەڵگەیەکە ئەوەندە بە ڕوونی ئەمەی بۆ سەلماندم
هەموو بەڵگەیەکی تری لە بەردەمدا
کوڵ و بێ تۆق و ڕفۆکە!) (٩٦)
پاشان گوێم لێبوو: (ئەو دوو پێشەکییە
کۆن و نوێیەی بەم ئەنجامەت دەگەیەنن،
بۆچی بە قسەی خودایان دەزانی؟) (٩٩)
گوتم: (ئەو بەڵگەیەی ڕاستیم بۆ دەردەخا،
ئەو کردەوانەن کە دوای ئەوانە هاتوون و
سروشت نە ئاسنی بۆ سوور کردووەتەوە و نە زیندانی بۆ کوتاوە. (١٠٢)
وەڵامم بۆ هاتەوە: (پێم بڵێ، کێ دڵنیات دەکا
ئەم کردەوانە هەبوون؟ ئەوەی ئەمەی پێ دەسەلمێنی،
خۆی پێویستی بە سەلماندنە.) (١٠٥)
گوتم: (ئەگەر دونیا بێ موعجیزە، ڕووی کردبێتە گاوراتی،
ئەمە خۆی لە خۆیەوە موعجیزەیە،
موعجیزەکانی تر بە سەدەیەکی ئەمە ناگەن. (١٠٨)
تۆ بە هەژاری و برسێتی[١٧] چوویتە مەیدانی ئەم زەوییە
بۆ ئەوەی شتڵێکی باش بچێنی،
جاران مێوی لێ دەڕوا، ئێستا زیوانی تێدایە.) (١١١)
دادگای بەرز و پیرۆز کۆتایی هات و

بەو ئاوازەی لەو بەرزاییە گۆرانیی پێ دەڵێن
سروودی (ستایشی خوا دەکەین) یان لە ئاسمان چڕی. (١١٤)
ئەو بارۆنەی[١٨] دەم بە تاقیکردنەوە،
منی ئەوەندە لە چڵێکەوە بۆ چڵێکی تر بەرزکردەوە،
تا لە گەڵای چڵەپۆپە[١٩] نزیک کەوتینەوە. (١١٧)
دەستی بە قسە کرد: (ئەو نیعمەتەی بە ئەشق ختووکەی یادت دەدا
تا ئێستا دەمی بەو جۆرە کردیتەوە
کە دەبێ وا بکرێتەوە. (١٢٠)
چی لەو دەمە هاتووەتە دەرێ هەمووی دەسەلمێنم،
بەڵام پێویستە ئێستا بڵێی
باوەڕت بە چ هەیە و لە کوێوە بۆت هاتووە؟) (١٢٣)
گوتم: (ئەی باوکی پیرۆز، ئەی ئەو ڕۆحەی،
ئێستا ئەو شتە دەبینی کە باوەڕت پێی هەبوو،
بە جۆرێ بەرەو مردن ڕاتکرد، قاچی گەنجترت جێهێشت.)(١٢٦)
بەم جۆرە، دەستم پێکرد: (تۆ دەتەوێ
من کرۆکی باوەڕی گەرمی خۆمت بۆ ڕوون بکەمەوە
دەپرسی بنچینەی باوەڕم چییە؟ (١٢٩)
وەڵامت دەدەمەوە: (من بڕوام بە خودای تاک و تەنیا و ئەبەدی هەیە
کە بە ئەشق و ئارەزوو هەموو ئاسمانان دەسووڕێنێ
کەچی خۆی بێ جووڵە و بێ سووڕانەوەیە.[٢٠] (١٣٢)
بۆ ئەو باوەڕەیش، نەک تەنیا بەڵگەی
سروشتی و ئەو دیو سروشتیم هەیە،
بەڵکو ئەو ڕاستییەشم لایە کە لێرە دادەبارێ. (١٣٥)
لە ڕێی مۆیزێ و لە ڕێی پێغەمبەرەکان و لە ڕێی زەبوورەوە،
لە ڕێی ئینجیل و لە ڕێی ئێوەوە کە دوای ئەوەی
(ڕۆحی بڵێسەدار) پیرۆزی کردن دەستتان بە نووسین کرد. (١٣٨)
من بڕوام بە سێ زاتی جاویدان هەیە،
بڕوام وایە هەموویان یەک گەوهەرن، هەریەکە وەکو هەرسێکیان وایە،

لە یەک کاتدا (هەن) و (هەیە)یان[21] بۆ بەکاردێ. (١٤١)
لە نهێنیی قووڵی یەزدانیدا کە ئەوەتا باسی دەکەم،
ڕۆحم زۆر جار نەخشی
شەقڵی ڕێنماییەکانی ئینجیل دەگرێ. (١٤٤)
ئەمەیە بنەما و سەرەتا
ئەمەیە ئەو گڕەی دەکشێ و دەبێ بە بڵێسەیەکی کڵپەدار و
وەکو ئەستێرەی ئاسمان لە ناخمدا دەدرەوشێتەوە. (١٤٧)
وەک ئاغایەک کە سالوخێکی خۆش دەبیسێ
بە بێدەنگی نۆکەرەکەی ماچ دەکا،
لەو خەبەرە خۆشەدا نوقمی شادی دەبێ. (١٥٠)
بەم ئاوایە، کە بێدەنگ بووم، بڵێسەی ئەو یاوەرەی
بە فەرموودەی ئەو دوام، بە سروودخوێندن پیرۆزی کردم و
سێ جار بە دەوامدا سووڕایەوە.[22] (١٥٣)
وەڵامەکەمی زۆر بەدڵ بوو. (١٥٤)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوچوارەم

١. ئەمە سردووی دووەمی تایبەتە بە ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان. پێی دەگوترێ (سروودی بڕوا).

٢. ئەمە ئاماژەیە بۆ دوا ژەم کە عیسا لەگەڵ یاوەرەکانی خواردی و پاش نەختێ بە هۆی ناپاکیی یەهووداوە، دوژمنان ناسییان و گرتیان و بردیان. ئەم ژەمە خواردنە لای مەسیحییەکان گرینگییەکی زۆری هەیە. پێی دەگوترێ (Cena).

٣. بەرخی پیرۆز: مەبەست عیسای مەسیحە. ئێمە لە کوردیدا بە پیاوی بێزەڕ دەڵێین: دەڵێی مەڕی خوایە.

٤. ڕۆحی شاد: مەبەست یاوەرەکانی حەزرەتی مەسیحە.

٥. دانتی لێرەدا لێکچواندنەکەی لە میلەکانی سەعات وەرگرتووە. سەعات سێ میلی هەیە: سەعاتژمێر و خولەکژمێر و چرکەژمێر. یەکەم ئەوەندە سستە هەست بە جوولانەوەی ناکرێ، دووەم مام ناوەندەییە، کەچی سێیەم هەر ڕادەکا.

٦. ئاماژەیە بۆ جۆرە شاییەکی کۆنی ئیتالی کە جوولانەوەیەکی توند و خێرای تێدایە و سەماکەرەکان بەدەم ئاواز و گۆرانییەوە وەکو ڕاکردن دەجووڵێن.

٧. ئەمە ڕۆحی پیر پیترۆسە کە گەورەترین یاوەری عیسا بوو.

٨. پیترۆس باس دەکا شەوقی بیاتریچی وای لێ کردووە لە یاوەرەکانی تر جیابێتەوە و بێتە لای ئەم و دانتی و بزانێ بیاتریچی چ داوایەکی هەیە تا بە مسیحی ڕابگەیەنێ.

٩. ئاگری پیرۆز، مەبەست پیر پیترۆسە.

١٠. واتە خودا دوو کلیلی بە پیر پیترۆس سپارد.

١١. بیاتریچی داوا لە پیر پیترۆس دەکا لە بارەی بیروباوەڕەوە دانتی تاقی بکاتەوە. لێرەدا دانتی وەکو شاگردێک وایە ئامادەیە وەڵامی هەموو پرسیارێک بداتەوە. لە هەمان کاتدا لە وەڵامەکانیدا دەردەکەوێ چەند بەسەر بابەتەکاندا زاڵە، بۆیە لێرەدا وەکو شاگرد و مامۆستا دەردەکەوێ.

١٢. ئاماژەیە بۆ ئەوە چۆن پیر پیترۆس لە دوای مەسیح، بەسەر گۆلی تەبەرییەدا ڕۆیشت.

١٣. ئاماژەیە بۆ پیر پۆلس کە لەگەڵ پیر پیترۆس چووە ڕۆما بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و هەردووکیان کوژران.

١٤. سۆفیستا (Sofista) مەبەست ڕێبازی سۆفستاییەکانە. کە هەوڵ دەدەن بە پیلەکە ڕاستی بە هەڵە پیشان بدەن. کریتیاس و پرۆتاگۆراس لە پێشەواکانی ئەم ڕێبازە بوون کە سوکرات هەمیشە دژی بیروڕاکانیان دەوەستا.

١٥. گەوهەری بەنرخ، یانی باوەڕ.

١٦. باران: مەبەست ئیلهامی خودایە.

(٢٠) هەژاری و برسێتی: مەبەست هەژاری و برسێتیی پیترۆسە کە بەبێ هیچ توانایەکی مادی چووە مەیدانی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی و سەرکەوتوویش بوو.

١٨. بارۆن (Barona) نازناوێکی نەجیبزادەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایە کە زنجیرەی پایەیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەم جۆرەیە: (دۆک (دوق)، مارکی (مارکیز)، کۆنت، ڤیکۆنت، بارۆن).

١٩. واتە تا دواپرسیار.

٢٠. لێرەدا سێ سیفەتی خودای هێناوە: (تاکە) وەکو ئەوە نییە کە وەسەنییەکان داوای دەکەن. (ئەبەدییە)یە، واتە هەر هەبووە و هەر دەبێ. نە خەلق بووە و نە دەمرێ. (بزوێنەری یەکەمە) واتە هەموو شتێ ئەو دروستی کردووە.

٢١. ئاماژەیە بۆ سێ لە یەک و یەک لە سێدا. لێرەدا بە فەرمانی بێهێز ئاماژەی بۆ کردووە: (SONO) بۆ کۆیە و (ESTE) بۆ تاکە.

٢٢. پیترۆس سێ جار بە دەوری دانتیدا سووڕایەوە. ژمارە سێ ڕەمزە بۆ سییانەی ئایینی مەسیحی.

***

# سروودی بیستوپێنجەم[1]

## ئاسمانی هەشتەم

## ئەستێرە وەستاوەکان

## یاقووب و ئومێد

دانتی گوتی ئەگەر بێتو کۆمیدیا بە هونەر و زانستی خۆی بەسەر دوژمنە درەندەکانیدا زاڵ ببێ، ئەم بە پیری دەگەڕێتەوە فلۆرەنسا و لە ئاوەمۆرگەی سان جیۆڤاننی تاجەگوڵینەی میری شاعیرانی لە سەر دەنێن. ئەوسا ڕۆحی پیر یاقووب لە ناو ئەڵقەی چاکەکاران هاتە دەرەوە و ڕووی کردە ڕۆحی پیر پیتروس. یاقووب داوای لە دانتی کرد پڕ بە دڵ متمانەی هەبێ، ئینجا لێی پرسی هیوا چییە و چۆن دڵی پێ دەگەشێتەوە و لە کوێوە بۆی دێ؟ بیاتریچی دەستپێشخەریی کرد و دەستی بە قسە کرد، گوتی: کەس نییە بەقەد دانتی دڵی پڕ متمانە بێ. ئەوەتا بەر لەوەی بمرێ هاتووەتە ئاسمان. ئینجا دانتی گوتی: هیوا چاوەڕێکردنی بە متمانەیە بۆ شکۆمەندیی ئاسمان، هەروەها گوتی نووری هیوای لە کتێبی پیرۆز و لە داودەوە بۆ دێ کە لە زەبوورەکانیدا سروود بە هیوا هەڵدەڵێ. ئیتر دڵی هەردەم پڕە لە متمانە و متمانە دەخاتە دڵی خەڵکیشەوە. ڕۆحی یاقووب لە خۆشیی ئەو قسانە ڕاچڵەکی و درەوشایەوە. یاقووب پرسیاری لە دانتی کرد هیوا چ ئاواتێکی دێنێتە دی؟ دانتی بۆ کتێبی پیرۆز گەڕایەوە کە دەڵێ ئامانجی هیوا بەختەوەریی جاویدانییە.

ئینجا ڕۆحی یوحەننای ئینجیلی دەرکەوت و ڕووی کردە پیتروس و یاقووب و هەرسێکیان بەیەکەوە دەستیان بە سەما و سروودخوانی کرد. دانتی چاوی لە دیار ئەو تیشکە زەقبووەوە کە لە یوحەننای ئینجیلییەوە دەهات. ئەوەبوو گوتی، جەستەی من خۆڵی ناو خۆڵە و لە مەسیح و مارىای پاکیزە پێوە کەس بە ڕۆح و جەستە نەچووەتە ئاسمان.

دانتی کە چاوی دەوروبەری خۆی نەبینی، پەشۆکا.

ئەگەر هاتو ئەو بەیتە پیرۆزەیە[٢]
کە زەوی و ئاسمان[٣] دەستی یارمەتییان بۆ درێژکردووە و
ئەوەندە ساڵە لەڕ و لاوازی کردووم، (٣)
ئەگەر هاتو بەسەر ئەو دڕندانەدا زاڵ بوو کە نەیانهێشت
بچمەوە ناو کۆزی[٤] جوانم، وەک بەرخی[٥] دوژمنی
ئەو گورگانەی هێرشیان کردە سەرم.[٦] (٦)
بە دەنگێکی تر و بە بەرگێکی تر[٧]
وەکو شاعیرێک دەگەڕێمەوە و لەسەر جورنی ئاوەمۆرگە[٨]
تاجی سەرکەوتن لە سەر دەنێم.[٩] (٩)
لەوێ.[١٠] بووم بە خاوەنی ئەو باوەڕەی[١١]
رۆحەکان بە خودا دەناسێنێ و لەسای ئەو باوەڕەیش بوو
(پییترۆ) ئەڵقەگوڵی لە تەوێڵم بەست. (١٢)
ئەوسا لەناو ئەو بازنەیەدا کە ئەم یاوەری یەکەمەی
مەسیحی لێ هاتە دەرەوە،
تیشکێک بەرەوڕوومانەوە هات. (١٥)
خانمەکەم، سەرشار لە شادی، پێی گوتم:
سەیر کە! سەیر کە! سەیری ئەو (بارۆنە) بکە[١٢]
کە خەڵک بۆ خاتری وی، لە دونیادا سەردانی (گالیتسیا) دەکەن. (١٨)
چۆن کۆترێ لەتەک جووتەکەی دەنیشێ و
هەردووکیان گمەگم دەکەن و بە دەوری یەکتردا دەسووڕێنەوە و
خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەک و دوو دەردەبڕن، (٢١)
ئاوها ئەو دوو شازادە گەورە و[١٣] شکۆدارەم بینی
پێشوازیی یەکتریان کرد و بەو زادەیان هەڵگوت
کە لەو بەرزاییە خواردیان. (٢٤)
کە پێشوازی و پیاهەڵدانیان تەواوبوو
هەردووکیان بە بێدەنگی بەرامبەرم وەستان و
بە جۆرێ بریقانەوە، چاویان پێ دانەواندم. (٢٧)
ئەوسا (بیاتریچی) بە خەندە و پێکەنین گوتی:

ئەی ڕۆحی ناودار تۆ
کە بەخشندەییت بۆ کڵێسەکەمان[14] تۆمار کردووە، (٣٠)
بانگی ئومێد لەم شوێنە بەرزەدا بخەرە زایەڵە و دەنگدانەوە،
خۆت دەزانی هەر جارەی عیسا سۆزی خۆی
بەسەر ئەو سێیەدا[15] ڕشتبێ، تۆ ڕەمزی ئومێد بووی.[16] (٣٣)
سەر هەڵبڕە و دڵت پڕ متمانە کە
ئەوەی لە دونیای خاکییەوە هەڵکشێ بۆ ئێرە،
دەبێ بە تیشکی ئێمە بکوڵێ و پێبگا. (٣٦)
ئەم هاندانەم لە بڵێسەی دووەمینەوە بۆ هات
پێشتر چاوم لەبەر قورسی هەڵنەدەهات
ئێستا چاوم بۆ ئەو دوو ترۆپکەیە[17] هەڵبڕی. (٣٩)
(مادەم ئیمپراتۆرەکەمان،[18] بە نیعمەتی خۆی، دەیەوێ
کە تۆ پێش مردن، لە ژووری هەرە نهێنیی ئەودا،
ڕووبەڕووی کۆنتەکانی ئەو ببیتەوە، (٤٢)
کاتێ ڕاستەقینەی ئەم بارەگایەت زانی،
ئەو هیوایەی لە دونیای خوارەوە ئەشقی چاکە دادەگیرسێنێ،
لە خۆت و لەوانی تردا بەهێز و پتەو دەکەی. (٤٥)
پێم بڵێ هیوا چییە و چۆن ڕۆحت پێ دەڕازێتەوە؟[19]
پێم بڵێ لە کوێوە بۆت دێ؟)
تیشکی دووەم بەم جۆرە هاتە گۆ.(٤٨)
ئەو خانمە میهرەبانەی بۆ ئەم فڕینە بەرزە
ڕێنمایی پەڕوباڵی کردم،
لە وەڵامدا دەستپێشخەریی کرد و بەر لە من گوتی: (٥١)
کڵێسە تێکۆشەرەکەمان هیچ کوڕی نییە لەوە بەهیواتر بێ
وەک لەسەر ڕووی خۆر[20] نووسراوە
کە تیشکی دەگاتە سەر هەموو حەشیمەتەکەمان. (٥٤)
بۆیە بۆی لوا لە ئیجیتتۆوە[21] بێتە یورۆسالیمی[22]
ئەو هەموو دیمەنانە ببینێ

بەر لەوەی ماوەی تێکۆشانی تەواو ببێ. (٥٧)
دوو پرسیارەکەی تریش کە لێت پرسیوە،
نەک بۆ ئەوەی وەڵامەکان بزانی،
بەڵکو بۆ ئەوە ڕوون بکاتەوە[٢٣] تۆ تا چ ڕادەیەک ئەم چاکەیەت بەدڵە، (٦٠)
بۆ خۆی لێ دەگەڕێم، چونکە وەڵامەکەی بۆ وی دژوار نییە و
نابێتە جێگەی خۆڕانان.
با خۆی بە پشتوپەناهی خوا وەڵامت بداتەوە. (٦٣)
وەک شاگردێ کە بە دڵنیایی و بێ دۆشدامان
ئەوەی باش دەیزانێ بۆ مامۆستای باس دەکا
بۆ ئەوەی توانا و شارەزایی خۆی پێشان بدا، (٦٦)
گوتم: (هیوا، چاوڕێکردنی بە متمانەیە
بۆ شکۆمەندیی ئایندە،
کە بەرهەمی نیعمەتی یەزدانی و شایستەیی دێرینمانە. (٦٩)
ئەو تیشکەم لە زۆر ئەستێرەوە[٢٤] بۆ دێ،
بەڵام سرووبێژی[٢٥] هەرەگەورەی مەزنترین سەرکردە بوو،[٢٦]
یەکەم جار چکاندییە ناو دڵم. (٧٢)
لە زەبووری خۆیدا دەڵێ:
(ئەوانەی ناوت دەزانن، با هیوایان بە تۆ بێ!)
کێ هەیە باوەڕی منی هەبێ و ئەم ناوە نەزانێ! (٧٥)
تۆ چکاندتە سەر من لەگەڵ ئەوەی پاشان لە نامەکەتدا چکاندتە سەر ئەو
ئیتر هەموو گیانم پێ سیخناخ بووە و
بارانی تۆ بەسەر ئەوانی دیدا دەبارێنم.) (٧٨)
کاتێ کە قسەم دەکرد، تیشکێکی کتوپڕ
وەک برووسکە چەند جار لەسەر یەک،
لە ناوجەرگەی ئەم ئاگرە کڵپەدارە هەژایەوە. (٨١)
ئینجا گوتی: (ئەو ئەشقەی ئێستایش تێیدا دەسووتێم
بۆ ئەو نیعمەی تا بن دارخورما و
تا دەرچوونم لە مەیدان، شوێنم کەوت، (٨٤)

دەیەوێ بۆت باس بکەم، بۆ تۆ کە پێی شاد دەبی،
پێم خۆشە باس بکەی:
هیوا چ بەڵێنێکت پێ دەدا؟) (٨٧)
گوتم: (پەیمانی نوێ و پەیمانی کۆن
ئامانجی ئەو ڕۆحانە دیاری دەکەن کە خوا کردوونی بە دۆستی خۆی،
ئەمەیش ئەو بەڵێنەم بۆ دەردەخا کە پێم دراوە. (٩٠)
ئیزایا دەڵێ: (هەریەکەمان لە نیشتمانی خۆیدا
بەرگێکی دوو چەندانی دەکرێتە بەر و
نیشتمانەکەیشی ئەم ژیانە خۆش و بەختەوەرەیە. (٩٣)
برایشت[٢٧] کە باسی جلی سپی دەکا،
بە شێوازێکی زۆر ڕوون
ئەم خەون و ئیلهامەمانە پێشکێش دەکا. (٩٦)
دوای ئەم قسانە، یەکەم جار
لە سەرەوەی خۆمان، گوێمان لێ بوو: (با ئومێدیان بە تۆ بێ!)
هەموو بازنەکان دووبارەیان کردەوە. (٩٩)
ئینجا لەناو ئەو بازنانەوە تیشکێ[٢٨] بڵاچەیەکی
ئەوەندە گەشی هاویشت، ئەگەر بورجی قرژاڵ[٢٩] بلوورێکی وای هەبوایە،
مانگێکی زستان هەمووی هەر ڕۆژگار دەبوو. (١٠٢)
وەک چۆن کچێکی پاکیزە قیت دەبێتەوە و دەڕوا و
دەچێتە گەڕی سەما و هەڵپەرکێ،
تەنیا بۆ خۆشکردنی دڵی بووک، نەک بۆ لەنجەولار (١٠٥)
بەم جۆرە، دیم بڵاچەیەکی گەش[٣٠] بۆ لای ئەو دوانە هات
کە بە شێوەیەکی بازنەیی دەسووڕانەوە
لەگەڵ ئەو ئاوازەی لە ئەشقی کڵپەداریاندا بوو. (١٠٨)
بڵاچەکە خۆی فڕیدایە ناو گەڕی سەما و گۆرانی
خانمەکەم[٣١] وەک بووکێکی هێمن و بێدەنگ
چاوی تێبڕین. (١١١)
(ئەمە ئەو کەسەیە کە لەسەر سینگی ماسیگرەی ئێمە ڕاکشا و[٣٢]

ئەمە ئەو کەسەیە لەسەر خاچ
بۆ ئەرک و پایەیەکی گەورە دەستنیشان کرا.)[٣٣] (١١٤)
خانمەکەم ئاوها دوا، بەڵام نە پێشتر و نە پاشتر
قسەکانی ڕێگەی سەیرکردنی
وردیان لێ نەگرت. (١١٧)
وەک ئەو کەسەی چاو دەبڕێتە خۆر
کە نەختێکی دەگیرێ و تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی ببینێ،
لە هەوڵی دیتنی خۆردا، بینایی لەکار دەکەوێ. (١٢٠)
منیش بەرامبەر بەم تیشکەی دواوە[٣٤] وا بووم
تا دەنگێ هات پێی گوتم: (بۆچی خۆت وڕوگێژ دەکەی
بۆ بینینی شتێ کە لێرەدا نییە. (١٢٣)
جەستەی من تەنیا خۆڵ لەسەر خۆڵە و بەس.
تا ژمارەمان لەگەڵ هیوای ئەبەدیدا یەکسان دەبێ،
لەگەڵ ئەوانی تردا هەر لەوێ دەبی. (١٢٦)
تەنیا ئەو دوو بڵێسەیە بوون، بە جلی خۆیانەوە،
بۆ ناو ئابیدەی پیرۆز هەڵکشان،
تۆ ئەم خەبەرە، بۆ دونیای خۆتان دەبەیتەوە. (١٢٩)
بازنەی کڵپەدار، بەم قسەیە لە جووڵە وەستا،
ئەو نەوا و ئاوازەیش کە لە سێ دەنگەکەوە[٣٥] دەهات
لەگەڵ ئەوەوە وەستان. (١٣٢)
چۆن ئەو سەوڵانەی ئاو شەق دەکەن،
بۆ دوورکەوتنەوە لە شەکەتی و مەترسی،
لەگەڵ دەنگی فیکفیکەی، هەموو دەوەستن، (١٣٥)
ئاخ! ڕۆحم چەند پەشۆکا،
کە ئاوەڕم دایەوە بۆ ئەوەی (بیاتریچی) ببینم و
نەمدی، هەرچەندە (١٣٨)
لە تەک ئەو و لە دونیای چاکەکاراندا بووم! (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوپێنجەم

١. ئەمە سروودی سێیەمە تایبەتە بە ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان. پێی دەگوترێ (سروودی هیوا).

٢. نووسراوی پیرۆز: مەبەستی (کۆمیدیا)یە.

٣. زەوی و ئاسمان، واتە زانستی دنیایی و دینی، چاکە و خراپە، کەرەستەی نووسینی کۆمیدیایان بۆ دانتی دابین کردووە.

٤. کۆزی جوان. کۆز شوێنی داکردنی بەرخە، مەبەست فلۆرەنسایە کە لە ئیتالیا پێیان دەگوت (فلۆرەنسای جوان).

٥. بەرخ: دانتی خۆی بە بەرخ دەچوێنێ کە ڕەمزی بێگوناهییە. دانتی بەمەوە ئاماژە بۆ ئاشتیخوازی و پەیڕەوکردنی یاسای خۆی دەکا ئەو کاتەی کە لە فلۆرەنسا دەژیا.

٦. گورگ: مەبەست ناودار و دەستڕۆیشتووەکانی فلۆرەنسایە کە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان شارەکەی خۆیان تووشی شەڕ دەکرد و لەگەڵ شارەکانی تر و لەناو شاریشدا، ئاگری ناکۆکی و دووبەرەکییان لە بەینی خەڵک دادەگیرساند، جگە لە دوژمنەکانی دانتی خۆی کە بنەماڵەی ئانژوو و پاپا بوون.

٧. بە دەنگێکی تر و بە بەرگێکی تر: واتە دانتی بە گەنجی ناگەڕێتەوە فلۆرەنسا، بەڵکو بە پیری و ڕیشسپییەتی دەگەڕێتەوە. بە دەنگێکی تر، واتە نەک وەکو شاعیرێکی غەزەلخوان، بەڵکو وەکو شاعیرێکی گەورە کە بەرهەمێکی ئایینیی وەکو (کۆمیدیا)ی نووسیوە. بە بەرگێکی تر، واتە کە لە فلۆرەنسا ڕۆیشت، خۆی گەنج و قژی ڕەش بوو، ئیستا کە دەگەڕێتەوە (ئەگەر بگەڕێتەوە) سەر و ڕیشی سپی بووە.

٨. ئاوەمۆرگەی خۆی: مەبەست کڵێسەی گەورەی (سان جیۆڤاننی)یە لە فلۆرەنسا کە دانتیی لێ ئاوەمۆر کرابوو. دانتی هەر بەهیوا بوو بگەڕێتەوە فلۆرەنسا. کاتێ ئەم سروودەی دەنووسی (دەوری ١٣١٨) بارودۆخی سیاسی لەباربوو بۆ گەڕانەوە، چونکە گەلفەکان چەند جارێک هێرشیان کردە سەر خاکی فلۆرەنسا. وەکو هێرشەکەی کاستروچیۆ کاستراکانی. دانتی هەرچەندە لە سروودی پێشوودا خەریکی وەلامدانەوەی پرسیارەکانی پیر پیتروس بوو، بەلام فلۆرەنسای هەر لە بەرچاو بوو. هەر بە تاجەگوڵینەی ئاسمان دڵی دانەدەکەوت، بەڵکو بە پەرۆشەوە بوو تاجەگوڵینەی ئاوەمۆرگەی فلۆرەنسایش وەربگرێ.

٩. تاج لەسەر دەنێم: ئاماژەیە بۆ ئەڵقەی گەلای درەختی غار کە بۆ ڕێزلێنان لە سەری شاعیر و هونەرمەندانیان دەنا.

١٠. لەوێ: لە کڵێسەی سان جیۆڤاننی.

١١. بەو باوڕەوە: باوەڕی مەسیحی.

١٢. بارۆن: مەبەست پیر یاقووبی برای یوحەننای ئینجیلییە. مەسیحییەتی لە ئەسپانیا بڵاوکردەوە و گەڕایەوە ئۆرشەلیم و ساڵی ٤٤ هیرۆد جریپا کوشتی. تەرمەکەیان بردەوە ئەسپانیا و لە سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا، لە گالیچیا (Galicia) نێژرا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئارامگەی سان یاقووب بووبوو بە مەزارگە و مەسیحی لە هەموو لایەکی دونیاوە دەچوونە زیارەتی.

١٣. دوو میری مەزن: مەبەست پیر پیترۆس و پیر یاقووبە.

١٤. کڵێسەی گەورەمان: بارەگای ئاسمانی.

١٥. ئەو سێ کەسە یاوەری عیسا بوون: پیترۆس و یوحەننا و یاقووب. پیترۆس ڕەمزی باوەڕ و یوحەننا ڕەمزی چاکە و یاقووب ڕەمزی ئومێد بوو.

١٦. ئەو سێ جارەی عیسا خۆی نیشانی ئەو سێ یاوەرەی دا ئەمانە بوو:

جارێکیان لە کاتی زیندووکردنەوەی کچی (جیارۆ) (Giaro). ئەوە بوو کابرایەک بە ناوی جیارۆ لەناکاو هات و خۆی هاوێشتە سەر پێی عیسا و داوای لێکرد تا ماڵەکەی بچێ. کچێکی تەمەن دوازدە ساڵی هەیە و لە گیانەلادایە. لەو کاتەدا یەکێ هات بە کابرای گوت کچەکەت مرد. عیسا گوتی مەترسە. لەگەڵ پیترۆس و یوحەننا و یاقووب چووە ماڵی کابرا. دەستی کچەکەی گرت و هاواری کرد: کچەکە هەستەوە! خودا ڕۆحی هێنایەوە بەر و کچەکە هەستایەوە... عیسا پێی گوتن ئەمە لای کەس باس مەکەن.

جاری دووەم گۆڕانی شکڵ و سیمای عیسا بوو. عیسا لەگەڵ پیترۆس و یوحەننا و یاقووب چووە خەڵوەتگەیەک لە چیادا. لە بەرچاوی یاوەرەکانی سیمای گۆڕا. ڕووی وەکو خۆر درەوشایەوە و جلی وەکو نوورێکی سپیی لێهات. لە ناکاو مووسا و ئەلیاس پەیدابوون و لەگەڵ عیسا کەوتنە گفتوگۆ. پیتروس بە عیسای گوت جێگەکەمان باش نییە، ئەگەر بفەرمووی سێ سابات دروست دەکەین: یەک بۆ تۆ، یەک بۆ مووسا، یەک بۆ ئەلیاس. هێشتا قسەکەی لەدەم نەهاتبووە دەرێ، لەپڕ هەورێکی درەوشاوە سێبەری لەسەر کردن و دەنگێ لە هەورەکەوە هات. کە یاوەرەکان گوێیان لێ بوو لەسەر ڕوو کەوتن. عیسا ڤیتیکردنەوە، گوتی مەترسن. کە چاویان کردەوە، لە عیسا بەولاوە کەس لەوێ نەمابوو. عیسا پێی گوتن ئەم شتە بۆ کەس مەگێڕنەوە.

جاری سێیەم دوعای عیسایە لەسەر چیای (جێتسمانی Getsmani): عیسا لەگەڵ یاوەرەکانی چووە شوێنێ پێی دەگوترێ جێتسمانی و پێی گوتن: ئێوە لێرە بن،

من دەچم لەوێ دوعا دەکەم، ئینجا پیتروس و دوو کوڕەکەی زەبەدی (یوحەننا و یاقووب)ی لەگەڵ خۆی برد. پەشۆکا و خەم دایگرت و پێی گوتن: ڕۆحم تا ڕادەی مردن نارەحەتە، ئێوە لێرەبن چاودێریی من بکەن نەختێکی تر ڕۆیشت، کەوتە سەر ڕووو و پاڕایەوە: باوکە، ئەگەر دەکرێ ئەو بادەیەم لێ دووربخەوە، ئەویش نەک بە ئارەزووی من، بەڵکو بە ئارەزووی خۆت. ئینجا گەڕایەوە لای یاوەرەکانی، دیتی خەوتوون. گوتی: پیاوینە، نەتانتوانی یەک سەعات ئێشکمان لێ بگرن! ئینجا بە پیتروسی گوت: چاودێریی بکا و دوعا بکا دالغەی نەڕوا. ڕۆح ئارەزوو دەکا، بەلام لەش ئەو هێزەی تێدا نییە. بۆ جاری دووەم ڕۆیشت. چوو دوعای کرد: باوکە، ئەگەر ناکرێ ئەم بادەیە دووربخەیتەوە و هەر دەبێ بیخۆمەوە، تۆ ئیرادەی چیت لەسەرە، با وابێ. کە هاتەوە، دیسان دیتی خەوتوون، چاویان قورس بووبوو. جێی هێشتن و دیسان ڕۆیشت و بۆ جاری سێیەم دوعای تری کرد و هەمان شتی گوت. ئینجا گەڕایەوە لای یاوەرەکانی و پێی گوتن: ئەوە هێشتا خەوتوون و پاڵتان داوەتەوە؟ سەیر کەن! وادەکە نزیک بووەتەوە. کوڕی بنیادەم دەدرێتە دەست تاوانباران. هەستن، با لێرە بڕۆین! ئەوەتا ئەوەی ناپاکیم لەگەڵدا دەکا وا هات.

١٧. مەبەست لە دوو ترۆپک پیترۆس و یاقووبە.

١٨. لێرەدا ئیمپراتۆر مەبەست خودایە.

١٩. ئەمە ڕۆحی یاقووبە بە یەک جار سێ پرسیار لە دانتی دەکا، پێشتریش پیر پیترۆس، لە شوێنی جیاجیادا سێ پرسیاری لە دانتی کردووە.

٢٠. خۆر ڕەمزی خودایە.

٢١. (Egitto ئیجیتتۆ): میسر، لێرەدا ڕەمزە بۆ ژیانی سەرزەوی.

٢٢. یورۆسالیممی، ئۆرشەلیم (بیت المقدس)، لێرەدا ڕەمزە بۆ ئاسمان.

٢٣. ئاماژەیە بۆ پرسیاری یەکەم و سێیەمی یاقووب کە وەڵامدانەوەیان بۆ عیسا گران نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەنگە پرسیاری دووەم بە لافلێدان لێک بدرێتەوە، خۆی وەڵامی ناداتەوە، (بیاتریچی) لەباتی ئەو وەڵام دەداتەوە.

٢٤. مەبەستی بە ئەستێرە ئەو نووسەرانەیە کە کتێبی پیرۆزیان نووسیوەتەوە، یان ڕەنگە مەبەست باوکەکانی کڵێسە و زاناکانی لاهووت بێ بە گشتی.

٢٥. مەبەست داود پێغەمبەرە کە لە زەبووردا ستایشی هیوا و ئاوات دەکا.

٢٦. گەورەترین سەرکردە: مەبەست خودایە.

٢٧. پیر یوحەننا برای پیر یاقووبی بچووک نییە، برای یاقووبی گەورەیە.

٢٨. ئەمە ڕۆحی یوحەننای ئینجیلیی کوڕی زەبەدییە کە ماسیگر بوو لە جەلیل. دانەری ئینجیلی چوارەم و سێ نامە و خەونێکە.

٢٩. له ماوەی نیوەی کانوونی یەکەم تا نیوەی کانوونی دووەمدا بورجی قرژاڵ بە درێژایی شەو لە ئاسمان دەمێنێتەوە. مەبەست ئەوەیە ئەگەر بورجی قرژاڵ ئەستێرەیەکی تێدابوایە وەکو ئەو تیشکە ڕووناک بوایە کە ئێستا دەرکەوت، شەو دەبوو بە ڕۆژ و بەمەوە یەک مانگی تەواو هەر ڕۆژی بێ شەو دەبوو، واتە ئەو تیشکەی بە دەرکەوتنی یوحەننای ئینجیلی درەوشایەوە وەکو تیشکی خۆر بەهێز بوو.

٣٠. واتە ڕۆحی پیر یوحەننای ئینجیلی.

٣١. خانمەکەم: (بیاتریچی)

٣٢. ماسیگرە: لە زەمانی کۆندا وا باوبوو دەیانگوت ماسیگرە گۆشتی لەشی خۆی دەرخواردی بێچووەکانی دەدا، تەنانەت ئەگەر مار بە بێچوویەکی وەبدا، خوێنی خۆی پێدەدا و سەرلەنوێ زیندووی دەکاتەوە. زۆر شاعیر و هونەرمەندی ڕۆژئاوایی ئیلهامیان لەم وێنەیەوە وەرگرتووە. دانتی (مەسیحی) بەم ماسیگرەیە چواندووە کە بە خوێنی خۆی سزای گوناهی بنیادەمی دا و ڕزگاری کرد.

٣٣. عیسا (یوحەننا)ی ئەوەندە خۆش دەویست، لە سەرەمەرگدا داوای لە دایکی کرد لەوە بەدواوە وەکو کوڕی خۆی سەیری یوحەننا بکا. دایکی و پووری (خوشکی دایکی) و مریەمی مەجدەلی لەژێر دارخاچەکە وەستابوون. کاتێک دیتی دایکی لەگەڵ ئەو شاگردە وەستاوە کە خۆشی دەوێ، بە دایکی گوت: ئەمە کوڕی تۆیە! بە شاگردەکەیشی گوت: ئەمە دایکی تۆیە!

٣٤. واتە ڕۆحی یوحەننای ئینجیلی.

٣٥. سێ سروودخوانی ئاسمانی: پیترۆس و یوحەننا و یاقووب.

***

# سروودی بیستوشەشەم[1]

## ئاسمانی هەشتەم

## ئاسمانی وەستاوەکان

## یوحەننا- ڕەمزی چاکە

دانتی لە بەردەم تیشکی گەشی یوحەنناى ئینجلیدا چاوی ڕەشکەوپێشکەی کرد و وای زانی کوێربووە. یوحەننا دڵنیای کردەوە کە لە سای بیاتریچی چاوی چاک دەبێتەوە. دانتی گوتی پەلەم نییە بۆ گەڕانەوەی سۆمای چاوم و ئەوەندەم بەسە کە لە ئاسمانم. یوحەننا لە دانتی پرسی چ شتێ وای لێکرد خوای خۆش بوێ. دانتی گوتی: قسەی فەیلەسووفەکان و کتێبی پیرۆز. دانتی گوتی: ئەگەر بنیادەم خوای خۆش بوێ، دڵی بە گڕی خۆشەویستیی خوا دەسووتێ. تا زیاتر گەورەیی خوای بۆ دەربکەوێ، زیاتر خۆشەویستیی خوای لە دڵدا گڕدەگرێ. دانتی بەڵگەی بۆ قسەکانی خۆی بەوە هێنایەوە کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە خوا بە مووسای فەرموو هەموو خێراتی خۆی پێشان دەدا، هەروەها ئەوەی پێشان دەدا کە لە خەونی یوحەننادا هاتووە و دەڵێ خوا ئەلف و یێ و سەرەتا و کۆتاییە.


دانتی گوتی: دروستکردنی ئەم و دروستکردنی دونیا و مردنی مەسیح لە پێناوی ژیانی مرۆڤدا -لای مەسیحییەکان- و بەختەوەریی چاکەکاری کە مەسیحی هیوایان پێ هەیە، ئەمە هەمووی لە خۆشەویستیی ناڕاستەقینەوە

ڕایکێشا بۆ خوشەویستیی ڕاستەقینە. گوتی مرۆڤم بەقەد ئەو خێرە خۆشویستووە کە لە خواوە پێیان گەیشتووە.

بیاتریچی بە تیشکی چاوی خۆی، هێزی بینینی بۆ چاوی دانتی گێڕایەوە.

دانتی تیشکێکی گەشی بینی لە ڕۆحی ئادەمەوە دەهات. ڕووی کردە تیشکەکە. بێ ئەوەی دانتی قسە بکا، ئادەم زانیی دەیەوێ پرسیاری چیی لێ بکا. ئادەم گوتی: خوا بۆیە غەزەبی لێ گرتم، چونکە پێم لە ڕادەی خۆم زیاتر درێژ کرد و گوێم بە قەدەغە نەدا. ٤٣٠٢ ساڵ لە لیمبۆ (سەرەتای دۆزەخ) مامەوە. کە لە بەهەشتی زەمینی دەرکرام، ٩٣٠ ساڵ لەسەر زەوی ژیام. بەر لەوەی نەمرووود دەست بە دروستکردنی بورجی بابل بکا، زمانەکەم مرد.

هەروەها گوتی: بەرهەمی ئاوەزی مرۆڤ _ لەوانە زمانیش_ بەپێی کاریگەریی ئاسمان دەگۆڕێ. گوتی: تەنیا شەش سەعات لە بەهەشتی زەمینی ژیام.



که ترسام چاوم کوێر بووبێ[٢]
دەنگێ لەو بڵێسە بریقەدارەوە[٣] سەرنجی ڕاکێشام[٤]
کە سۆمای چاوی بردم. (٣)
گوتی: (تا بیناییت بۆ دێتەوە[٥]
کە لە سەیرکردنی من چواندووتە
وا چاکە بە قسەکردن تۆڵەی بکەیتەوە. (٦)
جا دەست پێ کە پێم بڵێ بە هەموو گیانتەوە عەودالی چییت؟
دڵنیابە هێزی بیناییت لەقاوە و تێکچووە،
بەڵام بە تەواوی نەمردووە. (٩)
ئەو خانمەی لەم وڵاتە یەزدانییەدا ڕێنماییت دەکا،
ئەو هێزەی لە چاودایە
کە لە دەستی (حەنانیا)دا[٦] هەبوو.) (١٢)
گوتم: (با چۆنی دەبێ ئاوا،[٧] چ زوو چ درەنگ،
چاوەکانم چاک ببنەوە، کە دوو دەرگا بوون و
ئەو ئاگرەی پێدا هێنایە ناو دڵمەوە کە هەتاهەتایە پێی دەسووتێم. (١٥)
ئەو چاکەیەی[٨] جێی ڕەزامەندیی ئەم بارەگایەیە[٩]
هەموو (ئەلفا) و (ئۆمێگا)ی[١٠] ئەو نووسینەیە
کە کتێب، بە دەنگی بەرز یان نزم، بۆم باس دەکا. (١٨)
هەمان ئەو دەنگەی[١١] ترسی
لە شلەژانی کتوپڕ ڕەواندمەوە،
سەرنجی بۆ قسەکردنی زیاتر ڕاکێشام. (٢١)
گوتی: (بێگومان تۆ دەبێ بیرت لە بێژنگێکی وردتر بدەی،
پێویستە بڵێی: کێ کەوانی تۆی
بەرەو ئەم جۆرە نیشانەیە وەرسووڕاند.) (٢٤)
گوتم: (پێویستە ئەم جۆرە ئەشقە
بە بەڵگەی فەلسەفی و بەو دەسەڵاتەی لێرە دێتە خوارەوە،

بە شەقڵی خۆی نەخشم بکا، (٢٧)
چونکە چاکە، سەبارەت بەوەی چاکەیە،
کە دەرک دەکرێ، گڕی ئەشق دادەگیرسێنێ و
تاچاکەی زیاتر تێدا بێ، ئاگرەکەی گەشتر دەبێ. (٣٠)
ئەو گەوهەرە ئەوەندە زۆر و فرەیە
هەرچی چاکەیەکی لە دەرەوەیدا هەیە
تەنیا ڕۆشنایی تیشکی ئەوە و بەس (٣٣)
ڕۆحی هەر کەسێ کە لەو ڕاستییە دەگا
کە ئەم بەڵگەیەی لەسەر بنیاد دەنرێ،
دەبێ زیاد لە هەموو شتێ بە ئەشقەوە ڕوو بکاتەوە ئەو گەهەرە. (٣٦)
ئەو ڕاستییەیش ئەو کەسە بۆی ڕوون کردمەوە
کە یەکەم ئەشقی هەموو کنیاتی ئەزەلیم
بۆ ئاشکرا دەکا. (٣٩)
لە دەنگی داهێنەری هەق[12] بۆم دەردەکەوێ
کە لە باسی زاتی خۆیدا بە مووسای گوت:
(هەموو چاکەیەکت نیشان دەدەم.) (٤٢)
تۆ ئاوها بۆم ڕوون دەکەیتەوە بە دەست پێکردنی
ئەو جاڕدانە بەرزەی لە هەموو جاڕێک زیاتر
نهێنییەکانی ئێرە لە دونیادا ڕادەگەیەنێ. (٤٥)
گوێم لێ بوو: (بەرزترین پلەی ئەشقی ئێوە
بە ئاوەزی مرۆڤایەتی و بەو دەسەڵاتەی پشتی دەگرێ
ڕوو دەکاتە بارەگای خودا. (٤٨)
پێشم بڵێ ئاخۆ هەست بە هیچ پەیوەندیی تر دەکەی بۆ ئەوە ڕاتبکێشێ
بەمەوە بۆم ڕوون بکەیتەوە
ئەم عەشقە بە چەند قەپت لێ دەدا؟) (٥١)
ئامانجی پیرۆزی هەڵۆی مەسیحم[13] لێ شاراوە نەبوو،

بەڵام بۆم دەرکەوت دەیەویست
بەم ئەزموونە ڕۆحییە بەرەو کوێم ببا. (٥٤)
دەستم پێکرد: (ئەو هەموو چزووانەی
دەشێ ڕووی دڵ بکەنە لای خوا،
هاوکارم بوون هەست بەو ئەشقە بکەم، (٥٧)
چونکە بوونی دونیا و بوونی من و
ئەو مردنەی (ئەو) چەشتی بۆ ئەوەی من بژیم و
ئەوەی هەموو بڕوادارێک وەکو من هیوای پێیە (٦٠)
شانبەشانی ئەو زانیارییە بریقەدارەی گوتم
لە دەریای ئەشقی گومڕا دەریان هێنام و
خستمیانە سەر کەناری ئەشقی ڕاستەقینە. (٦٣)
هەموو گەڵای[١٤] ئەو درەختانەم خۆش دەوێ
کە مێوی ڕەزەوانی ئەبەدیی[١٥] پێ دەخەملێ
تا ڕادەی ئەو چاکەیەی لەوەوە بە نسیبیان دەبێ.(٦٦)
کە من بێدەنگ بووم، گۆرانییەکی خۆش لە ئاسمان
دەنگی دایەوە و خانمەکەم لەگەڵ ڕۆحەکانی تر گوتی:
(قوددووس! قوددووس! قوددووس!) (٦٩)
وەکو چۆن تیشکی چڕ و گەش لە خەومان دەکا و
هەستی بینایی هەر ڕادەکا بۆ پێشوازیی ڕووناکییەکە و
لە پەردەیەکەوە دەخزێتە پەردەکی تر. (٧٢)
ئەوەی بێدار بووەتەوە بەرگەی بینین ناگرێ
کە کتوپڕ بەئاگا دێ، شت نابینێ
تا بەهرەی بیر و ئاوەز بەهانایەوە دێ. (٧٥)
(بیاتریچی) ئاوها بە تیشکی چاوەکانی
کە تا هەزار میل زیاتری ڕووناک کردبووەوە
هەموو تارییەکی لە چاوم هەڵفڕاند. (٧٨)

چاوم لە جاران باشتری دەدی،
وەک هێدم گرتوو پرسیم:
ئەو تیشکەی چوارەمینە چییە لە تەکمان؟ (٨١)
خانمەکەم گوتی: (یەکەم ڕۆح[١٦] کە (یەکەم دەسەڵاتی باڵا)[١٧]
دروستی کردووە، لەناو ئەم تیشکەدایە
ئاشقانە سەیری گروەندەی خۆی دەکا. (٨٤)
وەک چۆن گەڵای دار لەگەڵ هاتنی بادا
ترۆپکەی خۆی دادەنەوێنێ و پاشان
بە توانای خۆی سەری ڕاست دەکاتەوە و قیت دەبێتەوە. (٨٧)
منیش کاتێ ئەو قسەی دەکرد، بەو جۆرە، بووم.
هەموو گیانم حەیر مابوو، شەوقی قسەکردن،
کە بە ئاگری خۆی دەیسووتاندم، زات و متمانەی پێ بەخشیم. (٩٠)
دەستم پێکرد: (ئەی ئەو تاکە میوەیەی، بە گەییوی دروستکرای
ئەی باوکی دێرین کە هەموو بووکەخانێک
هەم بە کچی خۆت دەزانی و هەم بە بووکی[١٨] خۆت. (٩٣)
بە هەموو ملکەچیی خۆمەوە لێت دەپاڕێمەوە
قسەم بۆ بکە. تۆ دەزانی ئارەزووم لە چییە
باسی ناکەم، بۆ ئەوەی زوو گوێم لە تۆ بێ. (٩٦)
هەندێ جار گیانداری لە ژێر جلدا دەجووڵێتەوە
بۆ ئەوەی پیشانی بدا ئارەزووی لە چییە
بە جووڵانەوەی جلەکەی کە لە جووڵانەوەی خۆیەوە دێ. (٩٩)
هەر بەم جۆرەیش، ڕۆحی یەکەم، لەژێر پەردەی خۆیەوە
نیشانی دام، چەند بەختەوەرە کە هاتووە
بۆ ئەوەی دڵم خۆش و شاد بکا. (١٠٢)
ئینجا گوتی:[١٩] هەرچەندە تۆ هیچت بۆ باس نەکردووم
لە هەر شتێ کە تۆ لە هەموو شتێ زیاتر متمانەت پێ هەیە

دەزانم ئارەزووت لە چییە (١٠٥)
چونکە ئەمە لە ئاوێنەی حەقناسیدا[٢٠] دەبینم،
کە شتەکانی تر وەکو خۆی لێ دەکا،
بەڵام خۆی وەکو هیچ شتێ لێ ناکا. (١٠٨)
دەتەوێ بزانی خودا کەی منی لەناو
ئەو باخە بەرزە دانا کە ئەو خانمە،
لەوێوە تۆی بۆ ئەم هەڵکشانە بەرزە ئامادەکرد؟ (١١١)
ماوەی چەند ئەو باخە چاوی زاخاودامەوە و
هۆی ڕاستەقینەی ئەو غەزەبە گەورەیە چی بوو و[٢١]
ئەو زمانە چی بوو بەکارم دەهێنا و دامدەڕشت. (١١٤)
کوڕم، باش بزانە هۆی ئەم ئاوارەییە دووروودرێژە
ئەوە نەبوو کە بەری درەختەکەم خوارد،
بەڵکو تەنیا و تەنیا سنوور بەزاندن و قەدەغەشکێنی بوو. (١١٧)
لەو شوێنەوە کە خانمەکەت (ڤێرجیلیۆ)ی لێ دەرهێنا[٢٢]
چوار هەزار و سێسەد و دوو دەورەی خۆر
بە پەرۆشەوە بووم بۆ ئەم کۆڕە. (١٢٠)
ئەو ماوەی لەسەر زەوی بووم،
نۆسەد و سی جار خۆرم بینی هاتەوە
ناو ئەو ئەستێرانەی لەسەر ڕێگەی ئەون. (١٢٣)
ئەو زمانەی قسەم پێدەکرد تەواو لەناو چوو
بەر لەوەی نەتەوەی نەمروود
دەست بەو کارە بکەن کە تەواو نەدەبوو.[٢٣] (١٢٦)
هیچ بەرهەمێکی ئەقڵی، هەرگیز وەکو خۆی نامێنێتەوە،
چونکە زەوق و ئارەزووی مرۆڤ
بەپێی کاریگەریی ئاسمان لە سەریا دەگۆڕێ. (١٢٩)
شتێکی سروشتییە کە مرۆڤ قسە بکا،

بەڵام سروشت بۆ ئێوەی لێدەگرێ
چۆنتان پێ خۆشە وا قسە بکەن! (١٣٢)
بەر لەوەی بکەومە ناو ئەشکەنجەخانەی دۆزەخ،
چاکەی شادیبەخشی باڵا لەسەر زەوی ناوی (I)[٢٤] بوو،
ئەو شادییەیە کە منی گرتووەتە خۆی. (١٣٥)
پاشان ناویان نا (EL)[٢٥]، دەبوایە وا بێ، چونکە
دەستووری مرۆڤی خاکی وەکو گەڵای سەر لقی درەخت وایە:[٢٦]
یەکێ دەڕوا و یەکێکی تر جێی دەگرێتەوە. (١٣٨)
لەسەر ئەو چیایەی لە هەموویان زیاتر سەری لە دەریا دەهێناوە
ژیانێکی پاک و[٢٧] ئینجا گوناهکارانە[٢٨] ژیام
لە سەعاتی یەکەوە تا ئەو سەعاتەی دوای سەعات شەش دێ (١٤١)
کە خۆر چواریەکی[٢٩] بازنەی خۆی دەگۆڕێ. (١٤٢)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوشەشەم

١. ئەمە سروودی چوارەم و کۆتایی تەرخانکراوە بۆ ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان. پێی دەگوترێ (سروودی خۆشەویستی).

٢. دانتی ترسا کوێربووبێ و نەیزانی ئەم نابینابییەی بۆچی دەچێتەوە.

٣. بڵێسەی کڵپەدار: ڕۆحی سان یوحەننای ئینجیلیی.

٤. دانتی بە سەیرکردنی یوحەننا هێزی بینینی لەدەست دا.

٥. دانتی دڵنیابوو نابینابییەکەی بۆ ماوەیەکی کەمە و دووبارە چاوی چاک دەبێتەوە.

٧. حەنانیا (Ananias) پیاوێکی خەڵکی شام بوو. پۆلسی نوێنەر کوێر بووبوو، خودا بە دەستی ئەو پیاوە بینایی بۆ گێڕایەوە. یوحەننا لەم بەندەدا بە بیر دانتی دێنێتەوە ئەو هێزی بینا چاککردنەوەی لەدەستی حەنانیادا هەبوو، لە چاوەکانی (بیاتریچی)یشدا هەیە و (بیاتریچی) چاوی چاک دەکاتەوە.

٧. لێرەدا مەبەست (بیاتریچی)یە.

٨. چاکە، لێرەدا مەبەست خودایە.

٩. بارەگا: مەبەست ئاسمانە.

١٠. ئالفا (Alfa) و ئۆمیگا (Omega): دوو پیتی یەکەم و کۆتایی ئەلف بێی یۆنانین. مەبەست سەرەتا و کۆتاییە.

١١. ئەو دەنگە، دەنگی یوحەننایە.

١٢. داهێنەری ڕاستەقینە: مەبەست خودایە.

١٣. هەڵۆی مەسیح: مەبەست یوحەننایە، چونکە بیر و ئەندێشەی یوحەننا لە هی هەموو یاوەرەکانی مەسیح بەرزەفڕتر و بەهێزتر بوو و لە وەسفی نهێنیی ئاسماندا لە هەموویان بەتواناتر بوو.

١٤. گەڵا و چڵی درەخت: ڕەمزە بۆ مرۆڤی چاکەکار.

١٥. مێو کە درەختێکی باداکە، ڕەمزی ئەو خەڵکەیە کە مەسیح گوناهەکەی بە خوێنی خۆی شووشتنەوە و ڕەزەوانی جاویدان مەبەست خودای جاویدانە.

١٦. مەبەست ئادەمە کە خودا ڕاستەوخۆ بە بێ‌ژن، دروستی کرد.

١٧. مەبەست خودایە.

١٨. بووک: لێرەدا بە مانای ژنی کوڕ بەکار هاتووە.

١٩. ئەوەی قسە دەکا، ڕۆحی ئادەمە.

٢٠ ئاوێنەی هەقناسی مەبەست خودایە. ئاماژەیە بۆ بەندێکی تەورات (...یەهوە بە مووسای گوت: من هەموو چاکەی خۆم دەخەمە بەردەستی تۆ و لە بەرامبەر تۆدا ناوی یەهوە دێنم. هەر کەسێ میهرەبان بێ، میهرەبانیی لەگەڵدا دەکەم و هەر کەسێ بەرەحم بێ، رەحمی پێ دەکەم...)

٢١. هۆی رقهەڵسانی خودا لە ئادەم و دەرکردنی لە بەهەشت.

٢٢. واتە: لیمبۆ.

٢٣. تا پێش نەمروود هەموو خەڵکی سەر رووی زەوی بە یەک زمان دەدوان. کاتێ نەمروود و میللەتەکەی ویستیان بورجی بابل لە خاکی شەنعار دروست بکەن و ئەوەندە بەرزی بکەن سەر لە ئاسمان بسوێ، خودا لێیان توورە بوو. زمانی دونیای شێواند و پەرت و بڵاوی کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە یەک نەگەن.

٢٤. I دەڵێ تا من زیندوو بووم، خەڵک بە خودایان دەگوت: I ئای. تا ئێستا دەرنەکەوتووە دانتی ئەم قسەیەی لە کوێ هێناوە.

٢٥. EL ناوێکی تری خودایە. ئەم وشەیە عیبرییە. مانای بەهێز و بەتوانا دەگەیەنێ. وشەی عیبری (ئیلوئی)، واتە (خودای من). لە ئینجیلدا هاتووە.

٢٦. واتە زمان وەکو گەڵای درەخت دەگۆڕێ.

٢٧. ژیانی پاک: واتە لە سەرەتای دروستبوونی کنیات و ئادەمەوە تا خواردنی بەری درەختی قەدەغە لە لایەن ئادەمەوە.

٢٨. ژیانی گوناهبار: لە کاتی گوناهکردنەوە تا دەرکرانی ئادەم لە بەهەشتی زەمینی.

٢٩. مەبەست چوار یەکی بازنەیە کە خۆر لە گەشتی رۆژانەیدا بە ٢٤ سەعات دەیبڕێ. خۆر هەر چواریەکێکی ئەو بازنەیە بە ٦ سەعات دەبڕێ. دەڵێ: (کە خۆر چوار یەکی خۆی دەگۆڕێ) یانی کە چوار یەکی یەکەم تەواو دەکا کە ٦ سەعاتە، واتە لە سەعات ٦ی بەیانییەوە تا سەعات ١٢، ئەوسا دەچێتە چارەکی دووەم. مەبەست ئەوەیە ئادەم ٦ سەعات لە بەهەشتی زەمینی مایەوە و لەوێ دەرکرا.

***

# سروودی بیستوحەفتەم[1]

## ئاسمانی هەشتەم

## ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان

## ئاسمانی نۆیەم

## ئاسمانی بلوورین- ئاسمانی ئاسمانان

دانتی بە سروودی ڕۆحی چاکەکاران مەست بوو. خۆشیی خۆی بە بەختەوەریی بالای ئاشتی و خۆشەویستی دەربڕی، بەلام پیر پیترۆس ڕقی خۆی بەرامبەر گەندەڵبوونی پیاوانی کڵێسە دەربڕی. ئەم و ڕۆحەکانی تریش لە ڕکان ڕەنگیان سوور هەڵگەڕا. پیر پیتروس گوتی: پیاوانی ئایینی ئێستا خوێنی شەهیدانی هەوڵی ڕێگەی مەسیحییەتیان کردووەتە هۆیەک بۆ کۆکردنەوەی پارە و سامان. پاپاکان دژی ڕۆڵەکانی ئایینەکەیان دەوەستن. قەشەکان بوونەتە گورگ لە جلی ڕەبەنایەتیدا. هیوای دەربڕی کە خوای بانی سەر دونیا لەو باژەل و گەندەڵییە ڕزگار بکا. دانتی ڕۆحی چاکەکارانی بینی بەزبوونەوە بۆ تەشقی ئاسمان، ئینجا تەماشای خوارەوەی کرد، بەلام لەبەر تیشکی ڕۆژ زەویی نەبینی.

دانتی گەڕایەوە تەماشای بیاتریچی کرد. کە ڕووی کردە بیاتریچی بینیی هەستی کرد شادییەکی یەزدانی دایگرت. دانتی بەو هێزەی لە نیگای بیاتریچی وەریگرت بەرەو ئاسمانی نۆیەم -ئاسمانی بزوێنەری یەکەم، یان ئاسمانی بلووری- بۆی دەرچوو.

بیاتریچی گوتی: سستەمی گەردوون -بەپێی تیۆری بتلیموس- وا هاتووە زەوی لە جێی خۆی وەستاوە و ئەستێرەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. بزووتنەوەکە لە ئاسمانی نۆیەمەوە دێ کە خوا نەبێ کەس نازانێ چییە و چیی تێدایە. ئەو ئاسمانی نۆیەمینە دەوری هەموو ئاسمانەکانی تری داوە.

بیاتریچی ئازوەری و خنسیی خەڵکی ڕسواکرد کە چاویان بە هیچ تێر نابێ. گوتی: منداڵ تا منداڵن پاک و بێگوناهن، بەڵام کە گەورە بوون ئەوانیش وەکو گەورەکان گەندەڵ دەبن.

هەروەها گوتی: زەوی کەسی تێدا نییە کاروباریان ڕێک بخا و مرۆڤ لە ڕێی ڕاست لایان داوە، بەڵام ڕۆژێ دێ خوا دەیانهێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست. کە دار و درەخت پشکۆژەیان دا، میوەی چاک و پاک دێتە بەرهەم.



(شکومەندی بۆ باوک، بۆ کوڕ و بۆ ڕۆحی پیرۆز!)[2]
سەراپای بەهەشت تێی هەڵکردە ئەم سروودە،
تا بە ناسکیی سروودەکە مەست و سەرخۆش بووم.
ئەوەی دەمدی، پێم وا بوو خەندەی گەردوونە،
چونکە ئەوەی مەستی کردم
بە بیستن و بینین خزایە ناو گیانمەوە!
ئای شادومانی! ئای بەختەوەری کە باس ناکرێی!
ئای ژیانی ئاشتی و ئەشقی نموونەیی!
ئەی دارایی جاویدانی بێئیشتیا!
چوار تیشک[3] لە بەرچاوم وەستان،
ئەوەی یەکەم جار هات[4]
دەستی بە بڵاوکردنەوەی تیشکێکی گەشتر کرد
دیمەنێکی بە خۆیەوە گرت، دیمەنی (جوپیتەر) وا دەبوو،
ئەگەر لەگەڵ مەریخ دوو باڵندە بوونایە و
پەڕوباڵیان لەگەڵ یەک بگۆڕیبایەوە.[5]
(ویستیی یەزدانی) کە لێرەدا[6] کاتی هەر ئەرکێک و
شێوازی جێبەجێکردنی دیاری دەکا
لە هەموو لایەکەوە بێدەنگی بەسەر کۆرسی پیرۆزدا سەپاند.
لەو کاتەدا گوێم لێ بوو: (ئەگەر ڕەنگی خۆم بگۆڕم،
سەرت سووڕ نەمێنێ، چونکە کاتێ من قسە دەکەم
دەبینی ئەمانە هەموو ڕەنگی خۆیان دەگۆڕن.
ئەوەی لەسەر زەوی شوێنی من، شوێنی من،[7]
شوێنی من[8] داگیر بکا کە لە چاوی
کوڕی خودان چۆڵ و بەتاڵە،
گۆڕی[9] منی کردووە بە ئاوەڕۆی
خوێن و[10] پیسی[11] و کەڕوو و
ئەو گومڕایەی لەم سەرەوە بەربووەوە، لە خوارەوە کەیف دەکا.[12]
ئەوسا ئەو ڕەنگەم بینی کە خۆر لە ئەنگوورە و بوولێڵدا

لە پەردەی پەڵەهەوری ئاسۆی بەرامبەردا نەخشی دەکا
بە هەموو ئاسماندا پەخش و بڵاو بووبووەوە. (٣٠)
وەک خانمێکی داوێنپاک کە متمانەی بە خۆی نالەقێ،[١٣]
بەڵام تەنیا بە بیستن و بەس
بە گوناهی ژنی تر لە خۆی تەریق دەبێتەوە.(٣٣)
بیاتریچیش بەم جۆرە سیمای گۆڕا
باوەڕ کەم خۆرگیرانێکی وایش لە ئاسمان ڕووی دا
کاتێ دەسەڵاتی باڵا تووشی ئازار هات، (٣٦)
ئینجا دەستی بە قسە کردەوە،
بەڵام ئەمجارە دەنگی ئەوەندە گۆڕابوو،[١٤]
سیمای ئەوەندە گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو. (٣٩)
بووکی مەسیح خوێنی من و
خوێنی (لین) و[١٥] خوێنی (کلیتۆ)[١٦] نەخواردەوە
بۆ ئەوەی بیکا بە هۆیەک بۆ کۆکردنەوەی زێڕ. (٤٢)
(سیستۆ) و[١٧] (پیۆ) و[١٨] (کالیستۆ) و[١٩] (ئوربانۆ)[٢٠]
بۆ دەستکەوتنی ئەم ژیانە بەختەوەرە،
دوای فرمێسکێکی زۆر، خوێنی خۆیان ڕشت. (٤٥)
مەبەستیان ئەوە نەبوو بەشێکی گەلی مەسیحی
لە دەستەڕاستی جێنشینەکانمان دابنیشن و
ئەوانی تر لە دەستەچەپ.[٢١] (٤٨)
مەبەستیان ئەوەیش نەبوو، ئەو کلیلانەی[٢٢]
بە من سپاردرابوون ببن بە دروشمی سەر ئەو بەیداخەی
دژی ئاوەمۆرکراوەکان جەنگا. (٥١)
مەبەست ئەوەیش نەبوو من ببم بە وێنەی داڕژاوی سەر مۆرێک
بۆ بۆنەی قەڵپ و هەڕاجکراو
کە لە داخان پڕووشک داوێم و لە شەرمەزارییان سوور هەڵدەگەڕێم.[٢٣]
(٥٤)
لێرە، لەم سەرەوەیە، گورگی دڕندەی ناو پێستەی شوان

لەناو هەموو پاوانەکانی خوارەوە دەبینین.
ئەی دادی یەزدانی، تۆ بۆچی خەوتووی؟![24] (٥٧)
(کۆوارسی)یەکان و[25] (گواسکی)یەکان،[26] خۆیان
بۆ خواردنەوەی خوێنی ئێمە تەیار کردووە،
ئەی سەرەتای چاک، ئاخۆ دەبێ بۆ چ کۆتاییەک شۆڕبیتەوە؟، (٦٠)
بەڵام دڵنیام دەسەڵاتی باڵا کە بە دەستی (شیپیۆ)[27]
شکۆمەندیی دونیای بۆ ڕۆما پاراست،
زوو دەگاتە فریامان. (٦٣)
تۆیش کوڕم، کە پاشان بە سەنگینی مردەنیت
دەگەڕێیتەوە خوارێ بۆ سەر زەوی،[28]
زارت بکەوە و ئەوەی من نەمدەشاردەوە، تۆیش مەیشارەوە! (٦٦)
وەک چۆن کاتێ شاخی نێریی ئاسمان لە خۆر دەخشێ،
لە خوارەوە، لە هەوای ئێمەدا
کلۆی هەڵمی بەستوو دەست بە بارین دەکا.[29] (٦٩)
بەم جۆرە دیم ئاسمان بەو ڕۆحە زاڵانە ڕازابووەوە
کە لە تەک ئێمە جێیان گرتبوو و
وەک شاپەی بەفر بۆ سەرەوە دەبارین. (٧٢)
سەرنجم کەوتە شوێن شکڵەکانیانەوە
ئەوەندە شوێنیان کەوت تا دووریی ئاسمان
بواری نەدا زیاتر بۆ سەرەوە بڕوا. (٧٥)
خانمەکەم کە دیتی وازم لە سەیرکردنی سەرەوە هێنا، گوتی:
(چاو دە خوارەوە، بزانە چ دەوروخولێکت بڕیوە؟) (٧٨)
لەو ساتەوە کە یەکەم جار تەماشام کرد،
دیم ئەو هەموو تاقەم بڕیوە کە ناوچەی یەکەم
لە ناوەڕاستەوە[30] تا کۆتایی دروستی دەکا. (٨١)
لەولای (گادی)یەوە،[31] ڕێگەی شێتانەی (ئولیسسی)م بینی و
لە نزیک ئەملایەشەوە ئەو کەنارەم بینی
کە یورۆپی بوو بە بارێکی سووک.[32] (٨٤)

خاکی ئەو جێ جۆخینەم زیاتر دەدی، بەڵام
خۆر هات و تیژ بە بەرپێمدا تێپەڕی،
بورجێک و شتێک لێم دوورکەوتەوە. (٨٧)
ڕۆحی شەیدام کە هەمیشە خانمەکەمی دەلاواندەوە،
لە هەموو کاتێ زیاتر دەگڕگرا
بۆ ئەوەی بە چاوی من ڕووی تێ بکا. (٩٠)
هەرچەندە سروشت، یان هونەر، لە ڕێی جەستە یان وێنەی مرۆڤەوە
دام و دانەی لە بەردەم مرۆڤ داناوە،
بۆ ئەوەی لە ڕێگەی چاوەکانییەوە بخزێتە ناو ڕۆحی (٩٣)
ئەم هەموو دانە و داوە بەسەر یەکەوە هیچ نەبوو
بەرامبەر ئەو چێژە ئاسمانییەی
لەگەڵ دیداری ڕووی خەندانی ئەو خانمەدا حەپەساندمی. (٩٦)
بە سەرنج، هێزێکی وای پێ بەخشیم
لە هێلانەی جوانی (لیدا)[٣٣] دەری هێنام و
هەڵی دامە ناو خێراترین ئاسمان.[٣٤] (٩٩)
کە شوێنە هەرە نزیک و هەرە دوورەکانی
ئەوەندە هەماهەنگ و هاوشکڵن، ناتوانم بڵێم
(بیاتریچی) کام شوێنی بۆ هەڵبژاردم، (١٠٢)
بەڵام ئەو کە ئارەزووی منی بینی،
ئەوەندە بە شادی دەستی بە پێکەنین کرد
دەتگوت شادیی یەزدانیی لەسەر ڕوو نەخشبووە: (١٠٥)
(سستەمی گەردوون کە چەقەکەی چەسپاوە و[٣٥]
ئەوەی تر هەمووی بە دەوری ئەودا دەسووڕێ
خاڵی سەرەتای لێرەوە دەست پێدەکا. (١٠٨)
ئەم ئاسمانە جگە لە ویژدانی یەزدانیی پێوە
هیچ شوێنی نییە، ئەویش ئەو ئەشقەی تێدا دادەگیرسێ
کە دەیجووڵێنێ و ئەو نیعمەتەی لێوە دێ کە دایدەبارێنێ. (١١١)
لە بازنەیەکدایە تیشک و ئەشق دەوریان داوە،

وەک ئەو، دەوری بازنەکانی تری داوە.
ئەوەی ئەو بازنەیەی دروست کردووە، هەر تەنیا ئەو تێی دەگا.(١١٤)
جووڵانەوەی ئەو، بە جووڵانەوەی ئەوانیدی پێوانە ناکرێ.
جووڵانەوەی ئەوانیدی بە جووڵانەوەی ئەو پێوانە دەکرێ.
وەک (دە) کە بە لێکدانی نیوە و پێنج یەکی، حسێب دەکرێ.[٣٦] (١١٧)
دەشێ ئێستا تەواو بۆت ڕوون بووبێتەوە
چۆن زەمانە ڕەگوڕیشەی خۆی لەم ئینجانەیەدا هەڵدەگرێ و
گەڵا و چڵەکانی لە گوڵدانێکی تر دەمێننەوە. (١٢٠)
ئەی چڵێسیی! تۆ، کە مرۆڤ نقوومی ژێر ئاوی خۆت دەکەی،
هیچ کەس ناتوانێ لە دەرەوەی شەپۆلەکانت
چاو بکاتەوە! (١٢٣)
نیازی باش، بەرهەمی چاک لە ڕۆحی مرۆ پێدەگەیێنێ،
بەڵام لیزمەی بارانی بەردەوام،
خۆخی ڕاستەقینە دەکا بە هەڵووچکەی باقۆ. (١٢٦)
باوەڕ و بێتاوانی تەنیا لای منداڵی ساوا هەن،
بەڵام بەر لەوەی ئەوانیش ڕیشیان بێ
ئەم دوانە لە لایانەوە ڕادەکەن. (١٢٩)
هەیە هێشتا گڕوگاڵ دەکا، بەڕۆژوو دەبێ،
پاشان کە زمانی دەکرێتەوە،
هەر خواردنێ بێ لە هەر مانگێ، هەڵیدەلووشێ، (١٣٢)
هەیشە هێشتا گڕوگاڵ دەکا، دایکی خۆی خۆش دەوێ و
بەگوێی دەکا، بەڵام کە زمانی تەواو دەکرێتەوە
حەز دەکا ببینێ دایکی خراوەتە گۆڕ،[٣٧] (١٣٥)
بەم جۆرە پێستەی سپیی ڕەش[٣٨] دادەگەڕێ
لەگەڵ دەرکەوتنی کچی جوانی ئەوەی
سپێدەدەم دێنێ و ئێوارە جێدێڵێ. (١٣٨)
تۆیش بۆ ئەوەی سەرت سوور نەمێنێ
بزانە، کەس نییە لەسەر زەوی فەرمانڕەوایی بکا،[٣٩]

لەبەر ئەوەیە ماڵباتی مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاست هەترە دەبێ. (١٤١)
بەڵام بەر لەوەی کانوونی دووەم تەواو لە زستان بێتە دەرێ،
بە هۆی ئەو سەد یەکەی لەسەر زەوی پشتگوێی دەخەن،
ئەم بازنە بەرزانە بە جۆرێ دەگرمێنن (١٤٤)
ئەو بەختەی لەمێژە چاوەڕێی دەکەن
کلکەی کەشتییەکان دەباتە شوێنی لمووزیان و
کەشتیگەل ڕێی ڕاست دەگرێ و دەڕوا (١٤٧)
ئەوسا دوای چرۆ و شکۆفەکردن، فیقی ڕاستەقینە دێ![٤٠] (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوحەفتەم

١. ئەمە سروودی پەڕینەوەیە لە ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکانەوە بۆ ئاسمانی بزوێنەری یەکەم. پێی دەگوترێ سروودی تووڕەیی پیر پیترۆس لە گەندەڵیی کڵێسە و پاپاکان و تووڕەیی بیاتریچی لە گەندەڵیی مرۆڤ.

٢. باوک (Padre) و کوڕ (Figlio) و ڕۆحی پیرۆز (Spirito Santo) واتە خودا و عیسا و ڕۆحی پیرۆز.

٣. چوار تیشکەکە بریتین لە: پیترۆس و یاقووب و یوحەننا و ئادەم.

٤. واتە: پیترۆس.

٥. واتە: ئەگەر ئەستێرەی مشتەری کە لە هەموو ئەستێران گەورەترە، بە گەورەیی خۆی بمابایەوە، بەڵام ڕەنگی سپیی خۆی لەگەڵ ڕەنگی ئاگرینی مەریخ بگۆڕیبایەوە، ئەوکاتە ئەو ئەستێرەیە وەکو تیشکی پیترۆس دەبوو.

٦. مەبەست ئاسمانە.

٧. شوێنی من. شوێنی جێگریی مەسیح، واتە پایەی پاپایی و کڵێسەی سان پیترۆ کە چەقی ڤاتیکانە و بە ناوی پیترۆس کراوە. ئەم دەستەواژەیە سێ جار دووبارە کراوەتەوە بۆ ئەوەی گرنگیی پایەکە نیشان بدا، چەند بەرز و پیرۆز و سەنگینە!

٨. ئاماژەیە بۆ پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم.

٩. گۆڕ: مەبەست گردی ڤاتیکانە لە ڕۆما، کە کاتێ خۆی پیر پیترۆس لەوێ کوژراوە و هەر لەوێش نێژراوە.

١٠. خوێن: ئاماژەیە بۆ کێشەی پارتایەتی لە ڕۆما.

١١. پیسی: ئاماژەیە بۆ ئەو تاوانانەی لە ڕۆما کران.

١٢. واتە لۆجیفیرۆ –ئیبلیس– بەمە شاد دەبێ.

١٣. واتە وەک ژنی داوێنپاک کە گوێی لە تاوانی خەڵکی تر دەبێ ڕووی سوور هەڵدەگەڕێ.

١٤. واتە: کاتێ سان پیتروس پاپا نوێکانی لەگەڵ پاپا کۆنەکان بەراورد دەکرد، بە تووڕەیی و بە شێوەیەکی نائاسایی قسەی دەکرد.

١٥. لین: لینۆس (linus) یەکەم ئوسقونی ڕۆما و خەلیفەی سان پیترۆس بوو. خەڵکی ڤۆلتیرا بوو. ژیانی پیر پیتروسی نووسوەتەوە. ساڵی ٧٦ یان ٧٨ ساتۆر نینوس کوشتی.

١٦. کلیتوس (Cletus) ڕاهیبێکی ڕۆمانی بوو. ساڵی ٧٨ تا ٩٠ ئۆسقوفی ڕۆما بوو. لە سەردەمی دومیتیانووس شەهیدکرا.

١٧. سيستۆ: سيكتوسی يەكەم (sixtus I) ساڵی ١١٧ تا ساڵی ١٢٧ ئوسقوف يان پاپای ڕۆما بوو. لە سەردەمی هادريانووس شەهيدكرا.

١٨.پيۆ: پيوسی يەكەم (pius I) لە ماوەی ١٤٠ تا ١٤٥ ئوسقوف يان پاپای ڕۆما بوو. هاوچەرخی ئەنتونيۆ بوو. لە سەردەمی ماكرينووسدا شەهيدكرا.

١٩. كليتۆ: كليتوسی يەكەم(Cletus I)، لە ماوەی ٢١٧ تا ٢٢٢ پاپای ڕۆما بوو لە سەردەمی ئەسكەندەری خوێنڕێژ شەهيدكرا.

٢٠. ئوربانۆ: ئوربانووسی يەكەم (Urbanus I)لە ماوەی ٢٢٢ تا ٢٣٠ پاپای ڕۆما بوو. هاوچەرخی ئەسكەندەری خوێنڕێژ بوو. شەهيدكرا.

٢١. واتە: مەبەستيان ئەوە نەبوو گەلفەكان -لايەنگيرانی پاپا- لە دەستەڕاستی ئوسقف و پاپاكانی ڕۆما دابنشين و گيبيللينييەكان -لايەنگيرانی ئيمپراتۆر - لە دەستەچەپيان دابنيشن.

كڵێسە بە پێچەوانەی ئەوانەی دەستەچەپ، لەوانەی دەستەڕاست ڕازييە.

٢٢. ئەو كليلانەی پێم سپێردراون: كليلی بەهەشت كە عيسا بە پيترۆسی سپارد. ئاڵای سوپای پاپا تا ساڵی ١٢٢٩ وێنەی دوو كليلی لەسەر بوو و سوپاكە هەر بە سوپای كليلنيشان ناسرا بوو.

٢٣. سان پيترۆس تووڕە و شەرمەزارە، چونكە وێنەی لەسەر ئەو مۆرەكراوە كە فەرمانی پاپای پێ مۆر دەكرێ. لەبەر ئەوەی هەندێ لەو فەرمانانە بە نيازی بەرژەوەنديی تايبەتی دەدردەچن.

٢٤. واتە پير پيترۆس پێشبينی دەكا هەريەكە لە يوحەننای بيستودووەم و كليمنتۆی پێنجەم شەهيدبوونی مەسيحييەكان بۆ جێبەجێكردنی بەرژەوەنديی خۆيان دەخەنە كار.

٢٥. كۆوار. كاهۆر (Cahors) شارێكە لە باشووری فرەنسا، دەكەوێتە سەر ڕووباری (لۆ). پايتەختی كۆنی هەرێمی كيرسی بوو. لە سەدەكانی ناوەڕاستدا مەكۆی سووخوران بوو. لێرەدا مەبەست پاپا يوحەننای بيستودووەمە (١٣١٦ - ١٣٣٤) كە خەڵكی كاهۆر بوو. بە چەنچووزی و ئازوەری ناسرابوو. (بەرزەک، س١٨، د١٢٢).

٢٦. گاسكۆنيا (Gasconia) هەرێمێكە لە باشووری فرەنسا. مەبەست پاپا كليمنتۆی پێنجەمە (١٣٠٥ -١٣١٤) كە بە قرچۆكی و چاوچنۆكی ناسراو بوو، كەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسييەكان لە ئەڤيون و نەچووە ئيتاليا. يەكەم جار پشتگيريی گيبيللينييەكانی كرد، پاشان بوو بە لای گەلفەكان (دۆزەخ، س١٩،د٨٢).

٢٧. شیپیۆنی (Scipione) (کیرینلیوس شیپیونی) سەرکردەیەکی بەناوبانگی ڕۆمانی بوو. ساڵی ١٤٦ پ ز لە قەرتاجە بەسەر (هانیبال)دا زاڵ بوو.

٢٨. واتە: جەستە.

٢٩. واتە: کاتێ خۆر لە بورجی نێری دەبێ، یانی لە ناوەندی زستاندا، لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمەوە بۆ ناوەڕاستی کانوونی دووەم.

٣٠. ناوەڕاست: واتە نیوەی ماوەی نێوان ڕووباری گەنجە (ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات) و قادش (ئەوپەڕی ڕۆژئاوا)، واتە هێلی (٩٠) کە هێلی ئۆرشەلیم (بیت المقدس)ە.

٣١. گادی (Gade) قادش: گادە و گادیچە و کادیز و کادیکس بەکارهاتووە. موسڵمان کە چوونە ئەندەلوس، ناویان نا (قادش). شار و بەندەرێکی بەناوبانگی ئەسپانیایە. بەپێی جوگرافیای کۆن دواسنووری ئاوەدانی دونیا بوو لە لای ڕۆژئاوا.

٣٢. لە ئەفسانەی ڕۆمانیدا هاتووە: جوپیتەر دابەزی بۆ کەناری کریت و (یورۆپا)ی کچی ئەجینۆری پاشای ئەفریقیای ڕفاند. خۆی کرد بە گا و کچەکەی وەکو بەرخێکی سووک سواری سەر پشتی خۆی کرد.

٣٣. لیدا (Leda) لە ئەفسانەی یۆنانیدا: کچی تستیوس و ژنی تینداریسی پاشای ئەسپرتە بوو. زیۆس ئەشقی بوو، بۆ ئەوەی دەستی پێ بگا خۆی خستە سەر شکلی قوویەکی سپی و چوو لەگەڵیا نووست. لیدا (کاستۆر) و (پلوکس)ی بە یەک سک بوو، واتە جمکی هێنا. زیۆس کردنی بە دوو ئەستێرەی جمک، واتە بورجی جمک، بۆیە دانتی دەڵی هێلانەی جوانی (لیدا).

٣٤. مەبەست ئاسمانی بلوورینە کە ئاسمانی بزوێنەری یەکەمە.

٣٥. بەپێی بۆچوونی بتلیموس زەوی جێگیر و وەستاوە، لە ناوەندی گەردووندایە و هەموو هەسارەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە.

٣٦. واتە: وەکو چۆن (دە) بریتییە لە لێکدانی پێنج (نیوەی دە) لە دوو (پێنج یەکی دە)، ئاوها ورد و دروستە.

٣٧. یانی منداڵ تا بچووکن و هێشتا قسە نازانن دایکی خۆیان خۆش دەوێ و گوێڕایەڵییان دەکەن، بەڵام کە گەورە بوون، بەوان بێ دایکیان بمرێ بۆ ئەوەی لە (وا بکە) و (وا مەکە)یان ڕزگار بن و میراتەکەیشیان بۆ جێ بمێنێ.

٣٨. سپی و ڕەش ڕەمزە بۆ چاکە و خراپە.

٣٩. واتە: هیچ پاپای لێوەشاوە و هیچ ئیمپراتۆری باش نەماوە، بۆیە دونیا گەندەڵ بووە.

٤٠. واتە دانتی هیوای بە ڕزگاریی مرۆڤایەتی هەیە لە شەڕ و خراپە.

# سروودی بیستوهەشتەم ١

## ئاسمانی ئاسمانان -ئاسمانی بلوورین-
## فریشتەکان

دوای ئەوەی بیاتریچی باسی گەندەڵیی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی کرد، دانتی بریسکانەوەی نووری یەزدانیی لە چاوی بیاتریچیدا بینی. تەماشای دواوەی کرد خاڵێکی بینی تیشکێکی گەشی لێوەدەهات -ڕەمزی خودا- نۆ بازنەی تیشک بە دەوری بیاتریچیدا سووڕانەوە. خێراییان بەگوێرەی دووری و نزیکییان لە جغزەوە دەگۆڕا. دانتی بیری کردەوە بگاتە ڕاستیی ئەو هەموو شتەی بینیی. بیاتریچی پێی گوت: گەردوون هەمووی بەو پنتە گەشە بەسراوەتەوە و ئاسمانەکان بەپێی نیعمەتی یەزدانی ناویانەوە تەسک و فراوان دەبن. هەر ئاسمانێک لەگەڵ فریشتەیەک یەکدەگرێتەوە.

ئاسمانەکان بەپێی شادیی فریشتەکانەوە زیاتر گەشانەوە و دەنگیان بە ستایشی خوا هەڵبڕی. بیاتریچی باسی کرد کە هەر جۆرە فریشتەیەک ئاسمانێک دەسووڕێنێ، هەروەها گوتی: هەموو فریشتەکان بەرەو خوا بەکێش دەبن و هەموو مرۆڤیش بەرەو فریشتەکان بەکێش دەبن. بیاتریچی ئاماژەی بۆ ئەو پۆلێنە کرد کە دیۆنیزیۆزی ئەریوپاجی و گریگۆریۆی گەورە بۆ فریشتەکانیان کردووە.

لە بارەی مانای ڕەمزی ئەم ئاسمانە، دانتی دەڵێ ئاسمانی بلوورین لێچوونێکی ئاشکرای لەگەڵ زانستی ڕەوشتناسیدا هەیە، چونکە ئەم زانستە ڕێنماییە بۆ هەموو زانستەکانی تر، ئەم خەسیەتەیش لە یاسا و دادپەروەریدا

هەیە کە بەرەو فێربوونی زانستەکانی دی هانمان دەدا و زانستەکان لە ڕووی چۆنیەتیی فێربوون و سوود لێوەرگرتنەوە پۆلین دەکا. هەر بەم شێوەیش ئاسمانی بلوورین بە خولانەوەی خۆی جووڵانەوەی ئاسمانەکانی تر ڕێک دەخا، ئەوانیش لە ئەنجامی ئەم جووڵانەوەیەدا هێزی تایبەتی خۆیان بۆ ئاسمانەکانی خوارەوەی خۆیان و بۆ زەوی دەگوازنەوە.

ئەم ئاسمانە، ئاسمانی فریشتانە. فریشتە گەوهەری بێڕەگەزن، واتە نە نێر و نە مێن. ژیر و هۆشمەندن. لە مرۆڤ باڵاترن. زاناکانی ئەستێرەناسی و خواناسی (تیۆلۆجی) ئەو فریشتانەیان بە گوێرەی ئەرکیان لە ئاسمانەکانەوە پۆلێن کردووە. فریشتەکان بەسەر یەکەوە نۆ دەستەن. هەر دەستەیەک ناوێکی تایبەتییان هەیە. ئەم نۆ دەستەیە دەکرێن بە سێ کۆمەڵە، هەر کۆمەڵەیەک سێ ئاسمان دەگرێتە خۆی:

کۆمەڵەی یەکەم: سێ ئاسمانی یەکەم دەگرێتەوە لە سەرەوەڕا. (ئاسمانی نۆیەم و هەشتەم و حەفتەم): فریشتەکانی ئاسمانی نۆیەم پێیان دەگوترێ سیرافین. فریشتەکانی ئاسمانی هەشتەم پێیان دەگوترێ کەڕووبین. فریشتەکانی ئاسمانی حەفتەم پێیان دەگوترێ فریشتەی عەرش.


کۆمەڵەی دووەم: سێ ئاسمانی دووەم دەگرێتەوە لە سەرەوەڕا. (ئاسمانی شەشەم و پێنجەم و چوارەم): فریشتەکانی ئاسمانی شەشەم پێیان دەگوترێ فریشتەی دەسەڵاتداری. فریشتەکانی ئاسمانی پێنجەم پێیان دەگوترێ فریشتەی پاکیزەیی. فریشتەکانی ئاسمانی چوارەم پێیان دەگوترێ فریشتەی توانایی.

کۆمەڵەی سێیەم: سێ ئاسمانی سێیەم دەگرێتەوە لە سەرەوەڕا. (ئاسمانی سێیەم و دووەم و یەکەم): فریشتەکانی ئاسمانی سێیەم پێیان دەگوترێ فریشتەی سەرۆکایەتی. فریشتەکانی ئاسمانی دووەم پێیان دەگوترێ فریشتەی ئیمارەت. فریشتەکانی ئاسمانی یەکەم پێیان دەگوترێ فریشتەی ئاسمانی.

لە قورئاندا ناوی جبرائیل و میکائیل و ئیسرافیل و عزرائیل هاتووە. فریشتەکانی دەستەی هەشتەم فریشتەی موقەڕڕەبن. شەیتان پێش یاخیبوون و نەفرەتلێکرانی لەم دەستەیە بوو. هەر دەستەیەک لەو دەستە فریشتانە ئاسمانێک دەسووڕێنن، ئەگەر نا ئەو ئاسمانانە لەخۆوە ناسووڕێن. ئاسمانەکان و فریشتەکانیان بەم جۆرەیە:

| | |
|---|---|
| کۆمەڵەی یەکەم | ئاسمانی ئاسمانان (ئاسمانی بلورین)…. سیرافین<br>ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان…. کەڕپووبین<br>زوحەل ……………………. فریشتەی عەرش |
| کۆمەڵەی دووەم | موشتەری ………….. فریشتەی دەسەلاتداری<br>مەریخ ………………… فریشتەی پاکیزەیی<br>خۆر ……………………. فریشتەی توانایی |
| کۆمەڵەی سێیەم | زوهرە ……………… فریشتەی سەرۆکایەتی<br>عەتارید ………………. فریشتەی ئیمارەت<br>مانگ …………………. فریشتەی ئاسمانی |

ئەم دەستە فریشتانە و ئاسمانی هەر دەستەیەک و ناوی دەستە فریشتەکان بەپێی ڕای زاناکانی فریشتەناسیی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست جیاوازیی هەیە.



کاتێ ئەو خانمەی[2] ڕۆحم پڕ دەکا لە شادیی بەهەشت،
ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا کردم
کە دژی باری ژیانی کلۆڵ و مردەنیی مرۆڤایەتییە. (٣)
وەک ئەو کەسەی لە ئاوێنەدا جووتە چراوگێکی[3] داگیرساو
لە پشت خۆیەوە ببینێ
بەر لەوەی خودی چراوگەکەی ببینێ، یان بە مێشکیدا بێ، (٦)
ئاوڕبداتەوە بۆ ئەوەی بزانێ
ئاخۆ ئاوێنەکە ڕاستیی پێ دەڵێ یان نا؟
ئاخۆ هەردووکیان وەکو وشە و ئاوازی گۆرانی لەگەڵ یەک دەگونجێن؟ (٩)
ئەوەندەی بە بیرم بێ منیش وام بووم
کاتێ سەیری ئەو چاوە جوانانەم کرد
کە ئەشق کردبوونی بە کەمەند بۆ ئەوەی دیلم بکەن. (١٢)
کاتێ ئاوڕم دایەوە ئەو شتانەم لە ئاسماندا چاو پێکەوت
کە بە سەیرکردنی وردی ئاسمان،
دەتوانین بیانبینین.(١٥)
پنتێکم[4] بینی تیشکێکی زۆر گەشی لێ دەبریسکایەوە
ئەوەندە تیژ بوو کە بە چاوم کەوت
ناچار بووم چاوم لەبەر بریقەی گەشی بقوچێنم. (١٨)
کام ئەستێرە لێرە لە هەموو ئەستێران بچووکتر دیارە
ئەگەر وەک دانانی ئەستێرەیەک لە تەک ئەستێرەیەکی تر
لە تەک ئەو پنتەی دابنێن، وەک مانگ خۆی دەنوێنێ. (٢١)
ڕەنگە بەقەد ئەوە نزیک دیاربێ
لەو ئاخلەیەی دەوری ئەو تیشکەی داوە و دەیڕەگێنێ
کاتێ ئەو هەڵمەی هەڵی دەگرێ چڕدەبێتەوە. (٢٤)
بازنەیەکی ئاگرین بە هەمان دووری لە دەوری پنتەکەدا دەسووڕایەوە
لەو ئاسمانە توند و خێراتر[5] دەسووڕایەوە

که بەوپەڕی خێرایی بە دەوری دونیادا دەسووڕێتەوە. (٢٧)
ئەو بازنەیە بە بازنەیەکی تر[٦] دەورە دراوە و
ئەویش بە سێیەم و[٧] سێیەم بە چوارەم و چوارەم[٨]
بە پێنجەم و پێنجەم[٩] بە شەشەم[١٠] دەورە دراوە. (٣٠)
لە سەرووی ئەمەیشەوە بازنەی حەفتەمین[١١] دەهات
ئەوەندە پانوپۆڕ بوو،[١٢] تەتەری (یونۆ)[١٣]
ئەوەندە بەرین نەبوو بتوانێ هەمووی بگرێتە خۆی. (٣٣)
بازنەی هەشتەم و نۆیەمیش بە هەمان شێوە
هەریەکە بەقەد پلەی دووری، لەو تاکە پنتەدا،
بزووتنەوەی هێواشتر دەبوو. (٣٦)
بریقەدارترین بڵێسە لەو بازنەیەدا
ئەوەبوو کە لە هەموو ئەوانەی تر لە پەنگرە ڕوونەکە نزیکتر بوو،
وابزانم، بۆیە وا بوو ئەمە لە هەموویان زیاتر تێیدا نقووم بووبوو. (٣٩)
خانمەکەم کاتێ منی بینی حەپەساوم و گومان پەشۆکاندوومی،
پێی گوتم: (ئاسمان و سەراپای سروشت
بەم پنتەوە بەستراوەتەوە. (٤٢)
سەیری ئەو بازنەیە بکە کە لە هەموویان لێیەوە نزیکترە،
بزانە بۆیە سووڕانەوەی هێندە خێرایە،
چونکە زادەی ئەشقی کڵپەدارە.) (٤٥)
منیش پێم گوت: (ئەگەر دونیا بەو سیستەمە
دابندرایە کە من لەم بازنە خولاوانەدا دەیبینم،
دڵم بەوە ئاوی دەخواردەوە کە پێشانم دراوە، (٤٨)
بەڵام لە دونیای بەر هەستدا، وا دەردەکەوێ
بازنەکان ئەوەندەی لە پنتی قزگەوە دوور بن،
ئەوەندە یەزدانیترن. (٥١)
لێرەدا بۆ ئەوەی ئارەزووم بە ئامانج بگا

لەو ئابیدە فریشتەییە بەرز و باڵکێشەدا
کە لە نوور و خۆشەویستی بەولاوە هیچ سنووری نییە، (٥٤)
پێویستە بزانم بۆچی نموونە و وێنەکەی
وەکو یەک دەرناکەون.
من خۆم بێهوودە بیری لێ دەکەمەوە.) (٥٧)
خانمەکەم گوتی: (سەیر نییە ئەگەر نەتوانی
ئەم گرێیە بە پەنجە بکەیتەوە،
بووەتە گرێکوێرە و کەس هەوڵی نەداوە بیکاتەوە.) (٦٠)
خانمەکەم وای گوت و بەردەوام بوو:
ئەگەر دەتەوێ دڵت دابکەوێ و ئۆخژن لە خۆت بکەی
گوێڕادێرە چیت پێ دەڵێم و
زەینی خۆتی بۆ تیژکەرەوە. (٦٣)
بازنەی مایەکی بە گوێرەی کەم و زۆریی
ئەو هێزەی بە سەراپایدا بڵاو بووەتەوە
تەسک و فراوان دەبێ. (٦٦)
چاکەی مەزن، بۆ هێنانە دیی چاکەیەکی مەزنتر هەوڵ دەدا.
چاکەی مەزنتر قەبارەیەکی مەزنتر دادەگرێ
ئەگەر هەموو پاژەکانی بۆ گەیشتنە ڕادەی تەواو وەکو یەک بێ. (٦٩)
ئەو بازنەیە کە هەموو گەردوون لەگەڵ خویدا دەسووڕێنێ
لەگەڵ ئەو بازنەیە دەگونجێ
کە ئەشق و دانایی لە بازنەکانی دی گەرمتر و زیاترە. (٧٢)
بەم پێیە، ئەگەر پێوانەی خۆت لە بارەی هێزی ڕاستەقینە بەکار بێنی
نەک لە بارەی گەورەیی ڕووکاری ئەو گەوهەرانەی
لە بەرچاوت بە بازنە دەردەکەون، (٧٥)
ڕێککەوتنێکی سەیر دەبینی
لە نێوان هەر ئاسمانێک و ئەو هێزەی دەیسووڕێنێ

واته لە نێوان ئاسمانی گەورە و هێزی گەورە و ئاسمانی بچووک و هێزی بچووک.(٧٨)

چۆن کاتێ (بۆریا)،[١٤] بە لا گوپی هەرە ناسکی فوو دەکا
هەوای نیوەگۆی زەوی
بە سافی و بریقەداری دەمێنێتەوە،[١٥] (٨١)
ئەو تەمە هەڵدەبرینگێ و دەڕەوێتەوە
کە پێشتر تیر و تاری کردبوو و
ئاسمان بە جوانیی هەموو لاکانییەوە بە ڕوومان پێدەکەنێ. (٨٤)
منیش ئاوهام لێهات، کاتێ خانمەکەم
وا بە ڕوونی وەڵامی دامەوە و ڕاستیم
وەکو ئەستێرەی تاقی ئاسمان بۆ دەرکەوت. (٨٧)
کاتێ قسەکانی تەواو کرد،
ئەم بازنە کڵپەدارانە بە جۆرێ بریسکانەوە
هیچ ئاسنی سوورکراوەی سەر ئاگر وا نەبریسکاوەتەوە. (٩٠)
هەر بڵێسەیەک شوێن بازنەی داگیرساوی خۆی کەوت،
ئەوەندە زۆر بوون، ژمارەیان هەزاران
هێندەی دوو چەندانی خانەکانی شەترەنج بوو.[١٦] (٩٣)
گوێم لێ بوو کۆرس بە کۆرس سروودی (هۆسانا)یان
بۆ ئەو پنتە[١٧] دەگوت کە لە شوێنی خۆیان هێشتنیەوە و
هەتاهەتایە لەو شوێنە دەیانهێڵێتەوە کە لێی بوون. (٩٦)
خانمەکەم کە دیتی گومانێکی گرانم لە دڵدایە، پێی گوتم:
لە بازنەی یەکەم و بازنەی دووەمدا
فریشتەی سەڕافین و[١٨] کەڕرووبینت[١٩] بینی. (٩٩)
ئەمانە ئەوەندە بە خێرایی شوێن کۆتەکانیان دەکەون
بۆ ئەوەی تا بتوانن بە پنتەکە بچن و
تا توانای بینینی زیاتریان هەبێ ئەوەندە زیاتر دەڕۆن.(١٠٢)

خۆشەویستەکانی تر[٢٠] کە بە دەوری ئەمانەدا دەڕۆن
پێیان دەگوترێ عەرشی[٢١] نیگای یەزدانی
سێینەی یەکەمین[٢٢] بەوانە تەواو دەبێ (١٠٥)
دەبێ بزانی ڕادەی شادیی جاویدانیی ئەمانە
زادەی قووڵیی خزانی سەرنجیانە بۆ ناخی (ڕاستی)
کە ئارامی بە هەموو ئاوەزێک دەدا. (١٠٨)
بەمەوە دەبینین چۆن بنیاتی بەختەوەریی چاکەکاری
لە بینینەوە دێ، نەک لە خۆشەویستی
کە دوابەدوای ئەوەوە دێ (١١١)
پێوانەی ئەم بینینەیش ئەو شایستەییەیە
کە لە بەرەکەتی یەزدانی و ویستیی چاکەوە دێ.
بەم جۆرە، لە پلەیەکەوە پێشدەکەون بۆ پلەیەکی تر. (١١٤)
سێیینەی دووەم[٢٣] کە ئاوها لەم بەهارە جاویدانەدا
دەڕوێ و شکۆفە دەکا.
کاوڕی شەو[٢٤] ناتوانێ گەلاکانی هەڵوەرێنێ، (١١٧)
بێ پسانەوە سروودی (هۆسانا)٢٥ دەچڕێ
بە سێ پەردەی شادی سێ ئاواز دەچریکێنێ و
سێینەی خۆی لێ پێکدێنی (١٢٠)
ئەمانە فریشتەی تریان تێدایە
یەکەم فریشتەی (دەسەڵاتداری) و[٢٥] ئینجا (پاکیزەیی) و[٢٦]
سێیەمین، فریشتەی (توانایی).[٢٧] (١٢٣)
فریشتەی (سەرۆکایەتی) و[٢٨] فریشتەی (ئیمارەت)[٢٩]
لە دوو بازنەی سەمای پێش بازنەی دواوەن
بازنەی دواوە فریشتەی (ئاسمانی)یە[٣٠] (١٢٦)
ئەو هەموو چینانە سەیری سەرەوە دەکەن و[٣١]
بەسەر خوارەوەدا زاڵن.

هەموو بەرەو (خوا) دەکشێن و هەموو کنیات بۆ خۆیان ڕادەکێشن. (١٢٩)
(دیۆنیزیۆ)[٣٢] ئەوەندە بە پەرۆشەوە
لەم زنجیرە پایانە وردبووەوە، وەکو من،
ناوی بۆ دانان و لە یەکی جیاکردنەوە، (١٣٢)
بەڵام (گریگۆریۆ)[٣٣] پاشان لەگەڵ ئەو جیابوو،
پاشان هەر یەکسەر کە دیتی ئاسمان کرایەوە،
پێکەنینی بە خۆی هات. (١٣٥)
ئەگەر مرۆڤی خاکی[٣٤] لە دونیادا باسی ئەم ڕاستییە شاراوەیە بکا
سەیرت نەیێ
ئەو کەسەی لە ئاسمان بینیویەتی لەوێ باسی کردووە (١٣٨)
شانبەشانی زۆر ڕاستیی تری ئەم ئاسمانانە. (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوهەشتەم

١. ئەمە یەکەم سروودی تایبەتە بە ئاسمانی بزوێنەری یەکەم. پێی دەگوترێ سروودی (پایەکان یان چینەکانی فریشتان).

٢. ئەو خانمە.... مەبەست (بیاتریچی)یە.

٣. جووتە چراوگ: بریتی بوو لە مۆمدانێک لە دوو مۆم پێکدەهات، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بۆ ڕووناککردنەوەی هۆڵی سەما بەکار دەهات.

٤. پنت: خاڵ، ڕەمزی خودایە لای لاهووتییەکان. ئیقلیدس ڕای وایە خاڵ درێژی و پانی و بەرزیی نییە. یەکەیەکی سەربەخۆیە. نە دابەشدەکرێ و نە دەگۆڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خاڵە خالیقە، چونکە بە جووڵانەوە، هێڵ و ڕوو و تەن دروست دەکا. جزیری لە ڕوانگەی تەسەووفەوە تەماشای هێڵ و خاڵ (نوقتە) دەکا:

حەرف ژ یەک بوونە فەسل گەر ببری وان ب ئەسل

حەرف دبت یەک خەتەک خەت کو نەما نوقتە ما. (موغبەچەیێن مەیفرۆش)

٥. ئەو بزووتنەوەی دەوری دونیای داوە و گرتوویەتییە ناوخۆی بزوێنەوەی ئاسمانی بزوێنەری یەکەمە.

٦. بازنەکەی تر، واتە بازنەی دووەم، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، دەکاتە ئاسمانی هەشتەم، ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان.

٧. بازنەی سێیەم، واتە ئاسمانی حەوتەم، ئاسمانی زوحەل (ساتورنۆ).

٨. بازنەی چوارەم، واتە ئاسمانی شەشەم، ئاسمانی مشتەری (جوپیتەر).

٩. بازنەی پێنجەم، واتە ئاسمانی پێنجەم، ئاسمانی مەریخ (مارس).

١٠. بازنەی شەشەم، واتە ئاسمانی چوارەم، ئاسمانی خۆر.

١١. بازنەی حەوتەم، واتە ئاسمانی سێیەم، ئاسمانی زوهرە (ڤینۆس).

١٢. دوو بازنەی یەکەم و دووەم و ئەم حەفت بازنەیە کە لە دوای ئەوانەوە دێن ئاسمانی نۆ جۆرە فریشتەکەن کە بە ڕیز ئەمانەن: (سیرافین (سیرافیم)، کەڕوبیان، فریشتەی عەرش، دەسەلاتداری، پاکیزەیی، توانایی، سەرۆکایەتی، ئیمارەت، ئاسمانی.)

١٣. یونۆ (Iuno) (بە لاتینی یونۆنای Unonae) لە ئەسڵدا (هیرا)یە. ژنی زیۆس بوو تەتەرێکی هەبوو بە ناوی ئیرید (بە ئیتالی ئیریدی)، ئەو تەتەرە لە ئاسماندا بە ڕێگەی پەلکەزێڕینەدا دەڕۆیشت. مەبەست پەلکەزێڕینەیە.

١٤. بۆریاس (Boreas) لە ئەفسانەی یۆنانیدا مێردی (ئۆریشیا)یە. خودانی (با)یە. مەبەست بای باکوور، یان باکووری ڕۆژئاوایە. ڕۆمانەکان پێی دەڵێن (ئەکویلۆ).

١٥. له ئەفسانەی یۆنانیدا خودانی (با) چوار ڕووی هەیە. هەر ڕوویەک (با) فوو دەکاتە لایەک. فووکردن، یان هەڵکردنی (با) لە لای ڕوومەتی میانڕۆ، یانی هەڵکردنی (با)ی باکووری ڕۆژئاوا.

١٦. ئەم وێنەیە لە چیرۆکێک وەرگیراوە، دەڵێ: کابرایەکی هیندی شەترەنجی داهێنا و بۆ پاشایەکی فارسی برد. پاشا کەوتە بەر دڵی و بە کابرای هیندیی گوت هەرچی دەخوازێ بڵێ بۆ ئەوەی بۆی جێبەجێ بکا. کابرا گوتی: پاشام خۆش بێ، هیچم ناوێ، بەڵام بۆ خاتری دڵی تۆ تەختەی شەترەنج ٦٤ چوار گۆشەیە، دەنکە گەنمێک لەسەر چوارگۆشەیەک دابنێن و چوارگۆشە بە چوارگۆشە دوو چەندانی لێ بکەن تا هەر (٦٤) چوارگۆشە تەواو دەبێ، بەسمە، چیترم ناوێ، بەڵام پاشا داواکەی پێ نەهاتە دی، چونکە ژمارەی دەنکە گەنمەکان بوو بە ژمارەیەکی خەیاڵی.

١٧. واتە خودا.

١٨. فریشتەی سیرافین (سیرافیم (Serafini) فریشتەی شەشباڵن. لە خۆشەویستیی خودادا دەسووتێن، چونکە شوێنەکەیان لە خوداوە نزیکە. ئەوانن ئاسمانی نۆیەم، واتە ئاسمانی بزوێنەری یەکەم، دەسووڕێنن.

١٩. فریشتەی کەڕوبین، یان کەڕوبیم (Cherubini) لە خوداوە نزیکن. زانیاری و شارەزایی تەواویانە هەیە. ئاسمانی هەشتەم، واتە ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان دەسووڕێنن.

٢٠. خۆشەویستان، واتە فریشتەکان.

٢١. فریشتەکانی عەرش (Troni) ئەمانە عەرشیان هەیە لەسەری دادەنیشن. ئەمە ڕەمزی پایەی بەرز و پتەویانە. لە بارەی خوداناسییەوە لەوانی دی باڵاترن، ئەمانە ئاسمانی حەفتەم، واتە ئاسمانی زوحەل (ساتورنۆ) دەسووڕێنن.

٢٢. سییانەی یەکەم واتە سێ ئاسمانی یەکەم (لە سەرەوەڕا) بە هەموو فریشتەکانەوە.

ئاسمانی بزوێنەری یەکەم کە سەرافینی تێدایە، ئاسمانی ئەستێرەی وەستاو کە کەڕوبینی تێدایە و ئاسمانی زوحەل کە فریشتەی عەرشی تێدایە.

تێبینی: نۆ ئاسمانەکە بە فریشتەکانی ناویانەوە دابەشی سێ کۆمەڵە (سێیینە) دەکرێن. (لە سەرەوە بۆ خوارەوە) سێیینەی یەکەم فریشتەکانی ئەمانەن: سەڕافین و کەڕرووبین و فریشتەی عەرش. سێیینەی دووەم فریشتەکانی ئەمانەن: دەسەڵاتداری و پاکیزەیی و توانایی. سێیینەی سێیەم فریشتەکانی ئەمانەن: سەرۆکایەتی و ئیمارەت و فریشتەی ئاسمانی.)

٢٣. کۆمەڵەی سییانەی دووەمی فریشتەکان لە سێ ئاسمانی دوای ئەوانەدان.

٢٤. بورجی کاوڕ: شەوی پایز کە خۆر لە بورجی میزان بێ، بورجی بەرخ لە ئاسمانی نیوە گۆی زەویی ئێمەدا دەردەکەوێ. مەبەست ئەوەیە بورجی بەرخ –واتە پایز – لە بەهاردا گەڵای درەخت ناوەرێنێ،

٢٥. فریشتەی دەسەڵاتداری. ئاسمانی شەشەم واتە ئاسمانی مشتەری، دەسوورێنن.

٢٦. فریشتەی پاکیزەیی. ئاسمانی پێنجەم، واتە ئاسمانی مارس دەسوورێنن.

٢٧. فریشتەی توانایی. ئاسمانی چوارەم، واتە ئاسمانی خۆر، دەسوورێنن.

٢٨. فریشتەی سەرۆکایەتی: ئاسمانی سێیەم، واتە ئاسمانی ڤینۆس دەسوورێنن.

٢٩. فریشتە ئیمارەت: ئەمانە لە نێوان فریشتەی سەرۆکایەتی و فریشتەی ئاسمانیدا. ئەرکیان گەیاندنی پەیامی گرینگە. ئاسمانی دووەم، واتە ئاسمانی عەتارد، دەسوورێنن.

٣٠. فریشتەی ئاسمانی: ئاسمانی یەکەم، واتە ئاسمانی مانگ، دەسوورێنن. فریشتە هەموو فریشتەی خودان، بەڵام ئەم ناوە گشتییە تایبەتکراوە بەو تاقمە فریشتەیە.

٣١. واتە: هەموو فریشتەکان چاویان بڕیوەتە خودا کە چەقی هەموو کنیاتە.

٣٢. دیۆنیزیۆ: دیۆنیسیوس ئاریۆپاجی (Dionysius Areopagite) یۆنانییەک بوو لە سەدەی شەشەمدا، لەسەر دەستی پۆلس بڕوای هێنا. دوای ئاوەمۆر، بوو بە ئوسقوفی ئەسینا و پاشان هەموو ژیانی خۆی بە ئامۆژگاری و ڕێنماییکردن بردە سەر.

٣٣. گریگۆریۆی یەکەمی گەورە (604 – 450) (Gregorio I) یاسای خوێند و بوو بە فەرمانڕەوای ڕۆما، ئینجا پشتی لە دونیا کرد و خۆی بۆ کاری چاکە تەرخان کرد و چەند دێرێکی دروست کرد. چووە سەر ڕێبازی بینیدیتی. چووە قوستەنتینە و ساڵی ٥٩٠ بوو بە پاپای ڕۆما. هێرشی لۆمباردی بەرپەرچ دایەوە و ئاشتی و ئارامیی لە ڕۆما بەرقەرار کرد. دژی بێدین و بێباوەڕان جەنگا. چەند کتێبێکی ئایینی و وتوێژە و بیرەوەریی هەیە.

٣٤. مەبەست لە مرۆڤی مردەنی (دیونیزیوزی ئاریۆپاجی)یە.

***

# سروودی بیستونۆیەم[1]

## ئاسمانی نۆیەم

## ئاسمانی ئاسمانان

## فریشتەکان

بیاتریچی تەماشای نووری یەزدانیی کرد و قەیرێ بێدەنگ بوو، ئینجا بە دانتیی گوت: خودا فریشتەکانی بۆ ئەوە دروست نەکردووە سوودیان لێ وەربگرێ، چونکە خودا پێویستی بە هیچ کەس و هیچ شت نییە، بۆ ئەوە دروستی کردوون بوونی خۆی بۆ کنیات بسەلمێنێ. خوا لە یەک ساتدا فریشتە و ماکی تەنەکان و هەموو کنیاتی بێ کەموکورتی دروستکردووە. وەک تیشک کە لە یەک ساتدا دێ و بەناو تەنێکی ڕووندا بڵاو دەبێتەوە. گوتی: دوای مردن، ماک (جەستە) و ڕۆح بە شێوەیەکی کاتی لە یەک جودا دەبنەوە. کتێبی پیرۆز باسی کردووە کە فریشتە و هەموو دونیا لە یەک ساتدا بەیەکەوە دروستکراون. بیاریچی گوتی: ماوەیەکی کەم دوای دروستکردنی دونیا، لوچیفیرۆ-ئیبلیس- لە خوا یاخی بوو. خوا نەفرەتی لێ کرد و بەربووەوە تەپانی بنی دۆزەخ، کەچی فریشتە چاکەکان بە نیعمەت و کەرەمی خوا بەرزبوونەوە.

بیاتریچی باسی کرد فریشتە بەردەوام بیر لە خودا دەکەنەوە، بۆیە حەوجەی ئەوە نین لە یادەوەریی خۆیاندا بەدوای شتدا بگەڕێن، هەروەها گوتی خەڵک فەلسەفە لێ دەدەن و وا دەردەخەن خاوەنی زانست و زانینن.

پشتگوێخستنی خوێندنی کتێبی پیرۆز، یان شێواندنی، هەڵە و تاوانێکە لە هەڵە و تاوانی خۆهەڵکێشان بە زانست و زانین گەورەترە. بیاتریچی تانووتی لە پیاوانی ئایینی دا کە خۆیان بە داهێنەکانیان ڕادەنێن، کەچی بەرامبەر کتێبی پیرۆز بێدەنگ دەبن. بە گاڵتە و حەنەک و لاقردی وا دەکەن خەڵک بە ئامۆژگارییەکانیان پێبکەنێ.

بیاتریچی گوتی: بووردنی ئەو مۆچیارانە لە خەڵک بەرامبەر چەردەیەک پارە هیچ نرخ و بنەمای نییە، هەروەها گوتی: خوا خزاوەتە ناو ژمارەیەکی بێکۆتایی فریشتە و بە ناویاندا بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو خۆی ماوەتەوە.

کاتێ هەردوو منداڵی[2] (لاتۆنا)[3] لەژێر پەردەی
کاوڕ و تەرازوودا،
بەیەکەوە ئاسۆ دەکەن بە کەمەربەند، (٣)
لەو ساتەوە کە تەشقی ئاسمان هاوسەنگیان دەکا
تا ئەو کاتە کە نیوەگۆی خۆیان بە یەک دەگۆڕنەوە و
خۆیان لەو کەمەربەندە ڕزگار دەکەن. (٦)
(بیاتریچی) بەو ئەندازەیە بێدەنگ بوو.
دەم بە خەندە چاوی بڕییە
ئەو پنتەی[4] منی وڕ کردبوو. (٩)
ئینجا دەستی پێکرد: (بێ پرسیارکردن،
ئەوەی دەتەوێ گوێت لێ بێ، بۆت باس دەکەم
ئەوەی مەبەستتە ئەو هەموو کات و شوێنەی[5] دروستکردووە. (١٢)
نەک بۆ ئەوەی شتێ بۆ خۆی بەدەست بێنێ،[6]
کە شتی وا نابێ، بەڵکو بۆ ئەوەی
فەڕ و شکۆی بە درەوشانەوە، بڵێ: (ئەوەتا هەم). (١٥)
لە دەرەوەی کات و لە دەرەوەی هەر سنوورێکی تر،
بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێ،
ئەشقی ئەبەدیی خۆی لە خۆشەویستە نوێکانیدا دەرخست. (١٨)
لە پێش ئەوەدا، (ئەو) هەرگیز ڕانەکشاوە وێژینگ بدا،
نە پێشتر و نە پاشتر، وشەی خودا
بەسەر ئەم ئاوانەدا نەکەوتووەتە باڵەفڕە. (٢١)
شکل و هەیولا،[7] بەپێی یەکگرتوویی و جیایی خۆیانەوە
بێ کەموکورتی هاتنە دەرکەوتن
وەک سێ تیر کە لە کەوانێکی سێ ژێیی[8] دەربچێ. (٢٤)
هەروەکو چۆن تیشکێ لەناو شووشە یان کەهرەمان، یان لەناو بلووردا
بە جۆرێ دەچریسکێتەوە، هیچ ماوەیەک

له نێوان تیشکدان و شکڵگرتنیدا نییه. (٢٧)
بهمجۆره سێیینهی سێ وێنه، به شکڵی تهواوی خۆیهوه
له ئافهریدکاری خۆی درهوشایهوه،
بێ ئهوهی ئاگاداری دهسپێکی دروستبوونی خۆی بێ. (٣٠)
ئهم گهوههرانه[٩] له یهک کاتدا دروستکران و یاسایان بۆ داندرا
له گوپیتکی دونیادا جێگیر بوون
که کاری تایبهتییان بۆ کرا. (٣٣)
بهشی ههره خوارهوه توانایهکی خوڕی وهرگرت،
له ناوهڕاستیشدا هێز به پهتێکی توند بهکار بهسرایهوه
به جۆرێ ههرگیز لهیهک نابنهوه. (٣٦)
(جیرۆوالمۆ)[١٠] بۆ ئێوهی نووسیوه
که فریشتهکان چهند سهدهیهکی دوورودرێژ
پێش دروستکرانی دونیا، خهلقکراون. (٣٩)
ئهم ڕاستییه، له زۆر نووسینی ئهو نووسهرانهدا نووسراوه
که ئیلهامیان له ڕۆحی پیرۆزهوه وهرگرتووه
تۆ ئهگهر به دوایدا بگهڕێی، دهیدۆزیتهوه. (٤٢)
ئهقڵیش تا ڕادهیهک دهرکی پێدهکا،
چونکه ناچێته ئهقڵهوه که ئهو هێزه بزوێنهرانه
ماوهیهکی زۆر بێ گهیشتنه پلهی کهماڵ بووبن. (٤٥)
ئێستا دهزانی له کوێ و کهی و چۆن
ئهم خۆشهویستانه دروستکران و
ئێستا سێ سکڵی ئارهزووت کوژایهوه. (٤٨)
به ماوهیهکی کهمتر لهوهی بتوانی تا بیست بژمێری
وای پێویست کرد که تاقمه فریشتهیهک
ئارامیی ڕهگهزی بنچینهییتان تێک بدهن.[١١] (٥١)
ئهوانهی تر لهوێ مانهوه و بهوپهڕی شادی

دەستیان بەو کارە کرد کە دەبینی.
هەرگیز لە خولانەوە ناوەستن. (٥٤)
سەرەتای کەوتنەکە بۆ فیز و باییبوونی ئەو کەسە[١٢] دەچێتەوە
کە بینیت لەژێر باری قورسی گوناهی
هەموو دونیادا دەپلیشایەوە. (٥٧)
ئەوانەیش کە لێرەدا دەیانبینی، خاکیبوون دەرهەق زانیاریی خۆیان
دەیانزانی چاکی باڵا خەڵقی کردوون و هەر
ئەویش توانای ئەم تێگەیشتنەی پێ بەخشیون. (٦٠)
ئەوانە بیناییان ئەوەندە بە نیعمەتی پرشنگدار و
بە شایستەیی خۆیان بەرزبووەوە
بوون بە خودانی ویستێکی مکووم و خۆڕاگر. (٦٣)
نامەوێ تۆ گومانت هەبێ، دڵنیا بە،
شایستەیی دەستکەوتنی نیعمەت
پەیوەستە بە کرانەوەی ڕێگەی خۆشەویستی بۆ پێگەیشتنی. (٦٦)
ئەگەر تۆ باش لە قسەکانم گەیشتبی
هەوکە دەتوانی بێ هیچ یارمەتییەکی تر،
لە ڕەوشی ئەم کۆمەڵەیە وردبیتەوە، (٦٩)
بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنگۆ لە دونیادا
لە قوتابخانەکانتان دەخوێنن، سروشتی فریشتە
بە جۆرێکە تێدەگا و شت ئەزبەر دەکا و شتی دەوێ، (٧٢)
زیاترت بۆ باس دەکەم بۆ ئەوەی بە ڕوونی ئەو ڕاستییە ببینی
کە لە سۆنگەی لێڵی و ئاڵۆزیی ئەم جۆرە وانەیەدا
تووشی شێوان و شڵەژان هاتووە. (٧٥)
ئەو گەوهەرانە دوای خەنیبوونیان
بە دیداری ڕوخساری یەزدانی، چاویان لەسەر لانەدا،
دیارە ئەویش هیچی ئاشکرا و نهێنیی لەبەر بزر نابێ. (٧٨)

هیچ بابەتی نوێ هێزی بینینیان ناپچڕێنێ،
ئیتر پێویستیان بەوە نییە وەک ئەوەی وێنەیەکیان لە بەرچاو بزربووبێ
بە بیر خۆیانی بێننەوە. (٨١)
ئیدی لە خوارەوە، خەڵک بێ خەوتن خەون دەبینن،
هەندێ بڕوا دەکەن قسەکەیان ڕاست بێ و هەندێ بڕوا ناکەن
لە یەکێ لەم دوو حاڵەتەدا گوناه و شوورەییان زیاترە. (٨٤)
ئێوە لە دونیادا، یەک ڕێگە ناگرنە بەر بۆ فەلسەفەلێدان،
ئەشقی خۆدەرخستن و بیرکردنەوەتان لە زانست
زیاتر هانتان دەدا، (٨٧)
ئەمەیش لێرە، لەم سەرەوە، بە قینێکی کەمتر
وەردەگیرێ لەوەی کە نووسینی یەزدانی
دەخرێتە لاوە، یان دەشێوێنرێ. (٩٠)
لێرە کەس بیر ناکاتەوە وەشاندنی ئەو تووە لە دونیادا
بە چ نرخێک وەستاوە و
چۆن خوا لەو کەسە ڕازی دەبێ کە بە دڵێکی خاکی پشتگیریی دەکا! (٩٣)
هەریەکەتان بۆ خۆدەرخستن، زەینی دەخاتە کار و
داهێنانی خۆی پێشکێش دەکا.
مۆچیارەکان باسی دەکەن، بەڵام ئینجیل دەنگی لێوە نایێ. (٩٦)
هەندێ دەڵێن کاتێ مەسیح ئازاردرا، مانگ کشایەوە و
شوێنی ناوەڕاستی گرت،
ئیتر تیشکی خۆر نەگەیشتە خوارەوە. (٩٩)
درۆ دەکەن، ڕووناکی خۆی لە خۆیەوە بزر بوو،
ئەم ڕۆژگیرانە بۆ ئەسپانی و
بۆ هیندی و بۆ جوولەکە وەکویەک وا بوو. (١٠٢)
(فیورێنتزا) ژمارەی (لاپی) و (بندۆ) [١٣]بەقەد ئەو چیرۆکانە نییە
کە بە درێژایی ساڵ هەڵدەبەسرێن و لێرەولەوێ،

لەسەر مینبەر پەخشدەکرێن،[١٤] (١٠٥)
تەنانەت پەزیش کە هیچ نازانێ
لە پاوانان دێتەوە، تەنیا (با)ی خواردووە،
بیانووی نییە کە بە زیانی خۆی نازانێ. (١٠٨)
مەسیح بە شاگردەکانی هەوەڵی خۆی نەگوت
بڕۆن بە هەرزەگۆیی مۆچیاریی خەڵک بکەن،
بەڵکو بنچینەیەکی ڕاست و دروستی دانە دەست. (١١١)
تەنیا چریکەی ئەم ڕاستییەیان لەسەر زار بوو.
بۆ داگیرساندنی ئاگری ئیمان،
ئینجلیان کرد بە نێزە و سوپەر. (١١٤)
ئێستا مۆچیار بە حەنەک و لاقردی
دەچێتە وەعزدان و هەر هێندە گوێی لە قاقای پێکەنین دەبێ،
کڵاوی پڕ با دەبێ و لەوە زیاتر هیچی نەگەرەکە، (١١٧)
بەڵام باڵندەیەک[١٥] هێلانەی لەسەر لێوی کڵاوەکەی[١٦] کردووە،
ئەگەر جەماوەر بیبینن، دەزانن
بۆ لێبووردن، متمانەیان بە چی کردووە! (١٢٠)
بە مەوە گەمژەیی و لەوجڕی ئەوەندە لەسەر زەوی زۆر بووە
خەڵک هەر بەڵێنێکیان پێ بدرێ
بێ بەڵگە و گەواهی بەدوایدا ڕادەکەن. (١٢٣)
پیر (ئانتۆنیۆ)[١٧] بەم جۆرە بەرازەکانی قەڵەو دەکا،
هەروەها ئەوانەی دیکەش کە لە بەراز خراپترن
کە لەباتی دراوی ساغ، دراوی ساختە و بێمۆر دەدەن.[١٨] (١٢٦)
زۆر دوورکەوتینەوە.
با چاو بە ڕێگەی ڕاستیدا بگێڕینەوە
بۆ ئەوەی بەپێی کات ڕێگەمان کورت بکەینەوە. (١٢٩)
ژمارەی ئەم فریشتانە لە پایەکەیەوە بۆ پایەیەکی تر ئەوەندە زیاد دەبێ

هەرگیز، نە زمان و نە بیری هیچ مرۆڤێ ناتوانێ
ئەوەندە دوور بڕوا. (١٣٢)
ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگری
کە (دانیال)[١٩] ئاشکرای کردووە، دەبینی
ژمارەی ڕاستەقینەیان لەناو پێچی هەزاراندا بزربووە. (١٣٥)
تیشکی یەکەم[٢٠] کە سەراپای گەردوون ڕۆشن دەکاتەوە،
بەقەد ژمارەی ئەو تیشکانەی تێکەڵیان دەبێ،
بە ڕێگەی جیاجیا ڕووناکییان بەسەردا بڵاودەکاتەوە. (١٣٨)
جا لەبەر ئەوەی خۆشەویستی لە کاری دەرککردنەوە هەڵدەقوڵێ
ناسکیی خۆشەویستی بە شێوەی جیاجیا
ئاگرەکەی گڕدەگرێ، یان هێور دەبێتەوە. (١٤١)
ئێستا تۆ سەیری بەرزی و مەزناتی (دەسەڵاتی سەرمەدی) بکە
ئەم هەموو ئاوێنەیەی[٢١] بۆ خۆی دروستکردووە و
بەناویاندا بڵاو بووەتەوە.(١٤٤)
لە کاتێکدا وەکو پێشوو، هەریەک و تاک و تەنیایە! (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سرووودی بیستونۆیەم

١. ئەم سرووده بەردەوامیی سرووودی پێشووه.

٢. دوو منداڵ: مەبەست ئاپۆللۆ و دیانای دوو منداڵی لاتونایە. ئاپۆللۆ یانی خۆر و دیانا یانی مانگ. (بەرزەک، س٢٠،د١٣٠).

دوو بورجی کاوڕ و تەرازوو، یەکەمین و حەفتەمین بورجن. مانای ئەم دووبەندە بەم جۆرەیە: کاتێ خۆر و مانگ، یەکێ دەکەوێتە بورجی کاوڕ و ئەوەی تر دەکەوێتە بورجی تەرازوو، یانی لە بورجەکاندا، ڕێک دەکەونە بەرامبەر یەک، هەردووکیان لە یەک کاتدا لە ئاسۆ دەردەکەون، واتە یان لە ساتی ئاوابوونی خۆر و هەڵاتنی مانگ، یان لە کاتی هەڵاتنی خۆر و ئاوابوونی مانگ، بەڵام ئەم دۆخە ماوەیەکی زۆر دەوام ناکا، چونکە دوای ئەوەی مانگ و خۆر، نیوەگۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن: ئەوەی لە نیوەگۆی سەرەوەی زەوی بوو لە ئاسۆ دەچێتە خوارەوە و ئەوەی لە نیوەی خوارەوە بوو، واتە دیار نەبوو، دێتە سەرەوە، واتە دەردەکەوێ.

٣. لاتونا (Latona)، یان لیتۆ دایکی ئاپۆللۆ و دیانا بوو لە زیۆس.

٤. ئەم پنتە گەش و پرشگندارە ڕەمزی خودایە.

٥. هەموو چەمکی (شوێن کات) لە خودا کۆدەبێتەوە، واتە خودا هەموو شتێ لە بارەی هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک دەزانێ و جگە لە خودا کەسی تر هەموو شت نازانێ.

٦. واتە خودا فریشتەی بۆ ئەوە خەڵق نەکردووە تا سوودیان لێ وەربگرێ، چونکە خودا لە هەموو شێ تەواوە و پێویستی بە شتی وا نییە، بەڵکو بۆ ئەوە خەڵقی کردوون تا بیناسن. لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە: (كنت كنزا مخفيا فخلقت الخلق كي أعرف).

٧. هەیوولی: ماددەی یەکەم کە تەن و هەموو بوونەوەرەکانی لێ دروستکراوە.

٨. کەوانی سێ ژێ: لە سەردەمی کۆندا، کەوان هەبوو سێ ژێی هەبوو. لەیەک کاتدا، هەر ژێیەک و تیرێکی لێ دەردەچوو، واتە کەواندار دەیتوانی سێ تیر بە یەک جار باوێ، ڕەنگە دانتی مەبەستی سێیانەی مەسیحی بێ.

٩. گەوهەر: مەبەست فریشتەیە.

١٠. جیرۆوالمۆ (Geroalmo) (بە لاتینی هیرۆنیموس Hieronymus و (٣٤٠ – ٤٢٠) گەورەترین پیاوی ئایینیی کڵێسەی لاتین بوو. لە (دالماشیا) لەدایک بووە و لە ڕۆما ئاوەمۆرکراوە. لە تەمەنی سێ ساڵیدا چووە زیارەتی بيت المقدس، ئینجا پێنج ساڵ لە بیابانی عەرەبیدا بە گۆشەگیری ژیا، پاشان چووە ئەنتاکییە و قوستەنتینە و ئەسکەندەرییە و ئینجا گەڕایەوە ڕۆما. ساڵی ٣٨٥ دووبارە چووە بيت المقدس و دێری (بیت لەحم)ی دروست کرد کە ساڵی ٤١٦ سووتێنرا.

١١. واته ئەو فریشتانەی لە خودا هەڵگەڕانەوە. یەکەمیان لوچیفرۆ (ئیبلیس) بوو.
(١٢) ئەمە لوچیفرۆیە (ئیبلیس) کە بەربووەوە بۆ ناو چەقی زەوی.
١٣. ناوی لاپۆ (Lapo) لە جاکۆپۆ (Jacopo) هاتووە و ناوی بیندۆ (Bindo) لە ئیلدێبراندۆ (Ildebrando)وە هاتووە، ئەمانە لە سەردەمی دانتیدا ناوی باو بوون لە فلۆرەنسا. مەبەستی هەر کەسێکە، نەک ناوی کەسێکی تایبەتی.
١٤. کڵاو ڕەمزە بۆ ڕاهیب، یان مۆچیار.
١٥. باڵندە، لێرە ڕەمزی شەیتانە، واتە شەیتان لەسەر لێوی کڵاوی ڕاهیبەکان هەڵدەنیشێ کاتێ بە گاڵتە مۆچیاری دەکەن.
١٦. یانی ئەو چیرۆکانەی پیاوی ئایینی لە بارەی کاروباری ئایینییەوە لە فلۆرەنسا هەڵیاندەبەستن و لەسەر مینبەرەکاندا بۆ خەڵکی سادە و ساویلکەی باس دەکەن، ژمارەیان لەو فلۆرەنساییانە زیاترە کە ناویان لاپۆ یان بیندۆیە. ئەم دوو ناوە ئەوسا لە ناوە باوەکانی فلۆرەنسا بوون.
١٧. سان ئانتۆنیو (359 – 254) (S.Antonio) یەکێ بوو لە خواپەرستانی سەدەی سێیەم و چوارەم. ڕاهیبێکی میسری بوو، لە (واسیتی) لەدایک بووبوو. تەمەنی بیست ساڵ بوو کە باوکی مرد. ماوەیەک سەرپەرشتیی موڵک و ماڵی باوکی کرد، بەڵام هەر زوو ئارەزووی خواپەرستی و گۆشەگیری لە سەری دا و موڵک و ماڵەکەی فرۆشت و خوشکێکی هەبوو لای دوعاگۆیانی دانا. ساڵی ٢٨٥ چووە (بسبیر) کە دەکەوێتە نێوان ئەتفیح و بەنی سووەیف. تیپێکی ئایینیی دروستکرد بە ناوی (تیپی سان ئانتۆنیو). دروشمی تیپەکە نیشانەی بەراز بوو کە لە دێرەکاندا بەخێویان دەکرد. لە سەردەمی کۆندا بەراز ڕەمزی شەیتان بوو. سان ئانتونیو لە کاتی گۆشەگیریدا چەند جار تووشی وەسوەسەی شەیتان هات. جا لەبەر ئەوەی بەراز ڕەمزی وەسوەسەیە، هەمیشە ئانتۆنیو لەگەڵ بەراز پیشان دەدرا. ئەم وەسوەسەیەی سان ئانتۆنیۆ بوو بە ئیلهامی زۆر بەرهەمی هونەری و شیعریی ڕۆژئاوا.
١٨. واتە ڕەبەنەکانی سان ئانتۆنیۆس چەکی لێبووردەیی دەفرۆشتە خەڵک کە هیچ سوودی نییە بۆ شووشتنەوەی گوناه. وەکو پارەی قەڵپی بێمۆر وایە کە لە بازار ـ ناڕوا.
١٩. دانیال (Daniel) پێغەمبەرێکی جوولەکان بوو. لە سەدەی شەشەم و لە سەردەمی کۆروشی گەورەی شای وڵاتی فارسدا ژیاوە.
٢٠. ڕووناکیی یەکەم: واتە خودا.
٢١. ئاوێنە ڕەمزی فریشتەیە.

# سرروودی سییەم[1]

## عەرشی باڵا

## خودا، فریشتەکان، ڕۆحانی بەهەشتی


حەشیمەتی فریشتەکان وەکو بزربوونی ئەستێرە لەگەڵ هەڵاتنی خۆر، لە بەرچاوی دانتی بزر بوون. دانتی تەماشای بیاتریچی کرد، دیتی بێڕادە جوانە و ددانی پێدا نا کە ناتوانێ وەسفی بکا. وازی لە وەسفکردنی هێنا، وەکو چۆن نیگارکێش لەوپەڕی تواناداد دەستبەرداری نیگارکێشان دەبێ. بیاتریچی بە دانتیی گوت: ئێمە ئێستا لە ئاسمانی بزوێنەری یەکەم دەرچووین بۆ ئاسمانی پرتەوی خوڕ و ساف، یان ئاسمانی ئاسمانان.

تیشکێکی گەش لە دانتیی دا. دانتی چاوی لەدیار زەقبووەوە. هێزی بینینی لە چاودا نەما. کە هێزی بینینی هاتەوە بەر، نوورێکی بینی وەکو ڕووبار بە بەینی دوو کەناری بەهاریدا دەڕۆیشت. پڕوشک -ڕەمزی فریشتە- و گوڵ — ڕەمزی ڕۆحی چاکەکاران- لە ڕووبارەکەوە دەچووە سەر کەنارەکان و لەسەر کەنارەکانەوە دەچووە ناو ڕووبارەکە.

بیاتریچی بە دانتیی گوت ئەوەی دەیبینی تەنیا سێبەری دیباجەی ڕاستەقینەی یەزدانییە. دانتی بە وردی ڕووبارەکەی مێزە کرد. دیتی شەپۆلی ئەو پرتەوەی لە خواوە دەهات شکڵێکی خڕ و بازنەیی وەرگرت. بە شوێنێکی زۆر هەراودا بڵاوبووەوە. چێوەکەی لەچاو خۆر بوو بە کەمەربەندێکی زۆر فراوان. پرتەوی یەزدانیی لەسەر ڕووی دەرەوەی ئاسمانی بزوێنەری یەکەم درەوشایەوە، ئەویش بە دەوری خۆی درەوشاندییەوە سەر ئاسمانەکانی دی.

دانتی بینیی ڕۆحی چاکەکاران بە هەزار چین لەسەر ڕووباری نوور و دەوروبەریدا دەدرەشایەوە. ئەمە گوڵی ئاسمانی یەزدانی بوو.

بیاتریچی دانتیی ڕاکێشا و بردییە ناوجەرگەی زێڕینی گوڵی جاویدانی. باسی چێوەی فراوانی گوڵەکەی بۆ کرد. سەرنجی بۆ تاجی ئیمپراتۆری ڕاکێشا کە هێنری مەزنی لێ بوو. بیاتریچی پێشبینیی چارەنووسی کلیمێنتۆی پێنجەمی کرد لە دۆزەخ.



لەوانەیە خۆری نیوەڕۆ[٢] کە شەش هەزار میل لە ئێمەوە دوورە،
بدرەوشێتەوە تیشک باوێ و
دونیا[٣] سێبەری خۆی بۆ ئاسۆ لار بکاتەوە. (٣)
کاتێ دیمەنی ئاسمانی بەرزی سەرسەرمان
دەست بە گۆڕان دەکا تا لەو ئاسۆ[٤] دوورەدا
هەندێ ئەستێرە شەوقیان نامێنێ و لە بەرچاو بزر دەبن. (٦)
کاتێ گەشترین پەری خۆر نزیک دەکەوێتەوە،
ئاسمان، ئەستێرەکانی یەک یەک ئاوا دەبێ
تا جوانترین ئەستێرە دەکوژێتەوە. (٩)
ئەڵقە زاڵەکانیش کە هەمیشە لە دەوری ئەو پنتە[٥] دەگرگرێن
کە چاوم لەدیار زەقبووەوە
دەتگوت بەوە دەورەدراوە کە دەوری داوە. (١٢)
بەم جۆرە وردەوردە لە بەرچاوم بزر بوون.
خۆشەویستی و نابینابیم هانی دام
چاو بۆ لای (بیاتریچی) وەربگێڕم. (١٥)
ئەگەر هەرچی تا ئێستا دەربارەی گوتراوە
لە تاکە یەک سروودی ستایشدا کۆبکرێتەوە
ناتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکا. (١٨)
ئەو جوانییەی من دیم، نەک تەنیا لە سنووری دەرککردنی ئێمەدا نییە،
بەڵکو بەڕاستی بڕوام وایە
تەنیا دروستکەری خۆی دەتوانێ دەرک بە هەمووی بکا. (٢١)
لەم هەڵوێستەدا، ددان بە بەزینی خۆمدا دەنێم
کە هیچ کۆمیدینووس، یان تراجیدینووسێک[٦]
شتی وای لە بارەی هیچ پارچە نووسینی خۆی نەکردووە. (٢٤)
کە خەندەی دڵبزوێنیم بیر دەکەوێتەوە، هێزی دەرککردنم نامێنێ
دەڵێی خۆرە و کار لە چاو دەکا
کە بەرامبەر خۆر دەشڵەژێ و تارێک دادێ (٢٧)
لە یەکەم ڕۆژەوە کە چاوەکانیم لە دونیادا بینی[٧]

تا ئێستا کە لە ئاسمان دەیبینم
هەرگیز لە ستایش و سروودخوانیی ئەو چاوانە نەوەستاوم، (٣٠)
بەڵام پێویستە ئێستا، لە شیعرەکەمدا
وەک هونەرمەندێ کە بە ترۆپکی توانای هونەری خۆی گەیشتبێ
دەست لە باسی جوانیی ئەو هەڵبگرم. (٣٣)
ئەو کەسەی بە دەنگێکی لە دەنگی چەنگی خۆم
گەورەتری دەسپێرم، ئەو کەسەی
ئەرکی قورسی خۆی بە پایان دەگەیەنێ، (٣٦)
بە ورەیی دەنگی ڕابەرێکی دلێرەوە دەستی بە قسە کرد:
(ئێمە لە گەورەترین بازنە دەرچووین
بۆ ئەو ئاسمانەی نوورێکی ساف و خورە.٨ (٣٩)
نوورێکی ڕۆحانیی پڕ لە ئەشقە،
ئەشقی خێر و ڕاستیی پڕ لە شادی،
شادییەک لە هەموو شیرینییەکی تێپەڕاندووە. (٤٢)
لێرەدا، هەردوو سوپای بەهەشت
ڕووبەڕوو دەبینی. لە ڕۆژی پەسڵانیشدا
یەکێکیان هەر بەو شێوەیە دەبینی. (٤٥)
چۆن چەخماخەیەکی کتوپڕ هێزی بینین
دەپووکێنێتەوە و چاو لە بینینی
گەشترین شت بێبەش دەکا، (٤٨)
ئاوها، تیشکێکی گەش لوولی دام و
پەردەیەکی بریقەداری خۆی بەسەردا کێشام،
چاوم دیوی پشتەوەی نەدەدی. (٥١)
ئەو ئەشقەی ئەم ئاسمانە ئارام دەکاتەوە،
هەمیشە بەم جۆرە درووده پێشوازیی ڕۆحەکان دەکا
بۆ ئەوەی مۆم[٩] بۆ بڵێسەکەی ئامادە بکا.) (٥٤)
هەر هێندە ئەم قسە کورتەیەم بیست،
هەستم کرد لە هەرچی بەهرە و توانایەکم هەیە

زۆر بەرزتر بوومەتەوە. (٥٧)
سۆما و بینایيەکی تازەم تێدا داگیرسا،
ئیتر هیچ بریقەیەکی گەش نییە
چاوم خۆی پێ لەبەر ڕانەگیرێ. (٦٠)
ڕووبارێکی نوورم بینی،
لە نێوان دوو کەناری ڕازاوە بە بەهاری دڵکێش و ڕەونەقدار،
دەبریسکایەوە و بە لەمەلەم دەڕۆیشت. (٦٣)
پڕوشکی[١٠] چریسکەدار لە ڕووبارەکە هەڵدەستا
وەک یاقووتی ناو ئەڵقەی زێڕ
دەکەوتە سەر گوڵی[١١] هەردوو کەنار. (٦٦)
لە کەنارەکانیشەوە پڕووشک دەکەوتنە ناو شەپۆلی ڕووبارەکە
دەتگوت لە بۆنوبەرامە مەست بووین
پڕووشکێ دەچووە ناو ڕووبار و پڕووشکێ دەهاتە دەرەوە.[١٢] (٦٩)
ئەو ئارەزووە بەرزەی ئێستا گڕت تێ بەردەدا و
گوشارت بۆ دێنێ ڕاستیی ئەو شتە بزانی کە دەیبینی
تا زیاتر بێ، من پتر هەوەسم پێ دێ، (٧٢)
بەڵام دەبێ ئەم ئاوە بخۆیتەوە[١٣]
بۆ ئەوەی گڕی تینوێتیت بشکێ.)
خۆری[١٤] چاوەکانم وای پێ گوتم. (٧٥)
ئینجا گوتی: (ڕووبار و[١٥] ئەو گەوهەری توپازەی
دەچنە ناو ڕووبارەکە و دێنە دەرەوە و خەندەی گیا و گوڵ
تەنیا نیشانەی سێبەری دیباجەی ڕاستیی ئەون و بەس (٧٨)
ئەم شتانە خۆیان لە خۆیانەوە ئاڵۆز نین
کەموکورتی لە تۆیەدایە
هێشتا چاوت بەپێی پێویست ڕۆشن نییە. (٨١)
هیچ کۆرپەیەکی شیرەخۆرە نییە،
لە کاتی خۆی درەنگتر بەخەبەر هاتبێ،
ئاوها خێرا ڕوو بکاتە شیر و پەلاماری بدا (٨٤)

وەک من پەلاماری ڕووبارەکەم دا، بۆ ئەوەی بە داهاتنەوە سەر ئاوی ڕەوان
چاوەکانم بکەم بە دوو ئاوێنەی هەرە باش،
بۆ ئەوەی بکەوینە سەر باشترین حاڵ! (٨٧)
کاتێ لێوی پێڵوەکانم لەو ئاوەیان خواردەوە
وام هەست کرد
شکڵی درێژ و ڕاستی گۆڕا و بوو بە بازنەیی. (٩٠)
وەک کۆمەڵێ نیقابپۆش ئەگەر نیقاب لەسەر ڕوو لابەرن
بە شێوەیەکی جیا دەکەونە بەرچاو
کە لەژێر نیقابەکە شارابووەوە. (٩٣)
بەم جۆرە گوڵ و پڕووشکەکان گۆڕان و
بەزمێکی خۆشتریان لە بەرچاوم ڕازاندەوە
هەردوو بارەگای ئاسمانم بەرامبەر خۆم بینی. (٩٦)
ئەی شەوقی یەزدانی کە بە تۆ کەژاوەی سەرکەوتنی گەورەم
لە وڵاتی[١٦] هەقدا بینی، هێزێکم پێ کەرەم کە بتوانم
چۆنم بینیت ئاوا وەسفت بکەم.(٩٩)
تیشکێک لە سەری سەرەوە هەیە
پەروەردگار دەخاتە بەرچاوی ئافەریدەکانی
کە لە دیداری ئەودا نەبێ ئارام ناگرن.
ئەو تیشکە بە شێوەیەکی بازنەیی خۆی لێک دەکێشێتەوە[١٧]
بە جۆرێ چێوەکەی بۆ خۆر
دەبێ بە کەمەربەندێکی زۆر گەورە. (١٠٥)
ئەم تیشکە زادەی پرتەوێکە لەسەر
ترۆپکی بزوێنەری یەکەمەوە دادەشکێتەوە.
ئەم ئاسمانە هەموو هێز و چالاکیی خۆی لەو وەردەگرێ. (١٠٨)
وەک چۆن تەپۆلکە، وێنەی لەسەر ڕووی ئاوی بناری دەردەکەوێ
دەڵێی سەیری خۆی دەکا خەملیوە
کاتێ قەدپاڵی پڕ دەبێ لە گیا و کوڵووک. (١١١)

منیش بەم جۆرە هەموو ئەوانەم بینی کە لەناو ئێمە گەڕانەوە سەرێ
لەسەر تیشکەکە و لە دەردۆری بڵاو بووبوونەوە
بە هەزار چین زیاتر بەسەریدا دەشکانەوە و دەدرەوشانەوە. (١١٤)
ئەگەر نزمترین پلەی ئەو گوڵە
ئەو نوور و پرتەوە مەزنەی تێدا بێ
ئاخۆ لای پەلکەکانی سەرەوە چەند گەورە و هەراوە. (١١٧)
چاوم بەرامبەر ئەم بەرزیی و فراوانییە ئەبڵەق نەبوو،
ئاشنایەتیی تەواوی لەگەڵ ڕادە و جۆری
ئەو شادییە ئاسمانییە پەیدا کرد(١٢٠)
لەوێ، دووری و نزیکی، هیچ شتێ کەم و زاف ناکا،
چونکە یاسای سروشت هیچ دەورودەوسی
لە قەڵەمڕەوی بێمەهدەری خوداوەند نییە. (١٢٣)
بیاتریچی، وەک یەکێ بێدەنگ بێ، بەڵام ئارەزووی لە قسە بێ،
ڕایکێشام بۆ ناوجەرگەی زێڕینی گوڵی جاویدان
کە دەکشێ و پایە بە پایە دەڕوا و بۆنی پەسندان (١٢٦)
لە خۆری[١٨] هەمیشە بەهار دەدا. پێی گوتم:
تەماشای کۆڕی بەرگسپیان[١٩] بکە
چۆن گەورە و فراوان دەبێ.(١٢٩)
سەیر کە شارەکەمان[٢٠] چۆن چێوەی فراوان بووە
ببینە کوو کورسییەکانمان پڕ بوون،
تەنیا چەند ڕۆحێکی کەم لە چاوەڕوانیدا ماون. (١٣٢)
ڕۆحێ لەسەر ئەو عەرشە دانیشتووە
تۆ بۆ خاتری ئەو تاجەی تازە لە سەری نراوە
بەر لەوەی شێوی ئەو زەماوەندە بخۆی زەقزەق تەماشای دەکەی
بەر لەوەی لەم بەزمی زەماوەندەدا شێو بخۆی، (١٣٥)
ئەو ڕۆحە لە دونیادا دەبێ بە قڕاڵ.
ئەمە ڕۆحی هێزی (ئارڕیگۆ)ی[٢١] پایەبەرزە
بەر لەوەی ئیتالیا ئامادە بێ، دێ بۆ ئەوەی بیخاتەوە سەر پێ. (١٣٨)

ئەو تەماعییە کوێرانەی جادووبەندی کردوون،
وەک ئەو کۆرپە بەرماکەی لێ کردوون
کە لە برسان دەمرێ و دایەنەکەی هەڵدەبڕێ. (١٤١)
ئەوسا، یەکێ لە دادگای یەزدانیدا[٢٣] پایەی سەرۆکایەتی وەردەگرێ[٢٢]
کە چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرایی
لەگەڵ ئەو هەمان ڕێگە ناگرێتە بەر، (١٤٤)
بەڵام خوا ماوەیەکی زۆر لەو پایە پیرۆزە نایهێڵێتەوە
فڕێی دەداتە ئەو شوێنەی
(شەمعوون)ی جادووگەر [٢٤]بە شایستەی خۆی کەوتە ناویەوە (١٤٧)
وا دەکا ئالانیایی[٢٥] زیاتر شۆڕ بێتەوە[٢٦] خوارێ. (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی سێیەم

١. ئەمە یەکەمین سروودی ئاسمانی ئاسمانانە. پێی دەگوترێ (سروودی ڕووباری نوور و گۆلی ئاسمان).

٢. خۆری نیوەڕۆ، واتە ئێستا نیوەڕۆیە. شەش سەعاتە ڕۆژهەلاتووە، واتە ئێستا سەعات دوازدەیە، چونکە ڕۆژ سەعات شەش هەلدێ.

٣. واتە: زەوی کە لە خوارەوەی هەموو ئاسمانەکانە.

٤. واتە ئاسمانی هەشتەم، ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکان.

٥. ئەو پنتە گەشەی وڕ و گێژی کرد ڕەمزە بۆ خودا.

٦. کۆمیدینووس و تراجیدینووس: واتە نووسەری شتی سووک و نووسەری شتی سەنگین. لە سەردەمی دانتیدا وشەی (کۆمیدی) بۆ هۆنراوەیەک بەکار دەهات کە بابەتەکەی سادە بێ و زمانەکەی میللی و باو بێ و بە شادی کۆتایی بێ. وشەی (تراجیدیا) بۆ هۆنراوەیەک بەکار دەهات بابەتەکەی بەرز و زمانەکەی پاک و پاراو بێ و کارەساتی تێدا بێ. بەرهەمەکەی دانتی هەردوو بابەتی تێدایە. لە ڕووی زمان و کۆتایی شادەوە کۆمیدییە و لەبەر ئەوەی پڕە لە دەرد و ئازار و کارەسات تراجیدییە.

٧. مەبەست (بیاتریچی)یە کە ڕەمزی حەقیقەتی بالایە.

٨. نووری ڕۆحانی بریتییە لە ڕۆحی خودا.

٩. مۆم، ڕەمزە بۆ ڕۆحی چاکەکاران و بلێسە ڕەمزە بۆ نیعمەتی خودا.

١٠. پرووشک: مەبەست فریشتەیە.

١١. گوڵ: ڕۆحی چاکەکارانە.

١٢. واتە: پرووشکێک لە چیمەن و گوڵەکان هەلدەستا و دەکەوتە ناو ڕووباری نوور، لە هەمان کاتدا پرووشکێکی تر لە ڕووباری نوور هەلدەستا و دەکەوتە سەر چیمەن و گوڵەکان. ئەم ئالوگۆڕی پرووشکانە لە نێوان گوڵ و نووردا وەکو هاتوچۆی هەنگ وایە بۆ کۆکردنەوەی شیلەی گوڵ.

١٣. واتە پێویستە دانتی لەم ڕووبارەی نوور وردبێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ گولی چاکەکاران ببینێ.

١٤. خۆر، لێرەدا مەبەست (بیاتریچی)یە.

١٥. ڕووبار، مەبەست ڕووباری نوورە.

١٦. واتە: بەهەشت.

١٧. شێوەی بازنەیی، ڕەمزە بۆ تەواوی. بۆ جاویدانی و نەمری.

١٨. خۆر، لێرەدا ڕەمزە بۆ خودا.

١٩. ڕەنگی سپی، ڕەمزە بۆ پاکی و بێتاوانی. کۆڕی بەرگسپییان. عەرشی باڵا کە شوێنی ڕۆحی بەهەشتییەکانە. جلی سپیی لە ئایینی مەسیحیدا ڕەمزە بۆ ئەوانەی خودا لێیان خۆش بووە. لە کۆنەوە ڕەنگی سپی ڕەمزی پاکی و بێتاوانی بووە. بە پێچەوانەوە، ڕەنگی ڕەش ڕەمزی بەڵا و ناپاکی بووە. دانتی شەیتانەکان بە (فریشتەی ڕەش) ناو دەبا.

٢٠. شار، لێرەدا مەبەست بەهەشتە.

٢١. ئارڕیگۆ: هێنریی حەفتەم کە چووە ئیتالیا و ساڵی ١٣١٢ تاجی ئیمپراتۆریی لە سەر نا، بەڵام بەرامبەر فلۆرەنسا بەزی.

٢٢. مەبەست پاپای کلیمینتۆی پێنجەمینە کە لە ماوەی ١٣٥٠ تا ١٣١٤دا فەرمانڕەوا بوو لە ئەڤنیون. شوێنی کلیمینتۆ لە دۆزەخە.

٢٣. دادگای یەزدانی: مەبەست کڵێسەیە.

٢٤. سەمعانی جادووگەر ئەوە بوو ویستی ڕۆحی پیرۆز بە پارە لە یوحەننا و پیترۆس بکڕێ.

٢٥. ئالانیا (Alagna)، یان ئانانی (Anagni) شارێکە لە ناوچەی لاتزیۆ. دەکەوێتە سەر گردێک ٤٠ میل لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕۆما دوورە. زێدی بۆنیفاچۆی هەشتەمی دوژمنی دانتی بوو. مەبەستی (لەو ئالانییە) بۆنیفاچۆی هەشتەمە.

٢٦. یانی کلیمینتۆ کە فڕێ درایە دۆزەخ، بەردەبێتەوە سەر بۆنیفاچۆی هەشتەم لەو قۆرتەی بەرتیلخۆران ئەشکەنجە دەدرێن. بەمەوە بۆنیفاچۆ زیاتر شۆڕدەبێتەوە ناو دۆزەخ کە ئەشکەنجەی سەختترە.

***

# سروودی سیویەکەم[1]

## عەرشی یەزدانی

## خودا. فریشتان. ڕۆحی بەهەشتیيان

دانتی گوڵی ئاسمانی لە ئاسمانی ئاسمانان بینی. گوڵێکی گەورە و سپی بوو. لە ڕۆحی چاکەکاران دروست بووبوو. فریشتەکانی بینی وەکو ڕەوەمێشەنگوین لە نێوان پەلکەکانی گوڵەکە و عەرشی خوادا دەهاتن و دەچوون. ئاپۆرەی فریشتەکان ڕێگەی بینینی نەگرتبوو، چونکە هیچ ئاستەنگێک لە بەردەم بڵاوبوونەوەی نووری یەزدانی نەبوو. دانتی حەپەسانی حاجییە بەربەرەکانی باکووری بە بینینی تەلارە زەبەللاحەکانی ڕۆما لەگەڵ حەپەسانی خۆی بەراورد کرد کاتێ لە دونیای خراپەکاری چووە بارەگای خودای بانی سەر و لە فلۆرەنسا چووە شوێنی دادپەروەرانی پاک.

دانتی بینیی ڕۆحی چاکەکاران ناسکی و خۆشەویستیی لێ دەبریسکایەوە. دانتی ڕووی کردە لای بیاتریچی بۆ ئەوەی پرسیاری ئەو شتانەی لێ بکا کە دەیدی، بەڵام دیتی بیاتریچی لە تەنیشتی نەماوە. پیرەمێردێک لە شوێنەکەیەتی ناسکی و خۆشەویستیی لە ڕوو دەباری. ئەو پیرەمێردە پیر بیرنار بوو. پیر بیرنار شوێنی بیاتریچی لە چینی سێیەمی پەلکەکانی گوڵی ئاسمانی پێشانی دانتی دا. دانتی تەماشای بیاتریچی کرد و وەفاداریی خۆی بۆ دەربڕی بەرامبەر بەو چاکەیەی لەگەڵی کرد. داوای لێ کرد بە پاکیی بیپارێزێ بۆ ئەوەی کە مرد ڕای لە ڕۆحەکەی بێ. بیاتریچی بزەیەکی هاتێ و سەرنجێکی ڕەزامەندیی لێ دا.

پیر بیرنار داوای لە دانتی کرد چاو ببڕیتە گوڵی ئاسمانی بۆ ئەوەی چاوی زاخاو بدرێتەوە و ئامادە بێ بە ناو تیشکی یەزدانیدا هەڵبکشێ، هەروەها گوتی: مارِیای پاکیزە، کە لە دڵەوە خۆشی دەوێ، ئەو بەرەکەتەی پێ دەبەخشێ بتوانێ شتی وا بکا.

دانتی لە ڕووی پیر بیرناردۆ وردبووەوە، ئینجا چاوی بۆ ئەڵقە بەرزەکانی گوڵی ئاسمانی هەڵبڕی، دیتی مارِیای پاکیزە تیشکێکی وای لێ دەبووەوە ڕەونەقی هەموو تیشکەکانی تری بردبوو.

دانتی ڕایگەیاند هەرگیز ناتوانێ وەسفی ئەو جوانییە بێوێنەیە بکا.

ئەوسا سەربازانی ئاسمانم
بە شێوەی گوڵێکی سپی[2] لێ دەرکەوت کە مەسیح
بە ڕشتنی خوێنی خۆی زەماوەندی لەگەڵ کردن، (٣)
بەڵام سوپاکەی تر[3] کە بەدەم فڕینەوە
شکۆی مایەی ئەشقی خۆی و ئەو چاکی باڵایەی ئەو پایەیەی پێداوە، دەبینێ و
سرووودی ستایشی بۆ دەچڕێ، (٦)
وەک ڕەوەهەنگێک کە جارێ لەناو گوڵان نقووم دەبن و
گاوێ دەگەڕێنەوە ئەو شوێنەی
بەری ماندووبوونیان دەکەن بە هەنگوین، (٩)
ئەو تاقمە ئاوها دادەبەزینە ناو ئەو گوڵە گەورەیە
کە بە پەلکێکی زۆر ڕازاوەتەوە،
ئینجا هەڵدەکشانەوە بۆ شوێنی هەمیشەیی خۆشەویستەکەیان.[4] (١٢)
هەموو، ڕوویان تیشکی بریقەدار و[5]
باڵیان زێڕ و[6] ئەوەی تری لەشیان ئەوەندە سپی بوو
سپیاتیی[7] هیچ بەفرێکی پێ نەدەگەیشت. (١٥)
کە لەناو گوڵەکەدا دەچوونە خواری،
پایە بە پایە ئاشتی و خۆشەویستییان لێ دەچکا
کە بە لێکدانی باڵەکانیان وەریان دەگرت. (١٨)
ئەو حەشیمەتە چڕ و گەورە و فڕندەیە
ڕێگەی شەوق و بینینی نێوان
گوڵەکە و ئەوەی سەرەوەی نەدەگرت. (٢١)
پرتەوی یەزدانی، بە گوێرەی شایستەیی دونیا
دادەڕژێتە ناو دونیا و
هیچ لەمپەرێک ناتوانێ ڕێی لێ بگرێ. (٢٤)
ئەم وڵاتە ئارام و ئاسوودەیە،
کە پڕە لە نەتەوەی کۆن و نوێ،
ئەشق و چاوی لە یەک ئامانج بڕیوە.(٢٧)
ئەی تیشکی سێیینە[8] کە بە درەوشانەوەت لە بەرچاویان و

له یه‌ک ئه‌ستێره‌دا، خۆشنوودیان ده‌که‌ی
سه‌یری ژیانی دژوار و ناو باهۆزی ئێمه بکه له‌م خواره‌! (٣٠)
به‌ربه‌ره‌کان[٩] که له‌و ناوچه‌یه‌وه دێن
که هه‌موو ڕۆژێ (ئیلیچی)[١٠] ده‌یبڕێ و
له‌گه‌ڵ کوڕه ئازیزه‌که‌ی تێیدا ده‌سووڕێته‌وه، (٣٣)
ئه‌گه‌ر چاویان به (ڕۆما) و باڵه‌خانه گه‌وره‌کانی بکه‌وێ،
که (لاتیرانۆ)[١١] ده‌ستی له هه‌موو به‌رهه‌مێکی
دونیایی سه‌ندووه، سه‌ریان سوور ده‌مێنێ. (٣٦)
من که له دونیای مرۆڤه‌وه بۆ باره‌گای یه‌زدانی و
له زه‌مانه‌وه بۆ ئه‌به‌دییه‌ت و
له فلۆرێنتزه‌وه بۆ ناو دادپه‌روه‌ر و دڵپاکانه‌وه هاتووم، (٣٩)
ده‌بێ چ تاسان و حه‌یرمانێک دامبگرێ.
بێ سوو، له نێوان تاسان و پێشادبووندا
به‌ڕاستی پێم خۆش بوو، هیچ نه‌بیسم و بێده‌نگ بم. (٤٢)
وه‌ک حاجییه‌ک که له ئابیده‌ی نه‌زره‌که‌ی ورد ده‌بێته‌وه
ڕۆحی ده‌بووژێته‌وه و ده‌گه‌شێته‌وه
هه‌ر به هیوایه ڕۆژێ بێ و چۆن بووه وا باسی بکا. (٤٥)
منیش له‌ناو ئه‌و تیشکه گه‌شه‌دا ئاوڕم له‌ملا و له‌ولا ده‌دایه‌وه
چاوم به چین و پایه‌کاندا ده‌گێڕا،
جارێ بۆ سه‌ره‌وه، گاوێ بۆ خواره‌وه، تاوێ بۆ ده‌وانده‌ورا! (٤٨)
هه‌ندێ ڕووم بینی، خۆشه‌ویستییان لێ ده‌تکا،
به تیشکی تر و[١٢] به بزه‌ی خۆیان ڕازابوونه‌وه
جووڵانه‌وه‌یان به هه‌موو ناسکییه‌ک خه‌مڵی بوو. (٥١)
ئه‌و ده‌مه وێنه‌ی گشتیی به‌هه‌شتم له به‌رچاو بوو،
به‌ڵام هێشتا سه‌رنجم

نەخستبووە سەر جێگەیەکی تایبەتی. (٥٤)
بە شەوقێکی دووبارە گڕگرتووەوە.
ئاوڕم دایەوە بۆ ئەوەی پرسیار لە خانمەکەم بکەم
لە بارەی هەندێ شت کە مێشکیان بە گومان کرمێ کردبووم. (٥٧)
چاوەڕێی شتێکم دەکرد، شتێکی تر وەڵامی دامەوە.
وامزانی (بیاتریچی) دەبینم، کەچی پیرەمێردێکم دی
جلی ئەو ڕۆحە شکۆمەندانەی لە بەر بوو. (٦٠)
چاوەکان و گۆناکانی شادییەکی ناسکیان لێ دەتکا
سیمایەکی ناسکی هەبوو
هەر لە سیمای باوکێکی میهرەبانی دەکرد. (٦٣)
یەکسەر گوتم: (ئەی وێ کوا؟)
وەڵامی دامەوە[١٣]: (بیاتریچی) لە شوێنی خۆم ناردوومییە خوارەوە
بۆ ئەوەی ئارەزووی تۆ بە سنووری خۆی بگەیەنم[١٤] (٦٦)
ئەگەر سەیری ئەڵقەی سێیەمی[١٥] چینی سەرەوە بکەی
لەسەر ئەو عەرشە دەیبینیتەوە
کە بە لێوەشاوەیی خۆی وەریگرتووە. (٦٩)
بێوەڵام چاوم هەڵبڕی،
دیم تاجێکی بۆ خۆی لە تیشکی ئەبەدی کردبوو
کە لە خۆیدا دەبریسکایەوە. (٧٢)
چاوی مرۆڤ، ئەگەر تا بنی بنەوەی دەریاش نقووم ببێ
ئەوەندە لەو شوێنەوە دوور نابێ
کە بەرزترین هەورەتریشقەی لێ دروست دەبێ، (٧٥)
ئەوەندەی چاوی من لە چاوی (بیاتریچی) دوور بوو،
بەڵام ئەمە هیچ کاری لە سەر من نەبوو،
چونکە وێنەکەی بێ هیچ لێڵییەک بۆ من دەهاتە خوارێ. (٧٨)

ئەی خانم،[16] هیوام بە تۆویە،
تۆ، بۆ خاتری ڕزگاریی من، زەحمەتت دایە بەرخۆت و
شوێن پێی خۆت لە دۆژە جێهێشت. (٨١)
ددانی پێدا دەنێم هێز و بەرەکەتی
ئەو هەموو شتەی دیومە، بۆ توانا و
چاکەی تۆ دەگەڕێتەوە لەگەڵ من. (٨٤)
بەندە بووم، تۆ ئازادت کردم
بەو هەموو ڕێگە و بەو هەموو هۆکارانەی
چی لە توانا و دەسەڵاتتدا بوو خستتە گەڕ. (٨٧)
شکۆ و بەرەکەتی خۆتم پێ ببەخشە
بۆ ئەوەی ڕۆحم کە دەردت دەرمان کردووە
کاتێ لە جەستە جوودا بووەوە، بە دڵی خۆت بێ. (٩٠)
ئاوها پاڕامەوە، ئەویش کە ئەوەندە دوور بوو،
بزەیەکی هاتێ و سەیری کردم، ئینجا
ڕووی کردە لای چەشمەزاری جاویدان.[17] (٩٣)
پیری موبارەک گوتی: (بۆ ئەوەی تۆ
بە چاکی ڕێگەی خۆت تەی بکەی،
کە نزا و ئەشقی یەزدانی ناردوومی یارمەتیت بدەم، (٩٦)
چاو بەسەر ئەم باخچەیەدا بگێڕە
چاوت بە دیتنی تیژ دەبێ و زاخاو دەدرێتەوە
بۆ ئەوەی بتوانی بەناو تیشکی یەزدانیدا سەرکەوی. (٩٩)
شاژنی ئاسمان،[18] کە سەراپام بە ئەشقی ئەو دەسووتێ
هەموو نیعمەتێکمان پێ دەبەخشێ،
من (بیرناردۆ)ی[19] مریدی دڵسۆزی ئەوم. (١٠٢)
وەک ئەو کەسەی دەشێ لە (کراوتسیا)[20] بێ

بۆ ئەوەی (ڤیرۆنیکا)ی[٢١] ئێمە ببینێ،
کە لەمێژە برسیی بینینییەتی، قەت لێی تێر نابێ (١٠٥)
کاتێ پێشانی دەدەن، لە دڵی خۆیدا دەڵێ:
(ئەی عیسای مەسیحی سەروەرم، ئەی خودانی هەق
ئەوە شێوەی ڕوخسارت ئاوها بوو!) (١٠٨)
منیش بەم جۆرە تەماشای ئەشقی داگیرساوی ئەو کەسەم دەکرد
کە لەم دونیایەدا بە ڕامان و دامان
چێژی ئەم ئاشتییەی چەشت.[٢٢] (١١١)
گوتی: (ئەی ڕۆڵەی بەرەکەتی یەزدانی
ئەگەر ئاوها چاو بۆ خوارەوە دابنەوێنی
ڕێ بەم ژیانە شاد و ئاسمانییە نابەی. (١١٤)
چاو هەڵبڕە و تا دوا بازنە سەیری ئەو بازنانە بکە
تا دەگەیتە عەرشی ئەو شاژنەی[٢٣]
سەراپای ئەم وڵاتە سەری ملکەچی و فەرمانبەرداریی بۆ دادەنەوێنێ.) (١١٧)
چاوم هەڵبڕی. چۆن سپێدەدەم، ئاسۆی لای ڕۆژ هەڵات
لەولایە ڕووناکترە
کە خۆری لێ ئاوا دەبێ، (١٢٠)
منیش بەم جۆرە، وەک چاوم لە دۆڵەوە هەڵبڕیبێ بۆ سەر چیا،
لە ترۆپکەدا شوێنێکم بینی، تیشکی ئەوەندە گەش بوو
شەوقی لە هەموو شوێنێکی بەر سەرنجم بڕیبوو. (١٢٣)
چۆن لێرە، لەو شوێنەی چاوەڕێی دەرکەوتنی
گالیسکە دەکەین کە (فایتونتی)[٢٤] ناشییانە لێی دەخوڕی،
دونیا گەشتر دادەگیرسێ، کەچی لەملا و لەولاوە کز دەبێ (١٢٦)
بەم جۆرە بەیداخی بڵێسە زێڕینی[٢٥] ئاشتی
لە ناوەڕاستەوە گەشتر دەبریقایەوە و

له بەشەکانی تردا بە یەک ڕادە کز دەبوو. (١٢٩)
لەو ناوەڕاستەوە، هەزار فریشتەی ئاهەنگگێڕم دی
باڵیان لێک کردبووەوە
هەریەکە هونەرێک و هەریەکە شەوقێکی هەبوو. (١٣٢)
لەوێ، ئەو جوانییەم بینی
کە بزەی بۆ شادی و سروودخوانییان دەکرد و
شادیبەخش بوو بۆ چاوی هەموو چاکەکارەکانی دی.(١٣٥)
ئەگەر سامانی زمانم بەقەد سامانی خەیاڵیشم بوایە
زاتم نەدەکرد گوزارشت لە کەمترین بەشی
ئەو بەزم و سەرمەستییە بکەم. (١٣٨)
کاتێ (بیرناردۆ) دیتی بە وریایی چاوم بڕیوەتە
بڵێسەی کڵپەداری،[٢٦]
بە شەیدایی چاوی بڕییە چاوم (١٤١)
گڕی شەوقی زیاتر کردم بۆ سەیرکردنی. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی سیویەکەم

١. ئەمە سروودی دووەمینی تایبەت بە ئاسمانی ئاسمانانە. پێی دەگوترێ (سروودی بزربوونی بیاتریچی و دەرکەوتنی پیر بیرنارد).

٢. گوڵەکە سپییە، چونکە پیاوە چاکەکان جلی سپییان لە بەرە. سپی ڕەمزی پاکییە.

٣. واتە: فریشتە.

٤. خۆشەویست، مەبەست خودایە.

٥. بڵێسەی کڵپەدار، ڕەمزە بۆ خۆشەویستیی خودا.

٦. زێڕ، لێرەدا ڕەمزە بۆ دانایی.

٧. هەندێ تۆژەرەوە وای بۆ دەچن ئەو سێ ڕەنگە ڕەمزە بۆ سییانەی ئایینی مەسیحی، ڕەنگە دانتی مەبەستی تەنیا جوانیی بێوێنەی فریشتەکان بێ.

٨. ئەو سێ نوورەی لە یەک ئەستێرەدا دەدرەوشێتەوە، ڕەمزی خودای تاکوتەنیان لە ناو سییانەی مسیحیدا.

٩. مەبەستی دانیشتوانی بەربەری ناشارستانیی باکووری ئەورووپایە.

١٠. ئیلیچی: هیلیس (Helice)، یان ( کالیستۆ Callisto) لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا، کچی (لیکاون)ی پاشای (ئارکادیا) بوو. یەکێ بوو لە پەرییەکانی ئارتەمیس (دیانا). کە زانیی حەز لە زیۆس دەکا و (ئارکاس)ی لێ بووە، دەری کرد. زیۆس ئەو پەرییەی، پاش مەرگی، بردە ئاسمان و کردی بە ئەستێرەیەکی (ورچی گەورە) و کوڕەکەیشی کرد بە ئەستێرەیەکی (ورچی بچووک). بەم جۆرە هیلیس هەمیشە لەگەڵ (ورچی گەورە)دا، بە دەوری کوڕەکەیدا دەسووڕێتەوە کە لە (ورچی بچووک)دایە. لێرەدا مەبەست ئەو بەربەر و کێوییانەن کە لە باکووری ئەورووپاوە دێن کە ئەو دوو کۆمەڵە ئەستێرەی تێدایە.

١١. لاتیرانۆ (Laterano) لە سەردەمی دانتیدا، واتا پێش ڤاتیکان، کۆشکی پاپا بوو لە ڕۆما. بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان دەچێتەوە. قوستەنتینی ئیمپراتۆری ڕۆمان ئەو شوێنەی بە دیاری دایە پاپا (سیلوسترۆ). لێرەدا ڕەمزە بۆ دەسەڵاتی پاپەوی، یان بۆ هەموو ڕۆما.

١٢. واتە: نووری خودا.

١٣. ئەمە (پیر برناردۆ)یە.

١٤. (بیاتریچی)، پیر (برناردۆ) هان دەدا هاوکارەی دانتی بکا هەروەکو چۆن کاتی خۆی ڤیرجیلیۆی ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی دانتی لە دۆزەخ ڕزگار بکا (دۆزەخ، س٢، د٥٠).

١٥. لە لای سەرەوەی گوڵی ئاسماندا، ماریای پاکیزە لە ئەڵقەی یەکەمدایە. حەوا لە ئەڵقەی دووەم و ڕاحیل لە ئەڵقەی سێیەمدایە و (بیاتریچی)ی لە تەکدایە.

١٦. (بیاتریچی) ڕەمزی هیوایە لای دانتی.

١٧. کانیی هەمیشەیی ژیان: مەبەست خودایە.

١٨. شاژنی ئاسمان: واتە ماریای پاکیزە.

١٩. ئەمە پیر برناردۆیە (S. Bernard 1091 – 1153) لە گوندی (فۆنتین)ی نزیک (دیجون)، لە هەرێمی (برجانیا) لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسادا، لە دایک و باوکێکی نەجیبزادە لەدایک بووە. لە پاریس خوێندوویەتی، چووەتە دێری بنیدیتییەکان لە (سیتۆ). پاشان چووە دێری کلیرڤۆ لە ناوچەی شامپانیا و ساڵی ١١١٥ دێرێکی لێ دامەزراند. بانگی بۆ هێرشی دووەمی خاچپەروەران کرد کە لویسی حەفتەم و کۆنرادی سێیەم سەرکردایەتییان دەکرد. هێرشەکە فەشەل بووەوە. دەڵێن گوایە کاچیاگویدای باپیرەی یەکەمی دانتی لە و ماوەیەدا کوژراوە.

٢٠. کراوتسیا (Croazia): ناوچەیەکە لە بەلقان، یۆگۆسلافیای ئێستا، دەکەوێتە سەر کەناری دەریای ئەدریاتیک. تەنیا بۆ نموونەی شوێنی دوور ناوی براوە.

٢١. ڤیرۆنیکا (Veronica) وشەکە لە دوو پارچە پێکهاتووە: (Vera) بە لاتینی واتە: ڕاستەقینە و (Icon) بە یۆنانی واتە: وێنە. وشەکە بەسەر یەکەوە واتە (وێنەی ڕاستەقینە). دەڵێن لە سەردەمی مەسیحدا، ژنێ بە ناوی سان ڤیرۆنیکا (هەروەها پێی دەگوترێ بەرنیچە Bernice) لە (بيت المقدس) هەبوو. کە عیسایان بۆ سەر خاچ دەبرد، دەسەسرێکی دایێ دەم و چاوی پێ بسڕێتەوە. وێنەی دەموچاوی عیسا لە سەر دەسەسرەکە نەخش بوو. ئەو دەسەسرە لە سەرەتای سەدەی هەشتەمدا، لە (ماجوری) لە کڵێسەی سانتا ماریا هەڵگیرا بوو. ئێستا لە کڵێسەی سان پیترۆسە لە ڤاتیکان. ساڵی ١٣٠٠ ئەو دەسەسرەیان پێشانی حاجییان دا.

٢٢. مەبەست سان بیرناردۆیە.

٢٣. شاژنی ئاسمان وەکو باسکرا ڕەمزە بۆ ماریای پاکیزە.

٢٤. فیتۆنتی: فیتۆن (phacton) کوڕی ئاپۆللۆ بوو. سواری گالیسکەی خۆر بوو، بەڵام نەیتوانی جڵەوی ئەسپەکەی بەرزەفت بکا. لە ڕەوتی خۆی دەرچوو و ڕێگەی کاکێشانی سووتاند (دۆزەخ، س، ١٧، د١٠٦)، (بەرزەک، س١٤، د٧٢).

٢٥. بەیداخی بڵێسەی زێڕین (Oriflamma): بەیداخی کۆنی شەڕی پاشاکانی فڕەنسا بوو. لە پارچە قوماشێکی سوور دروست دەکرا. دروشمی بڵێسەیەکی زێڕینی لەسەر بوو. گوایە فریشتە ئەم بەیداخەی لە ئاسمانەوە هێناوە. پاشاکانی فڕەنسا، کاتێ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەچوونە شەڕ، ئەو بەیداخەیان لە دێری (سان دونی)، لە دەستی سەرۆکی دێرەکە وەردەگرت و دوای تەواوبوونی شەڕ، دەیاندایەوە. لێرەدا دانتی کورسیی ڕازاوەی ماریا لەناو ڕۆحە بەهەشتییەکان بەو بەیداخە زێڕینە دەچوێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم بەیداخە لە بنچینەدا بۆ شەڕ بووە، ئەو وشەی ئاشتیخوازی بۆ زیاد کردووە.

٢٦. بڵێسەی کڵپەدار، لێرەدا یانی ماریای پاکیزە.

***

# سروودی سیودووەم[1]

## عەرشی باڵا

## خوا، فریشتەکان، ڕۆحە بەهەشتییەکان

پیر بیرناردۆ شوێنی چاکەکارانی لەناو گوڵێ ئاسماندا بۆ دانتی ڕوونکردەوە. شوێنی حەوا و ڕاحیل و بیاتریچی و سارە و ڕیبێککە و جیودیتتۆ و ڕووتی پیشان دا کە گوڵی ئاسمان بە شێوەی ستوونی دەکەن بە دوو بەش: لای دەستەچەپ ڕۆحی چاکەکارانی پەیمانی کۆنە کە باوەڕیان بە مەسیحی هاتوو هێناوە. لای دەستەڕاست ڕۆحی چاکەکارانی پەیمانی نوێیە کە باوەڕیان بە مەسیحی دادێ هێناوە.

دانتی ئاماژەی بۆ شوێنی پیر یوحەننای ئاوەمۆرکەر و فرانچیسکۆ و بنیدیتتۆ و ئۆگستین کرد و باسی ڕۆحی ئەو منداڵانەی کرد کە بە ساوایی مردن و توانای هەڵبژاردنی ڕێگەی چاکەیان نەبوو. ئەوەندە بەس بوو کە باوکیان باوەڕیان هەبوو و لەگەڵ هەندێ مەرجی تر.

پیر بیرناردۆ گوتی: ڕێکەوت جێی لە بەهەشتدا نابێتەوە. هەروەکو خەم و برسێتی و تینوێتی لە بەهەشتدا نییە، چونکە هەموو شتێ لە بەهەشتدا بەپێی یاسای ئەزەلی داندراوە. خوا بە کەیفی خۆی نیعمەتی جیاواز دەبەخشێ و مروڤ هەقیان نییە هۆی ئەو جیاوازییە بزانن، چونکە دانایی خودا لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. لە دروستبوونی ئادەمەوە تا لەدایکبوونی ئیبراهیم منداڵ ئەوەندەیان بەس بوو بێگوناه بن و دایبابیان باوەڕدار بن بۆ ئەوەی بکەونە ئاشتی. لە سەردەمی ئیبراهیمەوە تا هاتنی مەسیح دەبوایە

منداڵ خەتەنە بکرێن بۆ ئەوەی ڕزگار ببن، بەڵام لە هاتنی مەسیحەوە منداڵ هەر دەبێ ئاوەمۆر بکرێ، نەوەک دەچێتە لیمبۆ (بەرسڤکی دۆزەخ).

دانتی جبریلی بینی هاتە خوارەوە ستایشی ماریای پاکیزەی دەکرد. پیر بیرناردۆ ئاماژەی بۆ شوێنی ئادەم و پیر پیتروس و مووسا و حەننا و لوچیا کرد. داوای لە دانتی کرد سەیری خوا بکا بۆ ئەوەی بتوانێ بەناو نووری خوادا هەڵبکشێ بۆ لایەوە و بە دوعاکردن داوای یارمەتی لە ماریا بکا بۆ گەیشتنە ئەو مەبەستە.

پیره، ڕامابوو،[٢] نوقمی شادومانیی خۆی بوو،
بە ڕەزامەندیی دەوری مامۆستایەتیی قبووڵ کرد و
بەم وشە پیرۆزانە دەستی پێکرد: (٣)
(ئەو برینەی ماریا سارێژی کرد[٣]
بە دەستی ئەو ژنە زۆر جوانە کرابوو،
کە لە بەرپێی دانیشتووە. (٦)
وەکو خۆت دەبینی، (ڕاحیل)[٤] لە خوار ئەوەوە،
لە نزیک (بیاتریچی) دانیشتووە.
لەو چینەی ڕیزە کورسییەکانی سێیەم پێکیان هێناوە.(٩)
هەروەها (سارا) و[٥] (ڕێبیکا) و[٦] (جودیتۆ) و[٧] دایکی باپیری
ئەو سروودخوانەش[٨] کە لەبەر ئازاری گوناهی خۆی
هاواری کرد: (خوایە ڕەحمم پێ بکە!)[٩] (١٢)
تۆ دەتوانی پلە بە پلە بۆ خوارەوە بیانبینی
منیش پەلکپەلک چاوم لەسەر لە گوڵەکە دێنمە خوارەوە و
ناوەکانت پێ دەڵێم. (١٥)
لە چینی حەفتەمەوە بەرەو خوارەوە،
وەک لە سەرەوە بۆ ئەوێ،
ژنە جوولەکەی عیبری دانیشتوون و پوکلەی گوڵەکەیان دابەش کردووە. (١٨)
ئەمانە ئەو دیوارە ناوبڕەیەن
کە بەپێی سەرنجدانی باوەڕی ڕۆحەکان بە مەسیح
پلە پیرۆزەکان دابەش دەکا.[١٠] (٢١)
لەم لایەوە، کە گوڵەکە هەموو پەلکەکانی پشکووتوون،
ئەوانە دانیشتوون
کە بڕوایان بە مەسیحی دادێ[١١] هەیە. (٢٤)
لەولاوەیش کە بۆشایی کەوتووەتە نێو نیمچە بازنەکان،
ئەوانە دانیشتوون
کە چاویان بڕیووتە مەسیحی[١٢] هاتوو. (٢٧)
وەکو چۆن عەرشی شکۆداریی خانمی

ئاسمان و[13] عەرشەکانی تری خوارەوەی ئەو
دیوارێکی ناوبڕەی وایان دروست کردووە، (٣٠)
بە هەمان شێوە، عەرشی (یوحەننا)ی[14] مەزن لە بەرامبەرەوە دەبینی
کە بە قددوسیەتی جاویدان بەرگەی ڕەنجی بیابان و
شەهیدبوونی برد و[15] دوو ساڵ بەرگەی ئەشکەنجەی دۆزەخی[16] گرت. (٣٣)
لەژێر ئەویشەوە، (فرانچیسکۆ) و[17] (بینیدیتتۆ) و[18] (ئۆگوستینۆ) و[19]
هی تر،[20] چین چین هاتوونەتە خوارەوە و
ئەم ناوبڕەیان دروست کردووە. (٣٦)
ئێستا لە (ویستی باڵای یەزدانی) وردبەرەوە
ئەم باخە[21] هەمووی وەکو یەک.
پڕ بووە لە هەردوو ڕووی باوەڕ.(٣٩)
ئەوەش بزانە کەس بە شایستەیی خۆی
لەژێر ئەو پلەیە دانانیشێ کە دوو بەشەکە
لە ناوەڕاستەوە تا خوارەوە لە یەک جیا دەکاتەوە، (٤٢)
بەڵکو بە خێرا هی تر و بە هەلومەرجی تر لێرەن،
ئەمانە هەموو ڕۆحی ئازادن
بەر لەوەی بگەنە ئاستی هۆشیاری،[22] لە بەندی جەستە ئازاد بووین. (٤٥)
تۆ خۆت ئەگەر باش تەماشایان بکەی و گوێیان لێ بگری
لە ڕوخسا و دەنگی ناسکی منداڵانەیانەوە
پەی بەم ڕاستییە دەبەی.[23] (٤٨)
ئێستا تۆ گومانت هەیە و لە گومانەکەت بێدەنگی،
بەڵام من ئێستا ئەو گرێیە خاو دەکەمەوە
کە بە دەستی چەند پرسێکی ئاڵۆز لە بیرت دراوە. (٥١)
ئەم وڵاتە پانوپۆرە جێگەی هیچ شتێکی
ڕێکەوتی تێدا نابێتەوە
هەروەکو جێگەی خەفەت و تینوێتی و برسێتیی تێدا نابێتەوە، (٥٤)
چونکە هەرچی دەیبینی بەپێی یاسایەکی جاویدان دەڕوا
هەموو پاژ و گشتێ وەکو پەنجە و ئەڵقە

لەگەڵ یەک گونجاون. (٥٧)
بۆیە ئەم حەشیمەتەی زووتر هاتوونەتە
ئەم ژیانە هەقە، بێ سەدەم نییە،
بە شێوەیەکی کەم و زۆر، کەوتوونەتە ئێرە. (٦٠)
ئەو پاشایەی[٢٤] کە بەم ئەشق و بەم شادییە
ئەم وڵاتەی[٢٥] سەقامگیر کردووە
بە جۆرێ کە کەس ناتوانێ داوای لەوە زیاتر بکا، (٦٣)
کە ڕۆحەکان لەسەر شێوەی شادی خۆی خەلق دەکا،
بە ئارەزووی خۆی، بەرەکەتی جیاجیایان بەسەردا دەڕێژێ:
بۆ ئێرە ئەوەندە بەسە! (٦٦)
ئەمەت زۆر بە ڕوونی لە کتێبی پیرۆزدا بۆ دەردەکەوێ
لە چیرۆکی ئەو دوو لفانەیەی
لە سکی دایکیاندا بوون بە نێچیری ڕق و تووڕەیی.[٢٦] (٦٩)
بۆیە بەپێی ڕەنگی قژی ئەو نیعمەتەی
بەخشیویەتی، (تیشکی باڵا)[٢٧] تاجێکی
گونجاویان لەسەردەنێ. (٧٢)
بەپێی شایستەیی کردەوەیان
لە پلەی جیاواز دانراون تەنیا جیاوازییان لە چاوتیژیدایە. (٧٥)
لە سەدەکانی نوێدا،[٢٨] تەنیا باوەڕی
دایباب، لەگەڵ بێگوناهیی منداڵدا
بۆ ڕزگاری بەس بوو. (٧٨)
کە سەردەمی ئەو دەورە زوو تێپەڕی[٢٩]
منداڵی نێرینە پێویستیان بوو بە هۆی خەتەنەوە
هێزی فڕین بە باڵە بێگوناهەکانیان بدەن، (٨١)
بەڵام کە سەردەمی بەرەکەت هات[٣٠]
ئەم بێگوناهانە، لە حاڵەتی بێبەشبوون لە ئاوەمۆریی مەسیح،
لە خوارەوە دەمێننەوە. (٨٤)
ئێستا لەو ڕوخسارە وردبەرەوە کە لە هەموویان

زیاتر بە مەسیح دەچێ. تەنیا بریقەی ئەوە
دەتوانێ ئامادەت بکا بۆ بینینی مەسیح.[31] (87)
دیم شادییەکی زۆری بەسەر ڕوخساردا داباری
لەو ڕۆحە پیرۆزانەوە
کە خەڵقکراون بۆ ئەوەی لەو بەرزاییە بفڕن. (90)
لەوانەی پێشتر دیبوومن، هیچ شتێ
بەو ڕادەیە سەرسامی نەکردبووم،
وێنەیەکی وام لێ نەدیبوون ئەوەندە لە خوا بکا.32 (93)
ئەو ئەشقەی پێشتر دابەزی بۆ ئەوێ،
باڵەکانی بۆ پێشەوە کردەوە و بە سروودخوانی گوتی:
(سڵاو، ئەی ماریا، ئەی نیعمەتی گەورە!)[33] (96)
بارەگای پیرۆز، لە هەموو لایەکەوە
سروودی یەزدانیی دووبارەکردەوە
چی ڕوخسار هەیە هەمووی زیاتر گەشایەوە: (99)
(ئەی باوکی پیرۆز[34] کە ڕازی بووی بۆ خاتری من
لەو خوارە[35] بمێنیتەوە و ئەو شوێنە خۆشەت جێهێشت
کە داندراوە تۆ هەتاهەتایە لێی دابنیشی. (102)
ئەو فریشتەیە کێیە[36] بەو شادومانییە،
تەماشای دووڕ چاوی خانمەکەمان دەکا،
ئەوەندە ئاشق دیارە هەر دەڵێی یەک پارچە ئاگرە. (105)
بەم جۆرە گەڕامەوە بۆ ڕێنماییەکانی ئەو کەسەی
چۆن ئەستێرەی بەرەبەیان خۆی بە تیشکی خۆر دەڕازێنێتەوە،
ئاوها جوانیی لە (ماریا) وەردەگرت.[37] (108)
پێی گوتم: (ئەوەندە متمانە و شادیی تێدایە
کە دەشێ لە فریشتەیەک، یان لە ڕۆحێکدا هەبێ،
ئێمەیش ئاوهامان دەوێ، (111)
چونکە ئەو بوو چڵی دارخورمای بۆ (ماریا)[38]
هێنایە سەرزەوی، کاتێ کوڕی خودان

ویستی شان بداته بەر قورسایی جەستەی خاکیمان! (١١٤)
بەڵام ئێستا کە من قسە دەکەم، بە چاو لەگەڵمدا بە،
ئەو جوامێرە پایەبەرزانەی ئەم ئیمپراتۆرە
هەرە دادپەروەر و هەرە میهرەبانە ببینە. (١١٧)
ئەو دووەی کە لە سەرەوە، لە هەموویان لە شابانوو نزیکترن و
بەمەوە لە ڕۆحی هەموو بەهەشتییەکان بەختەوەرترن،
لە جێی دوو ڕیشەی ئەو گوڵەن:[٣٩] (١٢٠)
ئەوەی لە دەستەچەپەوە، لە نزیکییەتی،
ئەو باوکەیە کە بە هەڵەشەکردن لە خواردن،٤٠
تاڵاوی بە قوڕگی هەموو ڕەگەزی مرۆڤدا کرد. (١٢٣)
لە دەستەڕاستەوە، باوکی دێرینی
کڵێسەی پیرۆز دەبینی، کە مەسیح
دوو کلیلەکەی ئەم گوڵە جوانەی پێ سپارد. (١٢٦)
ئەوەیش٤١ لە نزیک ئەوەوە دانیشتووە کە پێش مەرگی خۆی،
هەموو ڕۆژگارێکی بەدبەختیی ئەو بووکە جوانەی بینی
کە بە نێزە و[٤٢] بزمار[٤٣] بە شوو برا. (١٢٩)
لە تەک ئەوەی تریشەوە،
ئەو سەرکردەیە دەبینی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا،
گەلی نانکوێر و بێبەروپشت و کەللەڕەق بە (گەزۆ) دەژیان. (١٣٢)
(ئاننا)[٤٤] دەبینی لە بەرامبەر (پێتر) دانیشتووە،
ئەوەندە بە سەیرکردنی کچەکەی شادە،
کاتێ سروودی (هۆسانا)یش دەڵێ چاوی لەسەر هەڵناگوزێ. (١٣٥)
لە بەرامبەر باوکی گەورەی خانەوادەیش،
(لۆچیا)[٤٥] دانیشتووە، ئەوە بوو کاتێ تۆ بەرامبەر هەڵدێر،
دۆش دامابووی، خانمی خۆت ناردییە هانات، (١٣٨)
بەڵام لەبەر ئەوەی ساتی دیدەنیت دەگوزەرێ
لێرە دەوەستین نوختە دادەنێین.
وەک دورمانکەرێکی باش کە جل بە قەد قوماشەکەی دروست دەکا. (١٤١)

چاومان بەرەو ئەشقی یەکەم[٤٦] بەرز دەکەینەوە
بۆ ئەوەی کاتێ تەماشای دەکەی،
تا دەتوانی بخزێیتە ناو شەوق و بریقەی، (١٤٤)
بەڵام بۆ ئەوەی نەکا دوا بکەوی،
وا بزانی بە شەققەی باڵ دەچیتە پێش
دەبێ بە دوعا و نزا بەرەکەت بەدەست بێنی. (١٤٧)
بەرەکەت لەو خانمەی دەتوانێ فریات بکەوێ،
جا بە هەموو سۆز و خۆشەویستییەوە شوێنم کەوە
بۆ ئەوەی دڵت لە قسەکانم دوور نەکەوێتەوە. (١٥٠)
ڤێ گاڤێ دەستی بەم پاڕانەوە پیرۆزەیە کرد:[٤٧] (١٥١)

***

## پەراژێزەکانی سروودی سیودووەم

١. ئەمە سروودی سێیەمە لە سروودەکانی ئاسمانی ئاسمانان. پێی دەگوتری (سروودی پیاوچاکان لە گوڵی ئاسماندا).

٢. ئەمە سان بیرناردۆیە.

٣. ئەو برینەی ماریا سارێژی کرد: مەبەست گوناهە. برینەکە حەوا دروستی کردبوو. واتە حەوا بە تەفرەدانی ئادەم بۆ خواردنی بەری داری قەدەغە، گوناهێکی بە ئادەم کرد. بوو بە هۆی ئەوە لە بەهەشت دەربکرێ. ئەو گوناهە بە هۆی ماریاوە کە عیسای بوو، سڕایەوە، چونکە عیسا وەکو لە ئایینی مەسیحیدا هاتووە، بە خوێنی خۆی سزای ئەو تاوانەی ئادەمی دا و گوناهەکەی شووشتەوە و مرۆڤایەتیی لە گوناه پاککردەوە. حەوا و ماریا دوو جەمسەری گوناهەکەن: گوناهکردن و گوناهشووشتنەوە.

٤. ڕاحیل (Rachele) کچی (لایانۆ) و ژنی دووەمی یاقووب بوو. دایکی یووسف و بنیامین بوو. ڕەمزە ژیانی بیرکردنەوەیە.

٥. سارە: ژنی ئیبراهیم و دایکی ئیسحاق بوو.

٦. ڕیبێکە (Rebecca) ژنی ئیسحاق و دایکی عیسدە و یاقووب بوو.

٧. جیودیتۆ (Giuditto) ئەو ژنە بوو کە (هۆلۆفرن)ی فەرماندەی هێزی ئاشووری ڕاکێشایە ژووری نووستنی خۆی بەو بیانووەی لەگەڵیدا دەخەوێ. لەوێ سەری بڕی و جوولەکەی لە شکست و لەناچوون ڕزگار کرد.

٨. ئاماژەیە بۆ ڕوت (Ruth)ی ژنی بوعەز (Booz)، کە لە پەیمانی کۆندا بە (ڕوت موئابێ) ناوی براوە. کوڕێکی لە مێردەکەی بوو بە ناوی عوبێد (Obed). بوعەز عوبێدی بوو، عوبێد یەسسای بوو، یەسسا داودی بوو. واتە ڕوت داپیرە گەورەی داود بوو. مانای ئەم بەندە بەم جۆرەی لێ دێ: (ڕوت)ی داپیرە گەورەی داود بوو، ئەو پێغەمبەرەی زینای کرد و لە قاپیی خودا پاڕایەوە و داوای لێخۆشبوونی لێکرد.

٩. ئەم دوعایە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە.

١٠. ئەو ژنە عیبرانییانە وەکو دیوار هەردوو چەشنە باوەڕدارەکانیان لە یەک جیا دەکردەوە. لە هەمان کاتدا بە یەکە دەیانبەستنەوە.

١١. واتە ڕۆحی چاکەکارانی تەورات کە باوەڕیان بە مەسیحی دادێ هێناوە.

١٢. واتە ڕۆحی چاکەکارانی ئینجیل کە باوەڕیان بە مەسیحی هاتوو هێنا.

١٣. واتە عەرشی ماریای پاکیزە.

١٤. یوحەننای ئاوەمۆرکەر کە مزگێنی هاتنی مەسیحی دا و لە بیابان ژیا و لە پێناوی بیروباوەڕدا شەهیدبوو.

١٥. یوحەننای ئاوەمۆرکەر ساڵی ٣١ کۆچی دوایی کرد، واتە دوو ساڵ پێش مردنی مەسیح –لای مەسیحییەکان-.

١٦. لە دۆزەخ لێرەدا. مەبەست ناوچەی لیمبۆ (بەرسڤک)ی دۆزەخە کە مەسیح چوو بۆ ئەوەی یوحەننا و هەندێ ڕۆحی تر لەوێ بێنێتە دەرەوە.

١٧. فرانچیسکو (Francesco): سان فرانچیسکۆ داسسیزی، دامەزرێنەری تیپی فرانچیسکانی.

١٨. بینیدیتو (Benedetto) سان بنیدیتۆ، دامەزرێنەری ڕێبازی (بینیدیتی).

١٩. ئۆگۆستینۆ (Augustino): سان ئۆکستینۆ، دامەزرێنەری ڕێبازی ئۆگستینۆ.

ئۆگۆستینۆ (Augustino): سان ئۆکستینۆ، دامەزرێنەری ڕێبازی ئۆگستینۆ. لە دیگست، لە نومیدیا (جەزایر) لەدایک بووە. لە کاتی هێرشی واندالدا لە هیپۆ کۆچی دوایی کرد. باوکی بتپەرست بوو، بەڵام دایکی باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێنابوو. لە سەرەتای تەمەنیدا بە بەزم و خۆشی ڕایدەبوارد. ئینجا لە زێدی خۆی و لە کەرتاجنە دەستی بە خوێندن کرد. چووە ڕۆما. لە میلانۆ خەریکی خوێندن بوو. کەوتە ژێر کاریگەریی ڕێنماییەکانی پیر ئیمبرۆی ئوسقوفی میلانۆ و باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێنا و ساڵی ٣٨٦ ئاوەمۆر کرا، ئینجا گەڕایەوە ڕۆما و پاشان چووە هیپۆ و ساڵی ٣٩٦ لەوێ بوو بە ئەسقوف. کتێبی (شاری خوا) و (ددانپێدانان) و هی تری نووسیوە.

٢٠. مەبەستی دامەزرێنەکانی تری ڕێبازە ئایینییەکان و پیاوە گەورەکانی لاهووتە.

٢١. مەبەست لە باخ، بەهەشتە.

٢٢. یانی ئەو زاڕۆکانە بەر لەوەی بگەنە تەمەنێک بتوانن ڕێگەی باوەڕی مەسیحی هەڵبژێرن، مردوون.

٢٣. لێرەدا دانتی کە وا دادەنێ ڕۆحی چاکەکاران بە شکڵ و بە دەنگ لەگەڵ تەمەنیان دەگونجێ، لە ڕای تۆمای ئەکوینی جیادەبێتەوە. تۆما دەڵێ هەموو چاکەکاران لە بەهەشتدا لە تەمەنی گەنجیدان تەنیا ئەوانە نەبێ کە بە پیری چوونەتەوە هەقان. ئەوان سەروسیمایان سەنگینتر دەبێ.

٢٤. پاشا، مەبەست خودایە.

٢٥. وڵات، مەبەست بەهەشتە.

٢٦. ئەمە ئاماژەیە بۆ شەڕی عیسۆ و یاقووب و مرخێش مرخێشیان لەناو سکی دایکیاندا.

عیسۆ قژی سوور بوو. یاقووب قژی ڕەش بوو. مەبەست ئەوەیە خوا هەریەکە بە جۆریێ خەڵق دەکا. چۆن قژی ئەم کوڕە سوور دەکا و قژی ئەویتریان ڕەش دەکا، ئاوها نیعمەت و بەرەکەت بە شێوەی جیاجیا بەسەر بەندەی خۆیدا دەبارێنێ.

٢٧. تیشکی باڵا، بریتییە لە تیشکی سێیینە.

٢٨. سەردەمی نویێ، لە دروستکردنی ئادەمەوە تا لەدایکبوونی ئیبراهیم. ئەمە لەچاو دروستکرانی دونیا سەردەمێکی نوێیە.

٢٩. ئەو دەورە زووە، واتە لە سەردەمی ئیبراهیمەوە تا پێش لەدایکبوونی مەسیح.

٣٠: سەردەمی بەرەکەت، واتە سەردەمی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لە سەر دەستی مەسیح.

٣١. واتە دانتی تا ئێستا یارمەتیی لە بیاتریچی وەردەگرت بۆ ئەوەی بتوانێ تەماشای تیشکەکانی ئاسمان بکا، کەچی ئێستا دەبێ یارمەتی لە تیشکی ماریای پاکیزە وەربگریێ بۆ ئەوەی بتوانێ مەسیح ببینێ.

٣٢. ئەمە ماریای پاکیزەیە.

٣٣. ئەمە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە.

٣٤. ئەمە پیر بیرناردۆیە.

٣٥. یانی پیر بیرناردۆ شوێنی خۆی جێهێشت و دابەزی بۆ ناوجەرگەی گوڵی زێڕینی ئاسمان بۆ ئەوەی یارمەتیی دانتی بدا.

٣٦. ئەمە جبریلە سەیری ماریا پاکیزە دەکا.

٣٧. واتە پیر بیرناردۆ بە سەیرکردنی ماریای پاکیزە جوانتر بوو.

٣٨. مەبەست جبریلە کە چڵی دارخورمای هێنا و مزگێنیی لەدایکبوونی مەسیحی بە ماریای پاکیزە دا.

٣٩. یانی ئادەم یەکەم کەس بوو باوەڕی بەو مەسیحە هێنا کە دێ و پیر پیتروس یەکەم کەس بوو باوەڕی بەو مەسیحە هێنا کە هات، بۆیە ئەم دووە وەکو دوو ڕیشەی ئەو گوڵە وان کە لە ڕۆحی چاکەکاران دروستبووە.

٤٠. ئەمە ئادەمی بابەگەورەی مرۆڤە کە بەری درەختی قەدەغەی خوارد و گوناه و ژیان و مردنی بۆ مرۆڤ هێنا.

٤١. ئەمە پیر یوحەننای ئینجیلییە، کوڕی زەبەدی ماسیگری جەلیل بوو. دڵسۆزترین کەس بوو بۆ مەسیح. ئینجیلی چوارەم و سێ نامە و خەونی نووسیوە.

٤٢. واتە ئەو نێزەیەی لونجینۆ لە سنگی مەسیحی دا و برینداری کرد – وەک مەسیحی دەڵێن–.

٤٣. واتە ئەو مێخانەی لە کاتی لە خاچداندا لە دەست و پێی مەسحیان دا _ وەک مەسیحی دەڵێن_.

٤٤. ئاننا، دایکی ماریای پاکیزە بوو.

٤٥. لوچیا قدیسە بوو. لە سەدەی سێیەم و لە سەردەمی دقلدیانوس لە سیراکوزا ژیاوە و باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێناوە. ساڵی ٣٠٣ شەهیدکرا. مەهدەریی نەخۆشییەکانی چاوو ڕەمزی ڕەحمەتی خودا بوو کە ڕێگەی خودا ڕوون دەکاتەوە.

٤٦. ئەشقی یەکەم، مەبەست خوایە.

٤٧. لێرەدا هەست بە ئیستێک دەکرێ وەک ئیستی پێش دابەستنی نوێژ. ئەم دوعا و پاڕانەوەیە لە سروودی دادێ دەست پێدەکا.

***

# سرroodی سیوسێیەم[1]

## عەرشی یەزدانیی خودا

پیر بیرناردۆ لەماریای پاکیزە پاڕایەوە و سوپاس و ستایشی کرد کە -بە لای مەسیحیانەوە- سروشتی مرۆڤایەتی بەرزکردووەتەوە بەوەی مەسیحی لە سکی خۆی هەڵگرتووە و خۆیشی خۆری خۆشەویستیی چاکەکارانە لە ئاسمان و سەرچاوەی هیوا و ئاواتی مرۆڤە لە سەر زەوی و هەموو خێر و چاکەیەکی مرۆڤی تێدا کۆبووەتەوە.

پیر بیرناردۆ گوتی دانتی لێی دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی هێز و گوڕی پێ ببەخشێ تا بتوانێ دوا ئاشتی ببینێ. داوای لێ کرد هەوری سروشتیی مرۆڤی مردەنی لەسەر بڕەوێنێتەوە بۆ ئەوەی شادیی باڵای بۆ دەربکەوێ.

بیاتریچی و فریشتەکان و ڕۆحی چاکەکارانی تر پشتگیریی پاڕانەوەی پیر بیرناردۆیان کرد بە تەماشاکردنی ماریای پاکیزە و کردنەوەی دەست و پێکەوەلکاندی ناو لەپەکانیان.

دانتی لە سای ماریای پاکیزەوە چاوی زاخاودرایەوە و نیگای زیاتر چووە قووڵایی نووری یەزدانییەوە. بەرامبەر بەم دیمەنە گەورە و مەزنە یەزدانییە زەینی ئەو هەموو شتەی نەدەگرتە خۆی کە بە چاو دەیدی. هەرچەندە خۆشیی دیمەنەکە دەچکایە ناو دڵ و دەروونی.

دانتی لە خودا پاڕایەوە نەختێکی لە وێنەی یەزدانیی خۆی پێشان بدا بۆ ئەوەی لە شیعرەکانیدا، بڵێسەیەک لەو دیدارە بۆ نەوەکانی دادێ جێبیلێ.

دانتی له ناخی نووری یەزدانیدا، بوونەوەری گەوهەری و بوونەوەری سەرەڕۆی بینی، وەک پەڕەکانی کتێب بە بەندیواریی خۆشەویستی بەیەکەوە بەسرابوونەوە.

دانتی نەیتوانی سەرنج لە سەر ئەو دیمەنە کەلەلا بکا. بە تەماشاکردنی نووری یەزدانی سۆمای چاوی بەهێزتر بوو. هەر سێ دانەی سێیینەی – مەسیحی- بینی: باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز. وێنەی مەسیحی لێ دەرکەوت. ویستی هۆی بەرجەستەبوونی بزانێ. هاڵاوی تیشکی یەزدانی یارمەتیی دا بۆ ئەوەی بیزانێ. ئەوسا دانتی بەرامبەر ئەم دیدارە باڵایە هێزی لەبەر داهێزرا، بەڵام ویست و ئارەزووی زۆر بە ڕێکی لەگەڵ ئەو ئەشقەی خۆر و ئەستێرەکانی دی دەجووڵێنێ، کەوتە سووڕانەوە.



[١](ئەی دایکی پاکیزە![٢] ئەی کچی کوڕی خۆت،
ئەی لە هەموو کەس خاکیتر و باڵاتر،
ئەی ئامانجی دیاری کراوی هەمیشە[٣]بۆ ئێمە مانان، (٣)
تۆ ئەو خانمەی سروشتی ئێمەی مرۆڤت بەرزکردووەتەوە
بە جۆرێ دروستکەرەکەت
پێی کەمایەتیی نەبوو تۆ دروستکەری ئەو بێت (٦)
لە سکی تۆ دا، گڕی ئەشقێ داگیرسا
بە گەرمای ئەو گڕە، ئەم گوڵە[٤]
لە ئارامیی ئەبەدیدا، پشکووت. (٩)
تۆ لێرە، چراوگی ئەشقی نیوەڕۆی بۆ ئێمە،
لە خوارەوەیش، لەناو بنیادەمی خاکی،
کانیی هەڵقوڵاوی ئومێدی! (١٢)
ئەی خودانبانوو، تۆ ئەوەندە گەورەو ئەوەندە قەدرگرانی
ئەوەی عەوداڵی بەرەکەت بێ و ڕوو نەکاتە تۆ،
وەک یەکێکە بیەوێ ئارەزووی، بێباڵ بفڕێ.[٥] (١٥)
تۆ ئەوەندە میهرەبانی، نەک هەر یارمەتیی ئەوانە دەدەی
کە داوای یارمەتیت لێ دەکەن، بەڵکو زۆر جار
بەر لەوەی داوای یارمەتی بکەن، تۆ یارمەتییان دەدەی! (١٨)
تۆ میهرەبانیت[٦] تێدایە، تۆ بەزەییت[٧] تێدایە،
تۆ شکۆ و فەڕت تێدایە و[٨]
هەرچی چاکەیەکی لە بوونەوەراندا هەبێ، لە تۆدا هەیە![٩] (٢١)
ئەم پیاوە کە لە تەپانی بنی[١٠] دونیاوە تا ئێرە،[١١]
چارەنووسی هەموو ڕۆحەکانی یەک یەک
بە چاوی خۆی دیوە، (٢٤)
ئێستا لێت دەپاڕێتەوە، بە بەرەکەتی خۆت،
هێزێکی پێ کەرەم بکەی بتوانێ،

چاوی، تا باڵاترین پلەی ئاشتی، بەرز بکاتەوە.
من کە هەرگیز بۆ بینینی خوا لەوە زیاتر
نەسووتاوم کە ئێستا بۆ ئەو دەسووتێم،
بە هەموو گیانم تکات لێ دەکەم، نائومێدم مەکە!
بە دوعاکانت، چی هەوری لە سروشتی خاکییانەیدا هەیە
هەڵیبرینگێنە. بۆ ئەوەی
شادیی هەرەباڵای لە بەرچاو دەرکەوێ!
لێت دەپاڕێمەوە، ئەی شاژن،
کە هەرچی بتەوێ دەتوانی بیکەی،
پاش ئەو دیدارە، هەست و سۆزی بە سەلامەتی بپارێزە.
وا بکە چاوەدێریت بەسەر ئاڵۆشیی مرۆڤانەیدا زاڵ بێ
سەیر کە چۆن (بیاتریچی) و ئەو هەموو چاکەکارانە
دەستیان بەرزکردووەتەوە، لەگەڵ من لێت دەپاڕێنەوە.)[12]
ئەو دوو چاوانەی خۆشەویست و شکۆدارن لای خودا
سەیری دوعاگۆکەیان[13] کرد و پێشانیان داین
چەند بەو دوعا گەرموگوڕە شاد و گوشادن.
ئینجا ڕوویان کردە بڵێسەی ئەبەدی.[14]
نابێ بڕوا بکەین چاوی هیچ ئافەریدەیەک
توانای هەبێ ئەوەندە بچێتە ناو قووڵایی ئەو تیشکەوە
من کە لە ئامانجی هەموو ئارەزووەکانم[15] نزیک دەکەوتمەوە،
وەکو پێویست هەستم دەکرد
سۆزی ئارەزووم گەیشتووەتە ترۆپکی هەرەبەرزی خۆی.
(بیرنار) بزەی هاتێ و ئاماژەی دامێ سەیری سەرەوە بکەم،
بەڵام من لە خۆمەوە،
ئەو چۆنی دەویست، وام کردبوو.
کە چاوم ڕوونبووەوە، وردەوردە زیاتر

چووە ناو قووڵایی تیشکی نووری هەرەباڵا
کە نووری خودی (حەق)[16] خۆیەتی. (٥٤)
لەوە بەدواوە، ئەوەی دەمبینی لە قسە گەورەتر بوو.
هێزی گفتار بەرامبەر ئەو دیمەنانە دەستەپاچە بوو.
زەینمان لەژێر ئەو بارە گرانەدا دەپلیشایەوە! (٥٧)
وەکو ئەو کەسە وابووم کە شتێ لە خەودا دەبینێ و
کە بەئاگا دێ تارمایی خەونەکەی لە مێشکدا دەمێنێ،
بەڵام شتەکانی تری خەونەکەی بیر ناکەوێتەوە. (٦٠)
منیش ئاوهام لێ هاتبوو، چاوم مەیلەو هیچی نەدەدی،
بەڵام ئەو چێژەی لە دیمەنەکە وەرمگرت
ئێستایش چکە دەکاتە ناو دڵم. (٦٣)
بەفر ئاوها لەژێر تیشکی خۆردا دەتوێتەوە
پێشبینییەکانی (سیبیل)یش[17] لەسەر گەڵای تەنک
ئاوها دەبوون بە گەردی دەم با. (٦٦)
ئەی تیشکی باڵا، کە لە بیری مرۆڤانەی ئێمە بەرزتر دەبیتەوە.
دووبارە چەردەیەکم لەوە نیشان دە
کە ئەو کاتە نیشانت دام. (٦٩)
توانایەکی وا بە زمانم بدە، بتوانێ تەنیا
یەک پرووشکی شکۆمەندیی تۆ
بە نەوەکانی دادێ، بگەیەنێ! (٧٢)
ئەگەر نەختێکی بێتەوە یادم،
ئەگەر کەمێکی لەناو لە شیعرەکانمدا بزرنگێتەوە،
ڕاستەقینەی پیرۆزی تۆ باشتر بۆ خەڵک دەردەکەوێ. (٧٥)
لەو بڕوایەدام ئەگەر چاوم لەسەر
ئەو بریقەی لە تیشکە کڵپەدارەکەوە
هەستم پێکرد، لاکەوتایە، وێڵ دەبووم،[18] (٧٨)

له بیرمه، بەمەوە زاتی بەرگریم زیاتر بوو،
بە جۆرێ لە ئەنجامدا سەرنجم
لەگەڵ (دەسەلاتی بێکۆتایی)[19] خۆی لێک دا. (٨١)
ئەی بەرەکەتی زۆر و زەوند، کە توانات
پێ بەخشیم چاو لە تیشکی ئەبەدی ببڕم
تا هەموو سۆمای چاوی خۆم لەسەر دانا. (٨٤)
لە ناخی ئەو تیشکەدا، پەڕە پەرت و بڵاوەکانی دونیام بینی
بە جزوبەندی ئەشقی تۆ
لە یەک بەرگە کتێبدا پێکەوە لکابوون. (٨٧)
شتی گەوهەری[20] و شتی سەرەڕۆ[21] و هەموو ڕەوشەکانیانم بینی
دەتگوت بە شێوەیەکی مکووم تێکەڵ بە یەکتر بوون و
ئەوەی دەیڵێم تەنیا تروسکەیەکی کزیەتی. (٩٠)
لەو باوەڕەدام، شێوەی گشتیی ئەو پەیوەندە پتەوەم دیوە
گرێ و پەیوەندم دیوە، چونکە کە باسی دەکەم
هەست دەکەم شادیم فرەتر و گەشتر دەبێ. (٩٣)
تەنیا یەک چرکەسات مایەی لەبیرچوونەوەیە بۆ من[22]
زیاتر لە تێپەڕینی بیستوپێنج سەدە گیانبازی، بەسەر ئەوەدا
کە وای کرد (نێتونۆ) بە سەرسامی بنواڕێتە سێبەری (ئارگۆ).[23] (٩٦)
بیری منیش ئاوها، تەواو ئاوێزان بوو.
بەبێ جووڵە، بە وردی زەقزەق تەماشای دەکرد و
بە ئاگری ڕامان و دامانی زیاتر دەتوایەوە. (٩٩)
بەرامبەر بەم تیشکە، دەکەوینە سەر بارێکی وا
هەرگیز ناتوانین. بۆ دیتنی دیمەنێکی تر،
چاو لەسەر ئەمە لابەرین، (١٠٢)
چونکە چاکە کە ئامانجی ویست و خواستمانە،[24]
هەمووی لەناو ئەودا کۆبووەتەوە.

ئەوەی لە دەرەوەیدایە ناتەواوە و ئەوەی لە ناویدایە تەواوە[25] (١٠٥)
بۆ دەربڕینی ئەوەندەیش کە لە بیرم ماوە
زمانم زۆر لە گڕوگاڵی ئەو کۆرپەیە بێتواناترە
کە بۆی شیری لە دەم دێ. (١٠٨)
لەبەر ئەوە نا کە ئەو تیشکە گەشەی تەماشام دەکرد،
لە دیاردەیەک زیاتری تێدابوو،
چونکە ئەم تیشکە هەمیشە هەر وا بووە،[26] (١١١)
بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە ئەو تاکە دیاردەیە
لەبەر دیدەی من، کە بە وردبوونەوە زیاتر بەهێز دەبوو،
لەگەڵ گۆڕانی من، لە بەرچاوم دەگۆڕا. (١١٤)
لەناو گەوهەری قووڵ و ڕوونی بڵێسە مەزنەکەدا.
سێ بازنەم[27] لێ دەرکەوت
سێ ڕەنگ بوون یەک چێوەیان هەبوو. (١١٧)
وەک چۆن پەلکەزێڕینە لە پەلکەزێڕینەوە دێ
یەکەم تیشکی لە دووەم وەردەگرت و
سێیەمیش[28] ئاگرێ بوو، لە دووەکەی ترەوە دەهات. (١٢٠)
حەیف! هێزی بەیان چەند بێ توق و چەند کورتە
بۆ دەربڕینی بیر و ئەندێشەی من: چەند کرچوکاڵە
ئەوەی دەینووسم، بەس نییە بڵێی تەنیا (کەم)ە. (١٢٣)
ئەی تیشکی جاویدان، کە جێگەت تەنیا لەناو خۆتدایە
تەنیا خۆت دەرک بە خۆت دەکەی. بەم دەرککردنە هەم تێدەگەی و
هەم تێدەگەیەنی. خۆت خۆش دەوێ و بزە دەتگرێ. (١٢٦)
ئەو بازنەیە کە بەم جۆرە کێشراوە
وەک تیشکێکی درەوشاوە کەوتە بەرچاوت
کە نەختێ بە چاوی من لێی وردبوویتەوە. (١٢٩)
لە ناوەوەی خۆیەوە و بە ڕەنگی خۆیەوە وام بۆ دەرکەوت

به شێوەی مرۆڤایەتیی ئێمە وێنەی کێشراوە[29]
سەرنجم سەراپا تێیدا نقووم بوو. (١٣٢)
وەک ئەندازیارێ کە بە هەموو توانای خۆیەوە
هەوڵ دەدا ڕووبەری بازنە دەربێنێ،
بەڵام بنەمای پێویستی بۆ کارەکەی نەبێ[30] (١٣٥)
منیش لە بەرامبەر ئەم دیمەنە نوێیەدا ئاوها بووم
ویستم ببینم وێنەکە چۆن لەگەڵ بازنەکەدا جۆشی خوارد و
چۆن جێگەی خۆی تێدا کردەوە،[31] (١٣٨)
بەڵام پەڕوباڵی من توانای ئەو چەشنە فڕینەی نەبوو
ئەگەر ئەو برووسکە بریقەدارە لە ڕۆحم نەدرەوشابایەوە
کە بە تیشکی خۆی ئارەزووی هێنایە دی. (١٤١)
لێرەدا خەیاڵی بەرزم توانای نەما،
بەڵام ویست و ئارەزووم بە یەکەوە دەسووڕان
وەکو پێچکەیەک کە هەموو بەشەکانی بە یەک شێوە دەسووڕێن (١٤٤)
بە هێزی ئەو ئەشقەی[32] جووڵە دەخاتە بەر خۆر و ئەستێرەکان.[33] (١٤٥)

## پەراوێزەکانی سرووودی سیوسێ

(١) ئەمە سرووودی چوارەم و دوا سرووودی تایبەتە بە ئاسمانی ئاسمانان. پێی دەگوترێ (سرووودی پاڕانەوە لە ماریای پاکیزە و دیداری گەورە).

٢. دایکی پاکیزە: مەبەست ماریای پاکیزەیە.

٣. واتە خوا وای بە چاک زانی لە سکی ماریادا بەرجەستە ببێ بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە گوناە ڕزگار بکا.

٤. ئەمە گوڵی ئاسمانە.

٥. یانی بەرەکەتی یەزدانی تەنیا لە ڕێگەی مارپای پاکیزەوە دەست دەکەوێ.

٦. میهرەبانیی مارپای پاکیزە وای لێ دەکا یارمەتیی خەڵک بدا.

٧. بەزەیی مارپای پاکیزە وای لێ دەکا یارمەتیی خەڵک بدا بێ ئەوەی داوای یارمەتیی لێ بکەن.

٨. شکۆ و فەڕی مارپای پاکیزە، یانی توانای کردەوەی گەورە و بەرزی هەیە.

٩. ئەمە کۆتایی بەشی یەکەمی دوعاکەیە کە بریتییە لە ستایشکردنی مارپای پاکیزە و پێداهەڵگوتنی.

١٠. ڕەنگە مەبەست لە تەپانی بنی دۆزەخ بێ بە گشتی کە نزمترین شوێنە بە گوێرەی ئاسمانی ئاسمانان، لەوانەیشە مەبەست نزمترین بەشی دۆزەخ بێ کە دانتی و ڤرجیلیۆ بەوێدا تێپەڕین و چوونە کێوی بەرزەک.

١١. تا ئێرە، واتە تا گوڵی چاکەکاران لە ئاسمانی ئاسمانان.

١٢. ئەمە کۆتایی دوعاکەیە کە لەسەر زمانی پیر بیرناردۆ گوتراوە. پیر بیرناردۆ بە تەنیا دوعای دەکرد و سرووودی دەخوێندەوە، کەچی بیاتریچی و فریشتەکان بێدەنگ وەستابوون، بەڵام بێ قسە و تەنیا بە چاوبڕینە مارپا و بەرزکردنەوەی دەست بەشداری و پشتگیریی بیرناردۆیان کرد لە دوعا و پاڕانەوەدا. خۆشەویستیی بە کپی زیاتر دەردەبڕێ تا بە قسە.

١٣. مارپای پاکیزە چاوی خستبووە سەر پیر بیرناردۆ.

١٤. واتە مارپای پاکیزە چاوی لە خوا بڕی.

١٥. واتە، خوا.

١٦. نووری یەزدانی نووری ڕاستەقینەیە و لە خودی خۆیدایە. ڕەنگدانەوە درەوشانەوەی تیشکی تر نییە.

١٧. سیبیللا (Sibilla) کاهینەیەکی کوما بوو لە کامپانی، لە باشووری ئیتالیا. پێشبینییەکانی لەسەر گەڵای درەخت دەنووسی و لە بەردەرگای ئەشکەوتەکەی دادەنا و با دەیبرد.

١٨. نووری یەزدانی بەوە لە نووری سەر زەوی جودا دەکرێتەوە. نووری یەزدانی وەکو نووری سەر زەوی سۆمای چاو نابا و هێزی بینین کز ناکا. نووری یەزدانی توانا بە چاکەکاران دەدا بۆ ئەوەی زیاتر لە خودی خودا وردببنەوە.

١٩. دانتی ددان بە فەزلی خوادا دەنێ لە سەریا.

٢٠. بوونەوەری گەوهەری (الجوهري): ئەوەیە خۆی لە خۆیەوە هەیە.

٢١. بوونەوەری سەرەڕۆ (العرضي): ئەوەیە بوونی بە شتی ترەوە بەستراوەتەوە.

٢٢. دانتی دیمەنێکی دی و بە چرکەساتێک دیمەنەکەی لە بیر کرد، ئەمەیش بۆ ئەوە دەچێتەوە ئەو دیمەنەی دیویەتی زۆر گەورە و مەزن بووە. نە ئەقڵ دەتوانێ دەری ببڕێ و نە یادەوەر و نە وشە.

٢٣. نپتۆن (Nepton) خودانی دەریا بوو. سەری لە سێبەری کەشتیی ئارگو (Argo) سووڕما لەسەر ئاو. ئەو کەشتییەی جاسونی گریکی پێ چوو بۆ ئەوەی بەرانی زێڕین لە باشووری قەوقاز لای (کولکی)یەکان بێنێتەوە.

٢٤. یانی چاکەکاران هەرگیز ناتوانن لە ڕێگەی خوا لابدەن. هەمیشە ئامانجیان خوایە.

٢٥. واتە خێر و چاکەی تەواو تەنیا لە خودادا هەیە. لە خوداوە هاتووەتە دەرێ بۆ خەڵک. ئەو خێر و چاکەیەی لە خوادا بێ هەمیشە تەواو و بێ کەموکورتییە، ئەوەی لە دەرەوەی خوادا بێ هەمیشە کەموکورتی تێدایە. تەنیا بەوە تەواو دەبێ کە بگاتەوە خودا.

٢٦. واتە خودا هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایێ.

٢٧. واتە سێیینەی مەسیحی.

٢٨. مەبەست بە سێیەم ڕۆحی پیرۆزە کە بە یەکسانی لە باوک و کوڕەوە دێ – لای مەسیحییەکان–.

٢٩. واته وێنەی مرۆڤ، یانی وێنەی مەسیح لەو ئەڵقەیەدا دەرکەوت. بە ڕەنگی ئەڵقەکە دەرکەوت و هەردوو ڕەنگ تێکەڵ بە یەک بوون، چونکە یەک شتن.

٣٠. دانتی باسی ئەندازیارێک دەکا نازانێ ڕووبەری بازنە دەربێنێ. ئەو کاتەی هێشتا پەیوەندیی نێوان تیرە و چێوەی بازنە نەدۆزرابووەوە. دانتی حاڵەتی خۆی لە دیارە ئەم دیمەنە شکۆدارە لەگەڵ حاڵەتی ئەو جۆرە ئەندازیارە بەراورد دەکا.

٣١. واتە چۆن وێنەی مرۆڤایەتیی مەسیح تێکەڵ بە بازنەی یەزدانی بوو.

٣٢. ئەو ئەشقە، مەبەست خودایە.

٣٣. هەرسێ بەشی کۆمیدیا بە وشەی (ئەستێران) کۆتاییان هاتووە. ئەستێرە ڕەمزی هیوا و ئاواتە.

**سەرچاوەکان:**

- القران الكريم
- الكتاب المقدس

NIV Study Bible -

- Dante Alighieri,The Divine Comedy,The Carlyle-Wicksteed Translation, New York,1957 .

- Dante, La Divine Comedie, L,Enfer, Traduction de jacqeline Risset,Paris, 1985 .

- Dante, La Divine Comedie, Le Purgatoire, Traduction de jacqeline Risset,Paris, 1985 .

- Dante, La Divine Comedie, Le Paradis, Traduction de jacqeline Risset,Paris, 1985 .

- Dante,The Divine Comedy, Hell,Translated by Dorothy Sayers,1980. - Dante,The Divine Comedy,Purgatory,Translated by Dorothy Sayers,1980

-Dante, The Divine Comedy, Paradis ,Translated by Dorothy Sayers,1980.

- Dante, The Divine Divine Divine Comedy,Translated by Laurence Binyon,Penguin Book,1947.

-David Dale House, Dictionary of Classical Mythology, London, 1995.

-Edith Hamilton, Mythology, 1969

H.Kupeer,Legends of Greece and Rome, Harrap London,1975 -.

-Homer,The Odyssey,Translated by E. V. RIEU,Penguin Books,1980

-Homer,The Iliad, Translated by W.H.D.Rouse,1938

Michael Grant, Myths of Greeks and Romans, 1961-.

- Ovid, Metamorphoses, Translated by A.D. Melvhlle, Oxford University Press,1998 .

-Rev Warner, Men and Gods, london, 1967.Grace and

-Virgil, The Aeneid, Translated by David West,Penguin Books ، ١٩٩١

- الامام ابن عباس، الاسراء والمعراج، دار الروضة، القاهرة، ١٩٩١.

- امام عبدالفتاح امام (ا.د.)، معجم ديانات و اساطير العالم، المجلد الاول، بيروت،؟.

- امام عبدالفتاح امام (ا.د.)، معجم ديانات و اساطير العالم، المجلد الثاني، بيروت،؟.

- امام عبدالفتاح امام (ا.د.)، معجم ديانات و اساطير العالم، المجلد الثالث، بيروت،؟.

- اوفيد، مسخ الكائنات، نقله الي العربية و قدم له ثروت عكاشة، الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٧٧.

- ثير طريمال، فرهنگ اساطير يونان و رومان، جلد اول، ترجمه: د. احمد بهمنش، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٨.

- ثير طريمال، فرهنگ اساطير يونان و رومان، جلد دوم، ترجمة: د. احمد بهمنش، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٨.

- ج. ف. بيرلين، اسطوره هاى موازى، ترجمه عباس مخبر، بشر مركز، تهران، ١٣٨٦.

- خليل تادرس، احلى الاساطير اليونانية، دار كتابنا للنشر، بيروت، ٢٠٠٨.

- دانتي اليجييري، كوميديا، الجحيم، ترجمة حسن عثمان، دار المعارف بمصر، ١٩٥٩.

- دانتي اليجييري، كوميديا، المطهر، ترجمة حسن عثمان، دار المعارف بمصر، ١٩٧٩.

- دانتي اليجييري، كوميديا، الفردوس، ترجمة حسن عثمان، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩

- دانتي الغييري، الكوميديا الالهية، ترجمة كاظم جهاد، بيروت، ٢٠٠٢
- دانته، كمدي الهي، دوزخ، ترجمه شجاع الدين شفا، تهران، ١٣٨٤.
- دانته ، كمدي الهي، برزخ، ترجمه شجاع الدين شفا، تهران، ١٣٨٥.
- دانته ، كمدي الهي، بهشت، ترجمه شجاع الدين شفا، تهران، ١٣٨٥.
- دانته اليگرى، كمدي الهى، دوزخ، ترجمه فريده مهدوى دامغانى، مؤسسه نشر تير، ١٣٧٨.
- دانته اليگري، كمدي الهي، برزخ، ترجمه فريده مهدوى دامغانى دامغاني، مؤسسه نشر تير، ١٣٧٨.
- دانته اليگري ، كمدي الهي، بهشت، ترجمة فريدة مهدوي دامغاني، مؤسسة نشر تير، ١٣٧٨.
- دريني خشبة، اساطير الحب والجمال عند اليونان، ج ١، دار ابعاد للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٣.
- دريني خشبة، اساطير الحب والجمال عند اليونان، ج ٢، دار ابعاد للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٣.
- دونار وزنبرک، اساطير جهان، جلد دوم، ترجمه عبدالحسين شريفيان، چاپ ديبا، تهران، ١٣٧٩.
- رحيم عفيفى د.، ارداويرافنامه، نشر حيدرى، ١٣٧٢.
- صلاح فضل د. تاثير الثقافة الاسلامية في الكوميديا الالهية لدانتي، دار المعارف، ١٩٨٠.
- عبدالمطلب صالح، دانتي و مصادره العربية والاسلامية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨.
- علي الزبيدي د. محاضرات في تاريخ الادب المسرحي، ج ١، الماساة اليونانية، مطبعة الجامعة، بغداد، ١٩٧١.
- ڤرجيل، الانيادة، ترجمة عنبرة سلام الخالدي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٥.
- ڤرجيل، الانيادة، ترجمة عنبرة سلام الخالدي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٥.

- گرين، روجر لانسيلين، اساطير يونان، ترجمه عباس اغاجانى، انتشارات سروش، تهران، ١٣٢٤.
-مجدي كامل، اشهر الاساطير في التاريخ، دار الكتاب العربي، القاهرة، ٢٠٠٣.
-مجدي وهبة، معجم مصطلحات الادب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
- محمد متولي الشعراوي، شرح حديث الاسرا والمعراج، مكتبة التراث الاسلامي، القاهرة، ١٩٩٧.
- معدي، د. الحسيني الحسيني، الاساطير اليونانية والرومانية، كنوز للنشر، القاهرة، ٢٠٠٩.
- معدي، د. الحسيني الحسيني، الاساطير اليونانية والرومانية، كنوز للنشر، القاهرة، ٢٠٠٩.
- معدي، د. الحسيني الحسيني، الاساطير الاغريقية، كنوز للنشر، القاهرة، ٢٠١١.
- هوميروس، الالياذة، ترجمة عنبرة سلام الخالدي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٤.
- هوميروس، الاوديسة، ترجمة عنبرة سلام الخالدي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٤.

## . ئیندێکسی ناوەکانی کۆمیدیای دانتی

سەرنج: لە تەنیشت هەر ناوێکدا، سێ ژمارە هاتووە. ژمارەی یەکەم، ژمارەی بەشی کۆمیدیایە: ١.دۆزەخ، ٢.بەرزەک، ٣.بەهەشت. ژمارەی دووەم ژمارەی سرووودی بەشەکەیە، لە ١ تا ٣٤. ژمارەی سێیەم ژمارەی لەتەدێڕەکەیە، بۆ نموونە:

- (بۆرگۆ: ٣، ١٦، ١٣٥ واتە: بۆرگۆ لە بەشی سێیەمی کۆمیدیا (بەهەشت)، لە سرووودی شازدە، لە لەتەدێڕی ١٣٥دا هاتووە.)


ئـ

ئابرام: ١، ٤، ٥٨

ئابسالرۆنی: ١، ٢٨، ١٣٨

ئابیدۆ: ٢، ٢٨، ٧٣

ئابێل: ١، ٤، ٥٥

ئاپیۆللۆ: ٣، ٢، ٨/ ٣، ١، ١٣

ئاپێننینۆ: ١، ١٦، ٩٦/ ٢، ٥، ٩٥

ئاتامانتی: ١، ٣٠، ٤

ئاتیلا: ١، ١٢، ١٣٤/ ١، ١٣، ١٤٩

ئاترۆپۆس: ١، ٣٣، ١٢٦

ئاتینی: ١، ١٢، ١٧/ ٢، ٦، ١٣٩

ئادەمۆ: ١، ٣٠، ١٠٤/٦١

ئارگۆ: ٣، ٣٣، ٩٦

ئادیچی:١، ١٢، ٤/ ٢، ١٦، ١١٥/ ٣، ٩، ٤٤

ئاراگنی: ١، ١٧، ١٨/ ٢، ١٢، ٤٣

ئاراگۆن: ٢، ٣، ١١٦

ئاربیا: ١، ١٠، ٨٦

ئارپی: ١، ١٣، ١٠

ئارتوو: ١، ٣٢، ٦١

ئارجیا: ٢، ٢٢، ١٠٩

ئاردینگی: ٣، ١٦، ٩٢

ئارکا: ٣، ١٦، ٩١

ئارکیانۆ: ٢، ٥، ٩٤ ـ ١٢٤

ئارگۆ: ٢، ٢٩، ٩٥

ئارگۆلی: ١، ٨٤، ٢٨

ئارلی: ١، ٩، ١١٢

ئارنۆ: ١، ١٣، ١٤٧/ ١، ١٥، ١١٣/ ١، ٢٣، ٩٥/ ١، ٣٠، ٦٤/ ١، ٣٣، ٨٣/ ٢، ١٤، ٢٤/ ٢، ٢٦، ١٤٥/ ٢، ٥، ١٢٦/ ٣، ١٠، ١٠٦

ئارۆنتا: ١، ٢٠، ٤٦

ئاریتوزا: ١، ٢٥، ٩٧

ئاریتین: ١، ٣٠، ٣١/ ٢، ٦، ١٢

ئاریتینی: ١، ٢٢، ٤

ئارپیگۆ: ٣، ٣٠، ١٢٧

ئارپگوچی: ٣، ١٦، ١٠٨

ئارپیگۆ: ١، ٦، ٧٩ / ٣، ١٧، ٨٢

ئارلاشیگۆ ماپناری: ٢، ١٤، ٩٧

ئارزۆیۆ: ٢، ١٨، ٩١

ئاسدێنتی: ١، ٢٠، ١١٨
ئاسێکموچیۆ: ١، ٣٣، ٥٠
ئاشیزی: ٣، ١٠، ٥٣
ئاڤێنتینۆ: ١، ٢٥، ٢٧
ئاڤیچێننا: ١، ٤، ١٤٣
ئاڤیرۆیس: ١، ٤، ١٤٤ / ١، ٦، ٤٢
ئاکان: ٢، ٢٠، ١٠٩
ئاکزیلۆنی: ٢، ٣٢، ٩٩
ئاکواسپارتا: ٣، ١٢، ١٢٣
ئاکواکیتا: ١، ١٦، ٩٨
ئاکیتۆفێل: ١، ٢٨، ١٣٧
ئاکیرۆنتی: ١، ١٤، ١١٦/ ٢، ٢، ١٠٥
ئاکیللی:١، ٢٦، ٦٢/ ١، ٣١، ٤/ ٢، ٢١، ٩٢
ئاکیللی: ٢، ٩، ٣٤
ئاکیلی، ١، ٥، ٦٥
ئاگاپیتۆ: ٣، ٦،١٦
ئاگاتۆنی: ٢، ٢٢، ١٠٦
ئاگلاورۆ: ٢، ١٤، ١٣٩
ئاگولیۆن: ٣، ١٦، ٥٦
ئاگۆببیۆ: ٢، ١١، ٨٠
ئالاجیا: ٢، ١٩، ١٤٢
ئالاردۆ: ١، ٢٨، ١٧
ئالانیا: ٢، ٢٠، ٨٦
ئالبا: ٣، ٦، ٣٨
ئالبێرتۆ دی کۆلۆنیا: ٣، ١٠، ٩٩
ئالبێرتۆ: ١، ٣٢، ٥٧/ ٢، ٦، ٩٧
ئالبیا: ٢، ٧، ٩٩
ئالبیریکی: ٣، ١٦، ٨٨
ئالبیریگۆ: ١، ٣٣، ١١٨
ئالپ: ١، ٢٠، ٦١/ ٣، ٦، ٥٠
ئالپی: ١، ١٦، ١٠١
ئالتافۆرتی: ١، ٢٩، ٢٨
ئالچیدی: ٣، ٩، ١٠١
ئالمیۆن: ٢، ١٢، ٥٠
ئالمیۆنی: ٣، ٣، ١٠٣
ئالێتتۆ: ١، ٩، ٤٧
ئالێسساندریا: ٢، ٧، ١٣٥
ئالێسیۆ: ١، ١٨، ١٢٢
ئالیسساندرۆ: ١، ١٢، ١٠٧/ ١، ٣٠
ئالیکین: ١، ٢٢، ١١٢
ئالیکینۆ: ١، ٢١، ١١٨
ئامیکلاتی: ٣، ١٠، ٦٩
ئاناستاجی: ٢، ١٤، ١٠٧
ئاناستازیۆ: ١، ١١، ٨
ئاناسساگۆرا: ١، ٤، ١٣٧
ئانتاندرۆ: ٣، ٦، ٦٧
ئانتێنۆر: ٢، ٥، ٧٤
ئانتیفۆنتی: ٢، ٢٢، ١٠٦
ئانتیگۆنی: ٢، ٢٢، ١٠٩
ئانتینۆرا: ١، ٣٢، ٨٨
ئانتیۆ: ١، ٣١، ١٠٠ ـ ١١٣ ـ ١٣٩
ئانجیۆللیلۆ: ١، ٢٨، ٧٧
ئانسیلمۆ: ٣، ١٢،١٣٦
ئانفریکانۆ: ٢، ٢٩، ١٦
ئانفیراوۆ: ١، ٢٠، ٣٤
ئانفیاراوۆ: ١، ٣٢، ١٠

ئانكیزی: ١، ١، ٧٣/ ٣، ٥، ٢٦
ئاننا: ٣، ٣١، ١٣٣
ئانیبال: ١، ٣١، ١١٨/ ٣، ٥٠، ٦
ئانیێل: ١، ٢٥، ٦٨
ئاورانیی: ٢، ٢٩، ٤١
ئاورۆنیا: ٣، ٨، ٦١
ئاوگوستۆ: ١، ١، ٧١/ ١، ١٣، ٦٨/٢، ٢٩، ١٦
ئاوگستین: ٣، ١٢، ١٣٠
ئاولیدی: ١، ٢٠، ١١١
ئاویسترۆ: ٢، ٣٢، ٩٩
ئوبالدینۆ دی یۆنافیتسیۆ: ٢، ٢٤، ٢٨
ئوبێرتۆ دوناتۆ: ٣، ١٦، ١١٩
ئوبیرتۆ: ٣، ١٠، ٤٥
ئوپیترۆ: ١، ١٢، ١١١
ئوتیکا: ٢، ١، ٧٣
ئوربانۆ: ٣، ٢٧، ٤٣
ئوربیزالیا: ٣، ١٦، ٧٣
ئوردن: ٣، ٢٢، ٩٤
ئورمانین: ٣، ١٦، ٨٨
ئوستیێنسی: ٣، ١٢، ٨٣
ئوگۆ چیاپێتتا: ٢، ٢٠، ٤٩
ئوگۆ دان ڤیتتۆری: ٣، ١٢، ١٣٣
ئوگۆلین دالتسۆ: ٢، ١٤، ١٠٤
ئوگۆلینۆ: ١، ٣٣، ١٣
ئوگی: ٣، ١٦، ٨٨
ئوگیچیۆنی: ١، ٣٣، ٨٨
ئولیسی: ١، ٢٦، ٥٥/ ٢، ١٩، ٢٢
ئونگیریا: ٣، ١٩، ١٤٢
ئۆتارۆ: ٢، ٢٤، ٥٦
ئۆتتاڤیان: ٢، ٧، ٦
ئۆتتاککیرۆ: ٢، ٧، ١٠٠
ئۆچیللاتۆیۆ: ٣، ٥، ١٠٩
ئۆدیریزی: ٢، ١١، ٧٩
ئۆراتسیۆ: ١، ٤، ٨٩
ئۆرسسۆ: ٢، ٦، ١٩
ئۆرفیۆ: ١، ٤، ١٤٠
ئۆرلاندرۆ: ١، ٣١، ١٦
ئۆرلاندۆ: ٣، ١٨، ٤٣
ئۆرێستی: ٢، ١٣، ٣٣
ئۆریاکۆ: ٢، ٥، ٧٩
ئۆڤیدیۆ: ١، ٢٥، ٩٧/ ١، ٤، ٩٠
ئۆلۆڤێری: ٢، ١٢، ٥٩
ئۆلیسسی: ٣، ٢٧، ٨٢
ئۆمبێرتۆ: ٢، ١١، ٦٧
ئۆمیرۆ: ١، ٤، ٨٨
ئۆنۆریۆ: ٣، ١٠، ٩٨
ئێپیکورۆ: ١، ١٠، ١٣
ئێتتۆر: ١، ٤، ١٢٢/ ٣، ٦، ٦٨
ئێتیۆکلی: ١، ٢٦، ٥٤
ئێرکولی: ١، ٢٥، ٣١/ ١، ٢٦، ١٠٨
ئێرمۆ: ٢، ٥، ٩٦
تێزیفۆن: ١، ٩، ٤٨
ئێستی: ١، ١٢، ١١١/ ٢، ٥، ٧٥
ئێلێسپۆنتۆ: ٢، ٢٨، ٧١
ئەمپیدۆکلێس: ١، ٤، ١٣٨
ئێیۆلۆ: ٢، ٢٨، ٢١

ئیبرتۆ: ٣، ٧، ٣٢
ئیبرۆ: ٢، ٢٧، ٣/ ٣، ٩، ٨٩
ئیپریۆنی: ٣، ٢٢، ١٤٢
ئەڤیچچێینا: ١، ٤، ١٤٣
ئیپۆکراتی: ٢، ٢٩، ١٣٦
ئیپۆلیتۆ: ٣، ١٧، ٤٦
ئیتالیا: ٢، ٦، ١٢٤
ئەتیۆپی: ١، ٢٤، ٨٩
ئیجیتتۆ: ٣، ٢٥، ٥٥
ئیجیدیۆ: ٣، ١٠، ٨٣
ئیدا: ١، ١٤، ٩٧
ئیرا: ٣، ٦، ٥٩
ئیراکلیتۆ: ١، ٤، ١٣٨
ئێرکولی: ١، ٣١، ١٣٢
ئیرگۆلین دی فانتۆلین: ٢، ١٤، ١٢١
ئیریتۆنی: ١، ٩، ٢٣
ئرینی: ١، ٩، ٤٥
ئیزارا: ٣، ٦، ٥٩
ئیزایا:٣، ٢٥، ٩١
ئیزوا: ٣، ٨، ١٣١
ئیزۆیۆ: ١، ٢٣، ٥
ئیزیتتۆن: ٢، ٢٣، ١٧
ئیزیدۆرۆ: ٣، ١٠، ١٣٠
ئیزیفیلی: ١، ١٨، ٩٢
ئیزیکیێل: ٢، ٢٩، ١٠٠
ئیسترا: ١، ٢٧، ٢١/ ٢، ٢٣، ٦٨
ئیسسا: ١، ٢٣، ٧
ئیسمینۆ: ٢، ١٨، ٩١
ئیسمینی: ٢، ٢٢، ١١٠
ئیکارۆ: ١، ١٧، ١٠٩
ئیکوبا: ١، ٣٠، ١٦
ئیلچی: ٣، ٣١، ٣٢/ ٥٨، ٥٦، ٦٥
ئیللۆ میناتۆ: ٣، ١٢، ١٣٠
ئیلێردا: ٢، ١٨، ١٠١
ئیلیا: ١، ٢٦، ٣٥/ ٢، ٣٢، ٧٩
ئیلیترا: ١، ٤، ١٢١
ئیلیچی: ٢، ٢٥، ١٣١
ئیلیزۆ: ٣، ٥، ٢٦
ئیلیزیۆ: ٣، ١٥، ١٣٦
ئیلیکۆنا: ٢، ٢٩، ٤٠
ئیلینا: ١، ٥، ٦٤
ئیلیۆدۆرۆ: ٢، ٢٠، ١١٢
ئیلیۆن: ٢، ١٢، ٦٥
ئیما: ٣، ١٦، ١٤٤
ئیمپۆرتۆنی: ٣، ١٦، ١٣٣
ئینفانگاتۆ: ٣، ١٦، ١٢٢
ئیننۆچێنتسیۆ: ٣، ١٠، ٩٢
ئینیا: ١، ٤، ١٢٢/ ١، ٢٦، ٩٣
ئینیجێننا: ٣، ٥، ٦٦
ئەرەستۆتل: ٢، ٣، ٤٣
ئەسپانیا: ٣، ٦، ٦٤


## ب


باتۆ: ٣، ٥، ٨٢
بارباراجیا: ٢، ٢٣، ٩٤ ـ ٩٥
باربارۆسسا: ٢، ١٨، ١١٩

باریاریچیا: ١، ٢٢، ١٤٥ ـ ٢٩
باریاریچیۆ: ١، ٢١، ١٢٠
بارۆچی: ٣، ١٦، ١٠٤
باری: ٣، ٨، ٦٢
باککۆ: ٣، ١٣، ٢٥
باکۆ: ١، ٢٠، ٥٩/ ٢، ١٨، ٩٣
باکیلیۆنی: ١، ١٥، ١١٣
بانیاکاڤال: ٢، ١٤، ١١٥
بانیۆریجیۆ: ٣، ١٢، ١٢٨
برابانتی: ٢، ٦، ٢٣
براندا:١، ٣٠، ٧٨
برانکا: ١، ٣٣، ١٤٥
برانکادۆریا: ١، ٣٣، ١٣٧
بروتۆ: ١، ٣٤، ٦٥/ ١، ٤، ١٢٧/ ٣، ٦، ٧٤
بروجیا: ٢، ٢٠، ٤٦/ ١، ١٥ ٥
برۆنێتتۆ: ١، ١٥، ٣٠ ـ٣٢
برێشیا: ١، ٢٠، ٦٨ ـ ٧٢
برێنتا: ١، ١٥، ٩/ ٣، ٩، ٢٧
برێننۆ: ٣، ٦، ٤٤
بریاریۆ: ٢، ١٢، ٢٨/ ١، ٣١، ٩٨
بریتینۆرۆ: ٢، ١٤، ١١٢
بریسسۆ: ٣، ١٣، ١٢٥
بریگاتا: ١، ٣٣، ٨٨
بوۆزو: ١، ٢٥، ١٤٠
بولیکامی: ١، ١٤، ٧٩
بوۆتوۆلمۆنتی: ٣، ١٦، ١٤٠/ ٣، ١٦، ٦٦
بۆرگۆ: ٣، ١٦، ١٣٥
بۆریا: ٣، ٧، ٨١
بۆستیکی: ٣، ١٦، ٩٢
بۆلسینا: ٢، ٢٤، ٢٣
بۆلۆنیا: ١، ٢٣، ١٤٢/ ٢، ١٤، ١٠٠
بۆناجیونتا: ٢، ٢٤، ٢٤ ـ ٢٥
بۆناڤێنتۆرا: ٣، ١٢، ١٢٨
بۆنتورۆ: ١، ٢١، ٤١
بوۆزۆ دۆناتی: ١، ٣٠، ٤٤
بێرتا: ٣، ١٣، ١٣٩
بێرترام دال بۆرنیۆ: ١، ٢٨،١٣٤
بێرناردۆ: ٣، ١٠، ٧٩
بێرناردین دی فۆسکۆ: ٢، ١٤، ١٠١
بێککیریا: ١، ٣٢، ١١٩
بێلتزیبوو: ١، ٣٤، ١٢٧
بێللینچیۆنی: ٣، ١٦، ٩٩
بێناکۆ: ١، ٢٠، ٦٣/ ١، ٢٠، ٧٣
بیاتریچی: ٣، ١٠، ١١/ ٣، ١٠، ٣٧ ـ ٥١ ـ
٦٠/ ٣، ١٣،١٦/ ٣، ١٧، ٥/ ٢٩/ ٣، ١٨،
١٧/ ٣، ١٨، ٥٣/ ٣، ٢٢، ١٢٤/ ٣، ٢١،
٦٣/ ٣، ٢٤، ١٠ ـ ٢٢ ـ ٥٥/ ٣، ٢٥، ـ
١٣٧/ ٣، ٢٧، ١٠٢/ ٣، ٢٩، ٧/ ٣، ٣٢،
١٩ ـ ٣٤ ـ ٧٦/ ٣، ٣٠، ١٥/ ٣، ٣٣،
٣٨/ ٣، ٥، ٧٠/ ٢، ١٢٨،٧
بیدا: ٣، ١٠، ١٣١
بیرگاماکی: ١، ٢٠، ٧٢
بیرناردۆ: ٣، ٣١، ١٠٢
بیرزێنترۆ: ١، ٣٢، ٥٦
بیسمانتۆڤا: ٢، ٤، ٢٦
بیکاردا: ٣، ٣، ١١٢

بیلاکوا: ٢، ٤، ١٢٣
بیللینچیۆن: ٣، ٥، ١١١
بیلۆ: ٣، ٩، ٩٧

**پ**

پادوا: ١، ١٥، ٧/ ٣، ٩، ٤٦
پادۆ: ٣، ١٥، ١٣٧
پادۆلفۆ: ٢، ٧، ٩٤
پارمینیدی: ٣، ١٣، ١٢٥
پارنازۆ: ٢، ٢٢، ٦٥ / ٢، ٢٨، ١٤٠/
٢، ٣١، ١٤٠ / ٣، ١، ١٦
پاریس: ١، ٥، ٦٧
پاسیفی: ٢، ٢٦، ٤١
پاکینۆ: ٣، ٨، ٦٧
پاللادی: ٢، ١٢، ٣١
پاللادیۆ: ١، ٢٦، ٦٣
پاللانتی: ٣، ٦، ٣٦
پالیرمۆ: ٣، ٨، ٧٥
پانتازیلیا: ١، ٤، ١٢٤\
پاولۆ ٣، ١٨، ٨٨
پراتۆ: ١، ٢٦، ٦٥
پراتۆمانیۆ: ٢، ٥، ١١٥
پرتۆ: ٢، ٣، ٢٣
پرۆزپینا: ٢، ٢٨، ٤٩
پرۆڤێنتزان سالڤانی: ٢، ١١، ١٢١
پریسترانۆ: ٢، ١٥، ١٠١
پریشیا: ١، ١٥، ١٠٩
پلاتۆن: ١، ٤، ١٣٤
پلاتۆنی: ٣، ٣، ٢٤
پلاوتۆ: ٢، ٢٢، ٩٨
پوچیۆ شیکانتۆ: ١، ٢٥، ١٤٩
پولا: ١، ٩، ١١٣
پولیا: ١، ٢٨، ٦
پولیا: ٢، ٧، ١٢٦
پۆ. ٣، ٦، ٥١/ ١، ٢٠، ٧٨/ ١، ٥، ٩٧/ ٢،
١٤، ٩٢/ ٢، ١٦، ١١٥
پۆرتاسۆلی: ٣، ١٠، ٤٦
پۆلوچی: ٢، ٤، ٦١
پۆلێنتا: ١، ٢٧، ٤١
پۆلیدۆرۆ: ١، ٣٠، ١٨
پۆلیدۆرۆ: ٢، ٢٠، ١١٥
پۆلیسسینا: ١، ٣٠، ١٧
پۆلیکلیتۆ: ٢، ١٠، ٣٢
پۆلیمنیا: ٣، ٢٢، ٥٦
پۆلینێستۆر: ٢، ٢٠، ١١٥
پۆمپیۆ: ٣، ٦، ٥٢ / ٣، ٦، ٧٢
پۆنتی: ٢، ٢٠، ٦٦
پێرسیۆ: ٢، ٢٢، ١٠٠
پێگازییا: ٣، ١٨، ٨٢
پێننینۆ: ١، ٢٠، ٦٦
پێنێسترینۆ: ١، ٢٧، ١٠٢
پیا: ٢، ٥، ١٣٣
پیاڤا: ٣، ٩، ٢٧
پیانا: ٣، ١٣، ٢٥
پیچین: ١، ٢٤، ١٤٨
پیرا: ٣، ١٦، ١٢٦
پیرامۆ: ٢، ٢٧، ٣٧

پیرامۆ: ۲، ۳۳، ٦٤
پیریجیا: ۳، ۱۰، ٤٦
پیرپۆ: ۱، ۱۲، ۱۳۰ / ۳، ۳، ٤٤،٦
پیزا: ۱، ۳۳، ۷۹ / ۲، ٦، ١٦
پیزان: ۱، ۳۳، ۳۰
پیستۆیا: ۱، ۲٤، ۱۲٦
پیسکیێرا: ۱، ۲۰، ۷۰
پیکا: ۲، ۱، ۱۱
پیککاردۆ: ۳، ۳، ٤۹
پیگمالیۆن: ۲، ۲۰، ۱۰۳
پیلاتۆ: ۲، ۲۰، ۹۱
پیلۆرۆ: ۲، ۱٤، ۳۲ / ۳، ۸، ٦۷
پینامۆنتی: ۱، ۲۰، ۹٦
پینیلۆپی: ۱، ۲٦، ۹٦
پییێتراپانا: ۱، ۳۲، ۲۹
پییێترۆ بێرناردۆنی: ۳، ۱۰، ۸۹
پییێترۆ دامیانۆ: ۳، ۲۱، ۱۲۱
پییێترۆ سیانۆ: ۳، ۱۲، ۱۳٤
پییێترۆ مانجیا دۆری: ۳، ۱۲، ۱۳٤
پییێترۆ: ۱، ۱، ۱۳٤/ ۱، ۱۹، ۹۰/ ۲، ۱۳،
۵۱/ ۳، ۱۰، ۱۱۹/ ۳، ۱۸، ۱۲۱/ ۳، ۲۲،
۱۲۳/ ۳، ۲۵، ۱۲/ ۳، ۹، ۱٤۱
پییێتۆلا: ۲، ۱۸، ۸۳
پییێر تراڤێرسارۆ: ۲، ۱٤، ۹۸
پییێر دێلا بروجیا: ۲، ٦، ۲۲
پییێر: ۱، ۱۹، ۹۵/ ۲، ۷، ۱۲۵/ ۲، ۹،
۱۲۷/ ۳، ۱۰، ۱۰/ ۳، ۲۲، ۸۸/
۳، ۳۱، ۱۳۳
پییێر پێتتینایۆ: ۲، ۱۳، ۱۱۸
پییێردا میچینا: ۱، ۷، ۷۳
پییێرۆ: ۱، ۲، ۲٤

ت

تادیۆ: ۳، ۱۲، ۷۳
تارپێیا: ۲، ۹، ۱۳٦
تارکوینۆ: ۱، ٤، ۱۲۷
تالامۆنی: ۲، ۱۳، ۱۵۲
تالی: ۱، ٤، ۱۳۷
تالیامێنتۆ: ۳، ۹، ٤٤
تامبێرنیککی: ۱، ۳۲، ۲۸
تامیری: ۲، ۱۲، ۵۵/ ۱، ۱۲، ۱۲۰
تانای: ۱، ۳۲، ۲٦
تاومانتی: ۲، ۲۱، ۵۰
تاییدی: ۱، ۱۸، ۱۳۳
تراڤێرسارا: ۲، ۱٤، ۱۰۷
ترایانۆ: ۲، ۱۰، ۷٦
ترۆنتۆ: ۳، ۸، ٦۳
ترۆیا: ۱، ۱، ۷۳/ ۱، ۱۳، ۱۲/ ۱، ۳۰،
۱۳/ ۱، ۳۰، ۹۸ _ ۱۱۳
ترۆیانی ۱، ۲۸، ۱۰
ترێسپیانۆ: ۳، ۱٦، ۵٤
ترێنتۆ: ۱، ۱۲، ٤
تریستانۆ: ۱، ۵، ٦۷
تریڤیا: ۳، ۲ ۲، ۲٤
تریناکۆ: ۳، ۸، ٦۷
ترینیتۆ: ۱، ۲۰، ٦۷

توپینۆ: ٣، ١٠، ٤٢
توربیا: ٢، ٣، ٥٠
تورنۆ: ١، ١، ١٠٨
توماسۆ: ٢، ٢٠، ٦٩
تومین: ٣، ٣، ٤٩
تۆپیۆ: ١، ١٣، ١٢١
تۆربینۆ: ١، ٢٧، ٣٠
تۆرسۆ: ٢، ٢٤، ٢٥
تۆرکانۆ: ٣، ٦،٤٦
تۆسکا: ١، ٢٨، ١٠٨
تۆسکانا: ٢، ١٤، ١٦/ ٣، ٢، ١١٨
تۆسکۆ: ١، ١٠، ٢٢
تۆلۆمبۆ: ٣، ٦، ٦٩
تۆلۆمبیا: ١، ٣٣، ١٢٤
تۆلۆمپۆ: ١، ٤، ١٤٢
تۆلیۆ: ١، ٤، ١٤١
تۆماسۆ: ٣، ١٤، ٥/ ٣، ١٦، ١٢٩
تۆمای ئاکوینی: ٣، ١٠، ٩٩
تۆما: ٣، ١٢، ١١١
تێرپێنتسیۆ: ٢، ٢٢، ٩٨
تێگگیایۆ: ١، ٦، ٧٩
تیبالدۆ: ١، ٢٢، ٥٢
تیبالدێللۆ: ١، ٣٢، ١٢٢
تیبی: ١، ١٤، ٦٩/ ١، ٣٢، ١٠/ ١، ٣٣،
٨٨/ ٢، ١٨، ٩٣
تیتۆ: ٢، ٢١، ٨٣/ ٣، ٦، ٩٥
تیتۆنی: ٢، ٩، ١
تیتی: ٢، ٢٢، ١١٤
تیدیۆ: ١، ٣٢، ١٣٠
تیرالی: ١، ٢٠، ٦٢
تیریزیا: ١، ٢٠، ٤٠/ ٢، ٢٢، ١١٣
تیزیۆ:١، ٣١، ١٢٢/ ١، ٩، ٥٤/ ٢، ٢٤، ١٢٣
تیسبی: ٢، ٢٧، ٣٧
تیفۆ: ١، ٣١، ١٢٤
تیفیۆ: ٣، ٨، ٧
تیڤیر: ١، ٢٧، ٣٠
تیڤیری: ٢، ٢، ١٠١/ ٣، ١٠، ١٠٦
تیگیایۆ ئولدۆبراندی: ١، ١٦، ٤١
تیمبریۆ: ٢، ١٢، ٣١

## ج

جاکۆپۆ ڕوستیکوکی: ١، ٦، ٧٩
جبرۆوالمۆ: ٣، ٢٩، ٣٧
جریاتتۆ: ١، ٢٢، ٥٥
جوبیتەر: ٢، ٦، ١١٨/ ٣، ٢٢، ١٤٥
جێلبۆرێ: ٢، ١٢، ٤١
جێنتوکا: ٢، ٢٤، ٣٧
جیاننی دی سوالدینێر: ١، ٣٢، ١٢٣
جیانۆ: ٣، ٦، ٨١
جیانی سککیکی:١، ٣٠، ٣٧
جیدیۆن: ٢، ٢٤، ١٢٤
جیری دێل بێللۆ: ١، ٢٨، ٢٧
جیریۆن: ١، ١٧، ٩٧/ ٢، ٢٧، ٢٤
جیودا سکاریۆتتۆ: ١، ٣٤، ٦٢
جیودا: ١، ٣١، ١٤٣/ ٣، ١٦، ١٢٢
جیودیککا: ١، ٣٤، ١١٧

جیۆتتۆ: ۲، ۱۱، ۹٥

جیۆڤاننا: ۲، ٥، ۸۹

جیۆڤاننی: ۲، ۲۲، ۱۳/ ۲، ۲۹، ۲/۱۰۲، ۳، ۳، ۲۹

جیۆڤی:۱، ۳۱، ٤٥/ ۱، ۱٤، ٥۲/ ۳، ۳، ٦۳

جیۆکاستا: ۲، ۲۲، ٥۷

جیۆکی: ۳، ۱٦، ۱۰٤

جەنەوا: ۳، ۹، ۸۹

### چ

چریاتتۆ: ۱، ۲۱، ۱۲۲

چێرڤیا: ۱، ۲۷، ٤۲

چێرکی: ۳، ۱٦، ٦٥

چێفاس: ۳، ۲۲، ۱۲۷

چیاککۆ: ۱، ٦، ٥۱۱

چیانفا: ۱، ۲٥، ٤۲

چیانکێلا: ۳، ٥، ۱۱۲

چیپران: ۱، ۲۸، ۱٦

چیپری: ۱، ۲۸، ۸۲

چیپرینیا: ۳، ۸، ۳

چیتیریا: ۲، ۲۷، ۹٤

چیچیلۆ: ۲، ۲۲، ۹۸

چیچیلی: ۱، ۲۷، ۷/ ۲، ۳، ۱۱٦

چیچینا: ۱، ۱۳، ۷

چیرچی: ۱، ۲٦، ۹۰/ ۲، ۱٤، ٤۲

چیروجیا: ۳، ٦، ۷٥

چیرۆ: ۲، ۱۲، ٥٥

چیرپا: ۳، ۱، ۳٦

چیلداورۆ: ۳، ۱۰، ۱۲۸

چیمابوی: ۲، ۱۱، ۹٤

چینچیناتتۆ: ۳، ۱٥، ۱۲۹

### خ

خشایارشا: ۳، ۸، ۱۲٥

### د

داڤید: ۱، ۲۸، ۱۳۸/ ۱، ٤، ٥۸

دامیاتا: ۱، ۱٤، ۱۰٤

دانوبیۆ: ۳، ۸، ٦٥

دانۆیا: ۱، ۳۲، ۲٥

دانیال: ۲، ۲۲، ۱٤۷

دانیێللۆ: ۳، ۱۳،۳

دراگینیاتسۆ: ۱، ۲۱، ۱۲۱/ ۱، ۲۲، ۷۳

دوبێرتۆ گزیسکاردۆ: ۳، ۱۸، ٤۷

دوراتسۆ: ۳، ٦، ٦٥

دویرا: ۱، ۳۲، ۱۱٦

دۆلچین: ۱، ۲۸، ٥٦

دۆمیتسیان: ۲، ۲۲، ۸۳

دۆمینیکۆ: ۳، ۱۰، ۹٥/ ۳، ۱۲، ۷۰

دۆواجیۆ: ۲، ۲۰، ٤٦

دێیدامیا: ۱، ۲٦، ٦۲/ ۲، ۲۲، ۱۱٤

دێیفیلی: ۲، ۲۲، ۱۰۹

دی لاپریسسا: ۳، ۱٦، ۱۰۰

دیاسکۆرۆدی: ۱، ٤، ۱٤۰

دیانا: ۲، ۱۳، ۱٥۳/ ۲، ۲٥، ۱۳۱

دیانیرا: ۱، ۱۲، ٦۸

دیتی: ١، ٨، ٦٨

دیچی: ٣، ٦، ٤٧

دیدالۆ: ١، ٢٨، ١١٦

دیدۆ: ١، ٥، ٨٥/ ٣، ٨، ٩

دیلۆ: ٢، ٢٠، ١٣٠

دیلیا: ٢، ٢٩، ٧٨

دیمۆفۆنتی: ٣، ٩، ١٠٠

دیمۆکریتۆ: ١، ٤، ١٥٦

دیۆجینێش: ١، ٤، ١٣٧

دیۆمیدی: ١، ٢٦، ٦١

دیۆنی: ٣، ٢، ١٤٤/ ٣، ٧،٨

دیۆنیزۆ: ٣، ٧، ١٣٠

دیۆنیزۆ: ئاتزۆ لینۆ: ١، ١٢، ١١٠


## ر


راڤیننا: ١، ٢٧، ٤٠/ ٣، ٦، ٦١

روجیێری: ١، ٣٣، ١٤

ڕۆدانۆ: ٣، ٦، ٦٠

راڤینیا: ٣، ١٦، ٩٧

راکیلی: ١، ٢، ١٠٢

راکیلی: ١، ٤، ٦٠/ ٢، ٢٧، ١٠٣

رانیێر: ١، ١٢، ١٣٧

رائاب: ٣، ٩، ١٢٥

روباکۆنتی: ٢، ١٢، ١٠١

روبێرتۆ گیسکاردۆ: ١، ٢٨، ١٤

روبیکانتی: ١، ٢١، ١٢٣/ ١، ٢٢، ٤١

رودۆپیا: ٣، ٩، ١٠٠

ڕۆبۆئام: ٢، ١٢، ٤٦

ڕۆبیکۆن: ٣، ٦، ٦٢

ڕۆدانۆ: ١، ٩، ١١٢/ ٣، ٨، ٥٨

ڕۆڤا: ٢، ٢٩، ١٥

ڕۆما: ١، ١٤، ١٠٥/ ١، ٣١، ٥٣/ ٣، ٣١، ٣٤/ ٢، ٦، ١١٢

ڕۆموالدۆ: ٣، ٢٢، ٤٩

ڕۆمینا: ١، ٣٠، ٧١

ڕۆمیۆ: ٣، ٦، ١٢٧ ـ ١٣٥

ڕێیا: ١، ١٤، ١٠٠

ریالتۆ: ٣، ٩، ٢٧

ریدۆلفۆ: ٣، ٨، ٧٢

ریفی: ٢، ٢٦، ٤٣

ریفیۆ: ٣، ٢٠، ٦٨

ریککاردۆ: ٣، ١٠، ١٣١

رینواردۆ: ٣، ١٨، ٤٦

رینۆ: ١، ١٨، ٦٠/ ٢، ١٤، ٩٢

رینیێر پاتزۆ: ١، ١٢، ١٣٧

رینیێر: ٢، ١٤، ٨٨


## ز


زایۆن: ٢، ٤، ٦٩

زینونی: ١، ٤، ١٣٨


## س


سابێللۆ: ١، ٢٥، ٩٤/ ٣، ١٣، ١٣٦

سابینی: ٣، ٦، ٤١

ساپیا: ٢، ١٣، ١٠٩

سارداناپالۆ: ٣، ٥، ١٠٨

ساردینیا: ١، ٢٢، ٩٠/ ١، ٢٦، ١٠٤/ ١، ٢٨، ٤٧/ ٢، ١٨، ٨١/ ٢، ٢٣، ٩٤

ساسسۆلی ماسکیرۆنی: ١، ٣٢، ٦٥
سافڤیرا: ٢، ٢٠، ١١١
سافیۆ: ١، ٢٧، ٥٢
ساککێتی: ٣، ١٦، ١٠٤
سالادینۆ: ١، ٤، ١٢٩
سامۆییێل: ٣، ٣، ٢٩
سان بینیدیتتۆ: ١، ١٦، ١٠٠
سان پێیترۆ: ١، ٣١، ٥٣
سان تزینۆ: ٢، ١٨، ١١٧
سانتا تسیتا: ١، ٢١، ٣٨
سانتۆ پێیترۆ: ١، ١٨، ٣١
سانتۆ ڤۆلتۆ: ١، ٢١، ٤٨
سانتۆ ئاندریا: ١، ١٣، ١٣٣
سانتێرتنۆ: ١، ٢٧، ٤٩
سانلیۆ: ٢، ٤، ٢٥
سانێنێللا: ٣، ١٦، ١٩
ساول: ٢، ١٢، ٤٠
ستاتسیۆ: ٢، ٢٢، ٢٥ / ٢، ٢٥، ٣١/ ٢، ٢٧، ٤٧
ستروٚفادیس: ١، ١٣، ١٢
ستریککا: ١، ٢٨، ١٢٥
ستیجی: ١، ١٤، ١١٦/ ١، ٧، ١٠٧
سزکراتی: ١، ٤، ١٣٤
سفینیجی: ٢، ٣٣، ٤٧
سکارملیۆنی: ١، ٢١، ١٠٥
سکیرۆ: ٢، ٩، ٣٩
سکیۆ: ١، ٥، ٦٢/ ٣، ٩، ٩٨
سلڤێسترۆ: ١، ٢٧، ٩٤ / ٣، ٨٣،١٠
سنتیافۆر: ٢، ٦، ١١١
سوددۆما: ٢، ٢٦، ٤٠ ـ ٨٠
سوۆلڤی: ٣، ٣، ١١٩
سۆبیلیا. ١، ٢٠، ١٢٦
سۆردێل: ٢، ٩، ٥٨
سۆردێللۆ: ٢، ٣،٧ ـ١٣
سۆرگا: ٣، ٨، ٥٩
سۆلدانبێری: ٣، ١٦، ٩٢
سۆلۆنی: ٣، ٨، ١٠٤
سێتتا: ١، ٢٦، ١١١
سێرکیۆ: ١، ٢١، ٤٩
سێستۆ: ١، ١٢، ١٣١/ ٢، ٢٨، ٧٣
سێڤینا: ١، ١٨، ٦٠
سێننا: ٣، ٦، ٥٩
سێننا کیریب: ٢، ١٢، ٥٢
سێننائار: ٢، ١٢، ٣٦
سیبیل: ٣، ٣٣، ٦٣
سیبیلیا: ١، ٢٦، ١١٠
سیتسی: ٣، ١٦، ١٠٧
سیجبێری: ٣، ١٠، ١٣٦
سیراتتی: ١، ٢٧، ٩٥
سیرافین: ٣، ٢١، ٩٢/ ٣، ٣، ٢٨
سیرافین: ٣، ٢٧،٨
سیرینگا: ٢، ٣٢، ٦٥
سیزار: ١، ١٣، ٦٥
سیستۆ: ٣، ٢٧، ٤٣
سیسمۆندی: ١، ٣٣، ٣١
سیلیڤیۆ: ١، ٢، ١٣

سیمۆنیدی: ٢، ٢٢، ١٠٦
سیمیفۆنتی: ٣، ١٦، ٦٢
سیمیلی: ١: ٣٠، ١
سیمیۆنا: ٣، ٦، ٦٧
سینۆن: ١، ٣٠، ٩٨ ـ١١٥
سینی: ٣، ٩، ٤٩
سینیا: ٣، ١٦، ٥٦
سینیکا: ١، ٤، ١٤١
سینیگالیا: ٣، ١٨، ٧٤
سیێستری: ٢، ١٩، ١٠٠
سیێنا: ١، ٢٨، ١٢١ ـ ١٣٤/ ٢، ٥، ١٣٤
سەمیرامیس: ١، ٥، ٥٨


## ش


شیپیۆ:٣، ٢٧، ٦١/ ١، ٣١، ١١٧/ ٣، ٥٢،٦
شەمعون: ٣، ٣٠، ١٤٧


## ف


فاببیرۆ: ٢، ١٤، ١٠٠
فابریتسیۆ: ٢، ٢٠، ٢٥
فارسالیا: ٣، ٦، ٦٥
فارفارێللۆ: ١، ٢٢، ٩٤/ ١، ٢١، ١٢٣
فاریزی: ١، ٢٣، ١٠٦/ ١، ٢٧، ٨٥
فارینتانا: ١، ٦، ٧٩
فالتێرۆنا: ٢، ١٤، ١٧
فاماگوستا: ٣، ١٩، ١٤٦
فانۆ: ١، ٢٨، ٧٦/ ٢، ٥، ٧٠
فایتسا: ١، ٣٢، ١٢٣
فرانچیسکۆ دا کورسۆ: ١، ١٥، ١٠٩
فرانچیسکۆ: ٣، ١٠، ٧٥/ ٣، ٢٢، ٩٠
فراندیتسیۆ: ٢، ٣، ٧٢
فرانکۆ: ٢، ١١، ٨١
فریزۆن: ١، ٣١، ٦٣
فلێگرا: ١، ١٤، ٥٨
فلیجیتۆنتا: ١، ١٤، ١١٦
فورێزی: ٢، ٢٣، ٤٨ ـ ٧٦
فوریزی: ٢، ٢٤، ٧٢
فوکاچیا: ١، ٣٢، ٦٣
فۆرلی: ١، ١٦، ٩٩/ ٢، ٢٤، ٣٢
فۆکارا: ١، ٢٨، ٩٠
فۆلکۆ: ٣، ٩، ٩٥
فۆلۆ: ١، ١٢، ٧٢
فۆنتین: ١، ١١، ٩
فێگگینی: ٣، ١٦، ٥٠
فیالتی: ١، ٣١، ٩٤
فیامینگ: ١، ١٥، ٤
فیترۆلی: ٣، ١٦، ١٢
فیتۆن: ٢، ٤، ١١٢
فیتۆنتی: ١، ١٧، ١٠٧
فیچێنتسا: ٣، ٩، ٤٧
فیدیریگگۆ تینیۆزۆ: ٢، ١٤، ١٠٦
فیدیریگگۆ نۆفیللۆ: ٢، ٦، ١٦
فیدیریگگۆ: ١، ١٣، ٥٩/ ١، ٢٣، ٦٦/ ٢، ١٦، ١١٦/ ٢، ٧، ١١٩/ ٣، ٢٠، ٦٣/ ١، ١٠، ١١٩
فیرپار: ٣، ٩، ٥٥

ڤیزۆ: ١، ١٦، ٩٥
ڤیزۆلی: ١، ١٥، ٦٢ ـ ٧٣
ڤیفانتی: ٣، ١٦، ١٠٤
ڤیلترۆ: ١، ١، ١٠٥/ ٣، ٩، ٥٢
ڤیلیپۆ ئارجێنتینی: ١، ٨، ٦١
ڤیلیپی: ٢، ٢٠، ٥٠
ڤیلیپیتیسکی: ٢، ٦، ١٠٧
ڤیۆرێنتزا: ١، ١٦، ٧٥/ ١، ٢٤، ١٤٤/ ١، ٢٦، ١/ ١، ٣٢، ١٢٠/ ٢، ٢٠، ٧٥/ ٢، ٦، ١٢٧/ ٣، ١٦، ١١٠/ ٣، ١٦، ١٤٩/ ١، ١٠، ٩٢/ ٣، ١٧، ٤١/ ٣، ٣١، ٣٩

## ڤ

ڤاتیکانۆ: ٣، ٩، ١٣٩
ڤارۆ: ٣، ٦، ٥٤
ڤارپۆ: ٢، ٢٢، ٩٨
ڤال دی ماگرا: ١، ٢٤، ١٤٥
ڤالدیکیانا: ١، ٢٨، ٤٧
ڤالدیگریفی: ٣، ١٦، ٦٦
ڤاننی فوجی: ١، ٢٤، ١٢٤
ڤایۆ: ٣، ١٦، ١٠٩
ڤوستانتسا: ٣، ٩٨،٣
ڤولکانۆ: ١، ١٤، ٥٧
ڤێککیۆ: ٣، ٥، ١١٥
ڤیتالیانۆ: ١، ١٧، ٦٨
ڤیرجیایۆ:١، ١،٨٠/ ٣، ١٧، ١٩/ ١، ٢٨، ٧٥
ڤیرجیلیۆ: ٢، ١٩، ٢٨/ ٣٤/ ٢، ٦، ٦٧/ ٣، ٢٥، ١١٨
ڤیردی: ٢، ٣، ١٣١/ ٣، ٨، ٦٣
ڤیرناچیا: ٢، ٢٤، ٢٤
ڤیرۆنا: ٢، ١٨، ١١٧
ڤیرۆنی: ١، ٢٠، ٦٨
ڤیرپوکیۆ: ١، ٢٧، ٤٦
ڤیرۆنا: ١، ١٢٢،١٥
ڤینچیسلاوۆ: ٢، ٧، ١٠١
ڤینیجیا: ٣، ١٩، ١٤١
ڤینیدیکۆ کاچیانیمیکۆ: ١، ١٨، ٥١
ڤینیری: ٢، ٢٥، ١٣٢/ ٢، ٢٨، ٦٥

## ك

کاپانیۆ: ١، ١٤، ٥٢
کاپرایا: ١، ٣٣، ٨٢
کاپرۆنا: ١، ٢١، ٩٥
کاپۆککیۆ: ١، ٢٨، ١٣٦/ ١، ٣٠، ٢٨
کاپۆنساککۆ: ٣، ١٦، ١٢١
کاپێتیللێنتی: ٢، ٦، ١٠٦
کاتالانۆ: ١، ٢٣، ١٠٣ ـ ١١٤
کاتالۆنیا: ٣، ٨، ٧
کاتنۆلیکا: ١، ٢٨، ٧٨
کاتریا: ٣، ٢١، ١٠٩
کاتۆن: ١، ١٤، ١٥
کاتۆنا: ٣، ٨، ٦٢
کاتیللینی: ٣، ١٦، ٨٨
کاچیا داشیان: ١، ٢٨، ١٣٠
کاچیا گویدا: ٣، ١٥، ١٣٥
کادمۆ: ١، ٢٥، ٩٧

كاراری: ١، ٢٠، ٤٧
كارلۆ مانیۆ: ١، ٣١، ١٦/ ٣، ١٨، ٤٣
كارلۆ: ١، ١٩، ٩٩/ ٢، ١١، ١٣٨/ ٢، ٢٠،
٦٧ ٧١/ ٢، ٥، ٦٩/ ٣، ٢٠، ٦٣/ ٣، ٦،
١٠٦/ ٣، ٨، ٧٢/ ٣، ٩، ١
كارلۆمانیۆ: ٣، ٦، ٩٥
كارلین: ١، ٣٢، ٦٩
كارێنتانا: ١، ١٥، ٩
كاریدی: ١، ٧، ٢٢
كاریزێندا: ١، ٣١، ١٣٦
كازال: ٣، ١٢، ١٢٣
كازالۆدی: ١، ٢٠، ٩٥
كازێللا: ٢، ٢، ٩١
كازێنتین: ١، ٣٠، ٦٤
كازێنتینۆ: ٢، ٥، ٩٥
كاسترۆ كارۆ: ٢، ١٤، ١١٦
كاستۆری: ٢، ٤، ٦
كاسسینۆ: ٣، ٢٢، ٣٧
كاسسیۆ: ١، ٣٤، ٦٧ / ٣، ٧٤،٦
كاكومی: ٢، ٤، ٢٦
كاكۆ: ١، ٢٥، ٢٤
كالاروگا: ٣، ١٢، ٥٢
كالبۆس: ٢، ١٤، ٨٨
كالفۆچی: ٣، ١٦، ١٠٦
كالكابرینا: ١، ٢١، ١١٨
كالكانتا: ١، ٢٠، ١١٠
كالیبرینا: ١، ٢٢، ١٣٣
كالیستۆ: ٣، ٢٧، ٤٣
كامبالدینۆ: ٢، ٥، ٩٢
كامپانیاتیكۆ: ٢، ١١، ٦٦
كامپی: ٣، ١٦، ٥٠
كامۆنیكا: ١، ٢٠، ٦٤
كامیشیۆن دی پاتسی: ١، ٣٢، ٦٨
كامیللا: ١، ١، ١٠٧/ ١، ٤، ١٢٤
كاناڤیزی: ٢، ٧، ١٣٦
كانیا: ١، ٥، ١٠٨
كانیاتسۆ: ١، ٢١، ١١٩/ ١، ٢٢، ١٠٦
كانیان: ٣، ٩، ٤٩
كانیۆ: ١، ٢٠، ١٢٢
كراسسۆ: ٢، ٢٠، ١١٧
كروزا: ٣، ٩، ٩٨
كرێستانتین: ١، ١٩، ٩٩
كریتا: ١، ١٤، ٩٥
كریتی: ١، ١٢، ١١
كلونیی: ١، ٢٣، ٦٣
كلۆتۆ: ٢، ٢١، ٢٧
كلیتۆ: ٣، ٢٧، ٤١
كلیمێنتزا: ٣، ٩، ١
كلیمینچی: ٢، ٣، ١٢٤
كلیمینی: ٣، ١٧، ٢
كلیۆ: ٢، ٢٢، ٥٨
كلیۆپاترا: ١، ٥، ٦٣
كلیۆپاتره: ٣، ٦، ٧٦
كورنیلیا: ٣، ١٥، ١٢٩
كوریۆ: ١، ٢٨، ١٠٠
كوڕڕادۆ پالاتزۆ: ٢، ١٦، ١٢٤/ ٣، ١٥، ١٣٩

کوپپادینۆ: ۲، ۲۰، ٦٨
کونیتسا: ۳، ۹، ۳۰
کویتتۆنی: ۲، ۲٤، ٥٦
کویرینرۆ: ۳، ۸، ۱۳۲
کۆچیتۆ: ۱، ۱٤، ۱۱۹/ ۱، ۳۱، ۱۲۳/ ۱، ۳٤، ٥۲
کۆرسیکا: ۲، ۱۸، ۸۱
کۆرنێتۆ: ۱، ۱۲، ۱۳۷
کۆرنیتۆ: ۱، ۱۳، ۷
کۆرۆ: ۱، ۱۱، ۱۱٤
کۆزێنتسا: ۲، ۳، ۱۲٤
کۆستانتین. ۱، ۲۷، ۹٤
کۆلکۆ: ۳، ۲، ۱٦
کۆلکی: ۱، ۱۸، ۸۷/ ۲، ۱۳، ۱۱٥
کۆنستانتسا: ۲، ۳، ۱۲/ ۲، ۷، ۱۲۸
کۆوارسی: ۳، ۲۷، ٥٨
کۆینتسۆ: ۳، ٦، ٤٦
کیاسسی: ۲، ۲۸، ۲۰
کیاڤیری: ۲، ۱۹، ۱۰۰
کیانا: ۳، ۱۳، ۲٤
کیرۆن: ۱، ۱۲، ٦٥/ ۲، ۹، ۳۷
کیوزی: ۳، ۱۸، ۷٤
کیۆپیدۆ: ۳، ۸، ۹

## گ

گابرێیل: ۳، ۳، ٤٦
گادۆ: ۱، ۳۳، ٦٨
گادی: ۳، ۲۷، ۸۲
گاردا: ۱، ۲۰، ٦٤
گاردینگۆ: ۱، ۲۳، ۱۰۸
گاڤیللی: ۱، ۲٥، ۱٥۱
گاللوتسۆ: ۳، ۱٦، ٥٤
گاللورا: ۱، ۲۲، ۸۱/ ۲، ۸، ۸۱
گاللی: ۳، ۱٦، ۱۰٥
گاللیۆپی: ۲، ۱، ٦
گالیتسیا: ۳، ۲٥، ۱٨
گالینۆ: ۱، ٤، ۱٤۳
گالیۆتتو: ۱، ٥، ۱۳٨
گانیللۆنی: ۱، ۳۲، ۱۲۲
گانیمیدی: ۲، ۹، ۲۳
گایا: ۲، ٦، ۱٤۰
گایتا: ۳، ۸، ٦۲
گاییتا: ۱، ۲٦، ۹۲
گراتسیان: ۳، ۱۰، ۱۰
گرافیاکان: ۱، ۲۲، ۳٤
گرافیاکانی: ۱، ۲۱، ۱۲۲
گریتتۆنی: ۲، ۲٦، ۱۲٤
گریچی: ۳، ۱٦، ۸۸
گریزیستۆمۆ: ۳، ۱۲، ۱۳٥
گریگۆریۆ: ۲، ۱۰، ۷٥/ ۳، ۷، ۱۳۳
گزاسکۆنیا: ۲، ۲۰، ٦٦
گلاوکۆ: ۳، ۱، ٦٨
گواسکۆ: ۳، ۱۷، ۸۲
گواسکی: ۳، ۲۷، ٥٨
گوالاندی: ۱، ۳۳، ۳۱
گوالتیرۆتتی: ۳، ۱٦، ۱۳٦

گوالدرادا: ١، ١٦، ٣٨
گوالدۆ: ٣، ١٠، ٤٨
گوانتۆ: ٢، ٢٠، ٤٦
گوتتیفرۆی: ٣، ١٦، ٤٦
گوپرادۆ: ٢، ٨، ٦٦
گومۆرپا: ٢، ٢٦، ٤٠
گویدۆ بۆناتی: ١، ٢٠، ١١٨
گویدۆ دا پراتا: ٢، ١٤، ١٠٤
گویدۆ دا کارپینیا: ٢، ١٤، ٩٧
گویدۆ دا کاستێل: ٢، ٦، ١٢٥
گویدۆ گویرپا: ١، ١٦، ٣٧
گویدۆ: ١، ٢٨، ٧٧/ ٣، ١٦، ٩٧
گویلیلمۆ بۆر سیێری: ١، ١٦، ٧٠
گویلیلمۆ ئالدۆبراندسکی: ٢، ١١، ٥٩
گویلیلمۆ: ٣، ٢٠، ٦٢
گویلیمۆ: ٢، ٧، ١٣٤/ ٣، ١٨، ٤٦
گۆتێرنۆل: ١، ٢٠، ٧٨
گۆرگۆن: ١، ٣٣، ٨٢/ ١، ٩، ٥٦
گۆستانتسا: ٣، ٢، ١١٨
گۆمیتا: ١، ٢٢، ٨٠
گێسسانتی: ١، ١٥، ٥
گیدۆ: ١، ٣٠، ٧
گیراردۆ: ٢، ٦، ١٢٤ ـ١٣٣ ـ ١٣٨
گیرۆلا بێللا: ١، ١٨، ٥٥
گین دی تاککۆ: ٢، ٦، ١٣
گەنجە: ٣، ١٠، ٦٠

## ل

لاپۆ سالتێرۆللۆ: ٣، ٥، ١٠٢
لاتۆن: ٣، ١٠، ٦١
لاتونا:٢، ٢٠، ١٣١/ ٣، ٢٢، ١٣٩/ ٣، ١،٢٩
لاتیرانۆ: ١، ٢٧، ٨٦
لاتیزانۆ: ٣، ٣١، ٣٤
لاتین: ١، ٢٧، ٢٦ ـ ٣٣/١، ٢٨، ٧٢
لاتینۆ: ١، ٢٢، ٦٥/ ١، ٤، ١٢٥
لاچیدیمۆنا: ٢، ٦، ١٣٦
لاڤینا: ١، ٤، ١٢٦/ ٢، ١٧، ٣٧
لاڤینیا: ٣، ٦، ٣
لاکیزیس: ٢، ٢٥، ٧٩
لامۆنی: ١، ٢٧، ٤٩
لانجیا: ٢، ٢٢، ١١٢
لانچیالۆتتۆ: ١، ٥، ١٢٨
لانفرانکی: ١، ٣٣، ٣١
لانۆ: ١، ١٣، ١٢٠
لوچیا: ١، ٢، ١٠٠/ ٢، ٩، ٥٥/ ٣، ٣١، ١٣٣
لوچیفیرۆ: ١، ٣١، ١٤٣
لوکا: ١، ١٨، ١٢٢
لوکا: ١، ٣٢، ١٠٦/ ١، ٣٣، ٣٠
لوکانۆ: ١، ٢٥، ٩٤/ ١، ٤، ٩٠
لوکریتسیا: ١، ٤، ١٢٨
لوکریزیا: ٣، ٦، ٤١
لونگۆباردی: ٣، ٦، ٩٤
لونی: ١، ٢٠، ٤٧/ ٣، ١٦، ٧٣
لویچی: ٢، ٢٠، ٥٠
لۆدیرینگۆ: ١، ٢٣، ١٠٤
لۆرینتسۆ: ٣، ٢، ٨٣

لۆگۆدۆرۆ: ١، ٢٢، ٨٩
لێننۆ: ١، ١٨، ٨٨
لیا: ٢، ٢٧، ١٠١
لیبیا: ١، ٢٤، ٨٥
لیبیککۆ: ١، ٢١، ١٢١
لیبیکۆککۆ: ١، ٢٢، ٧٠
لیتزیۆ: ٢، ١٤، ٩٧
لیتی: ١، ١٤، ١٣١/ ٢، ٢٦، ١٠٧
لیدا: ٣، ٢٧، ٩٨
لیریچی: ٢، ٥٠،٣
لیڤیۆ: ١، ٢٨، ١٢
لیگۆرگۆ: ٢، ٢٦، ٩٥
لیللا: ٢، ٢٠، ٤٦
لیمۆزی: ٢، ٢٦، ١٢٠
لین: ٣، ٢٧، ٤١
لینۆ: ١، ٤، ١٤١
لیارکۆ: ١، ٣، ١٠
لیاندرۆ: ٢، ٢٨، ٧٣

## م

ماتێلدا: ٢، ٣٣، ١١٩
ماتیا: ١، ١٩، ٩٤
مارتسوککۆ: ٢، ٦، ١٧
مارتسیا: ١، ٤، ١٢٨/ ٢، ١، ٧٩_ ٨٦
مارتی: ١، ٣١، ٥١_٩٢/ ٢، ١٢، ٣١/ ٣،
٦٣،٣/ ٣، ٨، ١٣٢
مارتینۆ: ٣، ١٣، ١٣٩
مارچیل: ٢، ٦، ١٢٦
مارسیا: ٣، ١، ٢٠
مارسیلیا: ٢، ١٨، ١٠٢
مارکابۆ: ١، ٢٨، ٧٥
مارکۆ: ٢، ١٦، ٤٦ _١٣٠
مارگرێتا: ٢، ٧، ١٢٨
مارێما: ٢، ٥، ١٣٤
ماریا:٣، ١٠، ٧٢/ ٣، ١٣، ٨٤/ ٣، ١٤،
٣٦/ ٣، ١٣٣،١٥/ ٣، ٢ ٢، ١٢٦/ ٣، ٣٠،٣
ماریما: ١، ٢٨، ٤٧
ماکرا: ٣، ٩، ٨٩
ماککاریۆ: ٣، ٢٢، ٤٩
ماگرا: ٢، ٨، ١١٥
مالاکۆدا: ١، ٢١، ٧٦ _ ٧٩
مالیبرانکی: ١، ٢١، ٣٧/ ١، ٣٣، ١٤٤
مانتوا: ١، ٢٠، ٩٢/ ٢، ١٨، ٨٢/ ٢، ٦، ٧٢
مانتۆ: ١، ٢٠، ٥٥
مانفریدی: ٢، ١١١،٣
مایا: ٣، ٢٢، ١٤٤
مایۆلیکا: ١، ٢٨، ٨٢
ملیاگرۆ: ٢، ٢٥، ٢٣
منێرڤا: ٣، ٢، ٨
موتسیۆ: ٣، ٨٤،٣
مۆیزێ: ٢، ٧٩،٣٢/ ٣، ٢٩،٣/ ١، ٤، ٥٦
مۆ: ١، ٢٣، ٧
مۆدینا: ٣، ٦، ٧٥
مۆرۆنیۆ: ٣، ١٣٦،١٥
مۆسکا: ١، ٢٨، ١٠٦
مۆسکا: ١، ٦، ٧٩
مۆلتا: ٢، ٧، ٩٩

مۆنالّی: ٢، ٦، ١٠٧

مۆنتا پیرتی: ١، ٣٢، ٨٠

مۆنتانیا: ١، ٢٧، ٤٧

مۆنتریجییۆن:١، ٣١، ٤٠

مۆنتێککی: ٢، ٦، ١٠٦

مۆنتی فیلترۆ: ٢، ٥، ٨٨

مۆنتی مالۆ: ٣، ٥، ١٠٩

مۆنتی مۆرلۆ: ٣، ١٦،٦٤

مۆنفێرپراتۆ: ٢، ٧، ١٣٦

مۆیزێ: ٣، ٢٤، ١٣٥

مێنچیۆ: ١، ٢٠، ٧٧

میتتێللۆ: ٢، ٩، ١٣٧

میدا: ٢، ٢٠، ١٠٦

میدۆزا: ١، ٩، ٥٣

میدیا: ١، ١٨، ٩٨

میدیانۆ: ٢، ٢٤، ١٢٤

میرا: ٢، ٥، ٨٠

میرکوریۆ: ٣، ٣،٦٣

میرپرا: ١، ٣٠، ٣٨

میکایل: ٢، ١٣، ٥١

میکۆل: ٢، ١٠، ٦٧

میکێل تسانکی: ١، ٢٢، ٨٨/ ٣، ٣،٤٧

میکیک تسانکی: ١، ٣٣، ١٤٣

میکیلی سکۆتتۆ: ١، ٢٠، ١١٦

میگیرا: ١، ٩، ٤٦

میلانۆ: ٢، ١٨، ١٢٠/ ٢، ٨، ٧٩

میلیسسۆ: ٣، ١٣، ١٢٥

مینالیپۆ: ١، ٣٢، ١٣١

مینۆ: ٣، ١٣، ١٤

مینۆس: ١، ٢٨، ١١٩

مینۆس: ٢، ١، ٧٧

مەکابیۆ: ٣، ١٨، ٤٠

مەککابی: ١، ١٩، ٨٥

مەلکیزدیک: ٣، ٨، ١٢٥


## ن


نابوککۆ دۆنۆسۆر: ٣، ٣، ١٤

ناپۆلی: ٢، ٣،٢٧

ناتان: ٣، ١٢، ١٣٥

نارجیسسۆ: ١، ٣٠، ١٢٨

نازیریتۆ: ١، ٢٥، ٩٤

ناڤارپا:١، ٢٢، ١٢١/ ١، ٢٢، ٣/٤٨، ١٩، ١٤٣

نانتساریێنتی: ٣، ٩، ١٣٧

نایادی: ٢، ٣٣، ٤٩

نۆتی: ١، ٤، ٥٦

نۆچیرا: ٣، ١٠، ٤٨

نۆرماندیا: ٢، ٢٠، ٦٦

نۆلی: ٢، ٤، ٢٥

نۆواری: ١، ٢٨، ٥٩

نێتوتۆ: ٣، ٣٣، ٩٦

نێمبرۆت: ٢، ١٢، ٣٤

نیتتونۆ: ١، ٢٨، ٨٢

نیرۆ: ١، ١، ١٠٨

نیسسۆ: ١، ١٢، ٦٧ ـ ٩٨

نیککۆزیا: ٣، ١٩، ١٤٦

نیککۆلۆ: ١، ٢٨، ١٢٧

نیکۆلا: ٢، ٢٠، ٣٢
نیل: ٣، ٦، ٦٦
نیللا: ٢، ٢٣، ٨٥
نیمبرۆتتۆ: ١، ٣١. ٧٧
نینۆ: ١، ٥، ٥٩/ ٢، ٨، ٥٣
نیۆبێ: ٢، ١٢، ٣٧

**ی**

یاریا: ٢، ٣١، ٧١
یازۆن: ١، ١٨، ٨٦
یازۆن: ١، ١٩، ٨٥ ـ ٨٦
یاسۆن: ٣، ٢، ١٧
یاکوب: ٣، ٨، ١٣١
یاکۆببی: ٣، ٢٢، ٧٠
یاکۆپۆ روستیکوچی: ١، ١٦، ٤٣
یاکۆتۆ: ١، ١٣، ١٣٣
یاکۆمۆ: ٢، ٧، ١١٩
یوبا: ٧٠،٦،٣
یوجیا: ٣، ٩، ٩١
یورۆ: ٣، ٨، ٦٩
یورۆپی: ٢٧،٣، ٨٤
یورۆسالیمی: ٣، ٢٥، ٥٥
یوریالۆ: ١، ١، ١٠٨
یوریپیدی: ٢، ٢٢، ١٠٦
یوریپیلۆ: ١، ٢٠، ١١٢
یوزوێ: ٣، ١٨، ٣٧
یوزوێ، ٣، ٩، ١٢٠
یوسینیانۆ: ٢، ٦، ٨٨
یوکلیدی: ١، ٤، ١٤٢
یولیا: ١، ٤، ١٢٨
یولیۆ: ١، ١، ٧٠
یونۆن: ٣، ١٢،١٢
یونۆنی: ١، ٣٠، ١
یۆلی: ٣، ٩، ١٠١

## فەرهەنگۆکی کۆمیدیای دانتی

سەرنج: لە نێوان هاوتاکاندا فاریزە (،) و لە نێوان مانای جیاوازیی وشەدا هێڵێکی لار (/) داندراوە.

### ئـ

ئاخاوتن: دواندن، قسەکردن.
ئاخڵە: جۆخینەی دەوری مانگ. خەرمانە.
ئاخینک: هەنسک.
ئارچاغ: چەتوون.
ئازواری: تەماعکاری.
ئاستەنگ: لەمپەڕ، گرفت، کۆسپ.
ئاسک: مامز، جەیران، ئاهوو.
ئاسکەلت: قالب.
ئاشیانە: هێلانە، هێلین.
ئاکنجی: نیشتەجێ.
ئاوا: شێوە، جۆر. بەم ئاوایە: بەم شێوەیە.
ئاورینگ: پرووشک. ئاورینگان داوێ: پرووشکان داوێ.
ئاوزینگدان: کەوتنە گیانەڵا، کەوتنە حاڵی گیانەکەشت، کەوتنە سەرەمەرگ.
ئاوقا: تێکەوەگلان، یەکترگرتن و خۆتێک ڕووکردن، دەڵێن: ئاوقای یەکتر بوون.
ئاوقەران: ئاوقووف، ئاوکووف.
ئاوکووف، ئاوقووف، ئاوقەران.
ئاوگەلە: دابڕینی مەڕ لە مێگەلی خۆی و کەوتنە ناو مێگەلی دی.
ئاوەمۆر: لەئاوهەڵکێشان و ناونانی منداڵی مەسیحی.
ئاوەمۆرگە: شوێنی ئاوەمۆرکردن (ب: ئاوەمۆر).
ئۆغرم: شەڕوشۆڕ و پێکدادان.
ئەزموون: زموون، تاقیکردنەوە.

ئەژدەر: ئەژدیها. ماری گەورە، عەزیا.
ئەسکورد: مل.
ئەنکەبەری: ڕکابەری، ململانە، کێشمەکێش.
ئەنگاوتن: پێکان، لێدانی تیر، یان گولله، یان بەرد.
ئەوقاس: ئەوەندە.

## ب

بەلەم: قوففە، کەشتییەکی بچووکە بە سەوڵلێدان دەڕوا.
بابەلیسک: گەردەلوول.
باداک: ئەو ڕووەکەی بە دار و دیوار و درەختدا هەڵدەگەڕێ وەکو لاولاو یان مێو.
باژەل: ئاژاوە.
باشووکە: واشە، باشوو، باڵندەیەکی گۆشتخۆرە لە باز بچووکترە.
بانەڕۆژ: دواڕۆژ، ئایندە.
باوەگۆدانەوە: وەڵامدانەوە. باوەگۆی نەدایەوە: وەڵامی نەدایەوە.
باوەن: زڕدایک، داماری.
بزدۆنک: بزدنۆک، ترسێنەر، ترسناک، تۆقێنەر. لە بزاندنەوە هاتووە.
بژ: گف. قژی بژ: قژی گف و تێکەڵاو. .
بعۆک: ترسناک، تۆقێنەر.
بڵاچە: تیشکی کتوپڕ و بەهێز.
بناشت: گلەیی، گازاندە.
بنسان: بێهێزبوون، دەبەرخستن، وردەوردە بێتاقەتبوون.
بەتیە: عەبایەکی تەنکە پیاوان لەسەر جل بە شانیدا دەدەن، ڕەنگی سپی و ڕەش و خورمەیی هەیە.
بوور: زەوییەک نەکێڵرابێ. زەوی ئەگەر یەک ساڵ نەکێڵرێ پێیی دەگوترێ: (بەیار). یەکەم کێڵانی زەوی لە پایزدا لە پەرێز دەکرێ پێی دەگوترێ: شۆبڕین، دووەم جار کە شۆیەکە گاسنی لێ دەدرێ لە بەهاردا دەبێ پێی دەگوترێ وەرددانەوە. بۆ ساڵی پاشی تۆو دەکرێ و گاسنی سێیەمی

لێدەدرێ. ئەمە جاران وا بوو، ئێستا لەبەر تراکتۆر و کیمیا و دەراسە بە جۆرێکی ترە.

بۆتە: قاڵبی داڕشتنی کانزا.

بۆرژان: چورتمدان.

بێ زاخە: واتە بێغیرەتە.

بێزەڕ: بێوەی.

بێمروەت: ناپیاو.

بیراز: شوێنی قووڵ.

بیستەک: ماوەیەکی کەم بەقەدەر ژماردن تا بیست.

بە کوتەکی: بە خورتی، بە زۆری.

بە هەشتاوی: بە تەنگاوی، بە پرتاوی، بە پەلەپەلی.

بەردەسماق: بەردی ڕەق.

بەرزەک: شوێنی بەرز، چیای بەرز، دەکەوێتە نێوان دۆزەخ و بەهەشت.

بەرسڤ: وەڵام.

بەرگز: لوا، خوریی بەرخ کە یەکەم جار دەبڕێتەوە.

بەریژار: بژاردە.

بەزۆک: بەبەز. خۆشبەز.

بەسۆ: زۆر گەرم و بە ئاڕێش، ئاگرێکی بەسۆیە، واتە زۆر گەرمە.

بەلەموان: ئاژوەری بەلەم.

## پ

پاتێل: پشتەمل.

پاژ: بەش، پارچە، کەرت.

پرتەو: تیشک، ڕووناکی.

پشکۆژە: چرۆ، شکوفە، خونچە/ دوگمە، قۆپچە.

پووت: وشکهەڵاتوو.

پووڕ: هەژار و نەدار.

پێتڕانک: حەنەک، گاڵتە، قەشمەری.

پێشبار: باری کەلوپەلی بە ڕێکراو لەپێشدا. کە منداڵێکی بچووک دەمرێ، بۆ دڵدانەوە بە دایبابی دەڵێن: پێشباری قیامەتە ئیشاللا.
پێکەتی: پەیڕەوکار، تابیع.
پێناو: ئەو ژنەیە کوڕ و کچ بە یەک دەگەیەنێ. لە حەیرانی کوردیدا زۆر باسی پێناو هاتووە: (ئەوڕۆ سبیانێ، حەرانەکەی من جوابان دەنێری بە پێناوێ، دەرێ. ئەوسارەکە پایزێ یان بە ماری دنیایێ یان بە نووکی خەنجەرێ لە بن دەستێ گولەکەی مێردان زوو دەرم بینی(.
پێیازۆک: بچووککراوەی پێبازە. پێباز: بەردەباز، بەردی پەڕینەوە لە ئاوی تەنک لەباتی پرد.
پیچەک: کەمێک، نەختێ، تۆزێ.
پیل: شەپۆل.
پەڕەنگ: پەنگر، سکڵ، پشکۆ.
پەژمووردە: سیس، ژاکاو.
پەسارگە: حەشارگە.
پەلک: گەڵا.
پەلەپرووزێ: تەنگاوی، بەپەلەپەل.
پەیک: تەتەر، نامەبەر.

## ت

تاروباری بەیانی: تاریک و ڕوونی بەیانی، بەیانی کە تازە گورگ و مەڕ لێک دەکرێنەوە.
تاژی: تانجی، جۆرە سەگێکی تایبەتییە بۆ ڕاو.
تاڵووکە: پەلە.
تخووت: سنوور، سەرحەد.
تخێلبوون: ڕاست بەسەر عەرزدا ڕاکشان.
ترتڕۆک: ڕیخەڵۆک، ڕیخۆڵە.
تم وتم: هەمیشە، هەموودەم، بەردەوام.
تیختیخەدان: هاندان، دنەدان.

تیرەمار: فەرخەمار، ماری بچووک.
تەپانی بنی: بنی بنەوە. قووڵایی هەرە خوارەوە.
تەتەر: پۆستەچی، قاسید، شاتر، پیادە، نامەبەر.
تەرح: چەشن، خۆر، جون، جوم.
تەرۆک: قەپرغە.
تەرۆک: قەپرغە. لاتەنیشتەکانی لەش لە ئاستی گەدە و گورجیلک.
تەڕاد و مەترووود: جلیتبازی، ڕمبازی، سوارسوارانە.
تەقەتکردن: شاردنەوە، هەڵگرتن لە جێگەیەکی قایم.
تەلاش: خەبات، هەوڵدان، تێکۆشان.
تەمسەری: بێباکی.
تەوازۆ: عوزر

ج

جحێل: جاحێل، گەنج.
جغز: پنتی ناوەڕاست. قزگە.
جندە: حەشەری، سوزانی، داوێنپیس.
جۆمەرد: سەخی، دەستبڵاو.
جێنووک: لاجانگ، لاچەرە.
جینگر: قیچکە تەنگ، ئەوەی زوو تووڕە دەبێ.
جەبەر: کەناری ئەوبەری ڕووبار.
جەعد: لوول، گڵوازە.
جەفاکێش: ئەشکەنجەخۆر.

چ

چاوقووڵکە: نەخۆشیی ڕشانەوە (تاعوون).
چریسکانەوە: بریسکانەوە، تریسکانەوە، شەوقدانەوە.
چنک: ورد، چنکەنان: وردەکەنان.
چووزەرە: نێرتکی گیا.

چوێڕی: لاری، خواری.
چێکەر: دروستکەر، خالیق.
چەپاڵەدان: پەنادان، داڵدەدان، گرتنەخۆ و بەرگری لێکردن.
چەکچەکیلە: شەمشەمەکوێرە، شەمشەمە، شەمشە.
چەل: جار، هەل، گاو.
چەلێ: جارێ، گاوێ، هەلێ، تاوێ.
چەلیپا: خاچ، سەلیب.
چەنچۆز: قرچۆک، ڕژد، خنس، ڕەزیل.
چەنگەدوون: چەنگلێدەر.

## ح

حەجمان: ئۆقرە. حەجمانی لێ بڕا، ئۆقرەی نەما.
حەلین: توانەوە، بوهژین.
حەنەک: یاری، گاڵتە، پێتڕانک.

## خ

خاترجەم: دڵنیا، مسۆگەر.
خاچپەروەر: سەلیبی.
خاس: باش، چاک.
خرابگە: کاوڵگە، وێرانە.
خودان: خاوەن، خێو، ماخۆ (رب).
خودانبانوو: الهة.
خورت: زۆردار، فەخروورویایی، لە هەندێ زاردا بە مانای لاو، تولاز، لاپ دێ.
خوناوەیخ: خوناوەڕێژ. ئەوەی خوناوی لێ بڕژێ.
خووس: خووسار، شتێکی سپی وەکو وردەبەفر وایە لە شەوی زستانی سایەقە و ساماڵدا لەسەر شوێنی گەرم دەکەوێ وەکو گووفەک و کا و قەسەر.

خوولی: خۆڵەمێش، مشکی، بوول.
خۆدانووساندن: خۆمەڵاسدان.
خۆشنوود: بەختەوەر.
خەبتین: ئیشکردن، خەباتکردن.
خەڕەک: دەزگای پەمۆڕستن، ئامرازی لۆکەڕێسی.
خەشم: قین، ڕق.
خەفەتخان: زۆر بە خەفەت.
خەلا: گرانی، نەهات.
خەوهەڕمان: خەوزڕان، خەوپەڕین، یەکێ خەوی لێنەکەوێ.

د

دارسنجوو: سنجو، سنجەی، عەنناب، دەرزێکی بەرز و باریکە بە ڕێکی وردی ترش دەدا.
دارەوەزکار: داردەست، گۆچان.
دارڕژان: ڕاخوشین.
داغ: زۆر گەرم. شیشە داغ بووە: شیشەکە زۆر گەرم بووە./ نیشانەی سووتان بە لەشی مرۆڤ و گیاندارەوە.
داییسان: داگیرسان، گڕگرتن.
دڕوو: دڕک، چقڵ، زی، ستری.
دقنە: قوڕ. هڕی.
دورد: خڵت.
دووخ: ئاسنێکی ڕاستی بە تمتمەیە لە خەڕەکی پەمۆڕستن.
دێرینخانە: مووزەخانە، مووزە.
دیقل: کەڵەباب، کەڵەشێر.
دیماهی: کۆتایی.
دەردۆر: دەوراندەور.
دەردەباریکە: سیل، دیق، وەرەم.
دەریچە: دەرگای بچووک.

دەکودەهۆ: فرتوفێڵ، حیلەوحەواڵە، ئاینوئۆین.
دەکەتەڵۆهاتن: لێبوونەوەی پێستەی لەش بەهۆی ئاوی کوڵاو یان ئاگرەوە.
دەوس: شوون.
دەوەن: نەمامی بچووک، شتڵ. کورد دەڵێ: (هەر دەوەنە و دەبێ بە دار)

## ڕ

ڕاداشتن: درێژکردنی شت.
ڕازناک: شتێ ڕاز و نهێنی بێ.
ڕایەڵ و تێوەریخ: تانوپۆ.
ڕبێدە: سوو، ڕیبا. پارەبەقەرزدان بە قازانج (واحل الله البیع و حرم الربا(.
ڕفۆک: شوێنی بەرز کە بنی بێهێز بێ و زوو بفرێ.
ڕکن: ئەوەی ڕق لە دڵ بگرێ.
ڕک: قین، ڕق، خەشم/ چیای زەرد و ماهی.
ڕکێب: ڕکێف، ئاوزەنگی، زەنگو، ئاسنێکی ئەڵقەییە، لای خوارەوەی پانە، بە قایش لەملاولای زین دەبەسرێ بۆ ئەوەی سوار پێی لەسەر دابنێ.
ڕنۆک: نینۆک. ڕنۆکی تیژە.
ڕوومردنەوە: دامردنەوە، کوژانەوە.
ڕۆندک: فرمێسک، ئەسرین.
ڕێزان: ڕێبەر، ڕابەر، شارەزا و بەلەدیی ڕێگە.
ڕێژگاو: شوێنی لە ڕووبارکردنەوەی جۆگەیان لە دەریاکردنەوەی ڕووبار.
ڕێوینگ: ڕێبوار، ڕێوی/ ڕان، مێگەل.
ڕیک: نیشانەکردن، ئاماژەکردن.
ڕەباس: تێرئاوبوون. بە تایبەتی بۆ زەوی بەکاردێ .
ڕەشەوەند: خەڵکی عەوام.
ڕەوینەوە: سڵەمینەوە.
ڕەوە: ڕەوەوان، مەڕ و بزن: شوان، بەرخ: بەرخەوان، بزن: بزنەوان، گاوگۆتاڵ: گاوان.
ڕەوە: کۆمەڵێ وڵاغی بەرزە کە بۆ لەوەڕ بەرەڵای دەشتودەر دەکرێ .

ڕەوەباڵندە: کۆمەڵی باڵندە کە بەیەکەوە دەفڕن وەکو ڕەوەکۆتر، ڕەوەقەتی، ڕەوەڕیشۆڵە...
ڕەوەوان: ئەو کەسەی دەچێتە بەر ڕەوەی وڵاغی بەرزە. هەرچەندە ڕەوە جاران بەرەڵابوو، چونکە هەموو شوێنی وەکو ئێستا نەبووبوو بە کرت و کێڵ.

## ز

زاخ: ئاغەلی کێو/ شەب/ گاشەبەرد/ جەوهەری تیخی خەنجەر و شمشێر/ خەت، هێڵ/ ئازایی و غیرەت .
زاف: زەحف، زۆر.
زایەڵە: دەنگدانەوە.
زریکژن: زریکەیەکی تیژ. پاشگری (ژن) کە لێرەدا بۆ دەنگی تیژ بەکاردێ دەچێتە زۆر وشە، وەکو گرمژن، شرقژن، سیکژن، قیڕژن...
زمرووت: بەردێکی گرانبەهایە، بە گشتی ڕەنگی سەوزە لە بریلیم و ئەلەمنیۆم و کرۆم و سیلیسیم و ئۆکسجین پێک دێ. لە خشڵکاری بەکاردێ.
زوڵاڵ: ڕوون. ئاوی زوڵاڵ: ئاوی ڕوون.
زوورانەوە: خورووی بە ژانەوە لە پێستدا
زێلاق: شوێنی بە قوڕ و لیتە.
زیخەڵان: قومەری، شوێنی بە زیخ.
زیلکڕژان: زراوچوون، زارەترەک بوون، هەترەش چوون.
زەبوون: بەتیە، عەبای تەنکی پیاوان.
زەبەللاح: لەندەهۆر، زۆر گەورە.
زەغەل: تەمبەڵ، تەوەزەل، بێکارە.
زەمبەلیلک: جلیت، چلوورە، شووشە سەهۆڵ.
زەنبردن: گومانکردن.
زەندۆڵ: زەندۆر، قەڵشی زل لە زەویدا، ڕەهۆڵ، شیوەڵەی تەنگ.
زەنگۆل: تنۆک، دڵۆپ/ ترۆپکی چیا/ زەنگ، زیل.
زەنەک: زنە، زن، پاتڵاغ، زۆنگ. شوێنێکی نەورایی ماوەیەک زۆر ئاو بگرێ و شوێنە هەمووی تەڕ بێ.

زەوەند: زڕکەتاڵ، گوژالک.

## ژ

ژنشکەوە: لەهیکەوە، لەپڕ، لەناکاو.
ژیەل: سەرهەوراز.

## س

سالوخدان: خەبەردان.
سکری: بەنداو، (سد).
سمکۆڵ: سم لە زەوی کۆتایی ولاغی بەرزە.
سواڵەت: سواڵک، تاسولقە، پارچەی دیزەوگۆزە و جەڕە و جەلعە و شەربە.
سۆما: ڕووناکی و هێزی بینینی چاو.
سیان: قوڕەشین.
سیپەلک: سی.
سیتاف: هەتاو کە لە بەینی پەڵەهەورانەوە دێ.
سیگۆرتە: دەستەبەر، بیمە.
سیوسیوە: لە دەرگای داری کۆن لەباتی ئەوەی دەرگا لەسەر ڕیزەکە بسووڕێ، لەسەر دارێکی درێژ و ئەستوور دەسووڕا و سەرەوەی دەکەوتە ناو قەفیزێکی دار و لای خوارەوەی تیژ بوو لەناو بەردێکی قووڵ دەسووڕا. لای خوارەوە کە لەسەر بەردەکە دەسووڕا پێی دەگوترا سیوسیوە. لە باسی کۆنیی دونیادا دەیانگوت هیچ جێگەنییە لەسەر زەوی سیوسیوەی دەرگای لەسەر نەسووڕابێ.
سەحار: سەحەر، سپێدە. سەحاراسپێری.
سەرخۆرک: ئەوەی سەری یەکێ بخوا، ئەو منداڵەی دایکی بە سەرییەوە دەچێ، واتە لە کاتی بوونیدا دایکی بەسەریەوە دەچێ، واتە لە کاتی بوونیدا دایکی بە ژانی منداڵبوونەوە دەمرێ.
سەرکەش: سەرفراز، بڵند/ سەرکێش، سەروەشێن.
سەگڵاو: سەگی گڵاو، سەگی پیس/ جۆرە سەگێکی ئاوییە.

سەلەف: تاقمی سواران، کۆمەڵە سوارێک.
سەمیان: سەبر و هەدار.
سەنگرانەوە: ئیستکردن.

## ش

شاپە: کڵۆی بەفر.
شاقەڵ: چکمی خوارەوەی کەوا و جلی ئاودامان.
شباندن: شوبهاندن، پێچواندن.
شرانەوە: شاردرانەوە.
شکێر: کەلێنەبەردی فراوان لە کێو، سەری شاخ لە هەندێ شوێندا بە ئەشکەوتی بچووک دەگوترێ.
شۆ: سنوور. بێشۆ: بێپەی و سنوور.
شۆڵ: کار.
شۆڵە: بڵێسە، کڵپە.
شێلوو: لێڵ، شلوێ، نارِوون.
شیرەت: ئامۆژگاری، مۆچیاری.
شەپلە: ئیفلیج.
شەتان: توندبوون.
شەرخەمێش: شەخەڵ.
شەرزە: ئاژری، گورگین، توندوتیژ. شێری شەرزە: شێری توندوتیژ.
شەقاو: شاقاو، هەنگاو.
شەقی: ماندوو، شەکەت.
شەماتە: ئاپۆرە، قەرەباڵغی.
شەنە: ئامێرێکی کشتوکاڵییە باسکێکی درێژی هەیە، سەرەکەی چەند کلێکە. بۆ کاری هەڵدانەوە و پەرتکردنی قرشە و هوورده و بۆ شنەبا بەکاردێ. دوو جۆری هەیە: شنەی دار، سەرەکەی حەفت لکی دارە بە سیرمە لێک دەبەسرێن. بۆ شنەبا و کاری هوورده بەکاردێ. شنەی ئاسن؛ سەرەکەی چوار لکی ئاسنە بۆ کاری قرشە و قەسەر بەکاردێ.

## ع

عەرش: کورسی پاشا، تەختی بە تەنتەنەی پاشای گەورە.
عەزیا: ماری گەورە، ئەژدیها.
عەیار: پاژێک لە بیستوچوار پاژی زێڕ (زێڕی هەژدە عەیار)/ فیڵباز.

## غ

غار: دڕک، چقڵ.
غام: یاری، گێمی یاری .(Game) ڕەنگە غام وgameیەک ڕیشەیان هەبێ. یاری هەیە سێ غامە، یاری هەیە دوو غامە. دەڵێن: غامی منە، واتە نۆرە یاریی منە.
غەرە: غەرەبەد: کۆمەڵە بەردێک لەسەر یەک کۆکرابێتەوە، وشکەکەڵەک، چێورمە، شوورەی بەردی دەوری گۆڕ و پیاوچاکان.
غەموون: غەمبار.
غەیبگۆ: فاڵچی، پێشبینیکەر.

## ف

فتۆنی: فیتنەچی، کووکەچی، ئاژاوەگێڕ، کلکەنەفتیلە.
فڕ: بازنەیی، هەموو، گشت، سەرجەم.
فیزەربەستن: بە ڕیز ڕۆیشتن وەکو مێروو یەک لەدوای یەک.
فیقی: تەڕە، میوە.
فەتارەت: هەلاکەت، لەناوچوون.
فەڕەحنایی: خۆشی.

## ڤ

ڤەژەن: هێز، تاقەت، وەج.

## ق

قاقڕ: ئەو زەوییەی گیای لێ نەڕوێ/ بنیادەمی ڕژد.

قامک: پەنجە، ئەنگوست، تلک، تلی.
قانگوات: دووکەڵ تێکردن.
قرشە: کرشە، گەنم و جۆی درواوە پێش کوتان لێک جیاکردنەوەی قەسەر و دانەکە.
قرقران: تووشی نیگەرانی هاتن، داڵغەڕۆیشتن، بێئۆقرەیی.
قرپێژ: پیسیی. کورد دەڵێ: پارە قرپێژی دەستە.
قنانەوە: توانەوە لە ناوەخۆ.
قنیات: قەناعەت. قنیات پێکردن: قەناعەت پێکردن. بەوەند قنیات دەکا.
قومەری: شوێنی بە قوم و زیخ، زیخەڵان.
قونتار: داوێن.
قوو: باڵندەیەکە لە قاز گەورەترە. ڕەنگی زۆر سپییە. تووکی زۆر نەرمە.
قووچاندن: نوقاندن.
قۆرخکردن: دەست بەسەر هەمووداگرتن. (احتکار).
قۆنداغە: پێچانی منداڵ تازە لەدایکبوو.
قۆنگرە: بورجی سەر قەڵا، قوڵەی پاسەوان لەسەر قەڵا و بینا و شوورای بڵند.
قێڕژن: قیرەی تیژ.
قیبلەنما: جیدەوەر، ئامێرێکە دەرزییەکی موگناتیسی تێدایە ئاڕاستەکانی پێ دیاری دەکرێ.
قیتبوونەوە: هەستانەوە، کێل بوونەوە، ڕاست بوونەوە.
قیچکەتەنگ: ئەوەی زوو تووڕە دەبێ، جینگز.
قیلمقاس: قەڵاندۆشکان.
قەپ: گاز. ددان لە شتێ گیرکردن.
قەرەواش: کەنیزە، کارەکەر.
قەڕاسە: جلەوی ئاسنی گوێدرێژ و ئێستر.
قەسرین: سڕبوون لە سەرمان، ڕچین.

قەشاویش: ڕنە، ئاسنێکی پان و درێژووکانی ددانە دارە. ئەملا و ئەولای وەکو شانە وایە، لەشی ئەسپی پێ دەخورێنن. دەڵێن: قەشاویشی کرد. قەشاویشی دەکا.

قەلۆش: مایەپووچ دەرچوون. زیاتر منداڵ لە یاری بەکاری دێنن.

قەلەن: مارەیی.

قەلاقوچکە: سەرمەقولانە.

قەلایی: کانزایەکی سپیی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە.

قەمی: بەڵکو، بەشکەم.

قەهر: ڕق، کینە، تووڕەیی.

قەوام: توانا. ئەمە لە قەوامی کەسدا نییە.

قەوغا: قەرەباڵغ، ئاوەدان.

قەبیێژی: هەر دەڵێی.

قەیرێ: کەمێ، ماوەیەکی کەم.

ك

کادوو: دوو، دووکەڵ.

کامباخ: کاول، وێران.

کانێسەستوور: ڕقەستوور، قینی لە دڵ.

کرۆک: ناوەرۆک، پوختە.

کرێت: ناشیرین، دزێو، ناپەسەند.

کزگری: حاڵەتی پێش تەقینەوەی گریان (کزگری لە هەوکێ ما).

کلکەچەم: ئەنگوستەچاو، تلی چاو. بۆ تاریکی بەکاردێ، دەڵێن تاریکییەکی کلکەچەم بوو.

کلێنجە: قلێچە، کلێجە، کۆتایی بڕبڕەکانی پشت لە خوارەوە. ئەو شوێنەی لە ئاژەڵی کلکدار کلکی پێوە نووساوە. دەڵێن کلێجەی مرۆڤ خانە (خلیە)یەکی تێدایە بە هەزاران پلەی گەرمیی لەناوناچێ.

کنج: جل، بەرگ.

کنج: جل، بەرگ، شمەک.

کنیات: گەردوون و هەرچی تێیدایە. کائنات.
کوتەک: دارێکی درێژ، سەرەکەی کۆتەرە دارێکی ئەستووری تێدەگیرێ بۆ کوتانی دەغڵ و کووزر و شتی وا. لە (کوتان)ەوە هاتووە.
کولووک: کوڵێک، کولیلک، گوڵی کێوی.
کوو: چۆن، چەوا.
کوور: قووڵ.
کووزەکردن: ڕێگرتن و ڕۆیشتن.
کۆتک: تاسی دار.
کۆسار: چیا و کێو.
کۆڤان: ئێشوئازار.
کینەجۆ: کینەدار، کینۆ، ڕکۆنی، بوغزلەزگ.
کەچ: خوار.
کەرخ: ئاست، باز. لەو کەرخە. لە کەرخی فلانەجێ.
کەشکەژنۆ: کڵاوی چۆک.
کەشەنگ: شەکەت، ماندوو.
کەلەف: کڵافە، گلۆڵە.
کەمڕە: ئەو تفر و تۆشکەیەی لەسەر برین پەیدادەبێ/ ڕیخی بەرپێی ڕەقهەڵاتوو.
کەمە: کەوە، چێوە، گۆمک.
کەنێزە: قەرەواش، کارەکەر.
کەهەنووت: کاهینایەتی. پایەیەکی ئایینی مەسیحییە.
کەور: بەردی گەورە.
کەیل: پڕ، تژی.

## گ

گازکردن: بانگ کردن
گالۆک: گۆپاڵ، گۆچان.
گراوی: ماشووقە، یار.

گردڵ: چلی درەخت بە گەڵاوە.
گرواندن: خەلقکردن، دروستکردن. گرەوەندە: دروستکەر، گرواو: دروستکراو.
گریشمە: ناز، غەمزە.
گرەگر: گەورە گەورە.
گڕوو: نەخۆشیی پێستخوران/ گوڕی ئاگر/ گەڕۆلی، نەخۆشیی گڕوێبوون.
گوپتیک: ترۆپک، تۆقەڵە.
گوڕاخ: زەوق، میزاج.
گوشار: فشار، پاڵەپەستۆ.
گۆزینگ: قوڵەپێ.
گۆل: گۆم، هۆڕن/ گیا (گیا و گۆڵ).
گیشە: دەغڵی درواوە و کۆکراوە لەسەر پەرێز بەر لە هێنانەوەی بۆ سەرجۆخین. سێ جۆرە گیشەی دەغڵ هەیە: ١- گیشەی گەنم، پێشی دەگوترێ گەلاوێژ. لەسەر زەوی بە پانی دادەنرێ و گوڵەدەغلەکان دەکەونە دەرەوە. ٢- گیشەی جۆ: لەسەر زەوی بە درێژی دێ و گوڵەجۆکان دەکەونە ناوەوە و داخرێن. ٣- گیشەی نیسک و نۆک؛ وەکو ستوون بە خڕی و بەرزی کۆدەکرێنەوە/ هەروەها گیشەدار هەیە بۆ کۆمەڵەداری سووتان بەکاردێ کە لەماڵەوە لەسەر یەک کەڵەکەی دەکەن.
گەرۆمە: دەمی فراوانی هەندێ ئامێر وەکو گەرۆمەی ئاش، گەرۆمەی ڕەحەتی.
گەڕ: نۆرە، جار/ گەڕی شاخ: ڕەووزی شاخ.
گەڕناس: مێرخاس، ئازا، عەگید.

## ل

لاشیب: لایەکی دەرگای دوو دەری.
لاقردی: گاڵتە، حەنەک، یاری.
لاهووتی: یەزدانی، خوایی.
لاور: گیاندار.
لنگ: قاچ، لاق. تاکی شتی دوو تاکی: لنگەپێڵاو، لنگەگورەوی، لنگەدەستاڕ.

لیٚ بەلیٚ: بەلاّم.
لیڕەوار: لیڕ، جەنگەڵ، دارستانی سروشتی.
لیژنەدار: کۆمەڵەداریٚکی سووتان کە لەسەر یەک کەڵەکە کرابیٚ.
لیس: قامچی/ هیٚلانەی کۆتر.
لەبڕان: مشە. زۆر. شتیٚ زۆر بیٚ دەڵیٚن: فلاّنە شت لە بڕانە، فلاّنە شت مشەیە.
لەتەرە: تەشی. (سەر لە تەرەی خولاوردەوە).
لەگوینە: پیدەچیٚ، بۆی هەیە، نزیکە.
لەندەهۆر: زەبەلاح، زۆر گەورە.
لەهی: لیٚمشت، لافاو.
لەوتاندن: پیسکردن.
لەوجڕ: چەنەبازی، زۆرڕەو

## م

ماتک: لانک، بیٚشکە.
ماشووقە: یار، گراوی (معشوقة).
ماشەر: کلاّفەبەنیٚکە لە نیٚوان دوو ئەژنۆ هەڵدەکریٚ و لە تەوا دەبیٚ لە ناوەڕاستەوە تیٚکدەپەڕیٚ.
مامزە: ئاسنیٚکە لە پاشپانی چەکمە قایم دەکریٚ، نووکی تیژە لە تەڕادی ئەسپ دەدریٚ بۆ لیٚخوڕین.
ماهی: ماهی زەرد، زەرد و ماهـ شافی لووس و ڕک و بڵند.
مردۆخ: بیٚزاخ، مردەنی.
مردەنی: مردۆخ، ئەوەی دەمریٚ (فانی).
مربوون: بیٚدەنگبوون لە ڕقان.
مژار: مادە، ماک.
مکووم: پتەو، توونددوتۆڵ، تۆکمە.
مگیٚز: ئارەزوو.
مووشەدەمە: هەنبانە دەف، دەمەی ئاسنگر.
مۆچیاری: ئامۆژگاری، مشیرەت.

مێردڕەو: شوورەیەکی نزمە لە دەوراندەری ئاخەبان و لە لێوی پلیکانە دروست دەکرێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرنەبێتەوە. محجرة و ستارە.
مێزەکردن: تێنزبوونەوە، بە وردی تەماشاکردن.
مینا: وەکو.
مەتاڵ: قەڵغان.
مەزەندە: تەخمین.
مەسڵەت: ئاشتکردنەوە، پێکهێنانەوە.
مەعدووم هەم هەوای زەهاو کردەوە) مەولەوی.

## ن

ناردین: جەگەن، گیاحەسیر، قامیشێکی باریکی سێسووچە، گوڵێکی خڕی بە ڕیشاڵ لە سەرەوە دەگرێ. لەناو زۆلگاوەکاندا دەڕوێ.
ناگزوور: دەستەنگ، دەستکورت، هەژار.
نانکوێر: بێ وەفا، سپڵە.
ناورانەوە: پاڕانەوە، کڕووزانەوە، دوعاکردن.
ناوزێیان: بين النهرين.
ناوین: ناوەڕاست.
نگین: قاشی ئەموستیلە.
نهال: نیهال، نوهال، شیو، دەرە، دۆڵ.
نوشداروو: دەرمانی برین.
نویشک: نڤیشک، کەرە، چەوریی تازە لە ماست گیراو بەرلەوەی بقرچێنرێتەوە.
نۆین: لەغەم. نەقەب.
نێک: ئێسکی ئەملاولەی سەرەوەی جومگەی نێوان ڕان و لەش، کماخ، مکۆت.
نیقاب: ڕووبەند، پۆشی. پێچە.
نەتە: ورە. نەتەی بەردا: ورەی ڕووخا.

نەزر: خێرلەخۆگرتن. بۆ نموونە قوتابی دەڵێ ئەگەر ئەمساڵ دەوری یەکەم دەربچم ٢٠ هەزار دینار دەکەمە خێر. دەرچوونەکە: بابەتی نەزرە، ٢٠ هەزار دینارەکە نەزرە.
نەوێرۆک: ترسنۆک، قەلەزراو

## هـ

هانا: یارمەتی. دەڵێن بە هانایەوە چوو. داوای یارمەتیکردن، لە فۆلکلۆردا هاتووە: (هانای وەبەر خوای دەبەن، دووەمین وەبەر جەبار).
هوور: ورگ. کورد دەڵێ: (نانی شوانی چ لە هووری، چ لە تووری.) هوور: هوورگ: ورگ. توور: توورەگە.
هوون: ئێوە، ئەنگۆ.
هۆر: ژووری مەڕ لە ماڵەوە، (هۆری مەڕان). ژووری بزنان پێی دەگوترێ هەل (هەلا بزنان). ژووری ولاغان پێی دەگوترێ تەویلە (تەویلەی ولاغان). ژووری ڕەشەولاخ (گا و گوتاڵ) پێی دەگوترێ (گەوڕ). ژووری کاوبەرخ پێی دەگوترێ (کۆز).
هۆزان: زۆرزان، شارەزا، پسپۆڕ.
هێژ: هێشتا.
هێلبوونەوە: گێژبوون، حۆلبوون، موخورمان، دامان، یەکێ داڵغەی بڕوا و دەمی بەش بێتەوە و لچی شۆڕبێتەوە و بیری بڕواو دەڵێن: هێلبووەتەوە. توونبوونەوە.
هەترە: هەرەتە، توریدی، تۆرانی باڵندە لە هێلانەی خۆی لەبەر مەترسی.
هەراو: بەرین و فراوان.
هەرێ: گفت، بەڵێن، پەیمان.
هەڕفینی: هەرەسهێنان.
هەژمەت: داخ، خەفەت. لە هەژمەتان وێکهاتەوە .
هەڵبرینگاندن: ڕەوانەوە. بەزۆری بۆ هەور و تەم بەکاردێ. هەورەکەی هەڵبرینگاند، واتە هەورەکە ڕەوییەوە و نەما.

هەڵبواردن: تێپەڕین، ڕەتبوون، ڕەتدان .

هەڵتووتا: هەڵکونجا، هەڵترووشکا.

هەڵزڕان: هەڵتلیشان، شەقبوون، دڕان.

هەڵمدوو: هەڵم+ دوو. دوو: دووکەڵ. واتە هەڵم و دووکەڵ بەیەکەوە.

هەڵویزنین: کۆکردنەوە و گلۆلەکردنی گوریس و سۆندە و شتی وا.

هەڵوەدا: عەودال.

هەڵەت: گردودۆڵی سەخت و عاسێ و ڕک و ماهی.

هەنگی: ئەوسا، ئەوکاتە، ئەوحەلە.

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان.

هەوکە: هەنووکە، ئێستا..

کۆمیدیا یەکێکە لە داستانە شیعرییە بەناوبانگەکانی نەک تەنیا ئەدەبی ئیتاڵی، بەڵکو ئەدەبی جیهان بەگشتی. ئەم داستانە شیعرییە لە نووسینی شاعیر و نووسەری مەزن "دانتی ئەلیگییێری"یە و گەشتێکی خەیاڵییە بۆ ئاخیرەت، بەو شێوەیەی ئایینی مەسیحی خستوویەتییە ڕوو، بەڵام بەجۆرێکی تر کە فەلسەفە و ڕوانینی سەدەکانی ناوەڕاست لەخۆی دەگرێت.

ئەم کتێبە لە سێ بەرگی جیادا نووسراوە و سێ گەشتی درێژە بۆ دۆزەخ، بەرزەخ و بەهەشت. هەریەکێ لەو بەشانە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک سروود و گێڕانەوەی شیعری لە دیدی دانتی–ی شاعیرەوە.



دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House

2015

Designer